**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٠

بەرگی بیستەم - ١٩٩٩

چاپی یەکەم ١٩٩٩

له بڵاوكراوەكانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق

ناوی كتێب: ئەنجوومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق
پرۆتۆكۆڵەكان ـ ١٩٩٩/ بەرگی بیستەم

چاپی یەكەم: ١٩٩٩

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان: ٢٠٧

# پێڕست:

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک سێ چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/١٠ ـــــــ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/١٦ ـــــــ ل٢١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/١٧ ـــــــ ل٥١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٨ ـــــــ ل١٣١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/١١ ـــــــ ل١٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/١٣ ـــــــ ل٢١٣


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/١٤ ـــــــ ل٢٧٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/١٥ ـــــــ ل٣٣١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٠ ـــــــ ل٣٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢١ ـــــــ ل٤١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٤ ـــــــ ل٤٦٩



# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

چوار شەممە ڕێکەوتی ١٠/٣/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٠/٣/١٩٩٩

*کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٠/٣/١٩٩٩ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی (دەسپێک)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.*

*سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.*

*بەرنامەی کار:*

*بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (دەسپێک)ی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٠/٣/١٩٩٩ دا بەم شێوەیە بێت:*

*١- وتاری کردنەوەی یەکەم خولی ساڵی هەشتەمی ئەنجوومەن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقەوە.*

*٢- بەیانی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی پەرلەمانەوە.*

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆک بارزانی.**

**میوانە بەڕێزەکان.**

**خوشک وبرایانی خۆشەویست.**

بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەمی پەرلەمانی کوردستان، بەناوی سەرۆکایەتی و گشت ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆک بارزانی و میوانە بەڕێزەکان دەکەین بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و برا وەزیرەکان و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی نێو پەرلەمان و حکومەت و دەرەوەیان، هەروەها بەخێرهاتنێکی گەرمی مامۆستا مەلا عوسمان و بەڕێزان برایانی لایەنەکانی ئاشووری و برا مەسیحییەکان و برا تورکمانەکان دەکەین، کە لەم بۆنەیە بەشدارن لەگەڵماندا، ئامادەبوونی ئێوە

لەم بۆنەیەدا بەڵگەی پشتگیری و هاوکاری و هەماهەنگییە لەگەڵ مەڵبەندی شەرعییەت، کە پەرلەمانی کوردستانە، ئەو پەرلەمانەی کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە هاتە هەڵبژاردن و جێگای متمانەیە.

**بەڕێزان:**

ئەمە رۆژی یەکەمی ئەم خولەیە کە پێ دەخەینە ساڵی هەشتەمی ئەم ئەزموونەو پێش نزیکەی دوو مانگ بەر لەئێستا حەوت ساڵمان لەم ئەزموونە تێپەڕاند ئەو حەوت ساڵە بەهەموو بەرزو نزمیەکانییەوە ،بە هەموو کەموکوورییەکانیشیەوە، پڕ لە هات و بەرەکەت و شتی داهێنەر بوو، بۆ ئەم ئەزموونە بۆ خەڵکی کوردستان، وەکو پەرلەمانی کوردستان شانازی بەوەوە دەکەین کە هەرچی ئیشوکار کراوە لەماوەی ئەم حەوت ساڵەدا، تاکو خولی دووەمی ساڵی حەوتەممان کۆکراوەتەوە لە (١٩) بەرگی پرۆتۆکۆلی پەرلەمان، کە زیاتر لە دە دوانزە هەزار لاپەڕەی بەخۆوە گرتووە، هەروەها ئەو یاساو ئەو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردوون، کۆکراوەتەوە لەسێ بەرگدا، شانازی بەوەوە دەکەین کە بۆ جاری یەکەمە پرۆژەیەکی چاپەمەنی بەم شێوەیە لەولاتی ئێمەدا ئەنجام بدرێت و بێتە بەرهەم سەرەڕای ئەوەیش بەزمانی پاراوی کوردی خۆمان یاساو بڕیارەکانمان وەکو دەق چەسپاندووە هەر بەتەنها ئەمە خۆی لەخۆیدا دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی ئێمە.

ئیشوکاری پەرلەمان جگە لە یاسادانان چاودێری کردنی کاروباری حکومەتە، بەگوێرەی توانا ئەوەی پێمان کرابێ درێغیمان نەکردووەو هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان ئەم دوو دەزگایەدا پێویستە تا ئەو رادەیەی کە بوارو توانامان هەبێ درێغیمان نەکردووەو بەتەئکید بەردەوام دەبین لەسەر ئەو رێبازە، چونکە ئەم هەماهەنگییە کارێکی بنەڕەتی ئەم دوو دەزگایەیە.

بەبۆنەی کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەمەوە جارێکی تریش بەخێرهاتنێکی گەرمی هەمووتان دەکەین و جارێکی تریش بەخێرهاتنی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین، بەناوی پەرلەمانەوە داوا لە جەنابی دەکەین بەم بۆنەیەوە وتەیەکمان پێش کەش بکات.

**بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

پیرۆزباییەکی گەرم لە خوشک وبرایانی بەڕێز ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم بە بۆنەی دەستپێکردنی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەم و، ئومێدەوارم کە ئەم ساڵیش بتوانن خزمەتێکی گەورە پێشکەش بە گەلی کوردستان بکەن، ئەم رۆژانە رۆژانێکی زۆر مێژووین لەمێژووی گەلی کوردستانداو، هەر بەگشتی مانگی ئادار وەکو مانگی قەدەری کورد بێت وایە، رۆژانی تاڵ وشیرین و سەرکەوتن و شکست وزۆر بەسەرهات لەم مانگەدا بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە، بەبیرمان دێتەوە وەکو رۆژانی راپەڕین، کە تەتویج بوو بۆ خەباتی سەد ساڵەی گەلی کوردستان و ئەم پەرلەمانەی، کە ئەمڕۆ ئێمە لێرە لەم شوێنە پیرۆزە دانیشتووین بەرهەمی ڕەنج و خەباتی ئەم میللەتەیە، بەڵام لە راپەڕیندا هاتە دەست، بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییەکی گەرم لەگەڵی کوردستان

دەکەم و، ئومێدەوارم، کە بەهاوکاری هەموو لایەکمان بتوانین دەستکەوتەکانی راپەرین بپارێزین و پەرەشی پێ بدەین، هەروەها بەم بۆنەیەوە من دەمەوێ سوپاسی گەرم بۆ هەموو جەماوەری کوردستان و بۆ هەموو حزبەکان پێشکەش بکەم بۆ ئەو هەستە دڵسۆزەی، کە دەریانبری بەبۆنەی یادی وەفاتی جەنابی بارزانی، کە ئەمەش وەفای گەلی کوردستان پیشان دەدات بەرامبەر بەو کەسانەی، کە خزمەتیان کردوون.

**بەڕێزان:**

زۆر بابەتی گرنگ هەیە، کە پێویستە باس بکرێ و هەروەکو هەمیشە پێم خۆشە، هەموو بابەتەکان زۆر برایانەو بەراشکاوی باس بکەین و من پێم وایە سەرکەوتوترین شێوە بۆ کارکردن ئەوەیە بروا دروست بکرێ لەنێوان سەرکردایەتی هەرێم و جەماوەر، لەنێوان حزبەکان، لەنێوان پەرلەمان و حکومەت و ئەمەش بەوە دروست دەبێ، کە هەموو شت بەراشکاوی و هەست کردن بە مەسئولیەت باسی بکەین و میللەت لەهەموو شتێک ئاگادار بێ.

خاڵی یەکەم: دەمەوێ باسی مەسەلەیەک بکەم، کە بێگومان هەموو لایەک زۆر پێی گرنگە، هەموو خەڵکی کوردستان ولەناوەوە و هەندەران و دۆستانی میللەتی کورد، ئەویش مەسەلەی ئاشتییە، رێککەوتنی واشنتۆنە، بەڵێ هەروەکو جەنابتان دەزانن رێککەوتنێکی مێژوویی لەهەڤدەی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٨ لەواشنتۆن ئیمزا کرا، ئەمە دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ گەلی کوردستان و، من لێرە دەمەوێ تەئکید بکەمەوە، کە ئێمە پابەندین بەم رێککەوتنەو سوورین لەسەر جێبەجێ کردنی، ئێستا رەنگە وا تەسەور بکرێ، کە پرۆسەکە چەقیوە، قەت نەچەقیوە، بەڵام راستە هەندێک تەفسیراتی جۆراو جۆر پاش گەڕانەوەمان لەواشنتۆن، بۆ رێککەوتنەکە دروست بووە، دەمەوێ ئەم مەسەلەیە زۆر بە راشکاوی باس بکەم بۆ ئەوەی روون بێ بۆ بەرێزتان و بۆ گەلی کوردستانیش، ئێمە کە رێککەوتنەکەمان لە واشنتۆن ئیمزا کرد زۆر بە راشکاوی رامان گەیاند، کە ئێمە ئەو رێککەوتنە ئیمزا دەکەین بەو شێوەیەی، کە دەگەڕێینەوە بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، نەک بۆ ئیتفاقێک، کە ئێمە ئیتفاقمان لەسەری کرد، ئەمریکیەکانیش زۆر چاک تێگەیشتن، برادەرانی یەکێتیش زۆرباش تێگەیشتن و، ئەمە بەم مانایەیە، کە پارتی ئەکسەریەتی هێنا با ئەکسەریەتێکی کەمیش بێ، بەڵام پاش ئەوەی، کە گەڕاینەوە برادەرانی یەکێتی تەفسیری تریان دا. کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئتیفاقێک، کە کردمان نەک بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بەڵام ئەنجامی هەڵبژاردن لەگەڵ ئیتفاقێک، کە ئیتفاقمان کرد چۆن ئیعلان بکرێ، دوو شتی لێک جیاوازن. ئێمە ئەو ئیتفاقەمان کرد بۆ ئەوەی ئەو شەڕە نەبێ بۆئەوەی ئەو شتە ناخۆشە نەبێ، بەڵام بەداخەوە روویدا، کە شتێکی زۆر ناخۆش بوو ئومێدەوارین هەرگیز دووبارە نەبێتەوە، بەڵام ناشکرێ بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونێک، کە زەرەرو زیانێکی زۆری دا، بە پەنجا بەپەنجا نەدەتوانین خزمەتی گەلی کوردستان بکەین و رۆژ بەرۆژ مەشاکیلی زیاتریشی لێ دروست دەبێ، هاتنی بەرێز مام جەلال بۆ سەلاحەدین، زۆر بە ئیجابییەتمان هەڵ سەنگاند و

سوپاسمان کرد و ئیستاش سوپاسی دەکەین هەنگاوێکی باش و ئیجابی بوو و دەفعێکی دیکەی دا بە پرۆسەکەو، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە بۆ تەقدیرکردنی بۆ ئەم هاتنە زۆر چووینە پێش لەزۆر مەسائیلەوە بەتایبەتی لەرووی مالیەوەو، لە رووی بەردانی ئەو کەسانەی، کە تاوانبار بوون بەشتی زۆر گەورەش، وەهەروەها ئیتفاقمان کرد وەکو هەنگاوی یەکەم نوێنەرێکی ئێمە بچێ بۆ سلێمانی و نوێنەرێکی ئەوان بێ بۆ هەولێر، بۆ ئەوەی زەمینەکە خۆش ببی بۆ هەنگاوی تریش پێمان وایە ئێمە دەبێ بیر لەوە نەکەینەوە، کە دووبارە شەڕ ببێتەوە ئەبێ سوور بین لەسەر ئەوەی بەردەوام ئالوگۆڕی بیروڕا بکەین دانیشتنەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی چارەسەر بۆ هەر گیروگرفتێک، کە هەیە بدۆزینەوە، وەختێ کە من لەدهۆک بووم مام جەلال نامەیەکی بۆم نووسی، وەلامم دایەوە، چونکە کە من لە دهۆکم و پێم ناکرێ لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی کۆببمەوە لەبەر ئەوە مەجالم پێ بدەن تا بگەڕێمەوە ئەوسا ئینشائەڵلا وەلامتان دەدەمەوە ئەوەبوو پێش نزیکەی (١٠) ڕۆژ نامەیەکم بۆی نووسی، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی نامەکەی برد، چەند پێشنیارێکی دیاریکراویشی تێدا بوو، کە پێشنیارمان کردووە لیژنەی تەنسیقی بەرزی هەردوو مەکتەبی سیاسی دانیشن بۆ ئەوەی باسی پەرلەمان بکەن و باسی حکومەتی هاوبەش، باسی ئیحصاو هەڵبژاردنی تازەش بکەن، هەروەها لیژنەیەکی عەسکەریش بۆ ئەوەی پێشمەرگە لەخەتی تەماس کەم بکرێتەوە، پێویست ناکات هەموو هێزو ئەوانە لەوێ بن هەتا بەنیسبەت گیراوەکان ئەوەی کەسێک ماوە کە چارەنووسی دیار نییە، یا هەر چۆنێک بێ هەتا لەرووی مەسائیلی مالیشەوە باسبکرێ، کە لەمەولا چۆن تەرتیب بکرێ، ئەڵبەت ئێمە چاوەڕوانی وەلامی ئەوانین کە بۆمان بێتەوە، بەلام بەداخەوە دەبینم لەم چەند ڕۆژەی رابردوو لەرۆژنامەکانی یەکێتی و لە هەندێک ڕۆژنامەی تریش، کە دۆستی ئەوانن یا هاوپەیمانی ئەوانن وا پیشان دەدرێ گوایە، کە پارتی مەسئولە لەوەی، کە پرۆسەکەبەرەو پێش ناچێ یان نایەوێ ئاشتی ببێ و، من پێم وایە ئەمە ئسلوبێکی راست نییەو خزمەتی پرۆسەکەش ناکات، خزمەتی ئاشتیش ناکات چونکە وانییە، پرۆسەکە لای ئێمە نەوەستاوە ئەگەر ئیستاش ئەوان واز لەو پەنجابەپەنجایە بێنن سبەینێ پەرلەمان دەست بەکار دەبێ و حکومەتی هاوبەشی ئیئتلافیش دروست دەبێ، بەلام ئەگەر ئیسرار لەسەر ئەو پەنجا بەپەنجایە بێ، ئێمە تەجروبەیەکی تاڵ و ناخۆشمان هەبوو لەگەڵ پەنجا بەپەنجا، لەبەر ئەوە دەبێ عیلاجێک بدۆزینەوە.

باسی ئاسایشی هاوبەش دەکرێ، بەحەقیقەت من پێم وایە ئاسایشی هاوبەش یانی تێکدانی ئاسایش، هەمووتان شاهیدن لەزەمانی کابینەی دووەم، مدیری ئاسایشی هەولێر یەکێتی بوو، ئەمر بە مەفرەزەیەکی ئاسایش درا، کە بچن ڕێگە لە هەندێک قاچاغچی بگرن، کە مەفرەزەکە چوو ڕێگا لە قاچاغچی یەکان بگرێ وقاچاغچیەک کوژرا خزمی مەسئولێکی عەسکەری یەکێتی بوو، دوو ڕۆژی پێ نەچوو لەناوەڕاستی شاری هەولێر نەقیبی ئاسایش «کەمال» کەسەر بە پارتی بوو شەهیدیان کردو، هەمان مەفرەزە چوونە ناو ماڵی سەرۆک وەزیرانی ئەو سەردەمە. من تێناگەم

چ ئاسایشێکی هاوبەش دەتوانێ بەم شێوەیە ئاسایشی خەڵک بپارێزێت؟، تەبیعی بۆ ئەمەش من پێم باشە ئیستفتائێک بکرێ لەهەولێر، لە شارەکانی تریش، خەڵک ئاسایشی هاوبەشی پێ باشە یان بەم شێوەیە، دڵنیام ئێستا ئاسایشی سلێمانیش باشە، سبەینێ ببێتە هاوبەش رەنگە تێک بچێ، لەبەر ئەوە مەسەلەکە پەیوەندی بە ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستانەوە هەیە هەموو شتێک مومیکنە، بەڵام بەنیسبەت ئاسایشی هاوبەش حەقیقەت ئەمە مەسئەلەیەکی زۆر زۆر گرنگە من پێم وایە ئەبێ ئێمە لەمە ئیستفتائی خەڵک بکەین لەم مەسەلە، کە خەڵک پاشان ئاسایشی هاوبەشی پێ خۆشە یان بەم شێوەیەی ئێستا بێ، چونکە ئەگەر خەڵک خۆی داوای ئاسایشی هاوبەشی کرد پاشان سبەینێ ناتوانێ گلەییشمان لێ بکات، بەڵام ئەمە هەمووی مەسائیلی کاتییە بۆ ئەوەی سیقە دروست بێ بۆ ئەوەی ئەم تەرەسوباتی ناخۆش کە دروست بووە هەندێ شت هەیە بۆ زەمەن دەبێ تەرک بکرێ ، بەڵام ئێمە پێمان وایە پرۆسەکە نەوەستاوە وزۆر شتی باش کراوە، زۆر شتی ئیجابی کراوە وهێشتا زۆرمان ماوە کەبیکەین، ئێمە ئامادەین بیکەین، ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی ئەو نامەیەین کە ناردومانە بۆ مام جەلال، چاوەڕوانی ئەم وەڵامە دەکەین ئومێدەوارم لەم نزیکانە هەردوو مەکتەبی سیاسی دەست بەدانیشتنەکان بکەنەوە و هەنگاوی پێویست بهاوێژین چ بەنیسبەتی پەرلەمان چ بەنیسبەتی حکومەتی موشترەک یان ئیحصاء و هەڵبژاردن ، بەڵام ئەم ڕاستیانە هەن مادام لەسەر رۆژنامە باس کرا ناچارین ئێمەش ئەم روونکردنەوەیە بدەین بۆ ئەوەی مەسەلەکە روون بێ بۆ هەموو لایەک.

پێشنیارێکی تر هەبوو، کە بگەڕێینەوە بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن وەکو کە هەبوو. یانی نسبەتەکە هەڵگرین. ئەو کاتە حزبی شیوعی یەک حزب بوو دوای ئەوە ئینقسام دروست بووە لە ناو حزبی شیوعی لێی جیابووتەوە ئەوە حزبی شیوعی کوردستانە، حزبی کاری سەربەخۆیە یانی زۆر تەنزیماتی ترە، کە لە حزبی شیوعی جیابۆتەوە، ئایا ئەو نسبەتە بۆ کێ دەچێ؟ تەیاراتی ئیسلامی بەیەک لیست داخل بوو نازانم ئێستا چۆن دەبێ؟ حزبی سۆشیالیست، گەل، پاسۆک وابزانم بەیەک قائمە بوون یان بەدوو قائیمە بوو، بەڵام دوایش ئەوانە بەکۆنگرە، کۆنگرەی خۆیان بەست بوون بەحزبی یەکگرتن لەکۆنگرەی یازدەمینی پارتی دیسان بەکۆنگرە هاتنە ناو پارتی، مانای وایە ئەو دەنگانەش بۆ پارتی بوو. ئەگەر خەڵکی تر دروست بووە بەناوی حزبی دیکە دوای ئەوە دروست بووە، نەک پێشی ئەوە، لەبەر ئەوە مومکینە لەسەر ئەمە نەگەینە ئەنجام ئەگینا بەو شێوەیەش بێ فەرموو ئێمە حازرین ئەوەش موناقەشە بکەین، بەهەر حاڵ گرنگ ئەوەیە ئیرادەی هەردولاو هەموولایەک هاوکاریی هەموو لایەکتان پێویستە، پێویستە ئیرادەیەکی بە هێزمان هەبێ بۆ ئەوەی ئێمە بگەینە ئەنجامێکی باش، بگەینە ئاشتییەکی تەواوی، سەرتاسەری هەتا ئەگەر ئەو جەدوەلە زەمەنیەش نەبێ کە دانراوە، بەڵام دەبێ هەوڵ بدەین بەپێی ئەو جەدوەلە بێ یان زۆر دوا نەکەوێ لەو جەدوەلە وئێمە بەمیللەتی کوردستانیش رادەگەیەنین بەهەموو ئەوانەی، کە موهتەمن بەو مەسەلەیە رادەگەیەنین، ئێمە وەکو پارتی ئامادەین رێککەوتنامەی واشنتۆن خاڵ بەخاڵ جێ

بەجێ بکەین وەکو ئیمزا کراوە، ئەگەر تەفسیراتی تری پێ بوێت، ناچارین ئێمەش موناقەشەی بکەین و رای خۆمان دەربڕین بەو هەدەفەو بەو نیەتەی، کە بگەینە ئەنجام بگەینە ئاشتی نەک بۆ تێکدان، ئەمە خاڵێک.

خاڵێکی دیکە، کە زۆر باس دەکرێ مەسەلەی گرتنی ئۆجەلانە و ئەو وەزعە تازەیەی، کە دروست بووە بەڕاستی من هیچم نییە بیخەمە سەر ئەو بەیانەی، کە بەناوی پارتی دەرچوو لەسەر گرتنی ئۆجەلان، ئەوە رای پارتی یەو رای ئێمەیە. بەداخەوە بیستم کە پەکەکە لەکۆنگرەی خۆی کەپێش چەند رۆژێک بەستوویەتی بڕیاری داوە، کە بەردەوام بێ لەسەر نەهجی چەوتی خۆی و بەردەوام بێ لەشەڕ کردن لەکوردستانی عێراق (لە تورکیا و لەکوردستانی عێراق )و پەکەکەی باشور نازانم چی دروست بکەن، تەبیعی بەڕاستی پێویست بوو ئەوان عیبرەتێک لە هەڵەکانی خۆیان وەربگرن، ئومێدەوارم کە ئەو زانیاریانە راست نەبێ تەنانەت ئەگەر راست بێ ئومێدەوارم، کە ئەوان بەخۆیاندا بچنەوەو واز لەم سیاسەتە غەڵەتە بێنن، چونکە شەڕ فرۆشتن بە کوردستانی عێراق یان بەکوردستانی باشوور وەکو ئەوان دەڵێن ئەگەر زەرەر لەئێمەش بدا، بەڵام ئەوان تەدمیر دەکات و، ناشزانم چ بەرژەوەندیەکە ئەگەر فیعلەن حزبێکی کوردستانیە و خزمەتی کوردستان دەکەن چ خزمەتێکی میللەتی کوردستان دەکرێ شەڕ لەکوردستانی عێراق دروست بێ و شەڕ بەئێمە بفرۆشێ؟، ئەگەر قەناعەت بە ئێمە بکەن، خزمەتی دۆزی کورد دەکات بەسەر چاو، لەبەر ئەوە ئێمە ئومێدەوارین، کە ئەو زانیاریە راست نەبێ وئومێدەوارم ئەگەر راستیش بێ بەخۆدا بچنەوەو پەشیمان ببنەوە لەو بڕیارە چەوت و زیان بەخشە، چونکە ئێمە ئەم زمانە قەبووڵ ناکەین و ئەوەی شەڕمان پێ بفرۆشێ ئێمە ناچارین بەرگری بکەین و، ئەو وەختە چ موزاعەفاتێکیش ببێت ئەوان تەحەمولی مەسئولیەت دەکەن و، ئێمە داوا لە ئەحزابی کوردستانیش دەکەین خاوەن هەڵوێست بن ئەگەر هاتوو ئەوان ئەو بڕیارەی خۆیان بەم شێوەیە ناراستە وچەوتە جێ بەجێ کرد. لێرەش حەقیقەتێک هەیە، کە من لەمێژە ئەو قەناعەتەم بۆ دروست بووە عونف کێشەی کورد چارەسەر ناکات، چ ئێمە وەکو کورد چ ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان دابەش کردووە، من پێم وایە دەبێ زمانی حیوار هەڵبژێرین لەگەڵ ئەو میللەتانەی کە پێکەوە دەژین، ئەگەر چەند ساڵی تریش دەوام بکات ئەوە راستترە لەوەی کە پەنا بۆ چەک و کوشتنی یەکتری ببرێت، چونکە بەڕاستی بەخوێن رشتن و کوشتن تەواو نابێت. عەسری ئەوەش نەماوە زەمانی شەڕو عونف نەماوە، زەمانی دیالۆگە، زەمانی ئیقناعە، زەمانی مەنتیقە لەبەر ئەوە راستە کێشەی میللەتی کورد کێشەیەکی ڕەوایە، ئێمە لەگەڵ مافی میللەتی کوردین لە هەموو شوێنێک، بەڵام ئێمە لەگەڵ عونف نین چ دژی میللەتی کورد بەکار بێت چ میللەتی کورد عونف بەکاربێنێ. زەمانی ئەوەیە ئێمە بەرەو حیوار بچین لەگەڵ ئەو میللەتانەی، کە پێکەوە دەژین ولەیەکتریش بگەین و بگەینە چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی کە هەن، ئێمە ئەبێ قەناعەتیان پێ بکەین کە میللەتی کورد غەدری لێ کراوە، ئەگەر میللەتی کورد مافی خۆی پێ بدرێ دەبێتە هێزو سەرکەوتن بۆخۆیان پێشی ئەوەی بۆ کورد بێ، ئێمە ئەبێ بەو مەنتیقەو بەو زمانە لەگەڵ ئەوان قسە بکەین، پێم وایە بەمە ئێمە دەتوانین بگەینە چارەسەرێکی ڕاست و دروست.

با بێینە سەر بارودۆخی ناوخۆمان، من ئەمە ماوەیەکە لەگەڵ هەموو چین و توێژەکاندا دادەنیشم لە دهۆک و لێرە وهێشتاش تەواو نەبووەو ماوە، مەبەستم ئەوە بوو کە هەموو وەزعەکە و حەقیقەتی وەزعەکە چۆنە بۆ ئێمە روون بێتەوە وئەگەر بتوانین هاوکاریی پەرلەمان و حکومەتیش بکەین بۆ ئەوەی سەلبیات نەهێڵین و ئەوەی ئیجابیاتە پەرەی پێ بدەین، تا باشتریان بکەین، هەر بۆ خۆشی ئەم مەرحەلەی حەفت هەشت ساڵە پێویستی بە تەقییم هەیە تەجروبەیەکی تازەیە کەسمان ئەو خبرەیەمان نییە کە ئیدارەی وڵاتێک بکەین، یەکەم جارە ئێمە سەربەست و ئازاد بین لەوڵاتی خۆمانداو، خۆمان بریار بدەین، خۆمان تەشریعی قوانین بکەین، خۆمان تەنفیزی ئەو قانونە بکەین وعەیبیش نییە ئینسان بڵێ ئێمە شارەزاییمان نییە، شارەزاییمان نەبووە لەبەر ئەوە مومکینە سەلبیاتیش رووبدات و سەلبیاتیش روویداوە وشتی باشیش زۆر کراوە.
خاڵێکی گرنگ ئەوەیە بەراستی ئاگامان لەیەکتر نەبووە، تەنسیق نەبووە لەنێوان پەرلەمان و حکومەت و حزبەکان و، حکومەت وهەتا دەزگاکانی حکومەت و رەنگە زۆر شتی باش کرابێ بە خراپ تەفسیر کراوە، یان ئاگایان لەیەکتر نەبووە تەنسیقێکی وا نەبووە ئەمەش غەلەتێکی گەورەیە و خەلەلێکی گەورەشە، هەر میللەتێک خصوصیاتی خۆی هەیە، مەشاکیلێکی تایبەت بەخۆی هەیەو راستە قوانینێک هەبووە پێشتر ئیحتماله هەندێکی گونجاو بێ هەندێکی نەگونجاو بێ لە بۆ زروفی ئێمە، لەگەڵ وەزعی ئێمە لە کوردستان، تەبعەن لەزمنی ئەو گلەییانەی کە من گوێم لێ بووە لە خەڵک مەسەلەی ضرائبە، مەسەلەی ئیجارە بەحەقیقەت من چارەسەری موحەدەدم پێ نییە، بەڵام من یەک رجاتان لێ دەکەم لە ماوەی یەک مانگ کۆتایی بەم مەسەلانە بێنن، لێرەشەوە قەرار نەدەن، لیژنەیەک لەپەرلەمان دانیشێ قەرار بدا، بچن لەگەڵ ئەو چینانە دانیشن، لەگەڵ خەڵکی شارەزا دانیشن، یا ئەو چینانەی کە مەعنینە، کە پەیوەندارن بەو مەسەلە موعەیەنەی کە هەیە، ضریبەی دەخلە، ضریبەی عەقارە، مەسەلەی کرێی دوکانەکانە، یاتەوازنێک هەبێ ئێمە ناڵێین کەس مەغدور بێ، بەڵام بە حەقیقەت من پێم خۆشە ئەبێ بە نەفعی چینی هەژارو نەدار تەواو بێ، قوانینێ، کە تەشریع دەکرێت ئەبێ لەبەرژەوەندیی چینی هەژارو نەدار بێ چونکە ئەوان سووتەمەنی شۆرش بوون، ئەوان سووتەمەنی خەبات بوون و، زەحمەت و، ئازار ئەوان چێشتوویانە دەبێ حسابی ئەمە بکرێت و جارێکی تریش تەئکید دەکەمەوە رجاتان لێ دەکەم لە ماوەی مانگێک کۆتایی بەم مەسەلانە بێنن، بەڵام لێرە خۆتان قەرار مەدەن، بچنە نا ئەو چینانە مەشوەرەتیان پێ بکەن و بانگیان بکەن، ئەصناف هەیە هەموو با بێن قسەیان لەگەڵ بکەن لەگەڵ شارەزایان و حقوق زانان و ئەوان دانیشن و ئیتر کۆتایی بەوە بێنن هەر لیژنەیەک لەحکومەت یان لە پەرلەمان بەتەنیا ئەمە نەکات، خاڵێکی تر هەیە زۆر جاری وا هەیە پرۆژەیەکی زۆر باش رەنگە لە بەرژەوەندیی هەموو خەڵکەکە بێت، یان زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکە بێت، بەڵام تەوعیەی بۆ ناکرێت بەراستی لەوانەیە خەڵک وا تەسەور بکات لە زەرەری خۆیەتی، ئینجا ئەکەویتە دعایە دژی، ئەبێتە بۆڵە بۆڵ، بۆ نموونە هەرچەند من ناشزانم مەسەلە چییە. بەس

مەسەلەی چوار ئەمپێرەکەی کارەبا لەوانەیە لە بەرژەوەندیی خەڵک دا بێت، بەڵام بۆ تەوعیەی بۆ ناکرێت؟، ئەندازیارەکانی کە ئەم پرۆژەیان بەدەستەوەیە، کە پێشنیاریان کردووە، ئەگەر لە بەرژەوەندیی خەڵکەکەیە با پێشتر لە تەلەفزیۆن لە رۆژنامە، لە کۆڕەکان تەوعیەی خەڵک بکرێت، کە لەبەر ئەم هۆیانە ئەم بڕیارە دەدرێت، چونکە چارەی تر نییە نەک یەکسەر کتوپڕ بێت بۆ خەڵکەکەو خەڵکەکەش پێی وا بێت کە ئەمە زەرەرو زیانی لێ دەدات و پارەیەکی زۆری لێ وەردەگیرێ و کارەبایەکی کەمی پێ دەدرێت، بەڕاستی هەندێ شت هەیە ئەگەر تۆزێک خۆتانی پێوە ماندوو بکەن رەنگە نەبێتە هۆی گلەو گازاندەی خەڵکەکە.

هەروەها هەندێک یاسای نەگونجاو هەیە دیسان بۆم دەرکەوتووە هەندێ یاسا کاتی خۆی دەرچووە، پەیوەندیی بە تەعریب کردنەوە هەبووە و، تا ئێستا فەرمانگەکانی حکومی کار بەم یاسایانە دەکەن، من ئەمجارە لە دهۆک ئەم مەسەلەیەم بیست هەندێ زەوی کە ئیستملاک کراوە بۆ حکومەت، یان بووەتە زەوی میری نازانم چۆنە، لە راستیدا من زۆر لەم یاسایانە شارەزا نیم، بەڵام دەزانم کاتێک کە سیاسەتی تەعریب هەبوو ئەم یاسایانە تەشریع کراون هەتا ئێستاش هەر ئیشیان پێ دەکرێت، چۆن دەبێت ئەمە وابێت؟، لەبەرئەوە دەبێت ئەمەش ئیعادەی نەزەری لێ بکرێتەوە چۆن دەبێت ئیش بەو یاسایانە بکرێت کە بۆ تەعریب دانراون لە کوردستان؟، نازانم ئێوە چۆن بێ دەنگ بوون تا ئێستا؟، چۆن چارەسەرتان نەکردووە؟.

تەبیعی کاری زۆر باشیش کراوە و، ئێمە پڕ بەدڵ سوپاسی ئەو دەزگایانە دەکەین، ئەو برادەرانە دەکەین کە بەدڵسۆزی خزمەتیان کردووە، پرۆژەکانیان ئەنجام داوە و، سوودیان بە خەڵکی کوردستان گەیاندووە و، لەهەمان کاتیش نەفرەتی میللەت لەوانە بێت، کە خیانەتیان کردووە، چونکە بەڕاستی ئەوەی پرۆژەیەک دروست بکات ئەبێ وا بێ، کە بۆ ماڵی خۆی بۆ باوکی خۆی، بۆ منداڵی خۆی دروستی دەکات، ئینجا ئەندازیار بێت دکتۆر بێت ئیداری بێت یانی لەهەر بوارێکدا بێت تەبیعی بەشی هەرە زۆری بەدڵسۆزی ئیشیان کردووە، بەڵام هەندێکیشیان لە فورسەت سوودیان وەرگرتووە لە جیاتی ئەوەی پرۆژەیەکی رێکوپێک بۆ خەڵکی کوردستان ئەنجام بدەن بۆ خۆیان سوودیان وەرگرتووە، ئەو بوودجەیەی بۆ پرۆژەکە دانراوە نیوەی لە پرۆژە سەرف نەکراوە، لەبەرئەوە من داواش دەکەم ئەمانە دەبێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت و، بدرێنە دادگا چونکە ئەمانە فاسدن و خیانەتیان لە خوێنی شەهیدانیش کردووە، پێشموایە زەمانی ئەوەش هاتووە پاکسازییەک بکرێت، بە حەقیقەت خەڵکێکی فاسد لە دەزگاکانی حکومەتیش داهەیە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پاکسازی بکرێت.

خاڵێکی تر هەیە، کە رەنگە هەندێ برادەر بە سەلبی وەری بگرن، بەس بەلای منەوە زۆر ئیجابییە رۆژنامەکان و دەزگاکانی راگەیاندن ئەبێ رەخنە بگرن لەشتی هەڵە، بەڵام رەخنەی مەسئولانە دوور لە تەشهیر، بەڵام ئەبێ ئەو ئازادییە بدرێتن بە دەزگاکانی راگەیاندن، کاتێک کە شتێکی ناڕاست ببینن، یان جەماوەر رایەکی هەبێت ئەبێ لاپەرەکانی رۆژنامەکان کراوە بن بۆ ئەوەی خەڵک رای خۆی دەرببڕێ و، ناشبێ لەوە بترسن.

کاتی ئەوە هاتووە دیسان مەسەلەی رەقابەی مالی بە جدی دیراسە بکەن و، با ئەمەش بکرێت، چونکە درەنگە.

بابەتێکی تر هەیە، کە زۆر زۆر گرنگە و، زۆریش دواکەوت ئەویش مەسەلەی ئەنفال کراوەکانە، مەسەلەی ئەنفالکراوەکان بەداخەوە کارەساتێکی زۆر زۆر گەورەیەو، تا بەو شێوەیە بمێنێ رۆژانە زەمیرو ویژدانی مرۆڤ ئازار دەدات، کاتێ کە ئەو خەڵکە ئەنفال کرا چ بارزانییەکان لە (١٩٨٣)، یان دوای ئەوە ئەنفالە گەورەکە لە (١٩٨٨)دا زۆر ماڵی وا هەبووە کچ مارە کراوە و نەگوازراوەتەوە، یان بوکی یەک شەوە بووە یان بووکی دوو شەوە بووە یان کچێکی گەنج بووە تازە شووی کردووە تەبیعی تا ئیستاش ئەوانەی بێ سەرو شوێنن من پێموایە نەماون، ئەگینا بەر دەبوون یان چارەنووسیان مەعلووم دەبوو و، تا ئێستاش ئەوها سەرگەردان ماونەتەوە، ئەمە یەکەم گوناحێکی گەورەیەو دووەم کارەساتی لێ دروست دەبێت، شتی ناخۆشی لێ دروست دەبێت، ئینسان زەمیرو ویژدانی موعەزەبە، لەبەرئەوە من داوا دەکەم لە پەرلەمان لەگەڵ زانایانی ئایینی دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن و، فتوایەکی شەرعیی یاسایی دەربچێ ئیتر ئەوانە ئازاد بن بۆ ئەوەی بریاری خۆیان بدەن، چونکە کاتی ئەوە هاتووە لەمە زیاتر دوا نەکەوێت.

هەر بەم بۆنەیەوە دیسان بەداخەوە دیاردەیەکی دیکەی زۆر زۆر خراپ سەری هەڵداوەتەوە، ئەویش بە زۆر بە شوودانی کچانە، بەحەقیقەت ئەمە دواکەوتنە (تخلفە) ئەمە دژی مرۆڤایەتییە. یەکێک لە شانازییەکانی شۆرشی ئەیلوول ئەوە بوو کە ئەم دیاردەیەی نەهێشت، بەڵام ئێستا خەریکە سەر هەڵدەداتەوە برایەک خوشکی خۆی ناچار دەکات، کە شوو بەیەکێک بکات کە حەزیشی لێ ناکات، ژن بە ژنی یان گچکە بە گەورە بەراستی ئەمە ناکرێ چی تر تەحەمول بکرێت، دواکەوتنە، شتێکە خلافی شەرعە خلافی هەموو عورف و عاداتێکی ئینسانییە، لەبەرئەوە من دیسان داوا دەکەم پەرلەمان قانونێک بۆ پاراستنی مافی ئافرەت دابنێت و بەهیچ شێوەیەک ماوە بەم دیاردەیە نەدرێت ئەبێ بنبر بکرێت.

ئەوە داوای یارمەتی لە هەمووتان دەکەم بۆ یارمەتی دانمان بۆ ئەو بەرنامەی دەستمان داوەتێ، بۆ ئەو چاکسازییانەی، کە پێویستە لە هەموو دەزگاکان بکرێت وە ئەو بەڵێنەی کە بەخەڵکی کوردستانیشم داوە من پابەندم بەو بەڵێنە و تا دوا هەناسەم هەوڵ دەدەم بۆئەوەی ئەو چاکسازییە بکرێت و، ئەوەی لە بەرژەوەندی جەماوەری کوردستاندایە ئەوە بکرێن و بەبێ ئەوەی تەرەدودم هەبێ لە ئیجرائات، بەبێ ئەوەی تەردود هەبێ لە جێبەجێ کردنی حەزو خواستی ئەم خەڵکە. تەبعەن کارێکی ئاسان نییە، بەڵام موستەحیلیش نییە و ناشمانەوێ دەست بدەینە ئیجرائاتێک، کە مەدروس نەبێت، چونکە موبالەغاتێکی زۆر هەیە، ناحەزان زۆر جار هەوڵ دەدەن شت گەورە بکەن، بەڵام لە راستیدا ئەوە هیچ بەڵگە (مبرر) نییە بۆ ئەوەی سەلبیات بشارینەوە و، لەخۆشمانەوە دەست پێ دەکەین، پاشان باسی خەڵکی تر دەکەین، لەبەر ئەوە من تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەو بەڵێنە، ئێمە بەردەوام بین لەسەر ئیجرائاتی خۆمان و ئەبێ هەوڵ بدەین بچووکترین سەلبیات نەهێڵین، ئینجا چەندمان پێ دەکرێت ئەوە خوا پشت و پەنا بێت.

پەرلەمان دەتوانێ دەورێکی زۆر زۆر سەرەکی ببینێ لە چەسپاندنی ئاشتی، لە چەسپاندنی یاسا، لە هەڵبـژاردنی داهاتوو، لەبەرئەوە ئومـێـدەوارم ئێـوەش بە ئەرکی سـەرشـانـتـان هەستن و، ئەو گیروگرفتانەی، کە هەنە، خەڵک پێیانەوە دەناڵێنێ دەبێ چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە دیسان من داواتان لێ دەکەم، کە لە مانگێک زیاتر تێپەڕ نەبێت.

مومکینە باسی پرۆژەی موعـارەزەی عـیـراقی و ئەوانە بکرێت، حـەقـیـقـەت دەمـەوێ کـورتەیەک لەسـەر ئەوە باس بکەم، ئێـمـە لەسـەر ئەوەش رای خـۆمـان دەربڕیوە، ئێـمـە ناتوانین وەکـو موعـارەزەیەکی دەرەوەی وڵات رەفتـار بکەین ئێمە ناچارین هەر هەنگاوێک بهاوێژین تەماشای چارەنووسی ئەم خەڵکە بکەین، کە لەکوردستـان دا چەندین ملیۆن ئینسـانە لەبەرئەوە نابێ کەس تەوەقوعی ئەوەی لە ئێمە هەبێ وەکو موعـارەزەیەک، کە لە ئەوروپا دانیشـتـووە رەفتـار دەکات، ئێمەش وا رەفتار بکەین ئێمە بەشێوەیەک رەفتار دەکەین کە بە بەرژەوەندی خەڵکی ئێمە تەواو ببێت، وا رەفتار دەکەین، کە دڵنیا بین ئاییندەیەکی روناکترو باشترو مەزمون تری بۆ دابین دەکرێ ئینجـا خەڵکێک ئەو رەفـتـارەی پێ خۆش بێت یاخود پێی ناخۆش بێت ئەوە بۆ خۆی مـەتروکە، بەحەقیقەت ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر ئەم سیاسەتە، کە مونتەڵەقی ئێمە بەرژەوەندی میللەتی ئێمەیە، نە حەزو خواستی خەڵکی تر.

ئەرکی ئێـمـە پاراسـتنی ئەم کـیـانەیە، زامن کـردنی ئەو بارودۆخـەیە بۆ مـیللەتی خۆمـان، ئینجـا داواکـارین لە خـوای گـەورەش کـە پشـتـوانیـمـان بکات و داوا لە مـیللەتی کـوردیش دەکـەین پشـتـیوانمان بێ بۆ ئەوەی ئەم کیـانە بپارێزین و ئەم وەزعە بەردەوام بێت، چونکە بەراستی تەنها میـللەتی کـورد قیـمـەتی ئەم وەزعـە دەزانێت ئەمـە نەکەس خێری پێ کـردووین و، نە دیارییـە لە کـەسێکەوە، راسـتـە ئێـمـە زۆر سوپاسی ئەو دۆسـتـانەی میللەتی کورد دەکـەین، کـە هاوکـاریی ئێمـەیان کردووە و یارمـەتی ئێمەیان داوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر ئێمە میللەتێکی مردوو بواینە کـەس ئەمـەی بۆ ئێـمـە نەدەکـرد بەخوێنی خـۆمـان ئەم وەزعـەمـان سـەپاند، وجودی خـۆمـان سـەپاند ئیسـپـاتی وجودی خۆشمـان کرد، خەڵکێکی خاوەن ویژدان و مرۆڤدۆسـتیش کە ئەو وەزعـەیان دیت یارمەتی میللەتی کوردیان دا. ئێمە سوپاسیـان دەکـەین، بەڵام ئەم وەزعە بە خوێنی مـیللەتی کـورد هاتۆتە کـایەوە، لەبەرئەوە دەبێ هەوڵ بدەین، ئەوەندەی خـوا عـەقـڵی بە ئێـمـە داوە هیچ هەنگاوێک نەنێین، کە ئەم وەزعە لە میللەتی کورد تێک بچێ ئەوی تریش ئیتر بەتەمای خوا.

سیاسەتمان دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵ دوەڵەتە ئیقلیمییەکان دا هەر وەکو جارانە، سیاسەتەکەمان ئەوەیە، کە ئێمە پێمان خۆشە پەیوەندییەکی دۆسـتـانەمـان هەبێ لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەی دراوسێ لەسـەر ئەسـاسی ئیـحـتـرامی مـوتەبادل و بەرژەوەندیی هاوبەش و دەستـێـوەرنەدان لە کـاروباری ناوخۆیی و ئومێدەوارین کە ئەم دەوڵەتانەش ئەگەر یارمـەتیمان نادەن مەشاکیلیشـمان بۆ دروست نەکەن.

ئیـتـر لە کۆتایی دا جارێکی تریش من سوپاسـتـان دەکەم و، خـوای گەورە پشت و پەنای هەمـوو لایەک بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین بۆ ئەم وتە بە نرخەی، ئێستاش جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەم بۆنەیەوە بەیانێکیان هەیە با بەفەرمووێ.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس/سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**جەنابی سەرۆکی خۆشەویست کاکە مەسعود بارزانی**

**میوانە بەڕێزەکان.**

**نوێنەرانی پارت و لایەنە کوردستانییەکان.**

**بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێزان برا وەزیرەکان**

پێشەکی ڕێگام پێ بدەن بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان و ئێوەی بەڕێز بکەم، بەبۆنەی دەست پێکردنی خوولی یەکەمی ساڵی هەشتەمی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێزان:**

ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لەم چەند ساڵەی ڕابردوو بدەینەوە دەتوانین چەندین دەسکەوتی گەورە گەورەو بڕیارو یاسای گرنگ بەدی بکەین، کە بەرهەمی مەڵبەندی شەرعییەتی هەڵبژێردراو پەرلەمانی کوردستانە، لە سەرووی هەموویانەوە بڕیاری فیدرالیزم، کە لەم هۆڵە پیرۆزەدا سەرۆکی خۆشەویستمان کاکە مەسعود بارزانی پێشنیاری کردو لەلایەن ئەندامانی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراوی کوردستانەوە، بەتێکڕای دەنگ پەسندکرا.

**بەڕێزان:**

بە هەمان شێوەو شان بە شانی ئەم دەستکەوت و بەرهەمە مەزنانە، ئەگەر بەکارو بەرهەمەکانی حکومەتی کوردستاندا بچینەوە، ئەوا دەردەکەوێت کە کابینەی سێیەم ئەو کابینەیەیە جێگای باوەڕو متمانەی ئێوەی بەڕێزەو لە هەموو بوارێکیشدا هاوکاری و پشتیوانی جەنابی سەرۆکی خۆشەویست مسۆگەرو ئامادەبووەو لەم ماوە کورتەدا چەند سەرکەوتوو بووە لە کارو چالاکییەکانی.

کابینەی سێیەم بەپێی پرۆگرامێکی تێروتەسەلی هەڵقوڵاوی ئەزموونی پتر لە نیو سەدەی پارتی و بارزانیی نەمر، کە لەلایەن ئێوەی بەڕێزەوە پەسندکرا، سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفت و گرێ کوێرانەی دووچاری گەلی کورستانی خۆشەویستمان بوو بوونەوە، بەرنامەی کاری خۆی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان دارشت و کەوتە خۆ بۆ سەقامگیرکردن و پاراستنی سەروەری یاساو پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتییان و، بەرقەرارکردنی باری ئاسایش و، چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان و، گەڕاندنەوەی متمانەی جەماوەر بە حکومەتی کوردستان، شان بەشانی ئەمانە

ئەرکێکی گرنگی سەرشانی حکومەتی هەرێم گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بوو بۆ هاوولاتییان و، بایەخ دان بە خوێندن و پەروەردەو زانکۆکان و، تەندروستی و، پردو رێگاو بان و، ئاوەدانکردنەوەو، پیشەسازی و کشتوکاڵ و، پاراستن و بایەخ دان بە شوێنەوارە ئایینی و کەلتوورییەکان و پێشخستنی وەرزش و بە گشتی بایەخ دان بە ئافرەت و لاوان و قوتابیان و مامۆستایان.

**بەڕێزان:**

ئەمڕۆ پاش تێپەڕبوونی تەنها دوو ساڵ و چەند مانگێک بەسەر دامەزراندنی کابینەی سێیەمی حکومەتی کوردستان، دەستکەوت و بەرهەمی دیارو بەرچاو لە هەموو ئەم بوارانەدا پێشکەش بە جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان کراوە.

پرۆسەی سەقامگیرکردنی یاسا هەنگاوی گەورە گەورەی بەرەو پێشەوە ناوە، تا ئاسایشی شارو شارۆچکەو هاوولاتییان بە گشتی تارادەیەک باش دابین کراوەو رادەی تاوان بەشێوەیەکی بنەڕەتی کەم بۆتەوە، پەیوەندییەکانی دەرەوە پەرە دەسێنێ و مووچەی فەرمانبەران و هەموو کارمەندان بە رێکوپێکی دەدرێت و دەزگای شەهید دامەزراوە، زەوی بەسەر خێزانی شەهیدو مامۆستاو پێشمەرگەو کارمەندان دابەش دەکرێت، بازاڕو باری ئابووری هەرێم تارادەیەک باش بوژاوەتەوە، پیشەسازی و کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ بەرەوپێش چوونە، شۆڕشێکی رۆشنبیری و هونەری بەرپابووەو بەسەدان پرۆژەی خزمەتگوزاری ئەنجام دراون و لە ئەنجامدان دان بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا شارو شارۆچکەو دێ نەماوە بێ بەش بێ لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی کابینەی سێیەم.

**بەڕێزان:**

ئەمە چەپکێکە لە بەرهەمەکانی کابینەی سێیەم، کابینەی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتە هاوپەیمانەکان، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هەموو شتێک ئەنجام دراوە کەموکورتی و بگرە هەڵەو تەجاوزات نەکراوە و کارەکانمان لە کۆتاییدان، هێشتا سەرەتای رێگامانە، کارمان رۆژ بە رۆژ دەبێ زیاترو رێکوپێک ترو دڵسۆزانە تر بێت، زۆر بوار هەیە کە دەتوانین کارەکانمان چاکترو بە پیت تر بکەین، بەتایبەتی لە بواری بڕیاری (٩٨٦)دا کە ئەگەر بێت و لە پلانێکی دارێژراوی درێژخایەندا پرۆژەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێن و ئەفضەلیاتیان بۆ دابنرێ و چاکتر چاودێری بکرێن، ئەوا دەتوانین ئەوپەڕی سوود لەم بڕیارە گرنگە وەربگرین، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم بەم زووانە کۆنگرەیەکی فراوان لەم بارەیەوە دەبەستێ.

**بەڕێزان:**

حکومەتی هەرێم رادەی چاودێرییەکانی دارایی، کارگێری و تەکنیکی لە کۆتایی ساڵی پارەوە پەرە پێ داوەو چەندین لیژنەی پسپۆڕو بە دەسەڵاتی دامەزراندوەو بە هێزتری کردووە بۆ پشکنین و بەدواداچوونەوەی هەموو جۆرە چالاکییەکانی کارگێری و دارایی و خزمەتگوزاری و تەکنیکی،

ئەویش بەمەبەستی زیاتر پووخت کردنەوەی کارەکان و ئەنجامدانی پرۆژەکان و بەکارهێنانی تواناو داهات لە جێی خۆیدا و تەنهاو تەنها لە ڕێگەی خزمەتی جەماوەرو پێشخستنی ئەم ئەزموونە پیرۆزە.

**بەڕێزان:**

ئەوەش بزانرێ چاکە کە ناحەزانی ئەم ئەزموونە زۆرن و دوژمنانی کوردو کوردستان زۆرترن، ئەگەر بەهەمـوو لایەک هاوکـار نەبین، ئەوا هەمـوو زەرەرمـەند ئەبین و لە پێش هەمـووانەوە گـەلی کوردستان، ئەم ئەزموونە، هەموو پارتەکان، پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.

**بەڕێزان:**

لێرەدا بەپێویستی ئەزانم کە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەم ئەزموونە ئەم پرۆسیسەی کوردستان تەنها لەژێر سایەی ئاشتی و تەبایی و بەیەک دەستی و هاوکاری دەخەملێ، لەژێر سێبەری ئاشتییەکی سەقامگیر دوور لە تازەکردنەوەی تەجروبە ناڕاستەکان و تەنها لەسەر بنەمای پێشخستنی باری یاساو ئاسایشی هاوولاتییان، نەوەک تێکدانی و لەسەر بنەمای بەردەوامی شەرعییەتی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.

لە کۆتاییدا هیوادارم بەتایبەتی ئەم خوولە وەک هەموو خوولەکانی تری پەرلەمان پڕ لە هەست و بە مەسئولیەت بێت، بەرژەوەندییەکانی کوردو کوردستان پێش هەموو بەرژەوەندییەک بخرێت و هەموولایەکمان پێکەوە هاوکاربین بۆ پاراستنی ئەزموونەکەمان بۆ خزمەتکردنی کوردو کوردستان و جەنابی سەرۆک سەروەرو هاوکارو پشتمان بێت بە کوێرایی چاوی دوژمنان.

بژی کوردو کوردستان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەو وتە بە نرخانەیان لە کردنەوەی خولی یەکەمی سالی هەشتەمی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستاندا پێشکەشیان کرد. ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان و بەناوی گشت ئەندامانەوە جارێکی تر بەلێن بۆ جەنابی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی ئەکسەریەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کە پشتگیرو هاوکارو بەشداری ئەم ئەزموونەن، بەلێن تازە دەکەینەوە بۆ خەلکی خۆڕاگری کوردستان، خاوەن ئەم بەرهەمە تازەیەو بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانمان کە بەدەست و بازووی ئەوان توانیمان ئەم کیانە بپارێزین و بەردەوامن بە خوێنی خۆیان و فیداکاری لە هەموو بوارەکانی بەرەنگاریا بەرگری لەم کیانەو، لە شەرعیەت دەکەن، بەلێن تازە دەکەینەوە بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو کە بە فیداکاری و نەفەس درێژی و تێکۆشانی ئەوان ئەمڕۆ ئێمە خاوەنی پەرلەمان و خاوەنی حکومەت و خاوەنی ئیدارەی خۆمان و خاوەن بڕیاری خۆمانین، بەلێن بۆ هەموو لایەک تازە

دەکەینەوە بۆ هەمـوو ئەو دڵسۆزانەو ئەو خەڵکە بە ویژدانانەی کە پشتگیری لە میللەتەکـەمان دەکەن کە بەردەوام بین لەسەر ئەم ڕێبازەی، کە لەسەری ڕۆیشتووینە و، تەئکید لەوە دەکەینەوە کە وتە بەنرخەکانی جەنابی سەرۆک ئەمڕۆ لە حزروری ئێوەی بەڕێزدا تەئکیدی لەسەر کردەوە، چ لەم خولەداو، چ لە خولەکـانی داهاتوودا بیکەین بە بەرنامـەیەکی سـەرەکی کـار و، هەمـوو هەوڵ و تەقەلایەک بدەین بۆ ئەوەی لە کات و ساتی خۆیدا ئەو فەرمایشتانەی جەنابی جێبەجێ بکرێت و ، لە خزمەتی خەڵکی کـوردسـتـاندا بێت، دیسـان جارێکی تریش بەم بۆنەیەوە پێمـان باشە لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان سوپاسێکی بێ پایانی جەنابی سەرۆک بارزانی بکەم بەو کـۆمـەک و پشـتگیـری و بەو سـووربوونەی لەسـەر بەردەوام بوون و چەسـپـاندن و پێشکەوتنی شەرعییەت و باڵا دەستی یاسا، خوا پشتیوان و هاوکاری هەموو لایەکمان بێت، ئێوەی خۆشەویستیش سەرسەرو سەرچاوان هاتن و پێخۆشحاڵین بەهاتنتان، ئەم دانیشتنەشمان لێرە کۆتایی پێ دێنین و لەخزمەتتاندا دەبین، زۆر زۆر سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/١٦

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (۱)

## سێ شەمە ڕێكەوتی ۱۹۹۹/۳/۱٦

***كاتژمێر (۱۰)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەم ڕێكەوتی۱۹۹۹/۳/۱٦ ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستانی عێراق بەسەرۆكایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆكی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سكرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(یەك)ی خولی ئاسایی یەكەمی، ساڵی (۱۹۹۹)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەكە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەی بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێكرد.***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەكەمان بەناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكەین، دانیشتنی ژمارە (۱)ی خولی یەكەمی ساڵی هەشتەمی پەرلەمانی كوردستان ڕێكەوتی ۱۹۹۹/۳/۱٦ دەكەینەوە.

بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان خاڵێكە، ئەویش یادكردنەوەی بۆمبابارانكردنی هەڵەبجەی شەهیدە، لەسەر داخوازی ئەندامانی پەرلەمان بڕیاردرا، كە ئەم دانیشتنە تەرخان بكرێ بۆ ئەم بۆنەیە، وەكو دەزانن ئەمڕۆ یانزدەمین ساڵیادی كارەساتی كیمیابارانی شاری هەڵەبجەی شەهیدە.

لە(۱٦)ی ئاداری ساڵی ۱۹۸۸دا دوژمنانی كوردو كوردستان جارێكی تریش بە چەكی كۆكوژی مرۆڤ، دەستی خۆیان سووركرد لە خوێنی كورد، كوردی بێ تاوان، كوردی خاوەن ماف و، خاوەن زەوی وزاری خۆی، لەو ڕۆژەدا مەرگەساتێكیان سازكردو لە پێناو بەرژەوەندی تەسك و سوودی خۆیان و، لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی و فاشییەتی خۆیان ئەو قەتڵوعامەیان بۆ خەڵكی بێ تاوانی شاری هەڵەبجەی شەهید دروست كرد، لەماوەی چەند دەقیقەیەك چەند هەزار كوردێكیان شەهید كرد. ئەوەی تاكو ئێستا لەدونیادا بڵاوبۆتەوەو مەعلومە، زیاتر لە (۵) هەزار كوردی بێ تاوان لە منداڵ و لاوو پیرو ئافرەت و پیاوو نەخۆش و پەككەوتە، لەبەر چاوی ئەم جیهانە قەتڵوعام كران، كە دەڵێین ئەم جیهانە، مەبەستمان جیهانی دوو زل هێزەكەی ئەو سەردەمەیە. كە ویژدانی هیچ لایەكیان بۆ چركەیەكیش نەهەژا، بەبلۆكی شەرقی ئەو زەمانەو بە بلۆكی غەربیشەوە، لە وڵاتانی تری بەناو جیهانی سێیەم، لە وڵاتانی ئیسلامی، لە وڵاتانی عەرەبی، لە وڵاتانی ئیقلیمی، بەداخەوە ویژدانی كەس بۆ چركەیەكیش بەرامبەر بەو كارەساتە نە هەژا، وەكو بڵێی چ نەبووە، خۆزگە زۆربەی زۆری ئەو وڵاتانە، ئەو زل هێزانە تەنیا هەر بێ دەنگ بان، بەڵكو پاساویان بۆ ئەو تاوانە دەهێنایەوە (مبررات)یان بۆ دروست دەكرد، كە كوردی لێ قەوماوی جەرگ سووتاو، كوردی كۆست كەوتووی هەڵەبجە، كە لەدەرگایان ئەدا، چ لەدەرگای زل هێزەكان، چ لە دام و دەزگاكانیان، چ لەدام و دەزگا مرۆییەكان كە یەكێك لەكارە بنەڕەتییەكانیان بەدەنگ هاتنە سەبارەت كارەساتێكی وەهایە، نەك هەر دەرگایان لێ نەدەكردینەوە، بەڵكو زۆرجاریش بەگژمانا دەچوونەوەو پاساوی وایان بۆ ئەو گوناهە دەهێنایەوە، كە ئێمەی كورد تەنها ئەوەمان لەدەست دەهات بەزەییمان بەحاڵی خۆماندا بێتەوە، كە ئێمە چ میللەتێكی بەدبەخت و زوڵم لێ كراوین، ئەمە چ كارەساتێكە

بەچرکـەیەک هەزارەها پیـرو لاوو منداڵ و ئافـرەت لەبەر چاوی ئەم دنیــایەدا گـیــان لەدەست بدەن و لەبارەیەوە ئاوها بێ دەنگ بن، تەنها ئەوە مابۆوە مرۆڤ بۆ حاڵی خۆی بگری و خەمی خۆی بخوا، کە چەند بێ کەسین و چەند بێ دۆستین.
ببوورن لێرەدا قسەکانم دەبڕم، چونکە کاتژمێر یانزدەیە، بەپێی ئەو بڕیارەی کە هەمانە هەمـوو ساڵێک لە کاتژمێر یانزدە لەسەرتاسەری کوردستاندا ئەبێ (٥) دەقیقە راوەستین بۆ یادکردنەوە شەهیدانی هەڵەبجە، بۆ یادکردنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید بفەرموون.
سـوپاسـتـان دەکـەین... بەڵێ بەڕێزان؛ نەک وەکـو وتمان بەدەنگمـانەوە نەهاتـن، بەڵکو پاساویان بۆ ئەو گوناهە دەهێنایەوە، دیسان جارێکی تر مرۆڤ بۆ کلۆڵی و بەدبەختی خۆی دەگریا، بەڵام (سبحانه مغیر الأحـوال من حـال الی حـال) هەر چەند هەڵەبجـە گـەورەترین کـارەسـات بوو لەژیانی نەتەوەکـەمـان و سـامناکـترین تراژیدیای سـەردەم بوو وەکـو رووداوێک، کـاردانەوەی ئەم رووداوەو کـارکردنی لە ویژدانی دنیـا، وەکو ئاماژەم بۆ کرد، دوو شتی لەیەک زۆر جودا بوون، بەڵام شوکر بۆ خوا کورد مـاوەو دەمێنێت، کوردستان ماوەو دەمێنێت، هەڵەبجەی خوێناوی شەهیدیش ماوەو هەر دەمێنێت، لەجیاتی ئەوەندە هەزار خنکاوی گـازی ژەهراوی جینۆسـاید کراو، زۆر ئەوەندە هەزاری تر لەو مـاوەیەدا هاتوونەتە سەر دنیـاوەو وا بۆ وڵاتەکەی خۆیان خەبات دەکەن و پێگەیشـتوون، لەجیـاتی ئەو بێ دەنگیی و ئەو بێ ویژدانییـەی کە دەرهەق بە ئێمە کرا، دنیا ئاورێکی تری لە کێشەکەمان داوەتەوە.
بۆیە بەڕێزان؛ هەڵەبجە هەر مـاوەو هەر دەمێنێت، ئەو کـارەسـاتەش و ئەو خـەڵکە بێ ویژدانـەش، کە بێ دەنگ بوون، راستە ئەمڕۆ ئاورێکیان لە کێشەکەی ئێمە داوەتەوە، بەڵام دڵنیابن ئەو بێ دەنگییەی ئەوان و ئەو هاوکـارییـەی ئەوان، ئەو تراژیدیایەی دروست کرد، هەمیـشـە وەکـو خـاڵێکی رەش بەنێوچەوانیان دەمێنێتەوەو ویژدانیان ئازار دەدات، چونکە هاوکاری دوژمنانی ئێمە بوون، کە بووە هۆی دروست کردنی ئەو کـارەسـاتەو بێ دەنگیـان و پاسـاو هێنانەوەیان برینێکە بـاوەڕ ناکـەم لە دڵی هیـچ کـوردێک و هیـچ مرۆڤێک کە کەمێک ویژدانی هەبێ لەبیر بچێتەوە، کارەساتی هەڵەبجەو ئەو تراژیدیایەی پێش (١١) ساڵ کە رووی دا یادی هەمیشە لەمێشکمان و لەویژدانماندایە، بەڵام ئەو تراژیدیاو خەبات و بەرخۆدان و تراژیدیای تر کە بەسەر میللەتەکەمـان هاتبوو، بووە مایەی ئەوەی کە خەبات هەر بەردەوام بێت، ئەمڕۆ ئێمە لەسایەی ئەو تێکۆشان و ئەو فیداکارییە خاوەن پەرلەمانین، خاوەن حکومەت و ئیدارەی خۆمانین، خاوەن ئـازادی و بڕیاری خۆمـانین و کێشـەی کورد بەشەقـاو چۆتە پێشـەوەو ئاسۆیەکی رووناک چاوەڕێمان دەکـات، بەڵام ئەوانەی کـە ئەم کـارەسـاتەیان دروست کـرد رژێمی بەغـدا بـوو، کە بە چرکەیەک هەزارەها کـوردی بێ تاوانی، بێ بەش کـرد لەژیان و بەدەیان هەزار خـەڵکی ئێـمـەی سـەقـەت و بریندار کـرد، ئاسەواری ئەو تاوانە هەتا ئەمڕۆ بگرە تا چەند نەوەیەکی تریشمـان هەر دەمێنێ، ئەمڕۆ ریسـواو زەلیل بووەو لە قـەراخی قەبردایە، ئەمە حوکمی خوایە، ئەمە ئاهو نزای ئەو خەڵکە بێ تاوانەیە، ئەمە جنایاتی ئەوانە، کە ئەمڕۆ دەبێ ئەنجامەکەی وەربگرن، خـەڵکی ئێمەش وا خەریکە ژیانێکی تـر دروست دەکات و لە وڵاتـی خـۆی سـەرفـرازەو هەڵەبجـەش وا دەژێتــەوە، سـەرەڕای ئەو کـارەسـاتە، وا ژیان لەو شـارە خۆشەویسـتە دەبوژێتەوە، هەرچەندە بەداخەوە شەڕی ناوخۆو گـیروگرفـتمان وای کرد، کە نەتوانین وەکو پێویست دەستی یارمەتی و کۆمەک و ئاوەدانکردنەوە بگەیەنینە ئەو ناوچەیە، بەڵام لە هەر هەلێک، هەر ماوەیەک، هەر قۆناغێک بوار هەبوو بێ دریغی نەکراوەو من دڵنیام هەر کاتێک فرسەت هەبێت هەڵەبجە دەبێت جـێگاو پایەو پلەی خـۆی هەبێت و ئەو کـارەسـاتەی کە بەسـەر هەڵەبجـەو خـەڵکی هەڵەبجـەدا

هاتووه، دەبێت پاداشتی بدرێتەوەو ئینشائەڵڵا لەکات و ساتێکی نزیکدا ئەو گیروگرفتەی ئەو شارەش چارەسەر دەکرێت، برینی هەڵەبجە قووڵە لە ویژدانی هەمووماندا جێگای خۆی کردۆتەوە هەمیشە لەگەڵیدا ئەتلێینەوە، کێ ئەتوانێ بەرامبەر ئەو وێنانە کە هەڵەبجە نیشان دەدات ئۆقرە بگرێت؟ ئەوەی کە سەبرو سەبوورێمان دەدات رەوایی کێشەکەمانەو خەبات و تێکۆشان و یەکبوونی ریزەکانمانە، ئاشتییەکی سەرتاسەری عادیلانەو یەک دەستییە، چونکە بۆمان دەرکەوت دوژمنانی کوردو کوردستان چەند لێمان بەقینن، بۆمانیش دەرکەوت تەنها خۆمان و یەک بوونی خۆمان و، یەک دەستی خۆمان، دەبێتە مایەی هەموو شت، بۆیە پێویستە لەم رۆژەو لەم سات وکاتەدا تەئکید لەوە بکەینەوە تەنها ئاشتییەکی عادیلانەو بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستان و، یەک بوونی ریزەکانی خەڵکی کوردستان ئەتوانێت دورمان خاتەوە لەکارەسات و، دەستکەوتەکانمان بپارێزێ و بەرەو پێشەوەمان ببات، ئەوەی کە سەبوورێمان دەدات، ئەوەیە ئەگەر بەتەواوی بتوانین برینی کارەساتی هەڵەبجە شارێژ بکەین ئەو رۆژەی کە ئێمەش وەکو ئەو خەڵکە ئەبین بەخاوەن دەوڵەتی خۆمان، ئەبین بە خاوەن کیانی خۆمان، مەگەر تەنها ئەوە ئۆقرەی تەواومان پێ بدات، کە بڵێین ئۆخەی با شەهیدانی هەڵەبجەش بە ئیسراحەتێکی تەواوەوە سەر بنێنەوە. سڵاو لەهەڵەبجەی شەهید، سڵاو لەهەموو شەهیدانی هەڵەبجەو شەهیدانی کوردو کوردستان، جارێکی تریش دەیڵێینەوە کە یەکبوونی ریزەکانی خەڵکی کوردستان مایەی هەموو سەرکەوتنێکە، زۆر سوپاستان دەکەم.

بۆ ئەم بۆنەیە ئەو برادەرانەی کە ئەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن و هەستی خۆیان دەربرن، ناونووسیان دەکەین ، ناوەکان ئەخوێنمەوە (کاک یونادم، شێخ جەعفەر، کاک ئیبراهیم، شێخ یەحیا ، کاک سیروان، مەلا هادی، مەلا موحسین، شەفیقە خان، فەوزیە خان، کاک جەمیل عەبدی، مەلا مەحمود، کاک بورهان، کاک رەجەب، کاک د.رزگارو شێخ عەفان، د.ناسح و مامۆستا مەلا محەمەد، کاک یونادم فەرموو.

**بەڕێز یونادم یوسف کنا/وەزیری ئەشغال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز کاک جوهر باسی کرد و بەسەریدا چوو، من نامەوێ قسەکانی ئەو دووبارە بکەمەوە، بەڵام دەمەوێ ئاماژە بۆ شتێک بکەم، لێرە هەرچەندە خوێنی شەهیدانی هەڵەبجە دەورێکی کاریگەری هەبوو دوای شەری کەنداو کە ئەو دەوڵەتە بە قودرەتانەی کاک جوهر باسی کردن، کە لەکاتی خۆیدا بێ دەنگ بوون، بەڵام بەم شێوەیە خرا روو وەکو دیکۆمێنتێکی دژی تاوانەکانی رژێمی ناوەندی و تائێستاش هەڵەبجەی شەهید یەکێک لەو شاهیدانەیە دژی ئەو رژێمە، کە چۆن لە هەڵەبجە قەتڵوعامی کردووە، ئێمە ئەمرۆ چۆن دەبێ سەیری ئەوە بکەین؟ جێگای خۆیەتی وەکو کاک جوهر باسی کرد هەڵەبجە شوێنی تایبەتی خۆی لەناو دڵی هەمووماندا هەیە، کارەساتی هەڵەبجە جنایاتێکە وەکو پەڵەیەکی شوورەییە (عار)ە لەنێو چەوانی رەگەزپەرست و تیرۆریستانی بەغدا، بەڵام دەمەوێ ئەوە زیاد بکەم کە هەر بەقەدەر شەهیدانی هەڵەبجەو شەهیدە ئەنفال کراوەکانی بارزانی، هەردووکی پێکرا بیست بەرابەری ئەوە خەڵکی کوردستان هەر هەموو ئەنفال کران، ئەمرۆ دەبێ ئێمە چی بکەین بۆ ئەوانە؟ چی قەرداری ئەوانەین؟ ئایا هەر یادکردنەوەیان بەسە؟ ئایا هەر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان بەسە؟ یان کاری خزمەتگوزاری بکرێ؟ پێم وایە ئێمە دەزگای شەهیدمان لێرە لە پەرلەمان بریار لەسەردا کە هەبێ بۆ چاودێری ئیشوکاری شەهیدان، دەبێ دەزگایەکی تایبەتی هەبێ لە ئیداراتی کوردستان، تەنهاو تەنها بۆ منداڵە ئەنفال

کراوەکانی سەرتاسەری کوردستان، چونکە تەنها نان و تەنها ئاو بەس نییە بۆ ئەو منداڵانە، کاتێک کە منالێک باوکی نەبێت، یان برای گەورەی نەبێ، یان دایکی نەبێ ئەو منداڵە لە بارودۆخی وا پەروەردە دەبێ، کە ئەتوانم بڵێم ناسروشتیی دەبێ، ئیداراتی کوردستان بە چاوێکی تایبەتی تەماشای ئەوانە بکات، پەیمانگایەکی (تەئهیل)ی تایبەتی بۆ ئەوانە بکاتەوە، کە چۆن بتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، کە چۆن بتوانێ جگە لەوەی کە ماڵەکەی ئاوەدان بکاتەوە کارەباو ئاو بۆ ماڵ بکێشێ ئەو منداڵە ئەو خێزانە چۆن خێزانێکی بەرهەم هێن(مونتج) بێت، چۆن وەک خێزانێکی سروشتی بگەڕێتەوە ناو ئەو کۆمەڵگایە خزمەتی نیشتمانیی خۆی بکات، نەک ببنە وەسیلەیەک لەدەستی هەندێ لایەن بۆ استغلال کردنیان لە بواری ڕاگەیاندندا، بەتایبەتی وەکو هەڵەبجە کە لەوەزعێکی نائاسایی بووە هەمیشە، کە نەمانتوانیوە کاری بەڕێوەبردن و ئەو مەسەلانە بەباشی پێشکەش بکەین، ئینجا وەکو پێشنیارێک کە دەزگایەکی تایبەتی بۆ دیراسات هەبێ بۆ چارەسەرکردنی وەزعی ئەو خانەوادانە بێ لە سەرتاسەری کوردستان کە لە (٢٠٠) هەزار زیاتر ئەنفال کراون و منداڵەکانیان بە شێوەیەکی نا سروشتیی پەروەردە بووینە، بۆشاییەک لەو لایەنە پەیدا بووە، چۆن ئێمە وەکو پەروەردە، وەکو فێرکردن، وا بکەین ئەو خێزانانەی کە ماون مرۆڤی بەرهەم هێن(مونتج) بن لە کۆمەڵگادا، نەک (موستهلک) بن و چاوەڕوانی فلان ڕێکخراو بکەن وەکو سوالکەر بێ إستغلالیان بکات، کە هەر سەرە مانگێک نەختێک نان یان شتێکیان بۆ دابین بکات، لەکۆتاییدا ئێمە دەبێ بە ئەرکی خۆمان هەڵسین، بەرامبەر ئەو قوربانیانە، بەرامبەر ئەو ناوچەیەو گرنگییەکی تایبەتیان پێ بدرێ، ناڵێم فەرق و جیاوازی بکرێ، بەڵام گرنگییەکی تایبەتی بە ئەوان بدرێ، کە بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگەی خۆمان و ژیانی خۆیان وەکو هەموو هاووڵاتییەک بەسەر بەرن، دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە ئەو یادانە ببێتە هاندەرێک بۆ ئێمە کە زیاتر غەمی ئەوان بخۆین و لەوانەیە ناوی ئەنفال کراوەکان ببەستینەوە بەهەڵەبجەش، ڕۆژی هەڵەبجە و ئەنفال کراوەکانی کوردستان وەکو بیست بەرابەری ئەنفال کراوەکانی هەڵەبجەو بارزانییەکان لەسەرتاسەری کوردستان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک یونادم، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ علی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی زۆر پێخۆشحاڵین کە ئەمڕۆ لە پەرلەمانی کوردستان بە بەرهەمی خوێنی شەهیدان ئەو یادە پڕ سەروەرییە بکرێتەوە. (١١) ساڵ لەمەوبەر لە کات و ڕۆژێکی ئاوادا کارەساتی کیمیاوی بارانی هەڵەبجەو دەوروبەری لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمەوە ئەنجام درا، کە بووە هۆی شەهیدبوونی زیاتر لە (٥٠٠٠) هەزار مرۆڤی کوردو ئاوارەبوونی دەیان هەزاری تر، هەروەها لە ناوبردنی هەزاران سەر ئاژەڵ و مەڕو ماڵات و باڵندەو پیسکردنی ژینگەی ناوچەکە بەگازی (خەردەل) و (سیایند)و جۆری تر. ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە ویژدانی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانی لەسەرانسەری جیهاندا هەژاند، بووە هێمای مەزلومییەتی کوردو ڕەوایی کێشەکەی و شۆڕشەکانی کورد کە بارزانیی نەمر زیاد لە نیو سەدەیە هەڵیگرساندووەو سەرکردایەتیی کردووە،

بووه هێمای دڕندەیی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردو کوردستان. کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەوەی سەلماند کە داگیرکەرانی کوردستان ناتوانن ژیانی ئاسوودەیی و یەکسانی بۆ کورد دابین بکەن، دروشمەکانیان بۆ داپۆشین و مەرامە گڵاوەکانیانەو کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوایەتییە، تا کورد نەگاتە مافە ڕەواکانی بە ئیدارەکردنی خۆی لەسەر خاکی مێژوویی خۆی ئارامی لە ناوچەکەدا نابێت و، هەردەم ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەم شێوە کارەساتانەو هی دڕندانەتریش هەیە، بۆیە پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و مافی مرۆڤ و وڵاتە بڕیار بەدەستەکان ئەم هەقیقەتە باش بزانن و بیری لێ بکەنەوە، ئەگەر بیانەوێت ئاسایشی ناوچەکەو مافی مرۆڤ بپارێزن.

هەرچەندە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە زامێکی قوڵی خستە جەستەی نەتەوایەتیمان بە لەدەست دانی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤی کوردو وێران کردنی دەڤەرێکی بەرفراوان، بەڵام خواستی گڵاوی ڕژێم لە کوشتنی روحی بەرگری و بەرخۆدانی گەلەکەمان و کوژانەوەی بڵێسەی شۆڕش بەدی نەهات، بەڵکو بەرخۆدان پەرەی سەندو شۆڕش بەتین تر بوو. دوای کەمتر لە سێ ساڵ ڕاپەڕین کڵپەی سەندو دام و دەزگای داگیرکەران و ئەنجام دەرانی ئەم تاوانە بەسەر کەلاشی هەورامی پێشمەرگەدا کەوتن.

گشت شەهیدانی کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، شاد کردنی گیانی پاکیان و خوازیارە لێمان پاراستنی پەرلەمان و حکومەت و بەردەوام بونمان لەسەر ئاوەدانکردنەوەو دوژمنی سەرسەختی ناحەزانی ئەم ئەزموونە بین، چ ناحەزانی دەرەوەو چ ناحەزانی ناوەوە، وتە بەنرخەکانی سەرۆکی هێژا جەنابی کاک مەسعود بارزانی لە ١٩٩٩/٣/١٠ پێش چەند ڕۆژێک لەم هۆڵە دا بکەینە بەرنامەی کارمان بۆ جێبەجێ کردنی بڕیار و دەرکردنی یاسای گونجاو، خزمەتی ئەو خەڵکە بەشەرەفەی شاری هەڵەبجەی شەهید و دەوروبەری بکرێ کە ئێستا زۆریان ئاوارەن و هەتا کەلاوەکانی هەڵەبجەو دەوربەریشیان پێ ڕەوا نەبینیون و لەوێش دەرکران و ئێستا لەگەڵ ئاوارەکانی گەرمیان و سلێمانی لەهەولێر نیشتەجێن، چاککردنی باری ژیانیان، هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ دامەزراندنی ناوەندی ڕۆشنبیری دەڤەری هەڵەبجەو دەرچوونی گۆڤاری هەڵەبجە وەفادارییە بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەمە تەنیا دەستکەوتی کابینەی سێهەم نییە بۆ هەڵەبجە، ئەمەوێ وەکو شاهیدێک بۆ دەوری پارتی لەو کارەساتەو لەم یادە پیرۆزەوە باس بکەم.

کاتێ ئەو کارەساتە دڵ تەزێنە ڕووی دا پێشمەرگەکانی پارتی، دۆستانی پارتی بە هەموو توانایەکیانەوە هاوکاری ئەو خەڵکە بوون بۆ گەیاندنیان بۆ شوێنی ئەمین، هەموو بارەگاکانی پارتی لەسەر سنوور و ئەو شوێنانەیان بۆ کرایەوە بەباشی خزمەتیان کرا، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە دڵسۆزییەوە پاراستنی گیان و ماڵ و سەروەت وسامانی ئەو خەڵکەیان گرتە ئەستۆ و ئەوەی پێیان کرا کردیان، پاش ئەوەی کە ئاوارەبوون، پارتی بە ڕێکخراوەکانی

وناوچەکانییەوە لە هەموو ڕێکەوە یارمەتیەکی زۆری ئەو خەڵکەی دا، بە چاک کردنی وەزعیان و، بە هاوبەشی خۆشی و ناخۆشیان، پاش ڕاپەڕین و گەڕانەوەی ئەو خەڵکە هەوڵێکی زۆر درا بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەو گەڕانەوەی خەڵکەکەی و بۆ ئاوەدان کردنەوەو هاوکاری کردنیان، قایمقامی شەهیدی هەڵەبجە کە قایمقامی حکومەتی هەرێمی کوردستانە شەهید ئەکرەم حەمە عەلی دەورێکی باشی بینی بۆ باش کردنی باری گوزەرانی خەڵکی بەشەرەفی شاری هەڵەبجەو دەوروبەری.

سەرۆکی هێژا جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی بە ئەمری ڕاستەوخۆی خۆی بڕیاری دا کە ئاوی زەڵم بگەیەندرێتە شاری هەڵەبجە، بڕیاری دا کە شەقامەکانی ناو شاری هەڵەبجە چاک بکرێنەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەم بارودۆخە نەتوانرا ئەم کارە وەکو پێویست ئەنجام بدرێ و لە کۆتایی دا سەری ڕێزونەوازش بەرامبەر گیانی پاکی شەهیدان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو دادەنوێنین، بژی کورد بژی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەز ئەکەم چەند ڕێککەوتنێک وپرۆتۆکۆلێک بخەمە بەردەم جەنابتان کە چەکی کیمیایی قەدەغە کرد، بەڵام بەر لەوە پێشەکییەکم هەیە لەسەر هەڵەبجە.

بەڕێزان ئایا هەڵەبجە ئەو شارە هێمن و ئاسوودەیە قەد تەسەوری دەکرد کە ڕۆژێک دەبێتە بابەتێکی یاسایی نێو نەتەوەیی؟. یان ئەو هاوڵاتییەی کە لەپەو ڕوو کەوتووە و بەهەردوو دەسی منداڵە شیرە خۆرەکەی لە ئامێز گرتووە تاوەکو خۆی و منداڵەکەی لە مردنێکی موحەقەق ڕزگار بکات، ئایا تەسەوری دەکرد کەدەبێتە (SLAGON)ێک بۆ کارەساتێکی کیمیایی؟ وادیارە ئەو کارەساتە هەموو ساڵێک بەناوی ڕۆژی هەڵەبجەی شەهید زیندو دەکرێتەوە، هەڵەبجە لە قاموسی کورد مورادفی وشەی هیروشیمای یابانە مورادفی وشەی (ئۆشۆویتسی) پۆڵۆنییە هەڵەبجە بە زمانی ڕای گشتیی جیهانی مانای جینۆسایدی کوردە، ڕووداوێکی ئەوها لە مێژوو بەکار هێنانی چەکی کیمیایی ڕووی نەداوەو بەتایبەت دەوڵەتێک دژی هاوڵاتییەکانی خۆی بەکاری بهێنێت، لە ڕۆژی ١٦/٣/١٩٨٨دا سێ فڕۆکەی جەنگی عێراقی شاری هەڵەبجەیان بە گازی خەردەل و دەمارەکان و سیانید و میکۆترین بۆمباران کردو بووە هۆی شەهید بوونی (٥٠٠٠) هەزار کەس. کۆنترین بەکار هێنانی چەکی کیمیایی دژی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٣، بارزانیی نەمر ئەو ساڵ شەکوایەکی پێشکەش بەUN کرد دژ بە بەغدا و لەو ڕۆژەوە کورد بونەتە ئامانجێک بۆ بەکار هێنانی چەکی کیمیایی ئەمەش چەند ڕێککەوتننامەیەک و پرۆتۆکۆلێکن، کە چەکی کیمیاویان قەدەغەکردووە.

**یەک:** بۆ یەکەم جار بەکار هێنانی گاز قەدەغە کرا بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی (لاهای) لە ڕۆژی ٢٩ی تەمووزی ١٨٩٩، دووای ئەمە بۆ یەکەم جار ئەڵمانیا ئەم چەکەی لە جەنگی جیهانی بەکار هێناو هەروەها هاوپەیمانەکان دژی ئەڵمانیاو بۆ تۆڵەسەندنەوە بەکاریان هێنا.

**دووەم:** پرۆتۆکۆلی واشنتۆن لە ٦ی شوباتی ١٩٢٢ بەکارهێنانی گازی قەدەغەکرد.

**سێیەم:** پرۆتۆکۆلی جنێڤ لە ١٧ی حوزەیرانی ١٩٢٥بەکار هێنانی ئەم چەکەی قەدەغەکرد، ٣٨ دەوڵەت لەسەر ئەو پرۆتۆکۆلە مۆریان کردو عێراق موصادەقەی لەسەر ڕێککەوتننامەی جنێڤ کرد بە یاسای ٥٧ لەساڵی ١٩٣٢.

**چــوارەم:** لە ١٦ی کانوونی یەکەمی ساڵی UN١٩٧١ ڕاسپاردەیەکی دەرکرد تیایدا هەموو کارێکی دژ بە بنەماکانی پرۆتۆکۆلی جنێڤی ساڵی ١٩٢٥ی قەدەغەکرد و، لە ١٠ی نیسانی ١٩٧٢دا ڕێککەوتن لەسەر پرۆتۆکۆلێکی نێو دەوڵەتی کرا، تیایدا بەرهەم هێنان و پەرەپێدان وهەڵگرتنی چەکی کیمیایی و بایەلۆژی قەدەغە کرا و ٩٤ دەوڵەت ئیمزایان کردو عێراق یەکێک بوو لەوانە.

**پێنــج:** لەدوای تراژیدیای هەڵەبجە کۆنگرەیەکی دەولی بۆ پێنج ڕۆژ لەسەر چەکی کیمیایی لە پاریس بەسترا لە (٧تا١١)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩ و(١٤٩) دەوڵەت تیایدا بەشدار بوون بۆ دیراسەتی قەدەغەکردن لەسەر بڵاوبوونەوەی چەکی کیمیایی لە جیهاندا و پەرەپێدانی پرۆتۆکۆلی جنێڤی ساڵی ١٩٢٥و، بیرۆکەی ئەم کۆنگرەیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر زمانی سەرۆکی فەرەنسی فرانسوا میتران دەرچوو.

**شــەشــەم:** ساڵی ١٩٩١بەگوێرەی بڕیاری ٦٨٧ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی و لە ٣ی نیسانی ١٩٩١دا پرۆگرامێک بۆ داماڵینی چەکی بەکۆمەڵ کوژی عێراقی ئامادە کرا وە پێی دەڵێن ABC وکە(A) بۆ (ATOMIC)ـە و(B)بۆ(BACTERIOLOGICA) و (C)بـــــۆ (CHEMICAL)ـە. لەدواییدا ئەمە چەند ساڵە ئەمریکاو بەریتانیا بەدوای تاوانبارانی لۆکەربی دەکەون بۆ ئەوەی بیان دەن بە دادگای نێو دەوڵەتی، ئایا هەتا کەی تاوانبارانی کیمیا بارانی هەڵەبجە یان کەی لەلایەن کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دادگایی دەکرێن؟، یان لەبەر بێ خاوەنی و بێ دەسەڵاتی ئێمەیە ئەوانە هەر وا ڕەها دەبن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێخ یەحیا.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یانزدەمین ساڵیادی هەڵەبجەی شەهید یادی دڕندەترین جینوسایدی سەردەم، یادی ٥ هەزار شەهید، یادی باپیروباوک و نەوە تێکڕا قڕکردنە، یادی ئاگر، یادی مردن، یادی زوڵم و تاوانەو یادی خوێنڕشتن، یادی وردو درشت پێکەوە سووتاندنە.

یادی ئازار، یادی فرمێسک، یادی کوردی هەژاری دەستپەتی تاساندنە، (سەیوسینان) یا

(باليسـان) (گۆپتەپە)بێ یا (بادینان) لە (هەڵەبجە)وە سـەرهەڵئەدەن، ناڵەو گریان، هەڵەبجە گڕی نەهامەتیەکانی کوردو مەشخەڵی شۆڕشی هەژان.

بەڕێزان، هەڵەبجـە تەنهـا چەند هەزار شـەهیـدو چەندیـن هەزار بریندارى بێ چارە نەبوو، کـیمـیـا بارانی هەڵەبجە تەنها خـاپوور کـردنی شـارێک نەبوو، نەخـێـر، تەنهـا تەڕوو وشک و داروبەردو ئێسک وپروسک و چیاو دۆڵ وگەرمیان و کوێستان و گوڵ و بولبول پێکەوە سووتاندن نەبوو.

نەخێر ئاشکرا کردنی ڕق وکینەی دوژمنان بوو پەردەلادان لەسەر ڕواڵەتی ڕاستەقینەی دێوەزمەی شەڕخواهان بوو، بانگەوازی خۆڕاگری و ڕەسەنایەتی ڕاستەقینە و مرۆڤ دۆستی گەلی کورد بوو.

بەڕێزان: لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا بەناڕەوایی و بەناڵەبارترین و نوێ ترین چەکی سەردەمی مرۆڤ قڕکەر دەست و چڕنووکی تاوانباران گەیشتە گەردەنی بێ گەردی ژیان و شاری پڕ لە ئاین و شاری پڕ لە خۆشەویستی و پڕ لە مێژوو، شاری هەڵەبجەی شەهید کرد.

دەبا بانگ هەڵدەین بۆ هەڵەبجەو داوا بکەین لە گشت دنیا خوێنڕێژەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە بدرێنە دادگایەکی نێو دەوڵەتی و بکرێن بە پەندی زەمانەو بۆ هەموو جیهان ڕیسوا بکرێن.

دەبا داوابکەین لەمرۆڤ دۆستـانی دنیـا فـریای نەوە دەردە دارەکـانی کـیمـیـابران بکەون، کە ساڵ بەساڵ گرفتی کوشندەو خەڵکی پەک کەوتە لەم شارەدا زیاد دەکات.

هەردەم ٣/١٦ سوورمان دەکات لەسەر خەبات و هاندەرمانە بۆ یەک دەنگی.

٣/١٦ هاوارە بۆ ئاشتی و گڕو گڵپەو بڵێسەیە بۆ ئازادی.

لە کۆتاییدا هەر ئەوەندەم پێ دەوترێت کە سەری ڕێزو نەوازش دادەنەوێنم بۆ شەهیدانی هەڵەبجەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک سیروان کاکەیی:

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ یانزدەهەمین ساڵیادی ڕۆژی کارەسات و کۆستی گەورەی کوردە کە ڕۆژی کیمیا بارانی شاری هەڵەبجەی شەهیدە، لەم ڕۆژەدا سەری ڕێزو حورمەت دائەنوێنم بۆ قوربانییەکانی ئەم کارەساتە گەورەیە، کە بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا ڕژێمێکی دەسەڵاتداری حوکمڕان بەم شێوە دڕندانەیە هاووڵاتیان و دانیشتوانی خۆی قڕ بکات و بیان کوژێت، ئەم ڕووداوە هەتا هەتایە لەکەیەکی شەرم ونەفرەتە بە نێوچەوانی ئەوانەی ئەم تاوانە گەورەیەیان ئەنجامداو ئەوانەی هاوکارییان کردوون و ئەوانەی ئەوچەکەشیان دروست کردووە، لەم ڕۆژەداو لەم یادەدا ئومێدەوارم کە پرۆسەی ئاشتی بەرەو پێش بچێت و ئاشتی سەرتاسەری کوردستان بگرێتەوە تاکو بتوانین بە باشی خزمەتی ئەو خەڵکە بکەین کە ئەو کارەساتەیان بەسەر هاتووەو چەند پێشنیارێکی دیاری کراوم هەیە و ئومێدەوارم کە لەدوا ڕۆژدا کاری بۆ بکەین.

یەکەم: پێم باشە ئامارێکی زۆر وورد دەربارەی ئەو قوربانییانە و پاشماوەی خێزانەکانیان هەبێت و لەبەر دەست دا بێت بۆ هەموو ئیش و کارێک کە بمانەوێ بۆیان بکەین.
دووەم: ئومێدەوارم کە ناوەندێکی زانستی لێکۆڵینەوەی پزیشکی و کۆمەلایەتی دابمەزرێت هەر چەندە خەبەرێکی وەها بلاو کرایەوە لە رۆژنامەی برایەتی کە گوایە لە ۱۳ی ئەم مانگەدا لە(لەندەن) کۆبوونەوەیەک کراوە بەسەرپەرشتی نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ دامەزراندنی شتێک لەو بابەتەوە و ئومێدەوارم کەئەمە زوو بەرێوە بچێت و خەڵکی شارەزاو پسپۆر لە مامۆستایانی زانکۆ لەوێ لێکۆڵینەوەی زانستی وورد بکەن و دیراسەتێکی قووڵی حاڵەتی جینیتیکی بکرێت لە برینداراانی ئەو چەکە و بزانین ئاسەواری لەسەر نەوەکانی داهاتوو چۆنەو هەروەها دیراسەتێکی وردی ژنیگەی هەڵەبجە بکرێت و هەروەها ئومێدەوارم بە هەموومان کار بکەین بۆ ئەوەی مووچەیەکی بەردەوام دابین بکرێت بۆ ئەو خێزانانە و ئەو پاشماوانەو حاڵەتێکی تەقاعدی بەخۆوە بگرێت بۆ ئەو کەسانەی کە سەقەت بوون یان ئەو منداڵانەی کە بێ کەس ماونەتەوە بۆ ئەوەی کە بتوانن ژیانی خۆیان ببەنە سەرو هەست بە کەم و کوڕی نەکەن لەناوکۆمەڵدا و بتوانن دوا رۆژی خۆیان دابین بکەن.
هەروەها کارتی تایبەتی بکرێت بەو بریندارانە کە ئەو کارەساتە گەورەیان بەسەر هاتووە بۆ سەردانی نەخۆشخانەکان و شوێنەکانی تر تاوەکو رێزیان لێ بگیرێت و بایەخێکی تایبەتیان پێ بدرێت، لەنێوەندە نێو دەوڵەتییەکانەوە کار بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر فشارێک بخرێتە سەر رژێم و ریسوا بکرێت و تاوانبار و مەحکوم بکرێتەوە و هەروەها هەوڵی ئەوە بدرێت کە قەرەبووی ئەو خەڵکە بکرێت کە ئەو زەرەرو زیانە گەورەی لێ کەوتووە.
دیسان دەڵێم هەوڵێکی جدی بدرێت بۆئەوەی کە رۆژی ۳/۱٦ بکرێتە رۆژێکی جیهانی رەسمی بۆ قەدەغەکردن ونەهێشتنی چەکی کیمیایی لەسەرتاسەری جیهاندا.
لەکۆتاییشدا جارێکی تر سلاو لە گیانی شەهیدانی کیمیا بارانی هەڵەبجەو لەعنەتی مێژوو لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە گەورەیە، جارێکی تر سەری رێز بۆ هەموو شەهیدان دائەنوێنم بەتایبەتی سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کارەساتی هەڵەبجە برینێکی قوڵە لە دڵ ودەروونی هەموو کوردێک ئەوە شتێکی نەشاراوەیە بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ لایەنی هەندێک لە پێشنیارەکانی برایان کاک یۆنادم و کاک شێخ جەعفەر ئەویش لەبیر نەکردنی پاشماوەی ئەنفالەکانی بارزانییەکان وئەنفالەکانی گەرمیان و هەروەها پاشماوەی کەس و کاری شەهیدانی هەڵەبجە لەبیر نەکرێن و دەزگایەکی تایبەتیان هەبێت بۆ ئەوەی خزمەتیان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا من دەڵێم نەعلەت بکرێت لەو کەسانەی کە بوونە هۆی روودانی کارەساتی هەڵەبجە، چونکی کارەساتی هەڵەبجە خۆی کارەساتە و ئەوەی کارەساتەکەی

کردووە ئەوە نەعلەتی بەرکەوتووە بەڵام ئەوەی کە بۆتە هۆی ڕوودانی ئەو کارەساتە ئەوانیش نەعلەتی مێژوو و خوایان بەر کەوێ، لە کۆتایی دا دەڵێم سەری ڕێزو نەوازشمان بۆ هەموو شەهیدان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر دادەنوێنین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسین فەرموو:

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**«وما نقموا منهم إلا أن يومنوا بالله العزيز الحميد»**

**صدق الله العظيم**

من وا ئەزانم ئەو کارەساتەی بەسەر ناوچەی هەڵەبجەو گەلی کوردستانیش بە گشتییدا هات هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو خەڵکە نەیاندەویست هەرگیز سەر بۆ تەوژم و زەختی دوژمنان بەتایبەتی ڕژێم دابنەوێنن، ناوچەی هەڵەبجە لەسەرەتاوە هەوڵی دا بە عەمەلی و فعلی کار بکا بۆ ئەوەی کورد بگاتە مافەکانی خۆی و، هەرگیز ڕێگەی بەوە نەداوە ڕۆژێک لە ڕۆژان قایل ببێت بەو بڕیاری سەپاندنەی کە بەسەر میللەتەکە ئەدرا، هەر جارێک توانیبێتی بەنارەزایی، بەشەڕ، بە هەرا بە هەڵگیرساندنی شۆڕش، بە شیعرو، نیشتمان پەروەری و، بە ئەدەب وئەدەبیات و، بەهەموو بابەتەکانی تر لەسەر مینبەرو مزگەوت و خانەقا پیرۆزەکان، لەهەموو شوێنەکانی تر هەوڵی داوە ڕووبەڕووی کارەساتەکان ببێتەوە.

ئەگەر تەنها لەساڵی (١٩٦٣)ی هێرشی زەعیم سدیقەوە دەست پێ بکەین بۆ سەر شاری هەڵەبجەو ڕووبەڕوونەوەی پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلول لەو سەردەمەدا کە توانیان بە ١٧ شەهید ڕووبەڕووی تانک و دەبابە ببنەوە لە کاتێکدا کە خەڵکی نەیدەوێرا گوێ لە دەنگێکی وا بگرێت، ئەگەر لەو حاڵەتەوەدەست پێبکەین کە لە ساڵی ١٩٨٧ بە هۆی خۆپیشاندانی درێژ خایەنی دوو ڕۆژە لە شاری هەڵەبجە کە سەرانسەری شاری هەڵەبجەی گرتەوە، گەڕەکێکی شاری هەڵەبجە تەخت کرا بە بلدۆزەری ڕژێم و زیاد لە ١٥٠ ماڵ و زیاد لە دەیان کەس کە ژمارەیان لە ٧٠ کەس زیاتر بوو لە ئەشرافی ئەو شارەو لە ئەشرافی ئەو خەڵکە لە پشتی شاری هەڵەبجەوە زیندە بەچاڵ کران لە پێناوی ئەوەی کە بەشدارییان کردبوو بە کردارو هاندان و ڕەفتار بۆ ئەو خۆپیشاندانەی کە تەعبیر بوولە نارەزایی لە هەڵەبجە.

ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە باسی هەڵەبجە کرا یەکێک لە سەرکردە گەورە دەسەڵاتدارەکانی ئەو سەردەمەی ڕژێم وتی ئەگەر ئێمە دەسەڵاتمان هەبووایە و هەمانبایە قونبەلەی زەرەمان ئەدا بە شاری هەڵەبجەدا چونکە یەکەم شار بوو لەکوردستان (بروخێ ڕژێمی) تیادا بەرز بووەوە، لە کاتێکدا کە بەو شێوەیە مێژوو هەموو ئەوانەی کە هەستیارن بابەتەکەیان لەبەر چاو دایە، بۆیە ئەو حاڵەتە

بووه حاڵەتێکی ترس و تۆقاندن بەرامبەر بە رژێم لەڕووی ئیمان و نیشتمانییەوە لەڕووی دینداریییەوە لەڕووی پاکی وئەخلاقەوە ئەو حەوزی شارەزووروهەڵەبجەیە بوونە مەڵبەندێکی راستەقینە بۆ کوردایەتی پاک بۆ کوردایەتی راستەقینە بۆیە حەق وابوو حەق بە دوژمنانمان بدەین کە قینی رقی خۆیان وجامی غەزەبی خۆیان بەسەر ئەو شارەدا برژێنن، زانایان و شاعیران و نیشتمانپەروران دروشمی راستەقینەی خۆیانیان بەو حاڵەتە بەرز ئەکەنەوە کە ئەیان گوت (نەنگە بۆ پیاوێک کەوا لەم خاکی کوردستانە بێت، قەومی خۆی ژێر پێ ببینێ وهەوڵی بۆ بێگانە بێ). ئەم دروشمانەو دەیان وسەدان هەوڵ و تەقلای تر بوونە هەوێنی کوردایەتییەکی پاک و ئیسلامەتیی و دینداریەکی راستەقینە کە موسڵمان بێت بەڵام فرمێسکەکەی بۆ نەتەوەو میللەتەکەی خۆی بێت وبەرگری لە دینەکەت بکەیت ودیفاع لەوڵات و نیشتمانەکەت بکەیت چونکە ئەگەر دیفاع لەوڵات ونیشتمانەکەو کیانەکەی خۆت نەکەیت ناتوانییت دیفاع لەداهاتووی نەتەوە و میللەتەکەی خۆت بکەیت و ناتوانییت دیفاع لە دینەکەی خۆشت بکەیت و ناتوانی دیفاع لە عەقیدەو ئیسلامەتی خۆت بکەیت و ناتوانیش بەئازادی ئەو وەزعە بەچاوی خۆت ببینیت.

شۆڕش یەکێک لەئامانجەکانی ئەخلاق و رەوشتە، کاتێک کە بینیمان لەساڵی ١٩٧٤ رژێم لە ٢٦/٤/١٩٧٤دا شاری هەڵەبجەی بەتەیارەکانی سیخۆ وباجەر بۆردوومان کرد، ئەوەی کە رژێمی عێراق بەو شێوەیە کردی هەموومان لەیادمانە ئەو حاڵەتە ترسناکەیە خەڵکێکی تر ئەمەی لەبیر نەبوو کە لەمە زوڵم تر و تۆقێنەرتر زیاتر خەڵک نەیان ئەزانی شتی تر هەیە ناپاڵم بەرامبەر بەخەڵکی هەڵەبجە بەکارهێندرا ئا لەوحاڵەتە میللەتی هەڵەبجە دەربەدەر بوون ئاوارەبوون چوونە ناو چیاکان و چوونە ناو گوندەکانی دەوروبەریان بەڵام چەند مانگێک خۆمان لەوێ بوین کە گەراینەوە باوەڕتان بێت چونکە ئەخلاقی ئەو خەڵکەیە ئەو کاتە لە شۆڕشی ئەیلوول بە ئەخلاق پەروەردە کرابوو ئەگەر دەنکە شخاتەیەک لە تاقێک لە ژوورێک دانرابێت ئەوا ئەو دەنکە شخاتەیە گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە چونکە ئەو خەڵکە ئیمانی هەبوو رەوشتی هەبوو بەزەیی هەبوو بە مرۆڤ دۆستی وبە شێوەیەکی رێک و پێک پەروەردە ئەکرا، پێشمەرگەیەک ئاشکرایە کە لەسەر رەفتار وڕێبازی مەلا مستەفای بارزانیی پەروەردە بکرێت ئەبێ بەو شێوەیە بێت کە ئەگەر بچوبانە گوندێک رێگەیان نەدەدا نزیکی ناوشارەکە ببنەوە خەڵکی ئەشرافی گوندەکە لێپرسراوی گوندەکە، ئەبوایە داییمەزراندبانایە دوایی بگەڕابانەوە، سوپاس بۆ خوا لەناو کوردی ئێمە لەناوشۆڕشگێرانی کوردی ئیمە ئەوانەی بە ئەساڵەت و رەسەنایەتی خۆیان بیریان ئەکردەوە بەردەوام بوون، بەڵام ئەوانەی کە شۆڕشیان بۆ مەرامی خۆیان بەکار دەهێنا هەم بەناوی هەڵەبجەوە پارەو دۆلارو درهەمیان کۆکردەوە هەم بەناوی هەڵەبجەوە ئەم هەموو پروپاگەندەیان بۆخۆیان دروست کردو خەڵکی هەڵەبجەشیان لەبیر کرد، بەڕاستی هەق وایە ئێمە لە هەموو کاتێکدا بێ دەنگ نەبین و بتوانین مافی هەڵەبجە نەک بەو حاڵەتەی کە دوژمنکاری رژێم لە بیر خەڵکی بەرینەوە ئەمە لەشوێنی خۆی، بەڵام وەکو مامۆستا مەلا هادی باسی کرد ئەو ناڕەحەتییەی کە

بەسەر میللەتی هەڵەبجەدا هات هەمە لایەنە بوو لایەنێکی سەیتەرەکانیان لێ گیرابوون و لایەنێکیان ئەم لاو ئەولای شارەکەی بە لوغم مین ڕێژ کرابوو لایەنێکی تر ئەو خەڵکەی گێژاوی گەردەلوولی ئەو سامە تۆقێنەرە ژەهراوییە بوو کە ئەڕۆیشت و بێ دەنگ ئەبوو کە ئەڕۆیشت وحاڵەتی وای لێ ئەهات بە زیندوویی سەیارەی ئەوانەی کە ئەهاتن لەجیاتی ئەوەی کە خەڵکەکە دەرباز بکەن سەیارەکانیان زۆربەی زۆریان بەداخەوە بەسەر لاشەی زیندووی گێژبووی کیمیاییەوە ئەڕۆیشت و ئەیان کوشتن و شەهیدیان ئەکردن، کە ئەمە من قەناعەتم وایە ئەو تاوانە لەو تاوانە گەورەترە بەقەدەر ئەو تاوانە و بارستایی ئەو تاوانە ئەبێت کە میللەتی هەڵەبجە ڕوو بەڕووی بووەوە، کۆتایی قسەکانم بەوە ئەهێنم کاتی خۆی چەند جارێک نوێنەرانی هەڵەبجە چوونە لای سەرۆک بارزانی، ئەویش زۆر بە دڵسۆزییەوە قسەیەکی کرد لەدڵی هەموو میللەتی هەڵەبجە بەهیوا ماوەتەوە.

فەرمووی من نوێنەری خەڵکی هەڵەبجەم، من نوێنەری شاری هەڵەبجەم، نوێنەری شاری هەڵەبجە، من دڵنیام ئەو لەیادی ناکات، داواکاری ئەو کارەساتە بخرێتە قاڵبێکی عەمەلی و ئیشی بۆ بکرێت ئیمە بەتەماین کیمیا بارانی هەڵەبجە ببێتە ڕۆژی جیهانی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لەجیهاندا، بەتەماین کارەساتی مەرگەساتی هەڵەبجە ببێتە هۆکارێک کە مافی گەلی کورد زیاتر ڕەچاوبکرێت وەکوچۆن بەپێشی خستووە زیاتر لەو بارەیەوە ئیستفادە بکەین کورد بگاتە مافی خۆی ئەی باشە ئێمە کیانمان هەیە سوپاس بۆ خوا دەسەڵاتمان هەیە، توانامان هەیەو، سوپاس بۆ خوا خاوەنی ئیدارەو پەرلەمان وحکومەتی خۆمانین، ئەگەر ئێمە خۆمان وەکو میللەتێکی خاوەن دەسەڵات وەکو جەنابی بارزانی سەرۆکی ئەم تەجروبەیەی کە ئێستا گەلی کورد چاوەنواری خێرو بێری لێ دەکات، ئەگەر چی مومکینە نەکرێت بەرامبەر بە هەڵەبجەو خەڵکی هەڵەبجەو چوار دەورەکەی و ئاوارەکانی کە ئێستا دەربەدەرن لەناو شاری هەولێرو لە چواردەوریا ژیان بەسەر ئەبەن ئەگەر ئەمە بەچاکی نەچن بەدەمیەوە مانای ئەوەیە کە ئەگەر هەلیش هەڵکەوت ناتوانین وەکو پێویست ئەنجامی بدەین با هەوڵێ بدرێ، ئەم وەستانە لەنیو پەرلەمان ئێستا بەڕاستی گیانی زۆر کەسی هەژاندو تەعبیرە لە حەقیقەتێکی ویژدانی لەناوناخی مرۆڤی موسڵمان وکوردی موسڵمان وکوردی ڕێک وپێک ونیشتمانپەروەرا کە بتوانن بەرامبەر بەهەموو ئێش و ئازارو موعاناتی نەتەوەکەیان بەو شێوەیە لەگەڵیاندا بێت، بەژیان و بە کردار، با هەوڵێ بدرێ شاری هەڵەبجە پێویستی بە خزمەتە بەڵام ئەمرۆ خزمەتی ئێمە ئەوەیە کە لە دوورەوە دڵنەواییان بکەین لە نزیکەوە ئەوانەی کەلێرەن و لەگەڵمان دان بە تەنگیانەوە بچین و خزمەتیان بکەین و هەموو ئەو بابەتانەی کە مایەی پێشکەوتنی ئەو شارو ئەو دەڤەرەیە هەوڵی بۆ بدرێ بەتایبەتی دوو جار لەو پەرلەمانە پرۆژە پێشکەش کرا کە شاری هەڵەبجە بڕیاری بۆ بدرێت ببێتە پارێزگا ئەمەش مافێکی سروشتییەو ئەوەش ئەبێتە هۆی ڕاکێشانی باقی خزمەتەکانی تر لە چوار دەوریا، چونکە ئەگەر ئەو بڕیارە درا وە تواناش هەبوو بۆ جێبەجێ کردنی پشت بەخوا لەداهاتوو

ئەگەر ئەمرۆش نەکرێ دوای چوار ساڵی تر بکرێت باوەڕتان هەبێت سارێژی گەلێ لە برینەکانی ناوچەی هەڵەبجەو دەوروبەری ئەکا، ئەگەر لەوێش بن وئێمەش نەتوانین دەستی هاوکاری ئێستایان بۆ درێژ بکەین، خوا یاروهاوکاری هەموو لایەکمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو شەفیقە خان.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا حەسەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ هەڵەبجەی شەهید سونبولی بووکی ئازادی کوردستان، لێرەوە سەرەخۆشی لە خۆم و لە هەموو دانیشتوانی شاری هەڵەبجەی شەهید و، لە هەموو دانیشتوانی کوردستان و، کوردە دەربەدەرەکانمان لە هەندەرەان و، لە هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان لە جیهاندا دەکەم، هەڵەبجەی شەهید بووەتە سونبولی بووکی ئازادی بۆ کوردستان و، جگە لە هەڵەبجە ئێمە چەندەها ناوچەی ترمان هەیە کە کیمیاباران کراون، بۆ دۆڵی بالیسان، بۆ دەڤەری بادینان ،بۆ چەمی ڕێزان بۆ ناوچەی قەرەداغ، بۆ کامیان هاوار کەین و، بۆ کامیان بگرین و، بۆ کامیان فرمێسکی خوێنین برێژین؟، بەلام ئەو کارەساتەی کە لە هەڵەبجە رووی دا، بە چرکەیەک (٥)هەزار مرۆڤ ژیانی لە دەست دا، خوا ژیانی داوەتێ، بەلام مرۆڤی روورەش و خوێن مژ و خیانەتکار لێی وەرگرتەوە، زیاتر لە (٦٠)هەزار کەس بریندار بوون وتاوەکو ئێستاش هەندێکیان برینەکانیان زۆر مەترسیدارن بەیاری خوا چاک دەبنەوە، چونکە ئەوەی کە دوژمن پێی کردون چارەی لە یەزدان زۆر ئاسانە، لێرەوە ئێمە داوا لای رای گشتی جیهانی دەکەین کە رۆژی کارەساتی هەڵەبجە ببێتە رۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغەکردنی بە کار هێنانی هەموو چەکێکی کوشندە و، بۆ داخستنی ئەو کۆمپانیانەی کە بەرهەمیان دەهێنن، تاوەکو ببێت بە مۆرێکی رەش بەناوچەوانیانەوە و، لە قیامەتیشدا خوای مەزن سزایان بدات، لێرەوە داوا دەکەن هەر وەکو بەڕێز کاک سیروان باسی کرد دەزگایەک دابمەزرێت بۆ ئەو منداڵانەی کە بێکەس ماونەتەوە، من قوتابییەک دەناسم لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی بوو، لە هەموو کەسوکارەکەی تەنها (بەهار)یان مابوو، لێرەشەوە ناوی دەهێنم، کە تەنها خۆی مابووەوە، ئەی ئەوە کێ بەخێوی بکات؟، ئەی کێ ئاوڕی لێ باتەوە؟، یا ئەو کەم ئەندامانەی کە ماونەتەوە هەندێکیان کوێرن و دەستوقاچیان نەماوە و، برینەکانیان تا سەر ئێسکیان چووە و، ئێسکەکانیان رەش بووە، ئەی کێ ئاوڕ لەوانە باتەوە؟، لێرەوە داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و، سەرۆکی خۆشەویستمان کاک مەسعود بارزانی کە باوکی میللەتی کوردە و، هەموو کورد چاوی لە رووناکی وشەکانی ئەوە، بە یاری خوا چارەیەک بۆ ئەو داماوانە بدۆزێتەوە و، هەوڵیش بدرێت کە ناوچەی هەڵەبجە کە ئێستا بەراستی شوێنی ژیانی نە مرۆڤ و، نە پەلەوەری تیانەماوە، چونکە سەرچاوەی ئاوەکانی هەمووی بە ژەهری خەردەل پڕ کراوەتەوە، یا چارەسەر بکرێت، یا ئەو شوێنە بکرێت بە مووزەخانەیەک هەروا بمێنێتەوە و، مۆری

رەش بێت بە نێوچەوانی دوژمنان و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە و، شوێنێکی تر بۆ دانیشتوانی هەڵەبجە دابین بکرێت لە شوێنی خۆیانەوە نزیک بێت، تاوەکو تۆزێک برین و کەسەرەکانیان بۆ سارێژکات، چونکە برینەکە زۆر قوڵەو بە ئاسانی سارێژ ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عیزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گومان لەوەدا نییە کەوا کارەساتی هەڵەبجە پەڵەیەکی ڕەشە بەناوچەوانی دوژمنانی گەلی کوردەوە، برینی هەڵەبجەش ئەوەندە قووڵە چەند بڵێین و چەند باسی بکەین هەر تەواو نابێت، پار ساڵ هەر لەم هۆڵە پیرۆزەدا کۆمەڵێک لە ئەندامانی پەرلەمان پێشنیار و قسەی زۆر چاکیان بۆ هەڵەبجە کرد، بەداخەوە تاوەکو ئێستاش ئەو پێشنیارانە هیچی جێبەجێ نەکراون، هەڵەبجە نەک هەر لە ویژدانی ئێمەی کوردا زندووە، بەڵکو لە ویژدانی زۆربەی گەلانی جیهاندایە، ئەوانەی کە مرۆڤ دۆستن هەروەها باس دەکرێت و دەوترێتەوە، پاش ئەوەی کە فلیمی پرۆفیسۆر گۆستن لە زۆربەی وڵاتان پێشاندرا زیاتر مەسەلەی هەڵەبجە زیندوو بووەوە و، زیاتر مەترسی لە پاشماوەی کیمیا بارانی هەڵەبجە کرا، چونکە دووچاری زۆر نەخۆشی دڕندە وترسناک بوونە و، ئاسەوارەکانیشیان دیارە و، لەو فلیمەدا پیشاندراوە، خۆشبەختانە وا خەریکە ڕێکخراوێک دروست دەبێت، ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆست بە هاوکاری نوێنەری حکومەتی هەرێم و، چەند پرۆفیسۆرێکی بەریتانی و چەند پزیشکێکی کورد و، چەند سیمینارێکیش بۆ ئەم بابەتە کرا، نوێنەری کوردستانیش لەو سیمینارانەدا ئامادە بوون و، زۆر شتی چاک باس کرا و، لەسەر ئێمە ئەوەیە کە بەدوای ئەو شتانەدا بچینەوە و، مەڵبەندێک دروست بکرێت بۆ هەڵەبجە و، ئەو زانیاریانەی کە هەمانە لەسەر هەڵەبجە لە ئامار و زانیاری بدرێت بەو ناوەندە و، لە ڕێگای ئەو ناوەندەوە و حکومەتی هەرێمەوە بدرێتە ئەو ڕێکخراوانەی کە بایەخ بە مەسەلەی هەڵەبجە دەدەن، چونکە بەراستی هەڵەبجە دەرگایەکی فراوانە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی دۆزی کورد، ئێمە دەتوانین زۆر سوودی لێ وەرگرین و، لێرە دووبارە پشتگیری پێشنیارەکەی کاک یۆنادم دەکەم، کەوا دەبێت دەزگایەک دابمەزرێت بۆ پاشماوەی کیمیابارانی هەڵەبجە و شوێنەکانی تر وەکو (قەرەداغ )و (بالیسان) و (گۆپتەپە)و(دۆڵی بازێ)و شوێنانی تریش، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە پاشماوەی کیمیابارانی هەڵەبجەن لێتوێژینەوەیان لەسەر بکرێت، چونکە هەتاوەکو دێت لەو ناوچەیەدا نەخۆشی زیاتر پەیدا دەبێت، من لێرەدا هیوادارم کە هەڵەبجە بەوچاوە سەیر نەکرێت کە شەڕی ناوخۆ هەیە بۆیە ئەبێت پشت گوێ بخرێت، هەر کەسێک، یاخود هەر لایەنێک کە دەتوانێت یارمەتی هەڵەبجە بدات، با یارمەتی بدات و، ئێمە دەبێ لەو دەرگایەوە بۆ هەڵەبجە بچین و، دەبێت ئێمە داوای قەرەبووی زەرەروزیانی هەڵەبجە بکەین لەو کۆمپانیانەی کە چەکی کیمیاویان

فرۆشتووه به رژێمی عێراق و، من ئەمە دووەم جارمە کە باسی ئەم مەسەلەیە دەکەم و، مەسەلەیەکی گرنگە و رەواشە، بەڵام ئیشی دەوێت، سەری ڕێزونەوازش بۆ هەموو شەهیدان دادەنوێنم وهیوادارم کە کارەساتی وا قەت لە هیچ شوێنێک دووبارە نەبێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل سندی فەرموو.

**بەڕێزجەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باش دەزانین کەوا رژێمی بەغدا چەند درندەیە، ئومێدەوارم کەوا ئەم رژێمە دادگایی نێودەوڵەتی بکرێ لەسەر ئەو جینۆسایدەی کە کردوویانە، هەروەها یاداشتنامەیەک بدرێتە UN و ڕێکخراوە مرۆییەکان لەسەر ئەم جینۆسایدە، هەروەها لەگەڵیاندا ڕێکەوین بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە لە مێژوودا بەم شێوە درندەیەی دەرهەق بەمیللەتی ئێمە کراوە تۆمار بکرێ، لە کۆتاییدا سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی هەڵەبجەو هەموو شەهیدانی کوردستان دا دەنوێنم و لە سەرووی هەموشیانەوە بارزانی نەمر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحموود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ڕاستی داهەر چەند هەڵەبجە بەردەوامی نەیاری و دوژمنایەتی و خوێن خۆی و بەدبەختی ئێمەیە ،بەڵام بەراستی هەڵەبجە بوبە نیشانەی بزاڤی ئازادی خوازی گەلی کورد و، لێقەوماوی و کۆچ و ڕاونانی میللەتی کورد، چۆن ئێمە وتوومانەو دەیشی لێینەوە وەک چۆن بارزانی نەمر بووە نیشانەی بزاڤی ئازادی خوازی گەلی کورد، هەروەها دەڵێین هەڵەبجەش بووەتە نیشانەی مەینەتی و لێقەوماوی میللەتی کورد و کوردستان، بەراستی هەرچی بڵێین بۆهەڵەبجە هەر کەمە، وتەیەکی بارزانی نەمرهەیە کە لە ساڵی(١٩٦١) لەسەرچیای (قەشەفرێ) سەیری دەشتی (دەڤان) هاتاوەکو (شەنگار)و (رەبیعە)و (زەمار)ی دەکرد وتی: (ئاخ کوردستان ئێمە هیچمان بۆت نەکرد)، برادەرێکیش لێی گەڕایەوەو وتی جەناب ئەگەر توونەت کردبێت ئەی کێ کردوویەتی؟!، وتی (ئێمە نەمان کردووە، گرنگ یەکێکە لەم دووانە: یان پاک میللەتی خۆت ڕزگار کەیت و ئازادکەیت، یان لەبەری بێیتە کوشتنێ) بەراستی هەڵەبجەو خاکی هەڵەبجەو خوێنی هەڵەبجەو میللەتی هەڵەبجەو هەوای هەڵەبجە وەکو بارزانی نەمر دەڵێت:(ئەندامی پارتی کورد پەروەر وەکو مۆمێکە خۆی دەسووتێنێ بۆ ئەوی ڕووناکی بداتە ئەوانی تر) هەڵەبجە بووەتە مۆمی میللەتی کورد، خۆی سووتان بۆ ئەوەی دۆزی میللەتی کورد سەرکەوێت بەسەر فراز و سەرکەوتووی دەبینین، کە ئێستا حکومەت و پەرلەمان و میللەتی کورد بە ئازادی دێن و دەچن، ئەمە بەری ئەو

دارەیە کە بە خوێنی هەڵەبجە و ئەنفال و شەهیدان هاتە بەرهەم، ئێمە دەڵێین ئەو دێوو دڕندانە وەک و خودای مەزن دەفەرموێ (فسیکفیکهم الله) خوداش دەفەرمووێ دوژمنێکیش لەوان دوژمن تر و، خوێن مژێک لەوان خوێن مژ تر تووشیان دەبێت، لێرە دەمەوێت وتەیەکی سەیدا (جگەرخوێن) دیاری کەم (کە لەسەر سێدارە دانی سەرۆک کۆماری کورد پێشەوا قازی مەحمەد دەڵێت:

ئەی (ترومان) کوشتنا قازی مەحمەد کا چییە
ئەی عەدالەتی موسایە یان حوکمی دیموقراتیە
بە کوشتو بە زیندان میللەتی کورد نامرێ
سێ جار گوت شەهید ئافەرین ئافەرین قازی محەمەد.

شاعرێکی عەرەبیشم لە یادە کە دەڵێت:

اذا الشعب یوماً أراد الحیاة ...فلابد أن یستجیب القدر
ولابد للیل أن ینجلي... ولابد للقید ان ینکسر.

من پێشنیارێکم لە کاتی خۆیدا هەبوو، هەر لەپاش سەرهەڵدانە پیرۆزەکەمان کە هاتینەوە بۆ خاکی کوردستان، خۆزگە ئەو هەڵەبجەی کە بەدەستی ئەو دڕندەو خوێن مژو گورگانەی ڕژێمی بەغدا وێران و چۆڵ و کاول کرا، بکرایە بە موزەخانەیەکی سەربازی بۆ ئەوەی لەپێش چاوی هەموو جیهان بێت کەوا دوژمن وای بەسەر هەڵەبجە هێناوە. هەر ئەوکاتیش ئێمە ئەم پێشنیارەمان وەک و یەکێتی زانایانی ئایینی پێشکەش بەرەی کوردستانی و سەرۆک بارزانی کرد، بەڵام بەداخەوە نەهاتە جێبەجێ کردن، ئێستاش من وەک و یەکێتی زانایانی ئایینی وەک و مەلایەک وەک و کوردێک ئەڵێم هەزار هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئێوە بێت ئەی شەهیدانی هەڵەبجە، هەزار هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی ئێوە بێت ئەی شەهیدانی کورد و کوردستان و هەروەها لەسەر قافڵەی شەهیدانیش بارزانی نەمر و، باشترین دیاری منیش لەم کاتەدا بۆ ئەوان ئەوەیە کە سورەتی فاتحا پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە بکەین. و ئینشاالله لە ژێر ڕەحمەتی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەبن کە دەڵێت (ولا تحسبن الذین قتلوا في سبیل الله أمواتاً، بل أحیاء عند ربهم یرزقون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا مەحموود، کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ یادی کارەساتەکەی هەڵەبجەیە، یادی ۱۹۹۹/۳/۱٦، یادی کیمیا بارانی شارێکی بێ تاوانە بە چەکێکی قەدەغە کراو، تەنها تاوانی ئەو شارە خنجیلانەیە ئەوە بوو کە شارێکی کورد بوو، مەڵبەندی ڕۆشنبیری و، شاری ئەدیب و شاعیران بوو وەک و ئەو شاعیرە بەناوبانگانە کە

هەموو شیعرەکانیان بۆ کوردایەتی بوو بۆ خزمەتی گەلەکەیان بوو، وەکو ئەحمەد موختار جاف و شاعیرانی تر، ئەوە بوو لەم رۆژەدا کەیادی ئەکەینەوە حکومەتی مەرکەزی بەشێوەیەکی دڕندانە شاری هەڵەبجەی بۆردومان کرد بە بێ جیاوازی نێوان پیاوو ئافرەت و منداڵ، زیاتر لە پێنج هەزار بێتاوان لە ماوەیەکی کورتدا گیانیان لە دەست دا، تەنها ئەم داواکاریەمان هەیە کە هەڵبجە لە یاد نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کارەساتە دڕندەیەی کە حکومەتی عێراق پێش (١١) ساڵ بەسەر کوردی هێناوە لە هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستانی عێراقدا، هیچ ئایینێکی ئاسمانی قەبوولی ناکات و نەیکردووە و نە هیچ یاسایەک و نە هیچ شەریعەتێک ئەمە قەبووڵ ناکات، کە بووەتە هۆی کوشتنی زیاتر لە (٥)هەزار کەس لە ئافرەت و منداڵ و پیرو لاو، ئەگەر یەکێک بە بێ تاوان یەکێک بکوژێت لە لای یەزدان وایە کەوا هەموو کەسێکی لەسەر ئەم زەمینە کوشتبێت. ئایا ئەوەی کە (٥)هەزار کەسی بێ تاوان بکوژێت ئەبێت سزای ئەوانە چی بێت؟ یەزدانی دلۆڤان کە لە ئایەتێکی پیرۆزدا دەفەرمووێت (من قتل نفساً بغير نفسٍ أو فسادٍ في الأرض فكأنما قتل الناس جميعاً)وە سزای ئەوانە بە یاوەری خودای مەزن دەیداتەوە و تۆڵەی میللەتی کوردیان لێ دەکاتەوە، ئەم کارەساتەی هەڵەبجە دەبێتە پەڵەیەکی رەش لە مێژووی ئەو کەسانەی کە کردوویانە و، پەڵەیەکی رەشی پڕ خوێن و دوژمن داری لە نێوچاوانی ئەوکەسانەی بەم کارەساتە هەستاون، بەڵام کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال و کۆچ رەوی ملیۆنەهای میللەتی کورد پاش ڕاپەڕین، بوونە هۆی ئەوەی کە باسی رەفتاری فاشیانەی دوژمنی میللەتی کورد بگاتە سەکۆی هەموو وڵاتانی جیهان و، خەڵکێک پشتیوانی لە ئێمە بکەن و دۆزەکەمان بێتە پێشەوە. هەموو دەزانن کە میللەتی کورد زۆر لە کیمیاباران ئەنفال وزوڵم وزۆرداری بەهێزترە، لێرەوە سوپاسی خۆمان پێشکەش بەو میللەتانە دەکەین کە پشتیوانی لە میللەتی کورد دەکەن وئومێدی ئەوە دەکەین کە ئەمە ببێتە هۆی ئەوەی کە کیانێکی سەربەخۆ بۆ میللەتی کورد دابمەزرێت و، لە پاشانیشدا پێشنیار دەکەم کەوا بۆ ئەو کەم ئەندام وپەککەوتووانەی هەڵەبجە مووچەیەک وەکو خانەنشینی ببڕدرێتەوە وگرنگی بەباری تەندروستی وکۆمەڵایەتییان بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران هەموویان باسی دڕندەیی و وەحشیەتی ئەم کارەساتەیان کرد جا بۆیە من نامەوێت

قسـەكانيـان دووبارە بكەمـەوە، ئەم كارەسـاتە تەنهـا دژى مـيللەتى كـورد ئەنجام نەدراوە، بەڵكو تاوانێكە دژى مـرۆڤـايەتى ودژى هەمـوو ئەو مـيللەتە ژێر دەسـتـانەيە و، دژى هەژارانى جـيـهـان هاتووەتە تۆمار كردن، ئێستاش لەجيهـاندا لەسەرخۆ ئەم ياسايانە دێنە بەرپاكردن بۆ قەدەغە كردنى ئەم شـێوە تاوانانە، لە ماوەى چەند چركەيەكدا(٥)هەزار مرۆڤ شەهيد كراو(١٠)هەزار بريندار بوون و هەتاوەكـو ئێستـاش كەم ئەندامى ئەم كـارساتە ماون و، چەند كەسـانێـك كـەوا لەرێگاى تارانەوە رەوانەى دەرەوە كـران بۆ چارەسـەر كـردن دەڵێن تـاوەكـو ئێسـتـاش هەر چاك نەبوونەتەوە و، رۆژانـەش لێـيـان شـەهيـد دەبێت وگـيـانيـان لە دەست دەدەن لە ئەنجـامـى ئەو كيميابارانە، بەڕاستى رژێمى عێراق تاوانى هەڵەبجەى تۆمار كرد، لەوانەيە پێشى هەڵەبجەش دژى كورد كـيمـيـاوى بەكـار هێنابێ (لەشێخ وەسان ومـەلەكان وپاشـانيش لە دەڤـەرى بادينان و لەگەلى بازى وبەركـەڤـرا) كـە هەزاران خـەڵـك بوونە قـوربانى ئەم تـاوانە گـەورەيەو، هەڵەبجـەش تاجى سـەرى ئەم هەمـوو تاوانەيە كە رژێمى بەغـدا بە بەرچاوى خـەڵكەوە تۆمـارى كـردووە، چەند خاڵێك هەيە حەزدەكەم پێش چاوى بخەم ئەويش، كاتێك كە ئەم تاوانە جێبەجێ كرا كە لەپێش چاوى ئەوانەى كە خۆيان بەئيسـلام دادەنێن ولەژێر پەردەى ئيسلامدان و،ئايينى ئيسـلامى پاك بەكار دێنن بۆ ئامانجە تاكتيكييە قۆناخيـەكانى خۆيان وفرمێسك بۆ ئێمە دەبارێنن، لە پێش چاوى ئەوان ئەم تـاوانە هاتە تۆمـاركردن و، ئەگـەر هەڵە نەبم لە ٣/١٦دا تاوانەكـە تۆماركـرا ولە ١٩٨٨/٣/١٩كـۆنگرەى رێكخـراوە ئيسـلامـيـيـەكـان لە ئوردن بەسـترا، ئەو وڵاتانەى كـە لەژێر سايەى ئيسـلامـدا خۆيان شـاردووەتەوە وئيسـتـا بۆ ئێـمە فرمێسك دەبارێنن، ئەوكاتە لە خۆيان ڕانەديت فاتيحايەكيش بۆ شەهيدانى هەڵەبجە بخوێنن و، ئێستا فرمێسكى درۆ بۆ ئێمە دەبارێنن وهەوڵ دەدەن كـە بەهچ رێگايەك بێت ئيسـلام بەكـار بێنن بۆ ئەوەى ئەم ئازادييـەى كـە بەخـوێنى شەهيدانى هەڵەبجەو ناوچەكانى تر و شـەهيدانى بزاڤى ئازاديخوازى كوردسـتـان هاتووەتە دى، ژێرخـاكى نێن وئێـمـە بفـرۆشنە خـەڵكێكى تر و، بماندەنە دەسـتى خـەڵكێكى تر، قـەد رۆژێك لە رۆژان دڵيان بەئێمە نەسووتاوەو، جارێكيش بۆ شەهيدانى ئێمە فاتيحەشيان نەخوێندووە.

ئايا ئەوكاتە ئيسلامەتى و وێژدانى ئەوان لەكوێ بوو؟، ئێمە وەكو ميللەتى كورد ديندارين هەر بۆ خـودا و، هەڵـەبجـەش شـايەنمانە كـەوا جـێگايەكى دينداريـيـە، جـێگايەكى پاك و تـەمـيـزە و، جێگايەكى پيـرۆزە، سەرەڕاى ئەوەش ئەو تاوانە لەوێ تۆمـار كـرا، بەلام وێژدان و زەمـيـرى ئەوان هيچ جووڵەيەكى نەكرد و، بەيانێكيشيان دەرنەكرد، وەكو وتم تەنها فاتيحەيەكيشيان نەخوێند، ئەمەش ئەوە دەردەخات كەوا ئاينى ئيسلام بەكار دێنن بۆ چەواشە كردنى خەڵك، تاوەكو ئێمە ئەو ئازادييـەمـان لەدەست بدەين و، هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەى ئەم وەڵاتەمـان كە بە رەنج و خوێنى خۆمـان ئاوەدانمان كردۆتەوە لێمانى بسێنن و، بمان دەن بە دەستى خەڵكێكى بيـانى، دڵى ئەوان نە بەئێمە و نەبە منداڵى ئێمە و، نە بە شەهيدى ئێمە دەسووتێت.

هەروەها لەم بۆنە خەمناكـەدا كە مرۆڤ مـەست دەكات هەروەكو شـاعـير دەڵێت(مـەستێ فنجانا غـەمێ عـاشقێ قـەهوەى تەحل)كە لەم بۆنە خەمناكەدا من جارێكى تر داوا دەكـەم كە پێشنيـارى

خەڵکی لەم سەکۆ پیرۆزەدا بدرکێنین سەبارەت بە ئاشتی، کە پاش ڕێککەوتنی ١٧ی ئەیلوول لەلایەن بەڕێزان (کاک مەسعود بارزانی) و (مام جەلال تاڵەبانی)یەوە مۆر کرا، جارێکی تر ئومێد کەوتەوە دڵی ئێمە کەوا جارێکی تر شەڕ لە کوردستاندا بەرپا نابێتەوە، ئاشتی جارێکی تر دەگەڕێتەوە و، بە برایی و تەبایی لەم پەرلەمانەدا کە نوێنەرایەتی رای خەڵکی کوردستان دەکات کۆ دەبینەو و، خزمەتی ولاتی خۆمان دەکەین و ئاوەدانی دەکەینەوە پاش چەندەها ساڵی وێران کاری و سووتاندن، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ وا تێدەگەین و دەبینین هێدی هێدی ئەو ڕێککەوتنە ئەکەوێتە ژێر بەفر و، بە بۆچوونی ئێمە بە گوێرەی ئەو بەڵگانەی کە لەبەر دەستی ئێمەدایە لایەنەکانی تر هۆکارن، (ی.ن.ک) هۆکارە، چونکە داواکارییەکانی سەرۆک بارزانی چ لێرەو ، چ لە وتارەکەی لە دهۆک و ، چ لە بەلاغی کۆتایی کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزیدا کە جەخت و دووپاتی پشتگیری و لایەنگیری ڕێککەوتننامەی واشنتۆن دەکات و، پارتیش ئامادەیە کەوا خاڵ بە خاڵ ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ بکات و، ئاشتی جارێکی تر بگەڕێتەوە، بەرامبەر ئەم داخوازیانەی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی پارتی و پارتی هەمووی وەفادارو پابەندی داواکارییەکانی خۆیەتی بۆ جێبەجێ کردنی ئاشتی، بەڵام دەبینین لایەنەکەی تر زەمینە خۆش دەکات بۆ ئەوەی نائومێدی بخەنە دڵی ئێمەوە، ئەو وتارانەی کە لە ڕۆژنامەکانی ئەواندا دێنە نووسین، وتاری خێر نین و، جارێکی تر شەڕ و ناخۆشی ئەخەنە دەڤەری ئێمە و، ئەم گێرەشێوێنییە کە ئێستا دەکرێت لێرە دا دەبێتە بەڵگە، دور نییە جارێکی تر زەمینە بۆ شەڕ خۆش بکرێت لە ولاتی ئێمەدا، لەم بۆنە دڵتەزێنەدا تکا لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی دەکەین و بەتایبەتی لە بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی کە لێپرسراویەتی خۆی وەرگرێت و، ئەو کەسانە سەرکوت بکات کەوا هەوڵ دەدەن جارێکی تر زەمینە خۆش بێت بۆ هەڵکردنی ئاگری شەڕ، جارێکی تر ئاشتی لە ولاتی ئێمەدا قاچاخ بێت، لەم ڕۆژە خەمناکەدا کە ڕۆژی تۆمار کردنی تاوان و کارەساتێکی زۆر گەورەیە، دەبێت ئێمە هەموو هاندات بۆ پشتگیری کردنی ئاشتی، ڕێککەوتنی(١٧)ی ئەیلول ڕێککەوتنێکی زۆر مێژوویی و گرنگە ئەگەر لە دەستی ئێمە بچێت، لەوانە نییە کەس لە ئێمە سوود مەند نەبێت، کەس لە ئێمە نییە ببێت بە خاوەن شتێک لە کوردستاندا، نە ئێمە و نە ئەوان و نە کەسێکی تر، جا ئێمە هەموومان ئەو داواکارییەی سەرۆک بارزانی لە ئێوە دەکەین و، داواکارین کە هەمووتان بە هانای داواکارییەکەمانەوە بێن و، دەست لە نێو دەستی یەک نێین و، ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێ بکەین، چونکە ئەمە تاکە ڕێگای دەرباز بوونمانە، ئێمە ناتوانین وەفاداری خۆمان ئاشکرا بکەین بەرامبەر ئەو شەهیدانەی کە خوێنی خۆیان رشتووە و ئێمە لە پێش ڕووناکی ئەوان دانیشتووینە و، نوێنەرایەتی و پشتیوانی میللەتی خۆمان دەکەین، تەنها وەفاداری ئەوەیە کە ئێمە خزمەتکاری ولاتی خۆمان بین و، هەموو خزمەتکاری ئاشتی بین، هەموو خزمەتکار بین کەوا ولاتی خۆمان ئاوەدان کەین پاش چەندەها ساڵی سووتان و وێرانکاری، سەرەرای ئەم هەموو راو پێشنیاری کە ئەندامە بەڕێزەکان پێشکەشیان کرد، منیش چەند پێشنیارێکم هەیە دەمەوێت پێشکەشی کەم هیوادارم بە دڵی ئێوەی بەڕێز بێت.

یەکەم: ئێمە هەموومان هەوڵ بدەین کەوا هەر کۆنگرەیەکی کە لە سەر کیمیابارانی هەڵەبجەو

ناوچەکانی تری کوردستان دەکرێت زیاتر خەڵکی بۆ هان بدەین کەوا خولیای ئەم مەسەلەیە بن، بۆ نموونە پێش کۆتایی هاتنی ساڵی ١٩٩٨ کۆنگرەیەکی ڕێک و پێک وزانستی لە واشنتن کرا هەر سێ راگرێت کۆلیژی پزیشکی لە کوردستاندا (سلێمانی هەولێر و دهۆک) ئامادەبوون بۆ دیراسەتا شوێنەواری (اثاری) کیمایی و، شوێنەوارەکانی پاشان کە لە هەڵەبجە ماون دیراسەتی بکەن، هەروەها ئێستا لە لەندەن بە ئامادەبوونی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە کابینەی سێیەم کۆنگرەیەک کراوە لەوانەیە کۆنگرەی تریش بکرێت. ئێمە وەکو کاربەدەستی ئێرە، وەکو سوڵتە، هاندەدەین کە کۆنگرەی زیاتر بکرێن و ئەنجامەکانی شوێنەواری کیمابارا ن بۆ خەڵکی زیاتر روون بکەینەوە کە چ تاوانێک بەرامبەر بەئێمە کراوە تا ئێستا ژینگە و دارستان و ئاوی ئێمە کاریگەری ئەو ماددە کیمیاییانەیان لەسەر ماوە.

هەروەها پێشنیار دەکەم هەڵەبجە بکەین بە سونبولەک بۆ بەجێهێنان و بەرقەراربوون و فراوان کردنی پرۆسیسا ئاشتی، ئێمە هەمووان دەزانین ئەو تاوانەی لێرە کراوە ئەگەر بێتو ئێمە پشتیوانی ئاشتی نەبین و پشتیوانی رێککەوتنی (١٧)ی ئەیلوول نەبین چارەنووسی ئێمە وا دەبێ خەڵکێک بەسەری ئێمەی دێنێ کەسیش زگی بە ئێمە ناسووتێ، خەڵکەکی بیانی کە سەیتەرەی لەسەر ئێمە کرد دەکەوینە ژێر دەستی بیانی بێ ئەوەی زەرەیەک هەست هەبێ بەرامبەر ئەو فەقیر و هەژارانە و دڵیان پێ بوستێن. هەروەها پێشنیارێکی تر دەکەم هەرچەندە کراشە ئەویش ئەوەیە هەوڵ بدەین ئەو هەژارانەی کە ژیانیان لەدەست داوە یان زەرەریان پێ گەیشتووە بەلای کەمی قەرەبوو بکرێن.

ببورن ئەگەر من درێژەم بە قسەکانم دا، لە کۆتایی دا سەری رێزو حورمەت بۆ ئەو شەهیدانە دادەنەوێنین و بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان و سەروەری هەموو شەهیدان بارزانی نەمر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د. رزگار. کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم، (بشر المؤمنين اللذين اذا أصابتهم مصيبة قالوا إنا لله وإنا اليه راجعون).

من لێرەدا زۆر سوپاستان دەکەم بەناوی خۆم وەک کەسێکی هەڵەبجەیی و خاوەنی دەیان شەهیدی شاری هەڵەبجە، جیاوازی نییە لە نێوان هەموو شەهیدانی کوردستاندا، بەڵام من لێرەدا دیسانەوە زۆر سوپاسی ئەم دامودەزگایە دەکەم بەتایبەتی سەرۆکی پەرلەمان کە هەمیشە گرنگی بە باری هەڵەبجە داوە، هەڵبجە جگە لەو هەموو باسانەی کە لەم بارەیەوە کران بەراستی جۆرە پشتگوێییەک خراوە ئەویش چارەرەشی خۆی بوو چارە رەشی وڵاتەکە بوو، چونکە لە دوای راپەڕین خەڵکی هەڵەبجە زۆر بە هیوا بوون و هیوایەکی گەورەیان بە سەرۆک بارزانی هەبوو، چونکە

هەڵەبجە مەڵبەندی شۆڕشی ئەیلوول بوو کە شۆڕشی ئەیلول بۆ یەکەمجار لە مێژووی کوردستان تەیارەکانی هەلی کۆپتەر هاتن ڕێی هەڵەبجەیان بۆمباران کرد و شەهیدمان لەو ڕۆژەدا هەبوون لە ١٤/٩/١٩٦١پاش ئەوە هەڵەبجە لە (١٩٧٤)دا ڕۆڵێکی دیاری هەبوو (١٣٩) شەهیدی دا، پاش ئەوە لە (١٩٨٧) دیسان هەڵەبجە کۆمەڵێک شەهیدی پێشکەش بە کوردو کوردستان کرد. ئەویش لە پیرو لە گەنج و ئەوانەی کە گیرا بوون، لە پاش ڕاپەڕین بە ساڵێک ئینجا لە چاڵەکانی نزیک سەید سادق دۆزرانەوە بە هەویەکانیانەوە، ئافرەتی وای تیادا بوو تەمەنی لە (٨٥) ساڵ زیاتر بوو.

ئەمانە هەر هەمووی بەهەڵەبجە کرا بەڵام چارەڕەشیەکەی لەوەدا بوو کە بارودۆخێک دروست بوو کە دەستی دڵسۆزترین کەسی هەڵەبجە نەگەیشتە هەڵەبجە، هەوڵی بۆ درا ئاوی بۆ بهێنرێت، هەوڵی بۆ درا ئاوەدان بکرێتەوە، هەوڵی بۆ درا شەقامەکانی قیرڕێژ بکرێت لە ڕاستیدا هەوڵەکانی لە بەراییدا ئەنجامی هەبوو، بەڵام شەڕی برا کوژی، دەستی ڕەشی شەڕ وای لێ کرد هەڵەبجە بەو بەدبەختییە بمێنێتەوە وەک کە ئێستا هەیە. ئەوەی کە لای خەڵکی هەڵەبجە گرنگە بەڕاستی تۆمارکردنی ناوی ئەو قوربانیانەیە کە ئەمە زۆر کارێکی سادەیە، چونکە ئەو قوربانیانە موتەفەریقە شەهید نەکراون ئەبینین لە یەک خێزاندا (٢٧) کەسی تیادایە، تۆ ئەتوانی لەو خێزانە (٢٧) ناو بنووسی خێزانی تر هەیە (٣٠) کەسی تیادایە، یانی تۆ ئەتوانی بە ماوەیەکی کەم ناوی هەمو ئەو کەسانەی کە بوون بە قوربانی جگە لەوانەی کە گۆڕستانیان لە (هەمەدان و بەهەشتی زارا) هەیە تۆماریان بکەیت چونکە کەسوکاریشیان ماون ئەمە ئاواتێک و داواکارییەکی خەڵکی هەڵەبجەیە ئەمانە وەک سەروەرییەک ناویان هەبێ و کوراسێکیان بۆ بکرێ، ئەمەش بەشێکی گرنگە لە مێژووی گەلی کورد.

دووەم: ئەوانەی کە ماون زۆر کەمن، چونکە ئەوەی کە مردووەو ڕۆیشتووە کەسی نەماوە کە وارسی بێت، ئەوەی کە ماوە یان نەخۆشە، یان پەککەوتەیە، یان چاری پێ ناکرێ ژمارەیان زۆر کەمە، ئەگەر ئەوانە ئاورێکیان لێ بدرێتەوە، ئێستا مامەڵەی شەهیدی بۆ ناکرێ، ئەگەر فەرمانبەریش بێت خانەنیش ناکرێت، ئێمە کۆمەڵێک مامۆستامان هەبوو تا ئێستا خانەنیش نەکراون هەیانە یەک کەسی ماوە هەیانە دوو کەسی ماوە هەیانە هیچی نەماوە نەباوک نە دایک نە منداڵ، ئینجا ئەگەر ئاوڕیان لێ نەدرێتەوە خەریکە خەڵکی هەڵەبجەو قوربانی هەڵەبجە سواڵ دەکەن و بەشوێنەکاندا دەگەڕێن، یانی نەگاتە ئەو ڕادەیە، بەڕاستی ئەمە بەنیسبەت هەموو میللەتی کورد پێویستە ئاوڕدانەوەکیان لێ بکرێت بەتایبەتی لەم شوێنە پیرۆزەدا کە پەرلەمانی کوردستانە، نوێنەری میللەتی کوردە، ئەبێ لێرەدا ئەوە بکرێت، دوای ئەوە ئێمە ئەمساڵ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ جەنابی سەرۆک وەکو خەڵکی هەڵەبجە بەڕاستی ئێمە کەدیمان زامەکانمان سارێژ بوو، چونکە بەڕاستی وەفای سەرۆک بارزانی بۆ خەڵکی هەڵەبجە وەفایەکی یەکجار زۆرە ئەو بە ئێمەی وت «من نوێنەری هەڵەبجەم»، لەڕاستیدا نوێنەری هەڵەبجەیە و ئێمە قوبوڵمانە

ببێ بە نوێنەری هەڵەبجە و زیاتریش، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بارودۆخەی ئێستا وای کردووە کە هیچی بۆ نەکرێت من لێرە چەند داواکارییەکی خەڵکی هەڵەبجەم پێیە بۆ خەڵکی کوردستان:

**یەکەم:** ئاوڕدانەوە لەو نەخۆش و قوربانیانەی کە ماون و مناڵن و ناتوانن خۆیان بەخێو بکەن.

**دووەم:** تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون بە قوربانی.

**سێیەم:** زۆر جار داوا کراوەو لە شەخسی جەنابی سەرۆکیش داوامان کردووە هەڵەبجە وەک ناوێکی رەمزی بکرێت بە پارێزگا بۆ ئەوەی بتوانێ حەرەکەتی پێ بکرێت ئەویش وای بە ئێمە گوت هەتا بە شەخسی منی گوت ئێوە لە پەرلەمان ئەو بڕیارە بدەن.

هەوڵدرا بنکەیەکی (مرکز)ی رۆشنبیری دامەزرا بۆ هەڵەبجە سوپاس بۆ خوا ئەوە ماوەیەکی کەمە لە گورج و گۆڵی دایە و یەکەم گۆڤاری بەناوی هەڵەبجەوە دەرچووە ئومێدەوارین ئەو گۆڤارەو دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە هەوڵێک بدەن بە وجبات ناوی ئەو قوربانیانە لە گۆڤارەکەیاندا بنووسن بۆ ئەوەی وردە وردە بتوانین کۆی بکەینەوە.

هەروەها هەموو کاتێک گەورەو بچوکی هەڵەبجە رێزێکی تایبەتیان هەبووە بۆ ئەم دەزگایە واتا بۆ پەرلەمان، چونکە ئەوەی کە باس کرا بێت لێرەدا باس کراوە زۆر شتی تریش هەبووە کەگەیشتۆتە شوێنەکانی تر وەستاوە. سەرۆک بارزانیش بێ گومان ئاوڕدانەوەی چاکی هەبووە سەبارەت بەهەڵەبجەوە هیوای ئێمە و ئومێدی خەڵکی هەڵەبجە تەنیا بە سەرۆک بارزانییە، ئومێدەوارین ئەو داوایانەی کە کردوومانە داوای خەڵکی هەڵەبجەیە لە داهاتوودا جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی بەلای کەمی برینەکانیان سارێژ ببێت، چونکە ئا ئێستا هی وایان تیادایە یەک ئافرەتیان ماوە، ئەو ئافرەتەش نە جێگای هەیە نە رێگای، هەیە زۆر لە برادەرانم لەم هۆڵەدا هەندێ پێشنیاریان کرد ئەو پێشنیارە پێشنیاری ئیسراحەتە، هەڵەبجە ناکرێ بە شاری مۆزەخانە، چونکە سەد هەزار کەس خانوویان نییە چوونەتەوە خانووەکانی خۆیان وەڵلا و بیلا من ئێستا ئیشم نەبێ لێرە یەکسەر دەچمەوە ناو هەڵەبجە ئەگەر کیمایی تیادا بێت ئەگەر خەردەلی تیادابێت دەچمەوە هەمان جێگە ئەگەر بشمرم دەسەڵاتم چییە بۆ کوێ بچم؟، ئەو کابرایەی کە لەوێ بەد بەخت بووە جێ و رێی نەماوە خانووەکەی لەوێیە ئەی چۆن بچێ بۆ ئەوێ ئەگەر شوێنەکەی بکرێ بە مۆزەخانە ئەی نابێ شوێنێکی هەبێ تیایدا دابنیشێت؟، یاخود بابەتی دیراسەت کردنێکی زانستی لەسەر ئەو نەخۆشیانە بکرێ تۆ وەرە ئاوڕ بدەوە لە نەخۆشەکان لە بریندارەکان، ئینجا لە کۆتایی قسەکەمدا چونکە برادەران هەموو بابەتەکەیان باس کرد دیسانەوە سەری رێزو نەوازش دائەنەوێنم بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان و شەهیدانی هەڵەبجەی بریندارو شەهید، لەسەروی هەموویانەوە سەرۆک بارزانی و کاکە ئیدرسی هەمیشە زیندوو، ئومێدی هەڵەبجە بەم دەزگا شەرعییە گەورەیەیە بە سەرۆک بارزانی یە، ئومێدی ئەوەشمان هەیە دیسان هەڵەبجە ببێت بەو مەرکەزە گەورە رۆشنبیرییەی کە کاتی خۆی هەی بووە کە دەیان شاعیری کوردی پێگەیاندووە کە ئێستا جێی ئیعتزازی ئێمەنە وەکو (ئەحمەد موختار جاف و مامۆستا گۆران و نالی و ئەوانەی کە لەوێ هەڵکەوتوون) ببێتەوە هەمان مەرکەزو رۆڵی خۆی ببینێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک عەفان، د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان دانەری ئەرزو راگری ئاسمان.

سوپاس بۆ ئەو یەزدانەی کە ئێمەی کوردی لە لەناوچوون پاراست و زۆربەی خاکەکەی باب و باپیرانی ئێمەشی خستۆتەوە ژێر دەسەلاتی خۆمان وەکو کورد، بەڕێزان ئەمڕۆ یادی هەڵەبجەیە یادی دووبارە بوونەوەی هیرۆشیمای کوردستانە، یادی ئەو هەموو کارەسات و رووداوە دڵتەزێنانەیە کە سەدان ساڵە لە کوردستاندا روو دەدەن، کارەساتەکەی ساڵی (١٩٨٨) یەکەم کارەسات نەبووە لە شاری هەڵەبجەی خۆڕاگر، لەوەتەی نەوەکانی عەفلەق هاتوونەتە سەر حوکم ئەمە چەندین جارە هەڵەبجە شەهید دەکرێت، بەلام بە تەئکید کارەساتەکەی (١٩٨٨) سەبارەت بەهەڵەبجەو سەبارەت بە کوردەوە کارەساتێکی گەورەو دڵتەزێن و وەرچەرخانێکی تایبەت بوو لە مێژووی کوردەواریدا، بەلام بەداخەوە وەکو شاعیری عەرەب دەڵێ: «قتل أمرئ في غابة جريمة لا تغتفر، وقتل شعب آمن مسألة فيها نظر».

وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش باسی کرد بەداخەوە کەس لەو رۆژانەدا بەدەنگ ئێمەوە نەهات، نە رۆژهەلات و نە رۆژئاوا، نە ولاتانی عەرەب، نە ولاتانی دراوسێ، نە هێزە ئیسلامییەکان کە خۆیان بە هەڵگرانی ئایینی پیرۆز، یان رێبوارانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەزانن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەبجە سەبارەت کورد سەرەتای مێژوویەکی نوێ بوو هەرچەندە وەکو پێویست نەبوو، بەلام لەو کاتەدا هێزەکوردستانییەکان تا رادەیەک توانیان بە خۆیان دابچەنەوە بەرەی کوردستانی لە ئەنجامی کارەساتی هەڵەبجە لە دایک بوو هەرچەندە پێشتریش هەنگاوی بۆ هاوێژرابوو، بەلام بەرەی کوردستانی بەرهەمی مەرگەساتی هەڵەبجەیە، هەڵەبجە سەدان هەزار شەهیدی تری خستەوە یادی ئێمە، هەڵەبجە زامەکانی تری کە لە جەستەی کوردەواری دا بوو هێنایەوە یاد، یادی قەلادزەی شەهید، یادی کارەساتەکانی زێوە، یادی گەلی بازێ، هەشت هەزار بارزانی، کارەساتەکانی تری (حەرەس قەومییەکان)کە لە ساڵی (١٩٦٣)ەوە دەستیان پێ کرد بۆ کاول کردنی کوردستان هەمووی لە پێناوی چیدا بوو؟ (١٨٢) هەزار ئەنفال لە گەرمیان و ناوچەکانی تری کوردستان هەمووی بۆ ئەوە کران، چونکە ئێمە وەکو کورد دەمانەوێ وەکو گشت مرۆڤ و میللەتانی سەر ئەم زەوییە ئازادو سەربەخۆ بژین و خاوەن دەسەلات و قەوارەو کیانی خۆمان بین. رژێمی بەغداو نۆکەرانی هەر بیانوویەک ببیننەوە هەر پاساوێک بدەنەوە بۆ کارەساتی هەڵەبجە بۆ هێرشەکەیان بۆ سەر هەڵەبجە دادیان نادات، ئەوانە تەنها خۆیان شەرمەزار دەکەن و پاساو دانەوەش بۆ ئەوە تەنها وەبیرخستنەوەی ئەو شەرمەزارییەیە بۆ خۆیان ئەمە نیشانەی بودەڵەیی و فاشیەت و نازیەت و رەگەز پەرستی ئەو

رژێمە ئەخاتەروو کە بە چەکی قەدەغە کراو دژی هاولاتیانی بێ دەسەلات بەکاری دەهێنێ، کێ هاتە وەلام؟ تەنها خۆمان بە فریای خۆمان کەوتین ئەویش بەداخەوە لەو سەردەمەدا وەکو پێویست نەبوو بەلام بە تەئکید راپەڕینەکەی (١٩٩١) ئەمە رەنگدانەوەی ئەو هەموو کارەساتە بوو، ئەمە ئەو دەمە بوو کە زامەکان قوڵتر بوونەوە میللەت چیتر نەیتوانی بە شێوەیەکی تر لە ژێر چەکمەی ئەو فاشییەتەدا بژێت، بۆیە جەماوەری کوردستان پێش هەموو کەسێک راپەڕی و ئەوجا پێشمەرگە نەبەزەکانی پارتی و لایەنەکانی تری کوردستان بە هانایانەوە هاتن و پشتیگرییان لەو راپەڕینە کرد. هەڵبەت ئاکامی راپەڕینەکەشمان دێتە یاد و، چۆن پاش ئەوەی کە گەیشتە ئەنجام یان بەرەو پیری ئێمەوە هاتن. کێشەکان زۆرن ئەگەر مرۆڤ باسیان بکات و، هەڤالان برایان ئەندامانی پەرلەمان زۆر باسی کێشەیان کرد و چەندین پرۆژەی باشیشیان پێشکەش کرد، من پشتگیری ئەو پرۆژانەی ئەوان دەکەم، بەلام دەبێ ئێمە لەسەر دوو سێ خاڵی زۆر گرینگ سوور بین:

١ـ ئێمە داوا لەو ولاتانە بکەین کە ئەیانەوێ بەدیل بۆ ئەم فاشیانە بدۆزنەوە پەلە بکەن لە پەیدا کردنی ئەو بەدیلە هەتا کەی ئێمە چاوەڕێی ئەوە بین کاتێک بەرژەوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ بەدیلەکەدا بگونجێت ئەوجا شتێکمان بۆ دروست بکەن، ئەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە بەرژەوەندییەکانی میللەتی کوردو، بەرژەوەندییەکانی میللەتانی عێراق لەوە زۆر زۆر گەورەترە و، چاوەڕوانی زیاتر ناکرێت ئەگەر وانەبێت کارەساتەکە زیاتر دەبێت.

ئەبێ ئێمە دیسانەوە لە خۆمانەوە لەناو حکومەت و دامودەزگاکانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین ئەو پاکسازییەی جەنابی سەرۆک بارزانی لەم هۆڵە پیرۆزەدا باسی کرد بانگەشەی بۆ کرد، ئەبێ چیتر نەهێڵین درێژە بکێشێ، چونکە لەناو ئەو کەسانەی کە ئێستا لەناو دەزگاکانی هەر چوار پارێزگای کوردستان دا هەن کەسانێک هەن کە نۆکەری ئەو رژێمە بوونە هاندەری بوونە و، جێبەجێکەری ئەو بەرنامەیە بوونە لە (رفیق حزبی، نصیر متقدم، نصیر،) ئینجا بگرە مستشارو ئامر فەوج و ... هەتا دەگاتە ئەوانەی ئەمن و ئیستخبارات و دەوریان هەبووە. حەقی وایە ئێمە ئەوەمان لە بیر نەچێ چونکە زۆربەی ئەوانە هەرگیز نابنە دڵسۆزی کێشە رەواکەی گەلی کورد زۆربەی ئەوانەی خزمەتی بەعسیان کردبێ ئێستاش بۆ سوودی خۆیان خزمەتی ئەم دامودەزگایە دەکەن نەک خزمەتی کورد چونکە لە رۆژێکی ئاوا ناسکدا ئەوەیان کردبێ هەرگیز باوەڕ ناکەم خێریان بۆ کورد هەبێ، بۆیە پاکسازی دەبێ بکرێ.

بەڕێزان باسی هەڵەبجە زۆر کرا و چی بکرێ بۆ هەڵەبجە، هەرچەندە بە داخەوە هەڵەبجە ئێستا لە ژێر دەسەلاتی کابینەی سێیەمدا نییە، بەلام من بە پێویستییەکی مێژووی دەزانم کابینەی سێ بوودجەیەکی تایبەتی تەرخان بکات «راستە کارەسات لە شارەکانی تریش بووە»، بەلام هەڵەبجە تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە بۆیە بوودجەیەکی تایبەتی دابنرێت بۆ کێشەو کارەسات و ئاوەدان کردنەوەی هەڵەبجە کێ جێبەجێ دەکات ئەتوانن ئەو دەمە بڕیار بدرێت یان هیچ نەبێت کە ئێمە

بانگێشەمان کرد، بوودجەکەمان تەرخان کرد، ناردمان ئەوانەی لەوێن ناچار دەبن ئەو بوودجەیە بۆ ئەو مەبەستە جێبەجێ بکەن ئەگەر نەیان کرد ئەوان خۆیان بەرپرسیارن بەرامبەر بە مێژوو و بەرامبەر بە میللەتی کورد، ئەبێ لێرە شتێک بکرێت کە کابینەی سێ هەوڵ بدات بۆ ئەو مەسەلەیە.

من دیسان ئەو پێشنیارانەی برایان کردیان بە پێشنیاری باشیان دەزانم وپشتگیریان لێ دەکەم، بەتایبەتی ئەوانەی پار کە بەداخەوە تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراون، بە تەئکید ئێمە چی بڵێین بۆ نەهێشتنی ئەم کارەسات و لەناوبردنەی کەوا هەیە تەنها ئەو دەمە ئێمە رزگارمان دەبێت لەو گیروگرفتانە بە نەهێشتنەوەی یان بە لەناوبردنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا، ئەویش بەدابین کردنی هەموو مافە رەواکانی کوردە، کە ئێمەش وەکو میللەتانی سەر ئەم زەوییە ئازادو سەربەخۆ بین و کیانی سەربەخۆمان هەبێ و قەوارەی سەربەخۆمان هەبێ، جارێکی تر زۆر سوپاستان دەکەم و، لە کۆتاییدا هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانی هەڵەبجەو هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان و سەروەریان بارزانی نەمر و شەهیدی هەمیشە زیندوو کاکە ئیدریسی جوانە مەرگ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د. ناسح، مامۆستا مەلا محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کارەساتی گەورەتر لە کارەساتی هەڵەبجە لە شەهید بوونی کورد لە کوردستاندا نەبووە کە پەرلەمانی کوردستان ئەم رۆژەی داناوە بەوە کە یادی شەهید و یادی شەهیدان و رۆژی شەهید بێت. دەربارەی بابەتی هەڵەبجە پێموایە شتێک نەما برادەران باسی نەکەن، تەنیا ئەوە ماوە لێرە ئێمە ئەوە بڵێین کە خوای گەورە دەفەرموێت «لا تحسبن الله غافلا عن ما يعمل الظالمون» ئەوەی کە زاڵم کردوویەتی خوا ئینشائەڵڵا غافڵ نییە لێی، ئەوەی کە زاڵمە ریسوا دەبێ. هەڵەبجەش دەروازەیەکی گەورە بوو بۆ ئەوەی کەوا کورد ئەم وەزعەی خۆی پێ جێگیر بکات، ئومێدەوارم ئەم حاڵەتە بۆ کورد بچەسپێت و، ئاشتی سەرتاسەری رێکوپێکی شەرەف مەندانەش ببێت بۆ ئەوەی کەوا پەرلەمانی کوردستان و، حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت هەندێک لەم داخوازییانە ، هەندێک لەو پێشنیارانەی کەوا برادەران کردیان پێشکەش بە هەڵەبجە بکرێت خواش ئەفەرموێت: «أفضل الهدايا من الأحياء للأموات الدعاء والإستغفار» ، ئێمە دوعا و ئیستغفاریشیان بۆ دەکەین بۆ ئەوانەی کەوا رۆیشتوون و بوونەتە شەهید و قوربانی بۆ هەموو شەهیدانی کوردو کوردستان لەسەرووی هەموویانەوە بارزانی نەمرو کاکە ئیدریسی جوانە مەرگ و هەموو شەهیدانی هەڵەبجە، ئومێدیش دەکەین ئینشائەڵڵا ئەو پێشنیارانە بێنە دی کەوا گفتوگۆی زۆر یان لەسەر کرا، ئەگەر تەنیا باسی بکەین ئەم رووداوە واقعێک و رووداوێکی زۆر تاڵ بوو، بەڵام ئەوەندەش بەس نییە کە مرۆڤ لێرەدا باسی بکات یاخود پێنج دەقیقە راوەستێت بۆ یادکردنەوەی، بەڵام وەفایەکە بۆ ئەم شەهیدانە ئومێد دەکەین خوا ئەوانی بە بەهەشتی بەرین شاد کردبێت پاشماوەکانیشیان لە حکومەتی هەریم و پەرلەمانی کوردستان لە یاد

نەچێت لە کاتێکدا کە دەرفەتێک ببێت ئینشائەڵڵا ئەم پێشنیارانە ئەگەر دەیەکیشی جێبەجێ بکرێت ئێمە لەگەڵ ڕێزو ئیحترامدا پشتگیری هەموو برادەران دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزینە داوای بەخشین دەکەم ئەگەر زارم باش نەیەتە گۆ کارەساتەکە زمان سرکەرە، هەناسە سوار دەست لەرزۆک بیرۆکەکان کەنەفت شەکەت دۆش داماون لەبەردەم گەورەیی کارەساتەکە، ئەوەندە دەڵێم شەوی (١٥/١٦ـ ٣)ی شارێک هەبوو هەڵەبجەی ناو بوو ئەو شارە بێشکەیەکی دڵنیایی نێوان شینروێ و باڵانبۆ هێشتا وەکو شنەی مۆردانە نەسرەوت بوو ئای ئای هەڵکشانی چریکەی دەنگ زوڵاڵان لە باخی میرەوە لە زایەڵەیەی کێش بەردانە دەزرنگایەوە هێشتاوەکو هۆرەی جافیلەکانی ئاشقانەوە بەدەم باوە ئەهاتوو ئەچوو شاری رائەژان لەپیر محەمەی یارانەوە سۆزی دڵ فێنک کەرەوە دڵی ئارەزوومەندانی دڵ فێنک بوونەوەی فێنک دەکردەوە، لەو دەمەدا شارێک هەبوو خەڵکی راکشاوو سەر لەسەر سەرینی خۆزگەو خەون و ئاواتی گوڵ رەنگی گەورە بوو، لەو دەمەدا دایک و رۆڵەو، کۆرپە، باوک، کەسوکار، دلبەرو دڵبراو، شارێک هەمووی لە بۆتەی ئەشق و خولیایەکا بوو رۆژ بوویەوەو رۆژ گۆڕاو رۆژژمێر نووسی (٣/١٦)یەو یارانی ئەمبەرو ئەوبەری شینروێ و باڵانبۆ دوو گۆڕی ترسناکی شارێکی خامۆش بوون، مەرگ ئاسمانی تەنی بوو، تاریکی بوو، وەیشوومە بوو، لەو دەمانە بوو کە خەیاڵی داستانەکانیش بە بیریانا نەهاتبوو، لەو دەمە بوو مەرگی کۆی یاران بوو هەمووان دەست لە ملانی مەرگێکی گەورە بوون، لەو دەمەدا بوو دۆزەخێکی دروست کرد، ئەو دۆزەخە ئاگرێکی جۆشان بۆ قین و تۆڵەیەکی پیرۆز هەتا هەتایە ئەمێنێ و هەرچەندە بکرێ و بکۆشێ ناسرێتەوەو لەیاد ناچێ هەر چۆن ناتوانرێت چیاکانی کوردستان بسرێتەوە، هەر چۆن بەهەموو هێزی دونیا ناتوانرێ بارزانی و خۆشەویستی بارزانی لە دڵی کورد بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەحمەد سالار، لێرەدا ئەوانەی ویستیان لەم دانیشتنەدا قسە بکەن تەواو بوو، دانیشتنەکەشمان لە کۆتاییدایە جارێکی تر سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین بۆ ئەو هەستە، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەین کە پێشنیاریان کرد و، پێشنیارەکان تۆمار کراون دوایی یەکیان دەخەین و، وەکو راسپاردەیەک دەینێرین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیراسەت کردنی و هەر چۆن پارساڵ پێشنیارەکانمان نارد بۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن بە گوێرەی توانا و بارودۆخ ئەوەی پێویست بێت بکرێت بۆ شاری هەڵەبجەو بۆ خەڵکی هەڵەبجەو بۆ لێقەوماوانی هەڵەبجە.

جارێکی تر سوپاستان دەکەین و داواکارین لە یەزدانی گەورە میللەتەکەمان لە هەموو ناخۆشیەک بپارێزێت و، دوورمان خاتەوە لە هەموو جۆرە کارەساتێک و، کارەساتی هەڵەبجە دوا کارەساتی میللەتەکەمان بێت و، میللەتەکەمان بەرە بەرە، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو هەموو مافەرەواکانی بڕوات و بگات بە ئاواتی خۆی و، ئەم کیانەمان پارێزراو و، سەقامگیر بێت و ریزەکانمان پتەوتر بێت ئاشتیش باڵی خۆی بەسەرماندا رابکێشێت، چونکە تەنها ئەو رێگایە دەمانگەیەنێت بە ئامانجەکانمان، رێگای

تر دوورمان دەخاتەوەو كۆسپمان زیاتر بۆ دروست دەكات، كارەساتی زیاتری لێ چاوەڕوان دەكرێ و، دوژمنانی ئێمەش دەست كراوەتر دەكات بۆ ئەوەی دەست بخەنە كێشەكەمان و، زیاتر دوورمانخەنەوە لە ئامانجە پیرۆزەكەمان، دیسان جارێكی تر تەئكید دەكەینەوەو ئێوەی بەڕێزیش تەئكیدتان كردەوە، مێژووش دووپاتی كردەوە كە یەک دەستی و یەكبوونمان مایەی هێزە، یەک دەستی و یەكبوونمان سەركەوتنە و هەر كاتێک ئێمەی كورد یەكبووە یەكگرتوو بووین دەستكەوتی باشمان هێناوە و، لە شكستیشدا ئەگەر تووشی ناخۆشی بووین كە یەكمان گرتووە زاڵ بووین بەسەر شكەستەكەداو، ئەو شكەستەمان كردووە بە سەركەوتنێک، ئەوەی باوەڕیش ناكات سەردەمی ساڵی(٨٨)و ئەنفالەكان و كارەساتی هەڵەبجەو كۆڕەوە ملیۆنییەكەی ساڵی (١٩٩١) كە یەكێک بوو لەو ساتە ترسناكانەی كە میللەتەكەمانی بەرەو كارەساتێكی یەكجار گەورە برد، بەڵام كە یەک ریزو یەک دەست بووین ئەوەمان قۆزتەوە و بە خەباتێكی دورو درێژ توانیمان ئەمڕۆی كوردستان بۆ خۆمان دابین بكەین و خەڵكیش راكێشین بۆ لای خۆمان و، هەرچی نیازو رازی ئەوانەی كە ئەمڕۆ پشتگیری و كۆمەک و هاوكاریمان دەكەن پێش هەموو شت ئەگەڕێتەوە بۆ رەوایی كێشەكەمان بۆ ئەو غەدرە مێژووییەی كە لێمان كراوە و لێمان دەكرێت و دەگەڕێتەوە بۆ بەرخودانی خۆمان و، دەگەڕێتەوە بۆ نەفەس درێژی و خەبات و تێكۆشانی خۆمان و یەكبوونی ریزەكانمان با یادەوەری یانزە ساڵەی هەڵەبجە ببێت بە هاندەرێكمان بۆ ئەوەی هەموو لایەكمان ئیشوكاری خۆمان وەكو پێویست ئەنجام بدەین بە ئومێدی ئەوەی میللەتەكان بگات بە ئاقاری ئاشتی و برایەتی و هاوكاری و گەیشتن بە هەموو مافە رەواكانی خۆی، جارێكی تریش سوپاستان دەكەین.

دوێنێ باسمان كرد كە پێویستە باسی لیژنەكان بكەین ئەگەر ئامادەن سبەی سەعات ( ١٠ ) خۆتان ئامادە بكەن دەیكەینە دوو دانیشتن پێش نیوەڕۆ و پاش نیوەڕۆ بەردەوام دەبین تا تەواوی دەكەین، ئینجا ئەگەر بۆ شەویش بوو مانع نییە، ئەگەر ئێوە مانعتان نەبێت، لەبەرئەوەی پێنج شەممە سمنیاریشمان هەیە سبەی سەعات ( ١٠ ) كۆدەبینەوە، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سكرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆكی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

**پێشنیارەکانی ئەندامانی ئەنجوومەن لە دانیشتنی رۆژی ۱۹۹۹/۳/۱٦ دا کە بەبۆنەی یانزدەمین ساڵیادی بۆردومانە کۆکوژییەکەی شاری هەڵەبجەوە سازدرا**

١ـ هەوڵ بدرێت رۆژی( ٣/١٦) لە هەموو ساڵێکدا بکرێت بە رۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغە کردنی چەکی کۆکوژی.

٢ـ پێشنیار بکرێ کە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی تایبەتی دابنێ بۆ بوژاندنەوە و هەڵساندنەوەی شاری هەڵەبجەی شەهید.

٣ـ ناوەندێکی تۆژینەوە و دیراسات بۆ کارەساتی هەڵەبجە بکرێتەوە، ناوی شەهیدەکان و بریندار و لێقەوماوان تۆمار بکرێن و تۆژینەوەی زانستی دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی لە سەر خەڵکی دەڤەرەکە و دەوروبەری و تەنانەت لەسەر نەوەکانی داهاتووش بکرێت.

٤ـ کەس و کاری شەهید و لێقەوماوەکانی هەڵەبجە دەست نیشان بکرێن و دەست گرۆیی و هاوکاری بکرێن.

٥ـ دەزگایەکی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی کردن و بەخێو کردنی منداڵی شەهیدان و بریندار و پەککەوتەکانی کارەساتی هەڵەبجە دابمەزرێت.

٦ـ دروست کردنی مۆزەخانەیەکی تایبەت بە کارەساتی هەڵەبجە.

٧ـ راستەوخۆ داوا لە UN بکرێت لەو بڕیارەیەی کە بۆ قەرە بو کردنەوە تەرخان کراوە، بە شێوەیەکی تایبەتی قەرەبوی ئەو خەڵکە لێقەوماوەی هەڵەبجە بکرێتەوە.

٨ـ هەوڵ بدرێ ئەوانەی لە کارەساتەکەی هەڵەبجە دا دەستیان هەبووە دادگایی بکرێن.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)

چوارشەمە ڕێکەوتی ١٧/٣/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٢)

## چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/١٧

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی١٩٩٩/٣/١٧ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(دوو)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٢)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠)دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٣/١٧ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ گفتوگۆکردن لەسەر ئیش و کاری لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانی عێراق.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکەین، دانیشتنی ژمارە(٢)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەمی پەرلەمان لە ١٩٩٩/٣/١٧ دەکەینەوە. وەکو دیارمان کرد بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان گفتوگۆ کردنە لەسەر ئیش وکارەکانی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان، پێش وەخت باسێکمان لەسەر ئەم بابەتە کردبوو وتمان دانیشتنێکی تایبەتی بۆ دەکەین بۆ ئەوەی لیژنەکان چی تێبینیان هەبێ باس بکرێت ولیژنە بەلیژنە پێیدا دێین بابزانین خولی پێشوو چی کراوە وچی نەکراوە دوای ئەوەی کە تەواو بووین وەکو هەموو خولێک جارێکی تریش چاوێک بە هەیکەلیەت وترتیبیەی لیژنەکان دادەخشێنینەوە و لەلایەن سەرۆکایەتییەوە لە دانیشتنێکی ئایندەدا پێشکەشی ئێوە دەکرێ، بەڵام پێش ئەوەی بچینە سەر خاڵی بەرنامەی کارمان، دوێنی موناقەشەیەکی باش کراو، کۆمەڵێک پێشنیاری لێ دەرکەوت، وا پێک هاتین ئەو پێشنیارانە وەکو پێشنیار یاخود وەکو ڕاسپاردە کۆبکرێنەوەو بنێردرێ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تا بزانین لەو بوارەی کە هەیانە، لەو وەزعەی کە هەیە، لەو بارودۆخەی کە هەیە، چەند ئەتوانن ئەو پێشنیارانە جێ بەجێ بکەن، پێشنیارەکان گەڵاڵە کراون بەخێرایی ئەیانخوێنمەوە بۆ ئەوەی نەوەک دنیایە خاڵێکمان لەبیر چوو بێت، پاشان بەنووسراوێک وەکو یادداشتنامەیەک وپێشنیارێک ئەینێرین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، وێنەشی ئەدەین بەهەموو

لیژنەکانی پەرلەمان، لەنێوان ئەو پێشنیارانەی کە هاتبوون، خاڵێک هەبو هەموو لایێک لەسەری کۆک بوون کە هەوڵ بدرێ (٣/١٦) بکرێت بەرۆژێکی جیهانی بۆ قەدەغە کردنی چەکی کۆکوژ، پێشنیاری دووەم ئەوە بوو کە هەوڵ بدرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەک و پلانێکی تایبەتی بۆ شاری هەڵەبجە دەست نیشان بکات و تەرتیب بکرێ بۆ ئەوەی لە نێوان ئەو پلانە لە هەلومەرجی رەخساودا بتوانرێ لەهەموو روویەکەوە کۆمەک بەو شارە بکرێ. پێشنیاری سێ هەم ئەوە بوو کە هەوڵ بدرێ ناوەندێک دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم ناوەندە هەم بۆ تۆژینەوە بێت وهەم بۆ دیراسات هەندێ برادەران زیاتر وتیان بیێت بەناوەندییێک بۆ بەدواداچوونی ئەو خەڵکەی کە تووشی ئەو کارەساتە بووینە چ لەرووی تەندروستییەوە، چ لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، چ لەرووەکانی ترەوە.

خاڵێکی تر لەو پێشنیارانە ئەوە بوو کە هەوڵ بدرێت ناوی شەهیدانی هەڵەبجە کۆبکرێتەوە هەندێ برایان ئاماژەیان بۆ لێقەوماوانیش کرد یانی ئەوەی لەو کارەساتە تووش بووە هەوڵ بدرێ (ضبط الإسم) بکرێ فایلێکی هەبێت، بەتایبەتی شەهیدانی هەڵەبجە، پێشنیارێکی تر هەبوو کە دەزگایەک، یان دەستەیەک و، مەڵبەندێک دروست بکرێت بۆ سەرپەرشتی کردنی بەتایبەتی منداڵان و لێقەوماوان و برینداران هەڵەبجە، بەتایبەتی منداڵان و برینداران کەتا ئێستا برینەکانیان چاک نەبۆتەوە بۆ سەرپەرشتی کردنیان و رعایەت کردنیان لەهەموو روویەکەوە، پێشنیار کرا کە موزەخانەیەکی تایبەت بەکارەساتی هەڵەبجە دروست بکرێت، ئینجا چ لەشاری هەڵەبجە بێت یان لەجێگایەکی تر بێت، هەروەها خاڵی تر داوا کرا کە هەوڵ بدرێت ئەو خەڵکەی کەشەهید بووە یان زەرەرمەند بووە لەهەڵەبجەو دەوروبەری هەڵەبجەدا بەتایبەتی لەسەر رووداوی کیمیا بارانی هەڵەبجە قەرەبوو بکرێتەوە و، راستەوخۆ لەگەڵ (un) قسە بکرێ کە لەنێوان ئەو برە پارەیەی کەتەرخان کراوە بۆ قەرەبوکردنەوە(تەعویضات) یان لەبڕگەیەکی تایبەتیدا بەوەی کە (un) سەرپەرشتی دەکات (بڕیاری ٩٨٦)، یان لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی کە کۆمەکی عێراقیان کردووە بۆ دروست کردنی چەکی کۆکوژو هەوڵ بدرێ و کارێکی وا بکرێ وگوشاریان بخرێتە سەر کە قەرەبووی ئەو خەڵکە بدرێتەوە، خاڵێکی تر داوا کرا کە هەوڵ بدرێ بۆ دەست نیشان کردنی تاوانبارانی هەڵەبجەو دانانیان بەدادگایەکی نێو دەوڵەتی بۆ ئەوەی بە سزای خۆیان بگەن، پێشنیارێکی تر هەبوو داوا بکرێت بۆ ئەوەی هەڵەبجە بکرێت بەپارێزگایەکی سەربەخۆ لەنێوان ئەو پارێزگایانەی کە هەمانە، تقریبا ئەوانە ئەو خاڵە سەرەکیانە بوون کە لە پێشنیارەکاندا هاتبوون، دوو سێ پێشنیاری تریش هەیە بۆ نموونە داوا کراوە پولێک هەبێ بەبۆنەی کارەساتی هەڵەبجەوە، پولمان هەیە، ولە یەکەم ئەلبومی پولەکانی هەرێمی کوردستان کارەساتی هەڵەبجە تەوسیق وتەمجید کرا، ودوو سێ پێشنیارمان کرد بە یەک پێشنیار، بۆ نموونە بیتاقەیەک هەبێ بۆ ئەوانەی کە تووشی بوردومانی کیمیایی بوون، ئەوە ئەو مەڵبەندەی کە دروست کرا یان ئەو دەزگایەی کە دروست کرا لەنێوان ئیشەکانی ئەو دایە کە دەتوانێ ئەو خاڵە جێگیر بکات، ئەوە

کورتکردنەوەی پێشنیارەکان بوو و ئەو تێبینیانەی کە لامان تۆمار کراوە ئەم هەشت نۆ خاڵە دەگرێتەوە ئەگەر شتێکمان لەبیر چووە بیخەنەوە بیرمان، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارم کردبوو لەوانە پشتیوانی کردن و هان دانی ئەو کۆنگرە زانستیانەی کە دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە لەنێوان ئیش وکاری ئەو ناوەندەیە کە بۆ توێژینەوە دەکرێت، یەکێک لەخاڵەکانی ئەوەیە.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ببوورە مامۆستا دوو کۆنگرەی زانستی کرابوو، یەکێک لەواشنتۆن وئەوی تر لە لەندەن، ئەگەر کۆنگرەی وا بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە لەنێوان ئەرکەکانی ئەو مەڵبەندەیە، من هەموویم نەخوێندەوە، ئەو سەنتەرە سەنتەرێکی ناوەندییە بۆ دراسەو توێژینەوە، یەکێک لەئەرکەکانی ئەوەیە کە موتابەعەی لێکۆڵینەوەی زانستی بکاو هەوڵبدا بۆ دروست کردنی سەکۆ(منابر)ی زانستی بۆ پشتگیری کردنی ئەم بابەتە ئەوە لەزیمنی ئەو خاڵەیە.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، ئەوە یەک، دووەم من دەڵێم هەوڵ بدرێت قەرەبووی ئەو خەڵکە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نوسیومانە وتومانە داوا بکرێ لە (un) و داوا بکرێت لەخەڵکی تر کە ئەوە بکەن و پلانێکی تایبەتیش لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەدابندرێت، شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز شێخ جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وای بەباش دەزانم ئەگەر لەتوانادا بێت ئەوەی پەیوەندی بە رێکخراوە بیانییەکانی دەرەوەیە وەکو یادداشتنامە بیاندەینێ، ئەو خاڵانەی وەک ئەوەی (١٦)ی ئادار ببێتە رۆژی قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی، یان قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانی ئەو خەڵکە، واتا ئەوەی کە پەیوەندیدارە بەدەرەوەو بە رێکخراوەکانی دەرەوە خۆمان وەکو یادداشتنامەیک بدەین بەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لەگەڵ ئەوەیش ئەم پێشنیارانەو پێشنیارەکانی پێشوو کە داومانە بە حکومەتی هەرێم جارێکی تریش دەینێرین بۆیان وقسەشیان لەگەڵدا دەکەین، چونکە وەزارەتی کاروباری

مرۆڤایەتی راستەوخۆ خۆی پەیوەندی لەگەڵ (UN)و لەگەڵ رێکخراوەکانی مرۆیی هەیە، لەسەر رۆشنایی پێشنیاری پەرلەمان ودانیشتنی پەرلەمان، وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان یادداشتێک پێشکەش بکات یا لەپەرلەمان سبەی وەفدێک دروست بکەین ئەوە (UN) لێرەیە خاڵەکانی پێ بدەن یان قسەیان لەگەڵدا بکەن، ئەتوانن وەفدێک بچن سێ چوار کەس دەست نیشان دەکەین سبەی داوای چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (UN) بکەن برۆن ئەو خاڵانە هەمووی تۆمار بکەن و تەسلیمی بکەن، وەکو یادداشتنامەیەک ئەوەیش دەکەین، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەشێک لەقسەکانم کاک جعفر کردی، بەڵام من پرسیارێکم هەیە، پار ئێمە پێشنیاری زۆرمان کرد، ئەوەش کرا یادداشتنامەو درا بە ئەنجوومەنی وەزیران، هەر ئەوەندە ئەپرسم چی لێ هات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە هیچ شتێکمان لێرە دوا نەختووە، هەر شتێک ببێ لێرە ئەیدەین بە ئەنجوومەنی وەزیران، پێشنیازەکان دراوە بە ئەوان، زۆر لەو خاڵانە ئەوانیش لەرێگای خۆیان لەگەڵ (UN) قسەیان لەسەر کردووە.

**بەڕێز فەوزیە عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیاری زۆر کرا، لەوانە کە میلێک(نصب) بۆ شەهیدانی هەڵەبجە لە هەڵەبجە دانرێ یان لە پایتەختی هەرێم، پانۆرامایەکیش بۆ کارەساتی هەڵەبجە لەپایتەختی هەرێمدا بکرێت بۆ ئەوەی ئەو (وفود) و ئەو خەڵکانەی کە دێن ببینن چونکە کارەساتێکی دڵتەزێنە، حەقی ئەوەی هەیە کە زیاتر بایەخی پێ بدرێ، پار ئەم پێشنیارانە کرا ن، ئەگەر ئەمساڵیش دووبارە بکرێتەوە خراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەهەر حاڵ خۆی بەپێی هەموو دابونەریتێک، خەڵک لەشوێنی رووداو شت دروست دەکات لەو جێگەیەی کە روویداوە شت دروست دەکات، یانی هەتاکو بکرێت ئێمە لە هەڵەبجە ئەم شتانە دروست بکەین پانۆراما، میل (نصب)، ناو تۆمار کردن، موزەخانە لەوێ بێت باشترە بۆ ئەوەی خەڵکەکە کە سەردانی ئەو ناوچەیە دەکەن ئاواتییانە هەموو ببینن، بەڵام باردۆخی کوردستان تاکو ئێستاکە وای نەکردووە ئیمکانیەتێکی باش تەرخان بکرێت وەکو دوێنی برادەران هەمووتان ئاماژەتان بۆ کرد، بەڵام مانای وانییە لەبیری بکەین، وچی پێشنیاری هەیە ئەیخەینە بەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێم وایە هەر کاتێک بارودۆخەکە گونجاو بوو ئەم مەسەلانە رێگای خۆی دەگرێت، بۆ کۆمەک کردنی هەڵەبجە باوەڕ ناکەم هیچ لایەنێک درێغی بکەن، تەنها

مەسەلەی بارودۆخە وئیمکانیاتە ، حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێگومان وەڵامیان هەیە ، ئەگەر پێتان باش بێت ئەتوانن چەند کەسێکتان راستەوخۆ بیان بینن یان پرسیاریان لێ بکەن یان ئەگەر بەشێوەی سەردانیش بێت زیاتر لەم مەسەلەیە لەگەڵیاندا قسە بکەن، کە لەراستیدا بواری قسە کردنمان نەبوو تەنها ئەوە نەبێ کە ئەو پێشنیارانەی کە دوێنی خوێنرانەوە بیخەینەوە بیرتان، وابزانم ئەم بابەتە لەبەرنامەی کارماندا نییە ، ئەگەر چ تێبینی یەک هەیە تکایە بەنووسین پێمان بدەن بۆ ئەوەی زیادی بکەین چونکە ئەمڕۆ تەواوی دەکەین لەوانەیە بینێرین بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دێینە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، دەربارەی لیژنەکان، بەپێی ئەو لیستەی لامانە لیژنە لیژنە دەستی پێ دەکەین، لیژنەی یاسا ، با بفەرموونە سەر سەکۆ، مەبدەئەکە وابوو کە هەر لیژنەیەک تەقییمی خۆی بکات و هەڵسەنگاندنێکی ئیش وکاری خۆی بکات لەم خولەی کە تێپەڕی چی کراوە وچی نەکراوە بەگشتی چی پێشکەش کردوە یان چی پێشکەش نەکردووە بۆ ئەوەی ئەندامان بزانن چالاکی لیژنەکانی ئیمە چییە ، فەرموو ئەگەر ئامادەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان و برادەران هەموویان دەزانن ئیشی لیژنەی یاسا چی یە و هەرچی یاسا وتەشریعات و بڕیارەکان پێشکەش کراون ئەو بە ئیشی خۆی هەڵساوە وئەو یاساو تەشریعاتەی کە تەواو بووە لەخولی حەوتەمدا ئەمانەیە: ( یاسای سەندیکای هونەرمەندان، یاسای سەندیکای پزیشکانی ئاژەڵ، یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان، یاسای سەندیکای جیولۆجییان) ئەوە تەواو بوونەو ناردوومانە بۆ دەستەی سەرۆکایەتی و ئەوە بوو (هیئەی زراعیین )پێشکەش بە ئەنجوومەنی کردبوو ، بەڵام داوا کرا کە دوابخرێ و هەتا ئێستا نەهاتووەتە ناو بەرنامەوە (یاسای سەندیکای جیولۆجییەکان) ئەوەش لە دەستەی سەرۆکایەتییە و تائێستا نەهاتووە کە موناقەشەی لەسەر بکرێت (قانون ایفاد والسفر) ئەوەش تەواو بووە و لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دراوە ولە رۆژنامەی پەرلەمان بلاوبۆتەوە(یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان) ئەوەش بڕیاری لەسەر دراوەو و مناقەشەی لەسەر کراوە و لەرۆژنامەی پەرلەمان بلاوبۆتەوە وئەویش دەرچووە (یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و، یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی)(قانون تقاعد اعضاء مجلس الوزراء، قانون اعضاء مجلس البرلمان) ئەوانیش پێشکەش کراون بەدەستەی سەرۆکایەتی هەتا ئێستا لای ئەوان ماوەتەوە وگفتوگۆی لەسەر نەکراوە، هەندێ یاسامان پێشکەش کردووە هەتا ئێستا باسی لێ نەکراوە ئەویش یەکێکیان (موضوع تعریب منطقە سلیڤانی و تملیک منطقە مزوری العائدە لشیخان) بەناوی وەزارەتی دارایی عێراقی، ئەوەش پرۆژەی دە ئەندامی بوو پێشکەش بە دەستەی سەرۆکایەتی کرا کە ناردوویانە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وەکو جەنابت ئەو رۆژە فەرمووت

ئەنجوومەنی وەزیران ناردوویەتی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی کشتوکاڵیش بۆ بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی دهۆک لەوێ تەعقیبمان کرد، وەڵامیان دایەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ نازانم ئێستا گەیشتۆتە ئەنجوومەنی وەزیران یان نەگەیشتووە؟، بێتە پەرلەمان ئەوە ئەو پرۆژەیە ئامادەیە وپێشکەش دەکرێت (موضوع تمليك دور عقره) بۆ ئێمە هاتووە، ئێمەش وەڵامی دەستەی سەرۆکایەتیمان داوە کە ئەو ئیفرازاتانە پێشکەش بکرێت هەر پارچەیەک ژمارەی خۆی وەربگرێت ژمارەی (تسجيل عقاری) بۆمان بێت تاکو ئێمە بتوانین بڕیارێکی لێ بدەین و پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەین (قانون ذوی المهن الصحيه) بۆ ئێمە هاتبوو ئەویش وەک قانون نەهاتبوو بەڵکو پێڕەوی ناوخۆی (ذوی المهن الصحيه) ناردبوویان، ناردمانەوە جارێکی تر کە قانون بۆ ئێمە بنێرن پرۆژەیەکمان بۆ بنێرن و تائێستا نەهاتووەتەوە ئەوە ئیش وکارەکانی خولی حەوتەم بوو، وابزانم ئیشەکانمان جێ بەجێ کردووە و ئەوانەی نەکراوە هۆیەکانی ئەوانەن کە باسمان کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چی تێبینییەک لەبرادەرانەوە لەسەر ئەم بابەتە هەیە؟ کاک عوسمان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز عوسمان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برایان کە ئێستا باسی بەعارەبکردنی ئەو شوێنانەیان کرد کە بەو دوایە بەعارەب کراون، ناوچەی مەخموریش هەندێکی بەعارەب کراوە کە خاوەن موڵکەکان وجوتیارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە، لەوێوە تاکو دەگاتە دیبەگە، مەخموریش دەستیان بەسەردا گرتووە وعەرەبیان لێ جێگیر کردوە ئەوە لەناو پرۆژەکەی ئەواندا نییە، برادەرانی ئەوانەی (ذوی مهن صحيه)ش دوێنی منیان دیت، دەڵێن ئەوان لەسەرەتادا باسی ئەوەیان کرد کە گوایە، ئەوە پێڕەوی ناوخۆیە قانون نییە، بەڵام ئێمە قانونەکەمان لەمێژە ناردووە، نازانم چۆن نەگەیشتۆتە لیژنەی یاسا؟، چونکە دوێنی لای من بوون و هەروا بەسەردان هاتن و باسی ئەو مەوزووعەیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عوسمان، بۆ خاڵی یەکەم ئەوە پرۆژەیەکە بۆ مەسەلەکانی ناوچەکانی بەعەرەب کردن و زەوییەکانی کشتوکاڵی سیمینارێکی بچووکمان هەیە، ئەگەر جەنابیشت لەو سیمینارە ئامادە بێت خراپ نییە، باسی ئەو بڕیارە دەگرێتەوە کە حکومەتی مەرکەزی دەری کردووە و سیفەتی تەعریبی هەیە لەسەر زەویە کشتوکاڵییەکان، یەک دوو ناوچە دەست نیشان کراون، بەڵام ئێمە دەزانین هەر لەسەر ئەو ئەساسەش پرۆژەکەمان ناردەوە بۆ حکومەت بۆ ئەوەی بە دووروودرێژی باسی بکرێت، ئەگەر حاڵاتی تریش هەیە هەموو بەیەکەوە بێت بۆ ئەوەی ئەو بڕیارانە هەمووی بەیەک جار هەڵوەشێندرێنەوە، ناکرێت بڕیارێک هەڵوەشێندرێتەوە بڕیارێکی تر هەبێت (ساری المفعول) بێت، لەم هەفتەی بێتەوە شتێکی وامان هەیە هیوادارین برادەرانی پسپۆڕ لەو مەیدانەدا

به هەموو لایەک هاوکاریمان بکەن و، دوای ئەوە کە ئەو دانیشتنە تەواو دەبێت گەلالە دەکرێت و دەکرێت بە پرۆژەیەک و دەدرێت بەهەموو ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان و لەوێندەرێ جارێکی تر بوار هەیە کە دەولەمەند بکرێت، و هیوادارم هەر یەک لەلای خۆیەوە بگەرێ بزانێ چی بریار دراوە. چی شتێکی حکومەتی مەرکەزی هەیە لەو بابەتەوە کەسیفەتی تەعریبی هەیە، هەلێکی رەخساوە کە لەم ماوەیەدا ئێمە هەمووی باس بکەین وبیخەینە بەرچاو وبریاری پێویستی پێ وەربگیرێ، بۆ(ذوی المهن الصحیە) بۆ پەرلەمان راستەوخۆ هیچ شتێک نەهاتووە، ئەگەر شتێکیان هەیە با بەرێگای ئوسولی یان بەرێگای حکومەتەوە یان لەرێگەی دە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشی بکەن، ئەو کاتە ئامادەین لەسەرۆکایەتییەوە تەماشای بکەین و رێرەوی یاسایی خۆی وەربگرێت، زۆر سوپاس، کاک فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فەرحان شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

کاک محەمەد حەسەن باسی بەعارەب کردنی ناوچەی شێخان و ناوچەی مزوری کرد ، ناوچەی مزوری ناحیەی (ئەتروشە)، ناحیەی (مریبا) بەعارەب کراوە ئەوە (شەرەفانی) و (عەشائر السبعە)ی تێیدایە، یانی مەفروز بوو ناوچەی شێخان بوایە، یانی مزوری، شەرەفانی، گۆران، گرنگ نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من باسم کرد ئێمە سیمینارێکمان لەپێشدایە و موناقەشەی ئەو رەوشەش لەپەرلەمان لەپێشە، هیوادارم پێش گرتنی ئەم سمینارە ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە (مەعنین) بەتایبەتی ئەوانەی کە بەلگەیان هەیە بۆمان بنێرن وبەشداریش بن بەو بەلگەی خۆیانەوە بۆ ئەوەی هاوکاریمان بکەن، ئێستا جێگای گفتوگۆ کردنی ئەو بابەتە نییە ئەوەی هەیە هیوادارین لە هەفتەی داهاتوودا چیتان هەیە پێشکەشی بکەن بێگومان مەمنون دەبین، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەسەر قسەکانی کاک فەرحان ناوچەی شێخان ناوچەی مزوریە ناحیەی ئەتروش هەمووی سەر بەشێخانە تۆمار کراوە لەتاپۆی تۆمارکراوی شێخان، بریاریشمان بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پێشکەش کردووە تەملیک کراوە بێ بەرامبەر (بدون بدل) بۆ وەزارەتی دارایی عێراقی و ئەوە ئاشکرایەو بریاریش ئاشکرایە و ئەوانەی کە سەر بە موسلن سەربە تسجیلی عقاری شێخانن، بەلام ئەو بەشەی شێخان کە سەر بە موسلە ئەندامێک ئەو بریارەمان بۆ بێنێت بۆ ئەوەی بیخەینە بەرنامەی گشتی یەوە و قەراری پێ دەدەین وشمولیەت دەدەینە هەموو ئەو بریارانەی کە بۆ بەعەرەب کردنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بێینەوە سەر کاکڵی بابەتەکە، تکایە لە خاڵی بابەتەکە دەرنەچن کە گفتوگۆ کردنە لەسەر ئیشی لیژنەکان، بابزانین لیژنەکانی پەرلەمانی هەر ئەوەیە کە پرۆژەیەکی بۆ بڕوات تەماشای بکات یان خۆیشی ئیشی تری هەیە؟، با لەم ڕوانگەیەوە تەماشای شت بکەین ، ئێستا گفتوگۆ لەسەر ئەوە ناکەن چی قانونێکی دەرکردووە یان چی قانونێک هاتووە، ئێمە لێرە ئیش وکاری لیژنەیەکی پەرلەمانی لەخولی رابردوو هەڵدەسەنگێنین ولەسەر ئەو بنەمایە بزانین ئیش چۆن دەڕوات چونکە تەئکیدمان کرد بۆ خۆمان وتمان سەرچاوەی بڕیار لیژنەکانی پەرلەمانە، بڕیارەکانی پەرلەمان وئیش وکارەکانی پەرلەمان داینەمۆی پەرلەمان زیاتر لەناو لیژنەکانە، ئەگەر مرۆڤ تەماشای لیژنەکانی پەرلەمان بکات تەنها چاوەڕێ بکات لەدەستەی سەرۆکایەتی وەرەقەیەکی بۆ بڕوات پرۆژەیەکی بۆ بڕوات و ئەوە ئیشەکەی بێ وادەزانم لەوانەیە تووشی هەڵەیەکی گەورە بین لەو مەسەلەیە رەوشەکە بەو شێوە (جمودیە)دەمێنێتەوە، لیژنەکانی پەرلەمان سەرەڕای ئەو پرۆژانەی کە بۆی رەوانە دەکرێت خۆی بۆی هەیە پێشنیاری پرۆژە بکات، خۆیشی بۆی هەیە موتابەعەی هەموو ئەو ئەرکانە بکات کە دیاریکراون بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ لیژنەکانی پەرلەمان، بۆیە نابێ بەوەندە قنیات بکەین کە لیژنەی پەرلەمانی تەنها چاوەڕێ بکات و پێی بگوترێ ئەوە پرۆژەیەکە بۆمان تەماشا بکە، بەڵکو هەریەک لە بواری پسپۆڕیەتی خۆی کۆمەڵێک مهماتی هەیە هەرچەندە گومان لەودا نییە لیژنەی یاسا قورساییەکی زۆری لەسەرە بەحوکمی ئەوەی کە هەرچی شتێک سیفەتی یاسایی هەبێت لەم پەرلەمانە ئەبێ ئەوان تەماشای بکەن و دایبڕێژن و بەپێی یاسا وەکو ئەڵێن رای خۆیان بدەن لەو ماوەیەدا ئەوەی کە رۆیشتووە بۆ لیژنەکانی پەرلەمان پێیان گەیشتووە، بەئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵساون جێگای تەقدیرە وەکو لیژنەیەک هەوێنی هەموو لیژنەکانی ترە بۆیە احتمالە بەش بەحاڵی خۆمان لە سەرۆکایەتی کەمتر تێبینیمان لەسەر ئەم بابەتە هەبێت و تەقییم کردنی لەلایەن سەرۆکایەتی لەسەر ئەو بنەمایەیە کە لیژنەی یاسا هەوێنی هەموو لیژنەکانی ترە و کاروباری هەموو لیژنەکانی تر یان لە وێستگەی یەکەم یان لە وێستگەی(محطەی) هاوبەش لای ئەوان رائەوەستێت و ئەوان ئەنجامی ئەدەن ئێمە سوپاسیان ئەکەین، ئەگەر برادەران چی تێبینی تریان هەیە؟، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەسەر لیژنەی یاسا تێبینییەکم هەیە، لیژنەی یاسا بەراستی بڕبڕەی پشتی لیژنەکانە لەبەر ئەوە بەرای من پێویستە موتوربە بکرێت بەڕەگەزو پەیوەندییەکانی تریش نەک تەنها یاساناس بێت، جاری وا هەیە لیژنەی یاسا پێویستی بەرای کەسێکی ئەندازیار یا هونەرمەند هەیە لەبەر ئەوە پەیوەست کردنی بە رەگەزەکانی تریش کارێکی باشە با زۆرینەی یاساناسان بێ، بەڵام حەقی وایە لەرەگەزەکانی تریشی تێدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم بابەتە دووڵایەنە، لایەک هەمــوو ئەندامــێکی پەرلەمـان بۆی هەیە بواری پسـپـۆری خـۆی بەکـاربێنێ بۆ خزمەت کردنی پرۆژەکانی پەرلەمان وخزمـەت کـردن و ئاسـان کردنی ئیش وکاری لیـژنەکـانی پەرلەمـان، لەوانە لیـژنەی یاسـا ئەمـە یەکـێکیـان، دوو، هەر ئەندامـێکی پسـپـۆر لەمەیدانی خۆیدا لەناو پەرلەماندا ئەندامی لیژنەیەکە یان دوو لیژنە، دیسان لەوێشەوە ئەتوانێ لەو رێگایەوە خزمەت بگەیەنێ بەلیژنەی یاسا، بۆیە لەپێڕەوی ناوخۆدا تەئکید کراوە، لەوەی کە لیژنەکان لەگەڵ لیـژنەی یاسا یەک راپۆرتیان هەبێت و لەم خولەدا هەوڵ دەدەین ئەو خاڵە سەد دەرسەد پیادە بکەین و لەمەودوا لەهیچ لیژنەیەک قەبووڵ ناکەین و راپۆرتەکەی وەرناگرین ئەگەر لەگەڵ لیژنەی یاسا تەوحیدیان نەکرد بێت و ئەگەر جیاوازیشیان هەبێت بەپێی پێڕەوی ناوخۆی ئەو دوو اجتهاداتانە حەل دەکەین، نەک لەلای خۆیەوە شتێک بنوسێ ئاگای لەو نەبێت، نەخێر، ئەبێت هەر دوو لیـژنە یان سێیـانە هەرچەند بن کە بەشدارن لەم بابەتە راپۆرتێکی کۆتایی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە هەم کەمتر گفـتوگۆی لەسەر بکرێت وهەم لەو عـادەتە ناخۆشە رزگار بین کە زۆرجـار نیـقـاش دەکەوێتـە نێـوان ئەندامـانی خـودی یەک لیـژنەوە، یان ئەندامـانی دوو لیـژنە و، هەردوو لیژنە پسـپـۆڕن لەو مەیدانەدا وشتەکە سەر بەوانە دەبوایە ئەو گفـتوگۆیانە لەجێگای تر بکرابایە، دڵنیـا بن بەڕێزان لە پەرلەمـانەکـانی دنیـا شـتی وانیـیـە، ئەگـەریش هەبێ زۆر کـەمـە، هەموو شت لە لیژنەکان دەبڕێندرێتەوە، پێش ئەوەی ناو پەرلەمان.

من هەندێ دەنگدانم بینیوە بەڵام زۆر کەم، چونکە مەجالی کەمترە وەک متفرج تەماشای شتی وا بکات، سەرۆکی پەرلەمان چەکوشەکەی بەدەستەوەیە و دەڵێ: مادده یەک کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ هەر ئەمەت گوێ لێ دەبێ، یانی هیچ شتێکی ترت گوێ لێ نییە ئەندامێک هەڵناستێتەوە بڵێ من دژی ئەو ماددەیەم، چونکە دژی مـاددە لە لیژنەکان دەبڕێننەوە هەمـوو شت حەسم دەکەن تەنها گوێت لە چەکوشەکەیە ئەبێ بەبڕیار یان ئەبێ بەقەبووڵ یان بەرەفز، هیچ شـتـێکی تر نییـە، بەڵام ئێمە لەبەر ئەوەی کە کەم ئەزموونین زیاتر هەر لەسەرەتاوە پێمان وابووە کە ئەندامی پەرلەمان ئەبێ فێر بێت گفتوگۆ بکات، فێر بین لەیەکتر شت وەربگرین، چونکە عەیب نییە کەسمان ئەندام پەرلەمـان نەبووین، خۆ دەبێ خاڵێـک هەبێ دەسـتی پێ بکەین، وابزانم ئەو هەشت ساڵە یان ئەو ماوەیەی کە ئەندامی پەرلەمانین مومارەسەیەکی زیندوومان لەسەر ئەمانە هەیە میراتێکی باشمان جێ هێـڵاوە و تەقلیـدێکی باشـمان دروست کردووە لە قـەبووڵ کردنی ڕاو، ڕای بەرامبـەر، بەڵام کـاتی ئەوە هاتووە هەندێ گـۆڕانکاری (نوعی) بخـەینە ئوسلوبی ئیـشی خـۆمـانەوە چونکە هەتا هەتایە هەر ئێمە ئەندامی پەرلەمان نابین، کاتێک دێت ئەم پەرلەمانە خەڵکێکی تر دێتە ناوی و کـاتێکیش دێت هەڵبژاردنێک دەبێت حەقە ماوە بەماوە خۆمان فـێر بکەین کە زیاتر ئیشـەکەمـان بەرەو نەوعیـەت بڕوات و کەمـتر وەخت لە ناو هۆڵ بەخت کەین بۆ موناقەشـاتی قانونی چونکە مەسـائیلی یاسـایی پسـپـۆری دەوێ مـەرج نییـە هەمـوومـان لەیەک مـەیدان پسـپـۆڕ بین، بەڵام لە

لیژنەکان پسپۆریەکانی خۆمان بەکار بێنین، لێرە لەناو ئەم هۆڵەدا ئێوە هەندێ جار ئەبینین لەسەر ماددەیەک (یەک) دانیشتنی تەواو ئەکوژێ، ئەوە ئەکرێت بەدوو دانیشتن بەسێ دانیشتن حەز دەکەی بەمانگێک بالیژنەکان لەنێوان خۆیاندا کێشەکە چارەسەر بکەن ئەوە باشترە بۆیە لەمەودوا هەوڵ دەدەین کە زیاتر بەموناقەشاتی دەرەوە پابەندی بکەین، هی خاڵەکانی تر لیژنەی یاسا بۆی هەیە داوا بکات لەهەر پسپۆرێکی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمان کە بێت لەسەر هەر بابەتێک استشارەی بکات بەداخەوە لەسەرۆکایەتی موتەئسیرین بەحەقیقەت ئەم تەقلیدە هەتا ئیستاکە لەناو پەرلەمانی ئێمە رێک نەخراوە وەکو بڵێی شەرم دەکەن چاوپۆشی لێ دەکا وەکو بڵێی وا دەزانن عەیبە انسان رای خەڵکێکی تر وەربگرێت وا دەزانن لەوەیە پێیان بڵێن و نەیەن، من (قاطع)انە قسە ناکەم، باش بوو رێک وپێکتر بوو بۆ پەرلەمان، گەورەیی تر بوو بۆ لیژنەکان، گەورەیی تر بوو کە ئێمە (استئناس) بەرایەکی پسپۆر بکەین لەدەرەوەی پەرلەمان هەتا کو ئەگەر هاتوو پێشەکی ئەو رایەش بزانین زۆری وایە یان موتەئەکیدین لە بەشێکی زۆری ئەو رایە، لێرە ئایەتەکە لەژوور سەری خۆمان دایە کە دەڵێ (وشاورهم فی الامر بین) حەقە هەر یەک لەئێمە ئەندامانی پەرلەمان پابەندی ئەوە بکەین (وشاورهم فی الامر بین) واتا کە بابەتێک دێت هەتا لەبەر وشەیەکی زمانەوانیش بێت مانع نییە برادەرێکی کە مەزەندە دەکات لەکوردی دەست رۆیشتووەو لەبارەی زبانییەوە توانای هەیە پرسی پێ بکەین.

ئێمە هەتا ئێستا لەپەرلەمان شتی وامان کەم کردووە، دووەم،زۆرجار کاربەدەستانمان هەنە، وەزیرمان هەیە، جێگری وەزیرمان هەیە،بەڕێوەبەرە گشتییەکانمان هەنە، دەزگایێکی پیرۆقراتیمان هەیە، ناکرێ لەتواناو کارامەیی ئەو خەڵکەی خۆمان کەم کەینەوەو بە شایەتی هەموو دنیا کورد و خەڵکی کوردستان دەوڵەمەندن لە (کەفائات) و لەهەموو روویێکەوە، بەتایبەتی لە مەسەلەی بەڕێوەبردن و مەسەلەکانی تریش، بەداخەوە لیژنەکانی پەرلەمانی مرۆڤ دوو شتیان لێ رەچاو ئەکات، یان نایکات (قطعـاً)، تۆ باسی باج ئەکەی، ئەوە بەڕێوەبەری باجی (عقار) لە لاتە، لەوانەیە بە حوکمی پسپۆری خۆت چوار کەسی باش بناسیت لەوێ فەرمانبەرن، کاربەدەستن، خانەنشینن، مامۆستای دانیشتنگەیە لەو بوارەدا دکتۆرای هێناوە، چوار پێنج ساڵی تەمەنی سەرف کردووە لەسەر ئەم بابەتە، چی تێدایە ئەگەر تەلەفۆنێکی بۆ بکەن و دەعوەتێکی بکەن و دووسێ سەعات لەگەڵی دابنیشن و ئیستیئناس بە رای ئەو بکەن و لەوانەیە زۆر لەزانیاریتان زیاد ئەکات، بەڵام هەر ئەو دانیشتنە دەوڵەمەند بونێکە بۆ ئەوەی دەیزانن، خۆ خەڵکەکەش ئەڵێن ئەوە رِاوێژیان بە ئێمەش کردووە لەسەر ئەم بابەتە، هەروەها بواری تریش زۆرە بەڵام ئێمە نەمان کردووە بەتەقلید، تۆ بڵێی ئیمەی ئەندامانی پەرلەمان ئەوەندە مەغرور بین کە تەسورکەین خەڵکانی تر هیچ سوودیان لێ وەرناگرین، یان تەسورکەین مادەم دەسەڵاتی یاسادانانین ئیترخەتێک بەسەر دەسەڵاتەکانی تر بینین و بڵێین تەدەخول کردنە لە ئیش و کاری ئێمە، ئەگەر ئەوە (منطلقی) ئێمەیە ئەوە من وا دەزانم ئێمە هەڵەین و بەپێچەوانەوە وابزانم ئەم ماوەیە

سەلماندوومانە کە ئێمە بە تەوازوعەوە کار دەکەین، بەڵام هیوادارم ئەم خولە نەوعی بێت و هەوڵ بدەین بەسەر ئەم لایەنەدا زاڵ بین وە ڕای خەڵک وەربگرین و، خەڵکی پسپۆر بانگ بکەین و، ئێستا سێ زانکۆمان هەیە، دووسێ مەڵبەندی زانستییمان هەیە، دەزگاییێکی پیرۆقراطی ئیداری بەهێزو توانامان هەیە، خەڵکێکی خانەنشینی زۆر لەوانەیە لە خزمەتی شەش حەوت ڕژێم بووە لەبواری خۆی لەوانەیە قاموس بێت، باوەڕ بکەن خەڵکمان هەیە بەتوانایە(ضلیع)ـە لە بواری ئەدەب، لەبواری هونەر، لەبواری زانست، بۆیە هیوادارم لەمەودووا هەر بۆ زانستی و بەهێزکردنی زانیارییەکانی خۆتان ئەم لایەنەشمان بۆ پڕ بکەنەوە، بۆیە لیژنەکانی پەرلەمان لەم بوارەشدا ئەتوانن سوود وەربگرن نەک تەنها لە ئەندامانی پسپۆری ناو پەرلەمان بەڵکو لە خەڵکی دەرەوەی پەرلەمانیش، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو ڕێنمایەو ڕوونکردنەوانەی کە بەڕێزتان پێشکەشتان کرد بە لیژنەکان و، بە لیژنەی یاسا بە تایبەتی، بەڵام ئەگەر ڕێگامان پێبدەن ڕوونکردنەوەیەکم هەیە، لیژنەی یاسا زۆر جار بانگی پسپۆری کردووە لەوانە بۆ نموونە (قانون إیجار العقار) بانگی دیوانی تەدوینی قانونیمان کرد لە وەزارەتی داد و، ئەوانیش هاتن نزیکەی سێ چوار سەعات لەگەڵ ئێمە گفتوگۆیان کردو لەگەڵمان ڕێککەوتن لەسەر ئەو شێوازەی کە یاسای إیجار عقاری پێ دەرچووە، دوای ئەوە بۆ یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسان دیسان بانگی پسپۆڕانمان کردووە لەوانە بانگی ڕۆژنامەنووسانمان کردووە، هەتا لەگەڵ وەزیری ڕاگەیاندنیش گفتوگۆمان کرد، بۆ سەندیکای هونەرمەندان دیسان بانگی سەرۆکی لیژنەی ڕۆشنبیریمان کرد لە پەرلەمان کاک ئەحمەد سالار چەند جار لەگەڵ ئیمە دانیشت و گفتوگۆمان کردو گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پرۆژە پێشکەش بە ئەنجوومەن کرا و بڕیاری لەسەر درا، وە هەر کاتێک ئێمە ئیشمان بە پسپۆڕو شارەزایان هەبێت ئەوە ئامادەین بە یارمەتی دەستەی سەرۆکایەتی بانگیان بکەین و ڕایان وەربگرین و سوپاسیشیان دەکەین ئەگەر ئەوان یارمەتیمان بدەن و هاوکاری لیژنەی یاسا بن و هەتا لیژنەکانی تری پەرلەمانیش بێن یارمەتیمان بدەن و ئەو گفتوگۆیەی کە لە هۆڵ دەکرێت با لەگەڵ ئێمەدا بکرێت لە هۆڵی لیژنەی یاسادا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک شێخ یەحیا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ڕێگامان بدەن لەسەر بابەتی پرۆژەی لیژنەکان، کە ڕێک بێ لەگەڵ پرۆژەکانی لیژنەی یاسادا، حەز ئەکەم لەسەر ئەوە تۆزێک ڕوونکردنەوە بکەم، بەڕاستی ڕێزی تەواوم هەیە بۆ لیژنەی

یاسـا، چونکە لە هەمـوو بریارێک و لە هەمـوو پرۆژەیەکـدا ئەبێ ئەوان بەشـدار بن، بەڵام تێبینییەکمان هەیە جار جار سەیر ئەکەی ئێمە رێک ئەکەوین لەسەر بابەتێک، یان مادەیەک، یان پێشنیارێک، لیژنەی یاسا زۆ بە باشی دەوری چاکی ئەو لیژنەیە دیاری ناکات، بەڵام کاتیک کە رێک ناکەوین لەسەر بابەتێک یان پێشنیارێک یان ماددەیەک ئەوا ئەو کات دەوری لیژنەکان بەدەر دەخەن بۆیە پێویستە هەردوو پرۆژە هەبێت پرۆژەی لیژنەی تایبەتمەند و پرۆژەی لیژنەی یاسا.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

کاک شیخ یەحیا ئیمە وتمان کە راپۆرت تەواو ئەبێت ئەبێ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ راپۆرتێکی یەکگرتوویان هەبێت، ئەگەر رێککەوتن هەبوو ئەوە پێویست ناکات رای لیژنە دەربرێت، بەڵام ئەگەر خلاف هەبوو ئەوە بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ چارەی ئەکەین و پەیڕەوی ناوخۆ دای ناوە ئەگەر خلاف لەنێوان لیژانەکاندا هەبوو چۆن چارەسەر ئەکرێت ئەگەر هەر چارەسەر نەکرا ئەوا ئەو کات دێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و هەردوو رایەکە دەخەینە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجامی یەکلاکەرەوەش(حاسمیش) بە دەنگدانە، بۆیە ئەگەر تەماشای پەیڕەوی ناوخۆ بکەین ئەوا ئەو گرفتەی بۆ چارەسەر کردووین، کە رێککەوتین ئەوا بۆچی خاڵەکانی ریککەوتن باس بکەین؟ چونکە کۆکین لەسەری، بەڵام ئەگەر خلاف هەبوو ئەوا بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ چارەسەری دەکەین، ئیمە تەنها یەک تێبینیمان هەیە لەسەر لیژنەی یاسا، لەوانەیە ئەوە پیادە ببێ لەسەر لیژنەکانی تریش، بەڵام لە جێگای خۆی چونکە برادەران باسیان نەکرد ئەویش ئەوەیە، لیژنەی یاسا وەکو لیژنە (مەعنییە)و وەکو ئەندامانی پەرلەمانیش بە تەئکید (مەعنین)، بەڵام وەکو لیژنە مەعنیە بە شتێک، لەوانەیە زیاتر لە بوارەکانی تر ئەوەی کە (رصدی) پێشێلکارییە یاساییەکان دەکرێت و ئێمە هەست ناکەین، بە گشتیی لیژنەکانی ئێمە (رصدی) پێشێلکارییە یاساییەکان ئەکەن، بەداخەوە ئەوە هەموو لیژنەکان دەگرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستمان کرد بە لیژنەی یاسا، با ئەوە بڵێین و هیوادارین ئەو مەسەلەیەش لە ئایندەدا رەچاو بکرێت بەتایبەتی بۆ لیژنەی یاسا ئەو تێبینییە هەیە، ئەگەر چ تێبینییەکی تر نییە با برادەرانی لیژنەی دارایی و ئابووری بفەرموون.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبـدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

پێش ئەوەی بچمە سەر کاروباری لیژنەی دارایی و ئابووری لەخولی رابردوودا حەز ئەکەم سوپاسی سەرۆکی پەرلەمان بکەم کە لە رۆژە ناخۆشەکان و لەساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ و ١٩٩٤ کاتێک کە لیژنەی ئابووری تووشی ئاستەنگ و گرفتی گەورە هات هەر بە پشتیوانی سەرۆکی پەرلەمان لیژنەی ئابووری توانی کاری خۆی بکات و سەرکەویت و سەرکەوتنیش بێنێت لە کاروباری خۆیدا، هەر بە پشتیوانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستاش دێمە سەر کاروباری لیژنەی دارایی وئابووری کە لە خولی رابردوو چیمان کردووە، ئەو یاسایانەی کە

بۆمـــان هاتووه یاســای سـەندیکای پزیشـکان و، یاسـا سـەندیکای هونەرمـەندان و، یاســای ئەندازیارانی کشتوکاڵ، لەلایەنی ئابووری و لەسەر بودجەیان ئیمە رای خۆمان داوه، زیاتریش لەو یاسایانەدا ئەمانەویست کە زیاتر پشـیـوانی گەنجـینەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتـان بکەین و بەداخەوەش گەڵێک جار رای لیژنەی ئابووری سەرنەکەوتووەو ئەوەیش لەبەر ئەوەی بڕیار بڕیاری پەرلەمانە بە زۆرینەی دەنگ، هەروەها لە خولی رابردوودا ئیمە بەدواداچوونێکمان هەبوو لەسەر گۆڕینی یاسای هەمووارکردنی بەکرێدان، کە ئەو یاسایەو ئەو هەموارکردنە زۆر رێک و پێک بوو و کاتێک لیژنەی هاوبەش هاتە دانان لەدوای بڕیاری پەرلەمان لەوێش رای لیژنەی ئابووری لەگەڵ رای لیـــژنەی هاوبەش دراو ئەو رایەش درا بە بەڕێز ســەرۆکی پەرلەمـــان، هەروەها یاســـای سەفەرکردن و شاندەکان ئێمە رای خۆمان داوەو لەوانەیە رای لیژنەی ئابووری سەرنەکەوتبێت لە هەندێ شـتـدا و، لە هەندێک بابەتدا لەگەڵ یەک بووین و لەهەندێکی تریش دا لەگەڵ یەکـتـری نەبووین، کاتێک کە پرۆژە بۆ ئیمە هات لەسەر (منحەو مخصصات) کە لایەنێکی تر ئەیەوێت پێـشـکەشی بکات رای لیـژنەی ئابووری ئەوە بوو کـە نەخـێـر ئەوە دەسـەڵاتی پەرلەمـانەو ئەو پرۆژەشـمـان رەت کـردەوە، کاتێک هەندێ هاووڵاتیـانی کۆمـەڵگا زۆرە ملێکان کە حزبی بەعس دروستی کردبوون و بە زۆری خەڵکی تیادا نیشـتـەجێ کردبوو و ماڵ وموڵکیان وێران کردبوون و بەزۆری بۆ ئەو نیشتەجێیانەیان بردبوون و لەوانەیە چوار هەزار یان پێنج هەزار دیناریان پێدرابێت بۆ دروست کردنی خانوێک لەو کۆمەڵگایانە کاتێک کە سەردانی سەرۆکی پەرلەمانیان کرد، رای لیـژنەی ئابووری ئەوە بوو کە لەو کـۆمـەڵگا بەزۆرە ملێـیـانە ببەخشرێن(عەفـوو) بکرێن چونکە بە ویستی خۆیان نەچوون بۆ ئەوێ و ئەو کۆمەڵگایانەش هی حزبی بەعسەو خەڵک بەزۆرداری لەوێ نیشتەجێ کراون، بە سوپاسەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نووسراوی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران رەوانە کردو داوای کرد کە ئەو خەڵکە ببەخشرێن بەخێرایی و بە سوپاسەوە ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی کردو بەخشران و ئەو پارەشیان لێ وەرناگیرێتەوە و ئەوەش إنجازێکی گەورەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و سوپاسی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش دەکەم.

دەربارەی هەندێک (رسـومـاتی) نا یاسـایی ئیـمـە دیاریمان کـردبوون کـە لە شـارەوانیـیـەکـان وەردەگیرێن، بەداخەوە رسوماتی وەزارەتی دارایی نین کە هەندێک لە شارەوانییەکان رسومات بۆخۆیان وەردەگرن دوور لە یاساو نایخەنە ناو (واردات)ـەوە ئیمەش پێش ئەو خولە نووسراومان بۆ سەرۆکی پەرلەمان نووسیبوو، دوای ئەوە بۆچوون ئەوە بوو کە ئێمە پرسیارێک ئاراستەی بەڕێز وەزیری بلدیات بکەین تاوەکـو بێت بۆ ئێرەو رای خۆی بدات، پرسـیـاری ئاراسـتـە کـراو، بەڕێز وەزیری شـارەوانی بە سـوپاسـەوە ئامـادەبوو و ئاشکرا بوو کـە راسـتـە ئەو پارانە بە نایاسـایی وەردەگیرێت، بەڵام ئەم مرۆڤانە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا نەکرا، تەنها بۆ نموونە سەرۆکی شارەوانی زاخۆ لە سـەرۆکـایەتی شارەوانی دوور خرایەوەو برادەرێکی دڵسۆز دەسنیـشـان کـرا کـە ببـێـتـە سەرۆکی شارەوانییەکی دیاری کراو، ئەو رسوماتە نایاساییانە ئەبێ ئەنجامدەرەکەی بدرێتە دادگا

نەک تەنیا بگوازرێتەوە، هەر یەکسەر ڕۆژی دوای ئەوە بە ئیمزای بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی شارەوانییەکی تر بوو بەسەرۆکی شارەوانی (زاخۆ)و دەوامیش دەکات، پێش ئەوە ئێمە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی چەند وەزیرێک کردبوو نە ئەو پرسیارانە هاتنە وەڵام دانەوەو نە وەزیریش ئامادە بوو، جا نازانم لەبەر پشوو بوو یان لەبەر هەر هۆیەکی تر، دەربارەی، بەدوواداچوونی گومرگەکان دوای ئەوەی کابینەی سێیەم هاتە دامەزراندن بەتایبەتی دڵسۆزی وەزیری دارایی و ئابووری و دڵسۆزی کارمەندەکانی ئەو گومرگانە کە ئەزانن موحاسەبە دەکرێن ڕۆژ بەڕۆژ ئیش وکارو خاوێنی کارەکانی گومرگی چاکتر دەبێت، گەلێک مرۆڤ لە گومرگ گوازترانەوە لەبەر شتێکی کەم، لەوانەیە پێنج دینارێک یان دە دینارێکی وەرگرتبێت و هەندیک هاتنە فەسڵ کردن، یان لەکار دوورخرانەوە بەپێی یاسا.

ئەوەش شتێکی گەلێک چاکە بەڵام هەندێک تەدەخولاتی تر دروست دەبێت لە هەندێک خاڵی گومرگی لەلایەن هەندێک هەڤاڵی تر کە ئەوە کاری گومرگە و دەبینی ئەندامێکی پۆلیس بێت یان ئەندامێکی ئاسایش بێت یان ئەندامی سوپاییک بێت، ئەوە تەدەخولێک دەکات، یان شیرینییەک شتێک وەردەگرێت و ئەویش لەسەر وەزارەتی دارایی حساب دەکرێ، لە ڕاستیشدا کارمەند یان فەرمانبەری وەزارەتی دارایی نین و وەزارەتی داراییش بەردەوام ئەم خروقاتەوئەم خەڵکە دەستنیشان دەکات و کارمەندی گەلێک وەزارەتی تریش دێنە موحاسەبە کردن لەبەر هەڵەکانی ئەوان، بەڵام بەداخەوە ئەوە نۆ مانگە ڕۆژ بە ڕۆژ وارداتی گومرگ دادەبەزێ و ئەویش بەدەستی ئێمە نییە چ لەلایەنی بازرگانی بێت لەگەڵ ئێران، یان ئەو بازرگانییەی کە لەگەڵ تورکیا دەکرێت، یان ئەو گازوایلەی کە لە حکومەتی عێراق دێت و ئەویش بە دەستی وەزارەت نییە.

دەربارەی دائیرەکانی باجەکان، لیژنەی ئابووری چاودیری و بەدواداچوونی فەرمانگەکانی باجی کردووە ڕاستە باج زۆر گرانە چونکە لەسەر یاسای کەونەو هاوڵاتی زەرەر ئەکات بەڵام بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە لەوانەیە لە بیری کردبێت باسی بکات، بەردەوامن بۆ دوست کردنی پرۆژەیەکی نوێ و پێشکەشی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی بکەن دوای ئەوەی دیراسەتێکی تەواوی بکەین و پرۆژەکەش لەدەستی ئێمە دایەو ئیمە موتابەعەی فەرمانگەکانی باج دەکەین تاکو بزانین گورینی ئەو چی بێت و ئەبێ ئێمە سەیری بەرژەوەندی هاوولاتی بکەین و سەیری بەرژەوەندی گەنجینەی حکومەتیش بکەین و هەر کاتێک پرۆژەکە تەواو بوو ئەوا ئێمە پێشکەشی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی دەکەین.

هەروەها لە کاروباری خولی ڕابردوو، کە بودجەی پەرلەمان بۆ ساڵی ١٩٩٩ بوو ئیمە موتابەعەمان کردو نووسراوێکمان بۆ سەرۆکی پەرلەمان نووسی و لەکاتی گونجاودا پیشکەش کراو بەسوپاسەوە بڕیاری لەسەر درا بێ ئەوەی گۆڕانکاری تێدا بکرێت چونکەبەڕاستی بودجەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٩ وەک ساڵی ١٩٩٨زۆر ڕێک و پێک بوو گونجاو بوو و بارودۆخی هەرێمیشی لەبەر چاو گرتبوو، هیچ گۆڕنکاریی لەسەر نەکرابوو، هەر

چەندە هەندێک برادەر پێشنیاریان کرد کە هەندێک مەبالغ زیاد بکرێت بەڵام لەبەر بارودۆخی خەزینە ئەو مەبالغەمان وەکو خۆی هێشتەوە وزیادمان نەکردو هەرچەندە ئەو پێشنیارانە لەجێگای خۆیدا بوو بەڵام لەبەر بارودۆخی گەنجینە ئێمەزیادمان نەکرد، دەربارەی بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٩ لە ١٩٩٨/٧/١ وەزارەتی دارایی و ئابووری لیستی تایبەتی پێشکەش بە هەموو وەزارەتەکان کردو بۆ خەملاندنی (تەخمین) کردنی بودجەی ساڵی ١٩٩٩ هەروەها لیستێکی دانا کە چ ڕۆژێک لەگەڵ کام وەزارەت گفتوگۆ بکات و ئەو لیستەشی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی ڕەوانە کرد، کە ئەگەر بمانەوێت لەم گفوگۆیانەدا ئامادە بین و ئێمەش لەگەڵێک لەم گفتوگۆیانە ئامادەبووین، بەڵام بەشداریمان نەکرد، چونکە ئەوە شتێکە لەنێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتەکانی تر، بەڵام ئێمە ئامادەبووین بۆ ئەوەی بزانین چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو گفتوگۆیانە چۆن بوون، هەر هەموو گفتوگۆیەکانیش بە سەرۆکایەتی بەڕێز بریکاری وەزارەت و بەسەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بوو.

لە مانگی (چریێ) ١٩٩٨ هەموو گفتوگۆکان تەواو بوون و خرانە ناو کۆمپیوتەر، ئەگەر ئێمەش کەم وکورییەکمان هەبێت ئەوا ئامادەین بۆ هەر پێشنارێکی ئەندامی بەڕێزو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وبەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئەبێ ئێمە هەموو وەخت (طموح) مان هەبێت بەرەو باشتر وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەگەر برادەران چ تێبینیان هەیە لەسەر کاروباری لیژنەی دارایی وئابووری با بفەرموون، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو لە کاروباری لیژنەکانی خۆمان تێبینی ئەکەین کە لیژنانەکانی خۆمان بوون بە لیژانی تایبەتمەند، ئەم لیژنەیە پەیوەندی بەو وەزارەتەوە هەیەو ئەو لیژنەیەی تر پەیوەندی بەم وەزارەتەی ترەوە هەیە، ئەمە سیاسەتێکی ڕاست نییە لە کاروباری خۆمان دا، بۆ نموونە لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری تەنها پەیوەندیی بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کاروباری ئابووری ودارایی وەزارەتەکانی تریشەوە هەیەو ئەمە یەکێکە لە ئیشەکانی لیژنەی کاروباری دارایی وئابووری و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوللا حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکێک لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی پەرلەمان بودجەیە، هەتا ئێستا هیچمان لە ئەندامانی

پەرلەمان نازانین هۆکانی پێشکەش نەکردنی بودجە چییە، حەز دەکەین لیژنەی دارایی و ئابووری ڕوونکردنەوەیەکمان دەربارەی ئەمە بو بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بەڕێز کاک محەمەد ئەمین مەولود کە ئەویش لە دڵسۆزی خۆیەوە ئەو قسەیە دەکات، بەڵام کە من ئێستا باسم کرد نەوەک لەبەر ئەوەی کە ئێمە چاودێری وەزارەتی دارایی دەکەین، من گوتم ئەو رسوماتەی کەبەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە وەردەگرێت، لایەنی وەزارەتی دارایی کە وتم لەگەڵ هەموو وەزارەتەکاندا گفتوگۆیان کردووە، وەزارەتی پیشەسازی دێت و وەزارەتی ناوخۆ دێت و ئەو پرسیارانەش کە ئێمە پێشکەشمان کردووە یەکێکیان بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ بوو.

هەروەها پێش ئەوەش ئیمە پرسیارێکمان پێشکەش کردبوو بەڵام بۆ بەڕێز وەزارەتی پیشەسازی بوو کە وەڵامدانەوەی بە کاغەز بوو، بۆیە تەشخیسی ئیمە تەنها بۆ وەزارەتی دارایی نییە بەڵکو بۆ هەموو وەزارەتەکانە، بەڵام زیاتر پەیوەندییمان لەگەڵ وەزارەتی داراییدا هەیە چونکە لایەنی دارایی هەر وەزارەتێک کە هەبێت هەر پەیوەندیدارە بە وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە زۆر سوپاسی بەڕێز ئەمین مەولود دەکەم بۆ ئەو پرسیارە.

دەربارەی پرسیاری بەڕێز شێروان حەیدەری، پێش ئیستاش من باسم کرد لە ١٩٩٨/٧/١ وەزارەتی دارایی لیست و بودجەی تازەی ساڵی ١٩٩٩ی پێشکەش بە هەموو وەزارەتەکان کرد و، ڕۆژی دەست نیشان کرد بۆ گفتوگۆ کردن لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان دا بۆ نموونە ئەو ڕۆژە بۆ ئەم وەزارەتەو، فلان ڕۆژ بۆ فلان وەزارەت وابزانم سێ ڕۆژ بە تەنها بۆ وەزارەتی ناوەخۆ تەرخان کرابوو، چونکە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاسایشەو، پۆلیسی گشتییەو، ئیدارەی محلیەو، ئیدارەی عامەیە، کاروبارەکانی زۆرن و، ئیمەش گوتمان ئەو لیستانە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان هاتووەو، ئامادەی بووین و لە مانگی تشرینی یەکەم تەواو بوو، واتە لیستەکان هەمووی خرابوونە نێو کۆمپیوتەریش، ئینجا ئەمڕۆ بێت یان سبەی یان بۆ ئەگەرێکی ترو من ئەڵێم لەوانەیە گفتوگۆکانی ئاشتی کاری کردبێتە سەر دواکەوتنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەی کاک ئەمین مەولود، کە پرسیاری کرد دەربارەی لیژنە، بیگومان

هەر لیژنەیەک بەرامبەر بە وەزارەتێکە، ئەو ئەندامانەی لەو لیژنەدان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە بەرامبەر ئەو وەزارەتە ئەو ئەندامانە هەڵدەبژێرن کە پسپۆریان لەو بوارەدا هەیە، بۆ نموونە لەبواری ناوخۆ ئەو کەسانەی کە پسپۆرن لە بواری کاروباری ناوخۆ یان دارایی، ئەوا بەپێی وەزارەتەکان دابەش ئەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەتا سوپاسی برادەرانی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوانەی کە پێشکەشیان کرد، من دەمەوێ موداخەلەیەک لەسەر بۆچوونی کاک جەمیل بکەم لەسەر ئەو رسوماتانەی شارەوانی کە وەرگیراوە، بەڕێز وەزیری شارەوانی هاتە ئێرەو دانیشی بەوەدانا کە ئەو برە پارانە وەرگیراون، لێرەدا حەز ئەکەم پرسیارێک ئاراستەی ئەو برادەرانە بکەم، ئایا ئەو برە پارانەی کە وەرگیراون ئێمە لە قسەکانی وەزیری شارەوانی تێگەیشتوین کە بەڕەزامەندی وەرگیراون، واتە ڕەزامەندی وەزیری تیادا وەرگیراوە، جا نازانم لە ڕوونکردنەوەی لیژنەی دارایی وئابووری کە وەکو ئێمە بەخۆمان بینیمان و بەدوایشی دا چووین ئەوان گوتیان کە بە ڕەزامەندی وەرگیراون، بەڵام لێرە لەسەر لایەنی سەرف کردن ئەو برە پارانەی کە وەرگیراون هەتا بووە هۆکاری ئەوەی کە X یان Z لە سەرۆکایەتی شارەوانی لاببرێت یان نا، بۆیە ئێمە حەز دەکەین ئەگەر ڕوونکردنەوەیەکمان پێشکەش بکەن،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوانە هیچ ڕەزامەندییەکی ڕەسمی وەزارەتیان نییە، چونکە هیچ وەزارەتێک ناتوانێت بەیەکێک بڵێت رسوماتی نایاسایی وەرگرە بێ یارمەتی وەزارەتی دارایی، بۆ نموونە با ئێمە بڵێین، شارەوانی زاخۆ لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی دهۆک جا چ بە تەلەفۆن یان نووسینێکی تایبەت بڵێت وەڵڵا وەری بگرن، یان بڵێت حجەتێکی هەبێت لەلایەنی ئیداری با فلان کەس تەلەفۆنمان بۆ بکات، هیچ ئەمری وەزاری بەمە نییە وە هیچ وەزیرێکیش لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموویان ناتوانێت فلان برە پارە وەربگرن بێ وەصلی مالی و ئەوەش یاسا سزای دەدات و دەدرێتە دادگاش، لەبەر ئەوە من ئەو بابەتە ئەخەمە ڕوو و حەز ئەکەم بڵێم حوکمیش دەدرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ڕاستە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وەکو یاسایێک ئەرکی لیژنەکانی دیاری کردووە، بەڵام لیژنەی ئابووری بەمەزەندەی ئێمە وەکو هەر لیژنەیەکی تر مەعنییە وەکو ئەڵێن (بكل ما يتعلق)

بەدارایی و ئابووری و بە باری(رسومات)و باج وبودجە، چونکە لیژنەی پسپۆرە، لەو لیژنەیە ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندارە بەو تەوەرانەوە کە ئەبێت دارایی موتابەعەی بکات جگە لەوەی کە بۆی ئیحالە ئەکرێت، جێگای ڕیزە لیژنەی دارایی و ئابووری لەو لیژانانەیە کە خۆیان ماندوو ئەکەن و ئەمە چەند ساڵە ئیمە تاقیکردنەوەمان لەگەڵیاندا هەیە وپێشنیاری باش پێشکەش ئەکەن و موتابەعە ئەکەن بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک پرسیار هەیە کۆمەڵێک ئیختیناقات هەیە لە ئیش و کاری ئەو لیژنەیەدا پێمان باشە ئەمڕۆ تۆزێک باسی بکەین، چونکە ئێوە ئەزانن ئەرک و مەیدانی ئەو لیژنەیە (فوق العادە) گرنگە، پەیوەندی بە هەموو وەزارەتێک و بەڕێوەبردن و بارودۆخی ئیمەوە هەیە، بۆیە ئەگەر مرۆڤ تەماشا بکات وەکو برادەران باسیان کرد تەنها پەیوەندار نییە بەوەزارەتی داراییەوە، هەتا ئەگەر وەزارەتی داراییش ڕێنماییەک یان ئەمرێکی دەرکرد پەیوەندار بوو بە رسوم وباج ئەگەر لە یاسا بەدەر بوو لیژنەی دارایی و ئابووری ئەبێ پێش هەموو کەسێک لەو بابەتە بەدەنگ بێ، وابزانم لیژنەی داراییش لەگەڵ ئیمەدان، لە سەرۆکایەتی ولەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان کە بە دەها پێشێلکاری هەیە کە وەزارەتی دارایی کردوویەتی بەداخەوە هەتا ئێستا لیژنەی دارایی ئیمە لێی بێ دەنگە و پێشێلکارییەکان بەرەسمی هەنە، لەوانەیە ئەم بابەتە لەیەک دەرگا یان لە دوو دەرگای دابێت بەلام ئێمە خروقاتێکی ئاشکرامان هەیە کە بەدەر لەیاسایە.

ئەگەر تەماشای ئەو رسومەو ئەو هەرایە بکەین کە لە کوردستان دروست بووە بەتایبەتی ساڵی ڕابردوو لەسەر مەسەلەی رسوم هەمووی ئەوانە بەدەر لەیاسایە چونکە ئیمە لێرە ئەزانین هەر شتێک بەیاسا دابنرێت ئەبێ بە یاسا بگۆڕێت، بەلام بە داخەوە دەبینین زۆر رسوم فەرز کراوە، زۆر رسوم زیاد کراوە وەکو ئەڵێن زۆر رسوم وەکو بدعەیەک دروست کراوە کە لەیاسادا نییە، لە کاتێکدا ئەبوایە لیژنەی دارایی پێش هەموو لیژنەیەک ئاگادار بوایە وە لەگەڵ هەموو ئەندامان باسی ئەکەین چونکە لە ڕاستیدا ئەمە کەسی لێ عەفوو ناکەین، بەلام کە هاتینە.سەر لیژنەیەکی تایبەتمەند پێویستە سەرنجی ئەو لیژنەیە ڕابکێشین و ئەبێ ئەو لیژنەیە لەو بابەتە ئاگادار بێتەوە، بەڵێ ڕاستە گومان لەوەدا نییە کە خۆی ماندوو کردووە ئیشی باشی کردووە بەلام باشتریش هەیە، ئەبوایە لیژنەی دارایی موتابەعەی ئەو پێشێلکاریانەی بکردبایەو زوو و دەست بەجێ چ بە چاوپێکەوتنی ڕەسمی یان بە تەلەفۆن بوایە لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکردبایەوە وە لە جێگاو کەناڵە ڕەسمییەکانی خۆی، پەرلەمانی لێ ئاگادار بکردبایەوە، چونکە ئەوان زیاتر لە هەموو لیژنەیەکی تر چاکتر ئەزانن، بەڕێزان سەیرمان لەم وڵاتە دێت، زۆر جار لەیەک شار دوو جۆر رسوم هەیە، ئەمڕۆ لەو پارێزگایە لەسەر یەک شت دوو جۆرە رسوم هەیە ئەمەش ئەبێ لیژنەی دارایی و برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان لێی ئاگادار بن من باوەڕ ناکەم برادەرانی لیژنەی ئابووری هەتا ئێستا لەو بابەتە ئاگادار نەبن، بەڵێ خوا هەڵناگرێ لەهەندێ شت ئاگاداریان کردووینەتەوە، بەلام هەندێ شت بەردەوام هەیەو ئاگادار ناکرێینەوە، تەسەور ئەکەم لیژنەی ئابووری یان

لیژنەکانی ناو پەرلەمان زۆر گرنگەن تۆزێک لەو بابەتانە بکۆڵنەوە و ئاگایان لەو بارودۆخە هەبێت.

بودجە پەیوەندیی نییە بە گفتوگۆی ئاشتی، ئێمە هەموومان دەزانین داهاتمان لەگەڵ چوار پێنج مانگ پێش ئێستا جیاوازی نێوانیان ئەرزو ئاسمانە، داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم بۆتەوە و زۆریش کەم بۆتەوە، مەترسیشی لێ دەکرێ، بەڵام ئەوە ئەمە ناگەیەنێ وەزارەتی دارایی و ئابووری بوودجەی خۆی بەپێی ئوسوڵی لە رێگای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان نەنێرێ بۆ پەرلەمان بەپێی ئەو رێژەیەی کەم بۆتەوە، بەپێی ئەو رێژەیە خەملاندنی خۆی دەکات، ئەمە هەرگیز هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێ داهاتەکانی ئێمە (١٠٪)، یان (٢٠٪)، یان (٧٠٪)، یان (٨٠٪)، کەمبۆتەوە (أیاً کانت النسبة) دەکرێت بە هەمان رێژە لەکاتی پێشکەش کردنی بوودجەدا وەزیری دارایی و ئابووری ئاماژە بە راپۆرتی خۆی بکات و پێمان بڵێت لەم بارودۆخەدا تەقدیر کراوە ئێستا وای لێ هاتووە.

بۆ ئاگاداری لیژنەی دارایی و ئابووری ئەمە نووسراوێکە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێڕی و دارایی ناردراوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشت شارەوانییەکان لەلایەن داراییەوە، هەرچەندە رێزم هەیە بەڵام بە شێوەیەکی بێ بەرنامە باجەکان داندراون کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر جیاوازیان هەیە. لە ماددەیەکەوە بۆ ماددەیەکی تر جیاوازە، کێی گرتۆتەوە؟ سەوزە فرۆشی گرتۆتەوە، قەسابی گرتۆتەوە، دوکانداری گرتۆتەوە ئوتێلی گرتۆتەوە، چێشتخانەکانی گرتۆتەوە، ئەو خەڵکانەی گرتۆتەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئامادەکراوە و پێشکەش کرا بەپەرلەمان و، دوای ئەوەی سێ هەمواركردنی بنەڕەتیمان لە پەرلەمان تێداکرد و لە قازانجی ئەواندا بوون کە دەست کورت بوون بەتایبەتی بەدەر (استثناء) کردنی خانووبەرەی کرد کە لە بەرژەوەندی خەڵکی رەش و رووتدا بوو کردیان بە هەڵلا بەسەرماندا، وتیان ئەمە ئیشی پەرلەمانە، لەکاتێکدا پرۆژەکە ئەسڵەن پرۆژەی وەزارەتی داد بوو، لەوێوە نێردرا بوو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و لە رێگەی ئەوانەوە هاتبوو بۆ پەرلەمان کە بەو کەموکورییەوە دانیشتین هەفتەیەک دوو هەفتە هەتاکو چاکمان کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکێکی زۆر گلەیی لێمان کرد و گوێمان گرت لە گلییەکانیان تا ئەو رادەیەی جەنابی سەرۆک بارزانی خۆی تەدەخولی لە بابەتەکە کرد و، ئەوە جێگای تەقدیرە و، ئێمە گوێڕایەڵی فەرمانەکانین و، تا ئێستا دوو سێ لیژنەمان دروست کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکورییەی کە هەیە و (سبحان من لا یخطئ).

باشە ئەمەی دەربارەی باج کە بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری تەعمیم کراوە و دەستکاری باجی کردووە بەدەر لە یاسا چەند یاسایەکی پێ شێل کردووە.

لەراستیدا لیژنەی ئابووری و دارایی دەبوایە کاری بکردابایە و بە نووسراوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٦٩٥١) لە ١٣/١٠/١٩٩٨، داوا دەکات ئەم رسوماتە دەبێت بەپێی ئەو لیستە یەکەی گۆڕانکاریمان تیاکردووە کاری پێ بکرێت شارەوانی وەڵام دەداتەوە، ئەڵێ ئێمە بۆ

(١٩٩٨) زۆر لەو ڕەسمانەمان جێبەجێ کردووە هیوادارین لە (١٩٩٩) هەموویان جێبەجێ بکەین، چونکە زۆربەی زۆری ئەم تەعدیلانە لە ساڵی (١٩٩٨) کراوە لە (١٩٩٩/١/١)ەوە جێبەجێی دەکەین مەبەستم ئەوەیە ئەوە یەک لە نموونەکانە من دڵنیام بە دەیەها نموونە هەیە، وەزارەتی پیشەسازی بە کەیفی خۆی خەتی داوەو کارەبای زیاد کردووە ئێمە لەم فەرمانگەیە کە فەرمانگەیەکی ڕەسمییە یەک بە سەد کرێی کارەبایان زیادی کردووە ئەمە لەسەر چ بنەمایەکە با بزانین وەزیری پیشەسازی لەسەر چ ئەساسێک یەک بە سەد کرێی کارەبا لەسەر فەرمانگەیەکی ڕەسمی زیاد دەکات؟. ئەو رسمانەی ئێستا لەو خەڵکە وەردەگیرێ (٣٥) دینارە بەرامبەر چوار ئەمپێر کارەبا لەسەر چ بنەمایەکە؟ ئەم مەسەلانە لەکەیەکەو هاتۆتە سەر سیستەمەکەمان؟ ئەمە لەکەیەکەو پەرلەمانی پێ بریندار دەکرێت، حکومەتی هەرێمی پێ بریندار دەکرێت، پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەن زۆرینەی پەرلەمان و حکومەتی پێ بریندار دەکرێت؟، خەڵکمان لێ دەڕەنجێنێ، چونکە دەڵێن ئەو دەستەی کە شەرع ئەیبڕێ خوێنی لێ نایەت، بەڕێوەبەری فەرمانگە حەقی نییە بڕوات وەکو دوکاندار مامەڵە بکات لەگەڵ فەرمانگەیەک، تۆ وەرە بۆ موکالەمەی تەلەفۆنی چەند وەردەگری؟ دەڵێ (٥) دینار، دەڵێت نەخێر بیکە بە (٧) دینار یان بیکە بە (٣) دینار ئەمە لەسەر چ ئەساسێکەوە دەکرێ؟، هەرگیز ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین لەم وەختەدا کەس باج نەدا، چونکە گەر نەیدەین ئەم ئیدارەیە ناژی، بەڵام وەکو دەڵێن: «هەموو شت بەخوێ، خوێش بە قەدەری خۆی». خەڵک گلەیی و گازاندەمان لێ دەکەن، مەزەندە دەکەن حزب لەلایەکە کە خاوەن زۆرینەی پەرلەمان و حکومەتە، پەرلەمان لە لایەکە کە زۆرینەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، حکومەتیش لەلایەکە، لەناو حکومەتیش خەڵک وا تەسەور دەکات سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەکە، حکومەتیش لەلایەکە، فلان وەزیر و فلان وەزیر لەلایەکن، ئەمە وایە؟، ئەگەر ئەمە لە ڕۆژی یەکەمەوە مشاوەرەیەکمان بکردبایە ئەو هەڵڵایەو ئاڵۆزییەی دروست نەدەکرد، دائەنیشتین سەرمان ئەنا بەسەری یەکتریەوە وەکو برا لەگەڵ یەکدا دادەنیشتین ئەمان کرد بە پرۆژەیەک کۆمەڵێکی ئەهلی خبرەو، ئەهلی بەرژەوەندی (مصلحە)و خاوەن قەزیەمان بانگ دەکرد و دەردەشەیەکمان لەگەڵدا دەکردن، پاشان ئەمان کرد بە پەیڕەوێک و دەماندایە دەستی وەزارەتی دارایی و ئابووریمان، ئەو کاتە کەس گلەیی لێمان نەدەکرد کەس نەیدەگوت ئەمانە بە کەیفی خۆیان شت ئەکەن.

ئەڵێن رسوم زۆر وەردەگیرێت، لەوانەیە زۆریش نەبێت، ڕاستە یەخەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەگرین، بەڵام بەش بە حاڵی خۆمان هەموومان بەرپرسیارین، ئەندامی پەرلەمانین ئەمە ئەرکی هەموومانە، هەریەک لە ڕێگای خۆمانەوە پێویستە ئەم مەسەلانە چارەسەر بکەین ئامانجیشمان لەمە بریندار کردن، یان شێواندنی (سومعەی) هیچ لایەک نییە، ئێمە بە هەموومانەوە یەک ئامانجمان هەیە، ئەگەر ئێمە نەتوانین ئێستا ئەم گیروگرفتانە لەلای خۆمانەوە چارەسەر بکەین، ئەی کەی چارەسەری بکەین؟، ئەوە هەشتەمین ساڵە حوکمڕانی خۆمان دەکەین، ئەمە هەشتەمین

ساڵە بە هەموو ناخۆشی و خۆشییەکەیەوە یاسا دەردەکەین حەقە لەمانە کەم بێتەوە نەک زیاد بێت و، چاودێری لەلایەن ئێوەی ئەندامانی پەرلەمان ئەرکێکی مێژوویی خۆی هەیە و، ئەرکێکی بنەڕەتی ئێوەیە من دیسان دووپاتی دەکەمەوە گوێ مەدەنە ئەوە کە ئایا بەدەنگتانەوە دێین یان بەدەنگتانەوە نایەین تەنیا گوێ بەوە بدەن کە ئەرکی سەرشانی ئێمە چییە ئێمە بەجێی بێنین؟، دڵنیام گوێمان لێ دەگیرێ ئەو پێشنیارانەی کە ئەیکەین جێگای خۆی دەگرێ و وەکو گوتیشم مەرج نییە ئەم هەڵانە هەمووی بەئانقەست بن، تکاتان لێ دەکەم وا تەسەور نەکەن، زۆر جار ئێمە لەو پەرلەمانەدا بڕیار دەدەین لەوانەیە بڕیارەکەمان، ئیعتماد دەکاتە سەر کۆمەڵێک هۆ، خەڵکیک پێشنیار دەکات یان فەرمانبەر هەیە سەری گەرمە، خەڵکی خراپمان تیادا هەیە، خەڵکێک هەیە بەباشی ڕێگامان نیشان نادات و، کەمی تەجروبەی خۆشمانی تیادا هەیە، کەم پێداویستی و پێداویستییەکانی ئێمەش هەیە، هەموو ئەوانە بەیەکەوە تێکەڵ بووە، بەڵام کە زانیمان شتێک بووە، بەسەرێکی ساردەوە پێویستە لیژنە پەیوەندیدارەکانی ئێمە لە بواری پسپۆڕی خۆیاندا بێنە هاوار و دەنگ و، کۆڵ نەدەن لەسەر ئەم بابەتەو لەکۆڵی خۆی بکاتەوە بڵێ وەڵڵا من نووسراوێکم کردووەو تەواو، کە نووسراوت کرد تۆ دەبێ بەدوای دابچی.

یەکێک لە ئەندامانی پەرلەمان پرسیارێکی کردووە لە حکومەت دەڵێت ساحەکان و باخچە گشتییەکان لەسەر چ بنەما و یاسایەک بە کرێ دراون؟. وەڵام هاتۆتەوە لەلایەن وەزیری پەیوەندیدارەوە ئەڵێ: بەڵێ ڕاستە داومانە بە کرێ بەڵام بەپێی نووسراوی ژمارە ئەوەندەی ئەنجوومەنی وەزیران بەدەر لە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦) کە ئەمەش دەقەکەیەتی: (بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٤٨٣٠) لە ١٩٩٧/١٠/٦ دەسەڵاتمان پێ دراوە بۆ بەگەڕ خستنەوەی باخچە گشتییەکان لەلایەن خەڵکەوە. بەدەر لە یاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٨٦ بە کرێ دراون. وە بۆ مەبەستی هاندانی سەرمایەی کەرتی تایبەت و هاندانی گەشتوگوزاری لە هەرێمی کوردستان). کە لێی دەپرسین دەڵی وەڵام دراوەتەوە من چی بکەم؟. لە ڕاستیدا بەدەر لەیاسا نابێت، چونکە فەرمانێکی ئیداری بۆی نییە یاسایەک هەڵپەسێرێ(تجميد) بکات، باشە ئەگەر یاسای ژمارە (٣٢) هیچ کۆسپێکی تیادا هەیە جەنابی وەزیر پێشنیارێک بکە بۆ هەموارکردنی و، بڵێ ئەم ماددەیەمان بۆ هەموار (تەعدیل) بکەن بۆ ئەوەی ئەو گۆڕەپانانە بدەین بەکرێ، ئێمەش لێرە دادەنیشین و گفتوگۆی لەسەر دەکەین، کە کۆک بووین لەسەری هەمواری دەکەین، ئەگینا بۆ کارەکە بەدەر لەیاسا بێت؟، باشە ئەمە بەدەر لەیاسا ئەوی تر بەدەر لەیاسا؟ ... پاشان گەر کار وا بڕوات نەحکومەتەکەمان و نە پەرلەمانەکەشمان ئەو هەیبەتەی دەمێنێ نە ئەو گفتەش کەداومانە بە خەڵک (٥٢) ساڵە خەڵکی خەبات دەکات شەهید دەبێت بۆئەوەی یاسا بەرقەرار بێت لە وڵاتی ئێمەدا و ژیانی پەرلەمان دیموکراتی بێت، لە ڕاستیدا (ئیحراج) دەبین دوایی مەوقعی یاسا لە کوێیە؟، زۆر ناخۆشە جەنابی سەرۆک بارزانی

لەم هۆڵەدا چەند جار تەئكيد بكات و بڵێت كەس لەياسا باڵا دەستتر نەبێت، بەڵام من نووسراوێكم بۆ دێ دەڵێ بەدەر لە ياساى ژمارە ئەوەندە ئەمە كراوە، مرۆڤ تووشى ئيحراج دەبێت بۆيە من لەگەڵ ڕێزو تەقديرمان لە سەرۆكايەتى بەتايبەتى بۆ كاروبارى ليژنەى دارايى و ئابوورى هەميشە ئێمە هاوكارو پشتيگرى بووين و پشتگيريشى لێ دەكەين، چونكە خۆى ماندوو دەكات و، لەو ليژنانەيە كە جێگاى تەقديرن لەگەڵ ليژنەى ياسا، ئێمە هەميشە تەئكيدمان لەسەر ڕۆڵى ئەوان كردووە هيواداريين لەمەو دوا ڕەچاوى ئەم خاڵانەمان بۆ بكات و، زياتر بەدواداچوونى هەبێت و، زياتر چاودێرى هەبێت و، زياتر لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا تێكەڵ بێت، ديسان جەخت لەسەر كۆمەڵێك خاڵ دەكەينەوە كە ئەورۆژە پێكەوە دانيشتين و تەئكيدمان لەسەر كردەوە، ئێمە سوپاسى كاك جەميل و كاك بورهان دەكەين بۆ ئەم وەڵامانەيان.

ليژنەى ناوخۆ كەرەم بكەن.

**بەڕێز كانەبى عەزيز ئەحمەد:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئێمە لە ليژنەى ناوخۆ ئەگەرچى موتابەعەو سەردانمان بۆ وەزارەتى ناوخۆ زۆر نييە، بەڵام زۆر جار سەردانى بەڕێز وەزيرى ناوخۆ و بەرپرسانى ترمان كردووەو، هەروەها سەردانى فەرمانگەو دەزگايەكانى سەر بە وەزارەتى ناوخۆشمان كردووە، هەر بابەتێكيشمان بۆ ڕەوانە كرابێ يان هەر بابەتێكيشمان پێ گەيشت بێ سەبارەت بە كاروبارى ناوخۆ كۆبوونەوەمان بۆ كردووە و ڕاپۆرتى ليژنەشمان پێشكەش كردووەو، بەو بۆنەيەوە عەرزتان دەكەم كە پێش ماوەيەك ڕاپۆرتێكمان بە هەموو مونجەزات و چالاكييەكانى ليژنە پێشكەش كردوو و زانيارى پێويست دەربارەى تەعريب كردنى زەوى و زارى مەخموور بەدرێژى پێشكەش كرا، بەم بۆنەيەوە بە پێويستى دەزانم كە ئەوە بخەمەروو كە ليژنەكەمان گرفتێكى هەيە ئەويش ئەوەيە كە برادەران ئەندامانى ليژنە ئەوەى ڕادەسپێردرێت بۆ كاروبارى (موقەرير) ئيعتزال دەكات و پێشى خۆش نييە بەو كارە هەڵبستێ، لە دواييدا عەرز دەكەم كە ئێمە بێگومان ئامادەين بۆ جێبەجێ كردنى هەر ڕێنماييەكى بەڕێز سەرۆكايەتى پەرلەمان لەگەڵ ڕێزماندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

ئەوانەى كە تێبينيان هەيە لەسەر ئيشوكارى ليژنەى ناوخۆ حەز دەكەين ناونووسيان بكەين، (كاك محەمەد حەسەن باڵەتە، كاك شەفيق ئەمين). كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ليژنەى ناوخۆ، لە قسەكەياندا هات دەڵێن ناوچەى مەخموور تەعريب كراوە من يەك تكام هەيە لە ليژنە ژمارە و بەروارى ئەو بڕيارەى (مجلس قيادەى ثورە)مان بۆ بێنن لەگەڵ ژمارەى (قطعە و مقاطعەكان) لە مەخمووردا تا ئێمە بتوانين پشتگيريان لێ بكەين، سوپاس.

**بەڕێز کـــانەبی عـــەزیز ئەحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

ئەم بڕیارە لای ئێمە نییە لە بەغدا دەرچووە دەبێ پەیدای بکەین، لە ڕاستیدا دەرچووە، بەڵام سەبارەت بە موقاتەعەکان دەتوانین لە ناوچەکە وەربگرین، پرسیار لە تاپۆ دەکەین و بۆتانی دەنێرین، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

سوپاس کاک کانەبی، کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێـز شـــەفـــیـق ئـەمـین:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

کاک کانەبی فەرمووی موقەرریر کە ئەو ڕۆژەی ئەو کارەی پێ دەسپێردرێ را دەکات لە بەرپرسیەتی، بەڵام ئایا لیژنەی ناوخۆ تا ئێستا ئیشوکاری کردووە؟ منی ئاگادار کردۆتەوە؟ ئەگەر چوویێ بۆ هەر لایەک بەمنی گوتووە؟، هەموو برادەران دەزانن من لەبەیانیەوە کە ئامادە دەبم لە پەرلەمان تا دەوری سەعات یەک لێرەم بە شایەدی هەموویان، ڕۆژێک بەمنی نەگوتووە ئەرێ موقەریرەکەی من تۆ بۆ ئامادە نابی؟ چ پشکنینێکت کردووە چوویت بۆ کوێ من لەگەڵتا نەهاتبم؟، ئەو لیژنەیەی ئێمە چ چالاکییەکی هەیە؟ ئیشی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

سوپاس، کاک کانەبی ئاغا فەرموو.

**بەڕێز کـــانەبی عـــەزیز ئەحـــمـــەد:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

من ناوی کاک شەفیقم نەهێناوە، گرفتەکە ئەوەیە کەس حەز لە کاری موقەریری ناکات، کەس نییە بەو ئەرکە هەڵستێ، دوایی زۆر تکامان لێ کرد ئینجا رازی بوو، لیژنەش بێ موقەریر نابێت، هەتا ویستم نووسراوێک بۆ سەرۆکایەتی بنووسم داوا بکەم کاتبێکمان بۆ دابمەزرێنێ، دوایی ئێمە پێمان گوتووە ئەوە ئەوراقەکان فەرموو ڕێکیان بخە، من مەبستم تەنیا لە تۆ نییە ئەمە هەر لەسەرەتاوە وایە هەر هی ئێمە وانییە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

سوپاس کاک کانەبی، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جـــەعـــفـــەر شـــێخ عـــەلی:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن.**

ئەگەر ماوە بدەیت من لەسەر بابەتی موقەریر قسە دەکەم بەڕاستی من لەسەرەتای پەرلەمانەوە موقەریر بوومە، من وا دەزانم موقەریری کارێکی زیادە، چونکە بەڕاستی لەگەڵ ڕێزمدا بۆ سەرۆکی لیژنە موقەریری بە کاتیب دادەنێت هەڵسوکەوتیان وایە دەڵێت برۆ فلان شت بکە، برۆ

فلان راپۆرت بێنە یانی لێپرسینەوەیەکی وای دەکات وەکو نووسەرێکی ژێر دەستی خۆی تەماشای دەکات رێزم بۆ کاک کانەبی من مەبەستم ئەو نەبوو من لەگەڵ برادەرانی ترمە، وائەزانێ نووسەرێکەو لەگەڵی دانراوە، من پێشنیار دەکەم موقەریری هەڵبگیرێ سەرۆکی لیژنە دوو ئیمتیازی گەورەی بۆ دانراوە یەکەمین سەرۆکی لیژنەیە سیفەتێکی مەعنەوییە بۆی، دووەمین دەرماڵەیەکی زیادی هەیە، لەبەرئەوە پێشنیار دەکەم ئیشوکاری موقەریر سەرۆکی لیژنە بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرماڵە هەڵگرین باشترە بۆ ئەم مەسەلەیە، چونکە بۆتە گرفتێکی هەرە گەورەی ئێمە، لەسەرۆکایەتی پەنا بەخوا بڕیارێکی لێ دەدەین بەهەر حاڵ موقەریر نووسەر نییە، موقەریر ئەندامی لیژنەیە وەکو هەموو ئەندامەکانی لیژنە، مافی موقەریر تەنها ئەوەیە ئەو خاڵانەی کۆبوونەوە ئامادە دەکات، دیراسەتی دەکات و دەیخاتە پێش چاوی لیژنەوە، باوەڕ ناکەم گیروگرفتەکانی لیژنەی ناوخۆ کەمتر بێت لە گیروگرفتەکانی لیژنەکانی تر، لیژنەی ناوخۆ ئەرکێکی یەکجار زۆری لە ئەستۆیە بەتایبەتی لەو وەزعەی ئێستای هەرێم، کۆمەڵێک گرفت هەیە، کۆمەڵێک شت هەیە بەداخەوە لیژنەی ناوخۆ لێرەیە هەتاکو ئێستاکە هەست ناکەین بەتایبەتی لەو-خولەی کە چوو وەکو پێویست تەفاعولیان کردبێ لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا و بەردەوام پەرلەمان و لیژنەکانی پەرلەمان و، ئەندامانی پەرلەمانیان خستۆتە ئەو سورەتەی کە ئەرکی سەرشانی ئەوانە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین لیژنەی ناوخۆ هەر ئەوە نییە سەردانی وەزیر بکات، ئەگەر مەسەلە تەنیا سەردان و تەلەفۆن بێت ئاسانە، وابزانم وەزعی ئەمنیمان، ئەو خروقاتانەی کە ئەکرێت، ئەو گیروگرفتانەی کە هەیە ئەو بارودۆخەی کە ئێمە هەمانە ئەرکێکی راستەوخۆی لیژنەی کاروباری ناوخۆیە کە بەدوای دا بڕوات و بەردەوام بێت، جا چ لە رێگای پرسیارەوە بێت و، چ لە رێگای موتابەعەوە بێت و، چ لە رێگای خستنەرووی راپۆرتەوە بێت، ئێمە تەسەور دەکەین ئەوە کەموکورییەکەو هەیە ئێمە ناتوانین بەنەبوونی موقەریر بیبەستینەوە، چونکە ئەوە ئیشی موقەریر نییە و دوورە لە ئیشی موقەریر. هەتا ئێستاش لە وڵاتی ئێمە بۆ نموونە مۆڵەتی سیاقە هێشتا هەرێمی کوردستان ئەسڵەن تیایدا نییە!!.

رسمەکانی مۆڵەتی شوفێری (سوق) کە وابزانم ئێستا سەر بە مرورە، حەز دەکەم لیژنەی ناوخۆ تەماشای بکات چی کردووە لەم بارەیەوە؟ئەکرێت ئێمە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەبێ وەزارەتی ناوخۆمان هەبێت بەڕێوەبەری هاتوچۆمان هەبێت و پۆلیسی هاتوچۆمان هەبێت کەچی بۆ تاکو ئێستا روخسەتی لێخورین هەر هەمان کلیشەو ناو و رەسمیاتی حکومەتی مەرکەزی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بێت؟، ئەمە کەم نییە، لە راستیدا با لیژنەی ناوخۆ ئەم مەسەلەی زۆر بە جدی تر وەرگرتبایە هەر هۆیەک هەبوایە، ئەگەر (عوزر) تەنیا ئەوەیە دوو رانەر (سایەق) هاموشۆی ئێرەو موسڵ دەکەن، هامۆشۆی ئێرەو کەرکووک دەکەن ئەو سایەقانە

بابچن بۆ خۆیان مۆڵەتی شوفێری لە بەغدا دەرکەن، بەڵام هەزارەها کەسمان هەیە لە کوردستان و هاتووچۆی بەغداش ناکەن و ڕوخسەتیشیان هەیە کەچی بۆ لەنزیک یا لە دوور موركی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێوە نەبێت؟ ئەمە بەڵگەنامە (وثیقە)ێکی مێژووییە ئەم مەسەلانە زۆر زۆر گرنگن ئێمە بیانگۆڕین، تا ئیستا نووسراوە(الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية، مديرية المرور العامة)، یان ئێستا بیستوومانە، بەڵکو ڕاستیش نەبێت ئێستا ڕسمەکانی مۆڵەتەکان زیاد کراوە؟ کاک نیهاد فەرموو.

پێمان باش بوو بزانین ئەو ڕسمانە کە وەزارەتی ناوخۆ دەیکات لەسەر چ بنەمایێکە؟، ئەم مەسەلانە ئایا وەزیری ناوخۆ ئاگادارە لێیان؟ پرسیاری لێ کراوە؟، گفتوگۆی لەگەڵدا کراوە؟، بەدەیەها شتی وامان هەیە لە ڕاستیدا ئەمەی باسم کرد تەنها نموونەیەک بوو.

کاک شەفیق ئەمین فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەودواییەی کە هەندێ ئوتومبێل هاتن وەزارەتی ناوخۆ تەعمیمێکی دەرکرد بۆ ئەو ئوتومبێلانەی ژمارەیان (ادخال گومرگی مؤقەتن) هەر لە خۆیانەوەو بەبێ هیچ یاسایەک بۆ هەموو جۆرە ئوتۆمبێلەکان ئەمەیان کرد، بۆ نموونە قەمەرە (٣٥٠)، لۆری (٧٥٠) فلان ئوتۆمبێل هەزار و قسور، بێ ئەوەی کەوا سەرچاوەیەک، یاسایەک هەبێت لە خۆیانەوە لە پاشانیش شتەکەیان هەڵگرت، ئێستا ئەو ئیدخالەش نەماوە یانی دەبوایە لەپێشدا دیراسەت بکرابایە و، پەرلەمان ئاگادار بکرابایەوە بۆئەوەی یاسایەک هەبێت بۆ ئەم ژمارەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عوسمان دزەیی فەرموو.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موعامەلەیەکی تر هەیە لە دائیرەی مرور ئەگەر کوڕێکی دیکەم هەبێ لە (١٩٩١) عومری (١٧)ساڵ بوو بێت و(١٨) ساڵ نەبووبێ، ئێستا هەر شتێکی کە بزربووە یان دزراوە یان نەماوە بەناوی ناکەن و، دەگەڕینەوە سەر ساڵی(١٩٩١) ئەگەر لەو ساڵەدا کوڕەکەی من (١٨) ساڵ بووبێ کچەکەی من (١٨) بوو بێ مامەڵەکەی بۆ دەڕوێنن، ئەگەر لە تەمەنی (١٦ـ ١٧) بوو بێ مامەڵەکەی ناڕوێنن، یانی تاکو ئێستا مامەڵە لەگەڵ ساڵی (١٩٩١)دا دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەو بابەتە باش تێنەگەیشتم.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە ساڵی (١٩٩١) و (١٩٩٠ / ١٩٨٩) ترۆمبێلێکم بەناوی کوڕێکم کردووە تەمەنی پێنج

ساڵ بووه شەش ساڵ بووه یاخود دە یان یانزە ساڵان بووه ئێستا بچی مامەڵەی بزربوونی ئەم ترومبێلەی یان بزربوونی ساڵانەی (سنوی) خۆی بکات لێی قەبوول ناکەن ئەگەر ساڵی (١٩٩١) تەمەنی (١٨) ساڵ نەبووبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هۆکارە پێویستییەکانی ئەمە چییە؟.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئیحتماله ماددەیەکی یاسایی بێت من هیوادارم لیژنەی ناوخۆ و یاسا دوایی ئەو گیروگرفتەمان بۆ چارەسەر بکەن، دەکرێ مرۆڤ تەمەنی پێنج ساڵان بووبێت سنوی سەیارەکی بەناو بووبێت؟ مادام ئەمە ئەبێت بۆ ناکرێت؟.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەڵی برۆ مامەڵەی بزربوون بکە لە دادگا و ئەوجا بیباتە مرور، مرور تەماشای تۆمارەکەی بکات بۆی ناکەن و دەڵێن لەبەرئەوەی ساڵی (١٩٩١) تۆ تەمەنت (١٨) ساڵان نەبووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پاساو (موبەریرات) چییە بۆ ئەوە؟.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نازانم هەر ئەوها دەڵێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس من وادەزانم دیاردەی وا لەدامودەزگاکانی ئێمەدا زۆرە، بۆیە جارێکی تر دووپاتی دەکەینەوە لیژنەپسپۆڕەکانی ئێمە هەر یەک لە مەیدانی خۆی تۆزێک زیاتر خۆی ماندوو بکات موتابەعەی باش بکات و بتوانێ پەیوەندیی لەگەڵ دامودەزگاکان و هاوڵاتیان بکات کۆمەڵێک گیروگرفتی وا کە دێتە پێش ئەتوانێ لە ڕێگای ئوسوڵی خۆی چارە بکرێت، چارەسەری بۆ بدۆزینەوە، ئەو گیروگرفتانە هەمووی قابیلی چارەسەرکردنن، کە مرۆڤ بێ دەنگ بوو لە گرفتێک مانای ئەوەیە دروستەو کەس دەنگ نەکات وا دەڕوات، لیژنەی ناوخۆ لەو بوارەدا کۆمەڵێک مەحاور هەیە بەتایبەتی لەم خولەی کە چوو، خۆی لە قەراغیشی نەداوە و حەق نییە وا بکات بۆیە ئەمە یەکێک لەو تێبینیانە کە هەمان بوو و دڵنیاشم کۆمەڵێک شتیش ماوە، ئەگەر چ تێبینی تر هەیە؟، کاک محەمەد سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پرسیارەکەی کاک عوسمان وەڵامەکەی دیارە کە دەڵێت لە پێش ساڵی (١٩٩١) قاسیر بووە ئێستا فەرمانگەی مرور حەق وایە تەماشای (هەویەی ئەحوال مەدەنی) بکات، ئەگەر ئێستا (١٨) ساڵی تەواو کردبێ ئەو کەسە بالیغەو بالیغیش هەموو مافێکی بەموڵک کردنی هەیە و هەقی کڕین و فرۆشتنی هەیە، بەڵام فەرمانگەی مرور تەجمیدی تێپەڕ بوونی ئەو تەمەنەی کردووە، یانی حسابی نەکردووە پاش ساڵی (١٩٩١) تاکو ئێستا کە هەشت ساڵە ئیزافەی ناکاتە سەر ماوەی قاسیری، ئەو کاتە کە قاسیر بوو ئێستاکە (٨) ساڵ هاتۆتە سەری و بالیغ بووە، مرۆڤی بالیغیش هەموو مافێکی هەڵسوکەوتی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوان ئەوە ناکەن؟.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

هەقی موراجەعەتی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەقی هەیە، بەڵام هەندێ جار هەق خوراوە. سوپاس. لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و پلان و ئاوەدانکردنەوە، فەرموون.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکەم:ئەو ئیشوکارانەی کە هەیانە لەسەر بوودجەی ئاسایی بە بوودجەی هەر ئیشێکیانەوە، دووەم: ئەو ئیشوکارانەی کە هەیانە لەسەر بوودجەی نەخشە بە بوودجەکانیانەوە. سێیەم: ئەو ئیشوکارانەی کە هەیانە لە سەر بڕیاری(٩٨٦). چوارەم: هەر ئیشوکارێکی تر بۆ هەر لایەنێکیان وەزارەتێک ئەنجامی دەدات. لە ئەنجامی پەیوەندی کردن لەگەڵیاندا چەند جارێک هەتاوەکو ئێستا ئەوشتانەیان نەداوینەتێ، پاساوی ئەوان ئەوە بووە کە تاوەکو ئێستا بوودجەکانی نەخشە و ئاسایی دەرنەچووە و، لەم دواییەدا هەندێک لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و، وەزارەتی ئەشغال و نیشتەجێ کردن چەند نامێلکەیەکیان بۆ ناردووین لە ڕێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێزەوە، کە ئیشوکارەکانیان تیایدا دیاری کردووە، بەڵام ئەوانەی کەبۆیان ناردووین هی ساڵانی پێشووە کە هەیان بووە و، هەندێکیان تەواو بووە و، هەندێکیان ماوەتەوە بۆ ئەمساڵ، ئەوەی کە خەرجی ئەم ساڵەی تیایدا نییە، پەیوەندیمان بە بەڕێوەبەرایەتیەکانیانەوە کردوە بۆ ئەوەی زانیاریمان سەبارەت بە بڕیاری(٩٨٦)بدەنێ، تاوەکو ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبا لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیانەمان لەسەر بڕیاری (٩٨٦) زانیاریان پێمان داوە کە یەک و دوو و سێ و چوارە - چییان بۆ دانراوە وچیان کردوە ئەوی تازەپێمان گەیشتووە هەتا ئێستا نەمان کردووە بە ڕاپۆرت بۆ

بەڕێزتان، لە بارەی کارەبای تازەوە کە (٤) ئەمپێرە ئێمە پەیوەندیمان کرد بە وەزارەتی پیشەسازی ووزەوە ئەوانیش پیان وتین کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی و بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر ئەزانیت چوونە، ئێمەش پەیوندیمان پێوەکردن ئەوان ئەڵێن گوایە هەموو ماڵێک (٤) ئەمپێری ئەدەنێ و ئەو (٤)ئەمپێرە لە ڕێگای مقاولیلەوەیەو، هەموو ماڵێک(٣٥) دینار بۆ ئەو چوار ئەمپێرە دەدات، ئەوەش (٢٢) دیناری بۆ حکومەت ئەبێ و (١٣)دیناریشی بۆ مقاولەکە ئەبێت، مقاولەکە خەتێکی تایبەتی را ئەکێشێ بۆ هەر شوێنێک بلێین بۆ هەر (١٠) ماڵ خەتێکی بۆ رائەکێشێ و سنوقێکی بۆ دائەنێت لەوی فیوزی تیا ئەبێت ئەو فیوزانەی لێ ئەبەستێ و، ئەگەر فیوزێک سووتا مقاولەکە ئەبێت هەمیشە خەڵکی هەبێت بۆ ئەوەی سەنووقەکان بەسەرکەنەوە و، فیوزەکەیان بۆ بگۆڕن، جا بۆ ئەوەیە مقاولەکە مانگی (١٣) دینار لە (٣٥) دینارەکە وەردەگرێت (٢٢) دیناریش حکومەت وەریدەگرێت، هەندێ کەس بۆ ئەوەی بەشی نەکردون گوایە ڕێککەوتون و لە (٤)ئەمپێر زیاتریان راکێشاوە، بۆ نموونە ماڵێک چووە دوو خەتی وەرگرتووە وتویەتی دووماڵین ئەما ئەوان یەک خەت ئەدەن بە ماڵێک. لە بارەی نرخی کارەباوە ئێمە داوامان لێ کردن کە نرخی کارەبامان بدەنێ هی پێشی راپەڕین ئەوانیش نرخەکانیان داینەتێ لە ١٩٨٦/٨/١وە و بەڕێوەبەرایەتی پیشەسازی نرخی کارەبای گۆڕیوەتە جۆرێکیتر ئەوەمانیش هەر هەیە و، هی ماڵەکان و کارگە و فەرمانگەکانیش، تازەوەرمان گرتووە بەم زووانە دەیخەینە پێش چاوی بەڕێزتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ناوەکان بنووسین، کاک شیروان فەرموو.

**بەڕێز شیروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی قیرتاو کردنی ڕێگای هەولێر ـ سەلاحەدین کە لە لایەن وەزارەتی ئەشغالەوە ساڵێک لە سەر دەست پێکردنی تێنەپەڕیوە، بەڵام ئێستا کە تەماشای دەکەین قیرەکەی هەڵی داوەو، نازانین لیژنەی پیشەسازی هیچ بە دوای ئەو مەسەلەیەدا چووە؟ لە کاتێکدا کە ئێمە زانیاریمان وەرگرتوە کە پاش ئەوەی قیرەکە لە تاقیگەدا تاقی کراوەتەوە دەرکەوتووە کە بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت، جەز دەکەین لیژنەی پیشەسازی ئەم مەسەلەیەمان بۆ روون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەفیق ئەمین فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان قسەکانی کاک شیروان دەکەمەوە، هەتاوەکو ئێستا ئەو لیژنەیەی کە ئیشەکانیان

کردووە زیاتر لە (٧) ملیۆن و نیو دینار زیانییان داوە کە لە میانی (٣) کیلۆ مەتر لە جادەکە زیاتر لە (٩٠) چاڵی تیادایە، ئەو لیژنەیەی پەرلەمان کە چوو بۆ ئەوێ بزانیت ئایا چی کراوە و چی نەکراوە، پرسیارێکیان لەو ئەندازیارانە کردووە کەوا ئەم جادەیە بۆ وای لێ هاتووە؟، هەروەکو کاک شیروانیش باسی کرد لیژنەی تاقیگە کاتی کە وتیان ئەو قیرە بەکەڵک نایە، ئەی چۆن کردوویانە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کارەبای (٤) ئەمپێرییەوە، لیژنەی پیشەسازی و وزە فەرموویان کەوا وەزارەت زۆر ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نین و، ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێرەوە هەیە، ئایا بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەولێر چەند ئەندازیارێک ، یا سەرپەرشتیارێکی تەرخان کردووە بۆ ئەوەی ئاگایان لەو سەنووقانە بێت کە لە کۆڵانەکانا دایان ناون؟، من باسی گەرەکی خۆمان دەکەم کەوا سنوقەکە بریتیە لە پارچە تەختەیەکی نزم کە منالآنی گەڕەک بەهەوەسی خۆیان دەستکاری دەکەن و، لە بێ شانسی جووتیارەکان و لە بەختی موقاولەکانە کە باران نابارێت، ئەگینا چەندەها کەس کارەبا دەیکوشتن، ئەمە لەلایەک کە بە هەوەسی خۆیان یاری بە خەڵک دەکەن.

لە لایەکی تریشەوە وتیان دەبێت ماڵەکان تەنها وایەر بکڕن و ئیتر خۆیان دێن و بۆیانی دەبەستن، بەیانیانێکی کە هەستام و هاتمە دەرەوە بینیم کۆمەڵێک خەڵک وەستاون وتیان منداڵێک لەسەر ستوونێک بەر بۆتەوە ئەویش لەبەر ئەوەی کە ویستویەتی کارەبا بکێشێت، باشە نابێت موقاولەکە بە وایەری خاوەن ماڵەکە خۆی کارەبا بۆ ماڵەکان بکێشێ!؟،ئێستاش فیلێکی تر خاترو خوایشیت هەیە لە ئەمپێرەکان ئەو ماڵەی کە دەیناسن تێلێکی ئەستوری بۆ دائەنێن، دوێنێ من خۆم چوومە سەر یەکێک لە سنووقەکان دەبینم ماڵێک هەمیشە تاریکە ئەویش دەڵێن شەوی دوو سێ جار کارەباکە دەبڕێت، وتم بابێم سەیری سەنووقەکە بکەم، باوەڕکەن ئەو تەلەی کە بۆ ئەو ماڵەیان داناوە لە تاڵی پرچی من باریک تر بوو، بەڵام ئەوانی تر ئەستوور بوون، پرسیارم کرد باشە ئەوە بۆ وایە؟ وتیان ئەوە شەو ئەندازیارەکە ئەم تەلەی بۆ هێناوین، وتم باشە ناوی ئەندازیارەکەم بۆ بێنن، خۆزگە رەچاوی ئەم بابەتەش کرابایە، ئەندازیارێک دادەنریت، یا بەڕێوەبەرایەتی کارەبا سەرپەرشتیارو ئەندازیاری هەبێت بەسەر ئەو گەرەکانەدا، چونکە بەراستی ئەمە زەرەروزیانێکی زۆر دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم( د. رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بوارم بدەن چەند پرسیارێک لە لیژنەی پیشەسازی و وزە بکەم سەبارەت بە کارەبای (٤) ئەمپێری کەوا لە هەولێر کراوە و، نرخیشی (٣٥) دینارەو خەڵکی گلەیی و گازندەی هەیە لەسەری، ئایا لە دهۆکیش دەتوانین ئێمە هەمان پرۆژە بکەین؟ و ئێمە ئامادەین سێ بەرامبەری ئەو برە پارەیەش بدەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرسیارە پەیوەندی بە وەزیری پیشەسازییەوە هەیە و پەیوەندی بە لیژنەوە نییە تکایە لە ئیشوکاری لیژنە بکۆڵنەوە ئیشی کردوە، یا ئیشی نەکردووە؟ ئەمە هەڵسەنگاندنی ئیشی لیژنەکانە، بۆ ئەوەی لیژنەکانی ئێمە خۆیان ببیننەوە و، بزانن وەزعیان چۆنە؟، ئەگەر ئێمە خۆمان گەلەییمان لە خۆمان هەبێت، ئەبێت خەڵک چەند گلەییان هەبێت؟، فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم( د.رزگار):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دووەم، ئایا خەڵکی هیچ سوودی لێ دەکەن وەکو ئوتیچی و لە حیمچی و کاسب کارو خەڵکی هەژار؟ پرسیارێکیشم لە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە هەیە،ساڵی ١٩٩٨ کاتێ کە گفتوگۆی بوودجەمان کرد ئێمە فشارێکمان خستە سەر بەڕێز وەزیری دارایی بۆ ئەوەی رازی بێت لەسەر خەرج کردنی(١٠,٨٠٠,٠٠٠)دینار زیاد بکرێت بۆ رێگای (ئیفراز و دێی مرتیبا)، داوا دەکەم کە لیژنەی پەرلەمان لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەم مەسەلەیە بکات بۆ ئەوەی بزانین ئەم پرۆژەیە چی بەسەر هات وکەی دەستی پێدەکەن؟

هەروەها سەبارەت بە رێگای هەولێر - سەلاحەدین کەوا قیرەکەی هەڵی داوە لەوانەیە بەهۆی خراپی قیرەکەوە نەبێت، بەڵکو(فلیربوت)خراپ بێت، نەک قیرەکە وبووەتە هۆی تێکچوونی جادەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکە برگەیەکی باس نەکرد، ئەویش کاک حەمید لەبەر ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پیشەسازی لێرە پرسیاری لێ کرد کە مەسەلەی(٤)ئەمپێری تەنها بیرۆکەیەک بوو لێرە لە لیژنەکە، کاک حەمید بیرۆکەی سێرکت(قواطع)ی لێرە بۆ وەزیر باس کرد ئەویش بۆ چارەسەر کردنی کارەبای

هەولێر، جا لە لەخۆ بوردنەو بیرۆکەکەی بۆ خۆی نەگەڕاندە، هەروەها لیژنەکەمان لەگەڵ وەزارەتی مرۆڤایەتی هەوڵی داوە کە یاسایەک بۆ (Ngo) دانێین، بەلام تاوەکو ئێستا هیچیان بۆ پەرلەمان رەوانە نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد حەسەن فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حکومەتی ناوەندی زۆر یاسای کشتوکاڵی دەرکردووەو، زۆر رێنمایی ونیزامی هەیە کەوا زۆر ناڕەوایە بەرامبەر بە بەرژەوەندی هاووڵاتیان لەگەڵ بارودۆخی ئێستای ئێمەدا ناگونجێت، خاڵێک دەرچووە لە پەرلەمانمان کەوا وەزارەتی کشتوکاڵی لیژنەیەکی باڵا پێک بێنێت بۆ لێتوژینەوەی ئەو یاسایانە کە لەگەڵ بەرژەوەندی هاووڵاتیانی کوردستاندا ناگونجێت، بەپرۆژەیەک پێشکەشی پەرلەمانی بکەن بۆ ئەوەی هەموار بکرێتەوە، یا هەڵوەشێتەوە ولیژنەی کشتوکاڵی خۆی بۆمانی رەوانە کردووە کەوا ئەم بڕیارە جێبەجێ نەبوو، ئایا ئەم کارە لەلایەن لیژنەی پەرلەمانەوە لێی کۆڵراوەتەوە کە ئەم لیژنەیە دامەزراوە تاوەکو لە مەسەلەکە بکۆڵنەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا مەحمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە کارەبای(٤)ئەمپێری ئەوەی کە ئێمە ئاگاداری بین پارەکەی(١٥)دینار بۆ موقاول و(٢٠)دیناریشی بۆ حکومەتە، بەڕای من(٣٥)دینار بۆ میللەتی ئێمە زۆرە(١٥)بۆ مقاول پارەیەکی زۆرەو(٢٠)تیش بۆ حکومەت زۆرە، لە پێشان کارەبا بە تەواوی بە(٢٠)دینار بوو پاشان کرا بە(١٠)دینار ولە دوایشدا هەر هیچ وەرنەگیرا، ئەی لەسەر(٤)ئەمپێری بۆ(٢٠)دینار بێت و(١٥)دیناریش بۆ موقاول بێت؟، بەڕاستی ئێمەو خەڵکیش وا هەزر دەکەین کە لەوانەیە لە هەندێک جێگا لەگەڵ مقاولەکاندا شەریک بن، بۆیە ئەم برە پارە وەردەگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە خۆم ئەندامێکی ئەو لیژنەیەم، بەلام هەندێک روونکردنەوەم هەیە، یەکەمیان لەسەر نرخی کارەبایە، نرخی کارەباکە بەڕاستی لەلایەن وەزارەتەوە ناگۆڕدرێت، بەڵکو لیستێک پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت بۆ گۆڕینی نرخی ئەم کارەبایەو، ئەنجومەنی وەزیران

بڕیاری گۆڕینی دەدات و، ئەگەر سەیری کرێی کارەبا بکەین، نەک هەولێر بەڵکو لە هەموو جیهاندا، کرێی کارەبا دوو تێبینی لەسەر هەیە، یەکەمیان پێویستە نرخی کارەبا بە شێوەی (تەصاعدی) بێت، مەبەستم لە تەساعدی کارەباش ئەوەی کە باری کۆمەلایەتی ڕەچاو بکرێت، ئی وا هەیە هەژارە کارەبا کەم خەرج دەکات، پێویستە ئەوە نرخیکی کەمی بۆ دابنرێت و، هەروەها چینی ناوەندیشی هەیە کەوا کارەبا زیاتر خەرج دەکەن و، پاشانیش چینی پیشەسازی و کشتوکالی کە ئەوانە پرۆژەیان هەیە، ئەمانە سێ نرخی جیاوازن و، پێویستە لەبەرچاو بگیردرێت و، پێویستی بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران هەیە بۆ گۆڕینی ئەم نرخانە نەک بەشێوەیەکی سەرپێی، لە لایەکی تریشەوە لەسەر لیژنەکەی خۆمانە بە گوێرەی پێڕەوی ناوخۆ دەسەلاتی هەیە کە دەسنیشانی ئەندامان بکات و ئەو ئەندامانەی کە پسپۆرو شارەزان لەو لیژنانە دانرێن، ئەگەر خۆشیان نایانەوێ ئیش کەن ئەوە تەکلیفیان لێ بکرێت کەوا ئیش بکەن، بۆ نمونونە کاک شێخ جەعفەر ئەندازیاری کشتوکالیەو و شارەزاییەکی تەواوی هەیە، پێویستە لەو لیژنەیەدا بێت و ڕۆڵی خۆی بگێڕێت لەوانەیە ئەو سوودەی نەبێت ئەگەر لە لیژنەیەکی تردا بێت، لەوانەشە ئەویش هەندێک هۆی هەبێت کەوا لەو لیژنەیەدا کار ناکات، پێویستە ئێمە ئەم جۆرە خالانە ڕەچاو بکەین و بە پێی پسپۆری ئەندامانی لیژنەکە دابندرێن، داوا لەو شارەزایانە بکەین کە لەو لیژنانەدا ئەندام بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە کارەبای (٤) ئەمپێری بۆ شاری هەولێر و دەوروبەری، خۆی ئەمە پێشنیاری کاک حەیدەر بوو من ڕێزم بۆی هەیە، بەلام لێرەدا پێشنیارێکی بەڕێزتان بیر دەخەمەوە کە ئەویش، ڕاستی ئەم (٤) ئەمپێریە بۆ ڕووناکی پرۆژەیەکی زۆر باشە، بەلام عەدالەت لە دابەشکردنەکەی و لە نرخکەی دا نییە، وەکو جەنابت ئەو کاتە پێشنیارت کرد، ئەگەر بێت و ئەوەی، هەژارەو پێویستی بە کارەبایەکی زۆر نییە تەنها (٢) ئەمپێر بەشی دەکات و نرخەکەشی بۆ دیاری بکرێت، ئەوە (٢) ئەمپێری بدرێت بە مالی فەقیرو ئەوەی تریش کێ دەیەوێت زیادەکەی پێ بدرێت و نرخیشی دیاری بکرێت، بەم شێوەیە عەدالەتی زیاتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە کاری لیژنەکە، سوپاستان دەکەین بەراستی کاریان کردووە، بەلام هەندێک بە دوادا

چوونمان هەیە، بۆ نموونە، لە ناوشاردا هەندێ گۆڕەپان و جێگا هەیە وەکو ئاگەدارین چەند جارێک کەشفی بۆ کراوەو نەگەیشتووین بە ئەنجام وەکو ئەوەی پشتی گومرکە سووتاوەکە، گۆڕەپانێکی گەورەو فراوان و زۆر شوێنی تریش هەیە کە ئێمە شارەزای نین، خەڵکەکەی دەوروپشتی دەڵێن زۆر جار کەشفی ئەو گۆڕەپانە کراوە بەڵام قۆناخی کۆتایی راگیراوە و جێبەجێ نەکرا کە خەڵکی ئومێدێکی زۆری لێ دەکرد، سەبارەت بەو (٤) ئەمپێرەش دەوروبەر پێی نیگەران بن، یا رەخنەیان هەبێت، رەخنەکانیان جێگای خۆیەتی، بەڵام زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە دوعای خێر بۆ ئەو کەسانە دەکەن کە دەستیان هەبووە لە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە، چونکە بەلای کەمەوە ماڵە هەزارێک پارەی نەوت و فتیلەو بلور شکاندنێکی دەگەیشتە (٣٠ ـ ٤٠) دینارێک لە مانگێکدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تکایە ئێمە ئیشوکارەکانی لیژنەیەک هەڵدەسەنگێنین، جا بچنە ناو بابەتەکانەوە، فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمەش یەکێکە لە ئیشوکارەکانی لیژنەکە کە داویەتی بە وەزارەت و جێبەجێ کراوە، بەرای من ئیشێکی زۆر باشە، تەنها ئەگەر هەندێک بەدوادا چوون هەبێت و، لیژنەی پسپۆر هەبێت بۆ چاودێری کردنی کابینەکان من وا دەزانم ئیشێکی زۆر باشە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەراستی نرخی کارەبا چەندەو چەند بێ ئەمە ئیشی لیژنە نییە، بەڵکو لیژنە ئیشوکارەکانی خۆی پێش چاو دەخات وئەگەر تێبینیەکتان هەیە ئەوە دەری ببڕن، چونکە ئێستا ئێمە موحاسەبەی لیژنە، یا حکومەت ناکەین هەموو ئەم پرسیارانە پەیوەندی بە حکومەتەوە هەیەو هیچ پەیوەندییەکی بە ئیشوکارەکانی لیژنەوە نییە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە ئێوە ئیشوکارەکانی خۆتان ببیننەوە وەکو لیژنەکان، وەکو پەرلەمان زۆر گلەیی لە حکومەت وئیدارات وخەڵک دەکەین، بەڵام خۆمان گلەیی لە خۆمان ناکەین وخۆمان نابیبنینەوە، ئەمە لیژنەیەکە پێی دەڵێن لیژنەی پیشەسازی وکشتوکاڵی وئاوەدانکردنەوە وئیشغال چوار پێنج کەرتی گرنگی تیادا هەیە، هەموو ئیشەکەیان لەیەک خولی تەواودا تەنها ئەوە بوو دوو پرۆژەیان بۆ هاتووە و، رایان لەسەر داوە وچوونەتە سەردانی وەزارەتێک و داوایان راستەوخۆ لە وەزیر کردووە بۆمانی بنێرن، ئەگەر تەماشاکەین ئەمە هەموو ئیشێکی لیژنەکەمان بووە، ئەو کەموکوریانەی کە ئێوە ئێستا باسی دەکەن ئەوە ئیشی هەموومانە وەکو ئەندامانی پەرلەمان جادەیەک دەبینین تێکچووە، هەر رۆژی یەکەم لەسەری بوەستین وبیکەین بە هەراو بێن لێرە لەگەڵ لیژنەی خۆتان کۆبنەوە وباسی بکەن، ئەو کاتە ئێمەش ئەیدەین بەلیژنەی پەیوەندارو لیژنەکەش ناچار دەبێ بروات وئیشی بۆ بکات، ئیشەکان هەمووی بەیەکەوە گرێ دراون تەنها من دەمەوێت کۆی ئیشەکە دیار بێت کە ئەویش

پێک هاتووە لەچەند سەردانێک وچەند پرۆژەیەک و، ئەم هەموو باس و گلەییانەی ئێوەش راستە ئیشی هەمووتانە لە لایەکی تریشەوە لە میانی ئەرکەکانی لیژنەن، کێ دەزانێ چەند گوندمان ئاوەدانکراوەتەوە؟ کێ دەزانێ تەکلیفەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانمان چەندە؟ کێ دەزانێ ئەو گوندانەی کە ئاوەدانکراونەتەوە حکومەت کردوویەتی، رێکخراوەکان کردوویانە، یان خەڵکی گوندەکە خۆیان کردوویانە؟ کێ دەزانێ چەند گوندمان تاوەکو ئێستا ئاوەدانکراوەتەوە؟ چەند کیلۆمەتر جادەمان ئەمساڵ قیرتاو کردووە؟ چەند جادە ئێمە کردوومانە وچەندی رێکخراوەکان کردوویانە؟ چەند پێشێلکاری پرۆژەکان کراوە؟ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان و زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگاداریان نییە، دەبێت هەموو ئەندامێکی پەرلەمان ئەم جۆرە زانیاریانەی لا هەبێت، باشە ئێمە پار چەند نەمامان چاند؟ قسەکانی سەرۆک بارزانی لێرەدا لە گوێی ئێمەدا دەنگ دەداتەوە، ئەڵێت ئێوە شت دەکەن، بەڵام کەس نازانێ، خەڵکی پرسیار دەکەن و دەڵێن، ئێوە پار جادەی هەڵەبجەتان کردەوە و، دارتان چاند، باشە بۆ ئەم ساڵیش دیسانەوە دار دەچێنن، ئەمە بەراستی کەموکوڕی راگەیاندن و ئیدارەی ئێمە دەردەخات، ئەم بابەتانە بەراستی ئێشوکاری ئێمەیە، بۆیە ئێمە هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کەوا ئەندامانی پەرلەمان دەبێت بەدوای مەسەلەکاندا بچین، مەرج نییە تەنها بە شوێنی سلبیاتی وەزیر و ئیشی وەزارەتەکاندا بچین، ئەوە باش نییە، ئەبێت ئێمە کارێکی وا بکەین کەوا پرسیاری ئیجابیش لە وەزیرەکان بکەین بۆ ئەوەی بێت لێرە قسەبکات و خەڵکی گوێی لێ بگرێت، کە چ دەسکەوتێکمان بۆ خەڵکی هەیە، بەداخەوە هەندێک لە پەرلەمانتارەکانی ئێمە وابیر دەکەنەوە کە تەنها دەبێت ئێمە پرسیاری سلبی لە وەزیرەکان بکەین و، هەڵەیان لێ بگرین و، لە ئیشوکارەکانیان بکۆڵینەوە، بەڵام دەبێت بۆ لایەنە چاکەکەش دەسخۆشیان لێ بکەین و، ئەو بوارەیان پێ ببەخشین کە بێن لەم سەکۆیەدا باسی کارو کردەوەکانی خۆیان بکەن، باسی ئەوە بکەین کەوا ئەم ساڵ چەند نەمامان چاندووە و چۆن ئەم شارەمان سەوز کردووە، چەند گۆڕەپان و جادەمان چاک کردووە، هەتاوەکو پرۆژەی کارەبای(٤)ئەمپێریش سەرەڕای ئەو تێبینیانەش کۆمەڵێک ئیشی ئیجابیشی لەگەڵدایە، دەگەڕێمەوە بۆ هەمان رخنەی خۆمان، یاخود رای خۆمان بەرامبەر بە لیژنەکانی خۆمان، لیژنەکانی ئێمە لەبەر کۆمەڵێک هۆ بێدەسەڵاتن بەرامبەر بە پرسیارەکان، بەرامبەر بە پرسیاری ئەندامانی ئێمە، بێدەسەڵاتن لەبەر ئەوەی وڵامیان پێ نییە، یاخود بە چاوپێکەوتنێک ،یا تەلەفۆنێک پشتیان بەستووە وتەواو، نەخێر دەبێت ئەم بابەتانە جارێکی تر لێتوێژینەوەی لەسەر بکرێت و، بارودۆخی خۆمان ببینین کەوا دەکرێت لیژنەیەک لە خولێکی تەواودا تەنها چاوەڕێی ئەوە بکات کە تەلەفونێکی بۆ بکرێت؟، یا پرۆژەیەکی بۆ رەوانە بکەیت؟، یا سەردانێک بکات، یا بروات یەخەی وەزیرێک بگرێت و پێی بڵێت چیت کردووە بۆمی رەوانە کە، نەخێر تۆ رێگای ترت هەیە، تۆ پیرەوێکی ناوخۆت هەیە کە هەموو رێگایەکی بۆت دیاری کردووە، کە چۆن بە رێگای رەسمی چیت دەوێت وا ئیش کەیت، بۆ بە تەلەفۆن داوا لە بەڕێوەبەرێکی گشتی دەکەیت کە

زانیاریت بۆ ڕەوانە کات؟، ئەویش نایێنیری چونکە لەوەیە لەبیری بچێت، تۆ ڕێگای پرسیارت هەیە، ڕێگای پشکنینی مەیدانیت هەیە، تۆ کەناڵی تایبەتی خۆتت هەیە، دەبێت بەو کەناڵانەی ئیشەکانت بکەیت، نابێت ئەندامی پەرلەمان تەنها پشت بەوە ببەستێت کە شتت بۆ بێت، بەڵکو دەبێ خۆشی هەوڵ بدات، بەڵکو دەبێت ئێوە خۆتان بچن خەڵک ببینن و، لێیان بپرسنەوە، ئەگەر ئێوە واتێبگەن کە فەرمانبەری مەکتەبین و، لێرە لە پەرلەماندا دانیشین و خەڵکی بە پێی خۆی سکالاکانیان و ئیشوکارەکانیان بۆمان ڕەوانەکەن، ئەوە دەبین بە فەرمانبەر و پەرلەمان دەبێت بە فەرمانگەیەک، کە ئەمە لە گەڵ ئیشی ئێمەدا هەرگیز ناگونجێت، ئەندامی پەرلەمان دەبێت لەگەڵ گیروگرفتەکانی خەڵکدا بژێت و، بەدوایاندا بچێت ، وەکو ئێستا دەبینن کە لیژنەیەکی وا گەورە کە چوار پێنج کەناڵی ئیش کردنی هەیە هەتا ئێستاکە ئەو زانیارییانەی کە پێویستە ئەوا خۆیان خستیانە ڕوو ئەوەیە، جا لەبەرئەوە حەقە زۆر گلەیی لە خۆمان بکەین، پێش ئەوەی گلەیی لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، یا لە وەزارەتی ئەشغال، یا لە وەزارەتی کشتوکاڵ، یا لە هەر وەزارەتێکی تر بکەین، چونکە ئەوان بەو شێوەیە ئیش دەکەن و، ئەگەر ئێمەش ئاوها لەگەڵیاندا بجووڵێینەوە، مەسەلەکە هەر وا دەبێت و، هەق نییە گلەییان لێ بکەین، چونکە وەکو وتم پێڕەوی ناوخۆ ڕێگاو چۆنێتی ئیشکردنی لەگەڵ ئیداراتدا بۆ ئێمە ڕوون کردووەتەوە و، لەگەڵ خەڵکیشدا، جا هیوادارم لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و پلان و ئاوەدانکردنەوە وگەشەپێدان، تەنها تەماشای ئەو چەند دێڕەی کە خوێندیانەوە بکەن، پرسیارەکەی ئێمە ئەوەیە ئایا ئەوەیە ئیشوکار و ئەرکی ئەم لیژنەیە؟، بەتایبەتی کە وەڵاتەکەمان لەم قۆناغەدا چی چاوەڕوانی دەکات و، چەند گیروگرفتمان ڕۆژانە هەیە، بۆیە من لێرەدا کۆتایی پێدێنم، پێویستیش ناکات وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، چونکە ئەم پرسیارانە ئەرکی لیژنە نییە و، ئەوە ئیشی وەزارەتە و، ئەو ئەندامانەی کە ئەو پرسیارانەیان هەیە دەتوانن ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارە لە حکومەت و دەزگاکان بکەن، بەڵام من ئەم پرسیارە دەکەم، ئایا دەکرێت لیژنە پسپۆڕیەکانی ئێمە بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ئەم واقعە بنەوە کە بە ڕای من بازنەیەکی ون بووی زۆرمان لەم بارەیەوە هەیە، هیوادارم لەم خولەدا چارەسەری بکەین، زۆر سوپاس بۆ لیژنە و، سوپاسیش بۆ ئەرکەکانتان و پێشنیارەکانتان، لیژنەی پەیوەندی و ڕۆشەنبیری فەرموون، جا من ناوی ئەندامانی لیژنەکەش دەخوێنمەوە، لیژنەی یاسا (کاک محەمەد حەسەن باڵەتە ـ سەرۆکی لیژنە، کاک شێروان حەیدەری ـ جێگری سەرۆکی لیژنە، کاک حوسێن عەلی کەمال ـ بڕیاردەری لیژنە، کاک سەفەر محەمەد حەسەن ـ ئەندامی لیژنە، کاک ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی ـ ئەندامی لیژنە، مەلا محەمەد تاهیر زین العابدین ـ ئەندامی لیژنە، کاک بورهان عەلی جاف ـ ئەندامی لیژنە)، لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری ( کاک جەمیل عەبدی سندی ـ سەرۆکی لیژنە، کاک بوترس سەخەریا هورمز ـ جێگری سەرۆکی لیژنە، کاک بورهان عەلی جاف ـ بڕیاردەری لیژنە، کاک یەحیا محەمەد عەبدولکەریم ـ ئەندامی لیژنە، کاک محەمەد حەسەن باڵتە ـ ئەندامی لیژنە،

شەفیقە خان ـ ئەندامی لیژنە، کاک حەمید سەلیم میران ـ ئەنذامی لیژنە). لیژنەی کاروباری ناوخۆ(کاک کانەبی عەزیز دزەیی ـ سەرۆکی لیژنە، کاک رەقیب حوسێن مەلا ـ جێگری سەرۆکی لیژنە، کاک شەفیق ئەمین مەحمەد ـ بڕیاردەری لیژنە، کاک سەعید عەلی خان عەبدی ـ ئەندامی لیژنە، کاک مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی ـ ئەندامی لیژنە، کاک ئەکرەم عاشوورـ ئەندامی لیژنە). کاک جەمیل عەبدی سندی ئەندامی لیژنە. لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپێدان و ئاوەدانکاری، کاک یوسف جەمیل خورشید میران سەرۆکی لیژنە، کاک سەعید محەمەد سدیق جێگری سەرۆکی لیژنە، کاک ئەکرەم عیزەت نەجیب بڕیاردەری لیژنە کاک مامەند محەمەد ئەمین بابەکر ئەندامی لیژنە، کاک محەمەد ئەمین مەولود ئەندامی لیژنە، نیهاد نورەدین رەشید ئەندامی لیژنە، کاک ئیبراهیم سەعید محەمەد ئەندامی لیژنە، کاک حەمید سەلیم میران ئەندامی لیژنە،کاک محەمەد سەعید هروری ئەندامی لیژنە، دەیەمینیش کاک شمائیل ننو بنیامین ئەندامی لیژنە، لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان کاک ئەحمەد سالار عەبدولواحید سەرۆکی لیژنە، د.قاسم محەمەد قاسم جێگری سەرۆکی لیژنە، فەوزیە عیزەدین رەشید ئەندامی لیژنە، کاک شمائیل ننو بنیامین ئەندامی لیژنە، کاک فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی ئەندامی لیژنە، کاک ئیبراهیم سەعید محەمەد ئەندامی لیژنە، کاک د.قەیس دێوالی سەعید ئەندامی لیژنە، بەڵێ ئێستا لەگەڵ لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان.

**بەڕێز ئەحمەد سالار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان وەک پێویست بە رێکوپێکی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کردووەو لە بابەتەکانی کۆڵاوەتەوە، بەپێی پەیوەندیی ئەو یاسایانەی پێشنیار کراون لیژنەکەمان راوبۆچوونی پێشکەش کردووەو بەپێی پەیوەندیداری لیژنەکەمان بە رووداوەکان، بەتایبەت لە چوارچێوەی پسپۆری و تایبەتمەندێتی بە دەنگ هاتووە، چ بە یادداشت، چ بە سەردان و پێشنیار بۆ ئەنجوومەن بەرزی کردۆتەوە سەردانی مەیدانی ئەو شوێن و دامودەزگاو دامەزراوانەی کردووە، کە پەیوەستن بە سروشتی کاری لیژنەکەمانەوە وەک؛ وەزارەتی رۆشنبیری و، هۆڵەکان و، شانۆکان و، گەلەرو، کتێبخانەو، شوێنەوارو، دێرینخانەکان و چاپەمەنی و چاپخانەکان، لەگەڵ ئەو لێپرسراوە بەرێزانە کۆبووینەتەوەو چەندین جار هاوکاریان لەگەڵ لیژنەکەمان کردووە؛ وەک بەرێزان وەزیری رۆشنبیری و بریکاری وەزارەت، کە بۆ کۆمەڵێک کارو پرۆژەی تایبەت لەگەڵیاندا دانیشتین و پێشنیارمان پێشکەش کرد، لە ئاکامی سەرنجدانی کاری رێکخراوەکان و سەردانیانەوە راپۆرت بۆ بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەرزکراوەتەوە، بۆ نموونە راپۆرتمان سەبارەت بە رێکخراوی UNDP تایبەت بە کارەبای دهۆک و رێکخراوی UNOPH تایبەت بە مین هەڵگرتنەوە. دووەم چاودێری ئەو یاسایانەی کردووە، کە تایبەتمەندی لیژنەکەن، بۆ نموونە وەک یاسای چاپەمەنی لەو بارەوەش سەبارەت بە دیاردەی دەرچوون لە یاساو ئاژاوەی

دیاردەی فـرەهۆی ڕاگـەیاندن بە دەنگ هاتووەو لەو بارەیەوە ڕاپۆرتی بەرزکـردۆتەوەو لە ڕێگای ئەنجوومەنەوە وەلامی ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن دراوەتەوە، لە رووی بە دەنگەوە هاتنی پەیام و کارەکەی بۆ نموونە سەبارەت بە یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ئەم هەنگاوانەی نا:
یەکەم: کۆبوونەوە لە تەک هونەرمەندانی هەمەجۆرو پسپۆڕ لە بواری هونەرە جوانەکان.
دووەم: چەندین کۆبوونەوە بۆ ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ بەڕێزان پسپۆڕانی دیوانی تەدوینی قانونی.
سێیەم: کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی کاروباری یاسایی کە پوخت و گەلاڵە بکرێت و بە دوایا چووە، ئێستاش ئەگەر بەڕێزتان ڕێگا بفەرموون هەندێ ڕوونکردنەوە یا خستنە سەر ئەو بابەتانە لەلایەن جێگری لیژنەکەمان و بڕیاردەرەوە دەکرێ لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد، د. ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەڕای ئەو شتانەی کاک ئەحمەد سالار باسی کردن، بێگومان هەردوو لیژنەکە دوای ئەوەی «دمج» کران، لە کۆتایی خولی ڕابردوو هەردوو لیژنە گۆڕان و بە بڕیاری پەرلەمان بوون بە یەک لیژنە، بەلام من ئەمەوێ ئاماژە بە هەندێ شت بکەم پێش ئەوەی ئەو دوو لیژنەیە بکرێت بە یەک لیژنە، چونکە ئەو کات تەنها لیژنەی پەیوەندییەکان بوو. لەو شتانەی کە ئێمە ئەنجاممان داوەو کاک ئەحمەد سالار باسی نەکردوو ئاماژەی پێ نەدا ئەو ڕاپۆرتە ڕێکوپێکە بوو لەسەر بڕیاری ٩٨٦و جێبەجێ کردنەکانی لە کوردستان و ئەم کەموکوڕیەی کە تیایدا هەن.
ئێمە نزیکەی ١٢تا١٣ چاوپێکەوتنمان کردووە لە هەولێرو دهۆک لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە پەیوەندیدارن بەو بابەتەوەو لەگەڵ پارێزگاری هەولێرو دهۆک و لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوەو مرۆڤایەتی و پیشەسازی و لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە لێرەو لەوێن، گرنگ ئەوەیە کە ئێمە ١٢تا١٣ چاوپێکەوتنمان کردووە وەکو لیژنەو پوختەی ئەو چاوپێکەوتنانەمان کردووە بە ڕاپۆرتێکی ڕێکوپێک و پێشکەشی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانمان کردووە، کە بڕیار بوو بیخەنە بەردەم ئەنجوومەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەری، بەلام تا ئێستا گفتوگۆی لەسەر نەکراوەو تا ئێستاش لەبەردەم سەرۆکایەتییە.
دووەم: کە کاک ئەحمەد ئاماژەی بۆ کرد، ئێمە سەردانی ڕێکخراوی هەڵگرتنی «مین»مان کرد، بێگومان دەست بلاوییەکی زۆری تیادا کراوە، هەتا بڕێک پارەی خەیاڵی دانراوە بۆ دەرهێنانی یەک مین لە کوردستان، واتە چەند هەزار دۆلارێک بۆ ڕاکردن و هەڵگرتنی یەک مین لە کوردستان، واتە تێچوونی هەڵگرتنی یەک مین لە کوردستان هەزارەها دۆلارە، بۆیە ئێمە ڕاپۆرتێکمان نووسیبوو بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و چارەسەریشمان بۆی دانابوو.
بابەتی کارەبا، ئێمە وەکو کاک ئەحمەد ئاماژەی بۆ کرد لەگەڵ وەزیرو هەروەها هەردوو پارێزگار

دانیشتووین و لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی کە بە UNنەوە بەستراون. لێرەش و لەسەر داخوازی ئێمەو بە ڕێگای سەرۆکایەتی پەرلەمان داوامان کرد، کە بێت سەردانی ئێرە بکات تاوەکو گفتوگۆی لەگەڵ بکەین ئەویش بە سوپاسەوە هات و ئێمەش موداخەلاتی خۆمان کردو ئەویش ڕوونکردنەوەی خۆی پێشکەش کرد.

ئێستاش ئێمە بە هیواین کە چەند شتێک ئەنجام بدەین، بێگومان ئەویش بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەبێت، لەوانەش ڕاپۆرتێک ئامادە بکەین لەسەر بارودۆخی «جوازات» لە ئیبراهیم خەلیل و لێرەش سەبارەت بەو خەڵکانەی کە دەچنە دەرەوە.

هەندێک کەموکوڕی هەیەو هەندێک گازاندە هەیە، بۆیە ئێمە دەمانەوێت لە داهاتوودا ڕاپۆرتێک ئامادە بکەین ئەویش دوای ئەوەی سەردانی لایەنی پەیوەندیدار دەکەین بەو بابەتەوەو ڕاپۆرتەکەشمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەکەین.

هەروەها ئێمە بە هیوای ئەوەین شتی تر بکەین لەوانەش بابەتێکی کۆن و نوێیەو کاتی خۆیشی زۆر باسمان کردووەو ئێستاش هەر هەیە، بەڵام نەکراوە سەرەڕای ئەوەی ئێمە پەیوەندییمان هەبووەو پێشنیارمان هەبووە بۆ ئەوەی تەشریعێک دەربچێت بۆ ڕێکخستنی کاروباری ئەو خەڵکانەی کە لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان کار دەکەن و، تەشریعێک دەربچێت ئەو کەسانە دیار بکات کە لەگەڵ ڕێکخراوە بیانییەکان کار دەکەن و یان هەندێک بنەمای زانستی دابنرێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن، چونکە ئەگەر سەیری ئەو کەسانە بکەین، کە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن و مووچەی ئەوان بەراورد بکرێت لەگەڵ مووچەی خەڵکی ئێمە، کە لە دامودەزگاکانی حکومەت وەری دەگرن، لەوانەیە جیاوازییەکە خەیاڵی بێت، واتە لەوانەیە دەرماڵەی وەزیرێک، یان ئەندامێکی پەرلەمان بە قەد ئەوان نەبێت، ئێمە چاومان لەوە نییە کە ئەوان پارەی زیاد وەردەگرن، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ڕێکی بخەین، واتە خەڵکێک بێت کە پێویستی بێ لەوێ ئیش بکات و بەڕاستی جێگای خۆی بگرێت.

هەروەها کاک ئەحمەد سالار ئاماژەی بەوە نەکرد، کە ئێمە وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان زۆر شاند (وفود) هاتوون بۆ ئێرەو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێمەیان تەکلیف کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵیان بین و ئێمە ڕاپۆرتی خۆیشمان هەیە لەسەر ئەم بابەتە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سوپاس کاک دکتۆر، فەرموو کاک زاهیر.

**بەڕێز زاهیر محەمەد ئیبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو شتانەی برادەران سەرۆکی لیژنە کاک ئەحمەدو د. ڕزگار باسیان کرد، بەڵام هەندێ شتی دیکەمان ماوە کە لیژنەکەمان پێی هەڵساوە ئەگەر ڕێگە بفەرموون.

١- دەربارەی هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی برایانی دەڤەری دهۆک بوو، کە لە لیژنەکەمان باسمان کرد،

سەبارەت بە کارەبای دهۆک و هەڵگرتنەوەی مین، کە برای بەڕێز د. ڕزگاریش باسی کرد، هەروەها برادەرانی دهۆک سەردانی ئەم شوێنانەی خوارەوەیان کردبوو، کە بە ڕاپۆرت بەرزیان کردەوەو ئێمەش ناردمان بۆ بەڕێزتان، ئەو شوێنانە هۆڵی محەمەد عارف جەزیری لە دهۆک و، هەروەها هۆڵی کتێبخانەی گشتی دهۆک و، هۆڵی مەڵبەندی زانستی دهۆک و، هەروەها ئەندامانی ئێرەش ناو هەولێر هەڵسان بە سەردانی شوێنە ڕۆشنبیرییەکانی شاری هەولێر، هەروەها پێشکەش کردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی نارەزایی دەربارەی قەڵای کەرکووک کە ڕژێمی فاشست شوێنەوارەکانی شێواندبوو وە ڕێکخراوی یونیسێف بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن کە ناردارا، هەروەها کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنەی یاسا دەربارەی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، کە بەڕێز مامۆستا ئەحمەد سالار سەرۆکی لیژنەکەمان چوو بوو گفتوگۆی لەگەڵ کردبوون، هەروەها لە کۆنووسی ژمارە (٦)یش ئەوەمان بەدەرخست بوو لە ڕۆژی ١٩٩٨/١٢/٢٠ لە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئەنجوومەنی بەڕێز، بڕیاری تەواوی لەسەر پرۆژەی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان دا بە سوپاسەوە، کە ئەمەش لە بەرهەمی بێ وچانی لیژنەکەمان بوو، هەروەها ئەندامانی لیژنەکەشمان بەشداری و ئامادەبوونی بەردەوامیان هەبووە لە هەموو چالاکییەکی هونەری و ئەدەبی، کە بانگهێشتمان بۆ هاتبێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس برادەران ئەگەر چ تێبینیەکیان هەیە لەسەر ئەم خاڵە، تەنها مامۆستا مەلا موحسین تێبینی هەیە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەربارەی ئەو لیژنەیە دوو پێشنیار هەیە، یەکەمیان دەربارەی جێبەجێ کردنی یاسای چاپەمەنی کە پەیوەندی بە لیژنەی ڕۆشنبیرییەوە هەیە، سوپاسیان دەکەین لەوەی کە سەردانیان کردووەو ئیشوکاری خۆیانیان ئەنجام داوە، بەڵام هێشتا تێبینی هەیە لەسەر ئەوەی، کە گەلێک کتێب و ڕۆژنامە دێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، بەتایبەتی بۆ وڵاتی خۆمان و لەژێر دەسەڵاتی کابینەی سێیەم، کە ئەوانە لە ڕوانگەی یاساییەوە لەوانەیە ڕێگەی پێ نەدرێ و پێچەوانەی (ئادابی عامە) بێ و ئەمەش دەقی یاسایی تایبەتی لەسەرە، ئەوە ئەگەر بکرێت بتوانن زیاتر لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیریدا ئەو دەورە ببینن بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک دروست نەکات لە ڕووی ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە بەنیسبەت کوردستانی ئێمەوە، گەلێ لەو حزبانەش کە چالاکییان لە دەرەوەیە، یان ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ ڕەوتی بیروباوەڕو عەقیدەی موسڵمانانندا ناگونجێن ئەوانەش چالاکییەکانیان پێچەوانەن، بە ڕێبازی کوردایەتی پاک و نیشتمانپەروەری ڕاستەقینەو ئەو بابەتانەی کە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پێویست ئێمە ناڵێین ڕێگای چالاکییان لە بواری ڕاگەیاندندا لێ بگیرێت، بەڵام سنوورێکیان بۆ دیاری بکرێت، کە خەڵک موخالیفی ئادابی عام

نەتوانێ و قسە نەکات، لایەنی دووەمیش ئەوەی پەیوەندی بە علاقاتەوە هەبێ بەڕاستی هەق وایە هەندێ جار حەقیش بوترێ، ئێمە زۆر شانازی ئەکەین بە هەموو ڕێکخراوێک، کە مین هەڵبگرێتەوە لە کوردستانداو ئەو کارە کارێکی خێرەو پەسەندە شیاوەو هەقیش وایە ئێمە زیاتر هانیان بدەین، زانایانی ئایینی فتوایان بۆ دان و هانیاندان، لە گەلێ لە کتێب و نووسراوەکانیاندا داوایان کرد لە زانایانی ناو گوندەکانی کوردستانیش، کە بە تەنگیانەوە بچن و لە گەڵیاندا هاوکار بن، بەڵام بە ڕاستی ئەوەی کە ئەیبینین ئەو خەرجییەی کە ئەکرێ بۆ دیاری کردنی مین لە ١ ٪ی ئەو خەرجییە سەرف ناکرێ بۆ لابردنی، واتە ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە پێویستە ڕووبەڕوویان بکرێتەوەو پێیان بووترێ ئەو خەڵکەی کوردستان ئەزانێ «٥» ساڵ ئەبێ «٣» ساڵ ئەبێ زیاتر ئەبێ فلان ڕێکخراو تەپۆڵکەیەکی دیاری کردووە، کە ئەمە نابێ بچێ بۆی چوار دەوری لێداوە تەلبەندی کردووە نیشانەی بۆ دیاری کردووە گەلێ خەرجی گەورەی تێدا کردووە، بەڵام نەهاتووە بە خەیاڵیدا یەک مینی لێ هەڵبگرێتەوە، ئایا ئەمە پرسیار دێنێتەوە، ئەمە بۆ چییە؟ هەر بۆ ئەوەی کە بمێنێت یان بۆ ئەوەی کە خۆیان لە ناو کوردستاندا بمێننەوەو خۆیان سەرقاڵ بکەن، یان بۆ ئەوەی خزمەتێ بەو وڵاتەش بکەن و ئەو جێگەیەی کە پەیوەندی بە کشتوکاڵ و ئەوانەوە هەیە، کە زیاتر خەڵکەکە بە ئازادی بتوانن شوێنەکان بگەڕێن، بەلامەوە پەسەندە کە بەڕێز لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان پەیوەندی بەو ڕێکخراوانەوە زیاتر بکەن و، داخی دڵی ئەو جەماوەرەیان پێ بڵێن و بیگەیەننە شوێنەکاین تر، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس مامۆستا، فەرموو مامۆستا مەلا مەحمود.

**بەڕێز مەلا مەحمود دیرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی پەیوەندی ڕۆشنبیری تارادەیەک بە کارەکانی خۆی هەڵساوە، بەڵام وەکو ئێمە تێبینیمان کردووە، هەندێک کەموکوڕی هەیەو دەمانەوێ پرسیار بکەین بۆچی ئەم کارانە نەکراوە؟

یەکەم: دەربارەی ڕاگەیاندن من جارێکی کە دەڵێم ئەمە تەماشا دەکەین هەر ڕاگەیاندنێک لە هەرێمدا ئازادییەکی ڕەهاو بێ سنووری هەیەو هیچ پەیوەندی نییە لەگەڵ سیستەمی حکومی، بۆ نموونە لە هەردوو کەناڵی تەلەفزیۆنی شیوعی و یەکگرتوو و هەردووکیشیان لەسەر ڕووداوی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو، کە هەموومان باش ئەزانین چەند کورد لەسەر دەستی پەکەکە شەهید بوونەو چەند گوندی ئاوەدان کراو لەلایەن بیانییەکانەوە بۆ میللەتی کورد تێکیان داوەو خاپووریان کردووە، ئەو بیرە ئاوانەی کە بۆیان لێدرابوو هەموویان تێکدران و خراپ کران، بەڵام بەڕاستی ئەوان ئەوهەستەیان نەکرد ئێمە دژی حکومەتی تورکین، ئێمە نالێین ئێمە دۆستی حکومەتی تورکین، هەتا ئێمە ساغبین شەهید سەعید و شێخ ڕەزاو مەلا مستەفا لە بیر ناکەین.

تاکو ئێستاش بڕیارێکی تر وەرنەگیراوە، کرێت کردن یان کوشتن، وعیاز باللە ئەوە لە بیری ئێمە

بچێت، بەڵام ئەو لێرەدا بەرقیە کردن و بڵندیا کردنی و سۆزو حەنان لەسەر کابرایەکی کە هەموو ژیانی خۆی لەسەر هەڵە بەسەر بردوە بەرامبەر بەکێشەی کورد، ئەوە هەمووی بەڕاستی مخابنە ئەو ڕاگەیاندنە بەم شێوەیە بێتە ئەنجام دان. لایەنی دووەم وەکو ڕاگەیاندن بە تایبەتی باسی ڕاگەیاندنی پارتی بکەین چونکە بە ئیعتیبار خاوەنی پەرلەمان و حکومەتە جێگای داخ و بریناَنە ببینین پەیامنێری فلان TV گوڵان یان KTV بچێت لەناو جەماوەر بگەڕێ بەو شێوەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکدا بکات و بڵێ«بابە بۆچی کوڕ تاکو سەعات ١٢ی شەو بگەڕێ ڕاستە ئایەڕات چیە بۆ بۆ کچ نابێ؟ توخوا ئەوەیە پەروەردە کرنی میللەتی کورد؟ ئەوەیە ئەخلاق و ڕەوشتی میللەتی کورد؟ بەوشێوەیە شۆڕش دەکرێ؟ بەوە میللەت پێش دەکەوێ؟ جێی داخ و برینانە، ئێمە چەند هەوڵمان داوە ئێمە نەمانتوانی چارەی بکەین،هەر چەندە جارێک دەربارەی خاڵی یەکەم ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری گفتوگۆمان کردوە پێمان گوتوە کە ئەمە دژی بەرژەوەندی میللەتی کوردە، لێرەش من دیسان و گەلێک جاران لەگەڵ برادەران باسمان کردوە، حەقە لێژنەی پەیوەندی و ڕۆشنبیری پتر داوای پاراستنی ئەخلاقی میللەتی کورد و کوردەواری بکەن سوپاس.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمانبەرانی ڕێکخراوەکان موچەکانیان هەزار دوو هەزارە بگرە زیارتریش وەردەگرن، پرسیار لە وان دەکەم کە ئەوە لەسەر حسابی میللەتی کورد نیە کە بەشی ئێمەیە بە پێی بریاری ٩٨٦؟ لەراستیدا ئەوە شتێکی زۆر پێویستەو، هەو وەک جەنابی دکتۆر رزگار باسی کرد حەقە تەشریعەک دەربکەین، چەند جێ بەجێ کرا باشە، بەلایەنی کەمەوەش کارەکانیان ڕێک و پێک بکەین، ئەو زیادە مەسرەفە کەم بکەینەوە هەر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەر حاڵ زۆر لەو بابەتانە من دیسان دوپاتی دەکەمەوە، ئەوە کاری لێژنە نیە، دەبێ ئەو پرسیارانە ئاڕاستەی وەزیری ڕۆشنبیری و لایەنی تایبەت بکرێ، ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە جەخت لە لێژنەی ڕۆشنبیری بکەن کە ئاگای لەو بابەتانە هەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا لێژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندییەکان لەو لێژنانەیە هەروەک خۆشیان باسیان کرد خۆیان ماندو دەکەن و هەوڵ دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو هەر لێژنەیەکی پەرلەمان ئەو کەم و کوڕیەی کە هەندێکتان ئاماژەتان پێکرد هەستی پێ دەکەن، ئەو بارو دۆخەی کە هەمانە بۆیە وای بۆ دەچین کەلە کۆمەڵگای ئێمە لە ئیداراتی ئێمە کۆمەڵێک کەم و کوڕی هەنە، لێژنەی پسپۆڕی ناو پەرلەمان دەتوانێت بە دوایدا بچێت و هان بدات و پشکنینێکی بکات، لەگەڵ بەرپرسان و کەسانی ناو پەرلەماندا بگەین بە ئامانجێکی باش لەو مەسەلانەدا کە ئێوە جەختان لەسەر کرد، دووبارە دوپاتی دەکەمەوە زۆر ئاسانە وەکو ئەندامی پەرلەمان دەتوانن ڕاستەوخۆ پرسیار لە وەزیرە تایبەتمەندەکان بکەن لەو

بوارەداو، هەروەها وەکو ئەندامانی پەرلەمان لەناو لیژنەکانیشدا دەتوانن ئەو بابەتە بخەنە روو لێژنەکانیش با خۆیان گوێ بیستی ئەو تێبینیانە بن کە دەکرێن.
هیوادارین دراسەتی ئەو بارودۆخە بکرێت، وە ئەبینن چ ئەرکێک چاوەڕوانیتان دەکات، بەس نیە ئەوانەی باسیان کرد فلان راپۆرت یان فلان شتیان کردوە وا ئەبینین کۆمەڵیک بابەت هەیە بۆ لێژنەی پەرلەمانی نەچێ و یەخەی رێکخراوێک بگرێ بلێ کا ئێوە چی پرۆژەیەکتان کردوە؟ چی دەکەن؟ ئەگەر نەیدا، زۆر ئاسانە دەیکات بە نووسراوێک ئەو نووسراوە بەهەمان رێکخراو و لە هەمان کاتدا دەیدا بە حکومەتی هەرێم لە رێگای پەرلەمانەوە بۆیان دەنێرین یان لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین و وەزیری تایبەت مەند باسی دەکا.
مافێکی سروشتی خەڵکی کوردستانە، بەتایبەتی ئێوە لە حکومەت زیاتر ئەتوانن زەخت لەو رێکخراوانە بکەن ،بروا بکەن حکومەت لەوانەیە بەهۆی هەندێ بابەت نەتوانێ، بەڵام لیژنەی پەیوەندی پەرلەمان دەتوانێ بچێتە رێکخراوێک و لێی بپرسێ ناوت چیە؟ ئەرێ فلان، کەی هاتووی بۆ کوردستان؟ فلان ساڵ هاتووم، چی پرۆژەیەکت هێناوە و چیتان ئەنجام داوە؟ ئەو پرۆژانە چەند تەکلیفی کردووە؟ ئەوەندەی تەکلیف کردووە، چەندی بۆ ئاوەدانکردنەوەیە چەندی بۆ لایەنی ترە خۆ ناڵێین مووچەتان چەندە، لەو بابەتانە دەبوو لێژنەی پەیوەندیەکانی ئێمە لە ژووری لێژنەکەیان بۆ هەر رێکخراوێک فایلێکیان هەبووایە پرۆژەی هەمو رێکخراوێکی هەبوایە، نەخشەیەک هەبوایە هەردیێیەک چ حکومەت ئاوەدانی دەکاتەوە یان ئەوانەی ئاوەدانی دەکەنەوە و بابەتی تر،گومان لەوە دانیە لە بابەتی راگەیاندن و چاپەمەنی هەندێ شت هەیە مرۆڤ لە خۆیەوە دەستی پێ بکات، بۆچی دوو سێ کەناڵی TV هەبێ بۆ نموونە، ئێستا دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی هەرێممان هەیە وا نیە ؟کەناڵی فێرکاریش نازانم کەناڵی دووەمە یان سێیەم، بۆ نموونە ئەمە یەکێ لەو پرسیارانەیە، پێویستە ئێمە دوو کەناڵمان هەبێت؟ لەسەر ئەو هەموو کەناڵەی کە هەمانە ئایە تەکلیف ناکات لەسەر بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ ئەو هەموو چاپەمەنیانەی کە لە وڵاتی ئێمە دەردەچێت ئەوە پێویستە؟ مەبەستم جهازی ئیداریمانە، حەقە لێژنەی رۆشنبیری دراسەی بکەن ئەگەر پێویستە با بمێنێتەوە ئەگەر کەمە زیادی کەین ئەگەریش زۆرە چارەی ئەو هەموو چاپکراوە بکەین حەقە ئەندامانی پەرلەمان هەر کەسەو لە بواری خۆ تەماشای بکەن بە تایبەتی پسپۆرانی ناو پەرلەمان، یان ئەو کتابانەی لەسەر حسابی حکومەت چاپ دەکرێت ناوەڕۆکی ئەو کتابانە ئەوەندە دێنێ ئەوەندە پارەی لێ سەرف بکرێت؟ مەبەستم کۆمەڵێک بواری تر هەیە ئەوە هونەرە شتی ترە...هتد بە بروای من زۆر شت هەیە نادیارە(بزرە) وپێویستی بە چارەسەرکردن هەیە هیوادارین لێژنەی پەیوەندیەکانمان لەم خولەدا کارێکی وا بکات کە ئەمانە پڕ بکاتەوە و کارێکی وا بکەن کە گلەیی و گازاندەی خەڵکیمان لەسەرکەم بکەنەوە، سوپاسی هەوڵ و کۆششیان دەکەین، زۆر سوپاس کاتەکەشمان وا دیارە سەر هەوراز دەبێتەوە پشووێک وەردەگرین، بۆ ئەوەی تەواوی کەین، ئەمرۆ ئێوارە سەعات(٤)چوار لێرە کۆدەبینەوە زۆر سوپاستان دەکەین.

# کۆبوونەوەی پاش نیوەڕۆ

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا، با تەشریف بێننە سەر سەکۆ. ئەندامانی ئەم لیژنەیە بەڕێزان(د.ناسح غەفور رەمەزان سەرۆکی لیژنە، عەفان عوسمان نەقشبەندی جێگری سەرۆکی لیژنە، وریا ئەحمەد دزەیی بڕیاردەری لیژنە، ئەکرەم عاشور ئەندامی لیژنە، د.سەلیم عەلی مەلۆ ئەندامی لیژنە، زاهیر محەمەد ئیبراهیم ئەندامی لیژنە، رەجەب شەعبان ئەندامی لیژنە، شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا ئەندامی لیژنە، زەهرا حاجی تەها ئەندامی لیژنە) ئینجا با بفەرموون.

**بەڕێز د.ناسیح غەفور رەمەزان:**

**بەناوی خوای گەورە ومیهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ئەڵێن (قل الحق ولو على نفسك) من گوێم لە قسەی لیژنەکانی پێش خۆمان گرت، هیچ کام لەو لیژنانە بێ کەم وکوڕی نەبوون، بەڵام بەداخەوە وەکو من هەستی پێ دەکەم ئەم دانیشتنەمان دانیشتنی هەڵسەنگاندنە، دانیشتنی بەخۆدا چوونەوەیە، دانیشتنی رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتنە، هیچ کاتێک لەو لیژنانە پێشی ئێمە باسی ئەو کەم وکوڕیانەی نەکرد، کەوا لە ناو لیژنەکاندا هەبوو کە پێویست بوو خۆمان بە جورئەتەوە باسی بکەین، هەڵبەتە ئێمەش وەکو هەموو لیژنەکانی تر کەمتەرخەمی و کەم وکوڕیمان هەیە، چونکە پێ شێلکاری کراوە، تێپەڕکاری هەیە، تەجاوزاتەکان چ یاسایی بن، یان دارایی بن، یان کاروباری گەشەپێدان وئاوەدانکردنەوە بن لەهەموو بوارەکانی ژیان دا لەم پارچە خۆشەویستەی کوردستاندا کە هەموومان دەگرێتەوە تێپەڕکارییەکان لەیەک وەزارەت نییە، لە هەموو وەزارەتەکان ئەوپێ شێلکارییانەی کە من دەیڵێم هەیە، بەڵام بەداخەوە لەبەر هەر هۆیەک بێت زۆر جار بێ دەنگ بووینە، ئینجا لەوانەیە وادەزانن ئەو بێ دەنگییەی ئێمە لەبەرژەوەندی گشتی یە بۆیە حجەتی ئیمە ئەوە بووە بەرامبەر بەهەندێک لەم کەم وکوڕیانە بێ دەنگ بووینە، هەڵبەتە ئەوەش تەنها بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە ئێمە هیچمان نەکردبێت و هیچ هەنگاوێکمان نەنابێت بەڵام بەداخەوە سلبیاتی پەیوەندی وەزارەت لەگەڵ لیژنەکاندا ئەوەیە کە لیژنەیەک دەچێت بۆ وەزارەتێک وادەزانن لیژنەیەکی رەقیبی دژ بەو وەزارەتە، یان ئەگەر کۆمەڵێک خەڵک لەو وەزارەتە بانگ دەکرێت لە وەزارەتی پەیوەندار دیسانەوە بەهەمان شێوە گرفت پەیدا دەبێت، من پێشەکی چەند خاڵێکی بچووک باس دەکەم دوایی دێمە سەر ئەوەی کە نەک ئێمە هیچمان نەکردووە، باسی ئیشەکانی خۆشمان دەکەم، پێش ماوەیەک کۆمەڵێک مامۆستا هاتن لەپەیمانگای تەکنیکی راپۆرتییێکان هێنا گلەییان هەبوو دەربارەی ئەو کاروبارەی کە راستەوخۆ پەیوەندی بەوانەوە هەیە، پەیوەندیدارە بە پلەی زانستی ئەوانەوە، ئێمەش بەڵێنمان دا ئەو راپۆرتە بەرزبکەینەوە، بەڵام راگری پەیمانگای تەکنیکی کە

پێی زانیوە بانگی کردوون، نازانم محاسبەی کردوون یان نا ؟، بەڵام پێی وتوون ئێوە حەقتان نییە بچنە ئەو شوێنە پیرۆزە، بۆ دەچن گلەیی دەکەن؟ هەرچەندە مافێکی سروشتی ئەوانە، ئەگەر دەزگای ئیداری لەوان نەپرسێتەوە بێگومان دەبێ پەنا بۆ یەکێکی تر ببەن، دووجار سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدینمان کرد هەندێک تێبینی کە کاتی خۆی لە بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان وەرمانگرتبوو، ئەو تێبینیانەمان لەگەڵ هەرچی ئی خۆشمان هەبوو ئاراستەی ئەوانمان کردبوو وبەڵێنیان پێ داین کە وەڵاممان بدەنەوە ، بەڵام تائیستا هیچ وەڵامێکی ئێمە نەدراوەتەوە، داوامان کرد کە کۆبوونەوەیەکی تر لەگەڵ ئەو بەڕێزانە بکەین، کەچی بێ وەڵام مایەوە، بۆ کێشەی بڕوانامەکان(الشهادات) ئەگەر بێتەوە بیرتان کێشەیەکی گەورە بوو، کە خەڵکێک وادەزانێ یان باس دەکرێ کە بڕوانامەی ساختە (مزوەر) ئەمڕۆ لەکوردستاندا بەداخەوە لە پەیمانگاو زانکۆکانی ئێمەدا هەیە، خەڵک وەرگیراون لەم شوێنانە بە بڕوانامەی(مزوەر)، دیسانەوە روومان لەوەزارەت کرد و بەنووسینیش شتمان پێشنیار کردووە لەرێگای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییەوە پێشنیارمان کردووە بۆ چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئیستا هیچ وەڵامێکی نەبوو، بەداخەوە وەکو من بیستم ساڵی ١٩٩٣ یەکێک لە ئەندامانی لیژنەی ئەزموونەکانی پەروەردەی هەولێر کە گومانی لێ ئەکرا لەکاتی خۆی دەرکرا، ئەمڕۆ ئەو کابرایەیان هێناوە لەوەزارەتی پەروەردە حەساسترین دەزگایان داوەتە دەستی ئەویش (شهادات)ە کە بەرهەمی دوازدە ساڵی خوێندنی قوتابییەک ئەوەیە دوایی بڕوانامەیەکی پێ بدرێت، ئەو کابرایەیان هێناوە لەو شوێنە حەساسەیان داناوە و ئەو تێبینیەشمان خستۆتە بەرچاوی جەنابی وەزیری پەیوەندارەوە، لەم هۆڵە پیرۆزەدا هەندێ پرسیارمان لەوەزیری پەروەردە کرد خۆتان شاهیدن وا مەزەندە کرا کە ئەمە (رد فعل)ە، یان ئێمە وەکو وەزیری پێشوو هەندێک شت دەخەینە روو بۆ وەزیری تازە، خوا شاهیدە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە، لەناو ئەندامانی پەرلەمان پارێزەریش هەبووە ئەوە پەیدا بوو کە رووبەرووی من قسە کرا، یانی هەندێک مەسەلە هەیە لێرە تێبینی وایان پیشان دا کە گوایە وەکو (رد فعل)ێک مەسەلەکە پەیدا بوو، برایان هەمووتان راستییەک هەیە دەیزانن کە پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەتەکان تاکو ئێستا وجودی نییە، بێ دەنگ نەبووینە، لەرێگەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانەوە، لەرێگەی سەرۆکایەتییەوە نووسراو کراوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران، بەڵام تاکو ئێستا مەکسی لێکراوە.

مەسەلەی پەروەردەی گشتی تورکمانی لەگەڵ رێزم بۆ برا تورکمانەکان ئەگەر پێویستیان بەو پەروەردەیە هەیە، ئەگەر پێویستیان بەو دەزگا پیرۆزە هەیە لەوەزارەتی پەروەردە پێویستە ئەو دەزگا پیرۆزە ببێت بەیاساو ئێمە لێرە بریاری لەسەر بدەین، تێبینیمان پێشان داوە بەنووسینیش ئەو تێبینییە رۆیشتووە، بەڵام تاکو ئێستا بێ دەنگیی لێکراوە، بەپێچەوانەوە لەدوا نامەماندا کە ئاراستەی بەڕێز وەزیری پەروەردەمان کردووە لەسەر قوتابخانەکان و چۆنیەتی تێکەڵ کردنی(دمج)ی کۆمەڵێک قوتابخانە دوایی جارێکی تر دووبارەکردنەوەی لەو قوتابخانانە

جەنابی وەڵامی ئێمەی داوەتەوە لەرێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە، راستەوخۆ ئیمە ئەوەمان نییە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەن هاتووە ولەوەڵامەکەیدا دەڵێ بەرێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئاگادارە لەوە، من ئەمانەم ووت نەک بۆ ئەوەی پاکانە بۆخۆمان بکەین، چونکە لەسەرەتاوە ووتمان (قل الحق ولو علی نفسک) ئەم کەم وکوریانە هەموومان دەگرێتەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە یان وەزارەتەکان هیچ ئیشیان نەکردووە، ئەوەی کە ئەمرۆ دەیبینین ئەو ئەمن و ئاسایش و ئاوەدانکردنەوەی کە ئێستا لەسایەی دەسەڵاتی پارتی و کابینەی سێ دا ئەکرێت، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەڵگەی ئەوەیە کە شت کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو وتم بێ شێلکاری کراوە، هەر دوێنی من پێشێلکارییەکی ترم بینی، نەک خروقات بەڵکو پشت گوێ خستنی پەرلەمان بوو، دوێنی لەکەناڵی (**K.TV**) سەتەڵایت لەگەڵ رێزمدا کۆمەڵێک خەڵک باسی (١٦)ی ئاداریان کرد، پەرلەمان کە دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەمە تەرخان کرد، کەس باسی نەکرد وپشتگوێ خرا، ئێوە رەنگەکانمان پیشان مەدەن دەنگەکانمان پێ بڵێن چی کراوە بۆ ئەمە، لە (**K.TV**)ی سەتەڵایت دا هەندێک شت پیشان دەدرێ کە لەوانەیە لەوێ چونکە لەدەرەوە خەڵک تامەزرۆی شتی کوردستانیە، لەوانەیە بەزەرەری ئێمە تەواو بووبێ لەشوێنی خۆیشدا باسم کردووە، بەڵام بەداخەوە شتێکی ئاوها لەسەتەڵایت پشت گوێ ئەخرێ، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو باسم کرد شت زۆر کراوە ئێمەش ئەوەی کە بێ ئەنجام بووە، یان ئەنجامی هەبووە هەوڵێ خۆمان داوە، دووجار سەردانی وەزارەتی پەروەردەمان کردووە لەگەڵ جەنابی وەزیر کۆبوینەتەوە وئەو تێبینیانەی کە ئێمە هەمان بووە راستەوخۆ بەجەنابی وەزیرمان وتووە، جارێکیان من خۆم بەتەنها لەگەڵی دانیشتووم جارێکی تریشیان من وهەموو ئەندامانی ئەوانەی کە لێرە بوون ئامادە بوون کۆبوونەوەمان کرد لەگەڵ جەنابی وەزیر جارێکی تریش بەرێز مامۆستا عەفان نەقشبەندی وەکو جێگری سەرۆکی لیژنە لەگەڵ چەند ئەندامێکی لیژنە رۆیشتوونە دیسان لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتوون، دووجار سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێرمان کردووە، من خۆم جارێکیان لەگەڵ مامۆستا فوئاد دانیشتوومە، ئەو کێشانەی کە رۆژانە هەن کە لە بینایەتەوە بگرە خوێندنە، کتێبە، قوتابییانە، کێشەی مامۆستایانە، دەرماڵەیە، موحازەرەیە، باسی هەموو ئەو کێشانەمان لەگەڵیاندا کردووە بەتایبەتی بۆ گرفتی موحازەرات رۆیشتبووین، چونکە تائێستا پارەی موحازەرەی مانگی (١١و ١٢و ١و ٢) نەدراوە، ئەوەی یەک ودوو موشکلە نییە، بەڵام مانگی یانزدە ودوانزدە گرفتێکە، هەروەها مامۆستا عەفان و ئەوانی تریش پێکەوە سەردانیان کردووە، سێ جار سەردانی پەروەردەی دهۆک کراوە، جارێکیان بەکۆ هەرسێ خوشک وبرایان کە لەوێن مامۆستا د.سەلیم وخوشکە زەهراو مامۆستا رەجەب وجارێکیشیان خوشکە زەهرا بەتەنیا وەکو نوێنەری زاخۆ ومامۆستا رەجەبیش وەکو نوێنەری ئاکرێ، ئەمە جگە لەوەی کەوا چ مامۆستا رەجەب و چ خوشکە زەهراش لە پەرەوەردەی زاخۆ و ئاکرێ تەماسیان لەگەڵدا هەیە پەیوەندیان لەگەڵدا هەیە سەردانیان دەکەن وئاگایان لەکەم وکوریەکانیانە بەراپۆرت ئێمەیان ئاگادار

کردۆتەوە، بۆ زانکۆی دهۆک هەر دیسانەوە ئەم بەڕێزانە سەردانی زانکۆی دهۆکیان کرد ئێمەش جارێکیان هەوڵماندا بچین سەردانیان بکەین بەڵام بەداخەوە تووشی ڕووداوێک بووین، ئەوە بوو سەری نەگرت هەر دیسانەوە مامۆستا سەلیم و خوشکە زەهرا خۆیان سەردانی زانکۆی دهۆکیان کرد، پەیوەندیان کردووە بە لیژنەی ئەزموونەکانی گشتی چونکە بەقەناعەتی ئێمە ئەمە یەکێکە لەهەرە گرنگترین دەزگاکان کە لەپەروەردەدا هەیە و ئەو تێبینیانەی کە هەمانە لەبارەی چۆنیەتییەوە، چونکە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەکان هەستمان کرد (غبن) هەیە لەسەر ئەو قوتابیانەی تەنانەت ئەو قوتابخانانەش کەوا بە قووتابخانەی پلە یەک ناسراون لە هەولێر، قوتابیەکانیان ئەو مامۆستایەی کە خۆی وانە دەڵێتەوە لە قوتابخانەکە ئەنجامی قوتابییەکانی زۆر بەرز نین، بەڵام هەمان مامۆستا وانەی بەتایبەتی وتۆتەوە تایبەتییەکەی پلە باشەکەی هێناوە، من ناتوانم ویژدانی خۆم رەحەت بکەم بڵێم ئەم مامۆستایە بەو قوتابییەی وتوە ئەو پرسیارە دەردەچێ، بەڵام بە تەئکید ئەم مامۆستایە ئەو پرسیارەی کە دەردەچێ بەباشی بەو قوتابییە تایبەتییەی وتوە بۆیە توانیویەتی ئەو پلە باشە بێنێ ئەوەکەی تریش پلە باشەکەی نەهێناوە، هیچ نەبێ ئەوەندەی کردووە من ناتوانم ویژدانی خۆم بەرامبەر بەو مەسەلەیە نارەحەت بکەم، ئەندامانی پەرلەمان لیژنەی پەروەردە سەردانی هۆڵی تاقی کردنەوەکانیان کردووە سەردانی لیژنەی ئەزموونەکانی پەروەردەی هەولێر کراوە، سەردانی قوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر کراوە لە نزیکەوە ئاگاداری کەم وکوڕیەکانی بووینە، ولەگەڵ پەروەردەی هەولێر باسی ئەم کەم وکوڕیانەمان کردووە، دواناوەندی کوردستانە، دواناوەندی رزگارییە، بارزانی نەمرە، نانەکەلی یە، هەولێرە، پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانی ئافرەتانە، هەروەها هونەرە جوانەکان، ئەمانە لەنزیکەوە هەوڵمان داوە.

بۆ دروست کردن و دابین کردنی پەروەردەی مێرگە سوور کە بەپێویستییەکی مێژوویی ئەزاندرا، هەوڵمان داوە پشتگیریمان کردووە بۆ ئەوەی ئەو پەروەردەیە بکرێتەوە، خۆشبەختانە ئێستا ئەو دەزگایە هەیە بە مەزەندەی ئێمە ئەو دەزگایە ناوچەیەکی دوورە دەست لە بێ سەرپەرشتی دەرباز دەکا، بەنیسبەت (تنظیم المیلاکات) دیسانەوە مامۆستا شێخ عەفان و برایانی تری لیژنەکە پەیوەندیان لەگەڵ پەروەردەی هەولێر کردووە و ئەو کێشانەیان لەگەڵ ئەواندا چارەسەر کردووە، خوشک برایانمان لەدهۆک سەردانی یەکێتی مامۆستایانی دهۆکیان کردووە، سەردانی یەکێتی قوتابیانیان کردووە لە دهۆک، وهەروەها قوتابخانەی (حەسارۆست) کە بەسریانی دەرسی تێدا دەگوترێتەوە وهەروەها ناوەندی (نصێبین) کە ناوەندیەکی ئەهلی یە دیسانەوە هی برایانی ئاشوری یە کە لەوێ خوێندن بەسریانییە سەردانیان کراوە، لەنزیکەوە ویستراوە بزانین کەم وکوڕیەکانیان چییە، لە وەزارەتی پەروەردە بەرامبەر بە لیژنەی بژار کردنی پرۆگرامەکان تێبینیمان پیشانداوە، واتا ( لجنە تنقیح المناهج) چونکە بەراستی کێشەیەکی زۆری لەسەرەو هەردەم باسی (مناهج) دەکرێت بەتایبەتی ئەو پرۆگرامانەی کە پەیوەندیان بە مێژوو وجوغرافیاو پەروەردەی نیشتمانییەوە هەیە، پەروەردەی نیشتمانی گرفتێک نییە چونکە ئێمە ئەتوانین چاو بەهەموویدا

بخشێنینەوە، بەڵام لەناو مێژوودا بەداخەوە هەست کراوە تاکو ئێستا وەکو پێویست ئەو گرفتە چارەسەر نەکراوە، پاشکۆیەک دەردەچێت وتێمان گەیاندوون کە ئەو پاشکۆیە کێشەکانی ئێمە چارە ناکات و دەردی ئێمە تیمار ناکات، چونکە مامۆستاکە کتێبی مێژوو کە بڵێین مێژووی عەرەبە ئەخوێنێتەوە واز لە پاشکۆکە دێنێ کە پاشکۆیەکی بچووکەو پەیوەندی بە مێژووی کوردو کوردستانەوە هەیە، لەوێش باسمان کردووە حەق وایە ئەو پرۆگرامە ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئێمە و لەگەڵ سیاسەتی ئێمەو لەگەڵ بیروبۆچوونی ئێمەدا ناگونجێ ئێمە لێرە نایدرین بەڵام بە(کلیبس) دەتوانین دوو کلیبسی لێ بدەین و ئەو پاشکۆیە ئەبێ بیکەینە ماددەی یەکەم لە کتێبەکە، ئەبێ لەپێشدا ئەوە بخوێنرێتەوە. تێبینیمان پیشان داوە لەگەڵ جەنابی وەزیر دەربارەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان، لێرەش لەو هۆڵەدا باسمان کرد، بەڵام ناومان نەهێنا، بەڕێوەبەری گشتی دانراوە کە لەگەڵ پسپۆڕیەتی خۆیدا ناگونجێ، باشە ئەوە گوتمان وەزیر سیاسییە لە (ففتی بە ففتی)یەکە جێگری وەزیریش هەر سیاسی بوو ئێ باشە نابێ خۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان هەر سیاسی بن، بەڕێوەبەری گشتی ئەبێ (تیکنۆقرات) بێ ئەگەر تیکنۆقرات نەبێ چۆن ئەتوانێ ئەو ئیشە بەڕێوە ببا لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی پەروەردەدا نموونەی هەرە زەقی بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی گشتی یە(تعلیم عام) کە دەرچووی کشتوکاڵە، خۆمان ویژدانمان هەبێ، یەکێک دەرچووی کشتوکاڵ بێت، چۆن دەتوانێ بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی گشتی بێ؟، ئا ئەلێرە لەپێش چاوی بەڕێزان تەنیا ناوەکەم نەهێنا باسی ئەم بابەتەم کرد، بەڵام رەدی من درایەوە وتیان ئێمە خۆمان ئەزانین کێ باشترە، باسی (مناهج)کرا لەگەڵ رێزم بۆ ئەو مامۆستایەی کە ئێستا لە بەشی مناهجە هیچ باگراوندێکی نییە لەسەر مەسەلەکانی (مناهج) مرۆڤێکی پاکە، دڵسۆزە، بەڵام ئایا ئەوە دەکرێت ئەو ئیشە بگرێتە دەست، تێبینی پیشان دەدەی دیسانەوە بەکاردانەوە(رد فعل) وەردەگیرێ، ئەمە پاکانە نییە وەکو باسم کرد، لێرەشەوە من بەقەناعەتی خۆم کە ئیشم لەوەزارەتی پەروەردە داکردووە دوایی مامۆستا عەفانیش ئەگەر هەر تێبینییەکی تری هەیە ،حەز دەکەم یان مامۆستا وریا، یان هەر براردەرێکی تر هەر تێبینی یەکی تریان هەبێت بیخەنە بەرچاو، بەڵام داوای لێبووردنیان لێ دەکەم من لەجیاتی ئەوانیش هەندێک شتم ووت. مەسەلەی بەڕێوەبردنی گشتی خوێندنی تورکمانی، ئەگەر ئەمە پێویستییەکی مێژوویی حەقی وایە بێنن لێرە بەقانون دەریکەین، ئەگەر نا من خۆم بەقەناعەت وا ی بۆ دەچم ئەبێ بەڕێوەبەرێکی گشتی بۆ خوێندنی تورکمانی و سریانی هەبێت، هەردووکی قەیناکە با یەک بەڕێوەبەرایەتی بێت لە سەرەتادا، لێرە ئێمە تەبەنی ئەوە بکەین یاسایەک دەربچێت بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی سریانی و تورکمانی، چونکە قوتابخانەکانی سریانی ئێستا لە قوتابخانەکانی تورکمانی زیاترن، حەقی وایە ئێمە ئەوە بکەین، ئەتوانرێ لەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە دوو بەڕێوەبەر هەبێ یەکیان بۆ خوێندنی تورکمانی یەکیان بۆ خوێندنی سریانی.

بەوردی لەگەڵیاندا باسی رێکخستنی میلاکی ناو شارو لادێمان کرد، چونکە زانیاری وردمان

هەبووە، بۆ نموونە لەناو شاری هەولێر لە مەرکەزی شاری هەولێر میلاک زیاترە لەوەی لە قەراخی شاری هەولێر، یانی بلێین گەڕەکەکانی (٩٢و ٩٩و حی العدل و حی عمال و کوران) تەماشا بکەین لەوێ هەر مامۆستایەک لەوانەیە هەندێکیان حصەی سروشتی خۆیان وەرگرتبێ کە (٢٤، ٢٦، ٢٢)ە بەلام هەندێک شوێن (غبن)ی هەیە، زیاد وەرگیراوە یان ناچار بوونە موحازرێک بێنن، لە هەمان شاری هەولێر لەناوەندی شاری هەولێر مامۆستا هەیە هەشت حصەی هەیە، دە حصەی هەیە، شەش حصەی هەیە، یانی زیادە(فائض) هەیە، باشە من پێویستم بەو مامۆستایە هەیە گواستمەوە ناو شاری هەولێر ئینجا لەناو شاردا لەجیاتی لەدوورە دەرسەکە دایبنێم هێناومە لەنزیک ماڵەکەی خۆی دامناوە، ئینجاش هەشت حصەی هەیە، بێگومان مامۆستای دەرەوە تووشی غبن دەبێ بەرامبەر بەوە کە هەست بکات بیست و چوار حصەی هەیە ئەوەی تر هەشت حصەی هەیە و داوامان کردووە پێشنیارمان کردووە کە ئەمە چارەسەر بکرێت، وا دەزانم ئەو گرفتە وەکو پێویست چارەسەر نەکراوە، راستە هەندێک شتی باش کراوە، بۆ نموونە کێشەی مامۆستایان بەتایبەتی من هەندێکی بۆ مامۆستا عەفان دەهێڵمەوە ئەو باشتر ئاگای لێ یە، یان نۆژەن کردنەوەی قوتابخانەکان، ئەم کارە لەکاتێکدا ئەکرێت کە خوێندن دەستی پێکرد، رێگە لەقوتابیان ئەگیرێت کە بێن بخوێنن، الحمدالله هاوینی ئێمە یان پشووی هاوینی ئێمە لەسێ مانگەکەوە ئێستا بۆتە پێنج مانگ، لەماوەی پێنج مانگدا ناتوانن نۆژەنی بکەنەوە دێن لە مانگی دەو یانزدە کە خوێندن دەست پێ دەکات ئەم کارە دەکەن؟، رێگە لەقوتابیانی ئێمە دەگرن، ئینجا خۆشبەختانە دوای راپەرینیش مانگی ئاداری ئێمە بۆتە مانگی پشوودان کەی خوێندن بخوێندرێ؟ کەی ئێمە چارەسەری خوێندن بکەین، باسمان کردووە، بەلام ئەمە هەر بەبڕیارێکی ئاسایی تەواو نابێ، چونکە راستە مانگی ئادار مانگێکی پیرۆزە بەلام نابێ ببێتە مانگی پشوودان، دەبێ بەدیلێک، چارەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزینەوە، مامۆستا دادەمەزرێ لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو دوو بڕیارە بەجورئەتانەی کە کاتی خۆی درا بۆ دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان، هەمووشمان چەپڵەمان بۆ لێدا، هەمووشمان بەشتێکی پیرۆزمان زانی، بەلام کەس لە ئێمە بیری لەوە نەکردەوە ئایا دروستە ئێمە هەموو دەرچوانی زانکۆکانی کوردستان دابمەزرێنین؟ ئایا باشتر نییە ئەنجومەنی خزمەت(مجلس الخدمە)دروست بکەینەوە وچاو بەو مەسەلەیە دابگێڕینەوە ئەنجوومەنی خزمەتمان هەبێ بۆ دامەزراندنی ئەوەی پێویستە، ئێمە بەلاش بێکاری رووپۆشکراو(مقنع) دروست دەکەین، بێگومان ئەوە پەروەردەش دەگرێتەوە.

مامۆستامان دامەزراندووە تەنها بۆ ئاکرێ کە زۆر پێویستە چونکە تەنانەت وای لێهاتووە دەرچووانی کشتوکاڵ و پیشەسازی وبازرگانیش دەنێرین بۆ ئاکرێ، بۆ ئەوەی لەوێ دەرس بلێنەوە وە بەبێ سرە خەڵک ئەنێردرێتە ئەوێ ئینجا لەو(٣٥٠) یە(٢٨٠) کەس رۆیشتووە ئایا(٢٨٠) کەس بە تەواوەتی دەوام ئەکەن؟ بەراستی نازانم مامۆستا رجب ئەگەر(٨٠٪)ی ئەو مامۆستایانەی کە تەعین بوونە نەرۆیشتوونە کە تەعین ئەبن ناچن، سەبەبی هەیە سەبەبیش ئەوەیە

که ئێمه ئەبێ چاوێک به دەرماڵەی ماموستایان دابگێرینەوە لەوانەیە بەمن بڵێن ژمارەکەت خەیالیە ژمارەکە خەیالیش بێت بۆئەوەی ماموستا هەست به مەغدوری نەکا رادەی ژیانی هەموو لایەک وەکو یەک رەچاو بکەین، من ناڵێم له خەڵکی تر ببڕن ئەگەر پارەمان هەیه ئەو رۆژەش ووتم له خەڵکی تر مەبڕن بەڵام ئەگەر پارەمان نییه ئەبێ ببڕدرێ بۆ ئەوەی ماموستاکەش هەست به مەغدوری نەکا چونکه ئەگەر ماموستایەک دوای(٣٥) ساڵ(٥٠٠) دینار وەربگرێت دەرچووی تازەی هەر دەزگایەک لەو زیاتر وەربگرێت، حیمایەکەی من له ماموستاکەم که دەرسی بەمن و به ئەمسالی من گوتۆتەوە مەعاشەکەی زیاتر بێ من هەست ئەکەم ئەمە غوبنه، هەست ئەکەم هاندەر نییه بۆ ماموستا، لەوانەیە شتی باشتر کرابێ بۆ ماموستا، بەڵام هەر چییەک بۆ ماموستا بکەین هەر کەمه، من لێره جارێ یئکتیفا بەوەی هەیه دێنم. سوپاس ماموستا عەفان فەرموو

**بەڕێز شـــێخ عـــفـــان نەقـــشـــبەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

بەڕێزان به ئاگاداری خۆتان پێش سێ چوار مانگ راپۆرتێکی دوور و درێژ که کۆمەڵێک سەلبیاتی تێدا بوو پێشکەشمان کرد بەڵام هێشتا به تەواوی دەست نیشانی سەلبیاتی پەروەردە نەکرا بوو خوێندمانەوە وه زۆری له کاتی خۆیا دیراسه کرا وه وموتابەعەمان کرد بەشێ لەو خاڵانه جێبەجێ کران، بەڵام بەشێکی تا ئێستا هەر ماوە، هەر چەند برای بەڕێز کاک دکتۆر به دوور و درێژی باسی کرد دەمەوێ به سەراحەت و به کورتی بڵێم پەروەردە گرنگیێکی زۆری هەیه ئیش و کارێکی زۆر ووردی تێدایه و پێویسته گرنگێکی زۆری پێ بدرێت، بەتایبەتی ئێستا لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کۆمەڵێک مەشاکیلی هەیه لەگەڵ ئەوەش گرنگییەکی زۆر زیاتر له رادەی خۆی پێدراوە له حکومەتی هەرێمی کوردستان وه گرنگییەکی تەواوی له پەرلەمانی کوردستان هەیه که ئێمه رۆژانه ناڵێم هەفتانه به دوایدا دەچین،بەڵام مانگانه که جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی رێنمایان ئەکا وەدڵێ چی کراوە؟ چیتان هەیه؟ واتا ئێمه موعەدەل هەموو کاتێ دێین و خۆمان ئامادە کردووە بڵێین شتێکمان کردوو، نەوەکو جەنابی بپرسێ و ئێمەش بڵێین وەللاهیچمان نەکردووە، شتێک هەر کراوە لەگەڵ ئەوەش هێشتا زۆر شت ماوە بکرێ له کاتی موتابەعەکەی بەراستی هەندێ شت دێته رێگامان جگه لەوە ئێوە خۆتان باش دەزانن رێکخراوەکان بەتایبەتی یونسێف و یونسکۆ دوو رێکخراون پەیوەندی ئیشەکانیان تەنیا به وەزارەتی پەروەردەو بەشێکی به وەزارەتی تەندروستییەوە هەیه، ئەم دوو رێکخراوە پارەیەکی زۆر زۆر یان بۆ تەرخان کراوە که مەوادێکی یەکجار زۆریشیان هێناوە رەنگه ئێمه وەختی خۆی به خەونیش نەمان دیوە، ئێستا هەموو پەیمانگەیەک له ناو شاری هەولێر و له دەرەوە کۆمپیوتەری هەیه، فۆتۆکۆپی هەیه، ڤدیۆی هەیه، رادیۆو تەسجیلی هەیه، که لەوێ وەرگیراوە هەموو ناوەندی و دواناوەندییەک و قوتابخانەیەکی سەرەتایی رادیۆ و تەسجیلێکی هەیه، هەموو دواناوەندیەکان کۆمپیوتەریان هەیەکەل و پەلی ئەزمونگه به پله یەک هاتووە رەنگه هەندێکی نەزانین بۆ چییان

هێناوە، بەڵام بەرای ئێمە وەک لیژنەی پەروەردە ئەم کارە بەبێ پلان کراوە چونکە ئێمە زۆر جار بە نووسین داوامان کرد لە ڕێگای سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانەوە، پێمان باشە بەپێی بڕیاری(٩٨٦) ئەو لیژنەیەی کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی پەروەردەوە ئێمە جاروبار ئاگاداری ئیش و کارەکانیان بین یان بۆ هەندێ کۆبونەوەکان لەگەڵیان دابنیشین، سالانی(١٩٩٢، ١٩٩٣، ١٩٩٤) جەنابی کاک دکتۆر وەزیر بووە ئەو کاتە ڕێکخراوەکان ئیش و کاری خۆیان کردووە وخزمەتیان کردووە بەڵام ئێمە لەباتی یەک کەس دوو برادەری ئەندامی لیژنەی پەروەردەو منیش و کاک عوسمانیش لە هەموو کۆبونەوەک ئامادە بووین بەڵام ئێستا بە مەعلومات ئەمان دەنێ بەشێکیشی ئێمە خۆمان سەردانی هەر دوو ڕێکخراوی یونیسێف و یونسکۆمان کردووە ئەوانیش تۆزێک تەحەفوز دەکەن هەندێ شتمان پێنالێن، بەڵام ئەوەی ئێمە زانیاریمان لێیان وەرگرتووە ئێستا لە کوردستان ئەزمەی کورسی و ڕەحلە نەماوە، پار ئەم کاتانە و پێش ئەم کاتانە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی خۆی وەفدێکی نارد کە سەری قوتابخانەیەکی ناو شار بدەن کە کورسی و ڕەحلەی نییە ئێستا لە حاجی ئۆمەرانیش لە(کانی ڕەشیش) لە مێرگە سووریش، بێ کورسی نین، ئەو ڕەحلانەی کردوویانە بە واستەی یونیسێف دیسان ئەویش ئەڵێمەوە کەبێ نەخشە دانان کراوە(٦٧)هەزار ڕەحلە کراوە کە باوەڕتان هەبێ لە زەمانی ڕژێما بە دوو ساڵ بۆ هەموو کوردستان سلێمانی و کرکوک و دهۆک ئەوەندە ڕەحلە نەدەکرا بە سێ ساڵیش نە هاتووە بۆ چوار ساڵیش نە هاتووە، بەڵام نەوعیەتیان فەرقی کردووە ئێستا نەوعیەتی ئەو ڕەحلانەی ئەو ساڵ باوەڕت هەبێ بۆ یەک ساڵ تەحەمولی نەدەکرد، ئێستا بە ئەسلوبێکی باشتر دروست ئەکرێ و مەحکەمە، ئەتوانێ بەرگەی چەند ساڵ بگرێت، ئەو بینایانەی کە دروستیان کردووە دیسان پێویستی بە نەخشە بوو ئێستا لە ناو شاری هەولێر وەکو جاری پێشوو کە لە کۆبونەوەی تر باسمان کرد چەند قوتابخانەیەک هەیە نەک قوتابخانەیەک، هەشت نۆ دە قوتابخانە هەیە لەحدودی هەزارو هەشت سەدو هەفتا قوتابی هەیە، بەڵام قوتابخانە تورکمانییەکەی کە ئێمە پێشنیارمان کرد یەک بخرێت ئێستاش بینایەکی گەورەی پەنجاو شەش قوتابی هەیە نە ئێوارە دەوامی تیایە نەبەیانیەکەی، پەنجاو شەش قوتابی تیایە ئێمە ئەوە خاڵێک بوو زانیمان و باسمان لێکرد ئێستا ئەوەتا ڕێکخراوەکان هەشت قوتابخانەی لەناو شاری هەولێر دروست کردوە وا لەتەواو بوونە یەکێکیان ئەوە کە لە شوێنی ئاسایشی گشتی ناوچەی باکوور دروست کراوە لە نزیک لقی دوو، ئەوەی تری دابەش کراوە بەسەر ناوچەی جوگرافی لە ناو شاری هەولێر(٨٠) قوتابخانە تەعمیر کراوە، بەڵام تەعمیرەکەی وەکو جەنابی کاکە دکتۆر ئاماژەی بۆ کرد بە درێژایی مانگەکانی هاوین ئیشیان وەستاوندووە ئێستا دوو قوتابخانە( دەمج )کراوە، سێ قوتابخانە( دەمج )کراوە، تەعمیر لە قوتابخانەک هەیە تەعمیرەکە دوو مانگ دەخایێنێت ئەویش نازانین هۆی چیە؟ کێشەیەکی ترمان کێشەی مەنهەج بوو مەنهەج نالێین بە تەواوی چارەسەر کراوە بەڵام ئەوەی کە زۆر حەساس بوو لای ئێمە وەختی خۆی مێژوو و جوگرافیا و

پەروەردەی نیشتمانی بوو، مێژوو کتێبێکی باشی بۆ دانراوە بەڵام ئێمە دیسان ووتومانە با لەگەڵ کتێبەکەی ئەوان نەبێت کتێبەکەی پێشوو مێژووی نیشتمانی عارەبانە ئەو ئەخوێنێ و ئەوەی تر ناخوێنێ یان هەر دووکیان پێکەوە ئەخوێنێ ئێستا جوگرافیایەک لە ناوەندی سەنتەری برایەتی دەرچووە کە ئێمە سوودمان لێ کردووە بۆ وەزارەتی پەروەردە چونکە ئێستا لە زانکۆ ئەخوێندرێ بەراستی ئەو جوگرافیایە سوودێکی باشی هەبوو ئێمە هێنامان بۆ لیژنەکە و پێمان دان، ووتمان ئەمە سوودی لێ ئەکەن بێ گومان سوودێکی باشیان لێ کرد کە جوگرافیایەکی باشە و رێک و پێک بۆ کوردستان جوگرافیایەکی ئابورییە جوگرافیایەکی مەنتیقییە جوگرافیایەکی تەزاریسی ئەرزە هەموو شتێکی تیایە سوودێکی باشی لێ ئەکرێ ئەگەر بێت و لە خیلالی ئەم ماوەیە کە چاپخانەی پەروەردە ئێستا چاپخانەیەکی تازەی بۆ هاتووە کە زۆر پەرەسەندووە، بەڵام ئەو هەڵکەندراوە ئەوی تر دانەندراوە، ئەویان هەڵکەندووە سوودی لێ ناکرێت، ئەوەی تریشیان دانەندراوە، خەبیرەکان ئینگلیزی بوون عێراق ناهێڵی لەوێوە بێن دەبێ خەبیرەکان بگۆڕن بە خەبیری ئەڵمانی بۆ ئەوەی لە رێگای عێراقەوە بێن، تائێستا وەکو خۆی ماوەتەوە ئەوەتە چاوەرێ ئەکەین لەم رۆژانە خەبیرەکان بێن چاپخانەکان دابنێن و گوایە هەندێک لەم کتێبانە چاپ بکەن.

سەبارەت بە میلاکات ئێمە تێبینیەکی زۆرمان هەبوو وەکو جەنابی دکتۆر ووتی میلاکمان زۆر موشکیلەیە، میلاکی ناو شاری هەولێر تەزەخومێکی زۆری هەیە لە دەرەوە ئەزمەیەکی زۆرمان هەبوو، الحمدلله ئێستا لە دێیە دوورەکانیش ئەزمەی مامۆستامان نییە لەو دێیانەی کە زۆر دوورن ئەزمە نییە بەڵام ناوشار وەڵڵا لێتان ناشارینەوە لە سنووری(١٠٠٠) مامۆستا زیادە لەو حەدەی کە مامۆستای سەرەتایی(٢٨) حەصە ئەبێ بڵێنەوە مامۆستای ثانوی(٢٤) حەصە ئەبێ بڵێنەوە لەو حەدە زیادمان هەیە بەڵام تاحەدێک شتێک کراوە کە میلاک چارەسەر بکرێ ئەویش بەو پارە زۆرەی کە ئەدرێ بە هاتوو چۆی مامۆستا ئەرواتە دەرەوە و دێتە ناوەوی شارەوە ئێمە وەختی خۆی لە خاڵە سەلبییەکان باسمان کرد ووتمان مرۆڤی شیاو بۆ جێگای شیاو بەڵکو دەستکارییەک بکرێ گۆڕانکاریەک لە وەزعی بکرێ کەچی باوەرتان هەبێ هەروەکو خۆیەتی، ئێمە نازانم رەنگە بمانتوانیبا دیاریشی بکەین کە چۆنە، بەڵام سوودی تا ئێستا نەبوو وەکو خۆی ماوەتەوە، باتەتی شەهادات هەروەکو خۆی دەستکاری نەکراوە، دەمجی قوتابخانە تورکمانیەکان کراوە، دوای ئەوە هەڵوەشایەوەو تێکمان دایەوە بەڵام ئێستا فەرقی هەیە لەگەڵ جاران زەبت و رەبتێکی زیاتری پەروەوەردە بەسەر قوتابخانە تورکمانیەکانەوە هەیە و بەتایبەتی دوو دواناوەندییە تورکمانییە ئەهلیەکەش کە (نەیلۆفەرو، ئیشقە) ئێستا بە هیچ جۆرێک نابێ لە مەنهەجی ئێمە زیاتر هیچی تر بخوێنن، وە موشریفەکانی ئێمەش ئیشراف بکەنە سەریان و دەوامیان وەک دەوامی ئێمە بێت، ئەوە تا حەدێک ئەم ساڵ فەرقی کردووە ئەویش ئێمە چەند جارێک موتابەعەمان کردن و سەردانی پەروەردەمان کردووە، بەڵام دیراسەی تورکمانی وەکو جەنابی وەزیری پەروەردە ووتی ئێستا وەکو بەرێوەبەری گشتی تورکمان هەیە بەڵام شەرعیەتی نییە،

چونکه له دەزگاکەی وەزارەتا له قانونەکەی وەکو موصادەقەمان کردووە ئەو مدیر عامەی تیانییە، زۆر جار پێمان ئەڵێ سەردانم بکەن، ئێمەش ووتمان تۆ شەرعی نی لەبەر ئەوە نایێین بۆ لات هەر وەختێ بوو بە شەرعی ئەو وەختە دێین بۆ لات، سەبارەت بە وەزعی پەروەردە ئومێدمان ئەوەیە ئەمساڵ لەپار باشتر بێت، پار لەبەردەمی بەرێزتان ئاگادار بوون ڕێژەی سەرکەوتن زۆر نزم بوو واتا ئەو نزمیە بە دەرەجەیەک بوو بەڕاستی زۆر جێی شەرمەزاری بوو ڕێژەکەی زۆر ڕێژەیەکی کەم بوو، بەڵام ئومێدەوارین ئەمساڵ باشتر بێت وەکو ئەوەی جەنابی وەزیر باسی بۆ کردین ئەوەی کە دەرسی تایبەتی ئەڵێتەوە دەرسێکی تر ئەڵێتەوە، ئەوەش بە جۆرێک چارەسەرمان کردووە، ئێستا ئەوەی تارادەیەک دەورمان هەبووە تیایا کردنەوەی تەلەفزیۆنی پەروەردەییە هەموو دەرسە پەروەردەییەکان ئەووترێنەوە لە تەلەفزیۆن، واتا دەرسەکانی پۆلی شەشی ئەدەبی وعیلمی هەر هەمووی زائیدەن پۆلی سێ، لەبەر ئەوە ئێستا دوو کەناڵیش پێوەی سەرقاڵ دەبێ دوو لەبەر ئەوەی هەندێکی لە هەندێ شوێن وەرناگیرێ، هەندێکی وەرئەگیرێ، ئەوەی کە سەیر ئەکا ڕەنگە ڕێژەی لە( ٥٠ ٪ )بوو پێش( ٢٠ )ڕۆژ، بەڵام ئێستا لە( ٨٠ ٪ )قوتابی سەیری ئەکا وسوودیشی لێ ئەکرێت تا ئێستا ئەوە سوودێکی باشی لێ کراوە ئەگەر بێت و خوا بکا مەنهەجەکە تەواو بکا وابزانم قوتابیان بەتایبەتی ئەوەی فەقیرە سوودی لێ ئەکا، سەردانی دوو سێ ئامادەیمان کردووە وەکو ئامادەیی کوردستان و، رزگاری و، بارزانی نەمر، و نانەکەلی ، وهەولێر لەوانە کۆمەڵێ شتمان بەچاوی خۆمان دی، بەڕاستی پێمان خۆش نەبوو، یەکەم قوتابخانەکە زەبتی نەبوو ڕێنماییان کردن دوای ئەوە مەکتەبەکە وێران بوو بەم بێ بارانیە ئاوی پیا ئەهاتە خوارەوە کە ئێستا ئاو لە هیچ شوێنێک نییەو لە هیچ شوێنێ باران نابارێ چووینە ژوورێکی ئاوی پیا ئەهاتە خوارەوە ئەوەی پێمان باشە لەمەو دوا بکرێ بەتایبەتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا زیاترو زیاتریش گرنگی بدا بەو خاڵانەی کە کاتی خۆی بەخاڵی لاوازمان دانا وبەدواداچوونی بکرێ، و ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بکەینەوە بۆ ئەوەی ئایا بۆمان کراوە یان بۆمان نەکراوە؟، ئەگەر بۆمان نەکراوە بۆچی بۆمان نەکراوە؟ ئێمە پێمان باشە بەتایبەتی ئەوە بکرێت بابەتی خوێندنی باڵای زانکۆ ئێمە علمێکی تەواومان لێی نییە بەڕاستی نە ئەوێ نە پەیمانگای تەکنیکی، چونکە نەهەندێ شتمان بۆ ئەنێرن نەگوێ رایەڵیشین لەگەڵ لیژنەی پەروەردە، هەرچەندە دووسێ جاریکەش لە دەرەوەی زانکۆش ئێمە ئاگاداری سەرۆکی زانکۆمان کردووە بەڵێنی داوە کە هەر شتێک بێ ئاگادارمان بکا، بەڵام تا ئێستا بەو وەرەقەیە ئاگاداری نەکردینەوە ئێمەش زیاتر ئەوە بەوە ئەزانین کە خوێندنی باڵا وەزارەتێکی نییە کە بەرپرس بێ قسەی لەگەڵ بکەین، ئەنجوومەنی خوێندن هەیە، ئەنجوومەنی خوێندن نازانم لەگەڵ کێ قسە بکەین؟، جگە لەوانە حەزدەکەم برایان ئەوە بزانن بابەتی خوێندنی کوردی بوو کاتی خۆی ئیعتیباریان کرد بە دەرسێکی هامیشی، دەرنەچێت قەیناکە ئەمساڵ دوا بەدوای ئەوەی ئیسراری ئێمە بابەتەکەمان کە لێرە باس کرد لە بەردەمی بەرێزتان بڕیارێکی پێ دەرچووە لە ئەنجوومەنی

خوێندنی باڵا لە ئەنجوومەنی وەزیران کە ئەو دەرسە دەرسێکی بنەڕەتییە وەهیچ کەسێکی لێ عەفوو ناکرێت لە ئیمتیحانات وەک هەر دەرسێکی تر ئیعتیبار ئەکرێت، ئێمە پێمان باش بوو ولە ڕێی خۆمانەوەش سوپاسمان کردن ونوسراویشمان بۆ نووسین بۆ ئەنجوومەنی وەزیران وبروسکەشمان دانێ، ئەمە شتێکی باش بوو لەسەر داواکارییەکانی ئێمە بوو، ئێمە پێمان باشە ئەگەر ئەنجومەنی فێرکردنی باڵا بەرپرسێکی هەبێ، واتا بەرپرسەکەی بە ئیعتیبار سەرۆک وەزیرانە، سەرۆک وەزیرانیش ئێمە نایگەینێ، کە هەموو کاتێک ببیبنین یەعنی ئێستا ئەگەر وەزارەت بوایە یان وەزیرێکی بێ وەزارەت سەرپەرشتی لەسەر بکردبایە، وابزانم ئەمانتوانی زیاترو باشتریش هەماهەنگی لەگەڵ دامو دەزگاکانی خوێندنی باڵا بکەین، بەڵام بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە ئەنجوومەنی خوێندن خۆیان دە، پازدە، بیست کەسن کێ ببینی قسەیان لەگەڵ بکا؟ هیچ کەس نییە ئێستا بەڕێوەبەری گشتییان هەیە و هاوکاری لەگەڵماندا نەبوو هەر شتی پێی ئەڵێی، دەڵێ بەدەستی من نییە، پێش ماوەیەک دکتۆر شێرزاد بووە زۆر شت هەیە ئەڵێ دەبێ ئەنجوومەن کۆبێتەوە ئەویش جاری وا هەیە ئەنجوومەن لە مانگێکدا کۆئەبێتەوە یان کۆنابێتەوە، زۆر شتیش لەوێ کراوە ئێمە ئیعتیبارمان کردووە بە پێشێلکاری، بەڵام بۆ ئەو پێشێلکاریەش ئاگادارمان کردوونەتەوە، بەڵام تا ئێستا وەڵامان وەرنەگرتۆتەوە، ئەوەی ئێمە بیزانین زیاتر لە پەروەردەو خوێندنی باڵا هەر ئەم شتانەیە وە ئەگەر تێبینییەکی بەڕێزیشتان هەبێ بۆ سەرۆکایەتی دوایی ئاراستەی ئێمەش بکرێ ئینشاالله ئومێدەوارین لە داهاتوویێکی نزیکدا بەرەو باشتر بڕوا وسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی پەروەردە بەڕاستی یەکێ لەو لیژنانەیە کە ئاگایان لە ئیشەکەی خۆیان هەیە وئەو ڕەخنەی کە لە خۆیان گرت و باسی ئەو کەموکوڕتیانەیان کرد جێگای تەقدیرە وەگومان لەوەدا نییە وەکو لیژنەیەکی ناو پەرلەمان لەبابەتی خۆیان هەمیشە لەگەڵ بووینە وئەوە نزیکەی سێ چارەک سەعاتە بە ژمارە وحەقائیق لەگەڵتان قسە ئەکەن خۆزگە لیژنەکانی تریشمان بەو شێوەیەو بەو درێژیەو بەو وردیە موتابەعەو ئاگایان لە وەزارەتی بەرامبەر ولە کاروباری پسپۆڕی خۆیان هەبایە، چونکە زۆر گرفتی بۆ چارەسەر ئەکردین، ئێمە لەسەرۆکایەتی زۆر جار پشتمان بەستووە بە تەقییم و، بەپێشنیارو، بە زانیاریەکانی ئەوان و توانیوومانە لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت قسە بکەین وزۆر هەنگاو نراوە لەم بوارەدا ئەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی وموتابەعەی ئەوان کە جێگای تەقدیرە وەکو خۆیانیش باسیان کرد کەموکوڕیش هەیە و هەندێکی لەوانەیە پەیوەندی هەبێت بە بارودۆخی ئێمەوەو هەندێکی تری پەیوەندی هەبێت بەم کەمتەرخەمییەوە ڕاستە هەندێکی وەکو لاساریشی لێهاتووە واتا من بزانم فلان بەڕێوەبەری گشتی کۆسپە لە رووی پێشکەوتنی ئەم بەرنامەیە بۆ لەوێ بمێنێت؟ جا هەر کەسێک بێت، پەروەردە وەکو ئاگادارێمان هەیە مەیدانێکی یەکجار گرنگە واتا چارەنووسی نەوەکان بە دەستی ئەوەوەیە، گازندەیەکی زۆر

لە پەروەردە دەكرێ تا ئێستا دەستی ئەم ئەزمونە نەگەیشتۆتە زۆر محاوری پەروەردە كە برایان بە درێژی وبەوردی باسی زۆر لایەنیان كرد، بۆیە پەرلەمانی كوردستان بەگشتی و ئەندامان بەتایبەتی لیژنەی پەروەردە دەبێ موتابەعەی ئەو بابەتە بكا لە دووی بێت وكۆڵ نەدات چونكە بینیتان لەسەر موتابەعەو پەرۆشیتان زۆر شت هاتە پێشەوە، وە بۆ ئەوەی ئەم بابەتە كۆتایی پێ بێنین چونكە هیچ بوارێكیان نەهێلاوەتەوە بەتێرو تەسەلی باسیان كرد، ئێستا ئەگەڕێینەوە بۆ لیژنەكانی تر، بەلام داوا ئەكەین كە بەتایبەتی ئەو كەموكوڕییانە، ئەو سەلبیاتانە، ئەو دیاردانەی كە ئێستا دەست نیشان كراون بەگشتی وپێشان بە راپۆرت هەیە لیژنەی پەروەردە وەكو لیژنەكانی تر بە راپۆرتی خۆیان بچنەوە ئەو تێبینییانەی كە لێرە باسیان كرد جێگیر بكرێ، نازانم بۆ لیژنەی پەروەردە بروا بۆ لای بەڕێوەبەری گشتییەك؟، بۆ بەڕێوەبەری گشتییەك نەێ بۆ لای ئەو،یاسا ئەو مافە بە ئێوە ئەدا، ئەو بەڕێوەبەری گشتییەی رەتی ئەكاتەوە كە بێ بۆ ئێرە، ناچارین ئێمە بەپێی پێڕەوی ناوخۆ وابكەین ئیجرائاتی تری لەگەڵ بكرێ، داوا ئەكەم لە لیژنەكان، لیژنەكانی پەرلەمان بەتایبەتی هەست بە مەسئولیەت وپلە وپایەی خۆیان بكەن، ئەو فەرمانبەرەی هەست بەكەمی ئەكا كە بێت بۆ پەرلەمانی كوردستان ئامادە بێت بەرامبەر لیژنەیەكی پسپۆر بۆ بەرژەوەندی خودی خۆی و ئەو جێگایەی ئیشی لێ ئەكات، دیارە بەراستی دوورە لەم ئەزموونەو دیارە نەیاری ئەم ئەزموونەیە، چونكە پەرلەمانی كوردستان وحكومەتی كوردستان بۆ خزمەت كردنی خەڵك هاتووە، ئێمە خزمەتكاری ئەو خەڵكەینە، ئەو فەرمانبەرەی رەفزی ئەوە دەكات بێت ئەبێ سەد جار لەسەری رابوەستێ وبیكەین بەهەلاو لە دانیشتنەكانی خۆمان ناوی دەهێنین لە رۆژنامە ناوی دێنین وەهیچ شتێك نییە رێگامان لێ بگرێت، ئێمە نوێنەری خەڵكی كورستانین بەڕێوەبەرێكی گشتی رەفزكات بێت بۆ لیژنەی پەروەردە، یان بۆ هەر لیژنەیەك كە پرسیارو وەلامی لێ بكرێت ئەم مەسەلە تەحقیق نیە، حەقە لیژنەكانی پەرلەمانی ئێمە وئەندامانی پەرلەمانی ئێمە دە جار زیاتر هەڵوێستی خۆمان لە هەڵوێستی ئەو توندتر بكەین من دڵنیام ئەگەر ئێمە سێ چوار رووداوی وا كە روویدا بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بكەین حەدیان نییە بێن دژ بەم ئەزموونەو دژ بەم كیانە بوەستێ، چونكە ئەوەی ئێمە ئەمانەوێت خزمەتكردنی خەڵكی كوردستانە، ئەم بابەتە پێڕەوی ناوخۆتان بەباشی روونی كردۆتەوە، بەلام یەك تەنها داوامان هەیە داواكانتان با بەرێگای ئوسوڵی و رەسمییەوە بێت، بۆ ئەوەی ئەوانیش گلەیی و گازندەی خۆیان نەكەن قسەیان سوار نەبێت، شتێكتان پێویستە، كار بە دەستێكتان پێویستە كە لێی بكۆڵنەوە لێی بپرسن زانیاری لێ وەربگرن هەماهەنگی لەگەڵدا بكەن لە رێگای رەسمییەوە داوا بكەن بێتە پەرلەمانی كورستان و لەگەڵی دابنیشن و بەخێرهاتنی بكەن بەرێز بە ئیحترامەوە قسەی لەگەڵ بكەن، بەرێزو ئیحترامیشەوە بەرێی خەن، من وای بۆ دەچم زۆربەی هەرە زۆری ئەم خەڵكەی ئێمە ئامادەیە مەگەر چەند نەفەرێكی ئەم(لغاية في نفس يعقوب)ئەوە ئەو كاتە حەقە ئێمە فەزحی كەین و بە جەزای خۆی بگات، لیژنەی پەروەردە بە درێژی باسی گیروگرفت وكێشەی خۆی كرد،

ئەوە بوو کە بینیـتـان وکـاتی خۆشی راپۆرتێکی دوورو درێژیان لێـرە خوێندەوە بە ئامـادەبوونی جەنابی وەزیر وزۆر شت ئیـقرار کـرا، من داوا لە لیـژنەی پەروەردە دەکـەم بەردەوام بن لەسـەر ئەو خالآنەی کە جێبەجێ نەکراون و لە دووی بن، مەسەلەی بڕوانامەی ساختە بەردەوام لە دووی ئەبین لە هەموو مەجالێک هەموو دانیشتنێک باسی تەزویر بکەین کە گەیشتە حەدی ئەوەی بەیانمان لەسەر دەرکەن، واتا ئەم بابەتە لەرادە بەدەر گرنگە، ئەمە مەسەلەیەکە سوکوت لێ کردنی قەبوول نییە، ئەو زەلامەی کە قەبوول ئەکا کوڕی یان منداڵی چ مەسئول بێت چ غەیری مەسئول بێت بە تەزویر وفرت وفـێڵ و بەناشەرعی لە زانکۆکان ولە پەیمانگاکانی ئێمە جێگایەک بگرێ حەقە فـەزح بکرێت، جا هەر کەسێک بێت نابێت لەم مەسەلە سوکوت بکەن چونکە ئەگەر ئەمڕۆ سوکوتمان کرد سبەی ڕێژەکە زیاد ئەکات بۆ ئەوەش هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەو مەسەلەیە نیزامی مەرکەزی قەبوولمان هەیە با هەموو خەڵک لەوێ پێشکەش بکەن ئەگەر منداڵی بەرپرس وگەورە پیاوە با ئەو بەرپرسە منداڵەکەی خۆی باشتر پەروەردە بکاو پاشان نمرەی باش بێنێ نەک لەسەر حـسـابی فـەقـیـرێک کـە گـڵـۆپێکی نیـیـە و لەبەر رۆشنایی حەدیقـەو دەرەوە ئەخـوێنێ ئەوجا (٩٠.٨٠)دێنێ جا ئەبێ ئەوە لە دواوە بێت لەبەر ئەمە کوڕی فلان أبن فلان ئەبێ بازدا بەسـەر ئەوانەی تر کـۆلیـژ بگۆڕێ بۆ ئەوەی بچێ بۆ جـێگایەکی تر، من نازانم ئەو مـرۆڤـە چۆن ویژدانی قەبوول ئەکات کە شتی وا بکات، باشە بۆ منداڵەکەت تەمبەڵە؟ بۆ باش بەخێو ناکەی؟ بۆ ماندوو نابێ؟ ئەگەر عەقلیەتی وەرناگرێ بۆ لەسەر حیسابی فەقیرو فوقەرا وا ئەکەی؟ ئەمە مەسەلەیەکی ویژدانیە، ئێمە مەسئولین لێی، بەتایبەتی ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری خەڵکن، ئێمە ویژدانی خەڵکین ئەبێت تەعبیر لەو ویژدانە بکەین شەرم نەکەین بیلێینەوە تەزویر شتێکی خراپە تەزویر کـۆمـەڵگەی ئێـمـە تێک دەدات تەزویر زانسـتی ئێـمـە دەڕوخـێنێ تەزویر باوەڕێ دروست ناکا بە بڕوانامەکان بۆیە ئەبێ بیلێینەوە لە دووی بین دەست نیشـانیـان کەن کە دەریش چوون بزاندرێ کە ئەمانە بە تەزویر کردن دەرچوون، کارێکی وا بکەین دیاردەی تەزویر بنبڕ بکەین، دیاردەی تەزویرو لێ بەدەرکـردن(ئیسـتـیـسنائات) نابێت لە ڕێنمـاییـەکـان جـێگای ببێـتـەوە، هەمووتان لە کاتی خۆی قوتابی بوونە هەمـووتان لەو کەرتەدا ئیشـتان کردووە ئێستا منداڵانتان دەخوێنن، بیستووتانە رۆژێ لە رۆژان لە پۆلەکەتان بە بڕوانامەی ساختە قوتابییەک قۆناغێکی بڕی بێت؟ بیسـتـووتانە کە قـوتابییەک هاتووە بازی داوە بەسـەر سـەدان کەسی ترداو کورسـیـەکی لە یەکـێکی تر داگیـر کردووە؟ ئەمەش پێـشـتـر ئەگەر بوویـێـتیش مـەگەر چلکاو خۆرەکـانی بەعس بەداخەوە ئەو سیستەمەیان دروست کرد ئێستاکە خەریکین لەوان خراپتر ئەکەین، هیوادارم بۆ ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی گشت ئەندامانی پەرلەمان ولیژنەی پەروەردە کۆڵ نەدەن و مـاندوو نەبن ئەم بابەتە ئیسـارە بکرێ و باس بکرێ و داوا بکرێ لە هەمـوو کۆڕو کۆبوونەوەیەک ئیسـارە بکرێ، بۆ ئەوەی بنبڕی بکەین بۆ ئەوەی ئەوانەش کـە بە تەزویر قـەبوول کـراون بگەنە هەر قـۆناغـێک یان دەریچشن بڕوانامـەکەیان هەر بە ساخـتـە بمێنێـتـەوەو ئیـعـتیـرافی پێ نەکرێت، ئەمەش ئیـشی

ئەویت، بەڕاستی نابێ ئێمە مەزندە بکەین شامی شەریفە، بەیەک راپۆرت بەیەک گفتوگۆ تەواو ئەبێت، نەخێر ئەوە بەرژەوەندییە تۆ لە بەرژەوەندی خەڵک ئەدەی، بەڵام لە کام بەرژەوەندی خەڵکی ئەدەی؟ لە بەرژەوەندییەکی ناشەرعی، بۆیە مرۆڤ نابێ لەوە دوو دڵبێت، ئەگەر جارێکی نەبوو دوو نەبوو سێ نەبوو چوار نەبوو تۆ لە دووی بە، بیلێ، دوایی هەر ئەگا بە ئامانجی خۆی باقی نووقسانییەکان و ئەو شتانەی برادەرانی پەروەردە باسیان کرد جێگای تەقدیرە هیوادارم بەردەوام بن بە راپۆرت وبە سمینارات و راپۆرتی لیژنەکان کە لە پێڕەوی ناوخۆ بریارمان داوە کە ناوە ناوە لیژنەکان راپۆرتێکی گشتییان هەبێت لە بەردەم وەزیری ئامادەبووی تایبەتمەند بخوێندرێتەوە و، داوای ئیجرائات و داوای موتابەعەو داوای جێبەجێ کردنی بکەین، ئەمە ئیشی ئێمەیە لە پەرلەمان، من دیسان لەم سەکۆیەوە تەئکید دەکەمەوە تارادەی وەزیریش کە سەرپێچی ئەکات لە بریارەکانی پەرلەمان وهەندێ مەحاور ومەفاصیلی وەزارەتەکەی کاری وا ئەکەن لە بەرژەوەندی میللەتی ئێمەدا نییەو لە بەرژەوەندی ئەم نیزامەی ئێمەدا نییە تا رادەی کێشانەوەی موتمانە بەکار بێنن ئێوە ئەوە بکەن بەپێی یاسا و ئوصولی خۆی وەعد بێ یەکەم کەس بم دەستم بۆ ئەم بابەتە بەرز بکەمەوە، چونکە لە بەرژەوەندی ئێمەیەو کاری ئێمەیە، خەڵک رەحممان پێ ناکەن و باسمان ئەکەن ئەڵێن کاری ئەندامانی پەرلەمان تەنها ئەوەیە ئەچن دانیشتنەکە ئەکەن وخواحافیز، باشە ئەمە و ئەوە و بۆ هەیە؟ پێی ئەڵێ ی بابە بەحسم کردووە جارێک دوو جار سێ جار ئێمە وەزیفەمانە، ئیشی ئێمە ئەمەیە موتابەعە وموراقەبە کردن و لە دوو چوون، ئەمە ئیشی ئێمەیە، ئیشی مدیرعامێکیش لەوانەیە ئیشێکی تر بێت، دوایە دوو تەبیعەتی جوودایە هەردەم کاربەدەست حەز ئەکا کەس دەست نەخاتە ئیشی، کاربەدەست هەمیشە حەز ئەکا کەس نەڵێ بە دۆیەکەی ترشە، بەڵام با دۆیەکەی شیرین بێت تا پێی بڵێن شیرینە، سوپاسی لیژنەی پەروەردە ئەکەین، هیواداریـن ئەوانەی کە خۆیان بەحسیان کرد بکرێتە بەش بەش وتەوسیق بکرێت،و موتابعە بکرێت، هەروەکو وەعدیان داوە لیژنەی خدمات و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەندامانی ئەم لیژنەیە بەڕێزان مەلا هادی خضر سەرۆکی لیژنە، محەمەد ئەمین جێگری سەرۆکی لیژنە ئەحمەد عەلی عومەر مقرری لیژنە، شفیق ئەمین محەمەد ئەندامی لیژنە، محەمەد سەعید یەعقوبی ئەندامی لیژنە، د.قەیس سەعید دیوالی ئەندامی لیژنە، سەلام کەریم خان ئەندامی لیژنە،فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕێزان لیژنەکەمان لیژنەی کار گوزاریی گشتی و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەم وەزارەتانە ئەگرێتەوە یەکەم وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، دوو وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، سێ وەزارەتی بلدیات و هاوینەهەوارەکان کە ئەویش ئاو ئاوەڕۆو شتی تر ئەگرێتەوە کە عایدی ئەوانە کە واتە (٣) وەزارەت کە هەر یەکە تایبەتمەندییان لێک جیایە ئەگرێتەوە

سەبارەت بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ئێمە چەند جاران لەگەڵیان دانیشتووین و پێشنیارمان کردووە کەوا لە ئیش و کارەکانی خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە کە ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی هاووڵاتییانیان کردووە چنە؟ یەکەم بە نسبەت تەلەفۆناتی ناو شاری هەولێر کە وەزعی باش نەبوو ئەوان کە بەڵێنی ئەوەیان داو کە لە ماوەیەکی کورت هەوڵ بدەن چاکی بکەنەوە بە هێنانی چەند بەدالەیەکی بچووک کە هێلەکانی عێنکاوە و شۆڕش و ئازادی جیا بکرێتەوە .

وا دیارە لەو ماوەیەدا توانیویانە هێلی تەلەفۆنەکانی نێوان ئێرەو دهۆک زۆر بە ڕێکی چاک بکرێتەوە و فاکسیش لە نێوان ئێرەو دهۆک، کار دەکات ئێستاش بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک کارەکان بەرێوە دەچن.

گەراجی گواستنەوەو گەیاندن کە بەپێی یاسا و پەیرەو سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە، بەڵام وەزارەتی شارەوانی دەستی بەسەرداگرتووە، ئێمە پێمان راگەیاندن کە ئەو گەراجانە سەربە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنن، ئەوان دەبێ هەڵسوکەوتی تێدا بکەن و بگەرێتەوە بۆ لای ئەوان و تائێستا ئەو گرفتە لە نێوانیاندا ماوەو چارەسەر نەکراوە.

دێینە سەر وەزارەتی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ئەمە بەناو وەزارەتێکە، بەڵام ئیشوکارەکانی لە دوو وەزارەت زیاتریشە، چونکە وەزارەتی تەندروستی خۆی وەزارەتێکەو کۆمەڵایەتیش کە ئەم شتانە دەگرێتەوە (رعاية الأيتام، دار الأيتام، معهد الصم والبكم، المعوقين، دار الحضانة، قسم الارشاد النفسي، الضمان، دائرة العمل) ئەوانە هەمووی سەر بەوەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتین لە رووی ئیدارییەوە هەندێ کەموکوریان هەیە، کەوا قسە لەگەڵ سەرۆکایەتی تەندروستی هەولێر کراوە کە بابەتی ئیدارات هەندێ دەستکاری تێدا بکرێت ئەویش گوایە ئێستا خەریکن لەگەڵ وەزیریشدا قسە کراوە دەبارەی ئەم بابەتە، بەڵام لە رووی ترەوە لەبەرئەوەی ئێمە شارەزانین و هیچ دکتۆرێکمان لەگەڵدا نییە ئەگەر کەموکوری لە نەخۆشخانەکانیشدا هەبێت لەوانەیە ئێمە نەتوانین دەستنیشانی بکەین جگە لەرووی ئیدارییەوە نەبێت، بەڵام ئەوەی کە لەو ماوەیەدا کراوە برادەرانمان سەردانی سەرۆکایەتی تەندروستی دهۆکیان کردووە هەندێ پێویستیان هەبوو دیارە داواکارەکانیان جێبەجێ کراوە یەکێکیان دروست کردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتنە لە دهۆکێ جگە لەوەی پێشوو، هەروەها دروستکردنی نەخۆشخانەی لەدایکبوون بە قەوارەیێکی گەورەتر لەوەی جاران ئەمانە تا ئێستا ئەنجام دراون.

سەبارەت بە وەزارەتی شارەوانی، ئەم وەزارەتە سەرپێچی لە هەندێک یاسادا کردووە وەکو بەکرێدانی باخچەکانی گشتی لەناو شاری هەولێر کە کاتی خۆی ئێمە ئاگاداری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییمان کردەوە لە رێگای ئەوانیش ئاگاداری ئەوان کراوە، وا دیارە وەڵامەکەیان گەراوەتەوە بە نووسراوی ژمارە (٤٤)یان لە ١٩٩٨/١١/٢١ سەبارەت بە بەکرێدانی باخچە گشتییەکانی ناو شاری هەولێر وا لە خوارەوەدا وەڵامی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارتان پێشکەش دەکەین:

بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٤٨٣٠) لە ٦/١٠/١٩٩٧دا دەسەڵاتمان پێ دراوە بۆ بەگەڕ خستنەوەی باخچە گشتییەکان لەلایەن خەڵکەوە بەدەر لە یاسای ژمارە (٣٢)یساڵی (١٩٨٦) بەکرێ دراون بە مەبەستی هاندانی سەرمایەی کەرتی تایبەت و، هاندانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستاندا.

بەڵام ئێمە لە رۆژی(١٧/٢/١٩٩٩)ەوە وەڵامان داوەتەوە:

بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، سڵاوو رێز.

پەراوێزتان لە رۆژی (١٥/٢/١٩٩٩)ەوە دەربارەی وەڵامی پرسیارەکەمان لە وەزارەتی شارەوانی لەسەر بە کرێدانی باخچە گشتییەکان کە بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران هاتووە کە دەسەڵاتیان پێ دراوە بەڵام دووبارە ئاماژە دەکەین بە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٩٢٠٨) لە ٢٠/١٢/١٩٩٨دا کە بەتەواوی قەدەغەی بەکرێدانی ئەو باخچانە دەکات کە مونشەئاتیان لەسەر کراوە بۆ ئاگاداریتان و، ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:

بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئەو باخچانە عامرن و (مونشەئاتیان لەسەر کراوە یان داری تیا چاندراوە) نابێ بە کرێ بدرێن بۆ پەیرەو کردن و لاریمان نییە ئەوانی تر بەکرێ بدەن بەپێی بۆچوونی خۆتان.

د. رۆژ نوری شاوەیس

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان.

ئەمە لە ٢/١٢/١٩٩٨ دووبارە دووپاتی کردۆتەوە کە نابێ بەکرێ بدرێن.

هەروەها کاتی خۆی ئێمە داوامان کردبوو وەزیری شارەوانی و وەزیری پیشەسازی بێن بۆ ناو پەرلەمان چەند پرسیارێکمان ئارستە کردبوون لەسەرئەوەی کە چەند بێ یاساییەک کراوە لەم وەزارەتانە، وەڵامان دراوە کە کاتی بەسەر چووەو تا ئیستاش نەهاتوون، ئێمە راپۆرتێکی درێژمان هەیە لەو بارەیەوە هەر کاتێک بە پەسەندی بزانن راپۆرتەکەتان پێشکەش دەکەین. ئەو کارانەی لیژنەکەمان پێی هەڵساوە لەبارەی خزمەتگوزارییەوە چەند شتێکمان کردووە:

یەکەم: چەند خەڵکێک موراجەعەتی ئێمەیان کردووە لەو گوندانەی کەوا لە زەمانی بەعسدا تێکدراون، ئەو گوندانەی کە لە ناوچەی بەرانەتێن(گوندی خرابەدرا، گردە شێر، سمایلاوە، هەندێکی قەلاجوغان، شاخوڵان، درکاوە) بۆئەوەی هەوڵی بدرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان. ئێمە دیسان چووینە سەردانی ئەوان لە کۆمەڵگای (کەور گۆسک) کە گوندی (گردە شێر)و (خرا بەدرا)و لەوێ کۆبووینەوە ئەو خەڵکەمان بانگ کردن و بە لیستە ناونووسمان کردن ئەوانەمان هێنا لەگەڵ راپۆرتێک دامان بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەش دای بەو رێکخراوانەی کە ئێستا خەریکن خزمەتگوزاری لە کوردستان دا دەکەن، رەزامەندییان وەرگرت بۆ ئاوەدانکردنەوەیان، لە هەر کاتێک کەوا دەست بە ئیشوکار کرا لەساڵی (١٩٩٩)، بریارە وا دەست پێ بکرێت ئاگاداری پەرلەمان دەکەنەوە، ئێمە دەچین بەناوی پەرلەمانەوە کردنەوەی بوژاندنەوەی ئەم گوندانە دەکەین.

چەند پیاوماقوڵێک لە گوندەکای (دۆلی خەلاند بیاویش) موراجەعەتی ئێمەیان کرد کە داوایان کردبوو قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە و کارەبایان بۆ بچێت لە گوندی (جافرەکان، زەردە گۆم، رەشەگۆم، ماندیان)، توانیمان کارەبا بگەیەنین بە گوندی (جافرەکان و قوتابخانەیەکی نوێشیان بۆ کرایەوە، قوتابخانەیەکی تریش لە گوندی ماندیان کراوەتەوە، ئەمەش لەسەر داوای خەڵکەکەو بەدواداچوونی لیژنەی ئێمە ئەوە تەواوکراوە.

سەبارەت بە وەزارەتی شارەوانی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی هەیە ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بۆ کرد ئەو نووسراوە لای ئێمەش هەیە، بۆ زیادەکردنی کرێ لەسەر هەموو جۆرە مامەڵەیەک، ئێمەش پێمان راگەیاندن کە چەندین جار لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی شارەوانی لەگەڵیاندا بەشدار بووین، کە ئەمە شتێکی یاسایی نییەدەبێ جێبەجێ کردنی رابگیرێ تا لە رووی یاساییەوە بریاری لەسەر دەدەرێت.

راپۆرتێکی تریشمان هەبووە ئەویش ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنمان کردووە دەربارەی زیادکردنی کرێی کارەبا بە شێوەیەکی نایاسایی لەسەر هاوولاتیان ئەویش پێویست ناکات بیخوێنینەوە.

لیژنەکەمان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست بە ئامادەبوونی ئەندامان و لەکاتی خۆیدا جگە لە بەڕێز (سەلام کەریم خان)، دوای گفتوگۆ کردن و کە چەند پێشنیارمان هەبووەو پێشنیارەکان ئاراستەی بەڕێزتان بکرێت:

یەکەم: ئەوە بوو کەوا پێشنیار کرا دەفتەری تەندروستی کاری پێ بکرێت ئەویش وا دیارە ژمارەیەک هاتبوو لەدهۆکەوە دەست پێکرا ئەویش تا ئێستا کۆتایی نەهاتووە.

دووەم: پێشنیارمان کردبوو کە پسوولەی موراجەعە لە عیادەی بەیانیان بکرێت بە (٥) دینار لە جیاتی دینارێک، لەوەلامدانەوەی پێشنیارەکەیان رەت کردەوە، چونکە لەبەرژەوەندی هاوولاتیاندا نییە.

سێیەم: پێشنیار کراوە کەوا بەشی دووەمی راپۆرتەکەمان ئەوەبووە کە بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی لە دهۆک چەند بەرێوەبەرایەتییەکی هەیە کە پێکهاتووە لەمانە: (دار الایتام، معهد الصم والبکم، معهد المعوقین، دار حضانه الاطفال، قسم الارشاد النفسی) ئەوانە مانگانە نثریەی (٤٠) هەزار دیناریان بۆ دابین کرابوو داوامان کرد کە بۆیان زیاد بکرێت، ئەمەش ئەوە لەگەڵ وەزیر قسە کراوە لەوانەیە یارمەتیان بۆ زیاد بکرێت.

داواکاری شارۆچکەی زاخۆ ئەوە بووە کە تازە کردنەوەی تۆمارکردنی زەوی و زار بکرێت واتا (تسجیل العقار المجدد)، چونکە تاکو ئێستا بەهۆی چەند رووداوێکەوە ئەو تۆمارانە راگیراون لەم بارەیەوە پەیوەندیی بکرێت لەگەڵ وەزارەتی داد ئەمەش کراوەو لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان کردنەوە.

هەروەها کاتی خۆی میری لە کۆمەڵگای (سێ مێل) چوار هەزار دیناری دابوو بە هاوولاتیان بۆ

خانوو و بەرە کاتێ راگوێزران بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێ و لەسەر شوێنی باوو باپیرانیان نەهێشتن و لە ئۆردوگاکان کۆیان کردنەوە و ئێستا حکومەتی هەرێم داوایان لێ ئەکاتەوە کە پارەکە بدەنەوە، بەڵام خەڵکەکە داوا دەکات کە ببوردرێن ئێمەش پشتگیرییمان لێ کردن و بڕیاری سەرکردایەتی دراو ئەمانە عەفو کران.

دەربارەی قەرزی بانکی خانووبەرە (المصرف العقاري)، قەرزی بانکی عەقاری چەند جۆرێکە هاولاتیان دیارە هەراسان کراون لەلایەن فەرمانبەرانی وزارەتی داراییەوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەم سولفانەی بانکی عەقاری، چونکە لەم رۆژانەدا چەند هاوڵاتییەک لەم کاتانەدا داوایان لە ئێمە کردووە کە چارەسەریان بکەین و لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ لێپسراوان بکەین بۆ هاوکاری کردنیان.

یەکەم: سولفەی هاوینە هەوارەکان بۆ دروستکردنی ئوتێل و مەلهاو شوێنی رابواردن، ئەمەیان با وەرگیرێتەوە، پێشنیاری ئێمە ئەوە بوو بە گوێرەی یاسا چۆن دراوە وەربگیرێتەوە.

دووەم: سولفەی کۆمەڵگاکان کە (٤) هەزار دینار بوو ئەمەیان داوامان کردبوو ببوردرێن و ئەمەش کرا.

سێیەم: سولفەی سەکەنی کە ئەویش دوو جۆرە

أ- سولفەی ئەو هاولاتیانەی کە فەرمانبەر نین بە قیست وەربگیرێتەوە، هەروەها ئەو فەرمانبەرانەی کە تا ئێستا لە هەرێمدا مووچە وەردەگرن وەکو ئەوان بە قست وەربگیرێتەوە لە ئێستاکەوە حیساب بکرێت.

ب ـ ئەو فەرمانبەرانەی کە خانەنیشنن لەلایەن رژێمەوە مووچە وەردەگرن، هەر کاتێک مووچەیان لە حکوومەتی هەرێمەوە بۆ خەرج کرا ئەوانیش لەو مووچانەیان ببڕن ئەگەر نا ئێستا ببوردرێن تا کاتێکی تر و، لە راستیدا عەفو کراون.

خەزمەتگوزاری لەناو شاری هەولێر جێگای رەزامەندی خەڵکی هەولێر نییە لەبەرئەو هۆیانەی خوارەوە:

١ـ نەبوونی پەیوەندیی تەلەفۆن لەناو خودی شاری هەولێر کە پایتەختی کوردستانە پێشنیار دەکەین بۆ شاری هەولێر ئەگەر بەدالەیەکی گەورەش ناکرێت بەدالەیەکی بچوک بکرێت بۆ شارۆچکەی عەنکاوە بەجیا و، گەڕەکی شۆڕش بەجیا، هەروەها گەڕەکی ئازادی بەجیا، ئەمەشیان دیارە خەریکن و دەست پێ کراوە بکرێ.

٢ـ کارەبای شاری هەولێر لەم دواییەدا تا رادەیەک باش بووە، بەڵام پارەی کارەبا بەشێوەیەکی نا یەکسانی لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت، بۆیە داوا دەکەین وەزیری پیشەسازی بانگ بکرێتە ناو پەرلەمان و لێی بپرسرێ بۆ ئەوەی روونکردنەوەیەک لەم بارەیەوە بدات کە شێوەی دابەشکردنی کارەبا چۆنەو چۆن نییە.

سەرپێچییەکانی وەزارەتی پیشەسازی:

تا ئیستا کرێی موحەویلەی ساڵانە (١٧٠ـ ٣٣٠) دینار بوو یەکسەر کرا بە (٤٥٠٠) دینار

دوای ئەوە کــراوە بە (٢٥٠٠)دینار، پاش هەولێکی زۆر لەلایەن هاووڵاتیــانەوە کــراوە بە (١٥٠٠) دینار ئەوانیش وا ئەزانن کە ئەمە شتێکی تازەیەو خێریان پێ کردوون جا داوا دەکەین هەروەکو پێشوو کرێی محەویلەکان لە کارگەکان وەربگیرێ، چونکە ماوەی (١٠) ساڵە هەموو کارگەکان وەستاون و حکومەتی هەرێمیش هیچ یارمەتییەکی نەداون بۆ بەگەڕخستنەوەیان.

شارەوانی هەولێر لەم دواییەدا جوڵانەوەیەکیان هەیە خەریکی چاکردنەوە و قیرتاوکردنی شەقامەکانی ناو شاری هەولێرن هەندێک کۆڵانی گەڕەکە میللەیەکان بەڵام لە شارۆچکەکانی تر وەکو هاوینەهەواری سەلاحەدین و شوێنەکانی تر بەشێوەیەکی دیکە مامەڵە ئەکەن، بەڵام تا ئیستا ناحیەی قوشتەپە کە ئاوەدانییەکی کەمی تێدا نییە، تا ئێستاکە هیچ خزمەتگوزارییەکیان بۆ نەچووە.

ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان داوای زەوی دەکەن لە شارەوانی هەولێر لە فیتەرو کارمەندی پیشەسازی بۆ دروست کردنی دوکان، شارەوانی هەولێر تا ئێستا نەیتوانیووە داخوازی هەموویان جێبەجێ بکات.

چوارەم: لەرووی ئەنجوومەنی شارەوانییەکانەوە پێویستە هەڵبژاردن بکرێت و، لەم بارەیەوە خۆ ئامادەکردن بکرێت بۆ هەڵبژاردن، بەڵام تا ئیستا ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوی هەڵبژاردنی دەرنەکردووە، تەنیا یاساکەی لە پەرلەمان دەرچووە بەڵام تا ئێستا نیزامی بۆ دانەنراوە.

هەروەکو گوتمان وەزیری شارەوانی تا ئێستا هەموو باخچە گشتییەکانی ناو شاری هەولێری بەکرێ داوە ئەمەش بەپێچەوانەی یاسای تەسمیمی ئەساسی شارە.

بەرێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر پێویستیان بە نەخۆشخانەیەکی (جوملەی عصەبی) هەیە لەهەولێردا، هەروەها پێویستیان بە چەند دکتۆرێک هەیە لەم پسپۆرییە، چونکە هەولێر تەنیا یەک پسپۆری لەم بوارەدا هەیە ئەویش لەسەر ئاستی پێویست نییە، بۆیە پێویستە هەوڵ بدرێت چەند دکتۆرێک لەدەرەوەی هەرێم بهێنن بۆ هەولێر و شوێنی ئەوان بگرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

زۆر سوپاس بۆ مەلا هادی بۆ ئەو ماندوو بوونە. وابزانم یەکێک لەو لیژنانەی کە راستەوخۆ پەیوەندیی بە ژیانی سەدەها هەزار خەڵکی ئێمەوە هەیە ئەم لیژنەیەیە و، باری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و گەیاندن وابزانم پەیوەندیی بە ژیانی هەموو هاولاتییەکەوە هەیە لەم وڵاتە، کەچی ئەوە ئیشی یەک خولی تەواوی ئەم لیژنەیەیە کە بریتییە لە چەند چاوپێکەوتنێک و چەند شتێکی تر.

هەولێرو دهۆک لەوانەیە رکن و ساحەو جێگای باغچەی نەما بێت بەبێ یاسا دراوە بە خەڵک باوەڕناکەم لیژنەی ئێمە ئاگاداری (١٠) پارچە بێت.

بە چەندین تەن دەرمانی (ئێکسپایەر) ئەدرێ بە خەڵک، نەخۆشخانەکانمان بە دەیەها سەرپێچییان هەیە، گۆڕەپانەکانی ئێمە بەدەر لە یاسا ئەدرێن بەکرێ و دەستکاری ئەکرێن، ئێوە

تەنیا بەوەندە ئەوەستن کە نووسراوێک دەکەن، یان فلان کەس وای گوت و فلان کەس وای گوت.
لە راستیدا حەق نییە ئێمە گلەیی لە کارمەندانی حکومەت بکەین ئەبێ گلەیی لە خۆمان بکەین ئێمە ئەوها بەرەو رووی حاڵەتەکان ببینەوە، یانی مرۆڤ هەست بەبێ دەسەڵاتی دەکات، هەست بەبێ توانایی خۆمان دەکەین، لە راستیدا ئێمە بێ زانیارین، ئاگادار نین، ئاگاداری مەرج نییە ئەندامی پەرلەمان ئامێری ئەلکترۆنی بێ نییە هەر گوتیان (چک) هەموو شتی لا بێ، ئەمە ئیعتیماد دەکات لەسەر بەدواداچوون و چوونە ناو خەڵک و چوونە ناو دامودەزگاکان و دەرکردنی شت لە کاتی خۆیدا، ئەوە لیژنە باسی خۆی کرد، پرسیارەکەی من ئەوەیە دەکرێ ئێمە بەرەنگاری ئەو واقیعە تاڵە بکەین بەو هەولانەی کە ئێستا باس کران؟، دەکرێ ئێمە بەرەنگاری ئەم بارە بکەین بەو توانایەی کە ئێستا پێشان درا، یان بەو بارەی کە ئێستا پێشان درا.
تەسەور دەکەم پێویستمان بە پیاچوونەوەیەکی تایبەت هەیە لەم بابەتەوە، ئەم برادەرانەی کە دەبن بە ئەندامی لیژنەیەک دەبێت باش بزانن ئەندامێتی لیژنە بەپرسییەکی گەورەیە شتێکی مەعنەوییە و، لێپسراویەکی ماددیشی تێدا هەیە، مەعنەوییەکە ئەوەیە کە تۆ ئەندامی فلان لیژنەیت. کەموکوری زۆرە، باشە وەزیری شارەوانی بۆ تۆی نووسیوە ئەڵێت: نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەڵێی بەدەز لە یاسای ژمارە (٣٢) ئەمەمان کردووە چ بکات لەوە زیاتر؟ وەزیر جێبەجێکارە تۆ چیت کردووە بەرامبەر بەوە؟.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە ٢/١٧وەوە راپۆرتم بەجەنابت داوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا مەلا هادی من مەبەستم کەس نییە ناو ناهێنم، من ئەڵێم لیژنەکانی ئێمە بەم شێوازە ئێمە ناگەیەننە ئەنجام، ئێمە ناتوانین موتابەعەی شت بکەین، ئێمە ناتوانین مولاحەقەی رووداوەکان بکەین، ئێمە ناتوانین شت لە کاتی خۆیدا بگەیەنین. فەرموو هەزارو یەک کەموکوریمان هەیە کە جەنابت باست کرد، وەکو ئەڵێن (نطفە من بحر)، بۆ نموونە مەسەلەی بەکرێدان، چی کراوە بەرامبەر بەو بەکرێدانە؟ بۆ نەخۆشخانە بەو شێوەیەی ئێمە چیمان کرد؟، راپۆرتت داوە ئایا بەدواوای داچوون؟، من مەبەستم لەم کەموکوڕییانە هەر لیژنەی ئێوە نییە، خۆشە ئێمە ئەوها بەرەو رووی یەکتر بینەوەو باسی خۆمان بکەین، بۆئەوەی بزانین لەچ مەوقعێکین و، چی بکەین باشە منیش ئەزانم هاوکاریتان لەگەڵدا ناکرێت تەنسیقتان لەگەڵدا ناکرێت، هەموومانیش بەوە دەزانین، بەڵام ئەوهاش بەدەستەپاچەیی نابێ دانیشین و، شت لەکۆڵی خۆمان بکەینەوە، هەر کاغەزێکمان نووسی وازی لی بێنین، ئەبێ ئێمە لەگەڵ گیرگرفتەکان بژین و هەوڵ بدەین چارەسەری ئەو بارە بکەین، هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان هەر کە گوێیان لە برادەرانی لیژنەکان دەبێ لە ماوەی ساڵێکدا چ کراوە، هەڵسەنگاندنی هەریەک لە ئەندامان کە ئەندامن لە دوو

لیژنه، ئەمە خەمی هەموومانە، ئەم جەلسەیە بۆئەوەیە تۆزێک بەراشکاوی لەگەڵ یەکدا بدۆیین تا بزانین لەکوێ وەستاوین، چونکە زۆر جار گلەیی لە دامودەزگا رەسمییەکان و خەڵکی تر دەکەین کە سەرپێچیان هەیە کار ناکەن و پشتگوێی دەخەن، دەبێ خۆمانیش تەماشایەکی خۆمان بکەین کە ئێمە لە کوێ وەستاوین؟، ئەو بەرپرسیانەی کە لەسەر شانمانە هەر یەک لە ئێمە وەکو پویست خۆمانی بۆ ماندوو دەکەین؟ من گومانم نییە مەلا هادی یەکێکە لەو ئەندامانەی کە خۆی ماندوو دەکات، بەڵام دوو جۆرە ماندوو بوون هەیە، بۆیە زۆر باشە لە دانیشتنێکی وەهادا دابنیشین، زۆریش پیویستە کە دانیشتنی وەها زیاد بکەین، بۆئەوەی زیاتر خۆمان ببینین و، هەوڵ بدەین چارەسەرێک لە باری خۆمانیش بکەین و، خۆمانیش چالاک و بەگەڕ بخەین لەو ئەرکانەی کە بۆمان دانراون. سوپاسی لیژنەی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی دەکەین بۆ هەوڵەکانیان و هیوادارین کە لەم خولەدا کارێکی وا بکرێت کە زاڵ بین بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەدا. فەرموو مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لەساڵی پاردا داوامان کرد کەوا سەرپێچی هەیە لە وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی پیشەسازی، داوای وەزیرمان کرد شەش مانگی پێچوو وەلاممان نەدرایەوە جەنابت ئاگاداری ئێمەت کردەوە کە گوایە کاتی بەسەر چووە دووبارە نووسرایەوە تا ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان چی کرد؟ توانی چی بکات بەرامبەر بەو وەزیرانەی ئامادەنەبوون لەناو پەرلەمان کە بتوانین لێیان بپرسینەوە؟ خۆ ئێمە بۆ موحاسەبە بانگمان نەدەکردن، کە بانگی وەزیر دەکەین ئێمە لێی دەپرسین هۆی ئەو سەرپێچییە یاساییە چییە کە جەنابت دەیکەیت؟، وەزیر بەئێمە دەڵێت (هذا هو) برۆ چاوەڕوانی کاغەز بکە، ئێمە ئیکتفامان بە کاغەز نەکردووە، بەپێی پێرەوو پرۆگرام ئەوەیە ئەگەر ئەندامی پەرلەمان رازی نەبوو بەوەلامی نووسین وەزیر دەبێ خۆی ئامادەبێت، ئێمە رازی نەبووین، بەڵام کەس لە ئێمەی پرسیتەوە ئایا تۆ رازی یان نا؟. پاشانیش وەزیر وا تەسەور دەکات کە (معصوم)ە کەس نابێ لێی بپرسێتەوە، ئێمە دەچینە وەزارەت یان تەلەفۆن بۆ وەزیر دەکەین پێی دەڵێین ئەم سەرپێچییانەت کردووە وەزیر دەڵێت من بەپێی بەرژەوەندی گشتی قسەم کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم باش بزانن منیش وەزیر بم بەو شێوەیە بێیت موقابەلەت ناکەم تۆ پێرەوی ناوخۆت هەیە، پێرەوی ناوخۆ رێگای بۆتۆ داناوە چۆن کار بکەیت، هەروەها پەیرەوی ناوخۆش رێگای بۆ سەرۆکایەتیش داناوە چۆن مامەڵە بکات، دەسەلاتی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دیارە چییە؟ بەڵام دیارە هەشت ساڵە جەنابت هەتا ئێستاکە تەماشای دەسەلاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانت نەکردووە چییە، ئەو وەزیرەی کە وا تەسەور دەکەی پێت دەڵێت (هذا هو) تۆ لێرە داوای

ئیستجوابی بکە، داوای بروا لێ سەندنەوەی لێ بکە، بزانە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو ئیجرائەی تۆ دەگەیەنێت بە کەناڵەکانی خۆی یان نا؟، بەڵام ئەگەر جەنابت بڕۆیە دەرگای پرسگا رابووەستیت، نەتبینێت دەستی خۆش بێت، چونکە چاوپێکەوتنی وەزیر و ئەندامی پەرلەمان ڕێگای خۆی هەیە شێوازی خۆی هەیە، جەنابتان ئەگەر ئیشێکتان بە وەزیر هەیە نووسراوێکی رەسمی بکە بە کەناڵەکانی خۆیدا بگات بە وەزیر کە نارازی لە وەڵامەکەی داوای بکە با بێت بۆ ئێرە، نا رازی لە ئیجرائەکە بڕۆ داوای ئیجرائاتی تر بکە، ئەبێ نابێ ئەوە شتێکی ترە چونکە جەنابتان بڕیاری لەسەر نادەن زۆرینەی پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵام وەکو ئەندامێکی پەرلەمان ئەگەر جەنابت نارازی لە هەڵسوکەوتی وەزیرێک، یاسا یاخود پەیڕەوی ناوخۆ ڕێگای دیاری کردووە. بۆ زانیاری جەنابیشت کەس وەک وەزیری پیشەسازی و وەزیری شارەوانی هاوکار نین لەگەڵ ئەم پەرلەمانەدا ئەوە پرۆتۆکۆلەکان بخوێننەوە. جا لەبەرئەوە حەق نییە ئێمە کەموکوڕی خۆمان بخەینە سەر خەڵکی تر، چونکە یاسا ڕێگای بە ئێمە داوە کە بچن لە دەرگای پرسگە وەزیر بدەن وەکو پێویست وەڵام نەبێت گلەیی مەکەن لەوەیە لە بەرنامەی وەزیر ئەو کاتەی نەبێت، پێڕەوی ناوخۆ ڕێگای بە ئێمە داوە، لەبەرنامەیاندا نییە، لەوانەیە ئەوانیش مەشغول بن یان حەز نەکەن بتان بینن، بەڵام ڕێگای ئوسوڵی تری خۆت هەیە، لە ریگای پرسیار و وەڵامەوە، لە ڕێگای داوەت کردنی بۆ لیژنەکەی خۆت کەوا هەموو ڕێگای بە تۆ دراوە، ئەگەر ئەمانەی هەموو نەکرد ئەتوانن بە ڕێگایەکی تر بیکەیت ئەگەر قەناعەتت نییە داوای ئیجرائات بکەیت، جەنابتان مافی ئەوەتان هەیە لە ژوورەکەی خۆشت داوا بکەیت بەپێی پێڕەوی ناوخۆ، زۆر سوپاستان دەکەین.

لیژنەی سکاڵاو مافی مرۆڤ کەرەم کەن. ئەم لیژنەیە لەم بەڕێزانە پێک هاتووە: (کاک عەبدولخالق زەنگەنە/ سەرۆکی لیژنە، شێخ یەحیا/ جێگری سەرۆکی لیژنە، فوزیە عیزەدین/ موقەریری لیژنە، ئازاد قەرەداغی/ ئەندام، محەمەد ئەمین مەولود/ ئەندام، زەهرا حاجی تەها/ ئەندام،رەجەب شەعبان/ ئەندام، حوسێن عەلی کەمال/ ئەندام/ سەفەر محەمەد/ ئەندام.

فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەکەمان لیژنەی سکاڵاکان و مافەکانی مرۆڤ، لیژنەیەکی تازەیە لە دوا خولی ساڵی حەوتەم پێکهێنرا، هەتاکو ئێستا لەو ماوەی دوایی تاکو پشووی پەرلەمانی رابردوو ئێمە چەند کۆبوونەوەیەکمان کردووە و، ئەو کۆبوونەوانەش زۆربەی زۆری کراوە بۆ ئەوەی کە لیژنەیەکی تازەیە پسپۆریشمان سنووردارە لەو بوارەدا هۆڵێکیان بۆمان تەرخان کرد لە دەروازەی پەرلەمان، بۆ ئەوەی کە ئەگەر وەفدەکان زۆر بوون لەوێ پێشوازییان لێ دەکرێت و، لەگەڵیاندا دانیشین و لە کێشەکانیان بکۆڵینەوە و، ئامادەی کەین بۆ سەرۆکایەتی، یا بۆ جێگای راپەڕاندن، لەو ماوەیەدا

ئێمە کۆمەڵێک سکالامان پێ گەیشت و، لە ڕێگای دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ ئێمە ڕەوانە کران، بەشێکی پەیوەندی بە چەند توێژێکەوە هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، وەکو کۆنەفرۆش و عەلوەکان و خانەنشینەکان، هەروەها سکالای تاکە کەسیش هەبوو بۆمان هاتووە و، ئێمەش هەوڵمان داوە و، لەگەڵ بەشێکیان دانیشتووین و قسەمان کردووە و، پەیوەندیمانیش بە جێگا پەیوەندارەکانەوە کردووە، کە ئایا ئەمە سەرپێچی یاسایە، یا نا؟، لەبەر ئەوەی کە ئیشەکانی ئێمە زیاتر ئەوەیە بەدواچوونی سەرپێچی یاساکانی پەرلەمان دەکەین، پاش پشووی پەرلەمان تاوەکو ئێستا ئێمە یەک دانیشتنمان کردووە، لەو دانیشتنەشدا کە بە ئامادە بوونی گشت ئەندامەکان بووە، تەنها کاک ئازاد نەبێت کە لە دەرەوەیە ، هەوڵمان داوە کەوا ڕۆڵی لیژنەکە زیاتر بەگەڕ بخەین، هەروەها ئەرک و کارەکانی زیاتر بە ڕێوە بەرین و، بەرنامەیەکیشمان بۆ خۆمان داناوە کە لە داهاتوودا بتوانین زیاتر لەو سکالاو نووسراوانەی کە ڕەوانەی ئێمە کراون بتوێژینەوە و، هەوڵیش بدەین بە زووترین کات چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەراستی سکالای خەڵکی پشت گوێ نەخرێت و، چارەسەریشی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ بدۆزینەوە، هەرەوها لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا کە ئەویش هەر لە ڕێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەبێت، ئەوەی کە کردوومانە هەتاوەکو ئێستا، بۆچوونمان وایە کەوا لەم ماوەیەدا بتوانین ئیشوکارەکان ڕێکبخەین، ئەرکی سەرەکی ئێمە (رەصدی)سەرپێچییەکانە، بەتایبەتی ئەو سەرپێچی و پێشێل کاریانەی کە لە یاسادا دەکرێن و، ئەو یاسایانەی کە زیاتر لە پەرلەمانەوە دەرچوون، هەروەها پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و، زۆر شتی تریش هەیە کە ئێمە بە ئەرک و کاری خۆمانی دەزانین، بۆ نموونە سەپاندنی باج و ڕەسم و زۆر شتی تریش هەیە کە پێشێل کاری لە سەر مافی گشتی هەیە کە پێویستە ئێمە گفتوگۆی لەسەر بکەین و، پێشنیار پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەین، ئێمە لەلای خۆمانەوە وا ڕێککەوتووین کە چەند دۆسییەک بکەینەوە بۆ ئەوەی کە پەرلەمان هەمیشە دۆسییەی لەلا بێت، چونکە لەوانەیە وەفد بێت ، لەوانەیە کۆڕ و سیمینار بکرێت، بۆ ئەوەی ئێمە ئاگامان لە پێشێل کاریەکان و سەرپێچییەکان هەبێت سەبارەت بە گەلەکەمان، جا ئەو هاوولاتیانەی کە لە ژێر دەسەلاتی ڕژێمن وەکو لە(کەرکوک وخانەقین و شنگار و شێخان و قزرەبات)وئەو شوێنانە، بڕیارمان داوە دۆسێیەکی تایبەتی بۆ ئەم شوێنانە بکەینەوە، ئەویش سەبارەت بە ڕاگوێزانی بە زۆر و بەعارەب کردن و دەرکردن ودەست بەسەر زەویوزار گرتنیان، جا بۆ ئەوە دۆسییەکمان کردووەتەوە وخەریکە تەواوی دەکەین، بە هاوکاری لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان وەکو کاک سیروان کاکەیی و ئەندامانی تر، هەروەها لەگەڵ کاک د.خەلیل و کاک خەسرەو گۆرانیش دۆسییەکمان ئامادە کردووە بۆڕاگوێزان و بەعارەب کردن و دەست بەسەر موڵکو ماڵی کورددا گرتن لەلایەن دەزگاکانی ڕژێمی عێراقەوە، بەتایبەتیش لە ناوچەکانی (مەخمور و گەرمیان و شێخان و فایدە)و جێگاکانی تری کوردستان، هەروەها دۆسییەکی تایبەتیمان بۆ ئەنفال و بزرەکان کردۆتەوە و، سبەینێش سیمینارێک دەکرێت

لێـره وئێـمـەش هەوڵ دەدەین کـەوا بەشـداری تێـدا بـکەین ، لەبەر ئەوەی کـارەسـاتی ئەنفـال کـارەسـاتێکی زۆر گـەورەیە و، هەروەها بێـسـەروشوێنەکـانیش، بێـسـەروشـوێنیش دوو جـۆرمـان هەیە ،یەکیـان ئەو (٨)هەزار بەرزانییەی کە تاوەکو ئێستا راپۆرتێکی وامان نییە لەسەریان و، هەروەها خـەڵکێکی زۆر لە سێ دارە دراوە جا چ بە شێوەی تاک بێت، یا بە کـۆمـەڵ، گـیراون و چارەنووسیـان نادیارە، یەکێـک لەو دۆسییانەی کە بڕیارمان داوە بیکەینەوە لەسـەر هەڵەبجەیە، هەڵەبجـەش وەکـو چۆن لە دانیـشـتنی دوێنی باسـمـان لەسەر کرد، ئێـمە خـۆمـان دۆسـیـیـەکی بۆ دەکەینەوە و ناوی شەهیدەکانی تیادا تۆمار دەکەین و، ئێستا وا خەریکین ناوەکان کۆ دەکەینەوە، بۆ نموونە لیستی مامۆستا شەهیدەکانمان لە یەکێتی مامۆستایان وەرگرتووە، هەروەها ناوی ئەو هاووڵاتیانەی کە بریندار و تێکچوونە کۆ دەکەینەوە، تاوەکو بزانین ژمارەیان چەندە، دۆسییەکیش دەکەینەوە تایبەت بە ئافرەت و مافە زەوتکراوەکانی ئافرەت لە کوردستاندا،تاوەکو ئێستا ئەرکی لیژنەکە لەسەرەتادایە، جا لەبەر ئەوە ناتوانم بڵێم ئێمە چەند ئیشمان کردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا هەر ئەوەندە ئیشمـان کردووە و، لە دوا کۆبوونەوەماندا بڕیارمان داوە کەوا گرنگییەکی باش بە ئیـشـوکـارەکـانی لیژنەکـەمـان بدەین، چونکە لیـژنـەکە زۆر گرنگە و، پەیوەندیی بە هاووڵاتیـانەوە هەیە، لەبەر ئەوەی کە ئێـمە ئێـسـتـا لە کـوردسـتـاندا دەسکەوتەکانمان هەمووی چاوی تێبڕاوە و، گێرەشێوێنیش هەیە و، جۆرەها جۆر پیلانیـشـمان لەسـەرە، لەو بۆچوونەوە دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە پەیوەندیمان لەگەڵ کۆمەڵێک وەزاراتدا هەیە، وەزارەتی ناوخۆیە، وەزارەتی مرۆڤایەتییە، ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین هەتاکو لەگەڵ رێکخراوە مرۆییەکـان لە کوردسـتـان و لە دەرەوەی کـوردسـتـان ، یاخود هەتاوەکو لەگەڵ رێکخراوەکـانی «UN» ورێکخراوەکانی تریش بـتوانین چی سـەبارەت بە مـەسـەلەی مـافی مـرۆڤ هەیە بکەین، هەروەها سکاڵای خـەڵکی زۆرە لەبەر ئەوەی تێـپـەڕکـاری زۆرە، هەروەها چۆن لە راپۆرتی لیژنەکانیشدا هاتووە، جا ئەگەر لە بواری پەروەردە، یا لە بواری شـارەوانی بێت، یا لەبواری زۆر شـتی تر بێت، ئەمـڕۆ وەفـدێکی گـەورە هات و، لەگـەڵیـانـدا دانیشتین و، کۆمەڵێک گرێ بەندی(عقود)کراوە کە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیەکان کردوویانە، وەزارەتێکی تر هاتووە و هەڵیـوەشـاندووەتەوە بە بێ ئەوەی بگەڕێتـەوە بۆ یاسا، ئەمـڕۆش ئێـمـە چۆین و سـەرۆکی پەرلەمـانمان بینی سـەبارەت بە بابەتی مـەکـتـەبی عـەلوەکـان کـە دەیانـەوێت لە ٣/٢٠ هەموو عـەلەوەکان هەڵگیرێن، جا ئەوە ئێمە فایلێکمان هەیە، گشت یاداشتنامەکانمان لە پێشە و بڕیاریشـمـان داوە، کە بەزووترین کـات ئیـشـوکارەکانمان باش بـکەین و، زیاتر گـرنگیـیـان پێبدەین، لەبەر ئەوەیە هەست دەکەین کەوا لیژنەکان هێشتا رۆڵی خۆیان نەبینیوە و، پێویسـتـە لەسـەر ئێـمە وەکو لیژنەی مـافی مرۆڤ و سکاڵا ئیـشـوکـارەکانمان زیاتر رێکبخـەین و، ئەویش بە هاوکاری کردن لەگەڵ لیژنەکانی تری، چونکە ئیشی ئێـمە تێکەڵە لەگەڵ لیژنەکانی تر، هەروەها لەگـەڵ سـەرۆکـایەتی پەرلەمـان، من هەر ئەوەندەم لەلایە، جـا نازانم ئەگـەر ئەندامـانی لیـژنەکـە شتێکی تریان هەبێت بۆ باس کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا مەحمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ڕاستی هەر وەکو کاک عەبدولخالق فەرمووی، لیژنەکەمان دەتوانم بڵێم تۆزێک تازەیە، هەندێک ئیشمان کردووە، بەڵام ڕەنگە ئێمەش تۆزێک کەمتەرخەمیمان کردبێت، ئەویش لەبەر پشووی پەرلەمان، جا لە کەمتەرخەمیەکانماندا داوای لێ بوردن دەکەین، بەڵام سەبارەت بەو سێ دۆسییەی کە کاک عەبدولخالق باسی کرد، ڕاستی ئێمە زۆر سوپاسی هەموو هێژایەک و هەموو برادەرێک دەکەین کە ئەگەر چ زانیارییەکی لەلایێت لەسەر هەڵەبجەو ئەنفال و بەعارب کردن، یا لەسەر بابەتی ئافرەت و هەر شتێکی تر بێت، با لوتف بەفەرموون و ئاگادارمان بکەنەوە، چونکە ئەم زانیاریانە تەنها بۆ لیژنەکە نییە، ڕەنگە ببێتە دۆسییەێکی تایبەتی بۆ پەرلەمان، ڕەنگە ئێمەیش و سەرۆکایەتی پەرلەمان و پەرلەمانیش بەگشتی سوودی لێ وەرگرین لە ڕۆژێکدا کە پێویستمان پێ هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ڕاستە ئەم لیژنەیە نوێیە، ئومێد دەکەین بکەوێتە سەر پێی خۆی و، ئیشوکاری خۆیان بەڕێوەببەن، سەبارەت بە عەلوەکان زانیاری تەواومان بدەنێ، تاوەکو بزانین بۆ وایان لێ دەکەن، چونکە هەندێ زانیاری هەیە دەڵێت گوایە بڕیارەکە گشتی نییە، زۆر سوپاستان دەکەین، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی، ئەمە دوا لیژنەیە، چونکە لیژنەی پێشمەرگە شتێکی وایان نییە، بابفەرموون.

**بەڕێز مەلا موحسن خالید موستەفا موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەتای قسەکانمان لە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بەوە دەست پێدەکەین، سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین بۆ ئەم کارە، چونکە هەموو یەکێکمان هەوڵمان داوە بیر بکەینەوە لە ماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا و، بزانین چی هەیە و، چیمان کردووەو، چیمان نەکردووە و، چ کەمتەرخەمییەکمان هەبووە، خۆشمان بە خۆمان بزانین و، ئەوەش کە کردوومانە هەوڵ بدەین کەوا زیاتر کاری بۆ بکەین، ئەمە کارێکی باشە، هەرچەند ڕاپۆرتی لیژنەکان لەسەرەتاوە دەستی پێبکەین، ڕاپۆرتەکان خۆی کارێکی باشە، بەڵام ئەم وەڵام دانەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بۆ لیژنەکان ڕەنگدانەوەیەکی باشی دەبێت، هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی هەر یەکە خۆی ئامادە کات بۆ هەفتەکانی تر، بزانێت کێ دەتوانێت خزمەت بە کوردستان و پەرلەمان بگەیەنێ، خاڵی دووەمان، ئێمە وەکو لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی لە خولی پێشودا چەندەها کۆبوونەوەمان کردووە و، (٩)ڕاپۆرتی تێروتەسەلمان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کردووە، لە ساڵی ڕابردوودا چەندەها کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئیسلامی ئەنجامداوە و، لێکۆڵینەوەمان لەگەڵدا کردووە سەبارەت بە دامودەزگاو ئیشوکارەکانی وەزارەتی ئەوقاف، هەروەها سەردانی قوتابخانە ئاینییەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقافمان کردووە و، ئەو قوتابخانە ئاینیانەش کە قوتابخانەی ئەهلی ئاینین وپەیوەندییان بە مزگەوتەکانەوە هەیە و، لە کوردستاندا

بره‌وێکی تایبه‌تیان هه‌یه، له‌ که‌موکوڕیه‌کانیان کۆڵیومانه‌ته‌وه و، به‌ پێی توانا هه‌وڵمانداوه که پێشنیار و داواکاریه‌کانیان له‌گه‌ڵ به‌رپرسانی وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف و، به‌رپرسانی وه‌زاره‌ته‌کانی تری کوردستانیشدا باس بکرێت، چواره‌م، (٣)کۆبوونه‌وه‌مان له‌گه‌ڵ لیژنه‌ی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده و وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف ساز کرد، لیژنه‌ی تایبه‌تمه‌ندی هه‌ردوو وه‌زاره‌ت ده‌رباره‌ی به‌رابه‌ر کردنی بروانامه‌ی ده‌رچوانی قوتابخانه ئاینیه‌کانی سه‌ر به‌ وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف له‌گه‌ڵ ده‌رچوانی سه‌ر به وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده بکرێت، ئه‌وه‌ش له‌ پاشاندا باسی ده‌که‌ین که‌ چی به‌سه‌ر هات.

پێنجه‌م، به‌شدار بوون له‌ هه‌موو یاده ئاینییه‌کان و نیشتمانییه‌کان که‌ خۆمان وه‌کو لیژنه‌ی ئه‌وقاف پێی هه‌ستابین، یا له‌لایه‌ن زانایان و یه‌کێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانه‌وه کرابێت، یا له‌لایه‌ن ده‌زگا ئاینییه‌کانی تری کوردستانه‌وه کرابێت، به‌پێی توانا هیچ بۆنه‌یه‌کی ئاینیی و نیشتمانیی نه‌بووه که تیکڕای لیژنه‌که‌مان، یا نوێنه‌ری لیژنه‌که‌مان تێیدا به‌شدار نه‌بووبێت، جگه له‌ به‌شدار بوون له‌و یاساو پرۆژانه‌ی که له‌ په‌رله‌مانه‌وه ده‌رچووه و، هه‌ندێ سمینارو کۆڕی تایبه‌تیمان بۆ جه‌ماوه‌ر ساز کردووه و، باری کوردستان و بیروباوه‌ڕی ئیسلامه‌تی و نیشتمانپه‌روه‌ری و عه‌قیده‌ی دروستمان بۆ خه‌ڵکی روون کردۆته‌وه له‌زۆر جێگادا وه‌کو هۆڵه گشتییه‌کان و ئه‌و هۆڵانه‌ی که په‌یوه‌ندییان به‌ لقه‌کانه‌وه هه‌یه و، له‌ جێگاکانی تر که له چوارده‌وری شاری هه‌ولێردان، به‌ هاوکاری ده‌زگا به‌رپرسه‌کان و لایه‌نه‌کانی تری ئیداریی توانیومانه تاوه‌کو ئێستا زیاتر له (٨ تا٩) کۆڕ بۆ خه‌ڵکی ساز بکه‌ین و، خۆشمان داوامان کردووه که‌وا ئه‌م جۆره کۆڕانه زیاتر ببه‌سترێت،چونکه ئه‌مه هه‌وڵدانێکه بۆ ئه‌وه‌ی زیاتر په‌یوه‌ندی له نێوان زانایانی ئاینیی و خه‌ڵکیدا هه‌بێ، ئه‌گه‌ر ئه‌و زانایانه‌ش ئه‌ندامی په‌رله‌مان بن ئه‌وه زیاتر جێگای شانازییه بۆ خه‌ڵکه‌که.

شه‌شه‌م، سه‌ردانی مزگه‌وته‌کان وشوێنه پیرۆزه‌کان و دانیشتن له‌گه‌ڵ ئیمام و وتارخوێن و پیاوه به‌ڕێزه‌کانی ئاینی ئیسلامی و، باس ولێکۆڵینه‌وه له‌ داوا وگیروگرفته‌کانیان، که‌ ئه‌وه‌ی به‌گوێیان کردبێن داواکانیانمان گه‌یاندووه‌ته شوێنه مه‌به‌سته‌کان، یان راسته‌وخۆ خۆمان هه‌وڵمان داوه که ئه‌وه‌ی له ده‌سه‌ڵاتی خۆمان دا بووبێت بۆیان جێبه‌جێ بکه‌ین و، به کاره‌کانیان هه‌ڵبستین، که ئه‌مانه ره‌نگه به‌شێوه‌یه‌کی گشتی بێت، به‌ڵام ئه‌وه‌ی که ئێمه بتوانین رووبه‌رووی ئێوه‌ی به‌ڕێز باسی بکه‌ین، هه‌موو زانایه‌ک که هه‌ست به به‌رپرسی بکات، ئه‌رکی له هه‌موو که‌سێک گران تره، چونکه ئه‌گه‌ر له دامو‌ده‌زگاکانی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستاندا وه‌زاره‌تێکی تایبه‌تمه‌ند چه‌ند دزگایه‌کی تایبه‌تی هه‌بێت له شوێنێکدا که گیروگرفته‌کانی رووبه‌رووی ئه‌ندامێکی په‌رله‌مان ببێته‌وه، هه‌موو مزگه‌وته‌کانی ناو شاری هه‌ولێر و ده‌وروبه‌رو هه‌موو ته‌کیه‌و خانه‌قاکان و هه‌موو شوێنه پیرۆزه‌کان و قوتابخانه ئاینییه‌کان، وا ده‌زانن هه‌موو ده‌سه‌ڵاتێک له‌به‌ر ده‌ستی ئێمه‌دایه، له‌به‌ر ئه‌وه کێشه‌و گرفته‌کان رووبه‌رووومان ده‌بێته‌وه، خۆ ئه‌گه‌ر ئێمه نه‌توانین هه‌ندێک هاوکاریان بکه‌ین و، نه‌ش توانین گرفته‌کانیان بۆ جێبه‌جێ بکه‌ین، به‌ڵام خۆ توانیومانه سه‌ردانیان بکه‌ین و، کێشه‌کانیان بگه‌یه‌نین به‌و جێگایانه‌ی که مه‌به‌ست بووه، که ئه‌وه‌ش سه‌باره‌ت به‌وانه‌وه دڵخۆشی که‌رێکه و، دڵیان پێ خۆش بووه و، سه‌باره‌ت به ئێمه‌ش تۆزێک ئاسووده‌یی رووی کردۆته دڵمانه‌وه، هه‌رچه‌ند زۆر به‌ی ئه‌و گرفت و ئیشانه به‌داخه‌وه جێبه‌جێ نه‌بووه، پێشکه‌ش کردنی چه‌ند پرۆژه‌یه‌ک بۆ ته‌رخان کردنی ده‌رماڵه بۆ ئیمام و وتارخوێنه‌کان ئاراسته‌ی ئه‌نجوومه‌نی

وەزیران کراوە لە ڕێگای بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە و، زیاتر لە دووجار جەخت لەسەر ئەم بابەتە کراوەتەوە، لیژنەکەمان(١٧)کۆبوونەوە و راپۆرت و راپۆرتی دانیشتن و نووسراوی تایبەتی پێشکەش بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کردووە لە ماوەی خولی رابردوودا. دەیەم، داوامان کرد وانەی ئیسلامی بەرەسمی بوترێتەوە لە قوتابخانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و، مامۆستاکانیان پسپۆڕی ئاینی و موسڵمان بن و، بەشی وانەکان زیاد بکرێت و، بە رەسمی لە تاقیکردنەوەکانی بەکەلۆریا دابنرێت و، چەند جارێک دانیشتنمان لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی بەڕێزو لیژنەی تایبەتمەند کردووە، وەک لە کۆبوونەوەی ژمارە(٥)ی خۆماندا بە درێژی باس لەوە کراوە وبڕیاری لەسەر دراوە و، پاشان بە نووسراوی رەسمی ئاراستەیان کرا و، ئامانجەکانیشی کە چی بەسەر هات پاشان لە کۆتایی راپۆرتەکەدا باسی دەکەین.

یازدە، ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ٢٩/١٠/١٩٩٨پرسیارمان ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف کرد سەبارەت بە مزگەوتەکان وچالاکی ئیمام و وتاخوێنەکان، کە ئایا ئەو مزگەوتانەی کە لە کوردستاندا هەن راستە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن، یا رەسمیەتیان وەکو پەیوەندداری تایبەتی پەیوەندییان بەوانەوە نییە؟، ئایا لەژێر کۆنترۆڵی وەزارەتی ئەوقافن و هەموو فەرمانبەرەکانیان سەر بە وەزارەتی ئەوقافە؟، وەزیفەی رەسمی ئێمام و وتارخوێنیان هەیە، یا نییانە؟ و، ئەمەشمان کرد بە پرسیار و لەلایەن بەڕێز مەلا مەحمود دێرەشەویەوە پرسیارەکە ئاراستەی وەزارەتی پەیوەندیدار کرا، تەنها وڵامێک هاتەوە، ئیتر دوای وڵامەکە هیچ تێبینییەک و روونکردنەوەیەکی تر نەبووە، سەبارەت بە بەرامبەر کردنی بڕوانامەکان کە بڕیاری پێ دەرچوو لە پەرلەمانەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا وەکو پێویست جێبەجێ نەبووە و، ئەمەش پرسیارێکە ئاراستەی وەزیری پەروەردە کرا لەلایەن خۆمانەوە، هەروەها دەربارەی خێزانە ئەنفال کراوەکان کە ئەمە کێشەیەکی سەردەمە وهەموو کاتێک دەوترێتەوە، ماوەیەکی زۆرە و لە چەندەها کۆبوونەوەی لیژنەی پەرلەمانی خۆماندا هەوڵمان داوە وباسمان کردووە و، لەسەر بڕیاری لیژنەکەمان چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان و، وەزارەتی داد کردووە، دوای چەند کۆبوونەوەیەک بڕیاردرا لیژنەیەکی هاوبەش دروست بکرێت، لە لیژنەی تۆمارکردنی یاسایی سەر بە وەزارەتی داد لەگەڵ لیژنەی باڵای فتوای زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، کە لیژنەیەکی باڵای فتوامان هەیە لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا لە زانا پسپۆڕە شەرع زانەکان پێک هاتووە،کە سەر بە یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستانن، هەمووکێشەو گیروگفتێک کە پەیوەندیی هەبێت بە فتوای شەرعیەوە لە سەرانسەری لقەکانی یەکێتی زانایانی ئاینی رووبەرووی ئەو لیژنەی فتوای باڵایە دەبێتەوە. بە چاودێری لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی و یەکێتی زانایانی ئیسلامی ئەم دوو لیژنەیە چەند کۆبوونەوەیەکیان سازدا و، ئەنجامەکەی بە پوختە کاراوی و بە فتوای لیژنەی باڵای شەرعییەوە بە راپۆرتێک پێشکەش بە وەزاەتی داد کرا و، ئەمە بۆ زیاتر لە ماوەی (٧)مانگ دەچێت چاوەڕوانی وەڵامین لە وەزارەتی دادەوە کە دەبوایە لیژنەی تۆمارکردنی یاساکان پرۆژەیەکیان ئامادە بکردایە، یا ئەو پرۆژەی کە لەلایەن لیژنەی باڵای فتوای یەکێتی زانایانەوە پێشکەش کراوە، ئەوە بەرز بکرایەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و، لەڕێگای ئەوانیشەوە بە رەسمی پێشکەشی پەرلەمان بکرایە ئەو کاتە چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە دەکراو ئەو کێشەیە بەهەڵپەساردراوی نەدەمایەوە و، واشی لێ نەدەهات کە ببێتە

دەنگوباسی خەڵکی، ئەوە ماوەیەکی زۆرە کە بەراستی گیروگرفتێکە کە خێزانی پاشماوەی بە ناو ئەنفالەکان لە کوردستاندا گیرگرفتیانە، کە هەق وایە هەموو لایەکمان بەتەنگی ئەو کێشەیەوە بێین و، بتوانین زوو بە زوو پشت بە خوا لە داهاتوویەکی نزیکدا چارەسەرییەکی بۆ بدۆزینەوە، هەروەها توانیومانە پەیوەندی بە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بکەین، ئەوانەی کە سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانن و رەسمیەتیان هەیە و، نووسراو ویاداشتی رەسمی دەربارەی تاوانەکانی کە دژ بە ئەم ئەزموونەی کوردستان کرابێت چ لە لایەن پەکەکە وە بێت، یا تاوانەکانی رژێم بێت لە بەعارەب کردن، یا هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت ئەم تاقیکردنەوە لە کوردستاندا بەرەو نوشستی بەرن، ئەوانە بە یاداشتی رەسمی پێشکەش بەو رێکخراوانە کراون، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زۆر حاڵەتدا ئێمە وەکو لیژنەیەکی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی سەر بە پەرلەمان نەمان توانیوە راستەو خۆ نووسراوەکانمان ئاراستەی دەرەوە بکەین، یان ئاراستەی وەزارەتەکان بکەین و، لەبەر ئەوەیش کە ئەگەر ئەم جۆرە یاداشتانە لە کوردستاندا هەموو جارێک لە پەرلەماندا کراوە و هێزێکی یاسایی دەبێت، بۆیە هەموو جارێک هەماهەنگیمان لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان کردووە، کە ئەوەی پێویست بوو بە یاداشتنامە بۆ رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی و، بۆ سەرۆکی وڵاتە ئیسلامییەکان و، بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا چەند شتێک کراوە و، ئەو راپۆرتانەش بە درێژی ئی وا هەبووە زیاتر لە (٣) لاپەرەیە ئێمە توانیوومانە بیگەینین و نوسخەکانیشی لە ئەرشیفدا ماونەتەوە.

سیازدەیەم، هەر رێنماییەک پێویست بوو بێت کە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، یان پەرلەمانی کوردستان لەبارەی دین و کۆمەڵایەتییەوە دەری بکات لیژنەکەمان لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا بە پێشنیار پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردووە دەربارەی میعراج و مەولودو رەمەزان و بۆنە ئاینیەکانی تر کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە لیژنەی ئێمەوە هەیە و، بەنووسراو ئاراستەمان کردوون بەرێزیشیان بە گرنگییەوە پێی داوەو ئەوەی کە خۆشیان دڵنیا بووین لەوەی کە ئەنجامی ئەدەن، بەڵام لە بابی زیکرەوە( فأن الذكر تنفع المؤمنين) ئەوە مافمان بە خۆمان داوە کە پێشنیاریان عەرز بکەین و ئەوانیش بە سوپاسەوە وەریانگرتووە.

چواردەیەم، چەند جارێک بەرەسمی داوامان لە وەزارەتی ئەوقاف کردووە و، بەدانیشتنی تایبەتی کە بەراپۆرتێک ئاگادارمان بکەنەوە لەسەرئەو یاسایانەی کە لەپەرلەمانی بەرێزەوە دەرچووەو لیژنەکەمان دەستنیشانی کرد راپۆرتێکی تێروتەسەلمان لە کاتی خۆیدا پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردو لێرەشەوە بەرەسمی گەیەنرا بە وەزارەتی ئەوقاف و، دوای ئەوەی کە چەند جار لەگەڵیاندا دانیشتین و، باسی ئەوەمان کرد کە زۆربەی ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانەوە دەرچوون مخابن تا ئێستا لە وەزارەتی ئەوقاف وەکو پەیرەو رەچاو نەکراون، یان هەندێکی جێبەجێ نەکراون، یان لە پاشان هەندێکی جێبەجێ کراوە ئێمە تەعدیلێکمان لەسەر ئەو راپۆرتەی خۆمان کردو راپۆرتەکەمان گۆڕی، بەڵام داواشمان لێ کردنەوە لەسەر داواو نووسراوی سەرۆکایەتی پەرلەمان دیسان چووینەوە لایان و داوامان لێ کردن کە پێویست دەکات هەندێک لەو بابەتانەی کە هێشتا نەتان کردووە بۆمانی دەستنیشان بکەن و، ئەوانەی کە خزمەتەو کردووتانە بە کردەوە

پێمان رابگەیەنن، بۆئەوەی ئێمە وەزارەتی ئەوقاف کە وەزارەتی خۆمانە سەرمان پێ بەرز ببێتەوە بۆئەوەی بشتوانین بە ڕێکوراستی ئەوەی کە هەیە وەکو راستی بیخەینە بەرچاو، جگە لەوەی کە خۆمان لەلاوە پێی دەزانین.
هەروەها لە راپۆرتی ژمارە (١٦)ی ٧/١/١٩٩٨ نووسیومانە کە بەڕێز وەزیری ئەوقاف بەڵێنی دا کە پەیمانگای ئیمام و خەتیبەکان کە ئێستا هەیە باڵەخانەکەی جیا بکرێتەوە، هەروەها بەڵێن درا کە قوتابخانەی ئاینی و قوتابخانەی ناوەندی ئایینیەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بینایەکەیان هەر هەموویان بەیەکەوەیە کە حاڵەتێکی زۆر بێ یاساییە، زۆر بێ نیزامە، کە بە هیچ شێوەیەک قوتابی ناتوانێ ژیانی تێدا بەسەر بەرێ، یان قۆناغەکانی خوێندنی خۆی تێدا بەسەر ببات سەیر دەکەین ماوەی ئەو هەشت ساڵە بەردەوام کە ئەخوێنێ لە قۆناغی دواناوەندی لەگەڵ دوو ساڵەکەی کۆتاییشدا وا دەزانێ ئەمە هەر لە قۆناغی سەرەتایی دایە، یان لە قۆناغی ناوەندیدایە، بەلام تا ئێستا ئەوەش جێبەجێ نەکراوە.
پازدەیەم، لیژنەکەمان پێشنیاری کرد بە نووسراوی ژمارە (١٣) لە ١٧/١٠/١٩٩٨ کە هۆڵی بەردەم مزگەوتی سپی نۆژەن بکرێتەوە بۆ بۆنە ئاینییەکان و سوپاس بۆ خودا کاری بۆ کرا لە چەند بۆنەیەکی وەزارەتی ئەوقاف ئاهەنگی ئیفتاری یەکێتی زانایانی تیادا ساز کراوە، بەلام هێشتا کەموکوڕی هەیە.
شازدەیەم، دەربارەی هەوڵەکانی ئاشتی وەک لیژنە پشتگیریمان لێ کردووە چەندەها راپۆرت و کۆبوونەوەی هاوبەش و کۆڕی هاوبەشمان لەگەڵ یەکێتی زانایان ئەنجام داوە، چونکە بەراستی هەموومان دەزانین کە مینبەرەکان و میحرابەکانی مزگەوتەکان و شوێنە پیرۆزەکان رۆڵێکی کاریگەریان هەیە و، زانایانی بەڕێزی کوردستانیش ئەتوانین بڵێین رۆڵی سەرەکیان هەیە لەوەی کە گرنگی و بایەخ بەو کارە بدەن و، لەیەکێک لە بۆنەکاندا کە بە هاوبەش لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئەنجاممان دا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و وەفدە یاوەرەکەی بە وتارێکی دورو درێژ بەشداریان و شەرحی ئەو حاڵەیان بۆ جەماوەری زانایانی بەڕێز کرد لە شوێنی تایبەتدا.
ئەو راپۆرتانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتییەوە بۆمان هاتووە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە لیژنەکانی تریشەوە هەبوو بێت ئێمە رای خۆمانمان لەسەر دەربڕیوە وەک راپۆرتی لیژنەی تەندروستی یان راپۆرتی پەروەردە، یان راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ، یان لیژنەکانی تر کە ژمارەو مێژوەکانیانمان نوسیون هەرچی توانیبێتمان، یان زانیبێتمان و، پسپۆڕیمان تیادا هەبووبێ ، یان زانیبێتمان رای تیادا دەربڕین، هەوڵمان داوە رای خۆمانی تیادا دەربڕین. هەژدە، هەندێ نووسراو و کتێب و رۆژنامە بلاو کراونەتەوە یان ئەکرێنەوە زۆربەیان لە سنووری دەسەلاتی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دووریشن، بەلام بلاو کردنەوەیان لێرە ئەبێتە کاریگەرییەکی سلبی وەکو لە بواری تردا باسمان کردووە هیچ سنوورێک نایان گرێتەوە، یان دژ بە ئیسلام، یان دژ بە بیروباوەڕی نیشتمان پەرەوری یان دژ بە مەزهەب و عەقیدەی ئەهلی سونەت، یان دژ بە وڵات و نیشتمان، ئەم تاقی کردنەوەی کە هەمانە وەکو پەرلەمان کە لەوانەیە بە ئیلحاد و بێ باوەڕی لە هەندێک حاڵەتدا باس کرا بێت و، بانگەشەی بۆ کرابێ بۆیە چەند کۆبوونەوەمان لەگەڵ یەکێتی زانایان ساز کردو بە هاوبەش سەردانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانمان کرد و، چەند

جارێکیش سەردانی وەزارەتی رۆشنبیریمان کرد و، لەو بارەیەوە وەزارەتی رۆشنبیری نووسراوێکی زۆر بە پێزو رێکوپێکی نووسی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و، هاو خەمی و هاوکاری و هاورازی خۆیانیان لەگەڵدا راگەیاندین و، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وزەیرانیش بە نووسراوێکی رەسمی کەلەبەر دەستماندایە وەڵامیان داینەوە، بەڵام بەداخەوە لە دوای ئەو وەڵامدانەوەیە، چونکە لیژنەی بەدواداچوونی نەبووە لیژنەیەکیان دامەزراند لە سێ وەزیر ئەوەی کە ئێمە ئاگاداربووین بەرەسمی ئاگاداریان کردووینەوە ئەو وەزیرانە بریار درا کە لەگەڵ لیژنەی ئێمە لەگەڵ یەکێتی زانایانی ئیسلامی کۆببنەوە و ئەمە تەنها بریارێکە و تا ئێستا نەبە ئەوان گەیشتووە، یان گەیشتبێتیش ئێمە نەمانزانیوە کە کۆبوونەوەیان لەگەڵدا کردبێن بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ ئەم بابەتە بدۆزرێتەوە.

نۆزدە، دەربارەی وتارەکەی سەرۆک کە باسی مافی ئافرەتی کرد و، باسی گەلێ شتی تری کرد لەو بارەیەوە ئێمە بە پەسەندی دەزانین و، هەردەم ئەو مافەی کە بۆ ئافرەت رەچاو نەکراوەو، کەس پێی نەداون لە ئیسلامدا خواوەندی ئەم جیهانە بەتەواوی پێی داون ئێمە وا بیر دەکەینەوە ئافرەت هەقە هەوڵ بدات و خەبات بکات بۆ ئەوەی بەو مافە بگات.

دەستکەوت وخەڵات و تایبەتمەندییە کەخوا (جل جلاله) خۆی مخلوقی خۆی دروست بکات ئەزانێت چۆن رێزی لێ ئەگرێ و چۆن رێزی بۆ داناوە، هەروەها ئەوەی کە بە بیری بەرێزتانی بینینەوە لە یاساکانی سەردەمیش یاسای دانراویش دا قەدەغە کراوە کە ئافرەت بە زۆری بەمێردی بدەن یان کرین وفرۆشتنی پێ بکەن کە ئەمە شتێکە لە ئیسلامیش هەردەم رەت کراوەتەوەو نابێت شتی وا ئەنجام بدریت بەڵام گەر شتی ئەوها ئەنجام دراوە ئەوە لایەنی جێبەجێ کردن لێی بەرپرسیارە نەک لایەنی یاسادانان، چونکە یاساکە هەیە بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێ کردن کە بەو شێوەیە جێبەجێی نەکردووە ئەوە حاڵەتێکی ترە.

بەڵام بەداخەوە هەندێک دەزگای راگەیاندن بەخراپ ئەو بۆچوونەی سەرۆک لێک دەدەنەوە لەوانەیە ببێتە لێکدانەوەیەکی نادروستیش چونکە مافی ئافرەت حاڵەتێکی ترە و گەیشتن بە مافی ئافرەت کە زوڵمی لێ نەکرێت حاڵەتێکی زۆر ئیجابی و زۆر پێویستە کە بەکار بهێنرێت، بەڵام هاندانی کەسانێک کە لەمستەوای ئەوە نین پێیان بوترێت ئافرەت بەوەی کە حاڵەتێکی تایبەتی بکەن یان لە کۆمەڵگایەکی پیرۆز وبەرێزی کوردەواری خۆمان دا کە هەمووی لەسەر ئاین ورەوشت و ئیسلامەتی پەروەردە بووە هانیان بدرێت لەسەر ئەوەی کە بەشێوەیەکی تر بیر بکەنەوە یان بەشێوەیەکی تر بجوڵێنەوە یان تێکەڵیان هەبێت یان شتی لەو بابەتانە ئەوە من وا دەزانم کە ئەمە دەقاو دەق دژایەتی هەیە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئیسلام وبۆچوونەکانی جەنابی سەرۆکیش.

بیستەم: ئەوانەی کە تا ئێستا چاوەڕێی وەڵامین وجێبەجێ نەکراون:

أ- لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە تا ئیستا بریاری پەرلەمان دەربارەی هەمواركردنی مۆڵەت و بروانامەی زانستی خوێندنی قوتابخانە ئاینییەکان نەکراوە بە فەرمانێکی رەسمی کە ئەبوایە بە نووسراویکی رەسمی ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەو ئەوقاف بکرابایەو پەیرەوێکیان لەسەر ئەوە

بۆ دابنایە کە ئەوانی تریش لەخوارەوە پەیڕەویان لێ بکردابایە. چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و لیژنەی تایبەتمەندی سەر بە وەزارەتی پەروەردە کردو کۆنووسی هاوبەشمان مۆرکرد، بەڵام وەزارەتی ئەوقاف تائەمڕۆش باسیان لەوە نەکردووە کە بڕیاری ڕەسمی پێ دەرنەچووە.

ب-دەرسی دین بەسوپاسەوە بە ڕەسمی ناسرا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەو، لە بکالۆریا داخل کراوە کە ئەمە کارێکی باشە، بەڵام حصەکەی کەمەو پسپۆرو شارەزای تایبەتمەند لە هەموو کاتێکدا نایلێتەوە کە ئەبوایە ئەم داوایەش جێبەجێ بکرابایە چونکە ئەمە خواستی گەلێکی موسڵمانە کەئەبێ ئێمە لەسەر ئەخلاق ورەوشت و دینداری ئەو گەلەی خۆمان پەروەردە بکەین بۆ ئەوەی ڕێگا نەدەین بە دینێکی نادین یان عەمیل بێت جێگای بگرێتەوە و وای لێ بێت کە ئەگەر بایەخ بە ئاینیی ئیسلام نەدرێت حەقی وایە هەموو کەسێک خۆی بکا بە خاوەنی ئیسلام، بەڵام ئەگەر ئێمە لە وڵاتی خۆمان توانیمان گرنگی و بایەخ بە ئاینیی پیرۆزی ئیسلام بدەین و لە هەموو بابەتێکی ژیاندا هەوڵمان دا تەفاعولی پێ بکەین، مانای وایە کە ئیمە ڕێگامان گرت لە هەر کەسیکی تر کە بیەوێت زێدەبایی بەسەر ئیسلامەوە بکاو خۆشی بکاتە خەمخۆرێک کە لەوانەیە وەکو دروست و وەکو شیاو وەکو زانایان و وەکو پسپۆرو شارەزایانی کوردستان ئاگایان لە باری ئاینی ئیسلامی پیرۆز و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ میللەتا نەبێت.

ج- تا ئیستا وەزیری پەروەردەو ئەوقاف کە پرسیارمان ئاراستە کردبوون لەلایەن خۆیانەوە وەڵامیان نەداینەتەوەو لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانیشەوە تا ئێستا ئەو وەڵامە نەگەیشتۆتە ئەنجام و لەوانەیە خولێکی بەسەر تێپەڕ بوو بیت.

د- یاسای تایبەت بە پەیمانگای (أئمە و الخطباء) وەک پێویست گەڵاڵە نەکراوەو یاسای قوتابخانەکانیش تەنها بڕیارەکەی پەرلەمانە، کە بەڕەسمی ناساندراوە بەڵام بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بڕیاری هاوبەشی وەزارەتی پەروەردەو بڕیاری وەزارەتی ئەوقافی پێ دەرنەچووە، تەنها پەیڕەوێکی هەیە. هەروەها ئەنجوومەنی زانستی و ئەنجوومەنی باڵای ئەوقاف (مجلس الاوقاف الاعلى) کە ئەمانە پیویستییەکی زۆر گرنگن بۆخزمەت کردن و بۆ ژیاندنەوەی وەزارەتی ئەوقاف لە کەسایەتی پسپۆرو شارەزا چەندەها جار بەراپۆرت داومانەو لەسەر بڕیاری سەرۆکی پەرلەمان دانیشتمان لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف کردووەو بڕیاریان داوە لەسەر پێشنیاری ئیمە، کە چەند کاریان بە یاسای پەرلەمان کردبێت ئەنجامی بدەن و کام بڕگەیان جێبەجێ نەکردووە بۆمانی باس بکەن و بە نووسراو بۆمانی بنێرن، بەڵام ئەوە چوار مانگەوهێشتا وەڵامەکەی نەگەیشتووە.

خاڵێکی تر هەیە کە ئەبێ ئێمە دەسنیشانی بکەین و دەستنیشانیشمان کردووە چەندەها جاری تر لە بۆنەکان دا و بەرەسمیش ئاگاداری بەرپرسانیشمان کردووە کە ئەبوایە ڕێکخراوە خێرخوازە ئاینییەکان کە لەدەرەوە هاتوون، ئیمەش خۆشحاڵین بەوەی کە خزمەت بە کوردستانێکی وێران بکرێت و مزگەوت قوتابخانەو شوێنە گشتییەکان و شەقامەکانی تیادا ئاوەدان بکرێتەوە بەتایبەتی گرنگی و بایەخ دان بە شوێنە پیرۆزو موقەدەسەکان، بەڕاستی ئەمە شتێکی چاکەو بەکەڵکە بەڵام ئەبوایە یاسایەک وپەیڕەوێکی تایبەتی هەبووایە کە ئەو ڕێکخراوانە بەڕەسمی

پێیەوەبەسترابانەوە بەوەزارەتی ئەوقافەوە هەموو کارو چالاکی مزگەوت دروست کردن وشتەکانی تر لە ڕێگای وەزارەتەوە ئەنجام بدرابووایە ئەگەر لەدوایی ساڵەکان هەندێکی بەوشێوەیە هاوکاری لەبەینی ڕێکخراوەکان و وەزارەتی ئەوقاف کرابێت تەنها وەکو ئەڵێت پرسێکەو ئەکرێت وئەنجام دەدرێت، ئەگینا نەک بەو شێوەیەی کە وەزارەت بیەوێ لە چ جیگایەک یان لایەنی ڕەسمی ئاینیی لە کوردستان بیانەوێ چ شوێنێک پێویستی بەو مزگەوتە هەیە چ جێگایەک پێویستی بەو شوێنە موقەدەسە هەیە یان پێویستی بە خزمەتگوزاری تایبەت هەیە ئەو شوێنانە زیاتر ئاوەدان بکرێنەوە.

دیارە دروست کردنی مزگەوت شتێکی زۆر چاکە تەنها لە جێگایەکی بەرزو سەر ڕێگا دروست بکرێت کەهەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی کوردستانیش ئاگادارن کە زۆر لە گوندەکان و دێهاتەکانی کوردستان کەئەیان بینین لەوانەیە خەڵکێکی زۆر لەقولایی دێیەکەوە بێت و لەنێوان دۆڵی نێوان چیاکانەوە بێت بەلام لە شوێنێکی بەرزایی مزگەوتێک کراوەتەوە، شتێکی چاک و پەسندە خەڵک دڵی پێی دەکرێتەوە بەلام دەبوایە لەناو خەڵکەکە بکرابایە چونکە ئەو مزگەوتە بۆ ڕاگەیاندن نییە بۆ ئەو لایەنەی کە بە سوپاسەوە ئەو کارە دەکات، بۆ ئەوەیە کەئەو خەڵکە پەروەردە بکرێت و بتوانن هاموشۆی بکەن و نوێژی تیادا بکەن ودەرسی تیادا بڵێنەوە، بەلام کە تەنها لە شوێنی بەرچاو دروست کرا کەواتە ئەوە مەبەستێکی تریشی هەیە.

هەروەها لەوانەیە زۆربەی ئەو حاڵەتانەی کە مزگەوتی تیادا دروست ئەکرێت لەوانەیە ئەو کەسەش تیایدا دیاری کراوبێت کە ئەبێ ببێ بە ئیمامی ئەو مزگەوتە ئەگەر وەکو پێویستیش مەرجی ئیمامەتی تیادا نەبێت، لە زۆر حاڵەتیش وا بووە کە بۆتە ئیمام کەئەمەش ئەبێ کارێکی یاسایی بۆ بکرێت و بیر لەوە بکرێتەوە کە هەر کەسێک ئەبێتە ئیمام و خطیب ئەبێ لە ئەنجوومەنی زانستی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف بە بڕیاری ڕەسمی دەردەچێت و ئەنجوومەنی زانستیش لێکۆڵینەوەی هەبێت و پیاداچوونەوەی هەبێت بەرامبەر بەو هەموو بڕیارانەی کە داوییەتی یان ئەیدات بەرامبەر بەوەی کە زانایەکی ئاینیی پێشکەش بە جەماوەری کوردی موسڵمان دەکات، چونکە دانانی مامۆستایەک و مێزەر بەستن بەسەرییەوە ئەمە ئەرکێکی زۆر گرنگە بایەخێکی زۆر تایبەتی هەیە، ئێمە ئەتوانین مەلایێک دروست بکەین بەلام ناتوانین مەلایێک لابەرین، لەبەر ئەوە ئەمانەتێکی زۆر گەورە لە ئەستۆی هەموو خەڵکی کوردستان و هەموو بەرپرسانە کە مامۆستایەکی بەڕێز لە شوێنێکی گرنگ دادەنرێت ئەمە زۆرگرنگە لەبەر ئەوە ئەبێ پێشتر بزانیت شیاوی ئەوەی هەیە کەئەم کەسە بگاتە ئەم شوینەو ئەم جێگایە پڕ بکاتەوە یان نا؟ ئەگەر شیاو نەبێت دوایی هیچ هێزێکی دنیا نییە ڕووبەڕووی زانایەک ببێتەوە تەنها بەوشێوەیە نەبێت ئەویش ئەوە لە هەرێمی کوردستاندا تا ئێستا مەرفوزبووەو شتێکی پەسندو شیاو نییە.

دەربارەی دەرماڵە بۆ زانایانی ئاینیی، بەڕێزان چەند ئەمە دووبارە کراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ وەلەسەر داخوازی سەرۆکی پەرلەمان چەند جارێکی تریش لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بەرپرسان باسی لێوەکراوەو من نامەوێ لێرە دووبارەی بکەمەو تەنها ئەوەندە ئەخەینە بەردەمی ئێوەی بەڕێز کە مامۆستایەکی ئاینیی بمانەوێ سەربە هیچ وڵاتێک نەبێت، بمانەوێ هیچ تەئسیرێکی لەسەر نەبێ، بمانەوێ خزمەتێکی ڕاستەقینە بە وڵات و نیشمانەکەی بکات، بمانەوێ وشەی ڕاست وحەق لەهەر کوێ بوو بیڵێ، ئەگەر بەرامبەر بە فلان بەرپرس بێ یان بەرامبەر فلان دەزگا بێت، یان بەرامبەر بە هەر کەسێکی تر بێت کە بیەوێت

ولات و نیشتمانی ئیمە بەرەو هەڵدێرە ببات بەرەو عەمالەتی ولاتانی ببات ئەم زانایە بە ٢٠٠ دینار و ٣٠٠ تەعین دەبێت بەمە هیچی بۆ ناکرێت لەبەر ئەوە حەق وایە داخوازیی زانایان لەبەر چاو بگیرێت، کە لەلای جەنابی بارزانیش چەند جار باس کراوە، داخوازی زانایانی ئاینی لە کوردستان کە رێژەیەکی کەمیان هەیە هەموویان ئەتوانم بڵێم لەسەرانسەری کوردستان ناگەنە ( ٢٠٠٠ ) مەلا کە ئەم ( ٢٠٠٠ ) مەلایە فعلا ئیمام و خطیب بن، مەلاو شارەزای ترمان زۆرن بەلام ئەوەی کە بەراستی ئەو یاسایە بیگرێتەوە لەوانەیە نەگاتە ئەوە لەبەر ئەوە حەق وابوو پەرلەمانی بەرێز بیتوانیبایە خزمەتێکی چاکتری بکردنایە وەک بە سوپاسەوە هەمووی لە پەرلەمان ئەناسێ کەیەکەم حاڵەتە ئەیبینین لەچوار دەوری خۆماندا لە ولاتەکاندا کە بروانامەی زانستی مەلایەتی کە زانا بەرێزەکانمان ئەیدەن بەو فەقێیانەی کە گەیشتوون بە قۆناغێکی پێگەیشتن لە دراساتی زانستیدا ئەو بروانامەیە بەرامبەر کرایەوبەرەسمی حسابی بۆ کراوە هەر چەندە هێشتا لایەنی جێبەجێ کردن وەکو پێویست جێبەجێی نەکردووە، بەلام ئەمە شەرەفێکی گەورەیە بۆ پەرلەمان دەگەرێتەوەو لەلایەن زانایانەوە هەردەم بەرێزو تەقدیر باسی لێوەدەکرێت و ناوی دەهێندرێت.

بەرێزان دەربارەی کۆلیژی شەریعە لە پایتەختی هەرێمی کوردستاندا لەسەر داوای لیژنەکەمان بەرێز سەرۆکی پەرلەمان نووسراوی ئاراستەی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، دووبارە داوامان تەئکید کردەوە دووبارە نووسراومان تەئکید کردەوە، دواجار داوای لە ئیمە کرد کە راستەوخۆ لەگەڵیاندا باسی بکەین و چەند جار لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران باسمان کردووەو داوامان لێکردوون بە (إلحاح)ەوە کە کۆلیژی شەریعە خزمەتی گەنجەکانی ئیمە ئەکات وگەنجەکانی ئیمە پیویست ناکات بچن بۆ ولاتانی دەرەوە بروانامەیەک بێننەوە، نازانین ئەو بروانامەیە چۆنیان پێ دراوەو لەسەر چ بنەمایەک پێیان دراوە؟ گەنجەکانی ئیمە پێویست ئەکا کە هۆبەی تایبەتیان هەبێت بواری تایبەتی خوێندنیان هەبێت هەتا ئەگەر ئێمە پسپۆرو دکتۆری شارەزامان نەبێت لەبواری خوێندنی ئیسلامەتی وەکو بروانامەی هەیبێت، وەکو دەرس سوپاس بۆ خوا هەزارانمان هەیە، بەلام ئێستا وای لێ هاتووە ئەوەی کە مامۆستای وانەکەیە کە لە خوێندنی بالا دەگوترێتەوەو لە ئەزهەر دەگوترێتەوە، مامۆستاکانی زۆربەی کوردن، بەلام ئەوانە بێنەو بیانکە بە مامۆستای زانکۆکان پییان ئەڵێن ئێوە بروانامەتان نییە، بەهەر حاڵ حەق وایە ئەگەر نەشمانبێت ئەبێ خەڵکانێک لەدەرەوە بێنین، یان بۆیان دیاری بکەین یان کورسی تایبەتی خوێندنی بالای سەر بە بەشی زمانی عەرەبی بۆیان دابین بکرێت.

دواجار ئەو داوایەمان لەلایەن بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بریاری لەسەر درا کە بخرێتەوە بەر دەستی ئەنجوومەنی زانستی بالا کە پەنا بەخوا ئومێد دەکەین جێبەجێ بکرێت.

دواخاڵیش کە ئاماژەی بۆ بکەین سوپاس بۆ خوا ئێمە لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی کۆبوونەوەکانمان بەپێی پیویست ئەنجام داوەو کۆبوونەوەکانمان هەر لەناو پەرلەمان نەبووە، دەوری مەلای کوردمان بینیوە، مەلای کورد دەوری ئەندامی پەرلەمان ئەبینێ بەگشتی، چونکە مەلای کورد لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەی دایە چەند هەوڵمان دابێت و توانیبێتمان لەناو تەلاری پەرلەمان دەوری خۆمان بینیوە، چەندێکیش هەوڵمان دابێت و توانیبێتمان لەدەرەوەش نوێنەرێکی واقعی خەڵکی کورد بووین بۆ ئەوەی کە خواستەکانیان و پێویستەیەکانیان بهێنینە

دی و وەڵامەکانیان بدەینەوە ئەتوانم بڵێم کەم وکوڕی چاکیشمان بووە لەوەی کە نەمانتوانییوە هەموو ئەوخواستانەی کە ئەندامان هەیان بووە لە کوردستان و هەموو ئەو خواستانەی کە ئەرک و لێپرسراوەتی تێدایە ئەنجامی بدەین، ئومێد دەکەین لەخولی داهاتوودا بتوانین گوڕو تینێکی تر بەخۆمان بدەین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆماموستا مەلا موحسین، وابزانم بە تێروتەسەلی باسێکی کاروبارو چالاکیی ئەم لیژنەیە لەو ماوەیەدا کراو یەکێک بوو لەو لیژنانەی کە خۆتان دەزانن موتابەعەی کاری خۆیان کردووە، مرۆڤ هەست دەکات کە غەمیان لەو (قطاع)ەخواردووە کە بەلانی کەم بەشێک لە لێپرسراوەتی ئەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەوان.

ئەو کەم و کوڕییەی کە هەیە، یاخود ئەو شتانەی کە داواکراوە یاخود جیبەجێ نەکراوە وتەئکیدیان لەسەر کردەوە داکۆکی بکەن لەسەری و هیوادارین لەم خولەدا ئەم کەم و کوڕیانەش نەمێنێت و پەرە بە کارەکانیان بدرێت. وادەزانم هەموو لیژنەکان وەکو پێویست، چالاکییەکانی خۆیان خستە ڕوو وابزانم هەموومان لەیەک گەیشتین و ئێستا لە کوێ وەستاوین چ وەکو ئەندامانی پەرلەمان، چ وەکو لیژانی پسپۆری ناو پەرلەمان هەوڵ دەدەین کورتکراوەی ئەو دانیشتنە بەچەند خاڵێک تەعمیم بکەین بەسەر لیژنەکانا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ ئەوەی ببێتە دەلیلێک تا زیاتر خەم لە کارەکانمان بخۆین وەزیاتر پەرەی پێ بدەین چونکە وەکو دووپاتی دەکەمەوە سەرچاوەی بڕیارەکانی پەرلەمان زیاتر لە لیژنەکانی پەرلەمانە، لەڕووی پسپۆرییەوە، لەڕووی یاساییانەوە بەرپرسیارن لەکۆمەڵێک شت کە دیاری کراون، هەرگیز ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەندامانی پەرلەمان پاڵدەینەوەو بڵێین لیژانمان هەیە، نەخێر دووشتی لێک جیاوازن ئەندامی پەرلەمان نوێنەری خەڵکی کوردستانە، بە گشتی بەرپرسیارە لە هەموو کەم و کوڕیەک کە ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا هەیە وە مافێکی سروشتی و ئەرکێکیشە لەکوێ زانی کەم و کوڕی هەیە لێی بەدەنگ بێت، هیوادارم ئەم دانیشتنە ببێتە مایەی ئەوەی کەبیرێک لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ئەو ئەرکانە بکەینەوە کە بۆمان دیاری کراون و شێوازی ئیش کردن، من وا ئەزانم کە یەکێ لەو هەڵە گەورانەی دەیکەین یان یەکێ لەو کەم و کوڕییانەی کە لە ئەلقەیەکی داخراودا تیایدا دەژین شێوازی کارکردنمانە و شێوازی کارکردنی برایان گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە بگوترێ چیتر تەحەمول ناکرێ، ئەندامی پەرلەمان فەرمانبەر نییە، ڕاستە ئەرکی دیاری کراوە بەڵام کاتی دیاری نەکراوە، سەعاتی دەوامی نییە، (متفرغ)ـە بە پێی یاسا (تفرغ)یش مانای ئەوەیە کە تۆ هیچ کارێکی ترت نییە لەمە زیاتر، هیوادارم شێوازی کارکردنی خۆمان لەمەودوا بگۆڕین و ئامادەبوونێکی ڕاستەقینەمان لەپەرلەمان هەبێت، ئەندامانی پەرلەمان بەردەوام لە پەرلەماندا بن، لەوێ دابنیشن گفتوگۆ بکەن و لیژنەکان یەکتر ببینن، چونکە ئەگەر ئێوە تێکەڵی یەکتر نەبن لیژنەی ئابووری پاسیک نەدا بە لیژنەی یاساو، لیژنەی یاسا پاسیک نەدا بە لیژنەی کۆمەڵایەتی ئەندامانی پەرلەمان شتێک ئەزانن نەیدەن بەو لیژنە پسپۆڕەو، ئاڵوگۆڕو گفتوگۆی شتی تر نەکەن زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ نەکەن، من دڵنیام هەر بێتە ئێرە و هەموو ڕۆژ دوای دانیشتن بچێتەوە بۆ ماڵەوە تاکو دانیشتنێکی تر دوای هەفتەیەک یان دوو هەفتەی تر ئەوە ئەسڵەن لەیاد دەچێتەوە کە باسی چ کراوە، وابزانم زۆر جار تووشی ئەو پشوسوارییە ئەبین، پرۆژە دراوە بە ئەندامانی

پەرلەمان و دابەش کراوە و دوای دوو هەفتە دانیشتن بووە، هاتوونەتەوەو هەڵساون سوێند ئەخۆن کە ئەم پرۆژەمان لێرە نەبینیوە، لەکاتێکدا خراوەتە سندووقەکەشیانەوە، مرۆڤ دوای ماوەیەکی دیاری کراو پێویستە باری خۆی هەڵبسەنگێنێ و ئەوە ئێمەش کردمان و ئەمەی کە ئەمڕۆ باس کرا زۆر زۆرئافاقی ئیمەی دەوڵەمەند کردو، لە پلەو پایەو جهودو ماندبوونی کەس کەم ناکاتەوە بەپێچەوانەوە گەورەترمان دەکات، ئەمە مانای ئەوە نییە هیچمان نەکردووە، شتی زۆرمان کردووە بەڵام (طموح) زۆرترە، داخوازیی زۆرترە، گلەیی و گازندەش لەسەرمان زۆرترە، بۆیە ئەوەی کە باس کرا وەکو چەند خاڵێک پشت بەخوا کورتی ئەکەینەوەو بە زووترین کات دەینێرین بۆ لیژنەکانی پەرلەمان، هیوادارین دیراسەی بکەن و لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕێنماییانەو بە حوکمی ئەو ئەزموونەی کە هەمانە بۆ دانیشتنی ئایندە وەکو سەرۆکایەتی ئیمە پرۆژەیەک پێشکەش بە لیژنەکانی پەرلەمان ئەکەین و لەسەر ئەو بنەمایە وەکو هەر خولێک لیژنەکان دروست دەبنەوە بە تەئکید هەوڵ دەدەین ئەو پسپۆرانەو ئەو توانایەی کە هەمانە دابەشی بکەین بەسەر لیژنەکان بەشێوەیەکی وەها کە هەم ئەو داخوازییانەو ئەو پشوسواریانەی کە ئیمە وەکو سەرۆکایەتی هەستی پێ دەکەین پری بکەینەوەو هەم هەندێ لەو کەم و کوریانەی کە ئێستا گوێتان لێ بوو خۆتان چارەسەری بکەن و گوروتینێکی تریش بدەن بە لیژنەکانی خۆمان و من دیسان جەخت دەکەمەو گرنگە لیژنەکانی ئیمە شێوازی کارکردنی خۆیان بگۆڕن و لەمەو دوا ئێمەش وەکو سەرۆکایەتی لە نێوان دانیشتنەکاندا کۆبونەوە لەگەڵ لیژنەکاندا دەکەین و خۆمان لەگەڵیان بە بەردەوامی دادەنیشین و ناڵێم داوای شتتان لێ دەکەین، بەڵام چاوەڕێی شتی زۆرتان لێ دەکرێت زۆر سوپاستان دەکەین بەیانی سیمینارێکمان هەیە دەربارەی کێشەی ئەنفال و ئەنفالکراوەکان و پاراستنی مافی ئافرەت و دەستنیشانی لیژنەی یاساو لیژنەی ئەوقاف کراوە کەئامادە بن، هەروەها برادەری تریش کە لەو بوارەدا توانای هەیە خزمەتێکمان پێ بدات لەوەیە کورسی هەبێت وبێ دابنیشێت و گوێ بگرێت و بەشداریان لەگەڵدا بکات وەکو ئەندامی پەرلەمان، برادەرانی لیژنەکانی مافی مرۆڤ کاک عەبدولخالق و چەند کەسێکی تر بیگومان ئامادە دەبن لەوێ و نووسیومانە زیاتر لەگەڵ پسپۆری دەرەوەی پەرلەمان جگە لەوەی کە کۆمەڵێک دێن دوای ئەوەی کە گوێیان لێ دەگرین و گەلاڵەی دەکەین پرۆژەیەک ئامادە دەکەین، ئەو پرۆژە ئەدرێ بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان و ئەو کاتە دەوڵەمەندتر ئەکرێت، دوای ئەوە بیست و چواری مانگ دیسان سیمینارێکی ترمان هەیە لەسەر کشتوکاڵ و ئەو یاسایانەی کە پەیوەندارن بە تەعریب، ئەویش لیژنەی کاروباری یاسا و لیژنەی پیشەسازی و کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری و نەخشەکێشان و پەرەپێدان وئاوەدانکردنەوە، بەتایبەتی و هەندێ برادەران کە پسپۆریان هەیە باشتروایە ئامادە بن ئەو دوو لیژنە، ئامادەبوونیان ئیلزامییە و ئەوانی تر ئیلزامی نییە، خۆیان ئەگەر پێیان خۆش بوو گەورەمان بکەن سوپاسیان دەکەین و لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک لە کاربەدەستانی حکومەت و پسپۆرەکان و بوارەکانی تری بانگهێشت کردووە ئەویش بە هەمان شێوە مەجرای خۆی وەردەگرێ و، سێی مانگ سیمینارێکمان هەیە لەسەر بابەتی (الرقابە المالیە) لەوێش هەرچەند پرۆژەیەکمان هەیە کۆنە ئەبێتە دەلیلی کارکردن و کۆمەڵێک پسپۆرمان دەعوەت کردووە جگە لە لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی و ئابووری دیسان لەو مەیدانەدا ئەو برادەرانەی کە شارەزان ئەتوانن لەوێ ئامادە بن و یارمەتیمان بدەن و جارێکی تریش کۆمەڵێک پسپۆرمان لەدەرەوەی پەرلەمان بانگهێشت

کردووه جگه لەوەزیری دارایی و ئابووری و کاربەدەستانی حکومەت کۆمەڵێک پسپۆری تر بۆئەوەی هاوکاریان بکەن گەڵاڵەی پرۆژەیەک بکەین و بیخەینە بەردەمی ئێوەی بەڕێزو دەوڵەمەند بکرێت وئەو وەعدەی، کە داومانە إنشاء الله جێبەجێی دەکەین، کۆبوونەوەی ئایندەمان دەبێتە چواری مانگی نیسان، من داوا لە هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە دێن بیر لەوە نەکەنەوە، کە زوو دەگەڕێنەوە، چونکە ئیش بەردەوام دەبێت چ لە ڕادەی لیژنەکان چ لە ڕادەی گفتوگۆکانی لیژنەکان و گفتوگۆکانی ئەو یاساو پرۆژانەی کە هەمانەو چ ئەو بەڵێنانەی کە داومانە، بۆیە هیوادارم ئەوها بیر نەکەنەوە کە دێن دانیشتن ڕۆژێکە یان دوو ڕۆژەو خواحافیز، ئەمە دەکەینە سەرچاوەیەکی نوێ و هیوادارم لێرەوە تا چواری مانگ هەر یەکێ لەئەندامانی پەرلەمان بیر بکاتەوە لە پرۆژەیەکی باش و بیرۆکەی باش و پرسیاری باش چونکە وەکو ئەڵێن بار سووکییەک بێت یاخودچارەسەر کەرێک بێت بۆ گیروگرفتی هاوولاتیان و ئەو بارودۆخەی کە هەمانەو سوپاستان دەکەین و داوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)

پێنج شەممە ڕێكەوتی ٨/٤/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره(٣)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٨

***کاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٨ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(سێیەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی(١٩٩٩)ی خۆی بەست.***
***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***«بەرنامەی کار»***
***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی ماددە(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٣)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١١)یانزدەی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٨دا بەم شێوەیە بێت:***
***١ـ خستنە ڕووی ڕەوش و پەرەسەندنی ڕووداوەکانی (کۆسۆڤۆ) و هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزو خاکی سوتاک کراو کە ڕژێمی سربەکان بەرامبەر بەگەل و خاکی هەرێمی ناوبراو پیادەی دەکەن.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە(٣)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەمی ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٨، وەکو ئاگادارن بەڕێزان ئەم دانیشتنە زیاتر بۆ هەشتەمین ساڵیادی کۆڕەوە مێژووییەکەی کوردستان تەرخان کراوە کە لەکۆتایی بەهار و سەرەتای ئەم مانگەدا لە ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکردو، بەو ئەنجامە گەیشت کە هەموو لایەکمان لێی ئاگادارین، ناکرێت ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان و بەدەست پێکردنی ئەم دانیشتنە ئەم یادە شکۆمەندە لەبیر بکەین، چونکە ئەو دەستکەوتەی ئەمڕۆ ئێمە لە پاڵیدا دەحەسێینەوە بەشێکی هەرەگەورەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرخۆدان و تێکۆشان و فیداکاری و یەک بوونەی خەڵکی ئێمە کە بەیەک ئیرادە ڕەفزیان کرد کە چۆک بۆ داگیر کەران و زوڵم وزۆریان دابدەن و بەحوکمی ئەو ئەزموونە و ئەو معایشە زۆر ئاڵۆزو ناخۆشەی کە بەسەر میللەتەکەماندا

هاتووه هەر لەبەکارهێنانی زەبرو پێشێل کردنی مافەکان و، گرتن و کوشتن، هەتاکو تاقی کردنەوەی چەکی بایلۆجی و کیمیاوی و هەموو جۆرە چەکێکی کوشندەی تر بەسەر ئەم گەلەدا ولەترسی ئەو سیاسەتە نارەوایەی کە ساڵەها ساڵەی دەرحەق بە خەڵکی ئێمە بەکاردەهێنرا وئەو هێرش و پەلامارەی کە لەبەر چاوی هەموو دام ودەزگای راگەیاندنی جیهان و بە ئاگاداری کۆمەڵگەی دەوڵەتان پیادە دەکرا، سوپای عێراقی توانی کەلێنێک بۆ خۆی بکاتەوە وئەو هێرشە بەسەر ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستاندا بکات وئەنجامەکەی میللەتی ئێمە بەیەک دەنگ و بەیەک ئیرادە ئەو پێشینە مێژوویەیان نەک تەنها نیشانی خەڵکی ئێمە دا و جێگیریان کرد بەڵکو نیشانی هەموو دنیایان دا کە پێشینەیەک بوو لەمێژوودا کەم وێنە بوو وکورد بوو بەنموونەیەک دوای ئەوە خەڵکی تر شوێن پێی گەلی ئێمە کەوتن لەم بوارەدا، کۆرەوەکە بەقەدەر چیا بەرزەکانی کوردستان بەقەدەر پانی و بەرینی کوردستان شەرەف و کەرامەت وئازایەتی ولەخۆبوردنی خەڵکی کوردستانی تیا پیشان دەدرا، بەو بۆنەیەوە پڕ بەدڵ منەت باری ئەو رۆژەین، پڕ بەدڵ وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئەمرۆ لەپەرلەمانی کوردستاندا مەمنون وسوپاس گوزاری ئەو خەڵکەین کە دەستی لەهەموو شتێک هەڵگرت لەپێناوی سەرفیرازی و ئازادی ئیرادەی خۆیدا، وئەو رەوشەی ئەمرۆ ئێمە تێیدا دەژین وەکو لەسەرەتاشەوە ووتم دەگەرێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستە کەم وێنەیە، بەو بۆنەیەوە داواتان لێ دەکەم دەقیقەیەک راوەستین بۆ یادی شەهیدانی کۆرەوی بەهاری ساڵی ١٩٩١و ئەوانەی کە تا ئێستاکە بێ سەرو شوێن و چارەنووسیان دیار نییەو بۆ یادی گشت شەهیدەکانی کوردو کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، فەرموون.

بەرێزان لە پەراوێزی ئەم یادکردنەوەو لەم سات و کاتەی ئەمرۆماندا رووداوێکی تر، کۆرەوێکی تر ئەتوانین بڵێین لە هەمان کات و ساڵی کۆرەوە گەورەکەی کوردستانی ئێمە کە لەساڵی ١٩٩١دا دەستی پێ کرد و ئەمرۆ بە زیندوویی هەموو لایەکمان دەیبینین، لەو باوەرەدام هەموو کوردێکی خاوەن ویژدان پێش هەموو خەڵکێکی تر کۆرەوەکەی کۆسۆڤۆ هەژاندوویەتی چونکە ئێمەی کورد پێش هەموو خەڵکێکی تر لەم واقیعەدا ژیاوین و ئەزانین مانای کۆرەوو مانای هەلاتن ومانای زوڵم وزۆرداری چییە؟ بۆیە هەموو کوردێک ئەمرۆ لەم کوردستانە کە ئەم وێنانە دەبینێت و ئەم واقیعە لە رێگای ئاژانسەکانەوە دەبینێت یادی ئەم رۆژانە دەکاتەوە کە پێش هەشت ساڵ بەر لە ئێستا چیمان بەسەر هات؟ ناکرێت ئێمە لەپەراوێزی یاد کردنەوەی هەشتەمین ساڵی کۆرەوی خۆماندا ئەو تراژیدیایەی ئەمرۆ لە کۆسۆڤۆ روودەدات لەبیری بکەین، بۆیە زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان داوایان کرد کە لەم بۆنەیەدا هەست و هەڵوێستی خۆیان پیشان بدەن بەرامبەر ئەو رووداوانەی کە ئەمرۆ دەقەومێ، ئێمەش لەسەرەتا دەرگای گفتوگۆ بۆ ئەم بابەتە دەخەینە سەرپشت، ئەوانەی کە دەیانەوێ لەم بارەیەوە قسە بکەن ناونووسیان دەکەین و پاشان بواریان دەدەین کە گفتوگۆ بکەن، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحـــمـــەد ســـالار عـــەبدولواحـــیـــد:**
**بـەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومـــــــەن.**

هێندێ ڕووداو لە ژیانی گـەلێکدا یەکـالاکـردنەوە ولابە لاخـسـتنەو جێ هێـشـتنی ئازارو ژانی دڵەراوکێ یە، بڕیاری نێوان مـان ونەمانـە وکە هەمـووانیش هاوگـیـان وهاوهەست وهاوبڕیار بن، ئەوە سەرکەوتنە ئەوە سەر لەنوێ لە دایکبوونەوەیە، چونکە هیچ هێزێک لەو یەک ڕێزییە بەهێزترو پتەوتر نییە ئەوەش بۆ نموونە ئەو کۆڕەوەی بە ملیۆن کەس ملی ڕێگای گرتبوو، هەمووی هەنگاوێ ناوتنێک بوو بۆ ژیانی گەردن کەچی، بۆ ماڵ ومولک لەو بەرەو چیا ڕۆیشتنەدا، گەڕانەوە بوو بۆ ساتەکانی هەڵکشانی بەرەنگار بوونەوە.

لەو کـاروانەدا مـەرگ خـەزانی دەنواند، برسـێـتی وشـەکـەتی دەمی گـورگـێکی هاری برسی بوو، بەدرێژایی ڕێگا گۆڕسـتـان درێژ دەبۆوە، بەڵام ئەو خـەڵکە ئەگەر بە مەرگ لەسەر لەوحەی بوون، بوون وبەردەوامی دەنەخشان و دەنووسرایەوە...

لەو ڕۆژەدا وەک سـەرۆک بارزانی هێـژا فـەرمـووی چاوی کـامـیـرا بووە چاوی ویژدانی مرۆڤـایەتی وهەسـتی کـۆمـەڵگای بە بەزەیی و نەوایی دونیـای بۆ دەست دانە دەسـتی ئەو گـەلەو خـاکە سـارە جولاّن وقۆناغێکی نوێ هاتە ئاراوە، ئەم دەسکەوتە مەزنانەی لێوە هاتەدی.

ئەو کـۆڕەوە مـەزنەی بەهاری سـاڵی ١٩٩١بەهاری هەزار بەهارەی لێـوە لەدایک بوو لەگـەرمـەی یادی ئەو کۆڕەوە ملیۆنیەوە، ڕووداوێکی دی هەمان شێوە هاتە ئاراوە ئەوەش تەراژیدیایی کلۆڵی ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ کە گەرمترین هەواڵی جیهانی هەژێنی ئەم ڕۆژانەیە، بە دڵنیاییەوە دەڵێم، بەر لە هەمـووان وبگـرە هێندەی هەمـووان ناخی گـەلی کـوردسـتـانـی عـێـراقی هەژاند، کـوردی ستەمدیدە چ کوێرەوەریی نەماوە، خراپترین جەوروستەم نەماوە نەیبینیبێ ونەیچێشتبێ، وەک مـەینەتی دونیـا بە بالاّی تەمـەنی بڕابێ، بۆیە ڕاسـتـەوخۆ لەسـەر ناسکـترین ژێی سـۆزو هەسـتی ناسکی ئێمەی ژەنی، بەڵێ ڕووداوەکەی لێقەوماوانی کلۆڵی ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ لەسەر هەستی دەروونی ئێـمـەی ژەنی، تالاّوی خۆمـانی وەبیـرهێنایـنەوە، بۆیە لەهەر کونج وگۆشـەیەکی ئەم گۆی زەییەوە ئازار بەگیانی نەک گەلێ، مرۆڤێکی ستەمدیدە بکەوێ لە دووتۆی سینەی نەوای خەڵکی کوردەوە چزەی ئاخ وئۆفی لێ هەڵدەستێ.

لە کـاتێکدا دەست خـۆشی وپشـتـگیـریی لە بەدەنگهـاتنی ویژدانی ویژدان خـاوێنان دەکـەین کـە دەیانەوێ بەربەسـتێ لە بەردەم شـالاّوی سـربیـە سـەرەڕۆیەکـاندا دابنێن، بەو خـاوەن بیـر ڕەشـە تۆقـێنەرانە دەڵێین، نابێ جارێکی دی لە کـێڵگـەی ژیانی ڕەوای مرۆڤـایەتیـدا چقڵی ڕق وکـینە زۆرداری ولەناوبردن بڕوێنن.

گـەلان لە سنوورەکـانیـان و لەدەسـەلاّتەکـانیـان مـەزنتـرە، بەهێـزترە، مـێژووش بـەرەو پێش دەڕواو چەرخـەی ئارەزووی گـەلان لە گـوڕەی ڕێگا بڕیندایەو کـەللەی کـەللەپووتانی سـتـەمکـار دەشـێلێ وهەوای سەرفرازی هەمووان مەحاڵی وەلاوە ناوەو ڕوو لە ئاوەدانییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەحمەد سالار، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

ئەوەی ئێستا لە کۆسۆڤۆ رووئەدات وێنەیەکە لەو کارەساتە گەورەیەی کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر گەلی کوردا هاتووە، کە ئێستا خەڵکێکی زۆر یارمەتیدەر و هاوکارن بۆ دەرخستنی لێقەوماوێتی ئەم خەڵکەی ئەوێ، بەڵام ئەوەی بەسەر گەلی کوردا هاتووە زۆر کاریگەرو جەرگ بڕتر بون وەک ئەنفال و کیمیاباران و کۆمەڵ کوژی، ئەم سیاسەتی دیکتاتۆری یۆگسلاڤی، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ هەمان سیاسەتە کە بەرانبەر گەلەکەمان بەکار هێنرا لە کۆمەڵ کوژی و ئەرزی سووتاو وپاکتاوکردنی رەگەز و دەربەدەرکردن و سووتاندنی بەڵگەنامەکان و هی تریش. ئەمە کارەساتێکی مرۆیی گەورەیە و دووهەم کۆرەوە کە لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم رووئەدات پاش کۆڕەوە ملیۆنیەکەی رۆڵەکانی گەلەکەمان کە ساڵیادی لەگەڵ کۆرەوی ئەلبانەکان لە هەرێمی کۆسۆڤۆ یەک دەگرێتەوە و ئومێدی گەیشتنیان بە مافە رەواکانیان بۆ دەکەم، رێگام بدەن کە کورتەباسێکی مێژوویی ناوچەکە بکەم بۆ زیاتر ئاشنا بوون لە ریشەی ئەم کێشەیە.

ناوچەی بەڵکان بەو ناوچەیە دەوترێ کە رۆژهەڵات و رۆژئاوای ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێت و دەرگای کراوەتەوە بە سەر هەریەکە لە دەریای رەش و دەریای سپی و لەهەمان کاتدا ناوچەیەکە کە ئەورووپاو ئاسیا بەیەک دەبەستێتەوە کەوا نزیکن بەیەکتری کە هەر لە کۆنەوە جێگای ململانێی گەورە بووە لە نێوان ئمپراتۆریتیەکانی ناوچەکە و تاگەیشتە ململانێ ی نێوان هەردوو بلۆکی رۆژهەڵاتی پێشوو و رۆژئاوا، کە واتە ناوچەیەکی جیوپولوتیکی گرنگ بوو هەر لە کۆنەوە ئەم ناوچەیە بە فرە ئاین و فرە مەزەب و فرە نەتەوەیە و کێشەی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ کێشەیەکی نەتەوایەتی یە، چونکە ئەمانە هەم وەکو رەگەز و هەم وەکوو زمان و هەم وەکو ئایین تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جیاوازن لە سربەکان، ئەمانە بەرەگەز هیندۆ ئاورووپین و بە ئایین و قورئانیش موسڵمانن.

دەوڵەتی یوگسلافی ساڵی ١٩١٨ هاتەکایەوە، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە سلاڤیەکان پێک هاتوون کە لە سەدەی حەوتەمی زاینی هاتونەتە ناوچەکە و پێک هاتووە لە گەلانی سرب و کروات کە لەناوچەی ژووروی روباری (دنیبەر)ەوە کۆچیان کردووە بۆ لێوارەکانی دەریای رەش و لەوێشەوە بۆ نیمچە دورگەی بەلکان. کە ئەمانە بەشێوەی کۆمەڵە عەشایری پچر پچر لە ناوچەکە ژیاون و زۆرجاریش شەڕ و کێشەیان لە نێوان خۆیان و لەگەڵ بولگار و یۆنانیەکان لە زەمانی ئمپراتۆریەتی بیزەنتیدا هەبووە.

لە ناوەراستی سەدەی دوازەهەمدا گەیشتنە یەکگرتنێک بەسەریەرشتی بنەماڵەیەک بەناوی (غناجیک) لەوە بەدواوە بوونە هێزێکی کاریگەر لە ناوچەی بەڵقان. سربەکان لە رووی ئاینی

یەوە سەربە کەنیسەی رۆژهەلاتی ئەرثۆدۆکسن، بەڵام کرواتەکان سەربە کەنیسەی کاثولیکین، کە ئەم کێشە مەزهەبیە هەمیشە کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر گەلانی یۆگسلاڤی.

ساڵی ١٣٤٥ سەرکردەیەکی سربی بە ناوی (ستیڤن دۆشان) توانی ئیمپراتۆریەتی سرب و یۆنان دابمەزرێنێ بۆ روبەروو بوونەوە لەگەڵ ئیمبراتۆریەتی عوسمانی کە مەترسی خستبووە سەر ناوچەکە. پاش مردنی کوت و پڕی ساڵی ١٣٨٩ سربەکان شکستی گەورەیان خوارد بەرانبەر عوسمانیەکان لە ناوچەی کۆسۆڤۆ کە ئەم شکستە کاریگەری خۆی هەبوو لە سەر سربەکان بۆیان بووەتە گرێ کوێرەیەک کە تا ئێستا لە بیریان ناچێ. چونکە سەرەتایی شکستی ئیمبراتۆریەتی سربی بووە و ساڵی ١٤٥٩ بووە بەشێک لە ئیمبراتۆریەتی عوسمانی کە نزیکەی چوار سەدە لە ژێر حوکمی عوسمانیدا مایەوە پاش شەڕی روس و تورکیا ساڵی ١٨٢٩ سرب بوو بە مەملەکەتێکی سەربەخۆ کە لە ساڵی ١٨٧٨ دانی پیا نراوە بەگوێرەی رێکەوتننامەی بەرلین کە(بۆسنە)ی خستە ژێر حمایەتی نەمساوە کە ئەمە کێشە یەکی تری دروست کرد لەگەڵ نەمساو ئەوە بوو لە ئەنجامی کوشتنی وەلی عەهدی نەمساو مەجەڕ لەسەر دەستی سربەکان جا لەوێوە شەڕی جیهانی یەکەمی لێ پەیدا بوو.

پاش شەڕی یەکەمی بەلقان دژی عوسمانیەکان کە لەلایەن سرب و مۆنتنگیرو و یۆنان و بۆڵگاریەکانەوە بەرێوە چوو کۆتایی هێنرا بە حوکمی عوسمانی لە ناوچەکەو دوایی سربەکان داوای هەرێمی کۆسۆڤۆیان کرد، کەچی دەوڵەتی (ئەلبان)یش هەر داوای کرد، بەڵام لە کۆبونەوەی هێزە رۆژئاوایەکان لە لندن بڕیار درا کە کۆسۆڤۆ بدرێتە سربەکان بەمەش سێیەکی ئەلبانیەکان کەوتنە دەرەوەی سنووری ئەلبانیا لە کۆسۆڤۆدا.

پاش شەڕی جیهانی یەکەم یۆگۆسلاڤیا لە هەریەکە لە سرب، بۆسنیە، کرواتیا، سلوڤیناو مونتنیرگرۆ و مەکدونیا هاتە کایەوە یوگسلافیاش ووشەیەکی لێک دراوە واتە وڵاتی سلاڤ وکروات و سرب، هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کێشەی دەسەڵات هەبووە لەنێوان سرب و کرواتەکان جگە لەوەی مەزهەبی ئاینیشیان جیاواز بوو، بەڵام هەمیشە سربەکان ویستوویانە خۆیان بە سەر کرواتیەکاندا فەرز بکەن، هەربۆیەش سەرکردەیەک لە دوای یەکەکانیان نەیانتوانیوە ئەو یەکێتی یە بە باشی بپارێزن کەهەردەم بەرامبەر دەسەڵاتدارێتی سربەکان بەرهەڵستکاری هەبووە، ساڵی ١٩٤١ ئەڵمانیەکان یوگسلاڤیایان داگیرکرد، لەو ماوەیە بیرۆکەی یوگسلافیای شیوعی هاتەکایەوە کە سەر ئەنجام سیستەمی رژێمی شیوعی ساڵی ١٩٤٤ دامەزرا بە چاودێری بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانیی کە جەنەراڵ جوزێف برۆزتیتو توانی جلەوی دەسەڵات بگرێتە دەستەوە، ئەم کۆمارە کۆمارێکی کۆمونیستی بوو پەیرەوی سیاسەتی سۆڤیەتی پێشووی دەکرد بەڵام پاش ماوەیەک ژێر دەستەی مۆسکۆی رەت کردەوە و هەر بۆیەش ساڵی ١٩٤٨ بەوە تاوانبار کرا کە خیانەتی لە مبادئی مارکسی لیننی کردووە ئەم کێشەیە وای کرد کە یۆگسلافیا رووبکاتە ئەوروپای رۆژئاوا و ئەمریکا بۆ دروست کردنی ژێر خانی ئابووری خۆی بۆیە بووە تاکە وڵاتێکی شیوعی، بێ لایەنی گرتە بەر، بوو بە حەدی ناوەراستی رۆژهەڵاتی پێشوو و رۆژئاوا.

ساڵی ١٩٧٤ جوزیف برۆز تیتو دانی بە ئۆتۆنۆمی نا بۆ هەرێمی کۆسۆڤۆ بەڵام ساڵی ١٩٨٩ لەلایەن دیکتاتۆری ئێستای یۆگسلاڤیاوە هەڵوەشایەوە، پاش رووخان و هەرەس هێنانی رۆژهەڵات کە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو سەرپەرشتی ئەکرد گەلانی ناوچەکە بوون بە خاوەن حوکم و دەسەڵاتی خۆیان هەر بۆیە یوگسلافیا بوو بە چەند بەشێکەوە وەکو سلۆڤینیا و کرواتیا و مەکدۆنیا و بۆسنەو هەرزەگۆڤینیا وتەنها سربیە و مونتنیگیرۆ لە یەکێتی یۆگسلافیدا مانەوە، هەر بۆیەش ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ کە بەرەگەز ئەلبان وبە ئاین موسڵمانن، داوای مافی خۆیان کرد لە ئۆتۆنۆمی کە بووە هۆی ئەم کێشەیە، ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ لەماوەی حوکمرانی عوسمانیدا بوونە تەموسڵمان و ٩٠٪ی کۆسۆڤۆ ئەلبانین.

ئەلبانەکان وەکو خۆیان دەڵێن لەنەوەی ئەلبانەکانن کە لە کۆسۆڤۆ و شوێنەکانی تری بەلقان لە پێش ئیمبراتۆریەتی رۆمانی ژیاون وخۆیان بە خاوەنی راستەقینەی کۆسۆڤۆ و شوێنەکانی تری خوارەوەی بەلقان ئەزانن، بەڵام سربەکان دان بەمەدانانێن.

لە کۆتایدا ئومێدوارم ئەم کۆچ رەوەی ئەلبانەکان هەروەکو چۆن کۆچرەوی گەلەکەمان سەرکەوتنی لە دواوە بوو لە دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئومێدەوارم کۆسۆڤۆش بەرەو سەربەخۆیی بروات و کیانی سیاسی تەواوی خۆی دابمەزرێنێ، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سیروان، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆزگە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی رێگای بدابایە بە حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کە میوانداری (١٠٠٠) کەسی موسڵمانی ئەلبانی کۆسۆڤۆی کردبا، بەم هەژارییەی خۆمان وبەو نانە کەمەی کە هەمانە دابەشمان کردبا بەسەر هەردوو لاماندا، و بەم ئەرکە پیرۆزە بەشداریمان بکردبایە لە کەم کردنەوەی تۆزێک لە خەم و کۆڤانیان.

لەمەولا بەهیچ شێوەیەک قەبوڵ ناکرێ، کە پلانی قڕکردن وکوشتنی بەکۆمەڵ دەرهەق بە هیچ میللەتێک یان نەتەوەیەکی ژێر دەست لەجیهاندا بکرێ، ئەرکەکانی نوێی رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان پشت دەبەستێ بە راگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ و (میثاقی) نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەتی بەندی دووەمی بەناوی (منع جریمة الإبادة الجماعیة والمعاقبة علیها لعام ١٩٤٨) ئەمانە رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان پابەند دەکات کە تدخل بکەن لەپاراستنی میللەتان و هاوڵاتیان لەجینۆسایدو قڕ کردن.

میللەتی کوردیش یەکێکە لەو گەلە خێر نەدیوانە، جەورو ستەم وچەوسانەوە بۆتە بەشێک لە ژیانیان، هەرچی ئیمپراتۆریەتێک یان دەوڵەتێک کوردستانی داگیر کردبێ بەشی میللەتی کورد هەر کوشتن و دەربەدەری و ستەمکاری وچەوساندنەوە بووە،.ئەم مامەلە نامرۆییانە بوو بەهۆی

ئەوەی کە کورد هەردەم لە حاڵەتی خەبات و تێکۆشان وبەرخۆداندا بن و داوای مافە ڕەواکانیان بکەن، و لەجیاتی ئەوە ئەم داگیرکەرانە و ئەم زۆردارانە بە هانای داواکانیانەوە بێن، هەرچی هێزو وتوانیان هەبوو دایان بە سەر میللەتی کورد و هەرچی ڕێگای کۆچ پێ کردن و دەربەدەری وکوشتنی بەکۆمەڵ هەبوو لە دژی میللەتی کورد بەکاریان هێنا.

با زۆر نەچینە ناو مێژووی کۆنەوە، لەتورکیا لەپێش جەنگی جیهانی یەکەم ولەدوای جەنگی جیهانی دووەم هەزاران کورد بەرەو ئەنەدۆڵی ڕۆژئاوا کۆچیان پێ کرا، لە ئێرانیش ژمارەیەکی زۆر ڕاگوێزران بۆ (خراسان) جگە لەچەوسانەوەی تر.

لەعێراق و دوای ئەوەی کە ویلایەتی موسڵ درا بەعێراق کوردەکان لێرەش مافیان خورا و ساڵ بەساڵ هەڵسوکەوتی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق دەرحەق بە کورد دژوارتر دەبوو، وکورد زۆر هەوڵی دا کە کێشەکەی بەڕێگا چارەی نوێ و بە ئاشتیانە و دایەلوگ چارەسەر بکات، بەڵام حکومەتی عێراقی بەتایبەت لەساڵانی دوای ١٩٧٤ وهەشتایەکان سیاسەتی (**operation**) جینوساید و سیاسەتی خاکی سووتماکی بەکار دەهێنا، لێرەدا دەتوانین تەنیا ساڵانی دوای ئاداری ١٩٧٠ تاکو ١٩٧٤ ی لێ بەدەر بکەین.

لەشەوێکی ڕەشی ساڵی ١٩٨٣دا (٨٠٠٠) بارزانیی بزر کران و لەساڵی ١٩٨٨یش لە ئەنفالە بەنداوەکەدا (١٨٠) هەزار کەس بێ سەرو شوێن کران و هەڵەبجەی شەهید کیمیاباران کرا جگە لە (٥٠٠٠) گوند وێران کران وئەم هەموو کارەستانە کۆڕەوە ملیونییەکەی ١٩٩١ی هاتە سەر کە بوو بەهۆی دروست بوونی ناوچەی ئارام کە ئێستە بەهێمنی تیایدا دەژین، بەهەمان شێوە دیکتاتۆرەکان وخوێنمژەکانی سربی هەرچی ڕق و کینەی ٨٠ ساڵ لەمەوبەریان دژ بە کرواتییەکان و دژ بە بۆسنەو هەرسک دا ڕشت و گۆڕە بەکۆمەڵەکان باشترین شایەدن بۆ ئێمە وە ئێستا چەند تاوانبارێکی سربی لە تاوانبارانی جەنگی لەلاهای دادگایی دەکرێن جێی خۆشحاڵییە کە ئەو هەردوو میللەتە چ کرواتی بن چ بۆسنەو هەرسک بن ڕزگارییان بوو، ئەنجامی شکستی سربییەکان لەگەڵ عوسمانیەکان ئەوە بوو هەرچی قینییان هەبووە لە کۆسۆڤۆ ڕشتیان و لەساڵی ١٩٨٤ـەوە خەڵکی کۆسۆڤۆ بەغەم و کەسەر بەڵام ئەمڕۆ هەموومان شاهیدی بەکۆمەڵ کوژییەکانی کۆسۆڤۆین کە بە دین موسڵمانن و بە نەتەوە ئەلبانن، هەموومان بەسەرهاتەکانیان ڕۆژانە دەبینین هەمووشی لەبەر ئەوەیە کە داوای مافی نەتەوەیی خۆیان دەکەن و داوای خود موختاری دەکەن کە هەندێ کەس دەیان گوت بە عەریزە وەردەگیرێت و هەرچی یەکگرتنێک لەنێوان میللەتی جیاجیا ئەگەر بە ڕەزامەندی ئەو میللەتانە نەبێت و میللەت خۆی ئەمە هەڵنەبژێرێت و عەدالەت و یەکسانی نێوان هەردوو میللەت نەبێت ئەوا کۆتاییەکە هەر جیابوونەوەیە، نموونەش کۆسۆڤۆیە، شەش میللەتی جیاجیا بوون لەبەر ئەوەی چوونە ڕیزی دەوڵەتی یۆگسلاڤیا بە ڕەزامەندی خۆیان نەبوو بەڵکو بەتوندو تیژی بوو دیتمان چی بەسەر هات و کۆسۆڤۆش دەرەنجامێکی ئەم کارەیە، یەکگرتن بەجینۆساید ناکرێت مەرجی سەرەکی ئارامی و تەناهیی هەر یەکگرتنێک ئەوەیە کە بە

ڕەزامەندی هەموو لایەک بێت، ئەگەر نا دەبنە کیانێکی کارتۆنی و بە هەوایەکی کەم وبێ هێز ئەم کیانە هەڵدەوەشێتەوە چەرخی کیانەکانی دروست کراو نەماوەو ئێمەش لەکوردستانی عێراق بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان فیدرالیمان لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکرات هەڵبژاردووە، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە لە جیهانی ئەمڕۆدا ببینێت چونکە بنەماکانی یاسا لە پیرەوی UNــە وە دەسەڵاتی شەرعی دەوڵەتەکانی لەبەر دەست دایەو ئەبێ نەهێڵێت بەهیچ شێوەیەک جینۆسایدی کەمە نەتەوایەتییەکان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرمووکاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو برادەرانە باسی زۆرشتیان کرد کە هەستی منیان دەربڕی بەرامبەر بە خەڵکی کۆسۆڤۆ، من گرفتەکە لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە سەیر دەکەم، وابزانم سەبارەت بە میللەتانی ژێر دەست لە هەر شوێنێک سیستەمی شۆڤێنی هەبێ هیچ جیاوازییان نییە لە هەڵسوکەوتییان بەرامبەر بە میللەتان کێشەی میللەتان ئەبێ بە ئاشتی ودیموکراتی چارەسەر بکرێت نەک بە چەک وەکو چۆن لە کوردستانی عێراق ئێمە ناچار کراین کە دەست بکەینە چەک و ئەو میللەتەش کە مافێکی سروشتی خۆی بوو کە اعتراف بە خود موختاریەکەی کرابوو حوکمی دکتاتۆری تازەی سربیا یان یۆگسلافیا وای کرد هەتا لەو شتە دەستورییەش پاش گەز بۆوەو هەوڵ دەدات ئەو میللەتە بەخسیر بکات، وا هەست دەکەم کە زۆر لێک چوون هەیە لەنێوان ئەو کوشت وبڕەی کە لە کۆسۆڤۆ دەکرێت و لەگەڵ کێشەی گەلی کوردمان، ڕاستە گەلی کۆسۆڤۆ گەلێکی زۆر گەورە نییە وەکو گەلی کورد بەڵکو میللەتی کورد ٤٠ ملیۆنەو پارچە پارچە کراوەو لە هەموو پارچەکان داگیرکەران هەڵسوکەوتیان هیچ لە هەڵسوکەوتی دیکتاتۆری یۆگسلاڤیا کەم تر نییە بەرامبەر بە گەلەکەمان ئێمە دەتوانین بڵێین ئەو مافەی کە گەلی کۆسۆڤۆ داوای دەکات مافێکی سروشتییەو ئەبێ گشتمان پشتگیریی بکەین لەبەر ئەوەی گەلی کورد زۆر موعاناتی هەبووە وابزانم لەگشت گەلانی تری دنیا سۆزی پترە لەگەڵ کێشەی کۆسۆڤۆ، بەداخەوە زۆر سیستەم و وڵاتی تر هەنە ئەو سۆزەیان نییە بەرامبەر ئەو میللەتە بە پێچەوانەوە هەندێ ڕژێم هەیە پشتگیریی دیکتاتۆری شۆڤینی دەکات با پرسیارێک لەخۆمان بکەین کێن ئەوانەی پشتگیری لەو ڕژێمە دیکتاتۆرانە دەکەن؟ لەوەڵامدا زۆربەی ئەو ڕژێمانەی کە دکتاتۆرن و شۆڤێنین ئەوان پشتگیریی لەو جۆرە ڕژێمە دەکەن و، هەڵسو کەوت لەگەڵ میللەتانی خۆیشیان دەکەن بەزەبری کوشتن و بڕین، لەبەر ئەوە ئەگەر سەیر بکەین ئێمە میللەتێکی مەزلوم بووین و لە گشت کەسانی تر وابزانم بەپێی ڕاگەیاندنمان و بەپێی حزبەکانمان و هەڵوێستی حکومەت و پەرلەمانمان دەلیلێکی زۆر دیارە بەرامبەر بە پشتگیریمان بەو گەلە، شێوەی کۆچ کردنیان دەبینین و ئەو منداڵەو خەڵکە دەبینین و

ئێمە خۆمان دێتەوە بەر چاو لە ساڵی ١٩٩١ ، بۆیە من وا هەست دەکەم ئەو گۆڕانکارییانەی کە کراون لە جیهاندا نابێ بوار بدات بە هیچ ڕژێمێک بە شێوەی کوشتن و بڕین هەڵس وکەوت لەگەڵ میللەتی خۆی دا بکات هەندیک کەس بە تەدەخولی دەرەکی لێکی دەدەنەوە بەڵام من وای بۆ ناچم بەڕاستی نابێ ڕای گشتی جیهان و UN قەبووڵ بکات لەبەر چاوی ئیمە میللەتێک ئەوها لەناو ببرێت وەکو خەڵکی کۆسۆڤۆ، بۆیە من داوا دەکەم لە ڕای گشتیی کوردستان کە هەڵوێستێکی زۆر دڵسۆزانەی وەرگرتووە هەروەها لە میللەتی عێراق کە بە داخەوە ڕژێمی عێراق پشتگیریی لە ڕژێمی دکتاتۆری یۆگسلاڤیا دەکا ، هەروەها داوا لە ڕای گشتی جیهان دەکەم پاڵپشتی ئەو مافە بکەن کە میللەتی کۆسۆڤۆ داوای دەکات کە مافێکی سروشتی خۆیەتی و ئەگەر بتوانین بە هەموو تواناکانمان پشتگیرییان بکەین لەبەر ئەوەی مافێکی خۆیانەو ئومێدەوارم وەک بۆ کوردستان بڕیاری ٦٨٨ دەرچوو هێڵی ٣٦مان بۆ داندرا با ئەو میللەتەش نەک هەر خودموختاری وەربگرێ بەڵکو بە مافی چارەنووسی خۆ بگات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مامۆستا مەلا مەحمود:

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**(أذن للذين يقاتلون بأنهم ظلموا وإن الله على نصرهم لقدير الذين أخرجوا من ديارهم بغير حق إلا أن يقولوا ربنا الله)**

بەڕاستی کاتێک مرۆڤ سەیری تەلەفزیۆن دەکات یان گوێی لە ڕادیۆکان دەگرێت هەمیان شێوەی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ و ١٩٨٨و ١٩٧٥ی دێتە بەرچاو لەبەر ئەوەش هەموو کات مرۆڤ مرۆڤێکی تر ببینێت هەمان بەسەرهاتی بەسەر هاتووە هەست و نەستی بۆی دەوروژێت چونکە دیتن وەکو بیستن نییە ، کوردەکان بینیویانە بەڵام خەڵکێکی تر بیستوویەتی، لەبەر ئەوە کوردێک نییە نەزانێت کارەساتی کۆسۆڤۆ چییە ، بەڕاستی ئێمە وەک ئەندام پەرلەمان نوێنەری ئەو میللەتەو وەک ڕێگا زان و عالم و موسڵمانێک و یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دەنگی خۆمان بەرز دەکەینەوەو دەیخەینە پاڵ دەنگی هەموو خەڵکی جیهان و دەڵێین با ئەو میللەتە ڕزگاری بێت لەژێر ئەو زوڵم و زۆرییە ، خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا دەربارەی عادەتێکی جاهلی کە هەبوو گوتوویەتی (وإذا الموؤدة سئلت بأي ذنب قتلت) دەربارەی ... ئاوها هەڕەشە بکات، ئەی دەبێ دەربارەی میللەتێک چی بکا کە ئەوها بەیەک جار ب... ...ێت؟ تاوانی کۆسۆڤۆ چییە؟ میللەتێک، مافی ژیانی هەیە خوای مەزن تەنیا خوای موسڵمانان نییە (الحمد لله رب العالمين) ئیسلامەتی بەو چاوە سەیری جیهان دەکات، بەڵام وەکو پەندێکی عەرەبی هەیە کە دەڵێت ( ما أشبه الليل بالبارحة ) زۆردار زۆردارە جا هەر کراسێکی لەبەردا بێت و

ئەگەر زۆرداری بەکار هێنا ئەوا لە ڕێگای مرۆڤایەتی لادەچێت، ئەوە غەریب نییە بەڵکو ئەوەی جێگای سەرنجە کە ئەو گەلانەی داوای مرۆڤایەتی دەکەن چ لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و چ لەسەر ئاستی ئیسلامی و چ لەسەر ئاستی جیهانی، تەنها خۆیان بە (نصیر الشعوب والسلم العالمی) دادەنێن، کوا هەڵوێستی ئەوان؟ دەبا هەڵوێستێک وەربگرن وەکو ئەو هێزانەی کە تەدەخولیان کردووە، با دەستی زۆردار بن بڕ بکەن و ئەو ڕژێمە لەکۆڵ ئەو میللەتە بکەنەوە، من پشتگیری دەکەم کە تاوانی زۆرداران دیاری بکرێت و ئێمە لەگەڵ ئەو بانگەوازەین و لەگەڵ جیهانی ئیسلامی بە شێوەیەکی گشتیی ولەگەڵ داین لەدەوربەرمان بەشێوەیەکی تایبەت، دەڵێین کوا ئیوەو وتەکانی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کاتێ کە ئەمری کرد (إنصر أخاك ظالما أو مظلوما) یەکێک وتی ئیمە زانیومانە کە یەکێک زوڵمی لێ کرابێت چۆن بەرگری لێ دەکەین بەڵام چۆن هاوکاری زاڵمێک بکەین؟ گوتی هەموتان بێن بەیەک دەست و دەستی ئەو زۆردارە ببڕن، کوا ئەوانە؟ کوا ئەو موسڵمانانەی ئێمە کە لەسەر قسەکانی پێغەمبەر (من رأی منکم منکرا فلیغره بیده ومن لم یستطع فبلسانه ومن لم یستطع فبقلبه وذلك أضعف الایمان)، لەکۆتایی دا من پشتگیریی لە وتەکانی بەڕێز ئیبراهیم سەعید دەکەم کە پەرلەمان بوارێک بدۆزێتەوە دەستی هاریکاری بۆ کۆسۆڤۆ درێژ بکەین و میللەتی کۆسۆڤۆ میللەتێکی موسڵمانە با یارمەتی بدەین، جا چ بە هێنانی پەناهەندەکان یان بەهاریکاری ماددی بەهەر شێوەیەک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فەوزیە عزەدین رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دیارە قەدەری میللەتی کورد و ئەلبان ئەوەیە کە دووچاری دوو دیکتاتۆری لەیەک چوو ببنەوە هەرچەندە دکتاتۆری ئەلبانیا ناگاتە شاگردی دکتاتۆری لای خۆمان (صدام) بەڵام با باسێکی دکتاتۆری سربیاتان بۆ بکەم، دوای هەرەس هێنانی بلۆکی سوسیالیستی میلۆسۆڤچ وازی لە باوەڕی خۆی هێنا کە پێشتر کۆمۆنیست بوو، حزبێکی نوێی بەناوی (حزبی سۆسیالیست) دامەزراند و دووساڵ بەر لە ئێستا بوو بەسەرۆکی یۆگسلاڤیا.

میلۆسۆڤیج دیارە لە کردەوەکانی کە پەروەردەیەکی تایبەت پەروەردە کراوە هەر لەسەرەتاوە دەستی بە خوێنی بنەماڵەکەی خۆی سوورە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا مامی خۆی کوشت و لەتەمەنی (٢١) ساڵی دا، باوکی خۆی کوشت و لە تەمەنی (٣٣) ساڵیشدا دایکی خۆی خنکاند.

دکتاتۆرێک ئەوها بێت چاوەڕوانی چی لێ دەکرێت؟، مەسەلەی پاکتاوکردنی نەتەوایەتیی لە یۆگسلاڤیا کە سربیەکان دەستیان بەسەر چارەنووسیدا گرتووە، (١٢) ساڵ دەبێ بەپێی بەرنامە بەڕێوەدەچێ.

ئەوەی کە لەماوەی ئەم دوو سێ هەفتەیەی رابردووشدا جیهان لە کۆسۆڤۆ دیتی پۆپەی ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستانەیە کە سربەکان دەیکەن بۆ داگیرکردنی یەکجارەکی خاکی کۆسۆڤۆ، پاش ئەوە خەڵکەکەی لێ دادەماڵن و دەریان دەکەنە دەرەوەی سنوورەکان.
دەرئەنجامە ناهەموارەکانی دەرکردنی خەڵک لەسەر ماڵ و موڵکی خۆی لەژمارە نایەت و چەندین شێوەو رەهەند وەردەگرێت لەوانە ئەو زوڵم و زۆرە بێ ئەندازەیەی کە لە ئافرەت و مناڵانی تەمەن لە (١٨) ساڵ کەمتری کوڕ و کچ دەکرێ.
خاتوو (ساداکۆ ئۆگاتا)ی سەرۆکی لیژنەی پەنابەرانی سەر بە UN دوێنێ لە لێدوانێکیدا رایگەیاند کە سەربازەکانی سربیا پاش ئاوارەکردنی هەزاران خێزان ئێستا خریکن لەو ئەلبانیایانەی کە دەرفەتی دەرباز بوونیان بۆ هەڵنەکەوتووە، هەموویان دەسگیر دەکەن و ئافرەتەکان لەپیاو و مناڵەکانیان جیا دەکەنەوەو دەیانبەن بۆ شوێنی نادیار، ئەم شێوە نامرۆڤانەیەی مامەڵەکردنی ئافرەتانە، لە کاتی ئەنفال کردنی کوردستانیشدا پەیرەوی کرابوو و ئێستا لە کۆسۆڤۆدا دووبارە دەکرێتەوە.
راپۆرتە هەواڵکان دەڵێن سەربازەکانی سرب بەسەدان بەڵکو بە هەزارەها ئافرەتی شەرەفمەند و کچی نەبالقی کۆسۆڤۆیان ئابڕو تکاندووەو بەسەدان و بەهەزاران مناڵ ودایکیان لەیەک کردووەو، زۆر مناڵی ساوایش لەسەرمان ولەبرسان نەخۆش کەوتوون و بەبەرچاو و لەباوەشی دایکەکانیاندا گیانیان سپاردووەو تەرمەکانیان لەم بەرو ئەو بەری رێگاکاندا فرێ دراون.
زۆر ئافرەتی دوو گیانیش لەبەر سەختی کۆرەوەکە بەریان هاویشتووە وهەندێکیشیان بەدەم هەڵاتنەوە لە نالەبارترین بارودۆخدا مناڵیان بوو، کە هەندێکیان لەبەر لێزمەی باران و کرێوەدا پاش چەند سەعاتێک لەژیان گیانیان لەدەست داوە.
لەلایەکی دیکەشەوە بەهەزارەها دایک و مناڵی کوڕو کچ لەیەک دابڕاون و کەسیان ئاگایان لە چارەنووسی ئەوانی دیکە نییە.
یەکێک لەو ئافرەتانەی کە رزگاریان بووە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنی راگەیاند کە سەربازانی یۆگسلاڤیا بەبەرچاوی مێردو مناڵەکانییەوە تەعەدایان لێ کردووەو، ئەوجاهەرچی زێڕو شتی گران بەهایشی هەبووە، لێیان سەندووەو ئاگریان لەماڵەکەشی بەرداوە.
هەر ئەو ئافرەتە گوتی ئەوەی کە ملی بۆ خواستەکانی سەربازە سربیەکان نەدەدا دەستبەجێ دەیانکوشتن.
دووبارە بوونەوەی ئم کارەساتانە کە لە رۆژانێکی وەکو ئەم مانگەی ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی ئەنفال کردنی دێهاتەکانی کوردستان دا بۆ یەکەم جار روویدا، ئەوە دەسەلمێنێ کە دەبێ کێشەی میللەتان لەسەر بنەمای مافی چارەنووسی چارەسەر بکرێ و جوگرافیای سیاسی سەر لەنوێ لەسەربناغەی نەتەوایەتی دابڕێژرێتەوە ئەگینا هیچ زامنێک بۆ ئەوە نییە کە گەلانی باڵا دەست، گەلانی ژێر دەستەی خۆیان پاکتاو و قەڵاچۆ نەکەن.

هەتا ئەوەش بەدی دێت دەبێ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و UN دوو دڵ نەبن لەبەکار هێنانی هێز بۆ پارێزگاری کردنی گەلانی زوڵم لیکراو، لەوانەش گەلی کوردستان، کە تا ئێستاش چارەسەرێکی کۆنکریتی بۆ کێشەکەی دانەنراوەو هەمان ئەو چارەنووسە هەڕەشەی لێدەکات کە لە ئەنفالە ناوزراوەکاندا بەسەریدا هات وئێستاش لە کۆسۆڤۆدا دووبارە دەبێتەوە، ئەو تاوانانەی کە لەژێر پەردەی سەروەری وڵات و دەستێوەرنەدانی کاروباری ناوخۆدا پێشتر دەکران و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش چاوپۆشی لێدەکرد دەبێ نەیهێڵین، دەبێ بە هەموو توانامان هەوڵ بدەین ئەو کارەساتە دووبارە نەبێتەوەو پشتگیریی تەواوی خۆمان بۆ گەلی کۆسۆڤۆ دووپات دەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر وەکو لای هەموو لایێک ئاشکرایە کە ماوەیەکە ئیش و ئازاری ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ (لە ناو نەخشەی سیاسی کۆنە یۆگسلاڤیای پێشوودا) کەوتۆتە سەر زمانی هەموو خەڵکی دونیا و بویتە عنوان و ئەدرەس و مانشێتی سەرەکی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەم جیهانە پان و بەرینە و خەڵکیش بە پەرۆشەوە سەیری ڕووداوە چاوەڕوان کراو و چاوەڕوان نەکراوەکانی ئەو هەرێمە دەکەن و بەشی هەرە زۆری ڕای گشتی جیهانی لەگەڵ ئەلبانە بێ دەرەتانەکانی کۆسۆڤۆ دان و بە توندیش سیاسەتە ڕەگەز پەرستانەکەی سربەکان ڕەت دەکەنەوەو بە هەر حاڵ ئێستاکە مەرگەساتی جینوسایدو کوشتنی بەکۆمەڵ و پاکتاو کردنی ڕەگەزی لەسەر زەوییەکانی بەلقان لە دژی موسڵمانەکانی هەرێمی کۆسۆڤۆ لە ئارادایەو بوتە هۆی کۆچ کردنی زیاتر لەنیو ملیۆن ئەلبانی و کێشەکەش تا ڕادەیەکی زۆر لەکێشەی میللەتی کوردو لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەچێت بە هەموو سلبیات و مەزگەساتەکانیانەوە بۆیەش زۆر دەوترێ کۆسۆڤۆ کوردستانی بەلقانە کوردستانیش کۆسۆڤۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بۆیە دەبێ بزانین گرنگترین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردوو کێشەکە چین وئایا تا چ ڕادەیەک دەرهاویشتە سیاسی و سەربازییەکانی کێشەی کۆسۆڤۆ کار دەکاتە سەر دۆزی ڕەوای کورد؟، چونکە هەردوو کێشەکە ئەوەندە لێک دور نین بەڵکو دوو کێشەی هاوچەشن و هاوشێوەن و کەم و زۆر کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە بۆیە گرنگترین خاڵە هاوبەشەکانی نێوان هەردووکێشەکە ئەمانەن:

١ـ هەر دوو کێشەکە (کێشەی کوردو کێشەی کۆسۆڤۆ) دوو کێشەی مێژوویینەو پەیوەستن بە گوزارشت لیکردنیان وەکوقەوارەیەکی سیاسی و دان بەناسنامەی نەتەوایەتیان و کێشەکەشیان کێشەیەکی سیاسییە نەک کێشەیەکی مرۆیی و هەردوو میللەتەکەش لەگەڵ ڕژێمەکانیان هەڵناکەن و هەر دوو کێشەکە لەلایەن نەتەوەی باڵا دەست پەراوێز کراون و هەردوو میللەتیش هاو ئاینین، واتا (ئیسلام)ن.

٢ـ ناوچەی بەلقان (کە مەڵبەندی کێشەی کۆسۆڤۆیە) و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش کە (مەڵبەندی کێشەی کوردە) هەردوو کیان ناوچەیەکی ژیاری و ستراتیژی و سەربازیی گرنگن.

٣ـ هەردوو هەرێم هەرێمی کوردستان و هەرێمی کۆسۆڤۆ لە رووی جوگرافیەوە لێک دەچن و هەردووکیان وڵاتی شاخ وداخ و چیاو دارستانن و لەهەردوو هەرێمەکەدا سوپای رزگاریخوازی نیشتمانی ونەتەوەیی هەیە کە ڕەمزی بەرخودان و مقاوەمەت و حەماسەتن وهەردوو حکومەتی بەغداو بەلگردایش کێشەکەیان بە کێشەیەکی ناوخۆیی دادەنێن.

٤ـ لەساڵی ١٩٧٤ ژەنەڕال تیتۆ خودموختارییەکی سنوورداری بە هەرێمی کۆسۆڤۆ بەخشی بەڵام پاشان سەرۆکی یۆگسلاڤیای ئێستالەساڵی ١٩٨٩ لێی پەشیمان بووەوە بە هەمان شێوەش حکومەتی بەغدا لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ناچار کراکە دان بە مافی ئۆتۆنۆمی بنێ بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق ئەمەش لەمیانەی ڕێککەوتنی ئادار ڕاگەیەنرا بۆ یەکەم جار پاشان لەساڵی ١٩٧٤ دیسان حکومەتی عێراق لە پەیمانەکانی خۆی پاشگەز بووەو لە ئاکامدا دووبارە شەر هەڵگیرسایەوە.

٥ـ لەدوای هەرەس هێنانی بلوکی ڕۆژهەڵات و رووخانی دیواری بەرلین چەندین گۆڕانکاری گەورەش بەسەر یۆگسلاڤیا داهات و چەندین ناوچەی گرنگی لێ جیا بووەوە وەک (سلۆڤینیاو مەقدۆنیاو کرواتیاو بوسنە) بەمەش بوار بۆ ئەلبانییەکانی کۆسۆڤۆ ڕەخسا داوای گەڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان بکەنەوەو تەنانەت داوای سەربەخۆیی تەواویش بکەن، بۆیەش لەساڵی ١٩٩٨دا هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لەهەرێمی کۆسۆڤۆ ئەنجام دراو پەرلەمانێکی هەرێمی دروست کرا، بەهەمان شێوەش لە عێراقدا لەدوای شەری کەنداو هەل بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخسا بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردنی پەرلەمان کە لە١٩/٥/١٩٩٢ ئەنجام دراو پاش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکە.

٦ـ کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و دەزگاکانی UN بە ئاشکراو بەرەسمی لەگەڵ یەک پارچەیی خاکی عێراق و یۆگسلاڤیەن، بەڵام بەکردەوەش پشتیوانی لە کوردو ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ دەکەن و هەر دوو بڕیاری ١١٩٩ سەبارەت بە کۆسۆڤۆ و ٦٨٨ سەبارەت بە کوردستانی عێراق مۆری مرۆییان پێوە دیارە نەک سیاسی، بەڵام بەرە بەرە هەردوو کێشەکە ڕەوتی ڕاستەقینەی مرۆیی و سیاسی خۆی وەرگرت.

٧ـ لەهەر دوو کێشەکەدا ڕای گشتی جیهانی بەزۆری پشتیوانی لەنەتەوەی کوردو ئەلبان دەکەن بەڵام ووڵاتی ڕوسیا هەتا ئێستا پشتیوانی لە حکومەتی بەغداو بەلگراد دەکات و زۆربەی زۆری ووڵاتانی ئیسلامیش هێشتا بەروونی هەڵوێستی خۆیان ئاشکرا نەکردووە وەکو ئەوەی کورد و ئەلبان ئیسلام نەبن و، هەردوو حکومەتەکەش هەوڵ دەدەن دەستیان لەهەرێمەکە گیربیێتەوە لە کاتێکدا هەردوو وڵاتەکەش کەوتۆتە بەر هێرشی ناتۆ و هاوپەیمانەکان.

٨ـ لەهەردوو هەرێمەکەدا شەری جینۆسایدو بنبرکردن و شوون بزرکردن و ئەنفال کردن وپاکتاو

کردنی ڕەگەزیی لە دژی هەردوو گەلی کوردو ئەلبان ئەنجام دراوە، هەوڵی سرینەوەی سیمای نەتەوایەتی و کەلتوری و مێژوویان دراوە لاشەی قوربانییەکانیشیان لەسەر جادەو شوستەکان فڕێ دراوە.

٩- تراژیدیای کۆچ ڕەو، کۆچ کردن و دەرکردنی نیو ملیۆن ئەلبانی هاوکاتە لەگەڵ هەشتەمین ساڵوەگەری کۆچە ملیۆنییەکەی میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣١ و هەردوو کۆچ ڕەوەکەش لە مێژوودا هاوشانیان نییە بەڕێزینە من بۆیە خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو کێشەی کۆسۆڤۆ و کوردستانی عێراقم ڕوونکردەوە چونکە بەسەرهات و ئێش و ئازاری ئێمە زۆر نزیکە لەبەسەرهاتی کۆسۆڤۆ، ئێمە وەکو میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق لە هەموو کەس زیاتر هەست بەمەعاناتی کۆسۆڤۆ دەکەین چونکە خۆمان بەسەرمان هاتووە.

هەر بۆیەش گەلی کوردمان بە پەرۆشەوە سەیری ڕەوشی ئەم دەڤەرە دەکات بۆیە هاوسۆزی خۆمان بۆ گەلی کۆسۆڤۆ دەردەبڕین و هیوا خوازین کە لە نزیکرین کاتدا کۆتایی بە چەوسانەوەی گشت گەلێک بێت و لە تێکڕای جیهان و لە کەشێکی پڕ لە ئازادی و بەختەوەری و دیموکراسیدا بچنە سەدەی تازەوە.

بژی ئاشتی بژی ئازادی بژی دیموکراسی نەمان بۆ دیکتاتۆریەت و ڕەگەز پەرستی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان کاک شەمائیل فەرموو.

**بەڕێز شەمائیل نەنۆ بنیامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

انها لمبادرة رائعة في ان يحدد البرلمان هذه الجلسة لاستذكار الهجرة المليونية لابناء كوردستان العراق و تبعاتها ومن ثم التوقف عندما يحصل من مآسي في كوسوڤو هذه الايام.

فكما تحدث السيد رئيس المجلس نحن هنا في هذه البقعة من العالم خير من يقدر ما يشعر به وما يعانيه أبناء كوسوڤو الآن.. فقبل ثمان سنوات التجأ الملايين من ابناء كوردستان الى الجبال والعراء في خطوة عبرت عن رغبة الشعب العميقة في العيش بحرية ورفض الدكتاتورية والفاشية ومن جهة اخرى تحوطاً من ارهاب النظام ذو السجل الحافل بالجرائم وحروب والابادة والتي ذاق شعبنا من جراءه الامرين.

فكانت المناظر التي هزت الضمائر الحية في العالم، اكثرها كانت استشهاد آلاف الاطفال الذين لم تتحمل اعوادهم الطرية برد نيسان والجوع وهكذا الشيوخ في ظل البرد والجوع والإرهاق وكما هو شأننا دائما كان لنا نحن الآشوريين نصيب لا بأس به من هذه المعاناة الى جانب اشقائنا الكورد حيث استشهد (١٠٦) طفل وشيخ اسمائهم موثقة لدينا.

ما الذي يمكن ان نقدم عليه نحن في البرلمان ازاء هذا الموضوع؟.

ان خطوة الحلف الاطلسي ازاء تعنت الرئيس الصربي حضيت بتأييد كبير من مختلف الاوساط العالمية وأعطت سياسة القطب الواحد مصداقية اكبر و خصوصاً فيما يتعلق بسياسة الكيل بمكيالين. ولكن استمرار هذا الوضع على ما هو عليه اي الاكتفاء بالقصف الجوي قد يعقد وضع البان كوسوڤو اكثر، عليه نقترح ان يتم التوغل على الارض لسد الطريق امام ما يحصل الآن اقترح ان يصدر من البرلمان بيان يتضامن مع شعب كوسوڤو ويرفض سياسة التطهير العرقي ويطالب المجتمع الدولي بالتدخل في الأرض لحسم معاناة ابناء كوسوڤو بالإضافة كما تم الحديث ربط قضية شعبنا بما يحصل ومطالبة الدعم دولياً وتدويل قضيتنا، شكراً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شەمائیل کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جێیی داخە کەوا سیستەمی جیهانی کۆن گەلیک زەرەری لەمیللەتانی ژێر دەستەدا گەلی کورد گەلێک کارەساتی لە سالآنی (١٩٣٠) و (١٩٤٠) و (١٩٦١)، و (١٩٨٣) و، (١٩٨٦)و، (١٩٨٨) بەسەرهات، کە ئەو کیمیا باران و ئەنفالانە کران، چونکە سیستەمی کۆنی جیهانی کە بەچەکی کۆکوژ لەناوخۆوە لێدراین کەچی چ بانگەوازێکی یەکگرتوو لە میللەتانەوە دەرنەچوو، بەلآم سوپاس بۆ خودا لە سیستەمی نوێی جیهانیدا کە سیستەمی دیموکراسیەتە لە جیهاندا بە سەرۆکایەتی ئەمەریکا، ئەو سیستەمەش مافی هەموو میللەتان دەپارێزێ و، ئەو وڵاتە دکتاتۆرانە و، ئەو حوکمدارە دکتاتۆرانە بەهاوکاری خوا لە ڕێگەی ئەوانەوە سنووریان بۆ دادەنرێ. لە سالّی (١٩٩١) تووشی کۆچ رەوە مەزنەکە بووین و، ئەمەریکاو وڵاتە هاوپەیمانەکان بە هاواری ئێمەوە هاتن و، نەتەوە یەکگرتووەکانیش هێلی (٣٦)یان دانا، هەتا ئێستاش ئێمە لە ژێر چاودێری ئەمەریکاو هەندێ دەوڵەتی هاوپەیماندا دەژین.

هەروەها هەمان حالّەت لە کۆسۆڤۆ هەیە کە تووشی هەڵمەتی جینۆساید بووە لەو سیستەمە نوێیەی جیهاندا سیستەمی دیموکراتیەت کە ئەمەریکا و، پەیمانی ناتۆ بەهاواری ئەوانەوە هاتن ئێمە نەشێین پاڵپشتی دارایی بۆ کۆسۆڤۆ بکەین چونکە توانای ماددیمان نییە، بەلآم پاڵپشتی مەعنەویمان هەیە ئەویش پێشنیار بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە بروسکەیەک بۆ ئەمەریکا و بۆ پەیمانی ناتۆ بچێت کە پشتگیری بزاڤی ئەوان بکات و، داخوازیان لێ بکرێت، بەهێزی پیادەوە بچنە کۆسۆڤۆ تا زیاتر ئەو میللەتە بپارێزرێ، چونکە هەڵمەتی جینۆساید بەردەوامە دەرحەق ئەوان، هەروەها بروسکەیەک بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان و، دەزگاکانی مافی مرۆڤ بکرێت و، بۆ پشتگیری کردنی کۆسۆڤۆ و گرتن و دادگایی کردنی دەوڵەتی میلۆسۆڤیچ، هەروەها هەتاکو ددانەکانی ئەو گورگانەی سرب دەربهێنرێن و، بەزووترین کات هێزی نێودەوڵەتی لە کۆسۆڤۆ بلآو بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، مامۆستا مەلا موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

زۆر لایەنی ئەم باسە روون کرایەوە ئەوەی کە من دەمەوێ دەست نیشانی بکەم ئەوەیە میللەتێک لە جیهانی ئیسلامیدا و هەر میللەتێک بیەوێ ئازادیخواز بێت ئایا بۆی هەیە بەرگری لە مافی خۆی بکات؟ پێغەمبەر (د.خ) ئەفەرمووێ: (من لم یهتم بأمر المسلمین فلیس منهم) کەواتە ئەرکێکی شەرعی نیشتمانی سەرشانی هەموو لایەکمانە کە گرنگی بە باری ژیانی هەموو موسڵمانان و هەموو کەسێکی چەوساوە بدەین لەهەر شوێنێکا ژیان بەسەر بەرن بەتایبەتی ئەگەر ئیمە سەیر بکەین هاو موعاناتی ئێمە بن کاتیک کە تاوان دووبارە دەکرێتەوە و تەئکید دەکرێتەوە زیاتر گەورە دەبێت لەو حاڵەتانەدا کە بیانەوێ ئەو خەڵکانە وەکو هەڵمەتێکی جینۆساید لەناو بەرن.

ئاشکرایە کە هەر کاتێ دوژمنانی دین و وڵات و میللەتان، ویستیان کە میللەتان قڕ بکەن و دینیان بسڕنەوەو بەربەرەکانێ عەقیدەو وڵات و ئاسوودەییان بکەن و هەوڵ بدەن لەسەر شانۆی ژیان وڵاتەکەیان ریشەکێش بکەن بنوارن چۆن خوای گەورە بەراستەوخۆیی هێما بۆ ئەم بابەتە ئەکات و ئەفەرمووێ: (إنما ینهاکم الله عن الذین قاتلوکم في الدین واخرجوکم من دیارکم، وظاهروا علی اخراجکم ان تولوهم ومن یتولهم فاولئك هم الضالمون).

ئێمە بەچاوی خۆمان دیمان کاتی خۆی رژێمی بەدناو ویستی قەڵاچۆی کورد بکات و هەر (١٠) هەزار و سەد هەزارێکی دابەش بکات لەسەر وڵاتانی تر جگە لە دەرکردن و هێرش بردن بۆ سەر کوردی موسڵمان کە کۆڕەوی سێ ملیۆنی لی پەیدا بوو.

لە پێشتریش هەوڵی دا کە گەلە کۆمەکی لەسەر بکات و خەڵکی وەک خۆی تاوانبار بکاتە هاوبەشی لەناوبردنی کورد، (وظاهروا علی اخراجکم) بۆیە پێویستە موسڵمانان هۆشیار بن ئەوانە نەکەنە سەرپەرشتیاری خۆیان و بەهەموو تواناایان دژایەتیان بکەن. بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەمڕۆ ئەو کارەساتە کۆڕەوە ملیۆنییە دووبارە ئەبێتەوە، کورد هاودەنگی و هاو موعاناتی خۆی رائەگەیەنێ، ئێمە ئەڵێین خۆزگە میللەت و موسڵمانانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان ئەگەر بە تەشریعێکیش بوایە هەماهەنگیان لەگەڵ میللەتی موسڵمانی کورددا راگەیاندبایە، ئەڵێم بەداخەوە ئەگەر ئەو کاتە پاساویان بەوە ئەهێنایەوە کە لە ترسی دەوڵەتە زل هێزەکانی ئەو سەردەمە نەیان ئەوێرا باس لە کێشەی کورد و ئەو کۆڕەوە سێ ملیۆنییە بکەن، ئێستا لە کێ ئەترسن خۆ زۆربەی زۆری دەوڵەتە گەورەکانی دونیا دژ بە سربە دیکتاتۆرە بێ دینەکان لە جەنگی فیعلی دان، بۆ ئێستا هەڵوێستیان نییە؟!.

تەنانەت حزبە ئیسلامییەکان لەسەرانسەری وڵاتەکانداو لە وڵاتی کوردستانی خۆشماندا بێ

هەڵوێستن، ئایا چاوەڕوانی هەڵوێست لە کێ ئەکەن؟، بەتەمان لە وڵاتە دراوسێ و دەوروبەکانیان ئیزن وەربگرن؟.
زۆر بەداخەوە ئەبوایە موسڵمانەکان کە خۆیان بە خاوەنی حزب و دەسەڵات ئەزانن راستەوخۆ هاوبەشیان لەو کێشەیەدا بکردایەو هاوکارو هاورازی گەلی موسڵمانی کۆسۆڤۆ بونایە.
جگە لەمەیش رۆژگار رووی هەندێ دەوڵەت زیاتر رەش ئەکات.
مەحوی شیعرێکی هەیە ئەفەرمووێ:
دونیا کە پشتی دابە پشتتەوە بۆ پشت شکاندنە
کێ ماوەتەوە تیا کە نەبوبێ تیاترۆ
بەراستی ئەتوانین بڵێینساڵەهایەکی زۆرە کە روسیاو یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشاوەتەوەو پشتی بەهەر میللەتێکەوە دابێ پشتی شکاندووە و سەیر ئەوەیە زۆر کەس و لایەنی شارەزا ئێستاش پشت بەو روو رەشانە ئەبەستن، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە میللەتی کورد بیری باشتر بکاتەوەو خاوەن هەڵوێست بێ و بە تەنگ گەلی موسڵمانی ئەلبانی کۆسۆڤۆوە بێت؟.
با هەموو پێشنیارە پەسەندەکانی پەرلەمانتارانی بەڕێز بە جدی وەربگیرێ هەڵوێستی خۆمان بەرەسمی رابگەیەنین.
لێرەوە لە مینبەری پەرلەمانەوە داوا لە زانایانی بەڕێز ئەکەم کە لەسەر مینبەرو لە خوتبەکانیاندا ئەو هەستەی گەلی موسڵمانی کورد بەرامبەر گەلی موسڵمانی کۆسۆڤۆ رابگەیەنن و، زیاتر بیخەنە دڵی ئەو خەڵکەوە.
ئێمەش وەکو مەلایانی کورد وەکو یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان راگەیاندنی تایبەتیمان بڵاو کردۆتەوە و هەوڵ ئەدەین کاری تایبەتی تریش لەم بارەویەوە بەئەنجام بگەیەنین خوا هاوکارمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شەفیقە خان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ حەسەن عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

سوپاس بۆ یەزدانی گەورە کە خوا کردمی بە خاوەنی پەرلەمان لێرەوە دەنگمان بگەیەنینە دەنگی ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ بۆ ئەو تەنگەژەی کە تێی کەوتوون.
بێگومان کێشەی کۆسۆڤۆ لە دایک بووی پێڕەو کردنی سیاسەتی جینوسایدی میلۆسۆڤیچی سەرۆکی سربە کە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆیە و فراوان کردنی خاکی سربستانە لەسەر حسابی خاکی کۆسۆڤۆ ئەم کارەساتە رەت دەکرێتەوە لەلایەن هەستی مرۆڤایەتی سەردەمەوە (کە ئەمڕۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ دەکات) و رێنمایی پیادەکردنی رێگای دایەلۆگ دەخاتە بەردەم بۆ کێشە گەرمەکانی جیهان ئەو وەزعەی ئێستا کە میلۆسۆڤیجی تێ کەوتووەو،

پیادەکردنی وەڵامێکی واقعیبیانەی مرۆڤانە لەسەر ئەو تاوانانەی کە دەرهەق خەڵکی بێ بەرگری کۆسۆڤۆ دەیکات کەوا پێ ئەچێ ئەم جۆرە کاردانەوەیە ببێ بە نەریتێکی نێو دەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کیشەی وەکو کۆسۆڤۆ بۆ پاراستنی میللەتانی ژێر دەستی فشاری شۆڤینی و خۆ سەپاندن کە پەیرەو کردنی بەکارهێنانی هێزی نێو دەوڵەتی بۆ بەرهەڵستی کردنی ئەو تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیانە، هۆی بوژاندنەوەی هیوایە بە دوا رۆژ لەلایەن کەمایەتیە چەوساوەکانی جیهانەوە کەلەم سەردەمەدا ئەتوانم بڵێم کورد پێشرەوی دەرخستنی ئەو کێشە جیهانی یە دەکات. بۆیە هاوکات لەگەڵ محکوم کردنی میلۆسۆڤیجدا ئێمە تەزووی بیرەوەریەکی ناخۆش بەبەرچاوماندا ئەبوورێ و امان لێ ئەکات کە ئێمەی کورد ئەگەر دنیا یەک هەڵوێستە بکات لە بەرامبەر رەوشی ئێستای کۆسۆڤۆ، ئەبێ ئێمەی کوردستانیش دووجار هەڵویستە بکەین ئەویش:
یەکەم: وەکو هەستی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە دەربەدەرانی کۆسۆڤۆ.
دووەم: هەڵوێستەیەک بۆ ئەنجامی ئەم کێشەیە بکەین ئاخۆ کێشەی کۆسۆڤۆ بەرەو چ وێستگەیەک ئەبات؟ کە لێرەدا رۆڵەکە بەلای منەوە پێچەوانە ئەبێتەوە لەگەڵ کێشەی ئێستای ئێمەو رژێم و رەوشی دەوڵەتان ئەویش بەوەی کە ئەو بە هانا هاتنەی کە بە هانای ئێمەوە هاتن پاش کۆرەوەکەی بەهاری (١٩٩١) دووبارە بۆ جارێکی تر لە کۆسۆڤۆ رووویداوە، واتە یەکەم جار ئێمە ئینجا ئەوان.
بەڵام ئەنجامی کۆسۆڤۆ (باش یاخود خراپ) کە مصداقیەتی کۆمەکەکە هەڵدەسەنگێنێ دوور نییە بۆ کێشەی ئێمەش پەیرەو بکرێت واتە ئەنجام یەکەم جار بۆ کۆسۆڤۆو دووەم جار بۆ کورد هەروەها بۆ باقی کێشە گەرمەکانی دونیا. لێرەشدا جارێکی تر باسی ئەمە دەکەمەوە ئەوە کۆرەوەکە بوو وا ئەنفالیش دەستی پێکردو کیمیا باران و بەکارهێنانی چەکە قورسەکان لە هەڵەبجەی هیرۆشیما هەبوو، بەلقانی هیروشیماش دەستی پێ کردو خۆ ئەنفالیش بەردەوامە لە کۆسۆڤۆ و دەست درێژ کردنە سەر ئافرەتان و جیاکردنەوەیان لە پیاوەکانیان لەگەڵ ئەنفالەکانی (٨) هەزار خێزانی بارزانی لە ساڵی (١٩٨٣) و (١٨٢) هەزار ئەنفالە بەدناوە گەورەکەی کوردستان کە لە ساڵی (١٩٨٩) و ئێستاش لەگەڵ برایانمان لە کۆسۆڤۆ بەهەمان شێوە داواکارم لە یەزدانی گەورە و کۆمەڵگای نێوەدەوڵەتی کە بەهانای هەموو نەتەوە ژێر دەستەکانەوە بێن و، ئێمەی کوردیش یەکێک بین لەوان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس شەفیقە خان، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە بۆنەکە هی کۆسۆڤۆیە رۆژی چوارشەممەی دابێ بیرەوەری کەوتنی فرۆکەیەکی هێزی هاوپەیمانەکانە لە کوردستاندا کە بەئەرکێکی مرۆڤایەتی رەت بوون بۆ پاراستنی میللەتی ئێمە بەو

هۆیەش چەند هاولاتییەکی برای ئێمە لە میللەتی ئەمەریکی شەهید بوون خوێنیان لەگەڵ خوێنی ئێمە تێکەڵ بوو هیوادارین کە بیرهاتنی ئەوە زیاتر ببێتە هاندانێک بۆ ئاوەدانکردنەوە تێکەڵی و برایەتی دۆستانە لەگەڵ گەلی ئەمریکادا، زۆر سوپاس.
کوردستان، چەچان، کرواتیا، بۆسنە، هەرزەگۆڤینیا، کۆسۆڤۆ، ئەمانیش هەموویان لەناوئەو ولاتانەن کە کەتوونەتە ناو جوگرافیای سیاسی کۆمەڵەی نێو نەتەوەیی لە کۆتایی چەرخی بیستەمدا ئەڤ ولاتانە بە تراجیدیایەک هاتنە ناسین کە بەدەستی دکتاتۆران کە بە سیستیمی یەک لایەنی دژی مرۆڤایەتی و دژی خەڵکی هەژار بن دەستی ئەوان تۆماریان کرد. تەنیا بۆ نموونە کە تراژیدیای میللەتی کورد پێش هەموو تراژیدیایەکان بوون ئەگەر رێگا بدەنە من کە ئەوە دیکۆمێنتێکی (میدل ئیست وۆچ)ە بەناوی سەربازێکی عێراقی کە تەئکید دەکات میللەتی کورد ئەو کارەساتەی کە ئێستا کۆسۆڤۆ دەیبینێ یاخود میللەتەکانی تر دەیبینن چەند زیانی داوە بە میللەتی ئێمەو دەڵێت:
الرئيس والقائد المبجل صدام حسين المحترم.
أنا الموقع ادناه عاصي مصطفى احمد جندي إحتياط من مواليد (١٩٥٥) عدت كأسير حرب في (٢٤/آب/ ١٩٩٠) شاركت في معركة قادسية صدام المجيدة في قاطع شوش وأسرت في (٢٧/ آذار/ ١٩٨٢)، بقيت في الأسر حتى اليوم الذي صدر فيه قرار تبادل أسرى الحرب لأعود الى ارض الوطن إلا إنني وجدت البيت خالي تماماً من زوجتي واطفالي أية كارثةٍ كانت، أي رعبٍ هو إذ أخبرت بأنهم وقعوا في يد قوات الانفال إذ بان حملة الانفال التي جرت في المنطقة الشمالية بقيادة الرفيق (علي حسن المجيد)، ولا أعلم شيئاً عن مصيرهم. زوجتي عزيمة علي احمد من مواليد سنة (١٩٥٥)، إبنتي جارو عاصي مصطفى من مواليد سنة (١٩٧٩)، إبني (فريدون عاصي مصطفى) من مواليد (١٩٨١)، إبني الثاني (روخوش عاصي مصطفى) من مواليد (١٩٨٢)، لهذا جئتكم بهذا الإلتماس.
وەڵامی ئەوان ئەوەبووە:
الجمهورية العراقية
مكتب الرئيس
التاريخ ٢٩/ تشرين الاول/ ١٩٩٠
السيد عاصي مصطفى احمد- محافظة السليمانية قضاء منطقة چمچمال - حي بێکەس - جامع حجي ابراهيم.
إشارةً الى التماسكم المؤرخ في ٤/ تشرين الاول/١٩٩٠) زوجتكم واطفالكم فقدوا خلال عمليات الانفال التي جرت في المنطقة الشمالية في عام (١٩٨٨).
التوقيع المخلص
سعدون علوان مصلح/ مسؤول مكتب الرئيس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن ئەوەیە ئەو تراژیدیایە کە بەسەر ئێمەدا هاتووە، ئێستاش بەسەر میللەتی تردا دێت بەدەستی سیستەمی تاک لایەنی، کە خەونێکە و لەسەری ئەواندایە هەر میللەتان سەرکوت بکەن و هەر میللەتان بکەنە بن دەستی خۆیان و میللەتانی تر هەموویان خوێنیان بخۆن و هەرچەندە سیاسەت و رامیاری ئەوان زیان دەگەیەنێت بە میللەتانی تر بەڵام لە هەمان کاتدا زەرەر بە میللەتی خۆیانیش دەگەیەنن، چونکە لە تواناادا نییە سیستەمێکی سیاسی نوێنەرایەتی میللەتێک بکات من لەو قەناعەتەدام ئەوەی ئێستا میلۆسۆڤیج دەیکات هەرگیز تەعبیر لە ئارەزووەکانی میللەتی سربی ناکات، ئەوەی کە ئێستا دەکرێت هەرگیز هەموو مرۆڤێکی میللەتی سربی پێی رازی نییەو هەرگیز بەشداری ئەو تاوانە ناکەن، بەڵکو چەند کەسانێکن ئەو خەڵکە هان دەدەن دژی خەڵکی هەژاری کۆسۆڤۆ ئەو تەراژیدیاو تاوانانە بەسەر ئەوان بهێنن.

پانۆرامای دەست پێ کردنی ئەو رووداوانە ئەوە بووە کە میللەتی کۆسۆڤۆ وەکو میللەتی کوردو میللەتانی تری هەژار هەوڵ دەدات مافی نیشتمانیی و مرۆیی خۆی وەربگرێ و، بەسەربەخۆیی بژێیت و خاوەنی ئیرادەو سامانی خۆی بێت و لە وڵاتی خۆیدا بێ ئەوەی دەست درێژی و زۆرداری لە کەسێکی تر بکەن، ئەوە تەنها بیری خوێن مژو دیکتاتۆرەکانە کە ئێستا ئەو تاوانە تۆمار دەکەن و سوپایان بردە سەر ئەوان و چەکی مۆدێرن دژی وان بەکار دێنن ئێستاش نزیکەی ملیۆن کەس لە وڵاتی خۆیان ئاوارە بوون و ئێمە کە ئەو دیمەنانە لە تەلەفزیۆن دەبینین گەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ دیمەنەکانی ساڵی (١٩٩١) کەبەسەر ئێمەدا هات لەوانەیە هیچ جیاوازیەکی نەبێت تەنها زمانەکە نەبێت.

وەکو گوتم خوێندنەوەی پانۆرماکە دیاری دەکات کە هاوپەیمانی ناتۆ سورە لەسەرئەوەی دەرسێک بداتە ئەو دیکتاتۆرە ئێمە دەرسدانی ئەو دیکتاتۆرە بە دەرسێک دادەنێین بۆ هەموو دیکتاتۆرێک، سەرکەوتنی میللەتی کۆسۆڤۆ و گەڕانەوەی بۆ سەر خاکی خۆی و دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ سەرکەوتنە بۆ میللەتی ئێمەی هەژاریش کە پێش ئەوان ئێمە ئەو تراژیدیایەمان بەسەر هاتووە و، تەئکیداتەکانی ئیدارەی ئەمەریکی و هاوپەیمانانی ناتۆ کە دەڵێن ئەو دیکتاتۆرانەی هەنە دێنە شکاندن و سزای خۆشیان وەردەگرن، منیش بیرورام وەکو کوردێک وایە کە ئێمە چۆن گەڕاینەوە سەر خاکی خۆمان ئەوهاش میللەتی کۆسۆڤۆ دەگەڕێتەوە سەر خاکی خۆی ئەو تراژیدیایەی کە بینیمان هەمووی دەبنە خەون و دەڕۆن و، لە بەرامبەر ئەو زۆرداریبە ئەو میللەتە هەژارانە بەخێروخۆشی وڵاتی خۆیان ئاوەدان دەکەنەوە ئەوەش مەنتیقی مێژوو و مەنتیقی ژیانە کە دیکتاتۆرەکان ناتوانن رێگە لە میللەتانی خۆیان بگرن کە نەگەنە مافی خۆیان.

من چیتر درێژی ناکەمەوە ئەو برادەرانەی قسەیان کرد هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بەدڵ و بە گیان پشتیوانی میللەتی کۆسۆڤۆین، ئێمە داوا لە نەتەوەیەکگرتووەکان بکەین کە زیاتر هاوکاری میللەتی کۆسۆڤۆ بکات جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر جێگای خۆیان و ببنەوە خاوەنی خاکی خۆیان، من دوو پێشنیارم هەنە پێشکەشی جەنابتانی دەکەم ئەگەر برادەران رازی بن:

١ـ بەیانێک دەربچێت و، بەسەر ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاو بکرێتەوە، کە تیادا تەعبیر لە پشتیوانی و هاوکاری میللەتی ئێمە بکات بۆ میللەتی کۆسۆڤۆ.
٢ـ ئەو منالانەی کە لەبەر ئەو تراژیدیایە بێ دایک و باب ماون، ئەگەر ڕێگە هەبێت ئێمە ئامادەین چ وەکو پەرلەمانی کوردستان چ وەکو میللەتی کورد ئەو زارۆکانە بەخێوبکەین هەتا دایک و باوکیان دەردەکەون، یان گەورە بن و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، هەروەها ئەگەر ڕێگە هەبێت هەوڵ بدەین بە ڕێگەی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەسەڵاتی تورکی ئەو (٢٠) هەزارە پەنابەرەی کە هاتوونەتە تورکیا چەند سەد تەن ئازووقەیان پێ ببەخشن، ئەوە شتێکی زۆر باش دەبێت و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ د. رزگار. کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ئێستاکە لە یۆگسلافیا ڕوودەدات لە هەرێمی کۆسۆڤۆ دژ بە ئەلبان نەژادەکان لە کوشتنی بە کۆمەڵ و ڕاگوازتنی بەزۆر و بەکار هێنانی سیاسەتی سوتاندنی تەڕو هیشک و وێران کردنی هەموو نیشانەیەکی شارستانیەت و قڕکردن و بنبڕ کردنی توخمی مرۆڤی ئەلبانی گشتیان دژی هەموو بەندەکانی مافی مرۆڤن کە لە بەڵگەنامەی جاڕی گەردونیدا هاتوونە کە لە ساڵی (١٩٤٨) بڵاوکراوەتەوە لە دیباجەکەی دەڵێت: (لەبەرئەوەی ئیعتراف بە کەرامەت و حقوقی یەکسانی بناغەی ئازادی و عەدالەت و ئاشتیە لە جیهان). لەبەرئەوەی دەوڵەتانی ئەندام پەیمانیان داوە کە بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتووەکان کاربکەن بۆ پێشخستن و ڕێزگرتن و چاودێری کردنی گشت لایەنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان، و لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی گشتی لەم ماف و ئازادییانە گەورەترین بایەخی هەیە بۆ تەواو وەدیهێنانی ئەم پەیمانانە. بێگومان یۆغسلافیا مۆری لەسەر ئەو بەڵگەنامەیەی کردووە و پەیمانی داوە لە پێش هەموو دەوڵەتانی جیهان کە پابەندی ناوەڕۆکەکەی بێت، بەڵام واقیعی کار سەلماندی ڕادەی ڕاستییەکەی چەندە؟.
هەرچەندە لە ماددە یەکی میثاقی نەتەوە یەکگرتووەکان داهاتووە کە دەڵێت پاراستنی ئەمن و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە هەرە ئامانجە لەپێشەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانەو گەشەپێدانی پەیوەندی نێو میللەتان کە بناغەی ڕێزگرتنی ئەو بنەمایەیە کە دەڵێت پێویستە ڕێکەوتن و پێکهاتنی نێو میللەتان ببنە هۆی سەرەکی بۆ چارەسەری کێشەکان و پێویستە هەر میللەتێک مافی چارەنووسی خۆی هەبێ و هەروەها ئەوەی پێویستە بکرێت بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە جیهان و هاندانی ئەوەی کە هیچ جۆرە جیاوازیەک نەبێ لە میانی میللەتاندا چ لەبەر نەژاد، یان زمان، یان ئاین.
لای بەڕێزتان ئاشکرایە یۆغسلافیا یەک لەو دەوڵەتانەیە کە مۆری کردووە لەسەر میثاقی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە فەسڵی (١١)ی ماددە (٧٣)دا هاتووە: ئەو دەوڵەتانەی کە ئیمزایان کردووە

کەفالەتی پێشکەوتنی ئەو میللەتانە دەکەن کە جارێ نەگەیشتوونەتە رادەی ئەوەی کە خود موختاریان هەبێ و پابەندن بەوەی کە هەوڵێکی تەواو بدەن بۆ پێشەوە بردنی ئاستی ئەو میللەتانە لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و زانیاری و پەیمان دەدەن کەوا بە ئینساف و ویژدان و مرۆڤانە ئەو میللەتانە بپارێزن لەهەر خراپەکاریەک و، لە برگە (ب) ئەو ماددەیەدا هاتووە کە (ئۆتۆنۆمی) بەو گەلانە بدرێ و رێز لە ئامانجە سیاسییەکانیان بگیرێ.

بەڵام سلۆبۆدان لە جیاتی پەرە بدات بە ئۆتۆنۆمی ئەو ئۆتۆنۆمیەی کە کۆسۆڤۆ هەیبوو لە ناوی برد هەروەها ئەو رێککەوتنامە نێودەوڵەتیەی دەربارەی تاوانی قڕکردنی توخمی مرۆڤ(جینوساید)کە لە بریاری نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە لە مێژووی ١١/١٢/١٩٤٦کە تیایدا دەڵێت:(بە پێی یاسای نێودەوڵەتی هەر دەست درێژییەک بۆ سەر کۆمەڵانی مرۆڤ بە تاوان دەژمێردرێت کە ئەویش هاودژە لەگەڵ گیان و ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و هەموو جیهانی پێشکەوتوو دژی دەوەستێ و، وڵاتە مۆرکەرەکان بروایەکی بەتینیان هەیە کە رزگارکردنی توخمی مرۆڤ لەم تاوانانە ئامانجێکی هەرە گەورەیانە و، بۆ نەهێشتنی ولا بردنی پێویستی بە هاوکارییەکی نێودەوڵەتی هەیە، بۆ نمونە لە ماددەی«١»و«٢»دا هاتووە کە دەڵێت:(هەر دەست درێژییەک بۆ سەرکۆمەڵانی مرۆڤ، ئایا لە کاتی ئاشتی بێ، یان جەنگ بە تاوان دەژمێردرێت بە گوێرەی یاسای نەتەوەیەکگرتووەکان و، دەوڵەتە مۆرکەرەکان لەسەر ئەم بەڵگەنامەیە پابەندی خۆیان دەردەبرن بە بن بڕ کردن و، قەدەغەکردنی ئەم جۆرە تاوانانە و، سزای ئەو کەسانە دەدات کە پێی هەڵدەستن، ئایا ئەو کەسانە لە باری دەستوریەوە کار بەدەستی یەکەم بن لە وڵاتی خۆیان ، یا لێپرسراوێکی گشتی بن، یا کەسێکی ئاسایی بن).

هەروەها لە ماددەی«٤»دا دەڵێت:(ئەو کەسانە کە تاونبار دەکرێن بە یەک لەو کردارانە دەرهەق بە کۆمەڵانی خەڵک دەبێ دادگایی بکرێن و سزا بدرێن).

ماددەی«٧»دەڵێت:(دەسدرێژی کردن بەسەر کۆمەڵانی خەڵک بە تاوانێکی سیاسی ناژمێردرێت، تاوەکو تاوانبار خۆی بە سیاسی لە قەڵەم بدات، بۆ ئەوەی تەسلیم نەکرێت، بەڵکو بە تاوانێکی ئاسایی دەژمێردرێت و، تاوانباریش دەبێ بگاتە سزای دادوەریانەی خۆی.

وادیارە (سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ) جارێ بڕوای بەو گۆڕانکاریە سیاسیە تازانەی لە پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی نەهێناوە، بەڵێ ئەو زەمانە تێپەڕی کە میللەتان قڕو بن بڕ بکرێن و، هەموو جۆرە حوکم کردنی میللەتان لە ناو سنوری سیاسی ئەو دەوڵەتانە وەربگیرێت بە ناوی (الحماية والسيادة الوطنية وقدسية حدود إقليم الدول)، ئەگەر گونجاو نەبێت لەگەڵ رێککەوتنامە و بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەڵێ ئەو زەمانە تێپەری راپەرینەکانی میللەتان داپڵۆسێنرێن و، میللەتان قڕ وبن بڕ بکرێن بە ناوی(الشرعيه والسياده الوطنيه وعدم جواز قبول التدخل فی شؤون الداخليه لإقليم الدول)، بەڵێ ئەو زەمانە تێپەڕی میللەتان جینۆساید بکرێن و، دەوڵەتانی جیهانیش لە دوور تەماشای بکەن و، نەتوانن دەستی یارمەتی وهاوکاری

ومرۆڤییان بۆ درێژ بکەن، چونکە ئێستاکە ئاشکرایە جیهان هەمووی بوەتە یەک کۆمەڵگا و، هەر شتێک رووبدات لە هەر سوچێک هەموو جیهان پێی ئاگادار دەبێت، بەڵێ زەمانی سنوور داخستن نەما، زەمانی دیواری ئاسنین(الستار الحدیدی)نەما کە میللەتان لەو دیوی قڕو بن بڕ بکرێن و، کەس پێی نەزانێ و، وڵاتانی جیهان هیچیان بۆ نەکرێت، زەمانی ئەوە نەما هەر وەکو چۆن بە زنجیری تانکی سەربازەکانی پەیمانی وارشۆ راپەرینەکانی گەلانی لیستی رۆژهەلات داپلۆسێت، هەر وەکو لە هەنگاریا لەساڵی١٩٥٦رووی دا وساڵی ١٩٦٨لە چیکۆسلۆڤاکیا رووی دا، کە پێی گوترا(بەهاری براغ)، هەروەها راپەرینەکانی گەلانی پوڵەندا و ئۆکرانیا و، ئاشکراشە کە چییان بەسەر هات، هەروەها لەناوبردنی راپەرینی (دەلای لامای تبت)کە لەناو میللەتەکەی لە خاکی خۆی لە چین دەرکرا، چونکە داوای خود موختارییان دەکر، هەروەها ئەو زەمانە تێپەڕی کە شۆڕشەکانی میللەتی کورد لە کوردستان بە تانک و فرۆکە وکیمیاباران و ئەنفال وبەکار هێنانی هەموو جۆرە کردەوەیەکی ئاژەڵیانە و دژ بە مرۆڤ کرا، بەڵێ ئەو زەمانە تێپەڕی، چونکە زەمان ئێستاکە زەمانی هۆش و مەنتق و حکمەت و دبلۆماسی سەر مێزوگفتوگۆ ودانۆستاندنە.

ئەو هەڵوێستەی پەیمانی ناتۆ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردوویانە بەرامبەر بە (سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ)دەرسێکە و پەندێکە بۆ ئەوانەی کە بیانەوێ دەسدرێژی بکەنە سەر ئەزموونەکەمان، لە هەمان کاتدا بەڵگەیەکی عەمەلییە وکاریگەرە بۆ راستی هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئەزموونەکەمان.

عارەب دەڵێت:(شبه الشئ منجذب الیه) بەڵێ ئەو دەوڵەتانە کە پاڵپشتی لە سلۆبۆدان دەکەن، هەر خۆیان هەمان گیروگرفتیان هەیە و، بۆیە پێیان ناکرێ ئەو سیاسەتە تازەیە وەرگرن، من نازانم بەراستی زۆریشم لاسەیرە، ئەگەر مرۆڤ تۆزێک هۆش و مەنتق و حیکمەتی و دەمارێکی مرۆڤایەتی لە گیاندا بێ چۆن دەبێ ئەو تراژیدیایەی کە بەسەر میللەتی ئەلبان لە کۆسۆڤۆدا هاتووە بە رەوا بزانێ، لەکاتێکدا هەموو جیهان نەفرەتی ئەو کردارە دەکەن، باشە (عەبدوڵلامومن) ئەوەی لەگەڵ میللەتی کورددا دەیکرد و پشتگیری سربەکان دەکات بۆ ئەو کردارەی کە لەگەڵ کۆسۆڤییە موسڵمانەکاندا دەیکەن لەگەڵ ئیسلامەتیدا دەگونجێت؟، ئێمە لەکاتێکدا پڕ بە دڵ پشتگیری خۆمان دەردەبڕین بۆ مافی رەوای میللەتی کۆسۆڤۆ لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆی و، پاڵپشتی تەواومان دەردەبڕین بۆ دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی یۆگوسلافیا، بۆ پاراستنی میللەتی کۆسۆڤۆ، بۆ ئەوەی نەهێڵن جینۆساید بکرێن، ئومێد دەکەین بەردەوام بن لەسەری تاوەکو ناوچەیەکی ئارامیان بە شێوەیەکی کاتی بۆ دابین دەکرێت و، میللەتەکە بگەڕێتەوە نیشتمانی خۆی و، لەو شپرزەیی و پەرتوبڵاویە رزگاری دەبێت و، ئەو پاراستنە نێودەوڵەتییە بمێنێت، تاوەکو ئارام و ئاسوودە دەبن و، دەگەنە کیانێک و قەوارەیەکی دان پیانراو لە رووی سیاسییەوە و، بەیەکجاری کێشەکە کۆتایی پێ دێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشەکی سوپاس و پێزانینمان بۆ خوا لەسەر نیعمەتی ئەم ئازادییەی کە پێمانی بەخشیوە، بەڵێنیشی داوە کە ئەگەر سوپاسی بکەین بۆمانی زیاد بکات(لئن شکرتم لأزیدنکم)، پەروەردگار فەرمانی داوە بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت(وذکرهم بأيام الله ان في ذلك لآيات لكل صبار شكور)کە ڕۆژانی پڕ سەختی ونەهامەتییان بیربخەرەوە کە بەدەستی زۆردار وستەمکاری دڵڕەقەوە توش هاتبوون، ئێستا خوا ڕزگاری کردوون، بەراستی ئەو بیرەوەرییانە وانە و پەندو بەڵگەن بۆ بەخۆدا چوونەوە، بۆ ئەوانەی کە خاوەن ورە و سەبرو خۆگر و سوپاس گوزاری خوان و بەوەفان، دەشفەرمووێ(الم نهلك الأولين ثم نتبعهم الآخرين كذلك نفعل بالمجرمين)واتا ئایا تاوانبارە بەراییەکانمان نەفەوتاند و، لەکۆڵمان نەکردنەوە؟، پاشان دواییەنەکانیشمان نەکرد بە شوێنیانا؟.

بەڵێ چین بە چین دڵ ڕەقەکان و ستەمکاران لە ناو دەبرێن، باوی خوایە وەها ئەکات بە تاوانباران و زاڵمان(دولة الظلم زائلة، حجة الكذب باطلة)، دەفەرمێت(الم نجعل الأرض كِفاتاً أحياء و أمواتا)دەفەرموێت: ئەی مرۆڤینە ئایا ئێمە زەویمان نەکردووە بە کۆکەرەوەتان چ بەزیندوتیان و چ بە مردوویتان؟ بە مان و نەمانتان؟، ئایا نیشتمانمان نەبەخشیوە بەگەلانی سەر ڕووی زەوی، لە ژیاندا بەسەر زەوییەکەیەوە بحەوێنەوە و، لە مردندا بچنەوە باوشی؟. بەڵێ ئەی پەروەردگار(أنت أعطيت وأنعمت نعم المولى و نعم النصير، فلك الشكر حتى ترضى)، لەم وەرزەدا لە بەهاردا و لە نەورۆز و ئادار و مانگی چواردا بەتایبەتی لووتمانی بە چەند بیرەوەرییەکی نەیەک و نەدوو و، نەسێ، بەڵکو زۆر بیرەوەری دڵتەزێن، ڕەشەکوژی و لولدان بەچیای مەرگدا، کیمیاباران و کارەساتەکانی نارەوای بە ئەنفال ناولێ نراو، کۆرەوی ملیۆنی، ڕاگوێزان و دەرکردن لە زادگا و ڕەز و کێڵگەو مەزار و گۆڕخانەی باوباپیران و لە تاڤگە و چەموکانیاوەکان و، چەندەها بۆردمان و قەڵاچۆکاری و(دیار بۆ نادیار)زۆربەیان لەبەر چاو وگوێی هەموو جیهانی نزیک و دوور، موسڵمان و ناموسڵمان بوو، بەڵام دەیان ساڵ بوو تەنها و، تەنها دەنگو هاوار و زریکەی ئەم گەلە بەخوا ئەگەیشت(الذي يمهل ولا يهمل) درەنگ گیر، بەڵام سەخت گیر.( قتل أمرئ في غابة جريمة لا تغتفر وقتل شعب امن مسألة فيها نظر) کوشتنی مرۆڤێک لە جەنگەڵێکدا تاوانێکە چاوپۆشی لێ ناکرێت، قەڵاچۆی گەلێکی ئارام مەسەلەیەکە سەرنجی دەوێت(سبحان الله)زۆر دەمێکە بۆ جیهانی دوور و نزیک نقەیان لە خۆ بڕی بوو، تا ڕەحمی خواوەند خرۆشاو دوژمنی ستەم پیشەی پەڕاندە کۆڵی کویت، بۆ هاتنە هاواری کویت وبۆرییە نەوتەکانی کەنداو کەوتنە کار، دەرفەتێکی زێرینیش هاتە پێش بۆ ئەم گەلە کە تەنها هەر خوای بوو و، پشتی هەر بەو

بەستبوو و، راپەرینی مێژوویی هاتە کایەوە، سەردەمی بەناو عەولەمەیە جیهان سەرو خواری بەوێنەی تاکە شارێکەو، ولاتان بوونەتە تاکە گەرەکێک لەو شارە، سەردەمی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەر و کەناڵی ئاسمانییە، هەواڵ لە مانگو مەریخەوە دەگاتە زەوی و، فەزا خەبەریان بەیەکتر دەدەنەوە، دونیا دونیای تەکنەلۆجیای پێشکەوتووە و، باسی مافی مرۆڤ دونیای هەژاندووە، کەچی گەلێ لە گەلانی بەلقان بەناوی گەلی کۆسۆڤۆ وەکو گەلی کورد قڕی تێخراوە و، گورگی دەمارگیر و دیکتاتۆری رەگەز پەرست بەربووەتە گیانی پیرو لاو و نێرو مێ و کیژ و کور و ساوا و شیرەخۆرەی، خاک وماڵ و خانوویان تەخت ئەکات و، داراییان بە تاراج دەبەن، ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی دەیانەوێ لە خاکی خۆیاندا بە ئازادی بژین، زمانی حاڵی کۆسۆڤۆ هاوار دەکات، ئەی گەلی کوردستان ئێستا ئێمە لە حاڵتان لە کارەساتەکانتان تێ دەگەین و، ئێمەش نەتەوەیەکین هەرچەند بە رووبەری خاک و بە ژمارەی نفوس زۆر لە گەلی کورد و لە کوردستان کەمترین، بەڵام هاودەردین، دیمەنێکی بەسەرهاتەکانی گەلی کوردستانین، جیهانیش دەمان بینێ، ناوچەی بەلقان و کەنداو، یان بابڵێین کوردستان و کۆسۆڤۆ وەکو دوو جمکن ، بەسەرهاتمان بەیەک دەچێت لەبن دەستی دوو رژێمی وەکو یەکین دژ بەیاسای نێودەوڵەتی دژ بە بریارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و مافی مرۆڤ و، دژ بە هەموو ئایین و ئەخلاق و قیبیەمێک مافمان پێشێل دەکەن و، داوای لێبوردنتان لێ دەکەین گەر بەرگوێتان کەوتبێ لە کۆسۆڤۆ گوترابێت گوایە ئێمە کورد نین رابکەین، ئێمە لە سەکۆی ئەم پەرلەمانەی کوردستانەوە هاودەردی و هاوسۆزی خۆمان لەگەڵ گەلی کۆسۆڤۆ پێشان ئەدەین و، بەسەد حەکیم بەقەد دەردەدارێک نازانێت، دەردەدار لە حاڵی دەردەدا باش دەزانێت و، دەست خۆشی لەو کەسانە دەکەین کە بەدەموچونی گەلی کۆسۆڤۆ چوون، کارەساتی گەلی کۆسۆڤۆ و ئەم رۆژانی بەهارە سۆی زامەکانی گەلی کوردستانی هێنایەوە لە سالانی رابوردودا.

بەشداری غەمو پەژارەی لێقەومانیان ئەکەین، وەکو مرۆڤ وەکو موسڵمان وەکو گەلێکی هاودەرد، ئومێد ئەخوازین کۆتایی بە نەهامەتیان بێت و، لەسەر خاکی خۆیان سەربەخۆیی وەدەست بخەن و بحەوێنەوە(وتكون أرضهم لهم كفاتا)وپێم باشترە پەرلەمان دەنگی گەلی کوردستان بەرزکاتەوە و، راگەیاندنێ، بیرخەرەوەیەک هەر چی ناو دەنێن، بدات بە گوێی جیهان و خاوەن بریارەکاندا لە رێگای ئەوانیشەوە بۆ خۆشمانە و، هەڵوێستی میللەتی کوردی هاوکێشەیشە، سەرکەوتنی گەلی کۆسۆڤۆ سەرکەوتنی گەلی هاودەردی کوردستانە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، زەهرا خان فەرموو.

**بەرێز زەهرا تەها حاجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە مێژە خەڵکی جیهان ئاگاداری ئێش و ئازاری میللەتی ئەلبانیان و، دڵیان لەگەڵیاندایە و،

ڕۆژانەش حکومەتی ناوەندی ڕەگەزپەرستی سربەکان ئیدانە دەکەن، ڕۆژانە سربەکان کۆسۆڤۆییەکان تووشی مەرگەسات و کوشتن و ڕاکردن لەسەر ملک ومالیان دەکەن و، بێ بەری کردنی کۆسۆڤۆییەکان لە مافە ڕەواکانی خۆیان، جا لەبەر ئەوە کێشەی کۆسۆڤۆ کێشەیەکی سیاسی کۆنە، بۆیە میللەتی کۆسۆڤۆ خەباتی کردووە، ئەمڕۆ ملیۆنها کەس لە ژن وپیاو ومندال و پەککەوتوو پیرەژن و پیرەمێرد کەوتوونەتە نارەحەتی و پەنایان بردووەتە بەر سنوورەکانی دەوڵەتانی دراوسێ، لەناو ئەم باران و بەفرەدا، ڕۆژانە چەندین مندال لە باوشی دایکیاندا لە برسا و لە سەرماندا گیانیان لە دەست دەدەن، دیمەنی ئەم خەڵکە بێ تاوانە ویژدانی هەموو مرۆڤێک دەهەژێنێ، بەتایبەتی ئەوەی کە تووشی ناخۆشی و زۆرداری و بن دەستی بووە، بۆ ئێمەش ڕۆژانی ڕاپەراندن و بەهارمان دێنێتەوە یاد، کە ئەوەش بە هۆی زۆرداری ڕژێمی عێراق بوو، کەوا هەموو کوردەکان کەوتبینە سەر سنوورەکانی تورکیا و ئێران و سوریا و، زۆر کوردیش بە گوللەی جەندرمەی تورکەکان لەسەر سنووری تورکیا شەهید کران، وا دەبینین کەوا ڕژێمی عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە پشتگیری ئەم کارەساتە نامرۆییە دەکات و، ئیدانەی هێرشەکانی ناتۆ بۆ سەر سربەکان دەکات.

ئێمە وەکو میللەتی کورد پشتیوانی لە میللەتی کۆسۆڤۆ دەکەین و، هەموو ئەو میللەتانەی کە لە بن دەستدان و، دڵی ئێمە لەگەڵ ئێش و خەمی کۆسۆڤۆدایە، ئومێدەوارین هەموو جیهان هاوکاری و پشتیوانییان بکات و، دوژمنانیان بێنە سزادان و، میللەتی کۆسۆڤۆش بگاتە مافە ڕەواکانی خۆی و، بگەڕێنەوە سەر ماڵ و خاکی خۆیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە ویستم باسی بکەم زۆربەی باس کرا، تەنها دوو خاڵی ماوە کەوا ئاماژەی بۆ نەکراوە، یەکەم من وەکو کوردێکی موسڵمان بە بینینی کۆڕەوەکەی میللەتی کۆسۆڤۆ بیرەوەری کۆڕەوەکەی میللەتی خۆمم دێتەوە پێش چاو و، دەزانم هەمان ئەو ڕۆژانەیە، لە کاتێک کە ڕۆیشتین بۆ سەر سنوورەکان چەند کەسانێک تەرخان کرا بوون بۆ ئەوەی خەڵکەکە ڕێک خەن کە دەچنە ئەو دیوی سنوورەوە و، چەند کەسانێک لەو کاتەدا شەهید کران کە یەکێکیان ماموستا (عوسمان شێخ ئیسماعیل) بوو کە بەگوللەی پاسدارەکان شەهید کرا، لەگەڵ ئەوەی کە ئەو هەموو کوردە دەڕۆیشت و ماڵ و زەوی خۆیان بەجێ دەهێشت، لەگەڵ ئەوەشدا بەربەرەکانی و بەرنگاری ڕژێم دەکرا لەو شوێنانەی کە ڕژێم دەیگەیشتێ، واتە پێشمەرگە و سەرکردەکانی کوردستان ڕۆڵی خۆیان هەر دەبینی و، نموونەشمان لە کۆیێ و دەوروبەری سلێمانیی دا هەیە.

لێرەدا پرسیارێکم هەیە لە دەوڵەتانی ئیسلام کە ئەوانەی خۆیان بە ئیسلام دادەنێن تا ئێستا نە

بەراگەیاندن نە بەرادیۆ چیان نەگوتووە هەروەکو بلێی هیچ شتێک رووی نەداوە بێگومان لەو کاتەدا خۆمانم دێتەوە بیر کە لەو کاتەدا بە هیچ جۆرێک باسمان نەدەکرا، هەروەها ئەو برا ئیسلامیانەی کە خۆیان بە ئیسلام دادەنێن پێویست وابوو ئەوان ملی ئێمەیان بگرتایەو داوای کۆبونەوەیان بکردایە، بلێین بەیان دەربکەن بلێین رێپێوان بکەن، بە هیچ جۆرێک من تا ئێستا نەمدیوە یەکێک قسە لەگەڵ ئێمەدا دەربارەی ئەو بابەتە بکات.

خاڵێکی تر هەیە بەلامەوە زۆر گرنگە کە خوشک و برایان ئاماژەیان بۆ نەکرد ئەویش لە سەرەتای ئەو مانگە گەورەترین تاوان بەرامبەر بە میللەتی کورد کرا کە ئەویش تاوان دژ بە برا فەیلییەکانمان بوو کە لە مانگی چواردا زۆربەی زۆری ئەو خێزانانە لە ماڵ و جێگەو رێی خۆیاندا دەرکران و نێردرانە سەر سنوورەکان بە مەرجێک بۆ ماوەی دوو مانگ و سێ مانگ لە سنوورەکان وەرنەدەگیران، نە ئێران وەری دەگرتن نە عێراق دەیهێشت بگەرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئەو هەموو ماڵ و سامانەو کارگەو خانووبەرەی ئەوان هەیان بوو لە بەغداد هەمووی بەیەک بڕیاری (مجلس قیادە الثورە) هەموویان پێ جێهێشتن و ولاتیان بەجێهێشت و رۆیشتن، بەراستی پێویستە لەو مینبەرە پیرۆزەوە دیسان باسی ئەو برا خۆشەویستانەمان بکرێت کە تا ئێستا خەریکە (١٩) ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ زۆربەی زۆریان لە موعاناتێکی زۆردا دەژین ئەوانیش وەکو کورد خزمەتێکی زۆری بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردیان کردووە ئەبوایە باسمان لێوە بکردبایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەندامانی رێزداری پەرلەمان بە دورو درێژی باسی کارەساتە بەر فراوانەکەی کۆسۆڤۆیان کرد لە هەموو رووێکەوە باس کرا ئەوەی من دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم زیاتر رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و رووە یاساییەکەیەتی لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا ئایا ئەم هەنگاوەی ئێستا ناتۆ ئەینێ هەنگاوێکی یاساییە یا نا؟، هەروەها هەڵوێستی بەغدا و رووسیاش بەرامبەر بەو هەنگاونانەی کە ئێستا ناتۆ دەیکات.

جارێ پێش هەموو شتێک ئەگەر بێین سەرنجێکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەورۆ بدەین بە هەردوو ئەنجوومەنەکەیەوە (کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانە) بەداخەوە ئەتوانین وای لێک بدەینەوە کە ئەمرۆ بۆتە دەزگایەکی نیمچە ئیفلیج، چونکە ئەو مافەی کە کاتی خۆی هەیبوو ببوە رێگر بۆ زۆر کێشەو کۆسپ بەتایبەتی ڤیتۆی ولاتە زل هێزەکانی هەر ئەو پێنج ولاتەی کەوا ئەندامی هەمیشەیین لە ئەنجوومەنی ئاسایشدا کە ئەوانیش ئەمەریکاو ئینگلتەراو فەرەنساو روسیاو چین زۆر جار بەداخەوە ئەو (ڤیتۆ)یە لە دژی دوژمنانی

گەلان بەکارناهێنن، بەڵکو بەداخەوە دژی گەلان بەکاردەهێنرێت، ئنجا ئایا ئەو کێشەیەی ئێستا روویداوە لە کۆسۆڤۆ ئایا مافی ئەوە هەیە کەوا بەرگری لێ بکرێت چ لە ئەنجوومەنی ئاسایش بێت یان ناتۆ کە ئیستا ئەو هەنگاوە دەنێت؟، بێگومان بەپێی خودی ئەنجوومەنی ئاسایش کە لە مادده (١ و ٢) دانراوە بە راشکاوی باسی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات یانی هۆی دامەزراندنی ئەم دەزگایە بۆ ئەوەیە وە چۆنیەتی پیادەکردن و جێبەجێ کردنی ئەو ئاسایشەش لە ماددەی (٢)دا باس کراوە، تەنانەت لە فەسڵی شەشەم لە مادەکانی (٣٣ تاکو ٣٨) باسی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەو ململانێکانی نێو دەوڵەتی ئەکرێت کە چەندین رێگەو شێوەی بۆ داناوە لە وتووێژو لێکۆڵینەوەو ناوبژیوانی و پێکهێنانی تەوفیقی و چارەسەرکردنی دادگایی، یانی ئامرازی دبلۆماسی یان بلێین ئاشتەوایی دیبلۆماسی تا دەگاتە ئامرازەکانی دادوەری کە (تەحکیمەو دادگای عەدلی نێودەوڵەتیبە، ئینجا ئەگاتە ئەنجوومەنی ئاسایش)، هەڵبەت کە کێشەیەک بگاتە ئەنجوومەنی ئاسایش بێگومان ئەو کێشانەن کە لە فەسڵی حەوتەمدا باسیان دەکات ئەو کێشانەن کە هەرەشە دەکەنە سەر فەسڵی حەوتەم لە ماددەکانی (٣٩ هەتا ٥١) ئەو کێشانەن کەوا هەرەشە دەکەنە سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئینجا ئایا ئەم کێشەیەی کۆسۆڤۆ هەرەشەی کردۆتە سەر ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی یان نا؟ بە بڕوای من هەمان کێشەی کورد کە ساڵی ١٩٩١ بەرپابوو و بریاری دێرینی (٦٦٨) لە ٥/٤/١٩٩١ دەرچوو، هەمان کێشەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایش پێویستە بەرامبەری بریارێک وەربگرێ، هەرچەندە ئەمە بەداخەوە بەنیسبەت کێشەی کوردەوە بریاری(٦٦٨) لەوانەیە زۆر زەق ترو باشتر بوایە ئەگەر هەڵوێستی سلبیانەی نامرۆییانەی روسیا ئەو دەمەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەگەڵ چین نەبوایە، چونکە هەڵوێستیان ئەوەندە سلبی بوو کە کار گەیشتە ئەو رادەیەی کەوا بریارەکە بەهیچ شێوەیەک دەرنەچێ ئەوە بوو (کەمپرەمیس) کرا لەلایەن ئەندامانی تری ئەنجوومەنی ئاسایش کە ئەو هەڵوێستە وەرگیرا هەرچەندە بەداخەوە خودی هەڵوێستەکە وبریارەکە بریارێکی زۆر پێویست وگرنگە، بەڵام ئامرازی جێبەجێ کردنەکەی وەکو پێویست نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بریارە وەرگیرا وبۆتە بنەمایەک ئێستا بۆ زۆر کێشەی تر، کێشەی کۆسۆڤۆ یەکێکە لەو کێشانەی کە ئەمرۆ وڵاتانی تر پەنای بۆ ئەبەن بۆ چارەسەر کردنی بەتایبەتی ئەنجوومەنی ئاسایش، لەم دوو مادەیەی کەوا باسم کرد لە (٤٠و٤١) دا ئەنجوومەن ئالیەتی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەو هەنگاوانەی دیاری کرد، هەڵبەتە ئالیەتی ئەو جێبەجێ کردنە باس کرا لەماددەی (٣٤)دا ئەڵێ: (ئەنجوومەن بۆی هەیە لەو کێشانە بکۆڵێتەوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی لەبار بردنی ئاشتی و ئاسایشی نێو دەوڵەتی جیهان بەرەو بارێکی خەتەرناک ببات) واتا جیهان بگەیەنێتە بوارێکی خەتەر ناک، بێگومان کۆسۆڤۆ گەیشتۆتە ئەو رادەیە، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەندامانی ناتۆ هەوڵیاندا چارەسەرێکی (توفیقی) بۆ هەردوو لایەنی کێشەکە بدۆزنەوە.

ئەوە بوو لەسەرەتادا هەردوو لایەنی ناکۆک رازی نەبوون بەو چارەسەریەی کەوا ئەنجوومەنی ئاسایش یان ئەندامانی ناتۆو ئەمەریکا بۆیان دیاری کرد، بەلاّم شەرەکە سەر لەنوێ لەسەرەتای ئەمساڵەوە دووبارە بۆوە دیسان تەشەنەی کرد ئینجا ناتۆ هەردوولای ناچار کردەوە کە لەفەرەنسا دابنیشن ودیسانەوە لەجاری یەکەم هەردوولا بە ئەنجامی ئەو دانیشتنە رازی نەبوون، بەلاّم لەکۆتاییدا لە مانگی ئازاردا کۆسۆڤییەکان نوێنەرەکانیان رازی بوون ، بەلاّم نوێنەرانی (سلۆڤان میلۆسۆڤیچ) رازی نەبوون بەو ئەنجامەی کەوا بۆیان دیاری کراو، بوو، ئایا ئەم مەسەلە شەرعییە؟ یان نا؟ بێگومان لەچوارچێوەی یەکێتی سربستاندا ئەو بریارە وەرگیراوە، واتا ئەو حکمی زاتیەی کە پێشوو هەیانبووە هەمان خود موختاریان بۆ بگەرێتەوە وچاودێری ئەم مەسەلانە بکرێت، من دەپرسم ئەگەر لەناوبردنی گەلێکی دێرینی وەکو کۆسۆڤۆ کە پێنج سەد ساڵە، حەفت سەد ساڵە لەسەر خاکی خۆی ئەژییێت ئەگەر قڕ بکرێت و پەراگەندە بکرێت ئەمە رەوا بێت ئایا بەرگری کردن لە قڕ نەکردنی ئەمانە بۆ رەوا نەبێت؟، لەبەر ئەوە من بۆچوونم وایە هەموو مرۆڤێکی مرۆ دۆست لەگەڵ ئەوە بێت کە ئەوانە قڕ نەکرێن، بۆیە هەرچەندە ناتۆ بەشێوەیەکی یاسایی لەوانەیە روو لە ئەنجوومەنی ئاسایش نەکات وهۆیەکەشی دیارە ئەنجوومەنی ئاسایش ڤیتۆی هەیە کە ڤیتۆ بوو دیسانەوە مەسەلەکە ئیفلیج ئەبێ و ئەبێ بچێتەوە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گشتی لەکۆمەڵەی گشیدا هەتاکو ئەم هەموو دەنگە کۆدەکرێتەوە میللەتە کە هەمووی قڕ دەکرێت، بۆیە بەبڕوای من ئەم دەستپێشخەریەی کەوا ناتۆ کردوویەتی هەرچەندە رای تاک جەمسەرییە، بەلاّم لەبەرژەوەندی کۆسۆڤۆ و گەلانی وەک کۆسۆڤۆیە، کێ ئەمڕۆ بەرگری لە (سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ) دەکات؟ دوو لایەن، یەکێکیان عێراقە، عێراقیش ئاشکرایە بۆ بەرگری لە میلۆسۆفیج دەکات، ئەوە لە رۆژنامەی بابل بە ئاشکرا باسی ئەوە دکات، دەڵێ ( فإنما يحدث في كوسوڤو الان لابد من ان ينعكس بشكل او بآخر على العراق وتحديداً ماحدث او سيحدث في كردستان العراق سواء في حالة رفع جزئي أو كلي للحصار ام في حالة الابقاء عليه) لەشوێنێکی تردا دەڵێ (ان اية عملية قادمة تحت غطاء الاجماع الدولي او الحلف الاطلسي في اية بقعة من العالم سيكون ايضا بضمنها التهيأ للقيام بعمل ما ضد العراق) واتا لەخۆی دەترسێ چونکە ئەویش پاشەڵی لە میلۆسۆڤیج پاکتر نییە، لایەنەکەی تر کە ئاشکرایە هەڵوێستی عێراق و دکتاتۆرەکانی رژێمی عێراق روونە بۆچی ئەم هەڵوێستە وەردەگرن، دەمێنێتەوە سەر رووس، رووس دوو سێ هۆی هەیە کە یەکەمیان هەردوو نەتەوە چ رووسە وچ سربە هەردووکیان لەمیللەتانی (سلاڤ)ن یانی یەک رەگەزن، دوو، هاو مەزهەبی ئاینین هەردوولایەن (ئەرثەدۆکسن) یانی سەر بە کەنیسەی رۆژهەلاتن، سێ، هەردوو لا ئەگەر لەبیرمان نەچێت پەروەردەی بیروباوەڕێکن وجۆرە بیروبۆچوونێکن کە ئەیانویست لەچوارچێوەی ئەو سیستەمەی کە کاتی خۆی دروست کرا بوو خزمەتی نەتەوە گەورەکان بکەن، لێرەدا مەبەست نەتەوەی رووسە، لەبۆتەی رووسدا خەڵکەکانی تر بتاوێننەوە، ئەگەر تەماشای نەخشەی جیهان بکەین بەتایبەتی

نەخشەی ئەوروپا دەبینین سربستان دەکەوێتە شوێنێکی زۆر گرنگەوە لەناوجەرگەی بەلقاندایە، وئێستا سربستان کەوتۆتە ناوەڕاستی وڵاتانی ناتۆ، بۆیە بە تەئکید بۆ روسیا گرنگە کە ئەم هەڵوێستە وەربگرێ، بەڵام ئایا ئەم هەڵوێستەی رووسیا بۆی دەچێتە سەر؟ من پێم وایە، نەخێر، چۆن لەساڵی ١٩٩١ ناچار بوو دان بەبڕیارەکەدا بێنێ بۆ ئەوەی بڕیاری (٩٨٦) دەربچێت من پێم وایە ئەم جارەش ناچار دەبێت کە چۆک دابدات بۆ وڵاتانی ناتۆو ئەمەریکا، جێی داخە دوو هەڵوێستی تر ئەویش ئی وڵاتە ئیسلامیەکان دوێنی گوێم لێ بوو کە تازە هەڵوێستێکیان وەرگرتووە ئەوانیش ئەیانەوێ لەم مەسەلەدا بەشداری بکەن وەکو چاودێر بن، تازە بەتازە وا دەرۆژە پانزدە رۆژە مەسەلەکە گەیشتۆتە ئەو پەڕی ئینجا دەیانەوێ چاودێر بن لەکاتێکدا بەداخەوە.ئیسرائیل یەکەم وڵات بوو بە فرۆکە کۆمەکی بۆ ئاوارەکانی کۆسۆڤۆ برد، کە لەهەموو دەزگاکانی راگەیاندن ئاماژەیان بۆ کرد کە ئیسرائیل بەرگری لە ئیسلام بکات ئینجا لەبەر هەر هۆیەک بێت، بەڵام ئێمە وەکو وڵاتانی ئیسلام بێ دەنگ بین.

بەرامبەر بەو کێشەیە زۆر وترا بۆیە من سوپاسی ئەم هەڵوێستە دەکەم بەراستی هەڵوێستێکی زۆر پیرۆزە لەلایەنی ئێمەوە کە ئەم دانیشتنە تایبەتیەمان بۆ ئەم مەسەلەیە کرد، دەبا لەم مبینەرەوە داوا بکەین یادداشتنامەیەک یان هەڵوێست نامەیەک دەربکرێت بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە کە بەزووترین کات شەڕەکە رابگیرێ وفشار بخرێتە سەر میلۆسۆڤیج کە ئامادەی گفتوگۆ بێت ئەو گفتوگۆیەی کەوا لە رامبیج کێشەکەی چارەسەر کرد و ئەو کۆچڕەوە کۆتایی پێ بێت وخەڵکەکە بگەڕێتەوە بۆ جێگەی خۆی، وئەو مافانەی کە کاتی خۆی میللەتی کۆسۆڤۆ وەریان گرتبوو پێیان بدرێتەوە لەسەر بنەمای ئەو پەیمانەی کەوا بەچاودێری ئەمریکاو فەرەنساو ئینگلترا لە (رامبۆێ) ئامادە کراوە ئێمەش لەکوردستان چیمان پێ بکرێت بۆ هاوکاری کردن و پشتیوانی میللەتی کۆسۆڤۆ حەقی وایە دریغی نەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک د.ناسح، تکایە ئەوانەی کە تێبینیەکانیان نوسیوە تەسلیمی ئێرەی بکەن، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆکە ئەو کارەساتەی هاتۆتە سەر گەلی کۆسۆڤۆ ئەو هێرشە دڕندانەی کە کوشتنی مرۆڤی ودەرکردنا ژنکاو تاڵان کردنی ماڵی ئەوانە ئەمە هەمووی پتر نییە لەوەی کە بەسەر میللەتی ئێمەدا هاتووە کە هی ئێمە خراپتر بوو، ئەگەر بەبیری خۆمانی بهێنینەوە وەکی دوێنێ وپێرێ بوو لەنیساندا بەر لە نۆزدە ساڵدا کە برا فەیلیەکانی ئێمە رەگەزنامەیان لێ ستاندنەوەو هەموو ماڵ و موڵک وسامانی وان دەستیان بەسەردا گیرا، وهەروەها لەهەمان مانگدا پێش هەشت ساڵ ئەو کارەساتە مەزنە بەسەر میللەتی کوردا هات وهەموویان کۆچیان کرد کە ژمارەیان دەگەیشتە

ملیـۆنێـک کـورد، ئەگـەر بەبیری خـۆمـان بهـێنینەوە لەو کـیمـیـا باران وئەنفـال کـردنەی کـە بەسـەر میللەتی کـوردا هاتووە وا بەسـەر مـیللەتی کـۆسـۆڤـۆ نەهاتووە، بەڵام ئەو حـوکـمـەتانەی کـە ئەوانە بەسـەر مـیللەتی وان دێنێ وەکـو ئەوەی بەسـەر ئێـمـەدا هـات هەروەکـو یەکـن یان هەردوو دەرچووی یەک قوتابخانەن لە قـوتابخانەی زوڵم و تەعدا ئەو قوتابخانەیەی وامـان دەزانی پشتی میللەتانی هەژارە، بەڵام وادیـار بوو کـە ئەڤ قـوتابخـانـەیە دژی هەمـوو مـیللەتی هەژارو بێ دەسـەڵاتە ئێـمـە لەگـەڵ ئەوەدا نین، ئەو یادەی ئەمـڕۆ دەکـرێـتـەوە لە کـۆسـۆڤـۆ بەڵـکـو دڵ ومـێـشـکی گـەلێـک لەمیللەتانی جیـهـانی هەژاندووە، بەڵام تاکـو ئێـسـتـا نەماندیوە کە هەستی دەوڵەتێکی ئیـسـلامی بهەژێنی، یان حزبە ئیسلامییەکان لەکوردستان کە شتێک دەربارەی ئەم کێشەیە بڵێن، ئایا بۆچی بێ دەنگن؟ هەر بێ دەنگی بـوو بۆ هۆی ئەو کارەساتەی بەسەر میللەتی ئێمەی کوردیشدا هات، کـەس بـاسی نەدەکـرد هەمـوویان خـۆیان بێ دەنگ کـرد بـوو، لەوانەیە ئیـسـلامـەتیـان کـردبێـتـە پەردەیەک بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەگینا بۆچی دەنگ ناکەن؟ ئەوانە نازانن کە پێغـمبەر (د.خ) فەرموویەتی( قتل مؤمن عند الله اعظم من زوال دنیا وما فیها ) ئایا بۆچی تائێستا بێ دەنگن؟ لەراگەیاندندا هەندێک (تصریحات) دراوە لەدەوروبەری حکومەتی سرب ودەڵێن خۆ ئەوانە کورد نین کە پارچەپارچەیی لەسەر خۆمان قەبووڵ بکەین یان کورد نین کە خۆمان رانەگرین، بەڵام لێرە جیـاوازیەکی زۆر هەیە لەنێـوان ئێـمـەو ئەوان مـیللەتی کـورد هیچ جـارێـک بۆکـەس (تنازل)ی نەکـردووە لەمـافی خـۆی، ئەو دەوڵەتانە تۆپ و تەیارەو دەبابەیان هەیە دەبا خـۆیان بگرن لەبەر هێرشێکی ئەوان وبەڵکو میللەتی ئێمە کەسەدان ساڵە خەبات دەکات و خۆی راگرتووە و تاکو ئەم ساڵانە گەیشتنە ئەوەی کە پەرلەمان و حکومەت دابنێین.

ئێـسـتـاش ئێـمە دەنگی خۆمـان دەخەینە پاڵ دەنگی مـیللەتی ئەلبانی (کۆسۆڤۆ) چونکە ئەو زوڵمە لەوان دەکـرێ زۆر لەوان زیاتر لەئێـمـە کراوە وهیـوادارین کـە (ناتۆ) بەردەوام بێت بۆ نەهێـشـتنی زوڵم و زۆرداری تاکـو مـیللەتی ئێـمەش سوودی تیا ببینێ وخۆزگە ئێـمە ئەمڕۆ کـیـانێـک باین و دەوڵەتێک بواین تاکو پێشوازی هەندێک لە هەژارانی ئەوانمان کردبایە، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس کاک رەجەب، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جـەعـفـەر شـێخ علی عـەبدولعـەزیز:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

وەکـو بەرێزتان باسـتان کرد ناکرێ بەکورتەیەک باسی کۆڕەوەکەی کوردستـان و گیـانی مقاوەمەت بکەین کـە یادی هاوکـاتە لەگـەڵ کـارەسـاتی کـۆسـۆڤـۆ، لەرۆژی ٣/٣١ی ئەمـسـاڵدا هەشت سـاڵ تێـپـەڕی بەسـەر کـۆڕەوە ملیـۆنیـەکـەی کـوردان بۆ سـەر سنوور، هەروەها لەسـەرەتای مـانگی نیسانیشدا یادی مقاوەمەت و بەرگری پێشمەرگەیە دژی هێزە هێرش هێنەرەکانی رژێم.

رژێمی عـێـراق بە لەشکرێکی گەورە (ئەوەی مابوی پاش شەڕی کوێت) رێگای پێ درا لەلایەن

هاوپەیمانەکانەوە کە لەخواروو ناوەڕاستی عێراقەوە بیگرێتەوە بەرەو کوردستان، کە لەڕاپەڕیندا لەشکرەکەی لەکوردستاندا توشی شکستی مێژوویی بوو تەسلیم بەکوردان بوون بەهەموو چەکو تەقەمەنیەکانیانەوە.

لەبەر ئەوەی شارە گەورەکانی کوردستان ـ سلێمانی، هەولێر، دهۆک ئازاد کرابوون، لەگەڵ زۆربەی زۆری شوێنەکانی تر، کە ئەم شارانە ملیۆنەها کوردی تیا ئەژیا و لەخەتی تەماسەوە نزیک بوون بەتایبەتی ، هەولێرو دهۆک، بۆیە وەکو پێویست هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەیئەتوانی پارێزگاریان لێ بکات بەرامبەر هێرشی دوژمن، چونکە بەرگری ئەبووە هۆی زەرەر وزیانێکی زۆر بۆ دانیشتوانی ئەو شارانە وڕژێم قەتلوعامێکی گەورەی ساز ئەدا بۆ تۆڵە سەندنەوەی ڕاپەڕین لەگەلەکەمان.

پاش هێرشی دڕندانەی دوژمن، گەلەکەمان ڕەفزی مانەوەی کرد لەژێر دەسەڵاتی ڕژێم دا بۆیە هەموو گەلی کوردستان بەیەک دەنگ وتمان نا ، بۆ ڕژێم و بەڵێ، بۆ ئازادی. بەرگری و بەرخۆدانی پێشمەرگەی کوردستان لەو کاتەدا دەوری قارەمانێتی پێشمەرگەکانی پارتی، بە تایبەتی قووەتی بارزانی تێکۆشەر، بە فەرماندەیی خوالێخۆشبوو د. سەعید بارزانی، بەڵگە نەویستە بۆ داستانی کۆڕێ، کوردان ئەم ساڵە لەم یادەدا شتێکی هاوشێوە وەکو کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١لە هەرێمی کۆسۆڤۆی جەرگەی ئەوروپادا لە دوا ساتەکانی سەدەی بیستەمدا گەلانی جیهان بینەری غەمناکترین دیمەنەکانی زۆرداری و چەوساندنەوەی ئۆپەراسیۆنی پاکسازی نەژادی بوونە ، کە دانیشتوانی موسڵمانی کۆسۆڤۆ کە بە بنەچە ئەلبانین تووشی قڕکردن و کۆڕەو بوون لە لایەن حکومەتی سربەوە.

هەر کوردێک کە ئەو کارەساتە لە تەلەفزیۆنەوە ئەبینێت، ئێش و ئازاری خۆی بیر ئەکەوێتەوە. بۆیە هاوسۆزە لەگەڵ ئەو مەرگەساتەی کۆسۆڤۆدا، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و هاوتەمەنە دیکتاتۆرەکانی تەنها زمانی چەک و هێز دەزانن و گوێ ڕایەڵی سیاسەتی ئێستای سەردەم نین، کە بریتیە لە دایەلۆگ و مافی مرۆڤ و مافی چارەنووسی گەلان.

لەوەتەی قەیرانی کۆسۆڤۆ دەستی پێ کردووە لە شوباتی پارساڵەوە پاش ئەوەی بەلگراد پەشیمان بووەوە لەو ئۆتۆنۆمییەی دایبوو بە کۆسۆڤۆییەکان. دەست کرا بەکاری توندوتیژی، سوپای ڕزگاریخوازی کۆسۆڤۆ دروست بوو بۆ بەرپەرچ دانەوەی کارە دڕندەکانی بەلگرادو بەرگری لە خەڵکی کۆسۆڤۆ، جا من ئەمەوێ لێرە جیاوازییەکی سەربازی بکەم لەگەڵ ئەو هێزانەدا بەرەبەرە ئەم سوپایە نەشونمای کرد، بەڵام توانای سەربازییان کەم بوو، چ لە ڕووی چەک و تەقەمەنییەوەو چ لە ڕووی مەشقی سەربازی و بەکارهێنانی چەکی قورس، بۆیە نەیان توانی وەکو پێویست بەرەنگاری هێزەکانی بەلگراد ببنەوە. کە لەو کاتەدا هێزی بەلگراد پشت ئەستوور بوو بە دەزگایەکی سەربازیی بەهێزو بە ئیمکانیاتی جەنگی گەورە، بەپێی دوا زانیاری پێکهاتبوو لە (١١٤) هەزار سەربازو (١٤٠٠) پارچە تۆپ و (١٠٠) ساروخی زەوی بە ئاسمانی دژ بە فڕۆکە

(١٨٥٠) پارچە چەکی دژ بە هەوا. (٢٤٠) فـڕۆکـەی جـەنگی لەوانە مـیـکی ٢١ و ٢٩ لەگـەڵ (٤٨) فڕۆکەی سەمتی هێرشبەر(١٢٧٠)نانک لەوانە تانکی تر ٧٢ و ٧٤ (٨٢٥) زرێپۆش.
بۆیە پەیمانی نـاتۆ بە هاواری دانیـشـتـوانی ئەلبـانی کـۆسـۆڤـۆوە هات، پاش ئەوەی دانوسـتـانی رامبۆیێ لە فەرەنسا بە بنبەست گەیشت.
ناتۆ هەڕەشـەکـەی خـۆی دژ بە بـەلگراد بەجێ گـەیاند، بە بەکـارهێنانی هێـزی سـەربازی دژ بە بنکەکانی حکومەتی بەلگراد. گورزی سەربازی خۆی وەشاند، ئەوە بوو لە شەوی ٢٤/٢٥/٣ ی ئەم ساڵەدا، هێزەکـانی ناتۆ بە مووشەک و فڕۆکە هێـرشیـان کردو پەنایان بردە بەر بەکـارهێنانی هێزی سەربازی لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی لە هەرێمی کۆسۆڤۆدا.
ئەمـەوێ باسـێکی ئەو هێزەیش بکەم، کـە ناتۆ تا ئێـسـتـا کـۆی کـردۆتەوە بـۆ لێـدانی حکومـەتی بەلگراد، پەیمانی باکـووری ئەتڵـەسی(ناتۆ) لە ئایاری ١٩٤٥دامـەزراوە. کـە پەیمانێـکی بەرگـری سـەربازییـە پێـکهـاتووە لە هێـزی(١٩) وڵات، کـە ئێـسـتـا هێـزی(١١) وڵات بەشـداره دژ بە حکومەتی بەلگراد. کە ناسراون بە هێزەکانی (بەشدار لە هێزی هاوپەیمانیدا) کە بریتییە لە هێزی بەلجیکا، کـەنەدا، ئسـپـانیـا، دانیـمـارک، ئەڵمـانیـا، ئیـتـاڵیـا، هۆڵەندا، فـەرەنسـا، نەرویج، ئنگلستان، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەم وڵاتانەش بەشدارییان نەکردووە لە هێرشەکان بۆ سەر بەلگراد، کە ئەندامن لە ناتۆ، کۆماری چیک، یۆنان، هانگاریە، ئیسلەندا، لۆکسـمبۆرگ، پۆڵەندا، پرتوغال، تورکیا.
بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە بەردەستایە، ئەو کەرەستە سەربازیانەی تا ئێستا کۆکراونەتەوە لە لایەن ناتۆوە بۆ شـەڕی بەلقان بریتـیـە لە نزیکەی(٣٠٠- ٤٠٠)فڕۆکە کە بەشداره لە بوردوومـان کردندا لەوانە:
١- فڕۆکەی ب٢ کە زۆربەرز ئەفڕێ و نرخی(٢) ملیار دۆلارە(٣١)سەعات ئەفڕێ پایەگاکانی لە وڵاتە یەکگرتووەکانە.
٢- فڕۆکەی ب٥٢ کە ئەتوانێ دوور بێت لە مەجالی هەوای دوژمنەوە و بۆردومـانی خۆشی بکات کە مووشەکی کرۆز هەڵئەگرێت، کە کێشی سەری جەنگی هەر یەکەی (٢٠٠)رەتڵە.
٣- فڕۆکەی فA١١٧ کە یەکەم فڕۆکەی ترسناکە لە جیهاندا.کە بە شەبەح ناسراوە.
٤- هەروەها جۆری تر لە فڕۆکەی F15 و F16 فڕۆکەی پشکنین و دۆزینەوە.
٤- هەروەها مـووشـەکی (تۆمـا هۆک) کـە لە کـەشـتـیـە جـەنگـیـەکـان و ژێر دەریاییـەکـانەوە ئەتەقەینرێت، کە مانگە دەستکردەکان ڕێنمایی ئەکات، هەروەها چەندین کەشتی جەنگی لە دەریاکـاندا مۆڵیان خواردووە، لەوانە کەشتی کروزەر لە دەریای فلیپین (کە مووشـەکی کرۆز هەڵئەگرێت) دوو مودەمرەی ئەمریکی بە ناوی نیلسۆن و گونزالیز، هەروەها دوو ژێر دەریایی هێـرشـبـەر نۆرفـولک و میـامی ئەمـریکی لە دەریای سـپی نـاوەڕاستن، هەروەها لـە دەریای ئەدریاتیکی ئەم مودەمیرەی تۆرن ئەمریکی لەگەڵ رایتالدفالزی(ئەڵمـانی) وە مـودەمیرەیەکی

(ئیتاڵی) هەروەها مودەمیرەیەکی (ئیرۆن دیوک)ی ئینگلیزی کۆمەڵی ناسۆی دەریایی مووشەکی ئامادەی ئەمریکاشی تیایە، لە دەریای ئەتلەنتیک.

پەیمانی ناتۆ، بە تایبەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جگە لەو هێزە زەبەلاحەی کە ئامادەی کردووە. تا ئێستاش بەردەوامە لە کۆکردنەوەی هێزی بەکار بۆ لێدانی بەلگراد کە چەند رۆژێک پێش ئێستا (٢٤) فرۆکەی هەلیکۆپتەری جەنگی تریشی لە جۆری(ئەباچی) کە دژ بە تانک و زرێپۆشی و نەفەراتە لەگەڵ (٢٠٠٠) سەرباز رەوانەی ئەلبانیای کردووە، هەروەها (١٣)فرۆکەی تری جۆری A F١١٧ شەبەح هەروەها زرێپۆشی ئاوی ترانایدۆ کە هەڵگری مووشەکی تۆما هۆک وکروزە رەوانەی ناوچەکەی کردووە.

هەروەها فرۆکە هەڵگری ئەمریکی(تیودور روزفلت) گەیشتۆتە دەریای ئەدریاتیکی کە(٥٠) فرۆکەی جەنگی هەڵگرتووە، کە دوێنێ فرۆکەکانی بەشداری بۆردوومانیان کردووە. هەروەها دوێنێ فەرماندەی گشتی هێزی ناتۆ داوای هێزی تازەی تری کردووە جگە لەم هەموو هێزانەی کە کۆکراونەتەوە.

ئەم هێزانە زۆربەی شوێنە ستراتیژی و سەربازییەکانی سربیان کاول کردووە، چی لە فرۆکەخانە جەنگییەکان، چی لە پایەگا سەربازییەکان، چی لە فابریقەی دوست کردنی کەلوپەلی سەربازی، چی لە پردو دەیان شوێنی تر، هەروەها بە وەزارەتی بەرەڤانی و ناوخۆیشەوە، تا دوێنێ گەیشتە بۆردومانی قافلەیەکی سەربازی، کە زۆربەیان تانک و زرێپۆش بوونە.

لەم ماوەیەدا زیاتر لە(٢٠٠٠) هەڵسانی ئاسمانی بۆ سەر بنکەکانی حکومەتی بەلگراد ئەنجام دراوە، زیاد لە(١٠) هەزار تەن لە مادەی T.N.T تووند تەقینەوە بەکارهێنراوە، کە دەکاتە نیوەی توانای بۆمبای هیرۆشیما، تا ئێستا زیاتر لە (٥٠٠) ملیۆن دۆلار خەرجی شەڕی هێزەکانی ناتۆ بووە، کە چاوەڕوان ئەکرێت ئەم مەبلەغە بگاتە (٢-٤) ملیارد دۆلار، بە گوێرەی ماوەی شەڕەکە، کە حکومەتی بەلگرادیش هەموو توانایەکی مادی و مەعنەوی خۆی تەرخان کردووە بۆ ئەو شەڕە.

ئەمەیە بەرهەمی سیاسەتی ناهەمواری دەسەلاتە دیکتاتۆرو رەگەزپەرستەکان، کە جگە لە کاول کاری و کوشتن و برین و دوژمن کاری هیچ بۆ گەلەکەیان بەجێ ناهێڵێن. ئەم جۆرە رژێمانە بەلایەکی گەورەن بۆ گەلەکانیان تا رۆژێک زووتر لەناو بچن هێشتا هەر درەنگە.

بۆیە پێشنیار ئەکەم:

هاوسۆزی خۆمان دەربڕین بەرامبەر کارەساتی گەلی کۆسۆڤۆ. داوا بکەین کە بەزوویی شەڕەکە رابگیرێت و ئەلبانیە موسڵمانەکانی کۆسۆڤۆ بگەڕێنەوە شوێن و جێگای خۆیان و قەرەبوو بکرێنەوە. مافی چارەنووسی خۆیان وەربگرن، لە کۆتایدا سلاو لە گەلی کۆسۆڤۆ و گەلی کوردستان سەر شۆڕشی بۆ داگیر کەرانی ولاتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ جەعفەر لە لیژنەی پێشمەرگە، کاک شێخ یەحیا با بفەرموێت.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەرەتا پشتگیری لەو دوو پێشنیارە دەکەم چۆن دەتوانین ئەگەر بەشتێکی رەمزیش بێت هاوکاری لەگەڵی کۆسۆڤۆ بکەین جا چ بروسکەیەک یان نامەیەک بدرێت بە UN داوا بکرێت هاوهەستی گەلی کورد دەربڕین داوا بکرێت نەهێڵدرێت میللەتانی کەم دەست قڕ بکرێت، هەر دەردەدارێک کاتێ گرفتارێک دەبینێ خۆی بیردێتەوە دایکی شەهید کاتێ هاوخەمی کۆسکەوتوێک دەکات بە کۆستەکانی خۆیدا هەڵدەدات.

پێخۆشحاڵم پەرلەمانی کوردستان هاوبەشی خەمی گەلی کۆسۆڤۆ دەکات، کۆسۆڤۆ لە ساڵەکانی ١٣٨٩ کاتێ ناوچەکانی ئەو دەڤەرە کەوتە ژێر دەسەڵاتی حوکمی عوسمانی ئیسلامی و سربەکانی شکاند، کۆسۆڤۆیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامی عوسمانییەوەو ئەلبانەکان روویان کردە ئەم ناوچەیەو هەتا نزیکەی( ٥٠٠ )ساڵی رابووردوو کاتێ شەڕی بەلقانی یەکەم کە هێزەکانی عوسمانی شکاند سربەکان ئەو ناوچەیەیان گرتەوە.

ئەلبانەکان داوای کۆسۆڤۆیان کرد، چونکە ئەلبانێکی زۆر نیشتەجێی کۆسۆڤۆ ببوون، هەروەها سربەکانیش لە ساڵەکانی سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە ساڵانی ١٢و ١٣ دا داوای کۆسۆڤۆیان کرد، چونکە پێشتر بە پارچەیەکی خۆشەویست و عەریقی سربیایان دەدایە قەڵەم، هاوهەست بوون لەگەڵ کۆسۆڤۆ ئەو سەردەمە رێژەی دانیشتوانی ئەلبانەکان لەگەڵ سربەکان ئەتوانم بڵێم نزیکەی نیوە بە نیوە بوون، هەتا دوای جەنگی جیهانی دووەمیش.

بەڵام دوای ئەو سەردەمە کۆچڕەوی سربەکان دەستی پێکردوو رووەو شارو ژیانی شارستانییەت، ئەلبانەکانیش لە زیادکردنی بەردەوامدا بوون، تا حاڵ گەیشتە ئەوەی ئەلبانەکان لە کۆسۆڤۆ راژەی ٩٠٪ بگرنەوەو سربەکانیش ١٠٪

لە سەردەمی حوکمرانیەتی تیتۆدا لە ساڵی ٩٧٤ هەموارکردنی دەستووری یۆگسلافی کراو خود موختاریەکی فراوان درا بە ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ، بەڵام سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بۆ دروست کردنەوەی سربیای گەورەو بەهێز فەرمانی نەهێشتنی سیستەمی خودموختاری داو، دوای ١٥ساڵ لە ساڵی ٩٨٩دا ئەو هیوایەی گەلی کۆسۆڤۆی زیندە بە چاڵ کرد.

بێگومان ئەم بڕیارە نارەوایەی میلۆسۆڤیچ کاردانەوەیەکی توندی پەیدا کرد، لای کۆسۆڤۆیەکان بەرهەڵستکاریی و جمووجۆڵ و چەکداری هەر لە ساڵی ٩٩٢ دەستی پێ کردو بەرە بەرە پەرەی سەند. بەراستی مافی ژێر پێ خراوی ئەلبانەکانی کۆسۆڤۆ و سووربوونیان لە سەر داوای مافی رەوای خۆیان و بڕیاری نا بەجێی میلۆسۆڤیچ و دڕندەیی سربەکان بەرامبەر بەو گەلە ماف خوراوە حاڵی بەم رۆژە گەیاند. زوڵم و زۆرداری سەر هەر نەتەوەیەک، رۆژانی رەشی ستەمدیدەی گەلی

کوردی بێ وێنەمان دێنێتەوە یاد. ئا ئەو بەسەر هاتانەی گەلی کۆسۆڤۆ کە ئەمڕۆ دنیای هەژاندووە مشتێکە لە خەرواری کارەساتەکانی گەلی کورد، یان نموونەیەکی کەمن لە کارەساتە دڵتەزێنەکانی گەلەکەمان بە کۆمەڵ کوشتنیان، دەیان و سەدان هەزار بە کۆمەڵ کوژراوی کوردمان یاد دێنێتەوە هەر دڵۆپە فرمێسکێکی گەلی کۆسۆڤۆ وێنەن بۆ دەریایەک فرمێسکی بێ دەنگی کورد.

دیکتاتۆرە خوێنڕێژەکان، سەدام و میلۆسۆڤیچ و هاوڕێکانیان یەک دەگرنەوەو پشتگیری لە یەکتر دەکەن.

سوپاس بۆ یەزدان، وا دنیای ئەوروپایش دەهەژێ و پشتگیری لە گەلی کۆسۆڤۆی چەوساوەو بەرگری لە زوڵم و زۆر دەکرێ، بەداخەوە لە ١٩ وڵاتی ئەوروپی و ئەمریکاو ١٥یان بەشداریی لەو بەرگرییە دەکەن و بەرگری لەو زوڵم و زۆرەی میلۆسۆڤیچ دەکەن، هەموو دەزانین. گەلی ئەلبانی کۆسۆڤۆ، گەلێکی موسڵمانی هیندو ئەوروپین وەکو کورد، کەچی پێم سەیرو جێی سەرنجە کوا دەنگی دەوڵەتە ئیسلامییەکان؟ کوا دەنگی کۆمەڵی ئیسلامی و؟ سەیرەو جێی سەرنجە، کوا دەنگی لایەنە ئیسلامییەکان، بەتایبەتی لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستان؟، چونکە ئێمە هاوخەم و هاودەردین چی وەکو هیند و ئەوروپی و چ وەکو موسڵمان و چ وەکو کۆڕەوو چ وەکو بە سەرهات و لێقەوماغان لەگەڵ گەلی کۆسۆڤۆدا، کوا هەڵوێستەکانیان؟ کوا هەڵوێستی لایەن و حزب و دەوڵەتە ئیسلامییەکان؟ خۆشبەختم لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەنگی گەلەکەمان دەگەیەنینە پاڵ دەنگی گەلی ئەلبانی کۆسۆڤۆ، لێرەدا بەرەوای ئەبینم بڵێم بابەس بێت زوڵم و زۆرداری و با نەمێنن دیکتاتۆرە چنگ سوورەکان، با زوڵاڵ تر بێت دەنگی گەلانی چەوساوە هەمیشە و پڕ بە دڵ هیوای ئازادی و ژیانی ئاسوودەیی دەخوازم بۆ کوردستان و کۆسۆڤۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێخ یەحیا، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕیز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە لە ڕووداو و کێشەی سرب دەکۆڵینەوە، سرب میللەتێکی بێ باوەڕن و توندڕەون، کە بێینە ئاخاوتن هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی هۆکاری سەرەکی هەر سرب بووە، کە کاتی خۆی قوتابییەکی سربی جێنشینی ئیمپراتۆریەتی (نەمساو مەجەر)ی، لە (سەرایڤۆی) پایتەختی بۆسنەو هەرسکی ئێستا تیرۆرکرد، پاش جەنگی یەکەم یەکێتی یۆگسلاڤی تازە دامەزرا، بۆ زانیاری ژمارەی دانیشتوانی میللەتی کۆسۆڤۆ لە سنووری ملیۆنێک و هەشت هەزار یان نۆسەد هەزارە، سنووری ناوچەکەشیان نزیکەی «٢٥»هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو کۆسۆڤۆ پارچەیەکە لە خاک و نیشتمان و میللەتی ئەلبان، کاتی خۆی بە زۆریی بەستراوەتەوە بە یۆگسلاڤیاوە، وەکو چۆن کوردستان دابەشکرا، وەختی خۆشی ئەو میللەتەو ئەو خاکە دابەشکراوە، پاش شەڕی جیهانی و ئەنجامەکانی شەڕی جیهانی لەسەر ئەوان جێبەجێ کراوە، بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتە

سەرکەوتووەکانی جەنگ، هەروەها من پێم باشە کە یاداشتنامەیەک دەربکەین سەبارەت بە کێشەی کۆسۆڤۆ، هەروەها پەیوەندی زۆری هەیە لەگەڵ تاقیکردنەوەی کوردستانی ئێمە، داوا دەکەین ئەو کردارە سەربازییانەی ناتۆ بەردەوام بن، تاوەکو ئەنجامی خۆی بەدی دێنێت، پشتگیری لە میللەتی کۆسۆڤۆ دەکەین و هیوادارین کە ڕزگار بکرێت لە دەستی سربیەکان و پەناهەندەکان بگەڕێنەوەو یارمەتی مرۆڤایەتی بەردەوام بێت، هەروەها میللەتی کۆسۆڤۆ مافی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، بەڕاستی لە سیستەمی نوێی جیهان، دەبێت میللەت مافی چارەی خۆنووسینی خۆی دیاری بکات، هەروەها داوای دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ دەکەم، کە تاوانیان دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامداوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک سەفەر، کاک فرەنسۆ با بفەرمووێت.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برادەران زۆریان باسکردو هیچیان نەهێشتەوە، من هەوڵ دەدەم قسەکانی ئەوان دووبارە نەکەمەوە، بەلای شتێکدا بڕۆم هەم باسی کۆڵڕەوەکەی خۆمان و هەم باسی ڕاپەرینەکەی خۆمان بکەم، بۆ ئەوەی نەختێک لەگەڵ ئەوانیشدا بەراوردی بکەین، لە کاتی دەستپێکردنی ڕاپەرین سەرۆکی پارتی کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی بەرەی کوردستانی بوو، هەر چۆن توانی زۆر بە ڕێکوپێکی ئیدارەی ڕاپەرین بکات، دوای ٣/٣١ کە کۆڵڕەوە ملیۆنیەکە دەستی پێکرد، زۆر چاک توانی ئیدارەی کۆڵڕەوەکە بکات و چاودێری بکات و ڕێگە لە خەڵکانێک بگرێت کە مەیدان چۆڵ نەکەن، بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەڵستییەک بکەین، من خۆشبەختانە شەرەفی ئەوەم هەبوو ڕۆژانی ڕاپەرین و ڕۆژانی کۆڵڕەوەکە شەوو ڕۆژ لە خزمەتی سەرۆک بارزانی بووم تەنانەت لە هاتووچۆ لەگەڵ هەمان ئۆتۆمبیل سوار دەبووم کە ئەو لە گەڵی بوو، لەبەر ئەوە زۆر بە وردی و ڕێکوپێکی ئاگام لە هەڵوێستەکانی بوو، دوای دەست پێکردنی کۆڵڕەوە ملیۆنییەکە، زیاتر تەرکیز لەسەر ئەوە دەکەم کە خەڵک لە ناو شارەکان رایان کرد، بێ ئەوەی هیچ خۆراک و هیچ شتێ لەگەڵ خۆیاندا ببەن، ڕێگەی چوونە ئێران بەسترا، ئەوەندە قەرەباڵغ بوو ئەوەندە هاتووچۆی لەسەر بوو ئۆتۆمبیل نەیدەتوانی بە ئازادی هاتووچۆ بکات، سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئەوەی کە هەمیشە خەریکی کۆڕو کۆبونەوەو سیمینار بوو، داوای لە خەڵکی دەکرد، کە بەرگری بکەن، شەڕ بکەن، لە هەمان کاتدا هەوڵی دەدا ڕێگا بکاتەوە خواردن و خۆراک لە ئێران بگاتە ئەو ئاوارانەی کە دەربەدەر بوون و لەسەر ڕێگەی (هەمڵتۆن) کەوتبوون، دوو سێ ڕۆژ بەر لە دەرچوونی بڕیاری(٦٨٨) کە لە ١٩٩١/٤/٥ دەرچوو سەرۆک بارزانی لە ناو کۆبونەوەیەکی زۆر گەورەو فراوان لە دیانەو سۆران ڕایگەیاند؛ کەمن یەکەم کەس دەبم کە دەبابە بەسەر لاشەم بڕوا لەبەر ئەوە هیچ ڕێگەی ترمان نییە، جگە لە ڕێگەی بەرگری، وەکو سەرۆکی بەرەی کوردستانی

بارەگاکانی بەرەی کوردستانی لە سۆران لە دیانە لە رەواندوز لە هەریر لە زۆر جێ کردیە شوێنی ئەوەی کە خەڵک بچێ «تطوع» بکات ناوی خۆی بنووسێ، چەک کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی رێک بخرێت و بەرگری بکرێت، تەنانەت خۆی سەرپەرشتی لەسەر ئەوە کرد، کە بچین بۆ حاجی ئۆمەران بچین رێگە بکەینەوە، زیاتر لە ٥٠ پیکەب و لۆری براکانمان لە ئێران نان و خورماو خواردنیان هێنابوو لە «شیوەرەش» لەسەر سنوور مابوون رێگەیان نەبوو بێنەوە، تەنانەت گوتی: ئەگەر خەڵکیش بڵێ ئەوە خەریکن رادەکەن دەچنە ئێران، ئەبێ بچین چارەیەک بکەین. بەهەر جۆری بوو گەیشتینە «شیوەرەش» خۆی و ئێمەو پاسەوانەکانی ئەو دابەزین لە «شیوەرەش» بە پێ رێگەمان کردەوە، تا نان و خۆراکەکە بگاتە ناو خەڵکەکە بتوانن ئیدارە بکەن، جگە لەوەش سەرۆک بارزانی هەموو شەوێک خۆی بە ئۆتۆمبیلی خۆی دەهات لای کارگەی قیری نزیک (کاوانیان) پاسەوانەکانی هەموو لەوێ بەجێ دەهێشت خۆی و ئۆتۆمبیلێک نەبێت، چونکە سوپای عێراقی لە سەری رەش و لە مەسیف بوون، لایتی ئۆتۆمبیلەکانیان دیار بوون، هەموو پاسەوانەکانی خۆی لەو بەری گردەکان بەجێ دەهێشت بە ئۆتۆمبیلێک دەهاتە دەربەندی کۆرێ دەهاتە حوجران، شەوێ تا بەری بەیان لەگەڵ فەرماندەکانی جبهە دادەنیشت، لەگەڵ پێشمەرگەکان دادەنیشت، پلانی بۆ دادەنان قسەی بۆ دەکردن ورەی بەرز دەکردن ،تەنانەت دوایین رۆژ کە دوا شەڕ بوو تا سەعات ١و٢ ی بەیانی، سەرۆک بارزانی لە ناو پێشمەرگەکان بوو، لە دەربەندی کۆرێ و خەریکی رێنمایی پێدان بوو، ئەو رۆژەی کە شەڕ کرا، کە دوا شەڕ بوو، لێرە من بەشتێکی زۆر رەوای دەزانم، کە یادێک لە دوو شەهیدی قارەمان بکەنەوە، کە دەوری سەرەکیان لەو شەڕەدا دیت ئەویش شەهیدی نەمر د. سەعید ئەحمەد نادرو شەهیدی نەمر حالی دۆڵەمەری بوون، من ناتوانم ناوی هەموویان بێنم، هەموو دەزانن زۆری دەوێت، بەڵام ئەوانە هەر دووکیان شەهید بوون، هەردووکیان قارەمان بوون، هەردووکیان سەرپەرشتی شەڕەکەیان دەکرد، کە بەربەستیان بۆ هێرشی سوپای عێراقی دانا، ئێستا کە سەیری شەڕەکە بکەن، ئەو شەڕەی ئێستا لەوێ ئەمریکا ئینگلتەرا ئەڵمانیا ئیتالیا، کە ئەوا خەریکن بەرگری لە ئەلبانیەکانی کۆسۆڤۆ دەکەن، هەرچەندە ئەبێ مرۆڤ ئەوەش بڵێ کە تەنیا بۆ خاتری چاوی ئەوان نییە، ئێستا وا پێدەچێ بەرژەوەندی ئەلبانیە کۆسۆڤۆیەکان، لەگەڵ بەرژەوەندی پەیمانی ناتۆ یەک بگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەلبانییەکان ئەمە بقۆزنەوە «استغلال» بکەن، من خۆزگە دەخوازم لە کۆسۆڤۆ رابەرێک، سەرکردەیەک، قارەمانێک هەڵکەوێت وەکو سەرۆک بارزانی چۆن ئیدارەی راپەرین و ئیدارەی کۆڵرەوەکەی کرد، چۆن هێزەکانی کوردستانی کۆکردەوە، چۆن وای کرد کە بەر لە هێرشی سوپای عێراق بگرێت، وە وای کرد کە رێگە نەدرێ میللەتەکەمان هەمووی ئاوارەو دەربەدەر بێت، چەکدارەکانی کوردستان، گەنجەکانی کوردستان زۆربەی زۆریان لە کوردستان مابوون، خۆزگە دەخوازم کە قارەمانێک سەرکردەیەک لە کۆسۆڤۆش پەیدا بێت، مەیدان چۆڵ نەکات، چونکە پەیمانی ناتۆ بە تەنیا ناتوانێ هەموو شتێک بۆ کۆسۆڤۆ بکات، ئەبێت خۆشیان هەبن ئەبێ

خۆشیـان بوونی خۆیان بپارێزن، لێرەش داواو تەمەنا دەکەم کە پەیمانی ناتۆ پەلە بکات، لەوەی سنوورێک بۆ ئەو دیکتاتۆرە دابنێ، من گـوتم ئێستـا ناتوانین ئەم شەڕە بە شەڕی (سەلیبی) لە قەڵەم بدەین، چونکە لەو لایە ئەوان بەرگری لە کۆسۆڤۆ دەکەن لەلای تر هەمـوو دیکتـاتۆرەکانی عەرەبی و ئیسلامی ئەگەر قسەش نەکەن، بە دڵ لەگەڵ سربەکانن، ئەگەر قسەش نەکەن تەمەنا دەکەن کە کۆسۆڤـۆ سەرنەکەوێ و مافەکانی بەدەست نەهێنێ یۆگسلافیا لەت و پەت نەبێت، چونکە ئەوانیش لە خـۆیان دەترسێن ، کە وڵاتەکەیان لەتەو پەت کرێت لەوانەیە زۆربەی زۆری برادەران ئێش و ئازاری کۆسۆڤـییـە ئەلبـانیـەکـان دەرک دەکەن، منیش و هەمـوو دانیشتـوانی کوردستان چ کوردو چ ئاشوری چ ئێزدی، هەر هەموو هیچ دەستەڵاتێکمان نییە، ناتوانین هیچیان بۆ بکەین، بەڵام بە ویژدان هاوکاریان لەگەڵ دەکەین، تەمەنای سەرکەوتنیان بۆ دەکەین ئەمەش «اضعف الإیمان»ـە داوا لە پەیمانی ناتۆ دەکەین، پەلە بکەن ناوچەیەکی ئارام بۆ ئەوانیش دروست بکەن، هێزەکانی پیادە داخیل بن، بۆ ئەوەی زۆری پێ نەچێ، چونکە ئەگەر زۆری پێ چوو، ئەو خەڵکەی دەربەدەر بوون، جارێکی دی ناگەڕێنەوە، لەبەر ئەوە ئەبێ هەوڵ بدرێت، ئەوەی دەنگی دەگـاتە پەیمانی ناتۆ پەلە بکەن، نەوەک ئەگـەر بەرژەوەندی خـۆیان جـێبـەجێ بوو، واز لە بەرژەوەندییەکانی کۆسۆڤۆ بهێنن، نەوەک مامەڵە لەسەر مافی کۆسۆڤۆ بکەن، ئەبێ هەوڵ بدەن تا ناوچەیەکی ئارام بۆ کۆسۆڤـیـەکـانیش دەستـەبەر بکەن، رەنگە هیچ کەسـتـان باسی ئەوەتان نەکـردووە، من هەردوو شت بە ئیجابی بۆ کوردو کـوردسـتـان دەزانم، هەرەشـەو لێدانەکـە، هەم ئاوارەبوون و دەربەدەرەکـانیـان، ئاوارەبوونیـان، ئاوارەبوون کـۆڵەوەکەی ئێـمەیان بیر دەخـاتەوە، لەبەر ئەوە هەرچەند سۆزمان لە سەر هەیە، بەڵام زۆر بە خاڵێکی ئیجابی بۆ کوردستـانی دەزانین وە ئەوەی کە د. ناسح باسی کرد رۆژنامەی «بابل» نووسیتی بە بەلاش نەینووسیوە، ئێستا هەموو دنیا کۆڵەوەکەی ئێمەی لە بەر چاوە، هەمـوو شەو کە باسی کۆسۆڤۆ دەکەن باسی کوردەکـانیش دەکەن، باسی کوردستانییەکانیش دەکەن ئەوەی کە ئێستا دەیکەن، ئەمە لە ئەنجامی سیستەمی نۆێی جیهانییە، تا ئێستا دەیانگوت ئەمە شتێکی ناوخۆییەو «تداخل»ی لێ ناکەین ئەوەش بە شتێکی ئیجابی بۆ میللەتانی ژێر دەست دەزانین، ئەوەی من لە ناتۆ و ئەو دەوڵەتانەی دەخوازم، ئەوەیە کە پشتگیری لە کۆسۆڤۆ دەکەن، پشتگیری لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن، نەچنە ژێر باری فرت و فێڵەکانی سلۆبۆدان ملیۆسۆڤیچ، کە جارێک بە ناوی ئەوەی کە هیچی لە کۆسۆڤۆ نەهێشتـووە، تەختی کردووە، میللەتی تیا نەماوە دەڵێ: من شەڕم لەوێ راگرتووە، داوای شەڕ راگرتن دەکـات، چونکە ئەو ئیشی خۆی کـردووە، تەواو بووە هەقە ناتۆ نەچێتە ژێر باریان، یان جارێکی تر بە رێگەی یـۆنان و بە رێگەی نازانم کوێ و کوێ بە ناوی ئەوەی کە سەربازەکـانی ئەمریکی ئازاد دەکات، داوای شەڕ راگرتن دەکات، ئومێد دەکەین ناتۆ و ئەو دەوڵەتانەی، کە تا ئێستا کە نزیکەی (١٥، ١٦) رۆژ دەبێ، کە ئەو کارەیان کردووە، تا کارێکی زۆر چاک بۆ ئەو میللەتە هەژارە کـڵـۆڵە لێقەوماوە نەکەن، واز نەهێنن، با نەچنە ژێر باری ئەو فروفێڵانەوە ئەو پیلانانەی کە سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ دەیکاو زۆر سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ کاک فـرەنسۆ بۆ ئەو موداخەلەو بۆ ئەو هەڵوێستـە، لێرە ئەو بـرادەرانەی کە ناونووس کرابوون تەواو لە کۆتایی ئەم دانیشتنەدا سوپاسی هەمـوو لایەکـتان دەکەین دانیـشـتنێکی پڕ لە زانیـاری و پڕ لـە ئەڤینەو، هەڵوێسـتی ئەندامانی پەرلەمـان و پەرلەمـانی کـوردسـتـان و لە ڕێگەی ئێوەشەوە خەڵکی کوردسـتان دەربارەی ئەو ڕووداوە نیشـان دراو، جێگای ڕێزە ئەوەی ڕەچاو کـرا هەڵوێستی هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە قسەیان کرد ئەوەیە، کە لە یادی هەشتەمین سـاڵیـادی کـۆڵڕەوەکەی کـوردسـتـان، شکۆمـەندی و پایەبەرزی و فـیـداکـاری خـەڵکی کـورسـتـان جـارێکی تریش لە پەرلەمـانی کـوردسـتـان پیـرۆزکـرا، سـوپاس و پێزانینی نوێنەرانی خـەڵکی کوردستـان بۆ پێشمـەرگە قـارەمانەکـانی کـوردسـتـان، جارێکی تریش لێـرە دووپات کـرایەوە، ئەو خۆڕاگرییەو ئەو فیداکاریە بوو کە هێرشی سوپای عێراق بەمەبەستی قڕکردنمان بە مەبەستی پەرت و بڵاوکـردنمان ڕاگیـرا، دیسـان جارێکی تر سوپاس و پێزانینی پەرلەمـانی کوردستـان  لە جیاتی خـەڵکی کـوردسـتـان بۆ هەمـوو ئەو دام و دەزگـا ڕەسـمی و مرۆیی و خـەڵـک و ئەو وڵاتانەی، کـە هاتنە هاوارمـانەوە، بەتایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی جیهـانی و ئەوانەی کە بڕیاری(٦٨٨)یان پێشنیـار کـردو بڕیاریان لەسـەردا و دووپات کـرایەوە. نابێت بڕیاری (٦٨٨) لە بیـر بکەین کـە چۆن لەو ڕێگایەوە، فریامـان کەوتن و بووە بە بناغەیەکی نوێ بۆ سیـستـەمێکی نوێ. چۆن کۆڵڕەوەکـەمان مـێـژوویی بـوو لەم سـەردەمـە بڕیاری(٦٨٨)یش لە ڕاسـتـیـدا هەنگاوێکی تازەو نوێ بوو، وەرچەرخانێک بوو لە سیاسەتی نوێی نێودەوڵەتی کە ناوەڕۆکەکەی ئەمڕۆ بە(عەولەمە) لە قەڵەم دەدرێت، چونکە ئەو بڕیارە بووە مـایەی زۆر شت، کە هەتاکو ئەمڕۆ چی لە کـوردسـتـان و چی لە وڵات و جـێگەکـانی تریش پیـادە دەکرێت، لە یۆگسـلاڤیـا، نەک تەنهـا ئەمڕۆ کۆسـۆڤـۆ سـوودی وەرگـرتووە، لەو هەنگاوەی کـە سـەرەتا لە کـوردسـتـانەوە دەسـتی پێکرد کـۆمـەڵگەی نێـودەوڵەتی بڕیـاری لە سـەرداوە پیـادەی دەکـات، بەڵـکو پێش ئەمـەش لە بۆسنەو هەرسک دەسـتی پێکردو، لەوێش دیسـان جارێکی تر کەللە ڕەقی و تاکڕەوی و کورت بینی دیکتـاتۆری ئەمڕۆی سربیـا وای لێ کـرد کـە زۆر گـۆڕانکاری بکەوێتـە ئەو ناوچەیەوە، وەکـو برادەران ئـامـاژەیان بۆ کـرد، ئەوە لە ئەنجامی ئەو کەللە ڕەقیـەو ئەو نا تێگەیشتنەی گۆڕانکاری نێودەوڵەتی و ڕێزنەگرتن لە نەهجی نێودەوڵەتی، وای کـرد کە زۆر لە نەتەوەو پارچەکـانی یۆگسلاڤیا بە زۆر لکێنراون بەیەکەوە، وا ئەبینن لە مـاوەی چەند سـاڵێکدا یەک لە دوای یەک ئازادی و ڕزگاری خۆیان ئەچەسپێنن، پێش ئێسـتـا وەکـو گـوتمان ئەوە بۆسنە لە کـاتی خۆیا وەکـو ئاگادارن ڕێککەوتن لەسـەر ئەوە کـرابوو کە ٤٩ ٪ی بۆسنەو هەرسک بۆ سربیەکان بێت ٥١ ٪ بۆ بۆسنیەکان بێت، کەچی هەمان کورت بینی و کەللەڕەقی دیکتـاتۆری سربیا وای کـرد کـۆمـەڵگەی نێـو دەوڵەتی بڕیار بدات ٥١ ٪ی بۆ بۆسنەو هەرسک و ٤٩ ٪ی بۆ سربەکان بێت و هێزی ناتۆ بەرگری لە خەڵکی موسڵمانی بۆسنەو هەرسک دەکرد و، گـەیشتن بە مـافی خۆیان و، ئەمڕۆیش بەرگری لە خـەڵکی کۆسـۆڤـۆ دەکـەن کـە زۆربەی

زۆری خەڵکی کۆسۆڤۆ ئیسلامن و بەڕەگەز وەکو گوتمان غەیری ئەو ڕەگەزەی سربییەکانن لە کاتێکا خەڵکی وڵاتانی ئیسلامی کە ئەمڕۆ (٥٥) وڵاتی ئیسلامی لەرێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی خۆیان گرتۆتەوە سەرۆکی کۆنگرەکەش ئێرانە بێ دەنگن و، وڵاتانی تریش هەیە ئەمڕۆ بێدەنگن لەو تاوانانەی کە بەسەر ئەو میللەتەیا دێت و ئەوە وەکو کاک فەرەنسۆ و برادەران ئاماژەیان بۆ کرد نەوەک بێدەنگن بەڵکو زۆربەی زۆریان لە دڵەوە پێیان خۆشە هێزی ناتۆ و هێزی ئەمریکا کە بەرگری لە هاودین و هاو مەزهەبی ئەوان دەکات بشکێن و، پێیان خۆشە ئەو دیکتاتۆرە مل هوڕە سەرکەوێت وە هەندێکیان پەردەی شەرم و حەیاشیان دڕیوە و، بە ئاشکرا پشتگیری لەو دیکتاتۆرە دەکەن بۆ قڕکردنی خەڵکێکی بێگوناهی کە لە خاکی خۆی تەنها داوای ئازادی و رزگاری خۆی دەکات.

ئێمەی کوردیش بەڕێزان کە ئەمڕۆ کۆبووینەوە لەپەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان بە تەئکید بۆ دوو شتی بەیەکەوە گرێ دراو، یەک یادی کۆچ ڕەوێک ئەکەینەوە کە نموونەیە لە مێژووی نوێی نێو دەوڵەتی بۆ ئێمەی کوردیش وەکو یەکێ لە برادەران باسی کرد ڕاوەرگرتنێک بوو خەڵکی کوردستان ووتیان نەء بۆ زوڵم و زۆر و بۆ ئیبادە کردن و بەڵێ بۆ رزگاری، دوو ئێمە کە ئەمڕۆ لەگەڵ خەڵکی دنیا بۆ کۆسۆڤۆ پشتگیری خۆمان و هاوسۆزی خۆمان پیشان دەدەین کە دەردەکەمان یەک دەردە یادی ڕۆژێ دەکەینەوە کە خۆمان تیایدا ژیاوین کە چۆن بەرخودانی خۆمان پشتگیری جیهانی و بڕیاری نێو دەوڵەتی هاتە هاوارمانەوەو ئەو بڕیارەو ئەو هەڵوێستە کە چۆن بناغەیەک بوو بۆ وەلاوەنانی بەڵێنی نێو دەوڵەتی لە مەڕ (تدخل) لە کاروباری وڵاتانی تر.

کە باسی کۆسۆڤۆ دەکەین یادی ڕۆژانی ناخۆشی خۆمان دێتەوە بیر. هەر هەرمان ڕێباز ئەوە فریای کۆسۆڤۆ کەوتەوە، ئێمە خەڵکی کوردستان بە کورد و ئاشووری و تورکمانەوە هەڵوێستمان پشتگیری کردنە لە کۆسۆڤۆ، وەکو ئەوەی ئەڵێن ئەوەی سیاسەت و هەڵوێست ئەبزوێنێت بەرژەوەندییە، جا دەبێت ئێمەی خەڵکی کوردستان لە بەرژەوەندی خۆمانەوە تەماشای کێشەکان بکەین و هەڵیان سەنگێنین و هەڵوێست وەربگرین کۆسۆڤۆییەکان وەکو ئینسان وەکو خەڵکێک لەوێ نەتەوەیەکن تووشی هەمان دەردو هەمان گیروگرفت بوونە کە ئێمەش ساڵەهای ساڵە تووشی بووینە وەکو ڕەگەز خەڵکێکی هیندو ئەورووپین وەکو ئاین زۆربەیان ئیسلامن ئێمەی خەڵکی کورستانیش بەڕەگەز وەکو کورد هیندو ئەورووپین و زۆربەمان موسڵمانین و هەمان کێشەمان هەیە.

بۆیە دەرئەنجامی ئەو هەڵوێستەی ئەمڕۆ لە کۆسۆڤۆ هەیە دوور یان نزیک کارمان لێدەکات.

سوپاسی یەکە بە یەکەتان دەکەین کە ئەو هاوسۆزی و ئەو دڵسۆزیەتان پیشان دا خۆزگە بمانتوانیایە زیاتر لەوەی کە پێمان دەکرێ بیکەین، دڵنیام خەڵکی کوردستان دریغی نەدەکردو، ئەوەی ئێستاکە ئێوەش بڕیارتان لەسەرداو باستان کرد با وەکو بروسکەیەک بێت وەکو هەڵوێستێک بێت ئێمە ئەیخەینە سەر کاغەز و، برادەرانی لیژنەی پەیوەندیەکان ئامادەبن بۆ

ئەوەی ســەردانی UN بکەن ئەمڕۆ ئەگەر بتوانن دوای نیوەڕۆ ئەو هەڵوێستە تەسلیم بکەن بە ئەوان جێگای سوپاس و جێگای ڕێزو جێگای پێزانینە لە سەرۆکایەتیەوەش سوپاستان دەکەین کۆبوونەوەی ئایندە لە ڕۆژی یەک شەممەیە ئینشائەڵلا کاتژمێر( ١٠ )ی سەر لە بەیانی دەکرێ، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەیاننامەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە بۆنەی داهاتنی یادی هەشتەمین ساڵڕۆژی ئەو کۆڕەوە ملیۆنییەی کە لە دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی گەلی کوردستان لە ئاداری ۱۹۹۱دا ڕووی دا، کە هاوکاتە لەگەڵ ڕووداوە مەرگەساتەکەی کۆسۆڤۆ**

لە ڕۆژنانێکدا کە یادی هەشتەمین ساڵڕۆژی ئەو کۆڕەوە چەند ملیۆنییەی گەلی کوردستانی عێراق دەکەینەوە، کە لەدەست هێرشی سەرکوت کردن و لە ۱ناوبردن لە بەهاری ساڵی ۱۹۹۱دا ڕووی دا. لەبەر ئەوەی یادی ناوبراو لە ڕووی لە ناو بردنی ڕەگەزیی میللەت و کەمە نەتەوایەتییە ژێر دەستەکان لەسەر دەستی ڕەمزەکانی دیکتاتۆرییەت لە جیهاندا، بەو بارو ڕووداوە هاوشێوەیە دەچێت کە گەلی کۆسۆڤۆ ئەمڕۆ تووشی بووە کە گەلی کوردستان لەمەوبەر تووشی سەر کوت کردن و پاکتاو کردن و لەناو بردن و سیاسەتی خاکی سووتێنراوبووە.

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (۳)ی خۆیدا لە ڕۆژی ۸/٤/۱۹۹۹دا کۆبووەوە، بۆ یادکردنەوەی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی ۱۹۹۱ی گەلی کوردستان و دەرچوونی بڕیاری ژمارە ۱۸۸ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و وتوویژ کردن لەسەر مەینەتییەی، کە تووشی گەلی کۆسۆڤۆ بووە، لە ئەنجامی بەرگری کردنی لە بوونی خۆی و لە دژی ئەو شاڵاوی لە ۱ناوبردن و نەهێشتنی ڕەگەزیەی کە دیکتاتۆری یۆگۆسلاڤیا سلۆفۆدان میلۆسۆڤیچ لە دژی گرتوویەتیە بەر، بۆیە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بڕیاری دا:

۱ـ مەحکوم کردنی تاوانە دڕندانەکەی کە دەرهەق بە گەلی کۆسۆڤۆ و سیاسەتی لەناوبردنی ڕەگەزیی و خاکی سووتێنراو کە لەلایەن حکومەتی (میلۆسۆڤیچ)ەوە بە کار دێت.

۲ـ وەستان لەگەڵ هەنگاوە سەربازییەکان کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرتوویەتییە بەر کە خۆی لە هەڵوێستی (پەیمانی ناتۆ) دەردەبڕێ لە

پێناوی ناچار کردنی حکومەتی میلۆسۆڤیچ بۆ گرتنی ڕێبازو سیاسەتی وتوویژ کردن بۆ گەیشتن بە چارەسەرییەکی ئاشتییانە لەسەر (دایەلۆگ). بنچینەی ئەو پرنسیپانەی کە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە وتوویژی ڕامبۆیێ گەیشتوونەتێ و دابین کردنی گەڕانەوەو سەلامەتی هاووڵاتییەکانی کۆسۆڤۆ و دووبارە نیشتەجێ کردنیان لەشارو گوندو ماڵ و حاڵی خۆیاندا.

٣- وەرگرتنی هەڵوێستی پێویست و خێرا بۆ گۆڕینی هەرێمی (کۆسۆڤۆ) بۆ هەرێمێکی تەنایی و ئارام بۆ گەلەکەی و دابین کردنی ویست و ئارەزوویان بە ئازادی، لە پێناوی چەسپاندنی پرنسیپەکانی سیستەمی نوێی جیهاندا.

٤- ئەوانەی تاوانی دڕندانەو تاوانی جەنگیان لە دژی گەلی کۆسۆڤۆ ئەنجام داوە بدرێنە دادگای تایبەتی نێودەوڵەتی، تاکو بکرێن بە پەندو عیبرەت بۆ هەرکەسێ گەلان و نەتەوەکان سەرکوت بکات و ڕەگەزەکەیان لە ناو ببات، تاکو ڕاستگۆیی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ڕێز لێنان لە بەڵێن و پەیمانەکانی لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوون.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**١٩٩٩/٤/٨**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)

## یەک شەممە ڕێکەوتی ١١/٤/١٩٩٩

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره(٤)
## یەک شەممە ڕێکەوتی ١١/٤/١٩٩٩

***کاتژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١١/٤/١٩٩٩ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە(چوارەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی ساڵی(١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنرا، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***«بەرنامەی کار»***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(٤)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر(١٠)سەر لە بەیانی، ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ١١/٤/١٩٩٩ بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ.***

***٢ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای جیۆلۆجیەکانی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان،دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە(٤)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەم، ڕێکەوتی ١١/٤/١٩٩٩، بەرنامەی کارمان دوو خاڵە، خاڵی یەکەم گفتوگۆکردنە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ، خاڵی دووەمیش گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای جیولۆجیەکانی کوردستان، لیژنەی یاساو لیژنەی کشتوکاڵ ئەگەر نوێنەریان تەشریف بێننە ئێرە، فەرموو کاک حسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەمە ڕای لیژنەی یاسایە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ

**إلى السيد رئيس المجلس الوطني المحترم**

**م/ رأي لجنة**

أجتمعت اللجنة القانونية بتأريخ ٢٨/١٢/١٩٩٨ وأطلعت على مشروع قانون نقابة المهندسين

الزراعيين المقدم إلى المجلس الوطني الموقر. وبعد دراسته ومناقشته توصلت اللجنة إلى عرض المقترحات المدرجة أدناه وترتأي عرضها على المجلس الموقر لبيان الرأي حولها:

أولاً: إضافة فقرتين إلى المادة الأولى من المشروع وهي (الإقليم، الوزير) وتصبح الفقرة الأولى والثانية.

ثانياً: صياغة المادة الثانية على الشكل الآتي بعد دمج المادتين الثانية والثالثة معها بحيث تصبح مادة واحدة:(تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بإسم نقابة المهندسين الزراعيين ويكون مقرها في مدينة أربيل. ولها أن تفتح فروعاً في مراكز محافظات الإقليم. وتتمتع بالشخصية المعنوية المستقلة.

ثالثاً:

أـ صياغة الفقرة الثانية من المادة الخامسة كالآتي: (غير محكوم بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف).

ب ـ إضافة مايلي إلى( الفقرة الثامنة)من نفس المادة: (حاصلاً على شهادة لاتقل عن البكلوريوس أو مايعادلها في الزراعة أو أحد إختصاصاتها من جامعة أو معهد معترف بها من قبل مجلس التعليم العالي و البحث العلمي.

رابعاً:ـ صياغة الفقرة الثانية من المادة الثامنة كالآتي:ـ

(على الدوائر الرسمية أو شبه الرسمية إرسال صورة من أمر التعيين أو التشغيل الى النقابة اذا كان منتمياً اليها).

خامساً:ـ

أـ صياغة الفقرة أولاً من المادة الثالثة عشرة كالآتي:ـ

تتألف الهيئة العامة من جميع أعضاء النقابة الذين أوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر أعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعاً عاماً إعتيادياً خلال شهر كانون الثاني الماضي كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس و بدعوة من النقيب لإنتخاب النقيب و ثمانية أعضاء و عضوين إحتياط لإشغال عضوية المجلس و أعضاء لجنة الإنضباط ويتم النصاب بحضور أكثرية الأعضاء المسجلين وعند عدم إكتمال النصاب تجرى الإنتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الإجتماع الآول في نفس الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً مهما كان عدد الحاضرين.

ب ـ ترتأي اللجنة الغاء الفقرة الثالثة من نفس المادة.

سادساً:ـ تعديل الفقرة الثانية من المادة السادسة عشرة على الشكل الآتي:ـ

(يرجح الجانب الذي فيه النقيب بدلاً من الرئيس).

سابعاً:ـ

آـ جعل ممارسة المهنة للنقيب عشرة سنوات بدلاً من خمسة عشرة سنة.

ب ـ مدة ممارسة المهنة بالنسبة لنائب النقيب وأعضاء المجلس سبعة سنوات بدلاً من عشرة سنوات.

جـ ـ بالنسبة لممارسة المهنة لرؤساء الفروع خمسة سنوات بدلاً من سبعة سنوات.

ثامناً :ـ إعتبار عضو المجلس أو أحد لجانه مستقيلاً إذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية أو ست جلسات متفرقة بدلاً من خمسة جلسات.

تاسعاً :ـ إلغاء المادة الثالثة والعشرون من المشروع لعدم إنسجامها مع المبادئ الديموقراطية.

عاشراً :ـ جعل عدد أعضاء الشعبة التي تؤسس خارج الإختصاصات المثبتة في أولاً من المادة الخامسة والعشرون (خمسة وعشرون) بدلاً من (خمسين) عضواً. وذلك لتوقع عدم توفر هذا العدد من المهندسين الزراعيين الإختصاصيين للشعبة المراد تأسيسها.

الحادي عشر :ـ دمج الفقرتين أولاً و ثانياً من المادة الثلاثون وصياغتها كالآتي :ـ

( يجوز الطعن في قرارات لجنة الإنضباط لدى محكمة تمييز الإقليم خلال مدة خمسة عشر يوماً من تأريخ التبلغ و يكون قرار المحكمة باتاً).

الثاني عشر :ـ

أ ـ دمج الفقرتين السادسة والسابعة من المادة الخامسة والثلاثون و صياغتها كالآتي :ـ

(المنح المقدمة من الجهات الرسمية و شبه رسمية أو الهبات والتبرعات التي تقدم من جهات أخرى).

ب ـ حذف الفقرة الخامسة من نفس المادة.

الثالث عشر : إلغاء المادة السادسة والثلاثون لعدم وجود نقابة للمهندسين الزراعيين في الإقليم.

الرابع عشر : إضافة المادة التالية وإعتبارها المادة التاسعة والثلاثون للقانون :

(على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون).

الخامس عشر : صياغة المادة التاسعة والثلاثون على الشكل الآتي :

(ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية).

**محمد حسن بالته**

**رئيس اللجنة القانونية**

**الأسباب الموجبة**

نظراً لأهميــة القطاع الزراعي في إقليم كـوردسـتـان ومن أجل إبراز دور نقـابة المهندسين الزراعيين من النواحي الثقافية والعلمية والتطبيقية ولمواجهة مشاكل التنمية الزراعية ومساعدة دوائر القطاع الزراعي وخلق كادر زراعي كفوء للنهوض بالثروة الزراعية في الإقليم وإنطلاقاً من المبادىء الفيدرالية التي أقرها المجلس الوطني لكوردستان العراق وإنتهجتها حكومة الإقليم فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر لیژنەی کشتوکاڵ تێبینیان هەبێ لەسەر ئەمە؟

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

**بۆ/بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

**م/پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ**

لیژنەکەمان ڕۆژی ۱۹۹۸/۱۲/۱٦ بە ئامادەبوونی هەموو ئەندامان کۆبوینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەیاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ ئەم خاڵانەی خوارەوەمان ڕەچاو کرد:

۱- لەبەندی (۹)دا هاتووە کە ئەبێ هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی ئەندازیارێکی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکات بەبێ ئەوەی ڕەچاوی جۆری پرۆژەکە و گەورەو بچوکی بکرێت چونکە هەندێک لەم پرۆژانە کە لەبەندەکەدا هاتون پەیوەندیان بە پرۆژەی پەروەردەی بەخێوکردنی ئاژەڵەوە هەیە وەک(تربیه العجول) کە سەربە پزیشکی ئاژەڵە، ئیتر ئەو پرۆژانەی بچوک وەک پرۆژەی میوەجات بەهەموو جۆرەکانییەوە زۆر پێویستیان بە ئەندازیاری کشتوکاڵی نیە.

ئەو پرۆژانەی کە بەهایان لە(۲٥۰) هەزار دینار زیاتر بێت پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵیان هەبێت، بەڵام ئەو پرۆژانەی کەبەهاکەیان لە (۲٥۰) هەزار دینار کەمترە خاوەن پرۆژە ئەتوانێ سوود لە ئەندازیاری کشتوکاڵ وەربگرێ بەشێوەی سەردان.

۲- دەربارەی بەندی (۱۷) هاتووە کە ئەبێ نەقیب کورد بێ وعێراقی بێت، وا بەپەسەند ئەزانرێت کە لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت (من سكنة اقليم كوردستان ـ العراق).

۳- دەربارەی بەندەکانی (۲٤،۲٥،۲٦)لیژنەکەمان وای بەپەسەند ئەزانێ کە ئەم بەندانە بەبەندێک لەپەیڕەوی ناوخۆ چارەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، برایانی لیژنەی دارایی وئابووری با تێبینییەکانی خۆیان بخوێننەوە؟ فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

لیژنەی ئابووری لە ژمارە (جـ/۲٦) لە ۱۹۹۸/۱۲/۲۲دا ئەم نووسراوەی بە دەستەی سەرۆکایەتی پێشکەش کرد ئەمەش دەقەکەیەتی:

**الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/ مشروع قانون نقابة المهندسين الزراعيين**

تحية واحتراماً

إجتمعت لجنتنا صباح يوم الثلاثاء ١٩٩٨/١٢/٢٢ لدراسة ومناقشة مشروع قانون نقابة المهندسين الزراعيين المحال إلينا بموجب كتابكم المرقم (ك/٣٦) في ١٩٩٨/١٢/٥ و ندرج أدناه توصياتنا حسب الأكثرية:

١- المادة الاولى إضافة تعريف (الإقليم - إقليم كوردستان العراق) و تعريف ( الوزير- وزير الزراعة والري للإقليم).
٢- دمج المادة الثالثة مع المادة الثانية و تصبحان فقرة (١ , ٢).
٣- المادة الرابعة:
آ- حذف عبارة (الريف على مستوى) من الفقرة ثانياً.
ب - إستبدال كلمة (المنطقة) في رابعاً بكلمة (الإقليم).
٤- المادة الخامسة: إعادة صياغة الفقرة (اولاً) وتقرأ كالآتي (غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف).
٥- المادة الثامنة: شطب هذه المادة بفقرتيها ( أولاً وثانياً) حيث هناك خريج المعهد الزراعي الفني و خريجي إعداديات الزراعة المهنية و هناك كثير من أبناء الإقليم يزاولون مهنة الزراعة فكيف نمنعهم و هذا غبن و يؤثر على الإقتصاد الحر في الإقليم!!
كما لايجوز إجبار دوائر و مؤسسات الحكومة بالإلتزام بقرارات النقابات و من الضروري أن يكون أبواب التعيينات مفتوحة أمام أبناء الوطن و الدائرة الحكومية هي التي تقرر التعيينات.
٦- شطب (المادة التاسعة) أيضاً للأسباب الواردة في الفقرة (٥) من توصياتنا أعلاه كما أنه هناك الطبيب البيطري و مهندس الصناعات الغذائية فلايجوز أن نسد الباب أمامهم كما أن (الإدارة) إختصاص آخر.
٧- شطب (المادة العاشرة) حيث إجازة فتح المكاتب الزراعية هي من إختصاص و مهام وزارة الزراعة و الري و ليس من إختصاص النقابة.
٨- تعديل الفقرة (أولاً) من المادة الرابعة عشر وتقرأ كالآتي (تصديق الميزانية السنوية و الحسابات الختامية).
٩- شطب الفقرة (الرابع عشر) من المادة الحادية و العشرون حيث منح إجازة مزاولة المهنة هي من مهام وزارة الزراعة والري وليس من مهام الرقابة.
١٠- شطب الفقرة (ثانياً) من المادة (الحادية و الثلاثون) لنفس السبب أعلاه.
١١- شطب الفقرة (ثانياً) من المادة الثانية و الثلاثون الخاص بالسجن و الغرامة للأسباب المذكورة أعلاه.
١٢- شطب الفقرة (ثالثاً) من المادة الخامسة و الثلاثون حيث أن هذه الرسوم تعود الى وزارة الزراعة والري.
١٣- إضافة عبارة (إعتباراً من تأريخ نشره) في نهاية المادة الأخيرة ( التاسعة و الثلاثون) هذا ولكم الأمر.

*مع التقدير*

**جميل سندي**
**رئيس اللجنة**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی دارایی وئابووری، لەکاتێکدا کە هاتینە سەر ماددەکە باسی ئەو تێبینیانە بکەن، ئێستاش دێینە سەر خودی پڕۆژەکە با لیژنەی یاسا بفەرموون ماددە بەماددە بینخوێننەوە پاشان گفتوگۆی دەکەین،

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٩

قانون نقابة المهندسين الزراعيين لإقليم كوردستان العراق

«التعاريف»

المادة الاولى: يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة ازاءها:

النقابة: نقابة المهندسين الزراعيين لإقليم كوردستان ـ العراق

المجلس: مجلس النقابة

النقيب: نقيب المهندسين الزراعيين

المهندس الزراعي: كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن البكالوريوس في الزراعة او احد اختصاصاتها او ما يعادلها من جامعة او معهد معترف بها من قبل مجلس التعليم العالي في إقليم كوردستان ويزاول المهنة بممارسة احدى الإختصاصات الزراعية المقررة في هذا القانون.

ممارسة المهنة: هي العمل في الإختصاصات الزراعية في إحدى مجالات الدراسات والتخطيط للمشاريع والاعمال الزراعية والصناعية والهندسية ذات الغرض الزراعي وتقديم الإستشارات بصددها والإشراف عليها والعمل في الوظائف الزراعية التي يعرفها مجلس النقابة.

الإقليم: يقصد بالإقليم، إقليم كوردستان العراق.

الوزير: يقصد بالوزير، وزير الزراعة والري.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە یەک، لیژنەی یاسا فەرموو چ تێبینیتان هەیە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبنیمان لەسەر ماددە (١) دوو پێناسەمان زیاد کردووە(الوزیر: یقصد بالوزیر الزراعة، الاقلیم: ویقصد بالاقلیم کوردستان العراق)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، وەزیر بەناوی رەسمیەکەی دەنووسرێت وزیر الزراعە والری، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری

چ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟، ئێوەش لیژنەی دارایی وئابووری تێبینیان هەیە؟ نییە؟ سوپاستان دەکەین، ئەگەر برادەران چ تێبینیان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە ناونووسیان بکەین، تەنها کاک د.رزگار، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێناسەی (المهندس الزراعی) من دەبینم (او احدی اختصاصاتها) زیادە، ئەگەر نەمێنی ئەوا هیچ زەرەری نییە، دووەم (التعليم العالي في الاقليم ويزاول المهنة بممارسة إحدى إختصاصاتها الزراعية المقررة في هذا القانون) لێرە دیاری کردووە، ئەگەر نەمێنی ئەوا هیچ کار لەماددەکە ناکات، لەوانەیە ڕێک وپێک تر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک تێبینی هەیە بۆ برادەرانی خوێندنی بالآ ئەگەر هاوکاریمان بکەن دەڵێ(كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن البكالوريوس في الزراعة او احد اختصاصاتها او ما يعادلها من جامعة او معهد معترف بها) دەکرێت پەیمانگەکان بڕوانامەی بەکالوریوس بدەن یان نا؟ کاک عوسمان، فەرموو.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پەیمانگا دبلۆم دەدات بڕوانامەی بەکالوریوس نادات، بۆیە پێی دەگوترێت پەیمانگا دام ودەزگای (معاهد) هەیە دوو ساڵ تاکو سێ ساڵ دەخوێنن دبلۆم یان دبلۆم اختصاصیان دەدرێتی بەکالوریوس و لیسانس نادرێتە دەرچووی پەیمانگاکان، لەبەر ئەوەی ئەو پەیمانگایە وەکو ئەوان دەیانەوێ بڕوانامەی بەکالوریوسی هەبێ دەبێ دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵ بێت لەگەڵ یەک یەکتر ناگرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عوسمان، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسیح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پەیمانگا ڕاستە ئەگەر لێرە وەکو پەیمانگای تەکنەلۆژی یان پەیمانگای کشتوکاڵی حساب بکەین، ئەمانەی خۆمان جیاوازن، ئەمانە ماوەی خوێندن تیایاندا دوو ساڵە بەکالوریوس نادرێ دبلۆم دەدرێت، دبلۆمەکەش بەرامبەر بە دوو ساڵە، بەڵام پەیمانگا لەدەرەوە هەیە بڕوانامەکەی بەرامبەر بە(بەکالوریوس)ە دەدرێت، بۆ نموونە ئێستا د.سەربەست کە لێرە سەرپەرشتی لەسەر ئیش وکاری پەرلەمان دەکات دکتۆرای هێناوەتەوە لەپەیمانگای تمریازف لەدوای بەکالوریوس دکتۆرای هێناوەتەوە، لەبەر ئەوە هەندێ پەیمانگا هەیە نەک هەر بەکالوریوس دەدات بەڵکو ماجستێرو دوکتۆراش دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی (التباس) نەبێت، لیژنەی یاسا ئەگەر چ تێبینی هەبێ؟ کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پەیمانگا لەدەرەوە هەیە بەکالوریوس دەدەن ودیبلۆمی بالآش دوای بەکالوریوس دەدەن کە لەبەغداش هەیە، واتە پەیمانگای (التخطیط العمرانی) پاش ئەوەی کە بەکالوریوس تەواو دەکەن دبلۆم عالی دوای بکالوریوس دەدەن، یان (معهد العربی للتخطیط) سەر بە زانکۆی دەوڵەتە عەرەبەکانە کە بنکەکەی لە بەغدایە دیبلۆمی بالآ لەدوای بەکالوریوس دەدەن و بڕوانامەی دراساتی بالآش دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ تاکو گرفت نەبێت، شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە لەوە دەچێ کە لەیاسای قانونی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی بەغداوە وەرگیرا بێت، کاتی خۆی ولآتە ئیشتراکیەکان کە پەیمانگایان پێنج ساڵ بوو ئەوان کە دەهاتنەوە بڕوانامەکەیان تەقدیر دەکرا بە بڕوانامەی کۆلیژی کشتوکاڵ، هەر بۆیە کە ئەم بڕوانامەی لە فلآن پسپۆڕییە دیاریان کردووە، ئینجا بەرهەمی ئاژەڵی یان رووەکی لەبەر ئەوە ئەگەر پەیمانگاکە لابدرێ پسپۆڕییەکە زیاد دەبێت، بەلآم ئەگەر پەیمانگاکە بمێنێتەوە پسپۆڕییەکە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرنگ پێناسەکەیە، ئەو ئەندازیارە کشتوکاڵیە ئەبێ بڕوانامەی بەکالوریوسی هەبێ ومعترف بێ لە خوێندنی بالآ لێرە لەکوردستانی عێراق دانی پیاندرا بێ، بۆیە لەوانەیە ئەو جامیعەو پەیمانگایە زیاد بێت، واتە(کل عضو في النقابة حاصل علی شهادة لاتقل عن البکالوریوس في الزراعة أو مایعادلها) کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لام وایە ماددەکە بەرێک وپێکی هاتووە، مادام وتراوە (او مایعادلها) مانای وایە ئەو پەیمانگایەی کە بڕوانامەکەی بەرامبەر بە بەکالۆریۆس بێت، بەرای من رێکوپێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری کاک ئەمین مەولود دەکەم، وابزانم ئەم ماددەیە ڕێک وپێک هاتووە، لێرە پەیمانگا وەکو جەنابی د.ناسح فەرمووی لە پەیمانگای دەرەوەی هەرێم بڕوانامەی پەیمانگای کشتوکاڵی یان (احد اختصاصاتها)، لێرە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هاوتا دەکرێت ئینجا دەبێتە ئەندازیاری کشتوکاڵی ولام وایە ئەو ماددەیە ڕێک وپێکە و هیچ دەستکاری نەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەوە شتێکی خۆماڵییە واقلیمیە هیچ پەیوەندی بە دەرەوە نییە، کەوا ئێمە بچینە درێژەپێدانی پەیمانگای دەرەوە کە چی دەدەن وچی نادەن؟ هەڵگرتنی زانکۆو پەیمانگا وئەوانی تر هەمووی بمێنێ وابزانم پڕ بەپێستێتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ بەڵام پەیوەندی چۆن نییە؟، من خوێندن لە لەندن تەواو بکەم، لە دەرەوە پەیمانگا هەیە بڕوانامەکەی لەسەرەوەی بەکالوریوسە، بەڵام ناوی پەیمانگایە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(من بکالوريوس في الزراعة او احد اختصاصاتها او مايعادلها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(او مايعادلها معترف بها من قبل)، بەهەر حاڵ واتا زانکۆو پەیمانگا ئەگەر بگۆڕێت ئەوا هیچ ناگۆڕێت، منیش وای بۆ دەچم تەنها بڕوانامەکەیە، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لەسەرەتاوە دەڵێ (لاتقل عن البكالوريوس) واتا پێش وەخت بابەتەکەی کۆتایی پێ هێناوە، هەر بڕوانامەیەک بێنی ئەگەر لێرە هاوتا نەکرا بە بەکالوریوس ئەو سیفەتەی، مەسەلەکە روونە پێویست بەدەستکاری ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پەیمانگایەی لەکوردستان هەیە سێ ساڵە، ئەوە بەکالوریوس نادات، ئەو پەیمانگایانەی کە باس کران لەدەرەوەی وڵاتن، ئینجا ئەگەر بنوسرێ (او معهد في خارج الإقليم) لەوانەیە ئەو نادیارییە نامێنێ، ئەگینا ئەو پەیمانگایانەی کە لەدەرەوەی هەرێمن خوێندنیان لەسێ ساڵ زیاترە، پەیمانگاکانی هەرێم هەر دوو ساڵ سێ ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی روونە ئاڵۆزی مەکەن، ئەڵێ(معترف بها ) یانی چی؟ یانی لەناوەوە و لەدەرەوە جیاوازی نییە، یانی پەیمانگامان هەیە لێرە ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵا دانی پیانەنێ کە بەکالوریوسی هەیە بڕوانامەکەی بەکالوریوس نییە، لەدەرەوەش هەمان شێوەیە، هیچ لەشێوازەکەی ناگۆڕێت هەبێ یان نەبێ گرفت پەیدا ناکا، بەهەر حاڵ ئەگەر هیچ تێبینی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟ کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر تۆزێک لەدوای ئەوەی (اقلیم کوردستان) ویزاول المهنە، ئێمە لێرە زۆر کەس بێ بەش دەکەین، بەڵکو هەیە پارێزەرە کەچی پارێزەری ناکات بەڵام دەچێتە سەندیکای پارێزەران لێرە بێ بەشی دەکەین لە سەندیکا، لەوانەیە لە پاشەڕۆژ ئیشی پێ بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر کاتێک هات وویستی ئیشی خۆی بکات ، هەویەکەی ئەوە جێگیر دەکات کە پیشەکەی خۆی دەکات، ئەگەر لەپیشەکەی خۆی کار نەکات بۆچی ببێت بە ئەندامی نەقابە؟، من چوار ساڵ لە کۆلیژی کشتوکاڵ بخوێنم و ئیتر نەیەم ئیشەکەش بکەم، ئێوە لانی کولفەی کۆمەڵایەتی حساب بکەن، زانکۆ بۆ ئەوەیە کادیر دروست بکات،ئەگەر هەر کەسێک دەربچێت و بچێتەوە ماڵی خۆی، باشە کەی پیشەکەی خۆی بەڕێوە ببات؟، ئەگەر هیچ پێشنیارێک نییە دەقەکە دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک محەمەد،

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی یاسا کە دوو پێناسەمان زیاد کرد (الإقلیم: یقصد بە إقلیم کوردستان العراق).

(الوزیر: وزیر الزراعة والري). دوای ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایە کە ئەوە زیاد بکرێت لە نێوان پێناسەکاندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە زیادەیەک بکرێت (الإقلیم: إقلیم کوردستان العراق) کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟، سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس. پێشنیاری دووەم، پێناسەی وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری واتا بە پێناسەی ڕەسمی کە لە یاسای ژمارە (٣) هاتووە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس. هەموو ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە. ئەو ماددەیە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس. کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الفصل الاول

التأسیس والاهداف

التأسیس:

المادة الثانیة:

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة للمهندسین الزراعیین تسمی نقابة المهندسین الزراعیین لاقلیم کوردستان العراق مقرها اربیل عاصمة الاقلیم ولها ان تفتح فروعا في مراکز محافظات الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی دووەم کەی تێبینی لەسەر هەیە، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕامان وایە ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی دوای ئەو کە ماددە «٣»یە یەک بخرێن و بکرێت بەیەک ماددەو دەقەکەشی وای لێبێت: صیاغة المادة الثانیة بعد دمج المادتین الثانیة والثالثة معا بحیث تقراء المادة کالاتي «تؤسس بموجب هذا القانون نقابة للمهندسین الزراعیین» لێرە تێبینی سکرتێری پەرلەمان هاتووە «تتمتع بشخصیة معنویة وتکون مقرها في مدینة اربیل عاصمة الاقلیم ولها ان تفتح فروعا في مراکز محافظات الاقلیم» جا «تتمتع بشخصیه معنویه» ئەوە لادەبرێ و لەو حاڵەتەدا ماددەی سێیەم نامێنێت و، دەبێتە یەک ماددە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەو تێبینییە یەک لا بکەینەوە، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەم لا پەسەندە بەڵام، بکرێ بە سێ برگە، برگەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ، چونکە ئێمە بۆ سەندیکاکانی تر لیژنەی ئامادەکردنمان داناوە، برگەکەش بەم شێوەیە بێت «تؤسس لجنة

تحضيرية بناء على طلب يقدمها ما لايقل (١٥) مهندسا زراعيا الى رئيس مجلس الوزراء ويدير اعمال النقابة بموجب هذا القانون لحين اجراء انتخاباتها» وەكو سەندیكاكانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك شێخ جەعفەر گوتی لە ماددەی تری پڕۆژەكە دا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام پێویست ناكات. پێشنیارێك هەیە، ماددە«٢» و ماددە«٣» یەك بخرێ و بكرێ بەیەك ماددە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو دوو ماددەیە یەك بخرێ؟ سوپاستان دەكەین، كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكرایی دەنگ پەسند كرا، صیاغەی ماددەكە بەم شێوەی لێ دێ كە ئێستا لیژنەی یاسا دەی خوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تؤسس نقابة باسم نقابة المهندسيين الزراعيين وتتمتع بشخصية معنوية، ويكون مقرها في مدينة اربيل(عاصمة الاقليم) ولها ان تفتح فروعاً لها في محافظات الإقليم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددەكە بەم شێوەیەی لێ هات، كێ تێبینی لە سەر ماددەی(٢) هەیە، كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ناولێنانەكە(تسمية)(تسمى نقابة المهندسيين الزراعيين) بەس نییە، دەبێ (لإقليم كوردستان العراق) یشی لەگەڵدا بێت، چونكە ئەوە ناولێنانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەكەم وابزانم ئەو پێشنیارەی منی تێدا نییە، حەز دەكەم كاك شێروان بۆ ئەوەی بە سەر ماددەكە تێنەپەرین پێیدا بچێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەبوو وەكو هەموو جار ئەوە چاك بكرابایە و چاپ بكرابایەوە و دابڕێژرابا بەڵام بەداخەوە نەكراوە، لە یاساكانی تر لە ماددە(٢)دا هاتووە، مادام وایە ئەم پێشنیارەی كرا دەكرێ بە برگە(١)و

برگەی(٢) دووەمیش دەبێتە ئەو پێشنیارەی کاک شێخ جەعفەر، واتا مادده(٢) دەبێ بە(٢) برگە، برگە(١) (تؤسس نقابە) برگە(٢) ئەوەی کە کاک شێخ جەعفەر پێشنیاری کرد کاک شێخ جەعفەر بیخوێنەوە.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تؤسس لجنة تحضرية بناءاً علي طلب يقدمه ما لا يقل عن(١٥) مهندساً زراعياً إلى رئيس مجلس الوزراء ويدير اعمال النقابة بموجب هذا القانون لحين اجراء انتخاباتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی برگە(٢) ماددەکەیە، کێ تێبینی لەسەر هەیە؟ کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید سەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو برگەیەدا کە پێشنیاری کردووە دەبێ پێشکەش بە ئەنجوومەنی وەزیران بکرێ، خۆی لە راستیدا دەبێ پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاساکانی تردا وا هاتووە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە یاسای کۆمەڵەکاندا هاتووە.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:د. رزگار فەرموو

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەبوو دەبێ پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکرێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام دەبێ لە یاساکەدا بێت، ئەوە ئەوان داوایان کردووە بەڵام بە شێوەیەکی یاسایی داوا بکەن لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ئەو شتە بکرێ، ئەبێ یاسا بواریان پێبدات وەکو گوتمان مادده(٢) دەبێ بە(٢) برگە. مادده(٢) دەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر تێبینی نییە؟. کێ لەگەڵ مادده(٢)دایە کە وەکو پێشنیار کرا؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە؟ بەتێکرایی دەنگ پەسند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی چوارەم دەبێتە ماددەی سێیەم

المادة الثالثة: تهدف النقابة الي تحقيق مايلي :ـ

اولاً_ الإرتقاء بالمهنة والمحافظة عليها و رفع المستوى المهني والثقافي والتقني لأعضائها.
ثانياً _ تهيئة الاعضاء وتنظيم جهودهم فى خدمةالتنمية الزراعية فى الريف على مستوى الاقليم.
ثالثاً _ العمل على تقوية روح الزمالة والتعاون بين الأعضاء والدفاع عن حقوقهم و رعاية مصالحهم و تقديم الخدمات الاقتصادية و الاجتماعية لهم.
رابعاً _ التعاون مع كافة منظمات الزراعية فى المنطقة وتوثيق الروابط مع الهئيات الزراعية و الإقليمة المعالجة بما يؤمن ارتقاء بالزراعة وتطويرها فى إقليم كوردستان.
خامساً _ التعاون مع دوائر القطاع الزراعي بتنميته و تطويره و تنفيذ برنامج والخطط الزراعية مقرره.
سادساً _ تنظيم قواعد مزاولة المهنة و مراقبة تطبيقها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ماددەی سێیەمە، کێ تێبینی هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی لە نووسراوی خۆیاندا نووسیوویانە لە برگەی(٢) دا (الريف على المستوى) لا ببرێ(خدمهالتنميه الزراعيه فى الاقليم)، زۆر لە جێگای خۆیدایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فى خدمه التنميه الزراعيه فى الاقليم، سوپاس کاک د. رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک لە تێبینیەکانی من ئەوەیە کە وشەی(الريف) لا ببرێ دووەم، ثالثا: العمل على تنميه) وشەی تنميه بگوترێ (تقويه روح الزماله) ئەوە دووەم سێیەم.
رابعا: (التعاون مع كافه) ئەو برگەیە زیاد بکرێ (الدوائر المؤسسات والنقابات) تەواو بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەکام برگە دا.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رابعا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لا ببرێ.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر تەواو بکرێ لە ماددەکە دا (التعاون مع كافة الدوائر و المؤسسات و النقابات والمنظمات الزراعية في المنطقة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

إضافه الدوائر

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەک الدوائر، الدوائر والمؤسسات والنقابات، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر دەربارەی وشەی (منطقه) کە لە رابعا هاتووە (التعاون مع كافة المنظمات زراعية في المنطقة)،تێبینیم هەیە (في المنطقة) ببێتە فی اقلیم، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستاش هەندێ لە کار بەدەستانی ئێمە هەن لەئیش کردندا عقلیەتیان قەبوڵ ناکات بنووسن هەرێم، ئەو مشروعە خەڵکێک نووسیویەتی ئەو سێ پێشنیارە ئەگەر لیژنەی یاسا تێبینی کات بابیخەینە دەنگدانەوە یەک بە یەک لە جیاتی فی الريف هەڵبگرێت تەنها بنووسرێت (في الاقليم). کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسند کرا. پێشنیاری دووەم لە جیاتی العمل بکرێت بە تقویە لە ثالثا، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکرای دەنگ پەسند کرا. لە جیاتی منطقه لە رابعا لە پاش کافه الدوائر و المؤسسات والنقابات والمنظمات الزراعیه الى اخره، ایضافەی الدوائر والمؤسسات والنقابات بکرێت، خۆی لەراستیدا رابعا و خامسا یەک ناوەڕۆکن ئەگەردابڕێژرێت و، بکرێت بە یەک وە ئەوانەی دکتۆر رزگار زیاد بکرێت ، واتە کێ لەگەڵ ئەوەیە رابعا و خامسا یەک بخرێت، بکرێت بە یەک برگە؟ سوپاستان دەکەین،کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس بە تێکرایی دەنگ پەسند کرا.

دوای ئەوە هەر دوو برگەکە سودی لێوەر بگیرێت بە حەقیقەت لە کاتی دارشتنیان ایضافەی الدوائر و المؤسسات زیاد بکرێت بۆ ئەوەی بکرێت بە یەک برگە ناوەڕۆکی هەردوو برگەکە چونکە لێرەدا هاتووە دەڵێ منظمات و نقابە لەوێش هاتووە منظمات و نقابات هەردووکی تعاونە (التعاون مع كافه) (التعاون مع الدوائر) هیچ گرفت نابێت ئەگەر بابەتەکە بکرێت بە یەک

رستە هەمووی تەواو ئەبێت، ئەوە لیژنەی دارشتن دوایی رێکی دەخەن، روونە هەردووکی تعاونە (مع الدوائر والمنظمات) ئەوی تر(الارتقاء بزراعة وتطويرها)ئەویش ئەڵێ (تنفيذ برامج وخطط) هەردووکیش یەک مانایە ئەوە تەواو. گفتوگۆکردن لەسەر ئەم برگەیە تەواو.
سادسا ئەمێنێتەوە کە ئەبێ بەخامساً چ تێبینی یەک لەسەری هەیە ؟نییە ، وەکو ماددە ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان، دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس بەتێکرای دەنگ پەسند کرا.
رابعا و خامسا ئەبێ بەرابعاو دارشتنی ناوەرۆکی هەردوو ماددەکە ئەگرێتەوە پاش ئەوەی ئەو شتانەی کە زیادن لە دارشتن لادەبرێت، کاک عەبدولخالق تێبینی هەیە دوایی لەگەڵ لیژنەی دارشتن هەماهەنگی بکەن، سوپاس.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الفصل الثاني
الانتماء والعضويه
المادة الربعة:
يشترط في العضو ان يكون:
اولاً: عراقياً ومقيماًفي كوردستان العراق.
ثانياً: غير محكوم بجنحة او جناية مخلة بالشرف.
ثالثاً: حاصلاً على شهادة لاتقل عن البكالوريوس او مايعادلها في الزراعة.
تەنها یەک تێبینیمان لەسەر هەیە، ئەم ماددەیە لێرە دەڵێین «صياغة الفقرة الثانية من المادة الخامسة كالاتي» (غير محكوم بجناية سياسية أو جنحة مخلة بالشرف).

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(اولاً)یش لەراستیدا ئێمە راستە عێراقین بەڵام هاوولاتی کوردستانین و ئەمە پەیوەندی بە سەندیکای کوردستانەوە هەیە، بۆیە ئەو (عیراقیا) بیکەن بە (من مواطني كوردستان ومقيما فيها) ئەو «عراقيا» هەڵبگیرێت چونکە ئەوە یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی کوردستانەو هاولاتی کوردستانین و لەکوردستان نیشتەجێنە وبێگومان لەهەمان کاتیشدا عێراقیشین، جا ئەو ماددەیە ئەگەر لەیاساکەی تر بەو شێوەیە بێت کە دامان رشتووە «ويكون من مواطني كوردستان و مقيما فيها»، یان پێشنیارێکی تر لەسەر ئەو ماددەیە زیاد دەکرێت، فەرموو.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ «غير محكوم عليه بجناية سياسية أو جنحة مخلة بالشرف»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەبێتە .«ثانیا» و دەقەکەی بەو شێوەیە دەبێت، جا ئێستا بایەک یەک بێینە سەر بڕگەکان، یەکەم دەبێتە «أن یکون من مواطني کوردستان و مقیما فیها»، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟، سوپاس بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاس، پێشنیاری دووەم دەڵێت «غیر محکوم علیه بجنایة سیاسیة أو جنحة مخلة بالشرف»، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟، سوپاس بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، «ثالثا» وەکو خۆی دەمێنێتەوە چ تێبینییەک هەیە لەسەر «ثالثا»؟، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەی سێیەم کە لێرەدا هاتووە، لە پێناسەی ئەندازیاری کشتوکاڵی هاتووە، پێم وایە ئەمە زیادەو دووبارەیە، چونکە لە سەرەتادا لە پێناسەکان دا هاتووە ئەندازیاری کشتوکاڵی کامەیە؟ ئەوەی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە، ئەوەی تر پێم وایە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕاستە بڕگەی سێ زیادە چونکە لە پێناسەکاندا هاتووە، نابێ ئەندامی سەندیکا ئەگەر بەکالۆریۆسی کەمتر هەبێ لە مەسەلەی کشتوکاڵ نای گرێتەوە بۆیە زیادە لێرە دووبارە بۆتەوە بۆیە ئەگەر چ تێبینییەک لەسەری نییە لای دەبەین کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی کاک فرەنسۆ زۆر ڕاستە ،بەڵام یەکێکە لەمەرجەکانی ئەندامێتی، ئەو دووبارە بوونەوە گرنگی خۆی هەیە، ئەوە لەپێش دا بۆ ئەندازیاری کشتوکاڵی هاتووە بۆ ئەوەی ئینتیما بکات، مەرجی ئینتیمایە، واتە ئەبێ بەکالۆریۆسی هەبێ و، ئەم دووبارە بوونەوەش ڕاستەو گرنگی خۆی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق ئەگەر من ئەندازیاری کشتوکاڵی نەبم نابێ ببم بە ئەندامی سەندیکا واتە سەرەتا سەندیکا من وەرناگرێ ئەگەر من بەلانی کەم لە کشتوکاڵدا بەکالۆریۆسم نەبێت، وەرم ناگرێت و ناسنامەم پێ نادات کە ناسنامەیشم پێ نەداتْ مانای وایە ئەندام نیم، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە سەبارەت بە ئەندام دەبێ بەلانی کەم بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، لە ماددەیەکی تر دا هاتووە، بەلام لەبەر ئەوەی ناونیشانەکە مەرجی ئەندامێتییە بۆیە دەبی کۆی هەموو مەرجەکان

بکرێت لەژێر ئەم ناونیشانە، تاوەکو ئەگەر هاتوو لە ماددەکانی تریشدا دووبارە کرابێتەوە، چونکە پێویستە ئەم ناونیشانە پێداویستییەکانی خۆی دابین بکات، هەر مەرجیکیش لە ماددەیەکی تر هاتبێت پێویستە لەژێر ئەو ناونیشانە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پاش ئەو دوو دەنگدانەی کە کردمان لەسەر ئەو گۆڕانکارییە وەکو ماددە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ماددە چوار کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، جا یاساییەکان بە ئارەزووی خۆیان دایدەڕێژن، فەرموو ماددە پێنج بخوێنەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

اولا: يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب أو رئيس الفرع أو ممثل النقابة في المحافظة عند عدم وجود فرع فيها مرفقا بالوثائق اللازمة.

ثانيا: يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال خمسة عشر يوما من تاريخ تسجيلة في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر ذلك مقبولا.

ثالثا: للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب أن يطعن فيه لدى محكمة تمييز اقليم كوردستان العراق خلال ثلاثين يوما من تاريخ التبلغ به و يكون قرار المحكمه باتا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٥) لیژنەکانی چ تێبینییان لەسەری هەیە؟.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا نییەتی؟ ئابووریش نییەتی؟ کشتوکاڵیش نییانە؟، کاک د.ڕزگار فەرموو

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە ثانیا «او خلال خمسه عشر یوما» توحید بکرێت ئەو کاتە لەگەڵ دادگای تەمیز ببێتە مانگێک زێتر بواری پێ بدرێت بۆ دیراسات من پێشنیار دەکەم ئەگەر ڕازی بوون باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاسا تۆزێکمان بۆ شی بکەنەوە بۆ (١٥) یوما داندراوە؟ ئەمە هەر وا دانەنراوە، دەڵێ (١٥یوما) بکرێ بە مانگێک، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (١٥) ڕۆژە ناگەڕێتەوە بۆ یاسا (١٥) ڕۆژ بێت یان مانگێک بێت ئەوە سەندیکا بەم شیوەیە هەڵیبژاردووە، کە پانزە ڕۆژ بێت بۆ ئەوەی پەلە بکرێت لە/داواکارییەکەی و زووتر تەواو بێت و پشت گوێ نەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ئەمە ئەولەویەتە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، واتە ئەمە پەیوەندیی نییە بە یاساوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بەرژەوەندی ئەندامە؟، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ ئەو پانزە ڕۆژە لە بەرژەوەندی ئەندامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئەو پانزە ڕۆژە با بمێنێتەوە نایگۆڕین، کاک شێروان ئەڵێ لە یاساکانی تردا کردوومانە بە مانگێک، ئەیکەین بەمانگێک گرفت نییە، بۆ هونەرمەندان کردوومانە بە مانگێک باشە با ئەویش ببێ بە مانگێک ئەگەر لاریتان نییە ئەوە خۆی لە بەرژەوەندی ئەندام دایە،لە ڕاستیدا ئەوەندەیە لەبەر ئەوەی لە یاساکانی تر مانگێکە ئەمەش ئەکەین بە مانگێک بۆ ئەوەی جۆرە پێک چونێک هەبێت لەگەڵ بابەتەکانی تردا، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕیز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێم وایە زۆرە، چونکە لەوانەیە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی کارێکی بۆ خۆی پەیدا کردبێ، داوایان لێ کرد بێ برۆ وەرەقەی ئینتیمای سەندیکامان بۆ بێنە، ئەو پەلە بکات کە شەرەفی ئەندامییەتی لە سەندیکا وەربگرێت و قبوڵ بکرێ و بچێ ئیشەکە وەربگرێت لەوانەیە ئەگەر مانگێ دوای بخەن کارەکەی لەدەست دەڕوات لەبەر ئەوە ماوەکە چەند کەم بیت لە قازانجی ئەندازیاری کشتوکاڵیدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرسەت دەڵێت پشتگیری دەکەم بۆ ئەوەی لە دڵیدا نەمێنێ کاک د.ڕزگار پێشنیارەکە لەگەڵ ئەوەیە کە پانزە ڕۆژەکە بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی کاک فرەنسۆ پێناسەیەکی کرد، فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئیستا من پێشنیارەکەم ئەکێشمەوە، سوپاس.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر تێبینی تر لەسەر ئەم بڕگانە نەبێت، نییە؟ کێ لەگەڵ مادده (٥)ە وەکو هاتووە؟، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
المادة السادسة:
أولاً: يكون بدل الانتماء الى النقابة ثلاثين دينارا.
ثانيا: يكون بدل الاشتراك السنوي عشرين دينارا ويدفع في موعد لا يتجاوز شهر شباط من كل سنة واذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم ٥٠٪ من بدل الاشتراك واذا تاخر عن الدفع لسنتين متتاليتين فيشطب اسمه في سجل الاعضاء.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
مادده(٦) چ تێبینەکێ لەسەری هەیە؟ لیژنەکان نیانە؟، تەنها کاک عبدالخالق و شێخ جەعفەر، کاک عبدالخالق فەرموو.
**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بۆ بەرگریکردن لە مافی ئەندازیار، زۆر جار لەوانەیە کابرا نەخۆش بێت یان لە بەندیخانەبێ بۆ ئەوەی مافی نەسووتێ بەرای من ئەبێ(عذر غير مشروع) بێت واتە ئەو مەسەلەیە پاڵ نەنێ دوو ساڵ فت(شطب) بکرێت لەتۆمار(سجل)دا واتە ئەوە مافێکی زۆر گەورەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵام ئەندازیاری کشتوکاڵ حەپس ناکەین.
**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
وەڵا زۆر جار بە هۆی کاری سیاسییەوە بەند دەکرێت.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵام بەهۆی کاری سیاسییەوە ناکرێت ئەگەر تاوان بێت ئەوە یاسا خۆی کاری خۆی دەکات.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید رەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم ئەوەیە کە (اذا تأخر عن دفع سنتین متتالتیین دون عذر مشروع)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(دون عذر مشروع ) باشە کاک شێخ جەعفەر فەرموو

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان پێشنیاری کاک عەبدولخالقم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا ئێوە هەردووکتان کۆکن لە سەر پێشنیارێک کە دوای (متالییتین) (عذر مشروع) زیاد بکرێ مامۆستا ملا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاتی خۆی ئێمە لە لیژنەی یاسا زۆر موتالاو پێدا چوونەوەمان کردووە، هەندێ شتمان لە بیر چۆتەوە، کاتی خۆی ئەم مادده(٧)ە (یکون)ەکەیان لابرد(ثلاث و عشرون)یان خوێندەوە ئەو کاتەی کە بۆ غرامەکە دیاری کرا (لسنة واحدة) بوو، ئەوەی متتالیین راستە دوو ساڵ بوو، راپۆرتەکەشمان تیایەتی، وادانندرا( بدل الاشتراك السنوي عشرون دینارا و إذا تأخر عضو عن الدفع في الموعد المحدد لسنة واحدة فیغرم ٥٠٪ من بدل الاشتراك واذا تأخر لسنتین یشطب اسمة في سجل الاعضاء کاتی خۆی زۆر دراسە کراوە، لەوانەیە ئێستا ئەمە شتێکی کتوپڕ بێ، هەندێ لە راپۆرتەکەم لە بیر نەماوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوە یەکەم جارە ئەم یاسایە گفتوگۆ دەکەین، لەوانەیە لە یاسایەکی تردا هاتبێ

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازە بفەرموون کاتی خۆی ئامادە کرا بوو کە گفتوگۆ بکرێ کەویستمان دانیشتن بکەین ئەوە بوو دانیشتن نەکرا، ئەمڕۆ کە هاتوون بۆ گفتوگۆ کردنی وەکو بڵێی شتێکی لە ناکاوە بێ زانیاری بووە، لە لیژنەش برادەران ئاگاداری نەبوون لە خولی یەکەم کە ئەو ڕۆژەی پێویست بوو گفتوگۆ بکرێ ئەوە بوو نەکرا، لەو کاتەوە هەڵگیراوە، برادەران لەگەڵ ڕێزم بۆیان لە ماددەکانی تر هەندێ پێشنیاری خۆشیان هەبوو لە بیریان چۆتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە ماددەکە بخوێنینەوە (یکون بدل الاشتراک السنوی) لێرە (بدل الاشتراک السنوی )و (یدفع فی موعد لایتجاوز شهر شباط من کل سنه واذا تأخر عن الدفع فی الموعد المحدد) لێرە ظمنا هاتووە لە کاتی دیاری کراودا لە پێشەوەی الاشتراک السنوی مانای ئەوەیە پاش ساڵێک دەبێت ئەم ئیشتراکە بدات ئنجا دەڵێت (واذا تأخر سنتین واتا ماددەکە لەنگی تیا نییە ئەوە بدل الاشتراک السنوی و یدفع فی شهر شباط واذا تأخر لم یدفع فی شهر شباط فیغرم ٥٠ ٪ ، کەواتە ئێمە لێرە نابێت بڵێین لسنه واحده خۆی ضمنا سنه واحدەیە یەعنی عبارەتی پێشەوە سنە واحدە یە بەڵام ئەگەر بوو بە ٢ ساڵ ئەوە دوو ئەوەندە(مضاعف) دەبێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم مامۆستا ئیلتباسێکی لایە وەکو ووتم جارێ ئەم پرۆژەیە یەکەم جارە ئێمە باسی دەکەین(٢) ، لیژنەی یاسا لە مانگی(١٢) راپۆرتی خۆی خستۆتە روو راپۆرتەکەشی باسی ئەم برگەیە ناکات وەکو مامۆستا ئەڵێت وە لیژنەی دارایی و لیژنەی کشتوکاڵیش هەمووی لە مانگی(١٢)وە راپۆرتەکانیان لامانە هیچیان باسی ئەم برگەیە ناکەن، بۆ یەکەم جارە ئەخوێندرێتەوە بۆیە ووتم لەوانەیە ئیلتباسێک لەگەڵ مادەکانی تردا لەلایەن مامۆستاوە هەبێ.

ئەگەر هیچ تێبینی نییە لەلایەن لیژنی یاساوە، پێشنیارێک کراوە لەلایەن کاک عەبدولخالق و لەلایەن کاک شێخ جەعفەرەوە داوا دەکەن دوای وشەی «متتالیتین» بنووسرێت «دون عذر مشروع» ، بۆیە ئەگەر چ تێبینیەک نییە ئەوا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاس، وەکو ماددە ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السابعة:

أولا: لایجوز مزاولةالمهنة لغیر أعضاء النقابة الذین اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون.

ثانیا: لایجوز للدوائر الرسمیة أو شبة الرسمیة أو أیة جهة فی القطاع الحكومي أو المختلط تعیین أو تشغیل أي مهندس زراعي لدیها مالم یكن منتمیا الي النقابة وموفیا بالتزاماته العالیة تجاهها وعلى هذه الجهات ارسال صوره من أمر التعیین أو التشغیل في النقابة واشعارها بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیی هەیە لەسەر مادده حەوت؟ لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

له رابعاً :- صياغة الفقرة الثانية من المادة الثامنة كالآتي :-
(على الدوائر الرسمية أو شبه الرسمية إرسال صورة من أمر التعيين أو التشغيل الى النقابة اذا كان منتمياً اليها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیستا ئیمه له مادده حەوتین و پێشنیارمان کرد که لاببرێت لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

١- شطب هذه المادة بفقرتيها أولا وثانيا حيث هناك خريج المعهد الزراعي الفني وخريج الاعداديات الزراعة المهنية في الاقليم وهناك كثير من أبناء الاقليم يزاولون مهنة الزراعة فكيف نمنعهم بهذه المادة وهذا غبن ويؤثر على الاقتصاد الحر في الاقليم، كما لايجوز دوائر ومؤسسات الحكومة بالالتزام بقرارات النقابات ومن الضروري ان يكون باب التعينات مفتوح امام أبناء الوطن والدوائر الحكومية هي التي تقرر هذه التعينات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە «ثانيا» فەرمانگەی رەسمی و نیمچە رەسمییەکان بۆچی ببەستینەوە بەوەی کەی سەندیکا ڕەزامەندی بکات ئەوجا ئەوان تەعین بکەن؟ با ئەوان خۆیان سەربەست بن و مەرج نییە ڕەزامەندی ئەوان وەربگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی که لەماددەکەدا هاتووە شتێکی زۆر سروشتییە و وەکوبرادەران باسیان لێوە کرد، لەوانەیە وا نەبێ و لەلایەکی تر «مزاولە المهنە» ئەمە سەبارەت بە ئەندازیاری کشتوکاڵە و هەر ئەندازیارێکی کشتوکاڵ بیەوێ کاری ئەندازیاری کشتوکاڵ بکات ئەبێ ئەندامێتی لە سەندیکا

هەبێت، دووەم بۆ دامەزراندن هەر کەسێک بیەوێ دامەزرێ ئەبێ ئەندامێتی لە سەندیکادا هەبێت، جا ناسنامەکەی یان کاغەزێک لە سەندیکاوە دەبات بۆ ئەو وەزارەتەی کەدەیەوێ لێی دامەزرێ، ئەمەش مافی سەندیکایەو ئەگەر واش نەبێ ئەوا کەس نایەتە ناو سەندیکا و بۆ تێبینییەکەی برادەرانی لیژنەی دارایش کە دەفەرموون ئەوە رێ دەگرێ لە دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگا، نەخێر ئەمە رێگا ناگرێت لە دەرچووانی ئامادەیی وپەیمانگا، دەرچووی ئامادەیی و پەیمانگا شوێنی خۆیان هەیە بۆ دامەزراندن، چونکە ئەمە تەنها بۆ ئەندازیارانی کشتوکاڵەو، ئەوانیش بواری خۆیان هەیەو ئەمەش رێگا لەکەس ناگرێت و بەڕای من ئەم ماددەیە باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگە یەک نەختێک نادیارە «لایجوز» بۆیە ئەگەر بکرێ بە «لا یجوز للمهندسین الزراعیین مزاولە المهنە لغیر أعضاء النقابە»جا ئەوە چۆن دارشتنی ئەکرێت گرنگ نییە بەڵام گرنگ دیاری کردن و روون کردنەوەی ئەم بڕگەیە، چونکە «حصر»ێکی رەهای تێدایە بۆیە ئەگەر زیاد کراوی بخرێتە سەر ئەوا چاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاساش هەمان تێبینی هەبووە «رابعا» لە راپۆرتەکەدا هاتووە رابعاً :ـ صیاغة الفقرة الثانیة من المادة الثامنة کالآتي :ـ

(علی الدوائر الرسمیة أو شبە الرسمیة إرسال صورة من أمر التعیین أو التشغیل الی النقابة اذا کان منتمیاً الیها). کەواتە ئێمە فەرمانگەکان پابەند ناکەین کە رەزامەندی سەندیکا وەربگرن بەڵام دوای دامەزراندن دەبێ ئاگاداری سەندیکا بکەنەوە کە ئەم ئەندازیارەی کشتوکاڵ دامەزراوە یان دەست بەکار بووە لە فلان جێگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەڕاستیدا خراپ نییە گفتوگۆ کردن لەسەر پابەند کردنی فەرمانگەکانی حکومەت بۆ ئەوەی خەڵکێک دابمەزرێنن بەمەرجێ ئەندام بێ لە سەندیکا، ئەمە قەیدێکەو لە کاتی خۆی سیستەمی کۆن هەبوو بە زۆر سەندیکایان دروست دەکرد و جەماوەریان بۆ دروست دەکردو هەر فەرمانبەر بوون بەڵام سەندیکاشیان دامەزراندبوو و چەپڵەیان بۆ لێدەداو دەیان گوت ئەوەندە ئەندامیشمان

هەیەو پشتگیری لەوە دەکەین و بەڕاستی ئەمە صیغەیەکی رەفزکراوە و هیچ هۆکارێکی نییە، من ئەندازیارێکی کشتوکاڵیم، سەندیکا چییە؟ سەندیکا بۆئەوە دروست بووە کە بەرگری لەمافی من بکات بەرامبەر بە بابڵێین کارگەکە یان ئەو لایەنەی کە من کاری بۆ دەکەم بۆ ئەوەی کرێی کارکردنم نەخوات یان مافەکانم پارێزراو بێت یان لە کاتی دەرکردن و بێ کاریدا بەرگریم لێ بکات، واتە شتێک بەرامبەر بەشتێک، ئەوەش زیاتر پەیوەندە بە ئارەزووەوە، ئەبم بە ئەندامی سەندیکا لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەرگریم لێ بکرێت، کە فەسلم نەکەن کە دەرم نەکەن کە پارەم نەخورێت واتە سەندیکا ئەبێ بەنوێنەری من لە بەرگری کردنی لەمافی من ئەمە بنەمای بابەتەکەیە و ئێمە دێین لێرە مەرجێک دروست دەکەین ئەبێ ئەندامی سەندیکا بێت، تەنها ئەوەی لێرە ئەندامی سەندیکا نییە ئەوا سەندیکا بەرگری لێ ناکات و ئەگەر بەیانی شتێکی لێ قەوما لەبەر ئەوەی ئەندام نییە لەسەندیکادا ئەوا سەندیکا بەرگریی لێ ناکات، وە هەندێ بابەت ئەگەر ئەندامانی سەندیکا بەدەستیان هێنا لەوانەیە ئەو کەسەی کە ئەندام نییە مافی ئەوەی نەبێت کە داوای بکات، تەنها مەسەلەکە لێرەدایەو مەرج نییە ئەوەی پیشان ئەدرێت ئەوە هەمووی بکەین واتە ئیلا ئەبێ ببێ بەئەندامی سەندیکا ئینجا دامەزرێ، لەوانەیە ئەندازیارێکی زیرەکە و فەرمانگە پێویستی پێیەتی بەلام ئارەزووی نییە ببێتە ئەندامی سەندیکا بەلام با لێی بقەومێ بەناچاری دێت ودەبێت بە ئەندامی سەندیکا، وە ئەندامییەتی سەندیکا بێ گومان سوودی تێدایە ئەگەر ئەندازیارێک ئەو سوودانەی بۆ خۆی نەوێت ئەوا هیچ گرفتێک نییە و ئەگەر ئەو مەرجە هەڵگرین زۆر چاکە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە دوو ئێمە لە لیژنەی یاسا بەم جۆرە دارشتنمان کردووە، «على الدوائر الرسمية أو الشبه الرسمية ارسال صورة من أمر التعين أوالتشغيل الى النقابة اذا كان منتميا اليها»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکانی جەنابتاندام ئەگەر ئێمە بڵێین «على الدوائر الرسمية أو الشبه الرسمية أو أي جهة في القطاع الحكومي أو المختلط أو الخاص ارسال صورة من أمر التعين أوالتشغيل الى النقابة وإشعارها بذلك» بۆ ئەوەی تەنیا ئەو لایەنەی تیادا رەچاو بکەین نەوەک تەزویر بێت یان نەوەک مافی یاسایی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەرجە مەرجێکی ڕاست نییە لەگەڵ مافی مرۆڤ و هەموو شتێک ناتەبایە و ئێمە بۆ ئەو

مەرجە دابنێین؟ سەندیکا بەرگری لە ئەندامانی خۆی دەکات ئەوانی کە ئەندامێتییان هەیە لەسەندیکا ، بەڵام خەڵێک کە ئەندام نەبێت ئەوا سەندیکا بەهیچ شێوەیەک بەرگری لێ ناکات، مادده حەوت بڕگە بڕگە بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أولا: لايجوز مزاولة المهنة لغير أعضاء النقابة الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاسی جەنابتان دەکەم و بۆچوونەکانی لیژنەی دارایی وئابووری لەگەڵ بۆچوونەکانی جەنابتان دایە، دەربارەی بڕگەی یەکەم پێشنیار دەکەم کە ئەو بڕگەیە نەمێنێت لەبەر ئەوەی «شطب هذه المادة بفقرتيها أولا وثانيا حيث هناك خريج المعهد الزراعي الفني وخريج الاعداديات الزراعة المهنية في الاقليم وهناك كثير من أبناء الاقليم يزاولون مهنة الزراعة فكيف نمنعهم بهذه المادة وهذا غبن ويؤثر على الاقتصاد الحر في الاقليم»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ نمونە بڕگە یەک ئەندازیارێک بۆخۆی نووسینگەیەک دەکاتەوە بەڵام دەبێ سەر بە سەندیکا بێت، چونکە ئیمە لە بڕگە دوو پابەندی ئەوەمان هەڵگرت کە ئەبێ ئەندامی سەندیکا بێت بەڵام بڕگە یەک ئەگەر فەرمانبەر نەبێت لەلای حکومەت ئەوا ئەوەیان مەرجە ئەبی ئەندام بێ لەسەندیکادا، بەڵام ئەگەر فەرمانبەر بێت لە فەرمانگەکانی حکومەتدا ئەوە نەخێر لێرە مەرج نییە ئەندامی سەندیکا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک د.ڕزگار.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە وەکو وتم (غموض)ی تێدایە واتە لەوانەیە ئەو بڕگە تەنها بۆ ئەندازیارانی کشتوکاڵە نەوەک بۆ دەرچووانی پەیمانگای کشتوکاڵ یان ئامادەیی کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ڕاستە بەڵام کە دەڵێین (أعضاء النقابە) کەواتە پلەی ئەندازیاری کشتوکاڵ بەلانی کەمەوە بە پلەی بەکالۆریۆس بێ، فەرموو.

**بەڕێز د.قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من گوتم پەیمانگاكانی كشتوكاڵ و ئامادەییەكانی كشتوكاڵ ئەوە نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ڕاستە ئەوانە مشمول نین و لێرە ئەندازیاری كشتوكاڵی پێناسە كراوە، لەبەر ئەوەی كە لیژنەی یاسا پاساوی هێنایەوە بۆ جیاوازی نێوان پیشەو وەزیفە، وەزیفە دامەزراندنە لە فەرمانگەیەك، بەڵام ئەگەر دانەمەزرا ئەوا دوای ئەوەی بە ئارەزووی خۆی نووسینگەیەكی كردەوەو كردی بە عیادە و گوتی من ئەندزیاری كشتوكاڵم، لەگەڵ ئەوەشدا ئەندازیار نییە، ئەم شتەش هێشتا لە كوردستاندا ماوە، كە یەكێك برین پێچ (مضمد)ـە لەسەر جێگاكەی خۆیشی نووسیویەتی عیادەی فلان كەس و خەڵكیشمان ئێستاش دەچنە لای (مضمد) و دەڵێن چوینە لای فلان دكتۆر، جا ئەگەر ئەو كەسە ئەندامێتی لە سەندیكادا هەبووایە ئەوا بەو شێوەیە نەدەبوو، واتە برگە یەك دەمێنێ بێ گۆڕانكاری، فەرموو كاك شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جـەعـفـەر شـێخ عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

وەكو جەنابتان باستان كرد هەموو سەندیكاكان بەیەكەوە بەسترابوون بەو شێوازەی كە لەسەری ڕۆیشتووین و ئەگەر ئێستا ئیمە بێین و ئەو برگەیەی لێ لابدەین و ئەندامانی ئەو سەندیكایە پابەند نەبن بەوەی كە ئەندامێتی سەندیكایان هەبیت ئینجا دامەزرێن ئەوا ئەو سەندیكایانە زۆر بێ هێز دەبن چونكە داهاتیان تەنها لەو پارەیەیە كە ئەندامان ئەیدەن، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

لەبەر خاتری سەندیكایەك بۆ ئەوەی پانزە یان بیست دیناری هەبیت، یان ساڵانە دەكاتە پەنجا دینار ئێمە بێین لەبەر خاتری پەنجا دینار گەورەترین بەندی مافی مرۆڤ پێشێل بكەین، لەبەر ئەوەی سەندیكایەك پەنجا دیناری دەست بكەوێ، ئەگەر گرفتەكەی پەنجا دینارەكەیە ئەوا ئێمە بیر دەكەینەوە پەنجا دینارەكەی بۆ پەیدا بكرێت بەڵام سەندیكا كەس ناچار نەكات بەزۆر ببێت بە ئەندامی، فەرموو.

**بەڕێز جـەعـفـەر شـێخ عـەلی عـەبدولعـەزیز:**

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئیمە لە هەموو سەندیكاكانی تریش ئەوهامان كردووە، سوپاس.

**بەڕێـز ســـــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەگەر كردبێتیشمان هەڵەمان كردووەو هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان بەوەدا بچنەوەو چاكی بكەنەوە، باوەڕ بكەن ئەوە لەگەڵ بچووكترین بنەماكانی دیموكراتیەتدا هاودژە،ئێمە بۆ خەڵك ناچار بكەین كە ئەبێ ببن بە ئەندامی سەندیكا؟ كەواتە دوو بەیانیش وا لەخەڵك دەكەین كە بە

زۆری ببن بە ئەندامی حزب، ئەوە نابێ و بەمە نالێین دیموکراتیەت، با سەندیکا زیرەک بێت بەرگری لە ئەندامانی خۆی بکات و خەڵک بۆ خۆی ڕابکێشێ، سوود بۆ ئەندامانی خۆی پەیدا بکات، بەو شێوەیە من هەست دەکەم کە سەندیکا دەگۆڕدرێ بۆ فەرمانگەیەکی حکومەتی، بۆ؟ چونکە هەموو کەسێک کە دەرچوو ئەبێ ببێ بە ئەندام بۆیە گەر بتەوێت یان نا ئەندامی لەسەندیکادا، لەبەر ئەوە کە سەندیکا پێویستی بە ئەندام بوو ئەبێ کاری بۆ بکات و کە پێویستیشی پێ نەبوو ئەو کات کاری بۆ ناکات، داوا دەکەم هەر یەک لە ئێوە لە بواری پسپۆری خۆیدا بەوەدا بچێتەوە تاوەکو ئەو مەرجە هەموار بکەین ئەگەر لە یاساکانی تردا هاتووەو ئەمە پێوەند (قەیدێکە)، وە لەلایەنی داراییشەوە ئەوا حکومەت دەرماڵەی خۆی هەیە بۆ سەندیکاکان پێیان دەدات، پێشنیارێک لەلایەن لیژنەی دارایی و ئابووری هەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕگەیە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بڕگە یەک بمێنێت ئەوا ڕێگە لە دەرچووانی پەیمانگاو ئامادەیی دەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل لێرە دەڵێت «لغیر أعضاء النقابه» ئەندامانی سەندیکا پێناسە کراون بە دەرچووانی بەکالۆریۆس و ئەوانی تریش بواری تریان هەیەو کاری تێیدا دەکەن و سەندیکای خۆیشیان هەیە ئەوانەی کە نابن بە ئەندامی ئەو سەندیکایانە بۆیان هەیە سەندیکایەک دروست بکەن و لەوێش ئارەزووی خۆیانە، کاک جەمیل پێشنیارەکەی کێشایەوە؟ سوپاس، فەرموو کاک سەعید.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە سەندیکای پارێزەراندا ئەگەر ئەندام ناسنامەی تازە نەکاتەوە ئەوا مافی نییە لە دادگاکان ئامادە بێت و بەرگری لە تاوانباران بکات یان بچێتە ناو مرافعەوە، هەروەها دکتۆریش ئەگەر ئەندام نەبێت و ساڵ بەساڵ ناسنامەکەی تازە نەکاتەوە ئەوا مافی نییە ئەو کارە بکات، بۆیە ئەبێ ئەم خاڵە بە چاکی گفتوگۆی لەسەر بکرێت وئەبێ سەیری سەندیکای تریش بکەین چونکە پارێزەر یان ئەندازیار یان پزیشک هەمووی بە ناچارییە ئەگەر ئەندام نەبێت ئەوا ناتوانێت بە کاری خۆی هەڵسێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەندیکای ئەندازیاران پۆلێن کردنی ئەندازیارانی تێدایە بەگوێرەی پسپۆری خۆیان ئەگەر ئەندام

نەبێت لە سەندیکا لەوانەیە ئەو پۆلینەی پێ نەدەن کەسەرەتا یاریدەدەری ئەندازیارە دوای ئەوە دەبێتە (مهندس ممارس) و ئینجا (مهندس مجاز) ئەو پۆلینە تەنها لە سەندیکاکاندا هەیە لە فەرمانگەکان دا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم گرفت ئەوە نییە، گرفت ئەوەیە کە ئەمە بەندێکە دەبێ بیری لێ بکەینەوە کە بەستنەوەی دەرچووی کۆلیژ بە پسپۆریەتێکی تایبەت مەرجە دەبێ ببێتە ئەندامی سەندیکا؟ ئیمە ئەوەمان لەیاسای تردا کردووە، ئەم مەرجەمان بۆ داناون و پاساوەکەشی ئەوەبوو کە جیاوازیمان لەنێوان دامەزراندن(تعین) وئەنجامدانی پیشە (مزاوله المهنه) کرد جا باشتر وایە ئەم بابەتە بەشێوەیەکی چاکتر دراسە بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من بابەتەکە پەیوەندی بە پێناسەکردنی پیشە (مهنه)ـەوە هەیە ئەگەر مەبەست لە پیشە(مهنه) کشتوکاڵ بێت هەموو کەسیک مافی ئەوەی هەیە کە ئەو پیشەیە ئەنجام بدا بێ ئەوەی ئەندام بێ لە سەندیکادا وئەگەر مەبەستیش لە پیشە پیشەی ئەندازیاری کشتوکاڵی بێ ئەوا پێویستە ئەوەی ئەندامی سەندیکا نەبێت نابێت دەست بداتە ئەو پیشەیە، جا ئەگەر بێتوو ئێمە «لایجوز ممارسه مهنه الهندسه الزراعیه» روون بکەینەوە ئەوا من پێشنیار دەکەم کە دەبێت بەکالۆریۆسی هەبێت و ئەندامی سەندیکا بێت وەک پارێزەران و پزیشکان.

مادده (١) پێناسەمان کردووەو گوتوومانە (المهندس الزراعي كل عضو في النقابة حاصل على شهادة البكالوريوس) لێرە نووسیومانە (المهندس الزراعی) واتا پیشەکەی ئەنجام بدا (ان يمارس المهنة)، کە پێناسە کرا ئەندامی سەندیکا ئەندازیاری کشتوکاڵە ئینجا ئەگەر بڕوانامەی دکتۆرای هەبێت یان بەکەلۆریۆس، تەواو لەوە یەکلا کراوەتەوە (ویزاول الهندسة الزراعية لانة مهندس زراعـــي) ئەندامی ئەو سەندیکایە پێناسە کراوە ئەوە پەیوەندی بەوەوە نییە من دەچم جوتیاری دەکەم من نابمە ئەندامی ئەو سەندیکایە، بەڵام کە بووم بە ئەندامی ئەم سەندیکایە ئەبێ ئەندازیاری کشتوکاڵ بم لە پسپۆریەکی دیاریکراودا، کاتێک دەبمە ئەندازیاری کشتوکاڵ دەبێ لە بەکالۆریۆس کەمترم نەبێ یانی دیاری کراوە کە قەبارەم بۆ داندراوە من کە ئەبم بە ئەندامی ئەم سەندیکایە. نووسراوە (المهندس الزراعي كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لا تقل عن البكالوريوس في الزراعة أو احد اختصاصاتها أو ما يعادلها من جامعة او معهد معترف بها من قبل التعليم العالي).

ممارسة المهنة هي العمل في الإختصاصات الزراعية في إحدى مجالات الدراسات والتخطيط في المشاريع والأعمال الزراعية والصناعية والهندسية ذات الغرض الزراعي وتقديم... الخ)، بەڵام کێ مومارەسەی ئەمانە دەکات؟ (المهندس الزراعي)، ئینجا بۆ خۆی کاری کشتوکاڵی دەکات

راوێژکاری (ئیستشارات) دەکات، مەبەستم ئەوەیە ئەوەی ئەم برگەیە دەگرێتەوە پێناسە کراوە، مرۆڤێکی کە دەرچووی کۆلیژی یاسایە بۆخۆی زەوی هەیەو کشتوکاڵ دەکات بەڵام لەبەرئەوەی ئەندامی سەندیکا نییە تۆ پێی بڵێی مافی ئەوەت نییە ئەمە بکەیت، لێرەدا سەندیکا پێناسە کراوە بەرنامەکەشی پێناسە کراوە، بواری کار کردنەکەشی پێناسە کراوە و هیچ مەترسییەک لەسەر خەڵکی تر نییە کە ئەندام نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا (١٠٠٪) پشتگیری لە بۆچوونی جەنابت دەکات و، ڕێزم هەیە بۆ کاک فەرسەت، پێناسەی (المهندس الزراعی) و (المهنە) هاتووە لە مادده (١) ئینجا ئەگەر بێینە سەر مادده (٨) برگە (١) (لا یجوز مزاولة المهنة لغیر اعضاء النقابة الذین افوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون). وەکو ئیستا کاک سەعید یەعقوبی فەرمووی کە پارێزەرێک ناسنامەی خۆی نوێ نەکاتەوە نابێت پیشەی پارێزەری بکات ئەمە لێرە ئەگەر ئەندامی سەندیکا پابەندییەکانی خۆی ئەنجام نەدات ناتوانێت دەست بداتە پیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەست دەکەن شتێکی شاراوەی تێدایە و گرفت دروست دەکات، ئەو زیادەیە دەکەین (لا یجوز ممارسه المهنه کمهندس زراعی) ئەگەر پێتان باشە دەیکەین. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لە لایەنی ئەندازیاری، ئێستا ئەندازیارێک دانەمەزرێ پیشەکەی خۆی لەدەرەوە لەگەڵ کەرتی تایبەت و بەڵێندەران بکات لێرە هەر ئەندازیارێک هەر پلەیەکی هەبێت لە سەندیکا نە لە فەرمانگەکان بە برێ پارەی زیاتر ناتوانێ سەرپەرشتی ئەو ئیشە بکات یان ئەو ئیشە جێبەجێ بکات، لە سەرەتای دەرچوونی پێشتر ئیشی (٥٠) هەزار دیناری بۆ ئەندازیاری تازە بوو، کە ئەبێ ئینتمای سەندیکای هەبێت بۆ نموونە چوار ساڵی بەسەردا دەچوو دەبوو بە موماریس ئەوسا مافی ئەوەی هەیە سەرپەرشتی ئیشێک بکات کە بای (٢٠٠) هەزار بێت دوای (٥) ساڵ لە مۆڵەتدانی دەتوانێ سەرپەرشتی ئیشی ملیۆنی و بە سەرەوەتر بکات، باشە ئەگەر ئینتمای سەندیکای نەبێت چۆن تۆ دەتوانی پۆلینی بکەیت؟ یانی فەرمانگە چۆن دەتوانێ بزانی ئەمە لە چ ڕیزێکە؟ هیچ سەلماندێکی (اثبات)ی پێ نییە، بەڵام کە ئینتمای سەندیکای کرد و ناسنامەی هەبوو لەو ناسنامەیەدا دەنووسرێت ئەم ئەندازیارە ئەندازیاری (موماریسە) یان ئەندازیارێکی مۆڵەت پێ دراوە ئەوسا بە ئاسانی فەرمانگە دەتوانێ بڵێت ئەمە مافی هەیە

سەرپەشتی لەسەر ئەم کارە بکات، من مەبەستم ئەوەیە ئینتمای هەندێ سەندیکا رەنگە زۆر سوودی هەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە کراوەیە تا ئێمە دەگەینە بڕیارێک باشە باسی بکەین، چونکە ئێمە هەردوولا بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤمان لا گرنگە، زۆر لە هەندی خەڵک بکەین ببێ بە ئەندامی سەندیکایەک و هەندێ پیشە کە مەرجی خۆی هەیە، خەسڵەتی خۆی هەیە، یان یاسای تری هەیە ئەو مەرجانە بەراورد دەکات ئەوە بەجێ هێلدراوە بۆ ئێوە، تەنها ئەوەی لای ئێمە گرنگە زۆری لە خەڵک نەکەین بە زۆر بچێ ببێ بە ئەندامی سەندیکایەک کە پێویستی نەبێت.

کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە هەر خۆی بە زۆریە کە دەڵێت: (لا یجوز مزاوله المهنه لغیر اعضاء النقابه) مانای ئەوەیە کە هەرکەسێک ئەندامی سەندیکا نەبێت نابێت هیچ کارێکی کشتوکاڵی بکات ئینجا ئەگەر پیشەکە ئەندازەیی بیت یان نا، ئەوەش بەستنەوەیەکی (قید) گەورەیە کە هەر کەسێک لە سەندیکادا ئەندام نەبێت نابێت ئەو کارە بکات. پێشنیار دەکەم ببێت بە (لا یجوز مزاولة مهنة المهندس الزراعي)، یان (مزاولة المهنة لغیر اعضاء النقابة) ئەگەر ئێمە گوتمان (لغیر اعضاء النقابه) مانای ئەوەیە کەس ناگرێتەوە و، دەبێ هەر بێتە ناو سەندیکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە زۆر گفتوگۆی ئەم بابەتەمان کرد لەوانەیە هەندێکی زیاد بێت ئەمە یاسای (المهندسین الزراعیین)ە ئەوەی کە باسی دەکەین پەیوەندی بە ئەندزایاری کشتوکاڵەوە هەیە کە باسی کراوە پەیوەندی بە هیچ توێژێکی تر و خاوەن بڕوانامەیەکی ترەوە نییە، ئیتر پەیوەندی نە بە جووتیارەوە هەیە، نە بە دەرچووی پەیمانگای کشتوکاڵەوە هەیەو نە پەیوەندی بە هیچ کەسێکی ترەوە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوا پێشنیاری لیژنەی یاسا بۆ ئەو برگەیە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ نادیارییەک (غموض) لە برگە یەکدا نییە، (لا یجوز مزاوله المهنه) لێرەدا (الف و لام)ی

پێناسەیە لە زمانی عەربیدا، (لا يجوز مزاولە المهنە) کە گوتت (المهنە) دێیە ماددە یەک لە یاسا ئەمە روونە، لە پاش ئەمە پێش (المهنە) لە ماددە یەکدا (المهندس الزراعی) هاتووە، ئەوە (المهنة معرفة يعود الى المهنة ما ورد في المادة الاولى من القانون لغير اعضاء النقابة)، هەر دەبێت ئەندامی سەندیکا بێت و پابەندییەکانی خۆی نوێ کردبێتەوە (لأنه اوفى بإلتزاماته) یانی ئەگەر منتمی بێت و بەڵام وەفای بە پاندییەکانی خۆی نەکردبێ مانای ئەوەیە نابێ دەست داتە پیشە، لەبەرئەوە ئەو برگەیە زۆر روونەو هیچ شتێکی شاراوەی تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ جگە لە ئەندامانی سەندیکا کەسی تر مافی نییە ببێ بە ئەندازیاری کشتوکاڵی ئەمە روونە لەوێش پێناسە کراوە کە ئەندازیاری کشتوکاڵ چی دەکات. چ پێشنیارێکی تر هەیە لەجیاتی ئەمە؟، تەنها کاک جەمیل پێشنیارێکی هەبوو ئەویش کێشایەوە، لەبەرئەوە ئەگەر پێشنیاری تر نییە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە. ئێستا برگە (ثانیا) دەخوێنینەوە. فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ثانياً: لا يجوز للدوائر الرسمية أو شبه رسمية أو أية جهة في القطاع الحكومي أو المختلط تعيين أو تشغيل أي مهندس زراعي لديها ما لم يكن منتمياً الى النقابة و موفياً بإلتزاماته المالية تجاهها وعلى هذه الجهات ارسال صورة من أمر التعيين أو التشغيل في النقابة وإشعارها بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە لیژنەی یاسادا ئەو رایەمان هەیە کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی نەمێنێتەوە یانی (إلزامی) فەرمانگەکان نەکەین کە ئەگەر ئەندازیار ئەندامی سەندیکا نەبێت دانەمەزرێ، ئێمە برگە (ثانیا) کردمانە ئەو شێوەیە: (ثانيا: على الدوائر الرسمية أو شبه رسمية إرسال صورة من أمر التعيين أو التشغيل الى النقابة إذا كان منتمياً اليها)، هەر ئەوەندە پاش دامەزراندنی ئاگاداری سەندیکا بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق زیادەیەکی هەبوو کە ئەویش کەرتی تایبەتی و تێکەڵاوە.

بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

هەر هەمان پێشنیاری لیژنەی یاسامان هەیە تەنیا هەندێک هەموار بکرێت ( علی الدوائر الرسمیة أو شبه الرسمیة أو أیة جهة في القطاع الحکومي أو المختلط أو الخاص) ئەوە تەنها بۆ ئەوەندەیە کە بروانامە تەزویر نەکرێت (عند تعیین أو تشغیل أی مهندس زراعی) بۆ ئەوەی سەندیکا هەندێ ڕۆڵی هەبێت (إرسال صورة من أمر التعیین أو التشغیل الی النقابة)، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

کاک محەمەد فەرموو.

بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

من لەگەڵ جەنابی کاک عەبدولخالق نیم کە کەرتی گشتی و تایبەت زیاد بکرێت، چونکە ئێمە بڕگە یەکمان هەیە کە دەڵێت: (لا یجوز مزاوله المهنه) ئەوە بۆ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتە، نەک تەنیا بۆ فەرمانگەکانی حکومەت، ئینجا لە بڕگە دوو دا ئەگەر ئێمە دەسەڵات بدەینە کەرتی تایبەت و گشتی مانای ئەوەیە هیچ ئیشێک و داهاتێک بۆ سەندیکا نەما، ئینجا بڕگە یەک بۆ هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتە واتا پرۆژەی کشتوکاڵە ئەوە دەبێت ئەندامی سەندیکا بێت و سەندیکا ڕەزامەندی بداتە ئەو ئەندازیارە کشتوکاڵییە، بەڵام (ئیلزامی) فەرمانگە نەکەین هەردووکیان پێچەوانەی یەکتر هاتووە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

واتا بە گوێرەی فەرمانگەکانی دەوڵەت پێویست ناکات چونکە ئەوان دەرچووی بەکالۆریۆسن ئاگادار دەکرێنەوە، بەڵام ئەوەی تر پیشەکەیەتی وەکو پارێزەر ئەبێت ناسنامەیەکی هەبێت کە بیسەلمێنێ ئەمە ئەندامی سەندیکایە.

بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.

بەڵێ وایە، بۆ نموونە من پرۆژەیەکی کشتوکاڵی بۆ خۆم دەکەمەوە دەبێت ئەو ئەندازیارە کشتوکاڵییەی کە لەگەڵ مندا کار دەکات لە سەندیکا بێت، پشتگیری (تأیید) سەندیکا و ڕەزامەندی سەندیکا بۆ من بێنێت، بەڵام ئەگەر فەرمانگەی حکومەتی دایبمەزرێنێ من ئیلزامی فەرمانگەی حکومەتی ناکەم.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ

نییه؟ به زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. مادده (٧) دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس. لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین پەنا بەخوا دوسبەی سێ شەممە سەعات (١٠) کۆدەبینەوە، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٣/٤/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٥)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ١٣/٤/١٩٩٩

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٣/٤/١٩٩٩ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(پێنج)ی خولی ئاسایی یەکەمی،ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٣/٤/١٩٩٩دا بەم شێوەیە بێت.***

***١- بەردەوام بوونی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ.***

***٢- گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای جیۆلۆجیەکانی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە(٥) لە ١٣/٤/١٩٩٩، بەرنامەی کارمان بەردەوام بوونە لەسەر بەرنامەی کاری پێشوومان ئەویش گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ، خاڵی دووەم گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای جیۆلۆجیەکانی کوردستان، ئەگەر لیژنەی یاسا تەشریف بێننە سەر سەکۆ، بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر پرۆژەی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ، فەرموون مادده هەشت بخوێنەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة الثامنة: لايجوز ادارة وتشغيل معامل الالبان والعلف الحيواني والصناعات الزراعية وحقول الدواجن او اية مشاريع زراعية اخرى غير التابعة للجهات الرسمية الا تحت اشراف مهندس زراعي مختص وممارس وعضو في النقابة.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیان لەسەر مادده هەشت هەیە؟ باشە لیژنەی دارایی وئابووری فەرمووە.

**بەڕێز جـەمیل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن.**

ئێمە داخوازیمان کرد کە ئەو ماددەیە نەمێنێت، لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسمان کرد، لەوێ دەڵێ (طبیب بیطری) یان(مهندس الصناعات الغذائیە) نە دەرچووی کۆلیژی تەکنەلۆژیایە، نە ئەندازیاری کشتوکاڵە، ئیدارە پسپۆڕێکی ترەو زانستێکی ترە، وەکو دەڵێ(لایجوز ادارە) ئیدارە پسپۆڕێکی تایبەتییە، مەرج نییە ئەندازیاری کشتوکاڵ یان دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵ بێت، دووەم دەڵێن نووسراوە (الصناعات الزراعیە) لەوانەیە ئەندازیارێکی پیشەسازی پتر بزانێ لەوەی کە دەرچووی کۆلیژی کشتوکاڵە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە بە زیاد دەبینین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن:**

لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری هیچ تێبینیان هەیە؟ با یەکێک لەبرادەرانی لیژنەی کشتوکاڵ بێت لەگەڵ لیژنەی یاسا دابنیشێ؟ ئێمە جارێکی تر تەئکید دەکەینەوە لیژنەکانی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی یاسا دەبێت یەک راپۆرتیان هەبێت، ئەوە جاری دووەمە لەم مبینبەرەوەو لەم خولەدا جەخت دەکەمەوە، ئەگەر جیاوازی لەرا هەبوو ئەوا ئاگاداری سەرۆکایەتی دەکەنەوە دێین ئەو بابەتەیان لەگەڵدا باس دەکەین ورایان یەکلا دەکەینەوە، ناکرێت سێ را بەرامبەر یەک بابەت بێت لە لیژنەکانی پەرلەمان، ئێمە ئەوە دوا جارە لە لیژنەکان قەبووڵ دەکەین، هەر راپۆرتێک یەک گرتوو(موحد) نەبێت ئێمە رەتی دەکەینەوە دوایی لە ناو هۆڵی پەرلەمان لیژنەکان رایان وەرناگرین، ئەبێت لەگەڵ لیژنەی یاسا یەک را بن ویەک راپۆرت هەبێت، ئەگەر جیاوازییەکیان هەبوو لەسەرۆکایەتی لەگەڵیاندا دادەنیشین، وئەگەر نەمانتوانی چاری بکەین ئینجا دەیهێنینەوە ناو هۆڵی پەرلەمان وزۆرینە بڕیاری لەسەر ئەدات، تاکو ئەو هەموو کاتە وا بەفیرۆ نەڕوات، فەرمووە کاک سەعید.

**بەڕێز سـەعـید محـەمـەد سـدیق هروری:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەن.**

ئێمە راپۆرتمان هەیەو پێشکەشمان کردووە، لەبەندی هەشتەمدا هاتووە ئەڵێ ئەبێ هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی ئەندازیارێکی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکات بەبێ ئەوەی رەچاوی جۆری پرۆژەکە بکات کە ئایا گەورەیە یان بچووکە، چونکە هەندێ لەم پرۆژانە لەبەندێکدا هاتووە کە پەیوەندی بە پرۆژەی پەروەردە کردنی(گۆلک)ەوە هەیە کە سەربە پزیشکی ئاژەڵە، ئیتر ئەو پرۆژانەی کە بچووکن وەک پرۆژەی میوەجات بەهەموو جۆرێکەوە ئەوە زۆر پێویستی بە ئەندازیاری کشتوکاڵی

نییه ، ئەو پرۆژانەی کە بەهایان لە ٢٥٠ هەزار دینار زیاترە پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵیان هەبێت، بەڵام ئەو پرۆژانەی کە بەهاکانیان لە( ٢٥٠ ) هەزار دینار کەمترە خاوەن پرۆژە ئەتوانێ بەشێوەیەکی رێک سوود لە ئەندازیاری کشتوکاڵ وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەم ماددەیە لەم یاسایەدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، واتە مافی ئەندازیاری کشتوکاڵی ئەم یاسایە لێرەدا دەردەکەوێ، لەبەر ئەوە لادانی مافی ئەندازیارانی کشتوکاڵی ، بەڵام منیش لەگەڵ ئەوەدا نیم بەم جۆرە بمێنێتەوە، من پێشنیارێکم هەیە ئەو ماددەیە بەم شێوەیەی لێ بێت(للمهندس الزراعي حق الاشراف على ادارة وتشغيل معامل الالبان والعلف الحيواني والصناعات الزراعية وحقول الدواجن او اية مشاريع زراعية اخرى غير تابعة للجهات الرسمية وحسب اختصاصاته) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە هەر رەنگێک بێت هەڵوێستی ئیمە لەگەڵ بۆچوونی ئەندازیاری کشتوکاڵین و پشتگیریان دەکەین، بەڵام لەم برگەیەدا دەبینم هەندێک شتی زیادی تێدایە، وەکو وشەی (ئیدارە) مەرج نییە ئەندازیارێکی کشتوکاڵ لەرووی زانستییەوە زۆر زیرەک بێت تەنها لە ئیدارە سەرکەوتوو نەبێت یان دکتۆرێک یان ئەندازیارێک یان هەر مامۆستایەک بۆ ماددەی خۆی زۆر زیرەک بێت مەرج نییە بۆ ئیدارە زیرەک بێت، وشەی (ئیدارە) لێرە بەزیاد دەبینم وپێشنیار دەکەم کە نەمێنێت، چونکە (ئیدارە) زانستێکی سەربەخۆیە و هێدی هێدی لەجیهاندا گرنگی بەو وشەیە دەدەن وچەند کۆلیژ و خولی تایبەت کراوەتەوە بۆ ئامادە کردنی کادری ئیداری، لەبەر ئەوە وشەی ئیدارە لێرە زیادە، دووەم (حقول الدواجن) لێرە دەبینم پزیشکی ئاژەڵی پسپۆرە بەو ئیشە، هەر چەندە بەشی بەرهەمی ئاژەڵی لەکۆلیژی کشتوکاڵ هەیە و دەخوێنن بەڵام ناگەنە ئەو رادە زانستی یەی وەکو پزیشکی ئاژەڵی دەیخوێنن، ئەو (حقول الدواجن) و وشەی (ئیدارە) پێشنیار دەکەم لەو ماددەیەدا نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە جارێکی تر دابڕێژرێتەوە، چونکە برادەران باسی ئەوەیان کرد کە (ئیدارە) پسپۆڕی کارگێڕییەکانە، بەڵێ راستە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر کارپێکردنی، کارپێکردنی کارگەکان شتێکی هونەرییە لەوانەیە ئەندازیارانی میکانیک (تەشغیل) بەرن بەڕێوە نەک تەنها ئیدارە لەبەر ئەو (ئیدارە و تەشغیلە)کە هەردووکیان لەشوێنی خۆیاندا نین لەوانەیە(ئیدارە) خاوەن کارگەکان خۆیان دەیکەن بەڵام (تەشغیل) لەوانەیە کەسانی هونەری وئەندازیاران بیکەن، لەپاشاندا هەموو پرۆژەیەک مەرج نییە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکات، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە دابڕێژرێتەوە بڵێین ئەو پرۆژانەی کە لە چارەگە ملیۆنێک زیاترن وتا نیو ملیۆن، لەوانەیە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بە سیفەتی سەردان بچێ بۆ لایان، بەڵام ئەوەی کە لەنیو ملیۆن زیاترن ناچاری ئەوەی بکەین کەوا ئەندازیارێکی کشتوکاڵی لەلای خۆی دابمەزرێنێ و بەرای من ئەو برادەرانەی کەباسی پرۆژەی پەروەریان کرد ئەوە لەهەندێ باردا پێویستی بە ئەندازیاری کشتوکاڵی هەیە، لەوانەیە تێکەڵەی (خەبطەی) شمەکە خۆراکیەکان کە دەدرێ بەو جوجەڵانە، ئەمانە کاری هونەرینە ولە ئەرکەکانی ئەندازیارانی کشتوکاڵییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەک بەڕێز د.رزگار و بەڕێز شێخ جەعفەریش ئاماژەی کرد، کە دووبارە دابڕێژرێتەوە یان ئەو وشانەی لەناو نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشتر پێش ئەو یاسایە یاسای پزیشکی ئاژەڵمان ئیقرار کرد، هیچ پابەندییەکمان نەکرد کە پرۆژەیەکی ئاژەڵی هەیە تەنها دەبێت پزیشکێکی ئاژەڵی سەرپەرشتی بکات، ئێستاش هەندێک لەو پرۆژانەی لێرە هاتوون زیاتر پەیوەندیان بە پزیشکی ئاژەڵییەوە هەیە وپرۆژەی کشتوکاڵیش مەرج نییە ئەو پرۆژانەی کە بەشێوەیەکی گشتی بیهێنێتە کایەوە بڵێی هەموو پرۆژەیەکی کشتوکاڵی چونکە پرۆژەی وا هەیە دۆنمێکە دەیکات بە رەزێک ئەمە ئەندازیاری کشتوکاڵی بۆچییە؟ بەو بێ دیاریکردنە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە چاک نییە، رامان وایە کە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر چ تێبنی یان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی پێشنیاری لیژنەی دارایی، کە شێخ جەعفەرو د.ڕزگار پشتگیریان کرد، وابزانم ئیدارە بەهەڵە شی دەکەنەوە، (لایجوز ادارة وتشغیل معامل)، ئەوە بۆ ئیلزامی کارگە یان هەر کارگەیەکی کشتوکاڵی نەوتراوە کە ئەندازیاری کشتوکاڵی ئیدارەی بکات، نەخێر ئەگەر لەکۆتایی مادەکە بخوێننەوە (تحت اشراف مهندس زراعی) دەبێ خاوەن کارگەکە خۆی ئیدارەی بکات یان یەکێکی تر بێت ئیدارەی بکات، بەڵام دەبێت ئەندازیارێکی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکات وەکو فەرمانبەرێکی سەرپەرشتیار بێت لەسەر ئەو کارگەیە، لێرە وشەی (ئیدارە) پەیوەندی نییە بە ئیلزام کە ئەندازیاری کشتوکاڵی ببێتە بەڕێوەبەری ئیدارە لەو کارگەیەدا یان لەو پرۆژە کشتوکاڵییە، لیژنەی یاسا کۆکن و هیچ گۆڕانکاری پێ ناوێت ومادەیەکی تەواوە وئەوە مافێکی شەرعی ویاساییە کە بە سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی دراوە تاکو ئەندازیاری کشتوکاڵی سود لە مافی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مرۆڤ دەپرسێت کابرایەک کارگەیەکی سپیاتی(ألبان) بۆ خۆی دەکاتەوە مۆڵەتی ڕەسمی لە حکومەتی ئێمە وەردەگرێ وبەو مەرجانەی کە حکومەت بۆ ئەو کارگانەی داناوە کە هەنە، چاودێری دروستی (صحەمان) هەیە گەلێ جۆری تری ڕەقابەمان هەیە سەربە شارەوانییە، سەربە پارێزگاو حکومەتە، ئەمە ناچار کردنی خاوەن کارگەیە کە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی دابمەزرێنێ؟، کابرایەک کارگەیەکی پەڕەوور دەکاتەوە لەجێگایەک باشە ئەگەر ئەندازیارێکی کشتوکاڵی پسپۆر نەهێنێت کابرایەکی نەشارەزا دامەزرێنێت، لەوەیە مریشکەکان باش نەبن ئەمە لەوەیە(اقحام) بێت، ئەگەر بکرێت ئێمە دوور بکەوینەوە لە شێوازی لە قاڵبدانی هەموو شتێک، تۆ سەندیکا فەرز دەکەیت بەسەر ئەو عالەمەدا من کارگەیەک بکەمەوە بە دە کرێکار بێت و ئەندازیارێکی کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکات، باشە گەر نەمکرد؟! کارگەکەم فاشل دەبێت من خۆم زەرەر دەکەم، وئەوە پەیوەست کردن وبەستنەوەی کەرتە بەرهەم هێنەرەکانی ئێمەیە وەکو دەنگێک لەئێوە دەڵێم دەبێ ئێمە لەوە دوور بکەوینەوە کە شێوازێکی لەقاڵبدانی کۆمەڵگەی ئێمەیە، بۆیە کارگە ئازادە، خاوەن کارگە ئازادە، حکومەت بەرنامەی خۆی هەیە من دەمەوێ بزانم بۆ لە پرۆژەی پەڕەوەر تەنها دەبێ ئەندازیاری کشتوکاڵ بێت؟ بۆ سەرپەرشتیار تەنها کشتوکاڵی بێت؟ کابرا خۆی لەوانەیە لە سەرپەرشتیاری کشتوکاڵ دەزانێ، فروج دێنێت یان هێلکەیە دایدەنێتەوە و بەخێوی دەکات، گەر نەیزانێ ئەمرن، زەرەر دەکات و کارگەکەی دادەخات، گەر بیەوێ باشی بکات بۆ خۆی ئەندازیارێک دادەمەزرێنێت وئیشی خۆی دەکات، ئەم (اقحامە) وادەزانم مەرجێکی پێشەکیە دایدەنێن و ئەمە نابێت بە سەندیکا ئێمە سەندیکا دەکەین بە ئامرازێکی مشەخۆر (طفیلی) لەسەر ئەم جۆرە شتانە کە دەیەوێ ئەندام بۆ خۆی کۆبکاتەوە، نەخێر سەندیکا ئەو سەندیکایە

ئەبێت بکەوێتە ناو خەڵک ئەندام بۆ خۆی پەیدا بکات و بەرگری لێ بکات ودیاری بکا کە مافیان چییە و ئەرکەکانیان چییە؟ دەستکەوتیان بۆ بدۆزێتەوە، ئەو کاتە ئەمە بەراستی دەبێ بە نیقابە، نەک ئێمە بێین بە یاسا بەسەر خەڵکیدا فەرزی بکەین ئینجا بێن بە ئەندام وپارە بدەن وەکو برادەران دوێنێ وتیان، ئەگەر ئەوە نەبێت میزانیەی نابێت، من بێم مەرجێک دابنێم بۆ ئەوەی مانگێ بیست دینار بدەن بە سەندیکا بەوە بودجە دروست بکەین، بەوە خەڵکی بۆ کۆبکەینەوە خۆی لەکۆمەڵگەی ئازاد دا ڕێکخراوەکان ئازادن، سەندیکا بۆ ئەوە دروست بووە بەرگری لە ئەندامەکانی خۆی بکات، بەمە بەراستی ئێمە دەمیرێنین بۆ خۆیان لەژوورەوە دابنیشن وهەموو شتیان ئامادە بکرێت، ئەندامە بۆیان دروست کراوە، بەسەر حکومەتدا فەرز کراوە بەسەر کەرتی ئەهلیەکاندا، بەسەر خەڵکدا ئیتر بۆ نەقابە ئیش بکات؟، با ئیش نەکات بۆ خۆی هەر بەمە ئەژیت وتەواو، بەرگریان لێ ناکات و بەرگری لە ئەندازیارانیش ناکات هیچ دەورێکی نامێنێت تەنها بۆ ناو (قطعەیەک) هەڵواسێ ساڵێ جارێک دوو جار هەڵبژاردن بۆ خۆیان بکەن، بەیانێک دەربکەن لەکۆنەوە هەروا بووە ئەبێ پێیان بڵێ بەیانەکەش دەربکەن، گەر پێیان نەگوترێ بەیانەکەش دەرناکەن، بۆیە با ئێمە وەکو لایەنێکی تەشریعی بە ئازادانە بوار بدەین بە ڕێکخراوەکانی خۆمان موناففسە بکەن، بوار بدەین اقتحامی گرفتەکان بکەن، خەڵک بەقەناعەت و بە دەستکەوت و بەرگری کردن لە مافیان بێنە مەیدانەوە نەک ئێمە شتیان بۆ دروست بکەین و لوقمەکەیان بخەینە دەمیان و ئینجا ماوەیەکیش دەبێ جوولەیان پێ بکەین بۆ ئەوەی هەزمی بکەن، بۆیە ئەم مەرجە ئەگەر لە یاسای ترماندا هەیە ئێمە چاوی پێدا دەگێڕینەوە ولێرەش مادام دوو سێ پرۆژەمان لەپێشە با لەم پرۆژانەدا زۆر ورد بین لەم جۆرە ماددانە کە من بۆنی مەرج فەرز کردنی لێ دەکەم، لەقیمی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان ئەمە فەرز کراوە وئێمەش دەزانین ئەم ماددانە لەکوێوە هاتوون؟ بۆیە من هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان چاو بەم جۆرە ماددانە بگێڕنەوە وئەسڵەن هەڵبگیرێ و هیچ پێویست ناکات کارگە سەرپەرشتی دەکات ناکات ئارەزووی خۆیەتی، ئەندازیار سەعی دەکات ناکات ئارەزووی خۆیەتی، ئەگەر کردی کارگەی باش ئیش دەکات بێگومان کابرایەکی کشتوکاڵزان لەکابرایەکی نەزان باشترە باشە ئەگەر خاوەن کارگە نەیکات ئێمە بۆ ناچاری بکەین بۆ بەسەریاندا فەرز بکەین؟ کە دەبێ تۆ هەر ئەندازیارێکی کشتوکاڵی دابمەزرێنی، فەرمووو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای جەنابی سەرۆکی پەرلەمان زۆر جێگای ڕێزە، من دوو نموونەی تر دێنم سەندیکای پارێزەران و سەندیکای ئەندازیاران، سەندیکای پارێزەران کۆمپانیایەکی ئەهلی یە من خۆم کۆمپانیایەک پێک دێنم ئایا بۆ یاسای سەندیکای پارێزەران فەرز دەکات لەسەر من پارێزەرێک دابنێم ئەگینا مۆڵەتم نادەنێ بۆ دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە، سەندیکای ئەندازیاران مقاولە مقاولی ئەهلی یە

ئیش بۆ خۆی دەکات ، بۆ یاسای سەندیکای ئەندازیاران لەسەر مقاول فەرز دەکات دەبێت ئەندازیارێک بێنێت وەکو ئەو رۆژە کاک ئیبراهیم ووتی ئەویش بەپلەیە، ئەگینا ئەندازیارێکی تازە ناتوانێت سەرپەرشتی لەسەر مقاولەیەکی گەورە بکات ئەمە یەکەم هاندانێکە بۆ سەندیکاکان، دووەم لە لایەنی هونەریەوە سەیر کراوە، ئەوەش لە پرۆژەی حکومەتەوە بۆمان هاتووە، ئێمە لیژنەی یاسا پشتگیری لەوە دەکەین، ئەگەر پێشنیارێکی تر هەیە با بیخەینە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر ئەو قسانە بوو کە کاک محەمەد ووتی، بەڵام ئەوەی من دەزانم دەربارەی کارگە، یاسایێک بۆکارگە مەرجە بۆ ئەوەی مۆڵەتی پێ بدەن دەبێ یاساناسێکی لەگەڵدا بێت و لەگەڵ وردکارێکی ژمێریاری، چونکە مۆڵەت نادەن تاکو ئەم دوو رەگەزەی تێدا نەبێت هۆیەکەشی چییە؟ یاسایەکە تەوجیهی کارگەکەی بکات بۆ ئەوەی سەرپێچیەکانی یاسایی نەکات ومەسەلەی کرێکارو وەبەرهێنان(استثماراتی) کرێکاری ئەوانە هەمووی دەست نیشان بکات وچ سەرپێچیەکی یاسایی هەبێت لەو کارگەیەدا دیاری بکات، لایەنی هونەری دەربارەی ژمێریاری وردکارێکی ژمێریاری فەرز کراوە لەسەریان لەبەر ئەوەی حسابکاری ئەو کارگەیە گرێ بدات لەبۆ مەسەلەی باجی داهات، ئەوەش هەمان شتە، ئەندازیارێکی کشتوکاڵی دادەنرێت لە پرۆژەیەکی کشتوکاڵی، مەبەستەکە ئەوەیە پرۆژەکە ئاراستە بکات کە بەشێوەیەکی زانستی ئەو پرۆژەیە بەرێوە ببات، ئەگینا هیچ قەیدێکی تر نییە، ئینجا بەرگرییە لە ئەندازیارانی کشتوکاڵی کە بواری ئیش کردن بۆ ئەندازیار ببینرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نموونەیەک دێنم بەڵام لەسەدا سەد لەسەر ئەمە پیادە ناکرێت، خاوەن سەرمایەک دەیەوێ نەخۆشخانەیەکی ئەهلی دروست بکات، نابێت دکتۆری بۆ بێنێت؟،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەیفی خۆیەتی ئێمە بۆ بیکەین بەمەرج تەنها دەبێ بیهێنی، من نەخۆشخانەیەک بکەمەوە هەر دەبێ دکتۆرێکی هەبێت ئەمە تەحصیلی حاصلە، نەخۆشخانە بێ دکتۆر نابێت، ودەبێ ئەندامی سەندیکا بێت، ئەگەر ئەندامی سەندیکا نەبێت نابێت لەنەخۆشخانە بێت؟!.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە کۆلیژی کشتوکاڵ بەشی خۆراکی لێیە، با خاوەن ئەو کارگەیە سوودی لێ وەرگرێ، ئێمە بۆ باسی شتی گەورە دەکەین، کەچی باسی شتێکی بچووک ناکەین؟، خاوەن کارگە خۆی دەتوانێت ئیدارەی بکات بۆ نموونە کارگەی لەقوتونانی هەریر، وابزانم پێویستە ئەگەر حکومەتی نەبێت وکابرایەک بۆ خۆی دایناببێت چەند ئەندازیارێکی کشتوکالی لەوێ دابنێت کەوا پەرە بە بەرهەمەکەی بدات ومەرجە جیهانییەکان لە کەلوپەلی خۆراکی بەجێ بێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمەیە مەبەستەکە، تۆ تەماشای ئەو بەستنەوەیە بکە، خۆتان بیری لێ بکەنەوە، (ایە مشاریع زراعیە) گوێی لێ نییە خوای دەکرد بەدینارێکیش بێت، لەوانەیە کابرا پرۆژەیەکی وا بچووک بکاتەوە خێزانێک بێت توانای نییە ئەندازیارێک مانگێ بەهەزار دینار دابمەزرێنێ، خێزانێک بێت ژن و مێردێک بۆ خۆیان دادەنیشن وکێلگەیەکی پەڕەوەری بچووک دەکەنەوە، لەوانەیە توانای نەبێت ئەندازیارێکی کشتوکالی دابمەزرێنێ، گوێ بگرن هەر پرۆژەیەکی کشتوکالی (اي مشاريع زراعية اخرى غير تابعة للجهات الرسمية الا تحت اشراف مهندس زراعي مختص وممارس وعضو في النقابة) یانی هەر ماوە بلێین ئەبێ خاوەنیشی هەوا نەکێشێ، ئەمە تێوەرێخە (اقحامە) ئەم جۆرە دەقانە اقحامە وتەمبەلی دروست دەکات رێکخراوەکانی ئێمە پێش ناخات، رێکخراو بەرکابەری دروست دەبێت، وچالاک دەبێ باشە ئەندازیاری کشتوکالی ئیشی چییە؟ دەبێ لەبواری پسپۆرییەتی خۆی ئیش بکات، بواری حکومەتی و ئەهلیشی بۆ کراوەتەوە، با ئەندازیارێکی زیرەک بێت ئێمە وای لێ دەکەین وەکو یاسایێک هەیە لە پارێزەران ئەلێ کۆمەلێک دەعوای حکومەت لیستەیەکیان لایە فلان وفلان و فلان مانگێ بیست دەعوای پێ دەدەن، پارێزەری سەرکەوتوو بێت سەرکەوتوو نەبێت ئارەزووی خۆیانە، واسیتەی هەبێت بێگومان دەبێت، باشە وای لێ کردووە کە پارێزەری باش لەدعوای باش مەغدور دەبێت، ئەم جۆرە شێوازانە لەگەڵ کەمترین چەمکی دیموکراتیەت و ئازادیدا ناگونجێ، باشە هەر چۆن ئێمە بەرگری لەو ئەندازیارە کشتوکالیە بکەین، خەلکەکە کە کارگەکەی هەیە دەبێ بەرگری لەویش بکەین، بەرگری لەوانەش بکەین کە دەیانەوێ پارەی خۆیان (استثمار) بکەن، ئەم جۆرە پێوەندی بەراستی باوەڕ بکەن کۆسپ دروست دەکات، دوایی وەکو گوتم رکابەرییە (مونافەسە)یە ئێمە حکومەتمان هەیە، حکومەتی ئێمە کۆمەلێک دەزگای چاودێری هەیە، گەر وەک (ئەلبان) بەپێی مەرجی دیاری کراو نەبێت دەچن قەپاتی دەکەن و دەیدەن بە دادگا، یاسا هەیەو پابەندی دەکات، پسپۆر هەیە با ئەندازیارێکی کشتوکالی بێت پسپۆر بێت لە مەسەلەی پەلەوەرو کشتوکاڵ، بڕوا کەشفی بکات لەلایەن لایەنی پسپۆڕەوە بلێ ئەم کارگەیە خراپە، ئەم کارگەیە مەرجی باشی لێ نایەتەدی، ئیجرائاتی بەرامبەر دەکرێت، بەلام ناچاری بکەین وەکو برادەرێک ووتی من دۆنمێک زەویم

هەبێت دوو داری تێدا بچێنم ناوی نێم پرۆژەی کشتوکاڵی، ئەبێ ئەندازیارێک سەرپەرشتی بکات، تۆزێک بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە تۆزێک لەسەری راوەستین. هاندانی سەندیکاو هاندانی ئەندازیاری کشتوکاڵی بەراستی بە تەمبەڵ کردنی کەرتەکە نابێت، ئەبێ ئەو کەرتە بکەوێتە مەیدانی ئیش کردن و مونافەسە بکات بیسەلمێنێ و بڵێ من وەکو کارگەیەک پێویستم پێ یە، بەڵێ من وەکو فەرمانگەیەک پێویستم پێ یە، من وادەزانم تێوەرێخە(اقحامە)، ئەمە زیاتر پێوەند(قیودە) لە ئەنجامدا سەندیکایەکانی ئێمە تەمبەڵ دەبن وچالاک نابن، ئەو کاتە چالاک دەبن، کە ئەزانن ئەندامییەتی سەندیکا بە ئارەزووە وبەزۆر نییە، دروست کردنی رێکخراوەکان بە ئارەزووە وبەزۆر نییە، چۆن بەرامبەر هەر کارێک سەرمایەیەک هەیە، سەندیکاش بەرامبەری ئەوە هەیە کە اختیارییە، ئەو جۆرە دەقانە بەراستی تەمبەڵیان دەکات، بەلام ئەگەر اختیاری بوو قیودمان بۆ دانەنا ئەوەی کە ئەبێ بە سەرۆکی سەندیکا، ناچارە ئیش بکات، ناچارە خۆی ماندوو بکات، بۆ ئەوەی ئەندامان رازی بکات بۆ ئەوەی مونافەسە دروست بکات، بۆ ئەوەی خەڵک دەنگی پێ بدەن، بۆ ئەوەی ببێ بە سەرۆکی سەندیکا، بەلام ئێمە مەرجی ئەندامێتی بۆ فەرز بکەین؟، دامەزراندنی بۆ فەرز بکەین؟، پێم ناڵێن ئەندامان ئیتر چ پێویستیەکیان بەو سەندیکایە هەیە؟، ئەو سەرۆک سەندیکایە چ فەزلێکی هەیە کە ئیمە بە یاسا هەموو شتێکیان بۆ بکەین؟، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گومانی تێدا نییە سیستەمی ئێمە سیستەمێکی فرەلایەنە، پێویستە هەموو ئەو پرۆژانەی کەدێن شوێن پەنجەی فرە لایەنی پێوە بێت ومونافەسەی تێدا بێت، لێرە پرسیارێک لە برادەرانی لیژنەی یاسا دەکەم، پشتگیری لەرایەکەی وان دەکەم کە ئەو ماددەیە بمێنێ، ئایا ئەوان ئاگایان لەپرۆژەکانی ولاتە لیبرالی یەکان هەیە؟ چونکە ئەو پرۆژانە دێتە بەردەستی ئێمە لەوانەیە بۆنی یەک لایەنی لێ بکرێت، واتا وەرگیراوە (مقتبسە) لەو سیستەمە تاک حزبیانەی خودان دەسەلات، ئایا ئەوان ئاگاداریان لەسەر وان سیستەمێت پرۆژانەدا هەنە وەکو دەوڵەتی لیبرالی ئازاد؟، ئەگەر لەو دەوڵەتانە هەبێت تاکو تەئید بکەین، ئەگەر نا پێویستە مۆری رکابەری ئێمە هەبێت وتێیدا دیار بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو ووتم ئەم ماددەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەندازیارانی کشتوکاڵ، چونکە ئەو پسپۆرییەی کە ئەو لەئاکامی خوێندنەکەی خۆیدا وەریدەگرێت، لێرە لەم بوارەدا جێبەجێی دەکات،

خانوویەک بکرێت ئەگەر ئەندازیارێک ئیمزای نەکات ناکرێت، هەر چەندە معمارییەک دەیکات ئەمە لەبەر لایەنی هونەرییە، سەرپەرشتی کارخانانیش بۆ بۆ ئەوەیە ئەو کارخانە یان ئەو کارگەیەو ئەو (علف حیوانی)و ئەوانەی کە هاتووە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت ئەندازیاری کشتوکاڵی شارەزای هەیە بۆ ئەوەی لەدانانی پرۆژەکە لەگەڵیاندا بەشدار بێت ولەوانەیە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بوێت، ئینجا ئەوەی هەندێ لەبرادەران باسیان کرد دۆنم و دوو دۆنم باغ یان سەد مریشک یان شتێکی وابچووک ئەوە پرۆژەی کشتوکاڵی نییە، کارگەی سپیاتی (ئەلبان)ی دیاری کردووە، بەڵام پرۆژەی کشتوکاڵی چوار دۆنم ناگرێتەوە، من پێشنیارێکم بۆ لیژنەی یاسا کرد حەز دەکەم ئەو پێشنیارە بخەنە روو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ عەفان فەرمووو.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئەوە شتێکی باش نییە، بۆ نموونە سەندیکای مامۆستایان هەیە، سەندیکای مامۆستایان چەند باغچەی ساوایان دەکرێتەوە ئەهلی یە پەیوەندیان بە سەندیکاوە نییە، چەند ئامادەیی ئەهلی کراوەتەوە پەیوەندی بە سەندیکاوە نییە، بەڵام سەندیکا ئەوەندە خزمەتگوزاری پێشکەش کردووە لەوانەیە ئێستا کۆمەڵێک مامۆستا نزیکەی (٣٠٠ - ٤٠٠) مامۆستا لە وەزارەتی تەندروستین، بەڵام پەیوەندیان بە سەندیکاوە نییە زۆر داواکاری پێشکەش دەکەن، بەڵام بەپێی پێڕەو پرۆگرامی سەندیکا ئەوانە لە سەندیکا وەرناگیرێن، ئینجا لەبەر ئەوە من پێم باشە سەندیکا ئەوەندە شتی باش بکات ئەندامەکە خۆی هەوڵ بدات بۆ وەرگرتنی، ئێستا لەناو هەولێردا (١٠ - ١٥) قوتابخانە هەیە هیچیان ئەندامی سەندیکای مامۆستایان نین وخۆیان باغچەی ساوایانیان هەیە ومامۆستان، بەڵام پەیوەندیان نییە بە سەندیکاوە، ئینجا حەز دەکەم ئەویش بە هاندانی ئەندازیارانی کشتوکاڵ بچنە سەندیکای ئەندازیارانەوە نەک بەناچار کردن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. هەندێک بنەما (قواعد) هەیەو بەدەریش (إستثناء) لە هەموو شتێکدا هەیە، بەڵام باوەڕ بکەن ئەمە ئەوەندە زەقە ئەوەندە مەرجی بۆ دانراوە، نایەڵێت کابرا هەناسە بکێشێت، فەرمووو مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو جەنابت ئاماژەت پێدا ئیمە چۆن بەرگری لە کەرتی گشتی (قطاع عام) دەکەین دەبێ ئاواش بەرگری لە کەرتی تایبەت بکەین، بۆیە من بەپەسندی دەزانم کە بڵێین (ولە إدارة وتشغیل

معامل الالبان والعلف الحيواني و الصناعات الزراعية و حقول الدواجن أوي أي مشاريع زراعية أخرى) بەو شێوەیە ئەندازیاری کشتوکاڵ یان خاوەن کارگە مافی هەبێت ئەندازیارێکی کشتوکاڵ بهێنێت و کاری پێ بکات و وا پێدەچێ ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە دەڕۆین و هەموو یاساکانمان بەو شێوەیە دادەڕێژین کە بەرگری لە سەندیکاو لایەنێکی تایبەت بکا، ئەوەش شتێکی باش نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سیروان. قسەکانی منیش هەر وەکو قسەکانی کاک شێخ جەعفەرو کاک مەلا هادی وایە، واتە (لایجوز)ەکە مەرجە، بەڵام مافی پێ بدرێت چونکە ماددەیەکی تریش هاتووە، لێرە لە پرۆژەکە ماددە ١١ بڕگەیەک بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمەشدا یەک بگرێتەوە (یحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية و شبه الرسمية ممارسة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي وفق أحكام هذا القانون) باشە کە مافی پێ بدرێت و ئێمەش لێرە باسی کەرتی تایبەت دەکەین و حەقە مافی ئەوەی پێ بدرێت کە بچێت سەرپەرشتی بکات وئینجا ئەمێنێتەوە سەر ئەو پرۆژە کشتوکاڵییە ئایا ئەندازیار دادەنێت یان نا؟ ئەوا لەسەر خۆی دەمێنێتەوە، سوپاس.

کە ئێمە بوارمان پێی داوە دوای دەوامی ڕەسمی کار بکات بۆ فەرزی بکەین لەسەر خەڵکی تر؟ لێرەش مافی پێدراوەو ماددە ١١ش کە دەبێتە ماددە ١٠ دوایی لەوێ مافی پێدراوە، سوپاس، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئیمەجیاوازی نێوان هەندێک شت بکەین، بۆ نموونەهەندێک پرۆژەی بچووک هەیە پێویست بەوە ناکات، بەڵام هەندێک پرۆژەی گەورە هەیە وەکو کارگەی عەلەف پێویستی بە پرۆتین و کلس و پێویستی تری زۆری هەیە، بۆیە پێویستیشی بە ئەندازیارێک دەبێت کە ئەمانەی بۆ ڕێک بخات، یان کارگەی ئەلبان لەوانەیە هەیە غش و ئەو شتانەی تێدا بکرێت و بۆیە من پێشنیار دەکەم کە (لایجوز إدارة وتشغيل معامل الالبان والعلف الحيواني والصناعات الزراعية إلا بإشراف من مهندس زراعي ممارس) مەرجیش نییە لە سەندیکا ئەندام بێت، یانیش پرۆژەکە تێچوونی لە(٢٥٠)هەزار دینار کەمتر نەبێت و خەڵکێک بۆخۆی کشتوکاڵ بکات یان دوو هۆڵ دروست بکات و کاری تێدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وەکو گوتمان ڕێژەی عەلەف بەپێی بنەمای خۆی دەبێ ئێمە کارگەیەکی بچووکمان هەیە بەپێی ڕێژەیەکی دیاری کراو پرۆتین یان پێداویستییەکانی تری بۆدابین دەکەین، واتە ئەگەر ئەو ئەندازیارە کشتوکاڵی نەبێت ئەوا ئەو کارە نابێت؟ کێ ناڵێت ئەو ئەندازیارە کشوکاڵییە خۆی لەگەڵ خاوەن کارگەکە ڕێک نەکەوتوون؟، ئەگەر مەسەلەکە ساختە بێت، ئەوا ئەندازیاری

کشتوکاڵی چاودێری دەوڵەت نییە لەوێ ئەندازیاری کشتوکاڵ پیشەیەو کێ ناڵێت ئەم ئەندازیارە خۆی ساختەکە ناکات؟ ئەوەی کە جەنابت دەیڵێیت ئەوە کاری لیژانی چاودێری و پشکنینە، ئەو کارگانەش یەکسەرو سەربەخۆ ناچن پێداویستییەکانیان بکڕن، ئەوانیش نمونە و ستانداری خۆیان هەیەو ئەیخەنە بەردەم لایەنی ڕەسمی و لە تاقیگەکاندا فەحس دەکرێت ئەگەر خراپ بوو ئەوا خەڵک شکاتی لێدەکات دەڵێت ئەوا من عەلەفی ئاژەڵم لە فلان کارگە کڕیوەو لەبەر ئەوە ئاژەڵەکانمان وای لێهاتووە، ئەگەر دوای فەحس کردنی خراپ بوو، ئەوا سزا دەدرێت، واتە ئەندازیاری کشتوکاڵ زامین نییە بۆ ئەم کارگانە بەڵکو خاوەن کارگە خۆی بڕیار دەدات، ئەمە ئەو ڕێگایانە لە ئێمە ناگرێت کە بیری لێ دەکەینەوە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــرەنســـــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

من پێم وایە هیچ گرفتێک نییەو ئەو ماددەی کە هاتووە ماددەیەکی زۆر ڕیکەو ئەوەی جەنابت دەیڵێیت (أوأي مشاريع أخرى) ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوانەی یەکەم واتە (أي مشاريع أخرى) وەکو ئەو پرۆژانەی کە لەوەوپێش هاتوون، لەبەر ئەوە بە بڕوای من هیچ زەرەری نییە کە ماددەکە وەکو خۆ بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

سوپاس، با بیخوێنینەوە، (لايجوز إدارة وتشغيل معامل الالبان والعلف الحيواني والصناعات الزراعية وحقول الدواجن أو أية مشاريع زراعية أخرى)وەکوئەڵێن (بغض النظر) وابزانم ئاشکرایە، ئەمانەی دیاری کردووەو لەدەرەوەی ئەمانەش ئەگەر شتی تر هات ئەبێ هەر وابێت، فەرموو کاک د.ناسح.

**بەڕێز ناسح غـــــەفـــــور ڕەمـــــــەزان:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن.**

ئەگەر بمانەوێت ئەو گرفتە چارەسەر بێت ئەوا تەنها بەیەک ووشە دەتوانین چارەسەری بکەین (أية مشاريع أخرى مماثلة) واتە وشەی (مماثلە)ی بۆ دابنێیت لەوانەی ئەو کاتە جێگای خۆی بگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــــەن:**

ئەوە پرۆژەیەکە و ئێمە گفتوگۆی بنەماکەی دەکەین وئەو بنەمایە پێوەند (قيود)ێکی گشتییە بەم (عامە)یە کە هاتووە (أى مشاريع أخرى)، ئەگەر حەز دەکەن دەیخەینە دەنگدانەوە، بمێنێت یاخود نەمێنێت؟، دوایی ئەگەر بیر لە داڕشتنێکی تر بکرێتەوە، ماددە هەشت دەخەینە دەنگدانەوە، دوایی ئەگەر نەما بیربکەنەو دەقێکی تر بدۆزنەوە، بە دوو ماددە دوای ئەوە مافی ئەوەمان بە ئەندازیاری کشتوکاڵ داوە کە کار بکات و ئازادە، دوای دەوام بۆ لایەنی ڕەسمی دیاری کراو بووەو ئەندازیاری کشتوکاڵ بەپێی یاسا ئازادە ئیش و کاری خۆی بکات، واتە هیچ گرفتێکمان

لەسەر ئەوە نییە، ئەم ماددەیە وەکو گوتم ماددەیەکی (إقحامی)یە قیودێکمان داناوە لەکاتێکدا کە لەماددەیکی تردا هاتووین هەمان شتمان دووبارە کردۆتەوە، ئەڵێین دوای دەوام بۆ خۆت کار بکە، ئێمە ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە؟ ئەگەر وەکو خۆی مایەوە ئەوا چاکە ئەگەر نا ئەوا دوو پرۆژەمان بۆ هاتووە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە بەلام بەو شیوەیە، (يجوز إدارة وتشغيل معامل الالبان والعلف الحيواني والصناعات الزراعية وحقول الدواجن أو أية مشاريع زراعية أخرى غير تابعة لجهات رسمية تحت إشراف مهندس زراعي مختص)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە مەبدەئەکە گفتوگۆ بکەین ئەوا مافی مرۆڤ پێشێل دەکەین واتە ئەو (لايجوز)ـە وەکو ئەوەی من خاوەن سەرمایەکم وە پسپۆریشم هەیە بەلام ئەندازیاری کشتوکاڵ نیم و لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم کارگەی ئەلبان بەڕیوە بەرم و ئەوەش تەجاوزێکی زۆرە لەسەر مافەکان لەبەر ئەوەی ئەندازیاری کشتوکاڵی زۆر هەیە تەنها پسپۆرییەکەی زەوییەو هیچ پەیوەندیی نییە بە بابەتی ئەلبان، یان پسپۆری باغدارییە بۆیە من لەگەڵ ڕای ئەو برادەرانەدام کە ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت چونکە ماددەکەی دوای ئەوە ڕاستەوخۆ ئەمەی چارە کردووەو بۆ نووسینگەکانی کشتوکاڵی ئەبێ مافی سەندیکا هەبێت لەو بابەتە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئێمە دەقێک بدۆزینەوەو بەو رەهاییە نەبێت، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە بۆ تەجاوز نەبێت لەسەر مافی ئەندازیار بۆ تجاوزە لەسەر مافی خاوەن کارگە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وەلامی ئەو خاڵە دەدەمەوە، ئەمە تجاوز نییە چونکە ئەندازیاری کشتوکاڵی مافی دامەزراندنی پێ دراوە، مافی ئەوەی پێ دراوە دوای دەوام بەرەسمی کار بکات، لە زۆر جیگای تر مافی سەرپەرشتی پێ دراوە، وە مافی پێدراوە کە نووسینگە بکاتەوەو مەغدور نییەو ئەمە إقحامە، دەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەگەر دەقێکی تر بدۆزینەوە کە بگونجێت لەگەڵ دوو ماددەی پێشەوەو خوارەوە، ماددە نۆ دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟

سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بەزۆربەی دەنگ لەگەڵ ئەوە نین وەکو خۆی بمێنێتەوە، واتە دارشتنێکی تر بدۆزینەوە بۆ ئەو ماددەیە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کارگەو پرۆژانە سوودمەند بن لەو ئەندازیارە کشتوکاڵییانە هەرچەندە وەکو گوتم ماددەی دوای ئەوە چارەسەری کردووە، کاک محەمەد فەرمو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی ڕایەکان وایە کە بگۆڕدرێت من پێشنیار دەکەم کە (أو أیة مشاریع زراعیة) لاببرێت (أو أیة مشاریع أخری) وەکوکاک فرەنسۆ گوتی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ماددەکە (ئەلبان و عەلەف) و (زراعی) لاببەین و دەبێتە دارشتنێکی تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە بەدەوری خاڵێکدا مەخولینەوە، ئەم بنەمایە لەگەڵ دوو برگەی خوارەوە ناگونجێت و بیروراکانیش بەو شێوەیەیە کە ئێمە ئەوە هەڵگرین لەبەر ئەوە بگەڕێن و دارشتنێکی تری بۆ بدۆزنەوەو ئەو ماددەیە دوا دەخرێت تاوەکو دانیشتنی ئایندە بۆ ئەوەی دارشتنێکی جوانی بۆ بدۆزرێنەوە، ماددە نۆ، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە التاسعە: (لایجوز للأعضاء فتح مکاتب زراعیة إلا بعد إستحصال إجازة خاصة من النقابة وتستوفي رسما سنویا عنها مقدارە مائة دینار)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبنی هەیە لەسەر ماددە نۆ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی وئابووری تێبنییان هەیە فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کردنەوەی نووسینگەی کشتوکاڵی بەڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ دەبێت، واتە مۆڵەتەکە لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەردەچێت، رسوماتەکانیشی بەپێی وصولات بۆ گەنجینەی دەوڵەت دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوە ئێمە پێش ئێستاش پێشنیارمان کرد کە لەگەڵ ریزم بۆلیژنەی یاسا ئەوماددەیە نەمێنێت، بەڵام زۆر جار دەیانگوت کاری دارایی ئێمە بەڕای لیژنەی دارایی دەکەین و

ئیمەش لەلیژنەی دارایی کردنەوەی نووسینگەکانی کشتوکاڵی کە ئیستاش لە هەرێمدا باوە نەوەک تەنها لەعێراق بەتەنیا و مۆڵەت دانەکەشی ئەبێ لە وەزارەتی کشوکاڵ بێت، نووسینگەی کشتوکاڵی دەبێت گرفت نییە بەڵام مۆڵەت کێ دەیبەخشێ؟ دەبێ وەزارەتی کشتوکاڵ بێت رەسمیش بۆ وەزارەتی کشتوکاڵە بەپێی وصلی وەزارەتی دارایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ کردنەوەی نووسینگە لە سەندیکای پزیشکان بەهەمان شیوە کردوومانە، وە ئەمە لە حکومەتی مەرکەزیش بەهەمان شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها دوو بۆچوونم هەیە، یەکەمیان، ئەگەر ڕاستە لە یاسای حکومەتی مەرکەزی وەرگیراوە ئەوا ئێمە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی جیاوازیمان هەیە چونکە ئەو یەک لایەنییەو ئیمەش فرە حزبیین، دوو، وشەی (إجازە خاصە) چییە لێرە، ئەگەر بۆمانی ڕوون بکەنەوە، چونکە (إجازە) ئەوەیان ڕاستە بەڵام (خاصە)کە چییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی بۆ ئەم ماددەیە من پێشنیاردەکەم کە بەم شێوەیە بێت (لایجوز للأعضاء فتح مكاتب زراعية إلا بعد إستحصال إجازة من الجهة المختصة) و لایەنی پەیوەندیداریش ئەو کاتە وەزارەتی کشتوکاڵە، بەڵام ئەگەر سەندیکا ویستی یارمەتی بدات لەو حاڵەتە ئەوا شتێکی تر زیاد دەکەین (وفي هذه الحالة يدفع مساعدة مالية أو سنوية قدرها مائة دينار للنقابة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە خۆی بۆ ئەندامان کراوە، بۆ زانیاریتان نەک بۆ هەموو ئەندازیارێکی کشتوکاڵ بەڵکو بۆ هەموو ئەندامێک لەسەندیکادا (لایجوز للأعضاء فتح مكاتب) سەندیکایەکی تریش گوتمان نەوەک کابرایەک بێت و (ئینتحالی)سیفەتی پیشەیەکی دیاری کراو بکات، باشترە لە سەندیکا

جێکای تایبەتمەند بەو شتانە وەکو پشتگیرییەک یان ئاگادارییەکی هەبێت بۆ دەست دانە پیشەیەکی دیاری کراو، لێرە تەنها مەرجەکەی بەسەر ئەندامانەدا سەپاندووە، لێرە غەدری لە ئەندامانی خۆی کردووە، بۆیە من دەڵێم دەقەکان شێوەیەکی ئیجباریان تێدایە، باشە کە من ئەندامی سەندیکا بم و بچم نووسینگەیەک بۆخۆم دابنێم بۆ دەبێت رەسم بەتۆ بدەم و مۆڵەت لە تۆ وەربگرم؟ من ئەندامی تۆم و ئەبێ تۆش هانم بدەیت و ئەگەر ڕاست دەکەیت و دەتەوێ هەیبەتی خۆت وەکو سەندیکا فەرز بکەیت و پێشکەویت، ئەوا بڵێ ئەندازیاری کشتوکاڵی بۆی نییە نووسینگەیەک بکاتەوە ئەگەر ئاگاداری سەندیکا نەکاتەوە یان ڕەسم بە سەندیکا نەدات ئەوە گشتییە بەڵام تۆ دێیت مەرجەکە لەسەر ئەوانی ئەندام نین هەڵدەگریت ولەسەر ئەندامی خۆت لە سەندیکا لەسەری دادەنێیت، ئەوەی کە ئەندامی سەندیکایە ئەوا مەرجێکی تری بۆ زیاد کردووە، کە دەڵێت نابێ تۆ نوسینگەبکەیتەوە تاوەکو ئاگاداری سەندیکا نەکەیتەوە لەم مەسەلانە مرۆڤ هەست دەکات کە جۆرە غەدرێکی تێدایە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ئێمە ئەو ماددەیە لابەین و ماددەی پێشووشمان لابردو، کە دێینە سەر فەسڵی چوارەم «مالیە النقابە» ئەی ئەگەر ئەوانە هەمووی لاچوون ئەی (مالیە النقابە) لەکوێ دێتن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتە لەبەر خاتری پارە ئێمە باری سەرشانی ئەندامی سەندیکا گران بکەین؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هاندانی سەندیکا فەرزە لەسەر ئێمە ئەوە یەک، دووەم ئێمە ئەو ماددانە سەندیکا داینا وەو وەکو کاک جەعفەر فەرمووی لە حکومەتی مەرکەزی وەرگیراوە، ئەوە گرنگ نییە بەڵام هەرچی داهاتێک کە بۆ سەندیکا دێت و، ئێمە لامان برد ئەی سەندیکا بەچی بژی؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە بەڵام بۆ تەنها ئەندامانی سەندیکا ئەبێ ڕەسم بدەن ئەگەر نووسینگە بکەنەوە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبەر ئەوەی ئەندامێکە لەسەندیکا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە بەڵام بۆ هەموو ئەندازیارێکی کشتوکاڵ کەبیەوێت شتێکی وەها یان نووسینگەیەک بکاتەوە باشتر نییە؟ ئایا داهاتی زیاتر نابێت؟ من ئەندامی سەندیکام مانگانە ڕەسم بدەم وساڵانەش ڕەسم بدەم و ئینجا بەسەریشمدا فەرز بکرێ کە نووسینگەیەک بۆخۆم بکەمەوە ئەبێ ڕەسم بدەم،

بەلاّم ئەندازیارێکی تر ئەندامیش نەبێت مانگانەش نەدات وسالاّنەش نەدات و لەگەلّ ئەوەشدا نووسینگە بکاتەوە پارەی ئەویشیان نەدات ئینجا سەرپەرشتی بکات بەسەر هەموو کارگەیەکدا، ئەوە ناگونجێت لەگەلّ ئەوەی کە جەنابتان دەیلێیت، پێکەن بەگشتیی هەر ئەندازیارێکی کشتوکالّ بیەوێ نووسینگەیەک بکاتەوە ئەبی ئەوەندە دینارە بدات بە ئاگاداری سەندیکا، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە ماددەیەکمان هەیە کە دەلێت ئەندازیاری کشتوکالّ دەبێ ئینتما بکات بۆ سەندیکا، واتە ئەندازیاری کشتوکالّی ئەندامێتی نەبێت لە سەندیکا ئەوا مافی ئەوەی نییە نووسینگە بکاتەوە، بەلاّم جەنابت دەچیتە ئەوماددەیەی کە دەلێت فەرمانبەر بیت لە دەزگاکانی حکومەت و ممارسەی پیشەی خۆی ئەوا ئێمە ئەوەمان لابرد کە ئەندامێتی نەبێت لە سەندیکا و ممارسەی پیشەی ئەندازیاری کشتوکالّی ئەوەی لە حکومەت دیاری کراوە ئەوا نووسینگە ناکاتەوە بەلّکو لەوانەیە سەرپەرشتی بکات لەسەر هەندێکیان، ئێمەش وەکو لیژنەی یاسا لەگەلّ ئەو ماددەیە داین و ئەگەر پرۆژەیەکی تریش هەیە ئەوا با بخرێتە بەردەم ئەنجوومەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پرسیارەکە ئەوەیە بۆ ئیلا ئەندامانی سەندیکا ئەو مەرجەتان بۆ داناوە واتە نووسینگە بکاتەوە دەبێت هەم بە ئاگاداری سەندیکا بێت و هەم پارەیش بدات؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەی بۆ کێی تری دابنێین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ هەموو ئەندازیارانی کشتوکالّ دایبنێین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ هەموومان داناوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی ئەگەر یەکێک ئەندام نەبوو لە سەندیکا؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوا نابیت نووسینگە بکاتەوە. ئێستا لە ماددەی تر دێینە سەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو ماددەیە ڕادەگرین ئەگەر لە جێگایەکی تر هات ئەوا چاکی دەکەینەوە، ئەگەر لەماددەکی تر چارەسەری کرابوو ئەوا من لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسام، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمە ئەگەر سەرنج بدەینە ڕێکخراوەکان و سەندیکاکانی خۆمان ئەوا ٩٠٪ یان لەسەر پێ بەخشین (منح) دەژیت و پێ بەخشینانەش لەحکومەت وەردەگیرێت و لە هەموو جیهاندا دەبێ سەندیکاو ریکخراو سەرچاوەی داهاتی خۆی هەبێت، یەکێک لەو داهاتانە ئەو رسوماتانەیە رسوماتی ئەندامێتیە و رسوماتی تر کە بتوانێ خۆی پێ بەڕێوە ببات و ئیمەش چۆن بەرگری لە ئەندامانی سەندیکا دەکەین، دەبێ بەو شێوەیەش بەرگری لە سەندیکاکە بکەین چونکە لە هەمان کات بەو پارەیە سەندیکا خزمەتگوزاری پێشکەش بە ئەندامانی خۆی دەکات، بۆیە لەبەر ئەوەی ئیمە ئەو منحەیەمان لەکۆڵ ببیتەوە حەق وایە بەرەو داهاتێک بچین بۆ سەندیکا بۆ پشتگیری کردنی ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها تێبینی ئەوە نییە کە منح وەر نەگیرێ، بەڵکو تێبنیی ئەوەیە ئێمە دەڵێین بیکەن بە گشتیی و فەرزی مەکەن بەسەر ئەندامی سەندیکا، هەر ئەندازیارێکی کشتوکاڵ دەیەوێت نووسینگەیەک بکاتەوە بۆخۆی با بە ئاگاداری سەندیکا بێت و بیکەن بە گشتی بەلام ئەو (لایجوز)ـە تەنها با لەسەر ئەندامی سەندیکا نەبێت، بۆ ئەوەی ناچار نەبین لە دوا ڕۆژدا هەمواركردنێكی تر بكەین لە دوا ڕۆژدا با جارێ بڕۆینە سەر ماددەیەکی تر ئەگەر ماددەیەکی تر ئەم بابەتەی چارەسەر كردووە ئەوا باشە، ئەگەر نەیکردووە ئەوا دێینەوە سەر ئەو ماددەیەو ئەو کات بەهەر شێوەیەک بیت چارەسەری دەکەین، مادده ١٠، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أولا: يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية أو الشبه الرسمية ممارسة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي وفق أحكام هذا القانون.

ثانيا: يستحق العضو الذي تقرر منعه من مزاولة المهنة وفق الفقرة أعلاه المخصصات المهنية وفق أحكام القوانين والأنظمة والقواعد المعمول بها في دائرته.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا تێبینییان نییە، لیژنەی دارایی و ئابووریش تێبینییان نییە، لیژنەی کشتوکاڵیش بە هەمان شێوە، برادەران کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە کارمەندێک ویستی دوای دەوامی ڕەسمی کار بکات دەبێ ڕەزامەندی فەرمانگەکەی هەبێت، چونکە بەڕاستی هەندێک کار هەیە فەرمانگەکەی پێویستی بەوەهەیە کە ئەو فەرمانبەرە خۆی بۆ تەرخان بکات لەبەر ئەوە (يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية أو الشبه الرسمية ممارسة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي بعد إستحصال موافقة دائرته، چونکە فەرمانگەکەی پێویستی بەو هەیە کە دوای دەوام کاری بۆ بکات وئەمەش زۆر جار ڕوویداوە لە فەرمانگەکاندا کە فەرمانبەرێک داوا دەکات لە فەرمانگەکەی خۆی کە دوای دەوامی ڕەسمی کار بکات بەڵام فەرمانگەکەی ڕازی نابێت و پێ دەڵێت پێویستمان پێت هەیە، لەپاشان لە بڕگەی دوودا بەپێچەوانەوە ئەگەر ڕێگای پێدرا دوای دەوامی ڕەسمی دەست بداتە پیشە ئەبێ دەرماڵەی لێ ببڕیت نەک بیدەیتێ، ئەو ئەندازیارەی دوای دەوام کار دەکات جا نووسینگە دەکاتەوە یان لای بەڵێندەرێک کار دەکات هەموو دەرماڵەی لێ ببڕێت نەک بەردەوام بێت لەسەر دەرماڵە پیشەییەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک ئەمین گوتی (يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية أو الشبه الرسمية ممارسة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي)خۆی فەرمانبەر بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی نابێت دوای دەوام کار بکات و، ئەوەی بێت و مزاولەی مهنەی خۆی بکات دوای دەوامی ڕەسمی ئەوە گرفتی خۆیەتی ئایا ڕەزامەندی فەرمانگەکەی خۆی وەردەگرێت یان نا؟ ئەوە یاسای سەندیکایە و سەبارەت بەسەندیکاش ئەوا لاری نییە، بەڵام یاسایەکی تر هەیەو فەرمانگەکەی قەدەغەی دەکات و ئەوە گرفتی خۆیەتی لەگەڵ فەرمانگەکەی خۆی چۆن مۆڵەت وەردەگرێ.

بڕگەی دووەم کە دەڵێ (يستحق العضو الذي تقرر منعه من مزاولة المهنة وفق الفقرة أعلاه المخصصات المهنية وفق أحكام القوانين والأنظمة والقواعد المعمول بها في دائرته.) ئەگەر فەرمانگە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی قەدەغەکرد لەوەی کەنابێ کار بکات دوای دەوام ئەوا دەبێ هەرچی دەرماڵەی پیشەیی کە موستەحەقە بەگوێرەی یاسا پێی بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ ڕوون کردنەوەیەک دەربارەی دەرماڵە بکەم، ئەوەی کە کاک محەمەد باسی کرد، واتە ئەگەر دوای دەوامی رەسمی دەستی دا پیشە ئەوا دەرماڵەی نادرێتێ، بەڵام لێرە بەو شێوەیە نەهاتووە و تەنها باسی ئەو کەسە دەکات کە قەدەغە کراوە لە دەست دانە پیشە، ئەی ئەوەی کە قەدەغە نەکراوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کە قەدەغە کراوە ئەوا دەرماڵەی پێ دەدرێت، ئەگەر قەدەغە نەکرا ئەوا پیشەی خۆی ئەنجام دەدات و دەرماڵەی نادرێتێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک دکتۆر رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم هاودژییەک لە نێوان برگە یەک و دوو هەیە، چونکە دەرماڵەی پیشەیی دەدرێتە ئەو کەسانەی کە کار ناکەن، باشە بۆ ئەگەر (تقرر منعه)ئەوا دەرماڵەی پێ دەدەیت و، ئەگەر (يجوز)یش بێت ئەوا دەرماڵەی دەدەیتێ؟، دەبێ جیاوازییەک هەبێت، واتە من پێشنیار دەکەم بۆ برگە یەک کە (وفق أحكام هذا القانون) لاببرێت و (على أن يحرم من المخصصات المهنيه) بۆ برگە دوو پێویستە چونکە موستەحەقەو قەدەغەی دەکات کە دەست بداتە پیشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ ڕەقیب فەرموو.

**بەڕێز ڕەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ڕای کاک ئەمین دام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وەڵامی کاک ئەمینم دایەوە، لیکدانەوەی کاک ئەمین لە برگەی یەک ودوو وا دەزانم زۆر ڕوون

نییه، با بیخوێنینەوە (أولا: يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية أو شبه الرسمية ممارسة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي وفق أحكام هذا القانون.).
واتە ئەم یاسایەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت ئەگەر دوای دەوامی رەسمی دەست بداتە پیشە، بەڵام رەزامەندی سەرۆکی فەرمانگە ئەوە گرفتی ئەوە و گرفتی سەندیکا و یاسای سەندیکا نییە، با بچێت بۆخۆی رەزامەندی سەرۆکی فەرمانگە وەربگرێت و سەرۆکی فەرمانگە دەتوانێت قەدەغەی بکات،دووەم: (ثانيا: يستحق العضو الذي تقرر منعه من مزاولة المهنة وفق الفقرة أعلاه المخصصات المهنية وفق أحكام القوانين والأنظمة والقواعد المعمول بها في دائرته) هەردوو برگە روون و ئاشکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین وەڵامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک محەمەد گوتی ئەمە لە یاسایەکی تردا هاتووەو ئیمە لێرە دەڵێین (وفق أحكام هذا القانون) ئەومافەمان داوەتێ، کەواتە ئەمە هاودژەلەگەڵ ئەو یاسایەی پێشوو کە دەڵێت دەبێ رەزامەندی فەرمانگەکەی وەربگرێت، ئەوە یەک، دووەم بەڕاستی برگە دوو زیادە چونکە دەرماڵەی پیشەیی هەیە، بەلام کە تۆ قەدەغەت کرد، ئیتر دەرماڵەی پیشەیی خۆی ئەگەر قەدەغەیشی نەکەیت ئەوا وەری دەگرێت، بۆچی ئەم دەقە لێرەدا بێت؟ خۆی ئەندازیارێکی کشتوکاڵی دەرماڵەی خۆی وەردەگرێت تۆ قەدەغەیشی نەکەیت ئەو هەر وەری دەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا رای وایە هیچ کەموکورتیەک لە برگە (١) و (٢)دا نییە و هیچ پێچەوانەیەکی تێدا نییە، ئەگەر پرۆژەیەکیش هەیە لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمان با پرۆژەکەی پێشکەش بکات و، دەیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت وەڵامی (کاک ئەمین)ت نەداوە، کاک ئەمین دەڵێت و جەنابت گوتت: فەرمانبەرانی دەزگا رەسمییەکان بۆیان نییە دوای دەوام کار بکەن لێرەدا دەڵێت: (وفق أحكام هذا القانون) بۆیان هەیە دوای دەوام ئیش بکەن، تکایە ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من نەمگوتووە بۆیان نییە ئیش بکەن بەپێچەوانەوە من دەڵێم (يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية) من دەڵێم بۆیان هەیە ئیش بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام یاساکانی خزمەتی مەدەنی ئێمە کە ئێستا کاری پێ دەکرێ فەرمانبەران بۆیان نییە دوای دەوام ئیش بکەن وەکو خۆتان دەڵێن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە گرفتی خۆی و فەرمانگەکەیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئێمە یاسا دەردەکەین. دەبێ یاساکانی تریش بگۆڕین بڵێین با دەقێک دابنێین بۆ هەر وەزارەتێک: (إذا كان الموظف عضواً في نقابة معينة يجوز لة العمل ..)

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە گرفتی سەرۆکی فەرمانگەیە، ئێستا زۆر فەرمانبەر هەیە دەچن کار دەکەن، بەڵام ئەوە گرفتی نێوان ئەو ئەندازیارەو فەرمانگەکەیە، ئێمە هیچ روونکردنەوەیەکی ترمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەقیب فەرموو.

**بەڕێز رەقیب مەلا حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە بەپێی رەزامەندی فەرمانگەکەی خۆیەتی، ئەگەر فەرمانگەکەی رازی بێ ئەوە ئیش دەکات، ئەگەر رازیش نەبێت ناتوانێ دوای دەوام کار بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە فەرمانگەکەی خۆی بەپێی یاسا ئەمە دەکات یان بە میزاجی بەڕێوەبەرەکان ئەگەر بەیاسا دەیکەن، ئەمەش هەر یاسایە، ئێمە لە پەرلەماندا ئێستا رووبەرووی دوو یاساین یاسایەکی کۆنمان هەیە کە فەرمانگە نەهێڵێ فەرمانبەری خۆی دوای دەوام ئیش بکات، ئێستا یاسایەکی تر دەردەکەین بە فەرمانبەر دەڵێین برۆ دوای دەوام ئیش بکە، من سەرۆک فەرمانگەم کامی جێبەجێ بکەم؟!.

**بەڕێز رەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ، نابێ ئەم یاسایە ئێستا لەبەردەستماندایە دەربچێ، چونکە ئەو یاسایە (معارض) دەبێت لەگەڵ یاسای فەرمانگەی خۆی و ئەو کۆنترەو ئێستا جێبەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکیان لەسەر ئەم ماددەیە نییە؟، ئێستا دەرگای گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە دەکەینەوە (کاک فرەنسۆ، کاک شێخ، کاک ئیبراهیم، کاک عەبدولخالق، کاک د.رزگار، مەلا هادی).

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێموایە ماددەکە زۆر روونە دەڵێت: (بۆ هەیە ئیش بکات)، ئەوەی جەنابت و کاک ئەمین باسی دەکات، کاتێک کاتژمێر دوو دەوام تەواو دەبێت لە فەرمانگە دەرچوون و سەرۆکی فەرمانگە پێی نەگوت سەعات (٥ر٢ یان ٣) ئیشمان هەیە، وەرەوە فەرمانگە ئەوە ئەو ئازادە دەچێت بۆخۆی ئیش دەکات، بەڵام ئەگەر ئیش هەبوو لە فەرمانگە ئەوا سەرۆکەکەی پێی دەڵێت ئیشمان هەیە نانی خۆت بخۆو وەرەوە ئەمە شتێکی زۆر روونە و زۆر ئاساییە، ئەوەی بچێ لەدەرەوە ئیش بکات دەرماڵەی پیشەیی لێ دەبڕێت، چونکە بەرامبەر ئیشەکە پارە وەردەگرێ لە جیاتی دەرماڵەی پیشەیی پارە وەردگرێ ئەوەی کە قەدەغە دەکرێ لەوەی دوای دەوام ئیش بکات ئەوا دەرماڵەی پیشەییەکەی بۆ خەرج دەکرێت، ئەمە زۆر ئاساییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد خۆی دەڵێت فەرمانبەران یاسایان هەیە نابێ دوای دەوام ئیش بکەن ئەوە رای ئەوانە ئەوجا راست بێت یان نا ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نییە، کاک محەمەد دەڵێن فەرمانبەران بۆیان نییە دوای دەوام کار بکەن ئەوە بە یاسایە، باشە لێرەشدا دەڵێن بەپێی یاسا بۆی هەیە ئیش بکات، باشە سەرۆک فەرمانگە لەم حاڵەتەدا چ بکات دوای دەوام من ئەندازیارم لە فەرمانگە ئیش دەکەم و دەرماڵە وەردەگرم؟ مانگی پەنجا دینار وەردەگرم لەبەرئەوەی ئەندازیاری کشتوکاڵیم دەوامم تەواو دەبێت دەچمەوە ماڵی خۆم بۆ خۆم دەچم دوای دەوام لە کۆمپانیایەک ئیش دەکەم هاوڕێیەکەی من ئیش ناکات پابەندی کردووە بە یاسای فەرمانگەکەی ئەمەش پابەندی کردووە بەم یاسایە، باشە ئەگەر ئەو کابرایە بە قاچاغ ئیشی کردوو سەرۆک فەرمانگە نەیزانی لێرەدا دەبێت دەقێکمان هەبێت بۆئەوەی ئەو سەرۆک فەرمانگەیە کە بەپێی یاسا قەدەغەیە فەرمانبەرانی ئیش بکەن تەعاروز نەکات لەگەڵ ئەم دەقە یاساییە، یان بنووسن (بەرەزامەندی فەرمانگە)، یان ئەم دەقە هەڵبگرن و دەقێکی تر دابنێن، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لێرەدا ئێمە دەقێکی ترمان هەیە ماددە (٣٨): (لايعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک محەمەد من یەک پرسیار لە جەنابت دەکەم دەکرێ ئێمە یاسای (خدمە)ی مەدەنی تێک بدەین لەبەر خاتری یاسای یەک سەندیکا؟، کامیان بەهێزترە؟ جەنابت موشەریعی.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێگومان یاسای مەدەنی بەهێزترە من ناتوانم بڵێم ئەمە بەهێزترە باشە با ئەمە لاببرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چارەسەری بۆ بدۆزنەوە بۆچی هەموو شتێک لابدەین، کاک فەرسەت حەلێکی هەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/ سکرتێری ئەنجومەن.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شتێکی زانراوە لای هەمووان کە فەرمانبەر دوای دەوام ئیش ناکات بەڵام با موسادەرەی مافی فەرمانگە رەسمییەکان نەکەین لەو حاڵەتە هەمان کاتیش موسادەرەی مافی سەندیکاش نەکەین بەرای من ئەگەر بێتو چارەسەریەکی مام ناوەندی دابنێین لە برگە (١): يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية وشبه الرسيمة ممارسة المهنة خارج اوقات الدوام الرسمي وفق أحكام هذا القانون بموافقة الدائرة التي يعمل فيها) ئەگەر هاتوو فەرمانگە مۆڵەتی پێ دا پاش دەوام ئیش بکات هەتاکو موتەعاریز نەبێت لەگەڵ فەرمانگەی تر، چونکە بابەتەکە سەبارەت بە سەرۆکی فەرمانگە (جواز)ی نییە، سەرۆک فەرمانگە بە یاسایەک پابەندە کە فەرمانبەر قەدەغە دەکات، لەبەرئەوە هەتاکو یاسای سەندیکا لەگەڵ یاساکانی تر موتەعایریز نەبێت بەرای من بابەتەکە لێرەدا (جواز)ی بێت هەتاکو مافی فەرمانگەکە موسادەرە نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێ زەحمەت ثانیا بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانياً: يستحق العضو الذي تقرر منعه من مزاولة المهنة وفق الفقرة اعلاه المخصصات المهنية وفق أحكام القوانين والأنظمة والقواعد المعمول بها في دائرته).

بەرای من برگە دوو راست و دروستە، چونکە ئەگەر هاتوو فەرمانگەکە فەرمانبەری قەدەغەکە کرد پاش دەوام ئیش بکات پێویستە بە دەرماڵەی پیشەیی قەرەبوی بکاتەوە واتا داهاتێکی بۆ دروست بکات کە بەپێی یاسا پێی ئەدرێت.

بەڵام سەبارەت برگەی یەکەم با روونی بکەینەوە بۆ ئەوەی هیچ گرفتێکی تێدا نەمێنێت ببەسترێتەوە بە رەزامەندی فەرمانگەی خۆی، نەک رای سەندیکا پەسندتر بێت لە رای فەرمانگەکەی خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من هەندێ فەرمانگە هەنە سەعاتی ئیزافیان نییە هەندێکی تر هەیانە دوو دەوامیان هەیە لەوێ دەرماڵەی ئیزافی دەدرێتە ئەو فەرمانبەرە، ئەو فەرمانبەری نایەوێ دوای دەوام بچێت بۆ فەرمانگەکەی خۆی و، ئیشێکی تر بۆخۆی دەبینێتەوە و فەرمانگە رازی بوو بەشێوەیەکی ئاسایی دەرماڵەکەی لی دەستێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ برادەران بزانن سەعاتی ئیزافی و دەرماڵەی پیشەیی دوو شتی لەیەک جیاوازن، هەر یەکەیان یاسای خۆی هەیە. کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داوای لێبوردن دەکەم من بۆیە دەستم هەڵنەبڕی بۆ قسە کردن، ئەم دوو خاڵە زۆر روونە دەرماڵەی ئەندازیاری کشتوکاڵی سەری ساڵی هەموو ساڵێک ئەنکێتی تایبەتی هەیە کە دەرماڵەی پیشەیی لە (٢٥ ٪)ە، تیایدا تەعەهود دەدات کە دەبێ ئیش نەکات دوای دەوامی رەسمی و ئەگەر هاتوو بیکات تاوانبار دەبێت، لەبەرئەوەی تەعەهودی داوە و ناتوانێ بیکات، ئەگەر ئەو ئەنکێتە پر نەکاتەوە بۆی هەیە دوای دەوامی رەسمی دەوام بکات ئینجا کە لێرەدا دەڵێت وفق احكام هذا القانون، مەبەستی مادده (٥) بوو کە دەڵێت: (للمهندس الزراعي حق الاشراف) واتا ئەو ئیشانە بکات لێرەدا ئەوەی دیاری کردووە مەبەستی یاسای مەدەنی نییە، یانی لێرە کە دەڵێت (وفق احكام هذا القانون) ئەو ئیشەی کە بۆ ئەندازیاری کشتوکاڵی لێرەدا دایناوە کە چییە؟ لە دوای دەوامی رەسمی و دەرماڵەشی نادرێتێ تاوەکو لەسەری ساڵی تازە تەعەهود دەدات کە ئەو دوای دەوامی رەسمی ئیش نەکات، لەبەرئەوە ئەو دوو خاڵە زۆر روونە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ لێرەدا بڕگە (١) رەهایە: (يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ممارسة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي وفق أحكام هذا القانون). کە بەپێ ئەم دەقە فەرمانبەران دەتوانن کار بکەن دوای دەوامی رەسمی، ئێمە یاسای ترمان هەیە ئەو رێگەیەی لێ گرتووە باشە وەکو یاساناسانمان دەڵێن کار بە کامیان بکەین؟ دەبێ چارەیەک بدۆزینەوە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی کاک فەرسەت دام، لەبەرئەوەی دەبێ ڕەزامەندی وەربگرێ و هاودژ نەبێ لەگەڵ یاسا ئەوە لایەنێکی. لایەنی دووەمیش پەیوەندی هەیە بە خاڵی دووەمەوە لەبەرئەویە کەرتی کشتوکاڵ زۆر گرنگە لە کۆمەڵی کوردستانی و، لە دوای دەوام پێویستە هەندێ کارگەکەمان هەبێ لە کەرتی کشتوکاڵی، لەبەرئەوەی دەرماڵەکەشیان زۆر نییە لە حاڵەتێکدا ئەگەر فەرمانگەکەی ڕازی بوو ئەوە ئەندازیارەکە ئازاد بێت کار بکات، برگەی دووەم هەڵە نییە لەبەرئەوە ئێمە دەبێت بەو ئیتجاهە بین ورد بین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(وفق احکام هذا القانون) ئەوە کاک فەرسەت گوتی لەوانەیە (تەعویز) بکات، بەڵام من دەمەوێ برگەیەک پێشنیار بکەم کە ئەو ئەندامەی کە ئیش ناکات مەغدور نەبێ لێرەدا ئەوە زیاد بکەین: (على ان يحرم من المخصصات المهنية) لەو حاڵەتەی کە فەرمانگە ڕازی بێت ئیش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرەدا بڕیارێکمان هەیە دەڵێت: (يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ممارسة المهنة خارج اوقات الدوام) لە پاشان دەڵێت (وفق احكام هذا القانون)، (هذا القانون) مانای یاسای سەندیکا یانی ڕێی پێ دەدات کە ئیش بکات یاسای مەدەنی ڕێی لێ دەبڕی دەڵێت نابێ ئیش بکات، بەڵام من قسەکەی کاک فەرسەت بە پەسەندی دەزانم لیژنەی یاسا دایبڕێژی لەبۆ بڕگەی دووەم و هیچ گرفتی تێدا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ کاک فەرسەت هیچ شتێکی تازەی نەهێناوە ئەوەی ئەو پێشنیاری دەکات نەک هەر (تحصيل حاصلە) بەڵکو (حاصل تحصيل)ە، ئەگەر سەرۆکی فەرمانگە ڕازی نەبێت ناچێت ئیش بکات، هیچ پێویست نییە ئەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من شتێکی گونجاوم گوتووە لەبەر یەک شت سەرۆک فەرمانگە بۆی نییە رازی بێت یان رازی نەبێت یاساکانی پێشوو قەدەغەیان کردووە من لێرەدا مۆڵەتی پێ دەدەم کە بە دڵی خۆی بکات مافی هەیە رازی بێت، بۆچی ئەو مۆڵەتەم پێدا تاکو هاودژ نەبێت لەگەڵ یاسای سەندیکا، واتە ئەو مافە لەدەست سەندیکای کشتوکاڵی نەهێلن بە رەهایی لە دەست ئەوان بێت، ئەگەر بێتو رەزامەندیان کرد لەسەر ئەوەی مۆڵەت بە فەرمانبەرێک بدەن هەتا ئەگەر هاتوو فەرمانگەکەی پێویستیشی پێ هەبێت پاش دەوام لێرەدا مۆڵەتی پێ دراوە مافی هەیە بچێت تەمەرود لەسەر فەرمانگەی خۆی بکات ودوای دەوام ئیش بکات من پێشنیارم ئەوە بوو (خاضع)ی مۆڵەتی فەرمانگەی خۆی بێت، لەبەرئەوە پێشنیاری من حوکمەکی تازە پێک دێنێت سەبارەت بە یاسای سەندیکاو سەبارەت بە یاسا کارپێکراوەکانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە بە رەزامەندی فەرمانگە زیاد بکەین یان زیادی نەکەین هیچ لە بڕگەکە ناگۆڕێت وەکو کاک فرەنسۆ فەرمووی، دەقی یاسای مەدەنی ئەگەر هەبێت: (لا يحق للموظف العمل خارج اوقات الدوام الرسمي)، ئیمە لێرە دەڵێین (بموافقة رئيس الدائرة) سەرۆکی فەرمانگە ئەو کاتە گرفتی خۆیەتی رەزامەندی بکات مانای وایە سەرپێچی لە یاسای مەدەنی کرد، رەزامەندی نەدات ئەوە گرفتی سەرۆکی فەرمانگەیە بەرای من زیاد بکەین و زیادی نەکەین هەمان مانا دەدات و، هەمان گرفت دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە من یەک پرسیارت لێ دەکەم کاک فرەنسۆ ئێستا وەزیرێکەو لە فەرمانگەیەکەو دوو ئەندازیاری کشتوکاڵی هەیە هەردووکیان دەرماڵە وەردەگرن لە فەرمانگەکەی، سبەی یەکێکیان دەڕوات بۆ خۆی بەپێی ئەم یاسایە ئیش دەکات، ماددەیەکیش هەیە دەڵێت نابێ فەرمانبەر دوای دەوامی رەسمی ئیش بکات بێ رەزامەندی فەرمانگە، رەهای کردووە دەڵێ دوای دەوام تۆ نابێ ئیش بکەیت باشە فەرمانبەرێک دوای دەوام ئیش دەکات ئەوی تر ئیش ناکات بانگی دەکات دەڵێت کاکە تۆ بۆ ئیش دەکەیت؟ دەڵێت ئەوە یاسای ژمارە (ئەوەندە) لە ساڵی (١٩٩٩) لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە رێگای بەمن داوە من ئەندامی سەندیکای کشتوکاڵم مافم هەیە

دوای دەوام بۆ خۆم ئیش بکەم، ئەم دەگەڕێتەوە بۆ یاسا ئەو یاسایە دەڵێت مافی نییە ئیش بکات باشە لەو کاتە کاک فرەنسۆ چی بکات وەکو سەرۆکی فەرمانگەیەک؟ کام یاسا پەیرەو بکات؟ بۆ یاسای (خدمەی مەدەنی)، یان بۆ یاسای سەندیکا؟. دەبێت ئێمە دەرگایەک بدۆزینەوە بۆ سەرۆکی فەرمانگە بۆئەوەی بتوانێت ئەم مافە بدات بە ئەندازیاری کشتوکاڵی کە دوای دەوام بۆ خۆی ئیش بکات، دەبێ ماددەیەکی یاسایی هەبێت، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم یاسایە مافی داوە بە ئەندازیاری کشتوکاڵی ئەوە فەرمانبەر بێت لە فەرمانگەک ئیشی خۆی بکات لە دەرەوەی کاتی دەوام ئەوە بە گوێرەی ئەو یاسایە، بەڵام یاسایەکی تر هەیە نەیەڵێت فەرمانبەر دوای دەوام ئیش بکات ئەوە گرفتی کاک فرەنسۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە موشەریعی یاساین نابێ گرفت بۆ فەرمانگە دروست بکەین دەبێت ئاسانکاری بۆ بکەین دەبێ ماددەیەکی یاسایی هەبێت نابێت (بانێک و دوو هەوا بێت). ئەگەر دوو یاسا هەبێت ئەو کاتە (محیر) دەبێت لە نێوان هەردوو ماددەدا!.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشە ئەو رایەی کاک فەرسەت فەرمووی (الا بموافقة الدائرة) چ لە برگەکە دەگۆڕێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای رچاوە کراوە قەدەغەی فەرمانبەر دەکات کار بکات لە دوای کاتی دەوامی رەسمی من ئێستا پێشنیارەکەم ئەوەیە مافی رێپێدان بخەمە دەستی سەرۆک فەرمانگە مافی هەیە فەرمانبەری خۆی قەدەغە بکات ئەگەر پێویستی نەبێت دوای دەوام مافیشی هەیە ماوەی پێ بدات، ئەگەر ئەو دەقە وەکو خۆی بمێنێتەوەلە یاسای سەندیکای کشتوکاڵی مانای ئەوەیە ئەو مافەی لە دەست فەرمانگە دامە دەست سەندیکای کشتوکاڵی، ئەو کاتە کاک فرەنسۆ پاش کاتی دەوام پێویستیشی بە ئەندزایاری کشتوکاڵی هەبێت کە نەچێت ئیشی ئازاد بکات چونکە فەرمانگەکە پێویستی پێی هەیە کاک فرەنسۆ ناتوانێ قەدەغەی بکات، چونکە یاسای و سەندیکای ئەندازیاری کشتوکاڵی مافی بە فەرمانبەر داوە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ فەرمانگەی خۆی تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ سەندیکا ئەچێت دوای دەوام کار دەکات من پێشنیارم ئەوەیە ئەو مافە لە سەرۆک فەرمانگە وەرنەگرین ئەگەر هاتوو سەرۆکی فەرمانگە خۆ بە (تەعەسوف) مۆڵەت

نادات، پێویستی پێی هەبێت مۆڵەتی پێ نادات، ئەگەر پێویستی پێ نەبێت، مۆڵەتی پێ دەدات ئەو کاتە دەقەکەی سەندیکای ئەندازیاران کاری پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برایان تۆزێک لەمە ورد بنەوە با ئێمە بابەتەکە پێچەوانە بکەینەوە ئەمە لە کوێ ئیش دەکات؟ یانی لە کەرتی تایبەتی ئیش دەکات خۆ دوای دەوام بۆ فەرمانگەیەکی حکومەت کار ناکات یا لە نووسینگەی خۆی ئیش دەکات، یان دەڕوات لە کارگەیەکی ئەهلی ئیش دەکات ئێمە با بەبەتەکە تۆزێک بچووک بکەینەوە، ئێمە لە هەموو کوردستان (٢٠٠) ئەندازیاری کشتوکاڵمان هەیە، سبەی ئێمە لە فەرمانگەکانمان پڕۆژەمان هەیە، بەڵام لە بەرامبەری ئێمەش نووسینگە هەیەو ئیستاکە چۆن هەندێ گیروگرفتمان هەیە حکومەت هەندێکی چارەسەر کردووە، ئەندازیاران و فەرمانبەرانی ئێمە ڕێکخراوەکانی مرۆیی و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەیناقۆزنەوە مووچە ودەسکەوتی زیادیان پێ دەدەن وایان لێ کردووە خەڵک ڕۆ ناکاتە ئێمە دەرچووانی ئینگلیزی لە قوتابخانەکان رادەکەن و دەبن بە وەرگێڕ لە فەرمانگەکانی تر، یانی ئەم دیاردانە وای لێ دەکات لە کەرتێکی دیاری کراو کار بکەن، ئێمە گشتی و تایبەتیمان هەیە بێگومان بەرژەوەندی کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر بەرژەوەندییەکانی ترە، نابێ لەسەر حسابی ئەوەی ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بۆ خۆی دوای دەوام کار بکات ڕەچاوی پێداویستییەکانی فەرمانگەکانی خۆمان نەکەین، چونکە فەرمانگەکانی حکومەتی کوردستان لە خزمەتی گشتی خەڵکە من ناڵێم کەرتی تایبەت لە خزمەتی دا نییە یاخود ئەندازیاری کشتوکاڵی لەم حاڵەتە کە یاسا ڕێگەی داوە بە فەرمانگەکان کە دوای دەوام فەرمانبەران ئیش بکەن یان ئیش نەکەن یان رووخسەت وەربگرن نازانم دەقە یاساییەکە چی دەڵێ؟ بێگومان ڕەچاوی ئەم لایەنەی کردووە. تۆ دێیت لێرەدا ڕەهای دەکەیت سبەی یەک ئەندازیاری کشتوکاڵی دوای دەوام ئامادە نییە ئەسڵەن سەعاتێک کار بکات، بۆخۆی دەچێت نووسینگەیەک دەکاتەوە کە قازانجی زیاترە، یانی ئەم مەسەلەیە کە موشەریع کاتی خۆی دایناوە بۆ (إدارەی عامە) هەندێ ڕێسای داناوە لەسەر ئەو بنەمایە دایناوە بۆئەوەی ئیدارەی گشتی وەکو پێویست پێداویستیەکانی سەرۆکی فەرمانگەکان و فەرمانگەکانی ئێمە چەند بێت بەو شێوەیە ئیش بکەن تۆ دێیت لێرە بە یاسایەکی سەندیکا ئەو مافە لە یاسای شارستانی خۆت وەردەگریت و هەرچی فەرمانگەی خۆت هەیە یاساکانی بەلاوە دەنێیت لەبەر خاتری ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بە یاسایەکی سەندیکا من تەسەور دەکەم دەبێ چارەسەری ئەم دەقە بکەین و، ئەگەر چارەسەریش کراوە با دەنگی لەسەر بدەین، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام ئەم دەقە لەگەڵ دەقی یاسای شارستانی گونجاو نییە، لەبەرئەوە من پێموایە ئەو دەقە

لابدرێ باشترە بۆ ئەوەی تووشی گرفت نەبین، چونکە لێرەدا روونە لە کۆتایی ماددەکەدا هاتووە لە ماددە (٣٨)دا دەڵێت: (لا يعمل بأي نص يتعارض مع احكام هذا القانون)، یانی ئەوە نەقضی هەموو یاساکانی پێشی خۆی دەکات، لەبەرئەوە ئەوکاتە یاسایە دەبێتە مولزەم هیچ سەرۆک فەرمانگەیەک بۆی نییە رەزامەندی بکات، ئەو پێشنیارەی کە کاک فەرسەت کردی لەگەڵ رێزمدا بۆ ئەو پێشنیارە ئەگەر ئەو پێشنیارە لێرەدا بچەسپێت ئەبێ لە یاسای شارستانیشدا ئەوە بچەسپێت، چونکە لەوێدا نەوتراوە بە رەزامەندی سەرۆکی فەرمانگە ئەو لەوێ هەر رەتی دەکاتەوە کە لە دوای کاتی دەوامی رەسمی کار بکات، لەبەرئەوە بەرای من ئەوە زۆر هاودژ دەبێت من وادەزانم ئەو بڕگەیە یاسایی نییە، چونکە یاسای پێشوتر ئەمەی قەدەغە کردووە، ئینجا ئەو بڕگەیە ئیلغا بکریت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو مافە چۆن بۆ پزیشکان دابین کراوە کە بۆی هەیە پاش دەوام کاری خۆی بکات بۆچی بۆ خەڵکی تر کراوە بۆ ئەندازیاری کشتوکاڵی ئەبێ پەیوەست بێ بە رەزامەندی بەڕێوەبەرەکەی یان بەرپرسەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ ئێمە ئەوە چارەسەر بکەین کەس لەگەڵ ئەوەدا نییە دوای دەوام ئیش نەکات، بەڵام دەبێت دژایەتی لەگەڵ یاسایەکی تر نەبێت، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دەبێ ئێمە بزانین ماددە (٣٨) کە لەکۆتاییدا هاتووە ئیلغای بنەڕەتییەکەمان بۆ دەکات: (لا يعمل بأي نص) هەروەکو چۆن لە قسەکانی دکتۆر ناسح هات، لەبەرئەوە دەبێ ئێمە بەرگری لە کەرتێکی گرنگ بکەین لە کۆمەڵگای کوردستانی کە ئێمە پێویستمان هەیە بە ئەندازیارانی کشتوکاڵ بەشێکیان لە دەرەوەی دەوام خزمەتی کشتوکاڵ بکەن لەبەرئەوەی کەرتێکی بنەڕەتییە، لەبەرئەوە ئەبێ ئەو هەلەیان بدەینێ ئەگەر فەرمانگەکە دەرماڵەی هەبوو«چونکە هەندێ فەرمانگە دەرماڵەی نییە» بواری بداتێ بەڵام بە رەزامەندی، ئەو دەقەی کە کاک فەرسەت دایناوە زۆر وردە، لەبەرئەوە نابێت ئێمە دەقێکی نایاسایی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من پێموایە ئەو ماددانە هیچیان (غموض)یان تیادا نییە نازانم بۆچی وا چەقی؟، چونكە لێرەدا دەڵێت ئەندامی سەندیكا كە مونتەسیبی فەرمانگەی ڕەسمییە، بۆی هەیە دوای دەوامی ڕەسمی ئیش بكات، ئەگەر دوای دەوام ئیشی كرد ئەوا دەرماڵەی پیشەیی نادرێتێ، ئەگەریش قەدەغە كرا ئەوا دەرماڵەی خۆی وەردەگرێ بەپێی یاسای كارپێكراو، ئەمە هیچ شاراوەییەكی تیادا نییە، ئەگەر بمانەوێ ئەوە ڕاست بكەینەوە ئەبێ لە جیاتی ئەم ثانیا بڵێین: (لا یستحق العضو الذي یمارس مهنته خارج أوقات الدوام الرسمي المخصصات المهنیة وفق احكام القوانین والانظمة والقواعد المعمول بها في دائرته)، ئەگەر ئیش بكات ئەوا دەرماڵەی پێ نادرێ ئەگەر نەشی كات مانای وایە دەرماڵەی خۆی تەواو وەردەگرێ، هەتا ماددە (٨)یش هەر غموضی تیادا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاك فەرسەت ڕونكردنەوەیەكی هەیە لەسەر ئەم بابەتە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سكرتێری ئەنجوومەن.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

وا دیارە زۆربەی برادەران بابەتەكە باش تێنەگەیشتوون، برگە (٢) هیچ گرفتی لەسەر نییە، ئەگەر هاتوو لە دەرەوەی كاتی دەوام كاری كرد فەرمانگە دەرماڵەی پیشەیی لێ دەبڕێت، ئەگەر ئیشی نەكرد ئەوا دەرماڵەی پیشەیی پێ دەدات، ئیشكالەكە هەمووی لەسەر برگە (١)ە، ئایا مافی ئەندازیارێكی كشتوكاڵ ڕەها بێت هەر كاتێك حەز بكات بچێت دوای دەوام ئیش بكات و واز لە ئیش فەرمانگەی خۆی بێنێت؟، بۆ نموونە پاركی هەولێر ئەگەر هاتوو فەرمانگەی شارەوانی پێویستیان بە خزمەتگوزاری ئەندازیارێك هەبێت پاش كاتەكانی دەوام ئەو ئەندازیارە ئەندامی سەندیكای ئەندازیارانی كشتوكاڵە حەزی لێ نییە دوای دەوام كار بكات باشە ئەو كاتە شارەوانی هەولێر لە كوێ ئەندازیاری كشتوكاڵی بێنێت ئیش خۆی پێ بكات دوای كاتی دەوام؟ خۆ یاسای سەندیكای ئەندازیاران مافیكی موتەلقیان بە ئەندازیاران داوە پاش كاتەكانی دەوام مافیان هەیە بۆ خۆیان ئیش بكەن، ئەو كاتە دەرماڵەی پیشەیی ناوێت دەچێت بۆ خۆی لە جێگایەكی تر ئیش دەكات، پێشنیارەكەم ئەوە بوو دوو یاسامان هەیە یاسایەكی پێشوو كە فەرمانبەر قەدەغە دەكات لە ئیش كردن بە شێوەیەكی ڕەها، یاسای ئێستاش ئەو مافە بە فەرمانبەر دەدات بە شێوەیەكی ڕەها پێشنیارەكەم ئەوە بوو (جواز)ەكە بخەینە دەستی سەرۆكی فەرمانگە ئەگەر هاتوو ڕەزامەندی كرد پاش دەوام ئیش بكات بە شێوەیەكی ئاسایی بەپێی یاسای سەندیكا ئەچێت بۆخۆی ئیش دەكات، ئەگەر هاتوو پێویستی پێ هەبوو مانای مۆڵەتی پێ نادات ئیش بكات ئەو وەختە دەرماڵەی پیشەیی وەردەگرێت و پاش دەوام ئیش ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەمەوێ روون کردنەوەیەک لەسەر بڕگە (١) بکەم بە ئیجتهادی خۆم و رای برادەرانی یاسا: (یحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ممارسة المهنة وفق احكام هذا القانون)، (يعود الى ممارسة المهنة وفق احكام هذا القانون) ناچێتە مانایەکی تر (يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ممارسة المهنة وفق احكام هذا القانون خارج اوقات الدوام الرسمي)، (هذه العبارة تعود الى ممارسة المهنة وفق احكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئێمە مافی (مهنه)مان داوە لە بڕگەکانی تر رەهایە ئێمە مۆڵەتمان داوە ئیش بکات، ئێستا لێرەدا حەسر کراوە تەنها بەو خەڵکەی کە لە فەرمانگەکانی حکومەت ئیش دەکەن، لەو بڕگەیەدا مافەکە دراوە، مافی مهنە ئێمە گرفتمان لەگەڵیدا نییە ئەوە مافی پێدارەوە مادام ئەندامی سەندیکایەو ئەندازیاری کشتوکاڵییە مەرجی تیادایە با ئیشی خۆی بکات لەوەدا ناکۆک نین، ناکۆکیەکە لێرەدایە تەنها لە کەرتێکی دیاری کراودا کە کەرتی گشتییە، کارمەندانی ئەم دەزگایانە دوای دەوام مافیان هەبێ ئیش بکەن لێرەدا بە رەها هاتووە، باشە هەمووتان ئاگادارن ئێستا لە دامودەزگاکانی ئێمەدا گرفتێک هەیە خەڵک ئەگەر رێکخراوەکانی مرۆیی و رێکخراوەکانی تر وەری بگرێ دەچێ لەوێ ئیش دەکات لە فەرمانگەی ئێمە بە هەر حیلەو حەواڵەیەک بێت، هەندێکیان مۆڵەتی ساڵانە وەردەگرن، هەندێکیان مۆڵەتی بێ مووچە وەردەگرن، هەندێکیان نازانم چی دەکەن؟ ئێستا حکومەت خەریکە هەندێ رێسایان داناوە بەڵام هێشتاکە ئەزمەکە بەردەوامە، ئەمە جارێ هاودژە لەگەڵ یاساکانی ئێمەدا، بەڵام مەنتیق دەڵێ ماسی گەورە ماسی گچکە قوت دەدات یاسا یاسا قوت دەدات، ئێستا ئەگەر ئێمە ئەو یاسایە دەربکەین یاساکانی تر کە لەوە دەچن ئەو (منع)ەی داناوە کۆپی دەکات، لەبەرئەوە دەبێ ئێمە کارێکی وا بکەین بڵێین (يحق لأعضاء النقابة من منتسبي الدوائر الرسمية أو شبه الرسمية ممارسة المهنة خارج أوقات الدوام الرسمي بموافقة دائرته) (وفق احكام هذا القانون) دەبێ لێرەدا هەڵگرین چونکە جێگای نییە، کاتی خۆی ئەمە پێناسە کراوە ئەو مافەی پێ دراوە (الا بموافقة دائرته) باشە من تێ ناگەم بۆ وەهایە؟، هەتا ئەگەر موعاریز بوو لەگەڵ هەندێ یاساکانی ئێمەدا، ئەم بەندە لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی ئێمە پەسەندەو باشە، ئێمە بۆ دکتۆرەکانیش و مامۆستاکانیش بەندێکی وا دابنێین ئەگینا رێکخراوەکانی تر لەوانەیە کادیرەکانی هونەری پیشەیی ئێمە قوت بدەن، فەرمانگەکانی ئێمە رووت ئەبنەوە و، من وا هەست دەکەم لە بەرژەوەندی ئێمەدایە ئاگامان لە فەرمانگەکانی خۆمان بێت. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا لاری نییە (بعد موافقة الدائرة) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەم پێشنیارە هەیە، با ناونووسیان بکەین، کاک سەعید، کاک سیروان، شەفیقە خان، کاک بورهان، کاک د.ناسح. کاک شێخ جەعفەر، کاک د.ڕزگار، کاک شێخ عەفان، مامۆستا مەلا هادی، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ڕەخنەم لەسەر ئەوە هەیە و داواشم کرد و بۆ بەڕێزتانیشم نووسی، پێم باشە هەر دوو ماددەکە هەڵبگیرێ، یەکەم هاودژە لەگەڵ یاسای خزمەتی شارستانی و دووەمیشیان (تحصيل حاصله) لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم هەڵبگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیاری کاک سیروانە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە یاسای خزمەتی شارستانی فەرمانبەری قەدەغە کردوە ئەوە زانراو بەڵام پاش جەنگی کەنداو کە ئەو بارودۆخە گۆڕا لەناو خەڵک حکومەتی مەرکەزی دەستەڵاتی داوەتە زۆر وەزیر ئەگەر زانی ئەم فەرمانبەرە دەرامەتەکەی بۆی دەرنایێ چونکە هەندێک موچە لە بەغدا بەشی هاتوچۆیەکی ناکات ئەو دەستەڵاتەی داوەتە سەرۆکی فەرمانگە یان داویەتە وەزیر یان ئەو فەرمانبەرەی کە سەر بە وەزارەت نییە ئەو مافەی داوەتێ ئەمە جەنابت فەرمووت ئێمە پسپۆرمان زۆر ڕادەکەن بۆ ڕێکخراوەکان پێویستە ئێمە هانیان بدەین لە فەرمانگەکان کار بکەن لە دەرەوەی فەرمانگە کار بکەن بەڵکو بتوانین بەهۆی ماددە پێدانەوە وایان لێ بکەین سەرگەرم بن بەم هاندانە باشە لەسەندیکای پزیشکان فەرمانبەرە، بەڕێوەبەری گشتییە، سەرۆکی فەرمانگەیە سەرۆکی نەخۆشخانەیە، ئێوارە بەشێوەیەکی ئاسایی عیادەی دەکاتەوە ئەوە بۆ ئەوەیە شارەزایی خۆی زیاد بکاتن، ئایا ئەو کابرایە لە حکومەت ئێش بکا نەقلی ئەو خیبرەیەی دەکاتن کە حکومەت وەریگرتیە بۆ کەرتی تایبەت؟ کەرتی تایبەت خیبرەی تازە وەردەگرێ دەیهێنێتە ناو کەرتی گشتییەوە واتە ئەو تەفاعولە پێویستە هەبێ و ئەو ڕایەی کاک فەرسەت هێنای ئەوە لە حکومەتی عێراق ئێستا دا کارپێکراوە، پاش جەنگی کەنداو هەستیان کرد بەو بۆشاییە کە هەیەو خەڵک هەموو ڕۆیشتن و چوون بۆ دەرەوەی وڵات جگە لەوەی ئێستا لە بەغدا فەرمانبەر هەیە وەزیر بانگی دەکاو دەڵێ برۆ هەتا ٦مانگ بۆ خۆت کار بکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بە ڕەزامەندی فەرمانگەکە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ بە ڕەزامەندی فەرمانگەکەی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بیرۆکەکە دەقاو دەق وایە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ تەنها شتێک هەیە لێرە سەبارەت بە سەرۆکی فەرمانگە مافێکی ڕەهای نابێ، بۆ نمونە هەندێ وەزیفە هەیە تۆزێک (حساسە) حکومەت بۆ بەرگری لە نهێنییەکانی خۆی نایەوێت ئەو فەرمانبەرە بچێ لە کەرتی تایبەتی یان لە ڕێکخراوەکان کار بکات، ئەوە لە یاسای وەزارتی ناوخۆ دا هەیە دەڵێ ڕەزامەندی وەزارەتی ناووخۆ پێویستە بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت لە ڕێکخراوەکاندا کار بکات، بەرای من هەر کەسێک لەهەر ڕێکخراوێک کار دەکات دووبارە چاوی پیا بخشێندرێتەوە پێویستە ڕەزامەندی وەزیری ناوخۆ وەربگیرێت بۆ ئەوەش کە گۆڕا پێویستە لێرەش ئەو مەرجە هەبێت کە وەزارەتی ناوخۆ زانیاری هەبێ، چونکە هەندێک فەرمان هەیە حساسەو نابێ، سیستمی حوکمی ئێستاپێی خۆش نییە لە کەرتی تایبەت خەڵک ئاگای لە هەندێ زانیاری هەبێ و بۆنمونە وەزارەتێک دەیەوێ نەخشەیەک دانێ و شتێک بێنێ کەس پێی نەزانێ لەوانەیە ئەگەر کەرتی تایبەت پێی بزانێ بچن پێش ئەوان ئیستراتدی ئەو شتە بکەن یان هەندێک زانیاری کە( تەسەروب) بکاتن بۆ کەرتی تایبەت لەبەرژەوەندی ئێمەدا نییە، بۆیە پێویستە ڕەزامەندی سەرۆکی فەرمانگە وەربگیرێ بەلاّم بە ڕەهایی نەبێ بەڵکو مەرجی تێدا بێ بە پەیڕەوێکی ناوخۆ بێ یاخود بە ڕێنمایی تایبەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ ئەوەی بەشی یەکەم لەگەڵ ئەو پێشنیارە جوت ئەبێ، ئەوەی بەشی دووەم بەڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ وابزانم حکومەت پرۆژەیەکی وایان بەدەستەوەیە لە بابەتی کارکردن لەگەڵ کاروباری مرۆڤایەتی هەوڵ دەدەن بۆ ڕێکخراوەکان، لەوانەیە لەم ماوەیەدا بێت بۆ پەرلەمان شتێکی وام بیست لە برادەران بەتایبەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو خاڵەی کە جەنابت باسی لێ دەکەی، شەفیقە خان فەرمووو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ حەسەن عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەیاسای خزمەتی شارستانی هەیە ئەگەر ئەم بەم شیوەیە بڕوا هاودژ دەبێ لەگەڵیدا ئەمە یەک،

دووەم ئەوەی کە کاک سەعید فەرمووی زۆر ڕاستە ئەمە دوو، سێ، با ئەوانەی لە ڕێکخراوەکان کار دەکەن وەکو باج ڕێژەیەکیان لێ وەربگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پەیوەندی بەو بابەتەوە نییە.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ حەسەن عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چوارەم ئەوەی سەرۆکی فەرمانگەش کە بەو شێوەیە بێ غوبنێکی تیا دەبێ( ئەحمەدی) خۆش دەوێ ڕێی پێ دەدا کە کار بکات و( مەحمودی) خۆش ناوێت ڕێی پێ نادات کار بکات، لەگەڵ ئەوەی هەردووکیان فەرمانبەرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جا خۆ چارەسەرەکە لە نێوان زەوی و ئاسماندا بە هەڵواسراوی نامێنێتەوە؟، کاک شیخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڕاستی ئەم بابەتە بەلامەوە زۆر سەیرە پێشتر ئێمە ئاگادارین واتە ئەو خالانەی لەم ماددەیەدا هاتووە لەم یاسای سەندیکایە چونکە ئەوەی پێشتر دەرچووی کۆلیجی کشتوکاڵ بووەو کاری کردووە مۆڵەتیشی پێ دراوەو ڕەزامەندیشی لەسەر کراوە جگە لەوەش هەتا ئەندازیاری پیشەسازی بە ڕەزامەندی ئەنکێت پڕ دەکاتەوە وەکو جەنابی کاک شێخ جەعفەر گوتی ئەنکێت پڕ دەکاتەوەو تەنازول دەکات لە دەرماڵە پیشەییەکەی خۆی مۆڵەتی دەدەنێ و لە دوکانەکەی تابلۆیەک هەڵدەواسێ و کاری خۆی دەکا، بەلام نازانم ئەمە لێرە بۆچی هاتووە؟ ئەمە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەش لێرە ئەبێتە ناچاری و ئەمە پابەندی یاساییە، و مومکینە زیاد بێ، فەرموو.

**بەڕێز شیخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تا ئێستا هیچ گرفتێکیان نەبووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر، فەرموو.

**بەڕیز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نە کشتوکاڵیەکان و نە پیشەسازییەکان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ؟ چونکە لە فەرمانگە ڕەزامەندییان وەردەگرت.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕەزامەندیان وەرگرتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لێرە نا، لێرە واهاتووە کە پێویست ناکا ئێستا ڕەزامەندیان وەربگیرێ (وفق أحكام هذا القانون) بۆی هەیە کار بکا.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بەلامەوە زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسان لە سەر ئەوە دووپاتی دەکەمەوە من لایەنە یاسایەکەی ئەگرم بە تەئکید من خۆم لەگەڵ ئەوەم ئەگەر بکرێت مەجال بدرێت دوای دەوام ئیش بکرێ، بەڵام ئێرە پەرلەمانە و یاساکان لێرە دادەندرێن بۆ ئەوەی دەقی ئەمرۆ لەگەڵ دەقی دوێنێ جیاوازی نەبێ، دوو، قانوونی ئێمە دژی یەکتری نەبن مادام وەکو یاساناسەکانیش ئەڵێن یاسا ڕێگا نادات لە دوای دەوامی ڕەسمی ئیش بکرێت، ئەو دەقی کەوا ئەوان باسی ئەکەن لەگەڵ ڕێزم دا بەرەزامەندی سەرۆکی فەرمانگە ئەکرێت، نازانم ئەوە وەکو ئەڵێن ئیجرائاتێکی کاتی لە دوای شەڕی کەنداو بە دەقی یاسایی ئەگەر هاتبێت ئەوە هەموارکراوە مانای وایە ئەگەر هەموارکراوە جێی خۆیەتی ئەو پێشنیارەی کە کاک فەرسەت ئەڵێ ئەگەر ئەو هەموارکراوە هەبێ و ئەو هەموارکردنەش بکرێت، ئەم دەقە لەگەڵ ئەم هەموارکردنە یەک ئەگرێتەوە بەڵام ئەگەر ئەم هەموارکردنە لەوێ نەهات بێت ئەوە ئەودەقەی کە کاک فەرسەت ئەڵێ هاودژ دەبێ لەگەڵ قانوونە مەدەنیەکە، بۆیە ئێمە ئەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەصلی قانوونی مەدەنی ئەبێ لەوێ ئەو گۆڕانکاریە بکەین، ئەو پێشنیارەی کە کاک فەرسەت ئەڵێ حەقی وایە لەوێ بکرێت، ئەو وەختە ئێمە گیروگرفتمان نامێنێ لێرە پێویست بەو بەندەش ناکا چونکە یەکسەر بە ڕەزامەندی سەرۆکی فەرمانگە ئیشەکە جێبەجێ دەکا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ(قەوانین مەرعیە)سوپاس کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لە یاسای سەندیکای ئەندازیاری کشتوکاڵی مەرکەزی وەرگیراوە ئەو شتانەی کە برادەران فەرموویان لە حکومەتیش وەها بوو، باشە بۆ ئەمە دانراوە لە کاتی خۆی؟ خۆ ئەمە هاودژی لەگەڵ هیچ یاسایەک ناکات، ئێمە باسی مافی مرۆڤمان کرد ویستمان لە بەر خاوەن کارگەیەک سەدان ئەندازیاری کشتوکاڵی دانەمەزرێ، سەرۆکی فەرمانگە وەکو گوتم لەهەموو سەری ساڵێک لیستی (تەعهد) هەیە هەر ئەندازیارێکی کشتوکاڵی ئەو لیستە پڕ دەکاتەوە ئەوە بەڕێوەبەرەکەی ئازادە لێی تا ساڵێکی تر پابەندی دەبێ بەو لیستەیە ناتوانێ لە دوای دەوامی رەسمی کار بکات واتە بەڕاستی ئەم گفتوگۆیانە زیادن چونکە وەکو خۆی هاتووەو وابزانم هیچ گرفتێک دروست ناکات و چەندەها ئەندازیاری کشتوکاڵ هەنە لە فەرمانگەکان کاردەکەن و هیچ گیروگرفتێک نەبووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، یەکەم ئێمە پابەند نین بەوەی کە لە حکومەتی ناوەندی دەردەچێ و جەنابت نزیکەی شەش حەوت ساڵە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانی و دەزانی پەرلەمانی کوردستان چۆن بڕیار وەردەگرێت، حکومەتی ناوەندی چ دەردەکات ئارەزووی خۆیەتی یان چی کردووە دیسان هەر ئارەزووی خۆیەتی ئەوە دێتە پەرلەمان وەکو پڕۆژە ئێمە لێرە بڕیاری لەسەر دەدەین بێ گوێ دان بە حکومەتی ناوەندی چی کردووە یا چی نەکردووە و دەقێکی یاساییمان هەیەو بڕیارێکی پەرلەمانمان هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە ئەمە یەک، دوو، مەرج نییە ئەوەی لە حکومەتی ناوەندییەوە هات ئێمە لێرە وەری گرین ئێمە کۆکین لەم پەرلەمانە حکومەتی ناوەندی حکومەتێکی دیکتاتۆرەو بێ گومان ڕەنگدانەوەی دیکتاتۆریەت لە زۆربەی ئەو یاسایانەدا هاتووە بەتایبەتی لەم جۆرە یاسایانە ئەمە ڕاستییەکە ئەبێ ئێمە نکوڵی لێ نەکەین وابزانم چەند جار لەم پەرلەمانەدا شێوەی ئەم یاسایەمان تەجمید یان هەڵوشاندووتەوە کە ئێستا ئێمە موعاناتمان هەیە شێوازی ئەم یاسایە کە ئێمە ئێستا موعاناتمان لەگەڵێدا هەیە هەڵەی یاسادانەرە ئەم پڕۆژەیە، یاسادانەر لە حکوومەتی ناوەندییەوە کۆپی کردووە نەقلی کردووە، حکومەتی ناوەندی لە هەموو بڕگەیەک لەو بڕگانەی کە ئێستا دەیبینن هەستی پێدەکرێ کە لیژنەی یاسا دەستکاری کردووە، لەوانەیە یاسادانەری ئێمەش پێش ناردنی بۆ پەرلەمان دیسان دەتسکاری کردووە لەگەڵ ئەوەدا لەم پەرلەمانەوە ئێمە موعاناتمان هەیە بەدەست هەندێک لەو بڕگانە(تەردید) کردنی حکومەتی ناوەندی لەوێ وە دەکەین وەها هاتووە ئەوە مەسەلەیەکی باش نییە، سێیهەمین، پەرژین بێ ئێمە هەموومان دەڵێین: دوو گا لە دۆڵێک نەچنە پێستی یەک دەچنە خووی یەکتری، ئێمەش ئەمە هەشت ساڵە لەم پەرلەمانەدا مامەڵە لەگەڵ یاسا دەکەین ئەگەر یاسا ناسیش نەبین هەستێکی یاساییمان بۆ پەیدا بووە ئەم ماددەیە رەهایە، بڕگەی یەکەم رەهایە هەموو ئەندازیارێکی

کشتوکاڵی بێ قەید و شەرت مافی هەیە دوای دەوام ئیش بکات و، ئێمە تایبەتمەندێتی خۆمان هەیە، حکومەتی ناوەندیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە حکومەتی ناوەند ئەورۆ ئیدارەی نییە بەسەر فەرمانبەرانی خۆیدا، مووچەی فەرمانبەری ئەو بەرامبەر موچەی فەرمانبەرانی ئێمە زەوی و ئاسمان جیاوازی هەیە، نابێ بەو چاوە سەیری بکەین لەوێ چی دەکەن دەبێ ئێمەش وا بکەین، ئەندازیارانی کشتوکاڵی ئێمە دەرماڵەیان هەیە مووچەیان باشە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دەقات بیست قات لە بەرامبەری ئەوان زیاترە، جگە لە رووی ئازادییەوە کە ئێمە هەمانە، بۆیە ئەم مەسەلانە بەراوردێکی دروست نییە ئێمە چارەسەری دەقێکی یاسایی دەکەین ئەم یاسایە بەپێی یاساناسانی ئێمە هاودژ دەبێ لەگەڵ یاسایەکی تر، دەبێ ئێمە چارەسەری بکەین، نابێ هەروا بە هەڵواسراوەی بمێنێتەوە. ماموستا مەلا هادی فەرمووو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەی من برادەران کردیان، من پێشنیار دەکەم ماددەکە بخرێتە دەنگدانەوە بۆئەوەی ببرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێت چارەسەریەکی بۆ بدۆزینەوە چۆن وا دەبێ؟، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەرمانبەر کە دادەمەزرێ یاسایەکی هەیە ئەویش ئیشوکارەکانی رێک دەخات مافی بۆ دادەنێت و ئەرکەکانیشی بۆ دادەنێ ئەویش یاسای (خدمەی مەدەنی)یە یاسای خزمەتی شارستانی رێگا نادات بە فەرمانبەر پاش دەوام ئیشوکار بکات ئێمە لێرەدا ئێستا گفتوگۆی یاسایەک دەکەین ئەوە( لاحقە ) ئەویش یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵە، خۆی بنەڕەتەکە یاسای خزمەتی شارستانییە ئێمە لێرەدا رێگە بدەین بە فەرمانبەر پاش دەوام بڕوات ئیشوکاری خۆی بکات ئەمە هاودژی دەکات لەگەڵ یاسا بنەڕەتییەکە کە ئەویش (قانون خدمەی مەدەنی)یە بەرای من ئەو برگەیە لابرێ ئەگەر بۆی کرا ئەو کەسەی دوای دەوام ئیش بکات سەرۆکی فەرمانگەکەی چاوپۆشی لێ کرد ئەوە باشە ئەگەر نەشی کرد ئەوە شتێکی ترە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی مەبەستی جەنابت ماددە (١٠) بەو شێوەیەی لێ بێ: (یستحق العضو الذی تقرر منعه من مزاوله المهنه وفق احکام هذا القانون ...)

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر برگە (١) لابردرا دەبێ برگە (٢)ش لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو پێشنیارمان هەیە بۆ لادانی ئەو دوو بڕگەیە. کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی حکومەتی ناوەندی، کەس لە من زیاتر رقی لە حکومەتی ناوەندی نییەو کەسیش لەمن زیاتر رقی لە یاساکانی حکومەت نییە، من مەبەستم لە تەشریعی برادەرانی یاساناس بوو، ئەوان دەڵێن ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەسڵی یاسای خدمەی مەدەنی باشە حکومەتی ناوەندی لە ساڵانی پەنجاکان لەوانەیە ئەم یاسایەی دانابێ بۆ ئەو یاسادانەرەی کە یاسای (خدمەی مەدەنی) داناوە ئەو بۆ وای نەزانیبووە کە ئەمانە تەعاروز دەکەن؟ واتا ئەو خەلەلە ئەوان دایاناوە ئەویش یاسای( بەعسە) کە برادەران باسی دەکەن ئەمیش هەر یاسای حکومەتە، ئێ باشە ئەو یاسادانەرە بۆ کاتی خۆی ئەو دوو جیاوازییەی نەبینووە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە لەسەر ئەو هەڵەیە بڕۆین؟ دوو سێ پێشنیارمان بۆ هاتووە بۆ هەڵگرتنی ئەم ماددەیە، لیژنەی یاسا ئەگەر هیچ شتێکیان نییە بۆئەوەی یەکلای بکەینەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەر لەسەر ئەو بڕگەیەینە کە پێشنیاری بەڕێز سکرتێری پەرلەمان زیاد بکرێت کە ئەویش (بموافقە دائرتە)، بەلام ئێمە لەگەڵ هەڵگرتنی ماددەکە نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی کە داوایان کردبوو ئەم ماددەیە لابدرێ هەر لەسەر رای خۆیان بن دەیخەینە دەنگدانەوە، یان پێشنیارەکەی تر دەخەینە دەنگدانەوە. کاک د. ناسح، کاک سیروان، کاک شێخ، لەگەڵ ئەو رایەن ئەمە هەڵگرین؟، هەر لەسەر پێشنیاری خۆتانن؟ مادام وایە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە دەیخەینە دەنگدانەوە. ماددە (١٠) لە پرۆژەکە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەیە بە هەردوو بڕگەیەوە (١) و (٢) هەڵوەشێندرێتەوە؟ کێ لەگەڵە کە ئیلغا بکرێت؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. زۆربە لەگەڵ ئەوەدایە کە ماددەکە بمێنێتەوە. ئێستا پێشنیارێک هەیە کە هەموار بکرێت ئەو بڕگەیە لەسەر بڕگە (١) زیاد بکرێت (بموافقە دائرتە) واتا (یحق لأعضاء النقابە من منتسبی الدوائر الرسمیە وشبە الرسمیە ممارسە المهنە خارج اوقات الدوام الرسمی بموافقە دائرتە وفق احکام هذا القانون).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەم زیاد کردنەدایە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟. با ناوەکان بنووسین، ئێمە گفتوگۆی ئەم ماددەیەمان کردووە ئەگەر زیادەیەکی تر هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە دەیکەین ئەگینا گفتوگۆی ناکەین، چونکە یەکلامان کردەوە. هیچ زیادەیەکتان هەیە لەسەر ئەم بڕگەیە؟. کاک مامەند فەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی رایەکەی کاک سەعید بکرێت ئەگەر بڵێین سەرۆکی فەرمانگە مافی هەبێت لێرەدا تێبینی قسەکەی ئەوی تیدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید لەگەڵ ئەم رایەیە.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین بابەکر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام بەندی دووەمی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەندی دووەم پەیوەندیی هەیە بە پرۆژیەکی تر ئەگەر پرۆژەیەکتان هەیە لە پەرلەمان دەیخەینە روو. کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای ئەوەیە کە دەسەڵاتەکە رەها نەبی، یانی قەدەغە کردنەکە بابەتیانە بێت نەک شەخسی بیت، یانی دەڵێ ئەوەی لەو وەزیفەیە ئیش بکات لەو پلە ئیش بکات هەر کەسێک( شاغری) ئەو وەزیفەیەی بیت ئەو ئیش نەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ناتوانین ئەو کاتە ناوی ئەو کەسەش بێنین یاسا گشتییە، ئێمە یەک پرسیارمان هەیە بە رەزامەندی فەرمانگەکەی بێت یان رەها( موتەلەق) بێت؟ ئێستاکە پێشنیارەکە هەیە کە بە رەزامەندی فەرمانگەکەی بێت جا فەرمانگەکەی کێ مخەوەل دەکات بەراستی ئێمە ناتوانین لە جیاتی ئەو دیاری بکەین.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارەکەم ئەوەیە دەڵێم بە ڕەزامەندی فەرمانگەی بێت بەڵام هۆیەکی بابەتیانەی هەبیت بۆ قەدەغەکردنی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە لە بڕگە دوو چارەسەر کراوە (یستحق العضو الذی تقرر منعه) دەرماڵەی پێ بدریت مانای وایە ئەگەر قەدەغە نەکرا بێگومان دەرماڵەو شتی پێ نادرێ، لەبەرئەوە وەکو یاساناسەکان دەڵێن (الاصل فی حسن النیه)،سوپاس. ئەوە پێشنیارەی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ بەسەند کرا کە ئەو زیادەیە بخرێتە سەر بڕگە (١). وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس. دێینە سەر ماددە (١١).

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثالث

«التشکیلات»

المادة الحادیة عشرة: تشکل النقابة من:

اولاً- الهیئة العامة.

ثانیاً- مجلس النقابة.

ثالثاً - لجنة الانضباط.

رابعاً - شعبة النقابة ولجانها.

خامساً- فروع النقابة في المحافظات.

ئەمە ماددە (١١) بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێزمحەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەم ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابووری هیچ تێبینیتان هەیە؟. سوپاس. ئەندامان. تەنها د. رزگار تێبینی هەیە. فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگە (٣) لجنە الانضباط من پێشنیار دەکەم لە پێکهاتەی بنەڕەتی سەندیکادا نەبێت، بەڵکو هۆیەیەک بێت سەر بە ئەنجوومەنی سەندیکا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو یاسای سەندیکاکان لیژنەی بەرزەفتی(ئینزبات) بەو شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە هەموویان بەو شێوەیە هاتووە من پێشنیارەکەم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە. ماددە(١١) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. سوپاس. دێینە سەر ماددە (١٢).

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية عشرة:

اولاً: تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة في النقابة وتجتمع في مركز النقابة اجتماعا عاماً اعتيادياً خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لإنتخاب النقيب وثمانيةاعضاء وعضوي احتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء الهيئة العامة وعند عدم اكمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشريوماً من الاجتماع الاول في نفس الوقت والمكان ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمراً لعمله دورة اخرى.

ثانياً: اذا لم تتخذ الاجراءات المبينة في الفقرة اعلاه لدعوة الهيئة العامة حتى نهاية شهر كانون الثاني يتولى وزير الزراعة والري دعوتها للاجتماع خلا مدة شهر واحد.

ثالثاً: اذا تعذر على العضو حضور اجتماع الهيئة العامة فيحق له ارسال رسالة مسجلة تتضمن اسماء من ينتخبهم وتعتبر الرسالة بمثابة الحضور ولايجوز فض اوراق الانتخابات المرسلة الا أثناء عملية فرز الاصوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر زەحمەت نەبێ ڕاتان چییە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی یەکەم لە مادده (١٢) لیژنەی یاسا بەو سیغەیەی داناوە: تتألف الهیئة العامة من جمیع اعضاء النقابة اللذین أفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعاً عاما اعتياديا خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرارٍ من المجلس وبدعوة من النقيب لإنتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لإشغال عضوية المجلس وأعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور اكثرية أعضاء المسجلين وعند عدم إكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد (١٥) يوماً من الاجتماع الاول في نفس الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً مهما كان عدد الحاضرين.

ئەوە لە یاسای سەندیکاکانی تر بەو شێویە هاتووە لەبەرئەوە ئێمە ئەو هەموارکردنەمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی کشتوکاڵ هیچ تێبینیان هەیە؟ سێ کەس تێبینیان هەیە کاک عەبدولخالق، کاک ئەمین، کاک مەلا هادی. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من دوای (١٥) ڕۆژ لە هەڵبژاردن لێرەدا هاتووە (ثلث)، لیژنەی یاساش دەڵێ (بعدد الحاضرين) وابزانم ئەوە مافی ئەو نقابیانە نامێنێت لەبەرئەوەی دەبێ( ٥٠+ ١) بێت بۆ ئەوەی ئەو دەستەیەی کە دەبنە دەستەی ئیداری دەبێ ڕەزامەندی زۆرینە وەربگرن ئەگینا ئەگەر لەو حاڵەتە سەندیکا هەزار کەس بێت ئەگەر (٢) کەسیش ئامادە بوون دەستەیەکی کارگێڕی دروست ببێت لەوەندە ژمارەیە بەرای من سەندیکاکان دەبێت ڕێزی خۆیان هەبێت، بەڵام لەو بارەدا ئەوە موتمانە کێشانەوە(سحب الثقه)یە ئەگەر گشت نەهاتن یان (ثلث) هەڵەیە خۆی ( ٥٠+ ١) دەبێت وە (بعدد الحاضرين)یش نابێت ئەوە مەسەلەیەکی حەقە، سوپاس. کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەراستی من لەگەڵ بۆچوونەکەی لیژنەی یاسادام، بەڵام تەنها تێبینیەکم هەیە (تجتمع فی مرکز النقابه) لەوانەیە (مرکز النقابه) ئەوەندە نەبێ کە بتوانن گشتیان لێی کۆببنەوە، لەبەرئەوە دیاری کردنی شوێنەکە لام وایە لابرێ واتە (فی مرکز النقابه) لابرێ. دوایی دەربارەی ئەوەی ئەگەر هەڵبژاردن نەکرا بۆ دەورەیەکی تر نەبێت بۆ ساڵێک بێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک ئەمین، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام (بحضور اکثریه الاعضاء) بێت چونکە بەپێی پێشنیاری لیژنەی یاسا رۆڵی ئەندامەکانی تری سەندیکا پشتگوێ دەخرێ، لەبەرئەوە بە پەسەندی دەزانم بکرێتە (بحضور اکثریه الاعضاء) واتا (ثلث الاعضاء) بکرێتە (اکثریه الاعضاء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا هادی، لیژنەی یاسا چ وەڵامێکتان هەیە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (ثلث)ە ئەوە لە پرۆژەدا هاتووە لیژنەی یاساش لە سیغەی تازە کردوویەتی بە (اکثریه الاعضاء)، هەروەها لە یاساکانی تریش هەر بە هەمان سیغە کراوە، یانی ئیمە ئەو برگەیەمان یەکخستووە لەگەڵ یاساکانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو گۆڕنکارییەی خستووتانە سەر مادده (١٢) چییە؟. چونکە ئەندامان پرۆژەکەیان لایە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پرۆژەکەدا هاتووە: (اولاً: تتألف الهیئة العامة من جمیع اعضاء النقابة الذین اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلی سلطة في النقابة وتجتمع في مرکز النقابة اجتماعا عاماً اعتیادیاً خلال شهر کانون الثاني کل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقیب لانتخاب النقیب وثمانیة اعضاء وعضوي احتیاط لاشغال عضویة المجلس واعضاء لجنة الانضباط ویتم النصاب بحضور ثلثي اعضاء)، ئێمە لێرەدا (ثلثي الاعضاء) کردوومانە بە (أکثریة الاعضاء) هەروەها دیسان (وعند عدم اکمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشریوماً من الاجتماع الاول في نفس الوقت والمکان ویعتبر النصاب کاملاً بحضور ثلثي الاعضاء) ئەو (ثلي اعضاء)ەمان کردووە بە (اکثریة الاعضاء).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە روونە لیژنەی یاسا پرۆژەکەی هەموار کردووە وەکو ئێوە پێشنیارتان کردووە، بەڵام بەداخەوە دیارە هەموارکراوەکە لای ئێوە نییە، وابزانم ئەمەش دەقێکە بۆ یاسای هەموو سەندیکاکان کاتی خۆی لە سەری کۆک بووین، ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە هەر ئەو دوو رایە هەبوو لیژنەی یاسا چاکی کردەوە.

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ثانياً: اذا لم تتخذ الاجراءات المبينة في الفقرة اعلاه لدعوة الهيئة العامة حتى نهاية شهر كانون الثاني يتولى وزير الزراعة والري دعوتها للاجتماع خلا مدة شهر واحد.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا برگە (٢) چ تێبینی تر نییە لەسەری؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا چ تێبینی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی و کشتوکاڵیش تێبینیان نییە. تەنها د. رزگار تێبینی هەیە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من دەربارەی (بدعوة من وزير الزراعة)یە، ئەوانە تەنیا لە وەزارەتی کشتوکاڵ کار ناکەن، لە زانکۆو خوێندنی باڵاش کار دەکەن، سەندیکاش بە خۆی سەربە وەزیری ناوخۆیە، پێشنیار دەکەم بانگهێشت لە لایەن وەزیری ناوخۆوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین لە یاسای سەندیکاکانی تر چۆن مامەڵە کراوە، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (١) تێبینییەک هەبوو لەلایەن لیژنەی یاسا کە پێناسەی وەزیر زیاد بکرێت و رەزامەندی لەسەر کراوە (الوزير: هو وزير الزراعه)، لە مادده یەک ئەو دوو پێناسەیە زیاد کراوە (الاقليم، والوزير). ئەوە تێبینییە لە لیژنەی یاساوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم هەیە بۆ بۆچوونی بەڕێز کاک محەمەد حەسەن، هیچ گیروگرفتێک لەسەر پێناسەکە نییە، بەڵام سەندیکا و یانەکان بەشێکن لە کۆمەڵەکان، ئێمە یاسامان پەسەند کردووە کە کۆمەڵە سەربە

وەزیری ناوخۆیە ئەمە یەک. دوو ئەندازیاری کشتوکاڵ تەنیا لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئیش ناکەن من نموونەشم هێناوە وەک مامۆستای زانکۆی کشتوکاڵی بەڵام سەر بە خوێندنی باڵایە نەک کشتوکاڵ، باشە لەو حاڵەتە فەرمانی وەزیری کشتوکاڵ جێبەجێ دەکات، یان فەرمانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران؟، لەبەرئەوە تەبەعیەتی سەندیکا، یان کۆمەڵە، یان یانە، بۆ وەزیری ناوخۆیە مافی ئەوە کە بانگهێشت بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە پرسیار لە ئێوە دەکەین بە شێوەیەکی گشتی نەک تەنیا لەم دەقە، باشە وەزیر نەئەندامی سەندیکایە، نە سەرۆکی سەندیکایە؟ چ وەزیری کشتوکاڵ یان وەزیری ناوخۆ یان تەندروستی بێت، چ پەیوەندی هەیە بە ڕێکخراوێکی پیشەیی بۆخۆیان کۆبوونەوەی خۆیان بکەن؟. ئەوە سەندیکایەکی پیشەییە بۆخۆی دادەنیشێ داوەتی خۆی دەکات وەزیر چ پەیوەندییەکی بەو مەسەلەیەوە هەیە؟، لیژنەی یاسا ئەوەمان بۆ روون بکەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی تر وەزیر هەر ڕۆڵی نییە لە بانگهێشت کردنی دەستەی گشتی(هیئة العامە) تەنها تایبەتە بە (نەقیب و ئەنجوومەنی سەندیکا) ئەوەش ئیتجاهەکی زۆر ڕاستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەرای من ئەو برگەیە هەر هەڵبگیرێ ئەمە زیادە، وەزیر هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە ڕێکخراوەکانی پیشەیی بۆخۆیان کۆبوونەوەی خۆیان دەکەن وەزیر دەسەڵاتێکی جێبەجێ کردنە ڕاستە دەبێت مۆڵەتی ڕەسمی لە وەزارەتی ناوخۆ وەربگیرێ بەڵام وەزیر چ پەیوەندیی بە کۆبوونەوەی سەندیکا وە هەیە؟ ئەگەر سەندیکا داوەتی وەزیری کرد ئەوە ئارەزووی خۆیەتی، بۆیە من وا هەست دەکەم کە برگە دوو، زیادە کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ پێشنیارەکەی جەنابتم هیچ وەزیرێک مافی نییە دەست لە ئیشوکاری سەندیکا وەربدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. کاک سەفەر.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وابزانم وەزیر پەیوەندیی پێوە هەیە ئێستا هەتا لە دهۆک ئەو شتەمان هەیە ئەگەر هاتوو (هیئة العامە) داوەتی هەڵبژاردنی نەکرد باشە کێ بڵێت وەرە هەڵبژاردن بکەو یاسا جێبەجێ بکە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی یاسای کۆمەڵەکان و وەزیری ناوخۆیە.

**بەڕێز سەفەر محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزیر پەیوەندی پێ هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

راستەپەیوەندی پێیەوە هەیە، بەڵام بۆ داوەت کردنی کۆبوونەوە چ پەیوەندی هەیە؟، ئێمە بەپێی یاسا دەستەی ئامادە کردنمان دروست کردووە کە ئەوەندە ئەندام لە ئەندازیارانی کشتوکاڵ کۆبکەنەوە و، داوای کۆبوونەوەو کۆنگرە بکەن داوەتی وەزیر بکەن دوای ئەوە (نەقیبی) بۆ دادەمەزرێ دەستەی بۆ هەڵدەبژێردرێ، نەقیب بەپێی ئەو یاسایە و بەپێی پێڕەوی ناوخۆی خۆیان پابەندە ئەگەر دەستەی سەرۆکایەتی ئەرکەکانی خۆی نەبینی، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوای لێبوردن دەکەم ئەوە لیژنەی یاسا داوای هەڵوەشانەوەی کردووە، بەڵام لە ڕاپۆرتەکەماندا لە چاپ دەرنەچووە، هەتا ئێمە داوای بڕگەی ٢و٣مان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

٣ـ إذا تعذر علي العضو حضور إجتماع الهيئة العامة فيحق له بإسال رسالة مسجلة تتضمن أسماء من ينتخبهم وتعتبر الرسالة بمثابة الحضور ولايجوز فض أوراق الانتخابات المرسلة إلا أثناء عملية فرز الاصوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم بڕگە ٣ و بڕگە ٢ پێشنیار هەیە کە هەردووکیان هەڵبوەشێنەوە چونکە ئەگەر چ تێبینی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی نییە ئەوا دەیخەینە دەنگدانەوە؟ کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە هەڵبگیرێ و مادده ١٢ یەک بڕگەیە پێویست ناکات بە (أولا). مادده ١٢دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، نازانم یاسادانەری ئێمە ئەم بڕگەیەی لە کوێی هێناوە بەنامە (مراسلە) مرۆڤ دەنگ بدات؟، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددة (١٣): تعقد الهيئة العامة إجتماعا إعتياديا سنويا لغرض:

أولا: تصديق الميزانية العامة والحسابات الختامية.

ثانيا: مناقشة وإقرار التقرير السنوي للمجلس.

ثالثا: النظر في الاقتراحات المقدمة بشأن تعديل قانون النقابة.

رابعا: إقرار النظام الداخلي وتعديله.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە ١٣ لیژنەی یاسا چ تێبینی لەسەری هەیە؟، لیژنی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی ئابووری داوا دەکات بڕگەی یەک لەوماددەیە هەموار بکرێت و بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە «تصديق الميزانية السنوية والحسابات الختامية» چونکە بودجەی گشتی میزانیەی دەوڵەتە، واتەبەم شێوە بێت «تصديق الميزانية السنوية» لەجێگای «تصديق الميزانية العامة»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پێشنیارەکەی کاک جەمیل دەخەینە دەنگدانەوە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەگەر وتمان «الميزانيه السنويه» سەندیکا هەر ٣ ساڵ کۆنگرەی خۆی دەبەستێت و لەو بارەدا دەبێ بودجە هەر ٣ ساڵ چارەبکرێ، بۆیە ئەوە تەنها ساڵانە نییە، ئەوە بودجەی گشتییە، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕیزم بۆ جەنابی کاک عەبدولخالق کۆمپانیا بێت یان سەندیکا بێت یان هەر دەزگایەکی تر بێت ئەبێ وەکو هەر دەزگایەکی حکومەت ساڵانە بودجەی خۆی دابنێت بەلام بودجەی گشتی کراوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تعقد الهيئه العامه إجتماعا إعتياديا سنويا لغرض ماذا)؟ یەک لەوانە (تصديق الميزانيه العامه والحسابات الختاميه) بودجەی گشتی لێرە دیاری نەکراوە تەنها ئەڵێ (العامه) دەیکەین بە (سنوی) واتە پێشنیارەکەی کاک جەمیل دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس ماددە (١٣)دوای ئەو هەموار کردنە

دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ ماددە (١٣) پەسەند کرا، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة عشرة:

أولا: يجوز دعوة الهيئة العامة إلى إجتماع غير إعتيادي في إحدى الحالتين التاليتين:

١ـ بقرار مسبب تتخذه أكثرية أعضاء المجلس أو أكثرية أعضاء فروع النقابة.

٢ـ بطلب تحريري مسبب يقدمه عشرة بالمائة من أعضاء الهيئة العامة إلى المجلس وعلى المجلس إصدار الدعوة وتعيين موعد الإجتماع خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ وصول الطلب وبعكسه يتولى وزير الزراعة والري تحديد موعد الإجتماع والدعوة إليه.

ثانيا: لايجوز البحث في إجتماعات الهيئة العامة الغير الاعتيادية إلا في الامور التي أدرجت في جدول الاعمال أو جرى الاجتماع من أجلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا تێبینیمان هەیە لەسەر بڕگە ٢ (وبعكسه يتولى وزير الزراعة والري تحديد موعد الاجتماع والدعوة اليه أسوة به) بڕگەی پێشوومان لابردیە، لێرەش لامان بردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لیژنەی دارایی وەکو لیژنە هیچ تێبینییمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیمەش هەمان تێبینی لیژنەی یاسامان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕگە لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کاک دکتۆر ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم (أعضاء فروع النقابە) بێتە جێگای (أعضاء الهیئە الاداریە لفروع النقابە) چونکە ئەوە کاروباری سەندیکا بەڕێوە دەبەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن پاڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا لەسەر هەڵوێستی خۆیەتی بڕگەکە هیچی نوێی تێدا نییەو دەستکاری ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک حوسێن ئەگەر زەحمەت نییە بڕگەکەم بۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

أولا: يجوز دعوة الهيئة العامة إلى إجتماع غير إعتيادي في إحدى الحالتين التاليتين:

١- بقرار مسبب تتخذه أكثرية أعضاء المجلس أو أكثرية أعضاء فروع النقابة.

٢- بطلب تحريري مسبب يقدمه عشرة بالمائة من أعضاء الهيئة العامة إلى المجلس وعلى المجلس إصدار الدعوة وتعيين موعد الإجتماع خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ وصول الطلب. تاوەکو ئێرە خاڵێک دادەنێین و (وبعكسه يتولى وزير الزراعة والري تحديد موعد الإجتماع والدعوة إليه) ئەوە حەزف بکرێت.

ثانيا: لايجوز البحث في إجتماعات الهيئة العامة الغير الاعتيادية إلا في الامور التي أدرجت في جدول الاعمال أو جرى الاجتماع من أجلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا ئەوەی کە دەڵێ (وبعكسه يتولى وزير الزراعة والري تحديد موعد الإجتماع والدعوة إليه) (حەزف) بکرێت، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا پەسەند کرا، سوپاس، مادده ١٤ دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة عشرة:

أولا: لايجوز للعضو الاشتراك في إجتماعات الهيئة العامة إذا كان ممنوعا من مزاولة المهنة إنضباطيا.

ثانيا: تصدر القرارات في إجتماعات الهيئة العامة بأكثرية الاصوات وعند تساويها يرجح الجانب الذي فيه الرئيس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنە ئەوەیە لە جیاتی (الرئیس) ببێتە (النقیب) ئەمەش لە بڕگەی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی و ئابووری لەگەڵ لیژنەی کشتوکاڵ چ تێبینییان هەیە؟، کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ تەنها لیژنەی یاسا کە دەڵێن وشەی (الرئیس) بگۆڕدرێ بە (النقیب)، کێ لەگەڵە؟، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، ماددە (١٥) دوای ئەو هەموار کردنە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة عشرة:

يتولى إدارة شؤون النقابة مجلس يتألف من:

أولا: النقيب ويشترط فيه أن يكون كرديا عراقيا مقيما في الاقليم وله ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن خمسة عشر سنة.

ثانيا: نائب النقيب وأربعة أعضاء ممن أمضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن عشر سنوات.

ثالثا: رؤوساء فروع النقابة ممن أمضوا في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن سبع سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک تێبینی بچووک هەیە، کاتی خۆی لە ماددەیەک پێش ئێستا گۆڕیمان ئەو کردیا یان (عراقيا) بە مواطني کوردستان، ئەمە هاودژە لەگەڵی، ئەگەر ئەمەمان بۆ چارە بکەن، چونکە ئەگەر ئەم دەقە لێرە جێگیر بێت هاودژ دەبێت لەگەڵ ئەم دەقەی کە کردوومانە، بۆ ئەو (كورديا يان عراقيا) لەڕاستیدا وای لێ دەکەن کە تەبا بێت لەگەڵ بڕگە ئەسلیەکە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم (أن يكون من مواطني الاقليم ومقيما فيه) ئەوە تێبینی ئێمەیە لە

پاشان سەبارەت بە (ممارسة المهنة للنقيب عشر سنوات بدلا من خمسة عشر سنة) بێ ماوەی ممارسة المهنة بالنسبة لنائب النقيب وأربعة أعضاء سبع سنوات بدلا من عشر سنوات، دوایی سەبارەت بە (المهنة لرؤوساء الفروع خمس سنوات بدلا من سبع سنوات) ئەوە سەبارەت بە مادده شانزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده شانزە سێ پێشنیاری لەسەر هەیە، یەکەم، لە بڕگەی یەکەم ئەو (کوردیا)و(عراقیا مقیما) ئەوە دەقەکەی ترمان هەیە هەروەها لە جیاتی پانزە ساڵ لیژنەی یاسا کردویانە بە ١٠ ساڵ و سێیەم کردوویانە بە ٥ساڵ لەجیاتی ٧ساڵ، ئەوە ڕای لیژنەی یاسایە، لیژنەی دارایی و ئابووری تێبینییان نییە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی مادده شانزە ئەوە (من سکنه اقلیم کوردستان) ئەو تێبینییەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تێبینی لیژنەی یاساو لیژنەکانی تر تەواو بوو، کێ تێبنی هەیە با ناونووسیان بکەین، فەرموو کاک ئیبرهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە پێکهاتەی سەندیکادا هاتووە (رابعا: شعب النقابه. خامسا: فروع النقابه) لەبەر ئەوە لێرە لە ثالثا: دەڵێم (رؤساء شعب النقابه) لێرە هاتووە لیژنەی یاسا کردوویەتی بە (رؤوساء) فروع النقابە ئەگەر هەردووکی هەبێت باشە، چونکە لە پێکهاتەی دوو شت هاتیە، رؤوساء الفروع هاتووەو رؤوساء الشعب هاتووە، ئینجاله (ثالثا) هەردووکی تیابێ باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا (فروع) گەورەترە یان (شعب)؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(فروع) گەورەترە لە (شعب) چونکە کە گوتت (فروع) ئەوا شعبەکە لە زمنی ئەو بەشەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە بیکەین بە (فروع)، (شعب) هەڵگرین؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ثالثا: بیکەین بە (فروع النقابه ممن أمضوا فی ممارسه مده لاتقل عن ٥ سنوات).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکەم ئەوەیە واتە (شعب) لەدەرەوی پایتەختە، لە ناو ئەنجوومەندا شوعبەی تر نییە؟ بەڵام لە شارەکاندا هەنە؟ ئەگەر شارەک نەقابەکی لێ بێت، گجگە بێت و ژمارەیان کەم بێت دەبێتە (شعبە)، وابزانم بە رای لیژنەی یاسایی وا دیار دەکەوێ، ئەگەر ژمارەیان زیاد بوو ئەبێتە بە (فرع) باشە لەناو پایتەخدا کە جێگای ئەنجوومەنە شوعەب ئایا هەیە؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە مادده (١١) برگە (٤) ئەڵێ (شعب النقابە ولجانها) یانی شوعبەکان لە زمنی سەندیکان بەڵام لە مادده (٥)دا ئەڵێ (فروع النقابە فی المحافظه) ئەوەی مەبەستە (فروع) النقابەیە، (شعب) نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە ثالثا ـ رابعا ـ خامسا، ئەگەر لە مادده (١١) تەماشا بکەن (ثالثا) ئەڵێ: لجنه الانضباط، رابعا ـ شعب النقابە ولجانها، خامسا فروع النقابە فی المحافظات، کاک ئیبراهیم پرسیارەکەی ئەوەیە (شعب) گەورەترە یان (فروع)؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فرع گەورەترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فرع گەورەترە بۆیە پێشخراوە لە مادده (١١).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەشکیلاتی سەندیکا هاتیتە خوارێ نەقابە لە فروع گەورەترە و، لیژنەکان و شوعبەکان سەر بە نەقابەنە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە شوعبەکان سەربە نەقابەنە؟.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حــــەیدەری:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
بەڵێ.
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**
ئەی کام (فروع)؟
**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حــــەیدەری:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
لقەکانی (فروع)ی پارێزگاکان.
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**
ئەویش سەندیکا نییە؟
**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حــــەیدرەی:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
بەڵێ لقی سەندیکایە.
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**
ئێستا کامیان گەورەترە (شعبە) یان فەرع؟.
**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حــــەیدەری:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
لقی پارێزگایەک گەورەترە لە هۆبەیەک لەناو سەندیکادا، سوپاس.
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**
سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.
**بەڕێز مــــحـــــەمـــــەد حـــســــــەن باڵـەتە:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
تێبینی رەشنووس بکەن زنجیرە (٤) شوعبەی نقابەیە، زنجیرە (٥) فروع النقابەیە، شوعبەی نەقابە کردوومانە بە (٥) و فروع النقابە بە (٤).
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**
واتا هەموارتان کردووە؟.
**بەڕێز مــــحـــــەمـــــەد حـــســــــەن باڵـەتە:**
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن.**
بەڵێ.
**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومـــــــەن:**
سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم لە رای من تێنەگەیشتوون شوعبە رەنگە هۆبەی خۆراکی (شوعبەی غذائی) بێت (شوعبەی بەستەنە) شوعبە فرع نییە شوعبە شتێکی ترە لەبەرئەوە زنجیرەکەی هاتووە شوعبە ب. من باسی پێشو پاش ناکەم بەڵام من باسی پسپۆرییەکانیان دەکەم واتا لق لە شارە، بەڵام دەبێ لە هەمان کۆبوونەوە لە پایتەخت هۆبەیەک هەبێت شوعبەی بەستەنە لە نەقابەیە یان شوعبە غابات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە رای برادەرانی لیژنەی یاسا شوعبە بەشەکە لە پێک هاتەی کارگێڕی واتە زنجیرەکەی ئیداری یەعنی تسلسلەکە:

أولاً ـ دەستەی گشتی (الهيئة العامة).

ثانیاً ـ ئەنجوومەنی سەندیکا (مجلس النقابة).

ثالثاً ـ لیژنەی بەرزەفتی (لجنة الإنضباط).

رابعاً ـ لقەکانی سەندیکا (فروع النقابة).

خامساً ـ هۆبەکانی سەندیکا (شعب النقابة).

**بەڕێز مەلا محەمود فندی دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باشتر نییە نەقیب کورد بێت و، لە کوردستانی عێراق بێت؟ بەس هەرچی هەبێت قەیدی نییە، دەزانن ئەوە بەرهەمێ ئێمە دەبینین هەمووی خوێنی شەهیدی کوردە هەمووی قوربانیدانی میللەتی کوردە، ئەوانی تر هاتینە ناو شۆڕشی کورد بۆ نابێت کورد بێت لەکوردستانی عێراقدا بێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شوعبە لەفرع گەورەترە چونکە شوعەب مەرکەزیە، لە ماددەی (٢٥) (تؤسس الشعب التاليه) ئەگەر تەماشا بکەن ولێرەدا شوعەب مەرکەزیە ئەوەی فروع جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وا ئەبینم لێرە تێکەڵاویەک هەیە، چونکە لێرە کە باسی شوعەب ئەکا باسی پسپۆرییەکانی کشتوکاڵییە کە ئەڵێ ئەوە شعبە الانتاج النباتي او الحيواني و ئەو شتانە بەڵام فەرع لە بازرگانیشدا هەیە، من وای بۆ دەچم لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر وەکو پێشتریش روونم کردەوە هۆبەکانی سەندیکا هەروەها هۆبەکانی کارگێڕی ئیداری هەیە هۆبەی هونەری هەیە هۆبەی حسابکاری هەیە، من وەهای بۆ دەچم لەمەرکەزی سەندیکادا ئەوانە هەیە، باشە ئەوانە ئەسلەن بەراورد قەبولٚ ناکەن لەگەلٚ (فروع لەنەقابات) وەکو ئی پارێزگاکان، چونکە وەک لقەکانی نقابە دەکرێ لە پارێزگاش هۆبە (شوعەبی) هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا با خالەکان کورت کەینەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

١- ان یکون کوردیا عراقیا ـ ان یکون من مواطنی کوردستان ومقیما فیه.

دوای موددەی مومارەسە

اولا: ئی نەقیب کردومانە بە(١٠) سالٚ لەجیاتی(٥) سالٚ.

ثانیا: ئی نەقیب (٧) سالٚ لەجیاتی(١٠) سالٚ.

ثالثا: رؤوساء فروع النقابە ممن امضوا فی ممارسە المهنە (٥) سالٚ لەجیاتی (٧) سالٚ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە پێشنیاری لیژنەی یاسایە ئەکەرچ پێشنیارێکی پێچەوانە نییە، ئەم (٣) پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمن لەسەر گوتنی خۆم سوورم کە کوردی کوردستانی عێراق بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەوهەر فەرموو

**بەڕێز جەوهەر ئەحمەد شاواز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لیژنەی بەرزەفتی (إنضباط) نازانم لە بیرکرایە ڕەگەزێکی گرینگە لە سەندیکادا، بێگومان یەکێک سەرپێچی بکات موحاکەمەی ئەکات و ئەوەش ئەبوایە بۆ خزمەت دیاریان بکردابایە، پێشنیار دەکەم برگە (٢) وای لێ بێت: نائباً للنقیب واربعة اعضاء ممن أمضوا في ممارسة المهنة لاتقل عن عشر سنوات واربعة اعضاء من لجنة الانضباط.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە لیژنەی بەرزەفتی (إنضباط) ئەندامەکانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکانە ئەگەر کاک جەوهەر تێبینی بکات لە مادده (١٤) داهاتووە، و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکاش بە هەڵبژاردنی دەستەی گشتی دێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستی ئەویش ئەوەیە دەڵێ وەکو سەرۆک لقەکان ماوەی خزمەت دیاری کەن کە (لا تقل عن کذا سنة، ویؤشر في کلامه علی انه عنصر مهم)واتا سەرۆکی لیژنەی بەرزەفتیش بەوپێیەی کە لێ پرسینەوە لەگەڵ ئەندامان ئەکات ئەبوایە ئەویش وەکو سەرۆکی سەندیکا وەکو سەرۆکی لق وەکو جێگری سەرۆک ماوەیەکی زەمەنی بۆ خزمەت گوزاری دیاری بکرێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێویست نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر کاک جەوهەر شاواز لەگەڵ پێشنیارەکەیە دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دیرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە کە بەم شێوەیە بێت: أن یکون کوردیا عراقیا مقیما فی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلامحمود لەگەڵ دەقەکەیە راستە، پێشنیاری لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە، واتا لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە بۆ بڕگەی یەک لەجیاتی (ان یکون کردیاً عراقیاً مقیماً) ئەو پێشنیارەی کردووە، تکایە بیخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(ان یکون من مواطني الاقلیم ومقیما فیه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لەپێشا لە مەرجی ئەندامێتیدا هاتووە لەپێش مەرجی ئەندامێتی ئەو پێشنیارە لیژنە کردوویەتی وهەیە (او یشترط) ئەسڵەن هەر زیادە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرۆتۆکۆلەکان من باسم کرد، وتم مادام پێناسەکراوە، بەڵام برادەران ووتیان ئەوە هی(نەقیبە)، ئەبێ مەرجی ئەندامێتی دەروازەی خۆی هەبێت، من پێم وایە لە مەرجی ئەندامێتیدا هاتووە چونکە کەس نابێ بە ئەندامی سەندیکا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی لیژنەکە خۆی کردی لەپێشدا لەبەشی ئەندامێتی کە موقیمی عێراقی وەکو موقیمی هەرێم بێت ئەو نەقیبە پێویست ناکات، خۆیشی نەیهێشت لێرە کاتی خۆی ئەگەر لەبیری مابێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو دەقە لەجێی خۆیدا هاتووە، پێویست دەکات ئێمە جارێکی تر زیادی بکەین؟، یانی بۆ ئەوەی نەقیب وەکو یەکەم ودووەم و سێ یەم بڕوات ئەسڵەن ئەو بڕگەیە هەڵگرین، چونکە پێناسە کراوە بۆ ئەندامی سەندیکا، مانع نییە مادام وایە:

١- النقيب: يتولى ادارة شؤون النقابة مجلس ويتألف من ١- النقيب ويشترط فيه ان تكون له ممارسة في المهنة مدة لاتقل عن عشر سنوات...

ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

٢- نائب النقيب هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە بەڵام ماوەکە لە(١٠) ساڵەوە دەبێت بە (٧) ساڵ.

کێ لەگەڵە؟... سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا.

٣-( شعب) ئەبێت بە (فروع) و (٧) ساڵ دەبێت بە (٥) ساڵ.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

وەکو مادده (١٦) دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

دانیشتنەکەمان لێرە کۆتایی پێ دێت، سبەی سەعات (١٠) کۆ دەبینەوە، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٦)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/١٩٩٩

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/١٩٩٩ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە (شەشەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٤/٤/١٩٩٩دا بەم شێوەیە بێت.***

***١ـ بەردەوام بوونی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ.***

***٢ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای جیۆلۆجیەکانی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکا، دانیشتنی ژمارە(٦)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەم لە١٤/٤/١٩٩٩دا، وەکو دەزانن ئەمڕۆ یانزدەمین ساڵیادی هێرشە گەورەکەی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستانە، بەبۆنەی ئەو هێرشە ناڕەواو درندانەو کەم وێنەیە لەمێژووی هەموو ناوچەکەدا کە لەلایەن حکومەتی بەغداوە کرایە سەر گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەهەزارەها کوردی بێ گوناه و بێ تاوانی بێ سەروشوێن وماڵ ویران کرد و تاڵانی کرد، بەداخەوە جێگای نیگەرانییە کە ئەو هێرشە ڕەگەزپەرستییە درندانەی ڕژێمی بەغدایان پەیوەستکرد بە ئایەتێکی پیرۆزی قورئان بە ناوی (الانفال)، ئێمەی کوردی تێکۆشەرو خەباتگێڕ لەسەر خاکی باووباپیران و ئەژدادمان دەژین و بەهەزاران ساڵ پێش ئەوان لەسەر خاکی خۆمانین کەچی ئەوان بێن خاکمان داگیر بکەن و گوندەکانمان بسووتێنن، بێن بەزەبرو زۆرداری هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا بکەن، ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا بمانگرن وتاڵانمان بکەن ودەربەدەرمان بکەن، بەچەکی کیمیاوی لێمان بدەن و شون بزرمان بکەن،

ئێمەی کوردی موسڵمان کە بەئارەزوو و ئیرادەی خۆمان هاتینە سەر دینی ئیسلامی پیرۆز، خەڵکی تر چی نەما بە پێغەمبەری خودای نەکەن، بەزەبری شمشێرو بۆ تەمەعکاری بوونە بەئیسلام، خاوەن خاک ومافی خۆمانین و خاوەن زەوی و وڵاتی خۆمانین کەچی سیفەتی ئەنفالیان دایە پاڵمان کە هەمووتان دەزانن ئەنفال بۆ چی یەو بۆ کێ یە؟

ئەمڕۆ بەڕێزان یانزدە ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە تێدەپەڕێ، کارەساتێکە نابێ هیچ کوردێک هیچ کوردستانییەک لەبیری بچێ، دەبێ هەتا ماوین نەوە بەنەوە بیگەیەنین، نابێ ئەم تاوانە لەبیر بکەین، چونکە تاوانێکە دەرحەق بە میللەتی ئێمە کراوە، جوان و گەورەو بچووک وژن و پیاو ومنداڵ هەموی بەرکەوت وهیچ کەسێک نەبوو بێتە هاوارمانەوە تەنها ئیرادەی خوای گەورە نەبێت وئەو خەڵکە خۆڕاگرەی کوردستان نەبێت، ئەمڕۆ ئێمە لەپەرلەمانی کوردستاندا لەسایەی ئەو بەرخۆدان وفیداکاری و زوڵم وزۆرەی کە لەو خەڵکە بێ گوناحە کرا، ئەمڕۆ ئێمە وا بەئازادی لەووڵاتی خۆماندا خاوەن ئیرادەو خاوەن پەرلەمانی خۆمانین وبۆ ئەوانەو گشت شەهیدانی کوردو کوردستان وسەروەری شەهیدان بارزانی نەمرو کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو داواتان لێ دەکەم بۆ یاد کردنەوەی (٥) دەقیقە رابوەستین فەرموون.

دیارە زۆر جار رێکەوت لەزۆر شتدا دەوری خۆی دەبینێت، ئەو کارەساتەی بەسەر خەڵکی ئێمەدا هات کە زیاتر لە(١٨٢) هەزار مرۆڤی ئێمە هەتاکو ئەمڕۆش بێ سەرو شوێنن، پێش ئەوانیش بە هەزاران لە برا بارزانیەکانمان بێ سەروشوێن و بزر کراون هەتاکو ئەمڕۆ سۆراغیان نییە، پێش ئەوەش بە هەزاران لە برا کوردە فەیلیەکانمان بێ سەرو شوێن کران وهەڵەبجەی شەهیدیش هەرگیز لەبیر ناکرێ، وچەند قوربانی و بێ سەروشوێنەکانی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١ بگرە دەیەها کارەساتی تر کە بەسەر خەڵکی ئێمەدا هاتووە، دیارە ئەم تراژیدیایانە هەمووی لەگەڵ خەبات وخۆڕاگری خەڵکی ئێمە دەست لەملن وئەو سەرکەوتنانەی ئەمڕۆ هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغانە وبۆ ئەو هەڵوێستەی خەڵکی خۆڕاگری ئێمە، ئەو قوربانیانە وایان کرد لەگەڵ بەرخۆدانی خەڵکی ئێمە ویژدانی دنیایان هەژاند، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٩١دا کۆمەڵێک بریاری کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی لەبەرژەوەندی ئێمە درا ئەویش بۆ قۆناغی ئەمڕۆمان وبگرە لە ڕەوڕەوەی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی و شارستانی دیسان ئەویش خۆی لەخۆیدا گەم وێنەیەو نوێیە، لەوانە بریاری (٦٨٨) وشوێنی (ئامن ) وناردنی هێزێکی چ پیادەو چ ئاسمانی و تەرخان کردنی هێزێکی ئاسمانی بۆ پاراستنی خەڵکی ئێمە بەپێی ئەو بریارە.

لە ٤/١٤ دیسان وەکو ئەزانن خەڵکێک لە ئەمەریکاوە هاتبوون کە ئێمە بپارێزن، لەرۆژێکی ئاوای پێش چەند ساڵ هەلیکۆپتەرێکی ئەوان کەوتە خوارەوە و کۆمەڵێک ئەفسەرو خەڵکی ئەمریکی لەدەست چوون، لەپێناوی چاودێری و پاراستنی خەڵکی ئێمە، ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان لەم رۆژەدا کە ئەبێتە هاوزەمان ئەویش لە ٤/١٤ بوو، وبۆ پیشان دانی رێزو سوپاس وپێزانینی خەڵکی کوردستان، بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سەرەخۆشی لەحکومەتی ئەمەریکا

ولەخەڵکی ئەمەریکا و لەکەس وکاری ئەوانەی کە لەو کارەساتە دڵتەزێنەدا گیانیان لەدەست دا دەکەین، وداوا لەخوای گەورە دەکەین کە چی ناخۆشیەکی تر نەیەنێتە ڕێگایان وداوایان لێ دەکەین کە هەمیشە پشت وپەنای ئەو خەڵکە بن وەکو ئێمە لێقەوماون، وەکو ئێمە کە لەو دنیایە بێ کەسن، چونکە بێ پشتگیری و بێ هاوکاری ئەو هێزانە، ئەمڕۆ بەرامبەر بەم دڕندانە و بەرامبەر بەم دکتاتۆرانە ژیان دەبێت بە دۆزەخ، ئێمە جارێکی تر سوپاسیان دەکەین و منەت بارین بەرامبەر بە هەر هێزێک لەم دنیایەدا کە دەستی کۆمەک وهاوکاریمان بۆ درێژ دەکات وپشتگیریمان لێ دەکات.

وەکو ئاگادارن بەڕێزان دەربارەی بابەتی ئەنفال و ئەو کێشەیە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان سمینارێکمان گرت لەسەر ڕێنمایی وپێشنیاری سەرۆک بارزانی لە ١٩٩٩/٣/١٠ لێرە لەپەرلەمانی کوردستان وئەو سمینارە جگە لە لیژنەکانی ناو پەرلەمان، کۆمەڵێک پسپۆرو خەڵکی شارەزا لەو مەیدانەدا لەڕووی یاسایی و زانستی و ئاینی یەوە بەشداریان کردو وئەنجامی ئەو سمینارە کرا بە پرۆژەیەک و پرۆژەکە ئێستاکە لە قۆناغی تەواو بووندایە وپەنا بەخوا بەزووترین کات دێتە ناو بەرنامەی کاری ئێمەوەو ئەبێ بەیاسایەک بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەنفال کراوەکان ودەراویشتەکانی ئەو تاوانە نامرۆییەی کە دەرحەق بە میللەتی ئێمە کرا. پێش ئەوەی بچینە ناو بەرنامەی کارەوە، بۆیە ڕێگا دەدەین بەو برادەرانە کە ویستیان لەیاد کردنەوەی ئەنفال قسە بکەن، بەڕێزان(د.رزگار، مەلا تاهیر، مامۆستا مەلا محمود، کاک سیروان کاکەیی، کاک ئەحمەد سالار، و هەر سێ ئافرەتەکان، کاک شێخ جعفەرو کاک شێخ عەفان، شێخ یەحیا، کاک رەجەب، کاک عەبدولخالق) کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئەمڕۆ ئێمە لەسایەی ئازادیدا لەپەرلەمانی کوردستان ماوەیەک پێش ئێستا دەقیقەیەک وەستاین بۆ یاد کردنەوەی ئەو کارەساتە مەزنەی کە بەسەر گەلی کورددا هات، کە کارەساتی رەشەکوژی وقڕکردن بوو کە هەموو یاسا نێو دەوڵەتی یەکانی نێو جیهان ئەمەیان حەرام کردووە، لەم رۆژەدا تەنها ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە پەرلەمانی کوردستان هەمیشە یادی ئەم کارەساتانەی کردۆتەوە وهەردەم هەوڵی ئەوەی داوە کە ئەم یادە لەمێشک و دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستاندا بمێنێتەوە وهەر لەم هۆڵە پیرۆزەشدا جەنابی سەرۆک بارزانی ئەو پێشنیارەی کرد کە چارەسەرێکی یاسایی و شەرعی لە وەزعی پاشماوەی ئەنفال کراوەکان بکرێت و هەروەکو جەنابتان ئاماژەتان بۆ کرد ئەو سمینارەش کراوە وئومێدەوارین بەزووترین کات بێت و بەشێک لە نارەحەتی و گیروگرفتی ئەو خەڵکە کەم بکاتەوە، هەڵبەتە ئەم کارەساتە کارەساتێکی زۆر گەورەو جەرگ بڕ بوو، لەمانگی چوارەوە دەستی پێکردووە هەتاکو نزیکی کۆتایی مانگی هەشتیساڵی ١٩٨٨ و جارێکی تر ئێمە لەم پەرلەمانی کوردستانە ئەم یادەمان کردۆتەوە من هەر خۆم لێرە ئەم

بابەتەم بە دوورودرێژی باس کـرد، تەنهـا ئەوەنده دەڵێم لەو کـاتەوە کـە ئەو کـارەسـاتە روویدا ویژدانی مرۆڤایەتی نەهەژاو هیچ کارێکی نێو دەوڵەتی وانەکرا کە بتوانن بەربەستێک دروست بکەن، جگە لەهەندێک کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو وتەی هەندێک خەڵکی ناسراو نەبێ کە لەو بابەتە دوان، ئومێدەوارم جارێکی تر کارەساتی وا جەرگبڕ وسامناک بەسەر گەلی کورددا دووبارە نەبێتەوە وئەوەی لەدەستمان بێت و بتوانین بیکەین بۆ خزمەت کردنی لێقەوماوەکانمان بەتایبەتی ئەوانەی کـە لەو کـارەسـاتەدا ئەنفال کـراون وئومـێـدەوارم ئەمە دوا کـارەسـات بێت کـە بەسـەر گەلەکەماندا هاتووە، جارێکی تر ئەم جۆرە ناخۆشییانە نەبینین، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا محمود فەرموو.

**بەڕێز مـەلا مـەحـمـود فندی دێرشـەوی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بسم الله الرحمن الرحيم(ونريد ان نمن عن الذين استضعفوا في الارض ونجعلهم ائمة ونجعلهم الوارثين) صدق الله العظيم، بەراستی وەکو جەنابت باست کرد ووتت ئەنفال ئایەتی ئەنفال (او مايسمى بالانفال) چونکە تاوانە بەراستی ئەو تاوانبارانە لەسەر ئەو ناوە دەڵێن ئەنفال، ئەوە تاوانە مـانای وایە ئەوە هاندانی تاوانە، ئەوە کارەسـاتە لای هەر مـرۆڤـێکی خـاوەن ویژدان نەک تەنیا کورد، بەڵکو ئەوەی تۆزێک ویژدانی هەبێت ئەو کارەساتەی لەبەر چاو بزر نابێ و بەتایبەتی میللەتی کورد نابێت لەبیری بکات، ئەنفال و ئەو تاوانەی کە لەئەنفال کردیان، ئەگەر فەقێیەکانی ئیسلام بەو کـارە رازی بن ناوی عـێراق بنێن (ام الخبائيث) دروست نییـە بڵـێن ئەو کـارەسـاتە ناوی(ام الجرائم) بێت بەرامبەر میللەتی کورد، بە چ عەقڵ وچ ویژدانێک میللەتێک لە٩٨٪ی موسڵمان بن بۆ ماڵ وناموس بۆ وان حەلال بێت، لەوەش ناخۆشتر وخەمناکتر کەخزمەتکارێکی رژێمی عـێراق بێ شەرمـانە لەسـەر تەلەفزیۆن بەرامبەر بە رژێمی عـێراق بڵـێت (سـيد الرئيس حرمتني من حصتي من الانفال) ئەوەیە هەڵوێستی ناو موسڵمانان، راستە ئەنفال ئەو کارەساتە هەرگیز نابێ لەبیر بکرێ، لەهەر کاتێک بێت دەبێ باس بکرێت بەبێ ئەوەی هیچ بۆنەش هەبێت، وئومێدەوارین پەرلەمانی کوردستان تایبەتمەندییەک بدات بە خێزانی ئەنفال کراوەکان بەشێوەیەکی گشتی و شەهیدەکانی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی کە بەداخەوە تائێستاش ئەندام وخێزانی ئەو شەهیدانە پارچە زەویەکی دوو سەد مەتری بەسەریاندا دابەش ناکرێت چونکە یاسای رژێمی عێراق دەڵێت دەبێ رەگەزنامەی عێراقی هەبێت، من پێشنیار دەکەم مەسەلەی شەهید لەو یاسایە بەدەر بکرێت، حەق نییە معامەلەی رەگەزنامە لەگەڵ خێزانی شەهیدەکانی کورد بکەن، هەروەکو ئەمڕۆ کە چوومە فەرمانگەی تاپۆ لەنێوان تاپۆو فەرمانگەی جنسیە کابرا ئەوە دە جارە لەدیانا و لەسۆران بێت وبچێت کە هەشت خوشکن و خێزانی شەهیدن، ئومێدەوارم لەم بۆنەیەدا ئەوانە قوتار بکرێن لەم کێشانە و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ یادی ڕۆژێک دەکەینەوە، یادی ڕووداوێکی دڵتەزێنی گەورە دەکەینەوە، لەوانەی کە ئەبێ لە ویژدانی ویژدان زیندووواندا بمێنێ وهەمیشە وزەو گیانێکی بزواندن بێت بۆ ئەوەی کە جارێکی تر دووپات نەبێتەوە، بۆیە یادی دەکەینەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بەر ئەو شاڵاوە مەرگەساتە مەزنە نەکەوینەوە، ئەگەر بمانەوێ هەست دەربڕین بەرامبەر بەو ڕووداوە ڕەنگە نەتوانین ووشەکان دەسەپاچە بن، تەنها ئەوەندە دەڵێم کەرەسەو بابەتێکی هێندە گەورەیە وەک ئەوە وایە ئەگەر بتەوێ لێی بدوێی (ئەرارات) بدەیە دەست هونەرمەندێک وبڵێین پەیکەرێکی گچکەی لێ بکە، هێندەی لەپی دەستی خۆت، هێندە وشەو دەربڕین دەستە ئەژنۆو دۆش داماو دەبێت، ئەمڕۆ شارستانیەت بەرەو ئەوە دەڕواو هەمیشە هەوڵ دەدات کە خزمەتی منداڵان بکات ودڵنەوایییان بکات، ئەو کەش وهەوایەیان بۆ دروست بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی ڕاست و ڕەوانی لێ بێتەدی، من لێرە دەمەوێ تەنها ڕووداوێک بگێڕمەوە کە سەرگوزشتەی منالانی ئەم وولاتە بێ کەسەی جاران و ئەو ڕۆژانەیە، تەنها بۆ بیرخستنەوەیەک کە هێندێ شت هەیە نابێ بیر بچێتەوە یەکێک لەوانە ئەو ڕووداوەیە کە نەمانتوانی دەریببڕین، یەکێک لە بکوژە تاوانبارە دەست ڕەشەکان خۆی گێڕابوویەوە، وتبوی پاش ئەوەی خێزانەکانی ئاواییەکەمان هەمووی کوشتن منالێک بەجێمابوو لەناو دڕکە زیو وپەرژیندا خۆی حەشاردابوو، منالەکە لەتەمەنی چوار سالان، پێنج سالان دا بوو، یانی هێشتا شیرەخۆرەیە، بۆنی شیری دایکی لەزاریدا دێت، پەلی ئەگرێت بۆ ئەوەی بیباتە سەر تەرمی دایک وباوکی لەوێدا تاکە پێلاوێکی لێ ئەکەوێتە خوارەوە لە منالەکە لەراکێش بکێش کە منالەکە هاوار دەکات و دەگریێ ودەڵێ بمگەڕێنەوە پێلاوەکەم، ئەڵێ منیش پێکەنینم دەهات قاقایەکم لێ دا ووتم ئەوە ئەیکوژم سەیری کە چەند بێ مێشکە بۆ پێلاوەکەی ئەگری، کە کوشتم لەسەر تەرمی دایک وباوک وبراکانی کوشتم سەلیەیەکم پێوە نا چاوی هەر سەیری دەکرد پێلاوەکەشی بیرم ئەکەوتەوە، ئەو کاتە هەستم بەشتێک کرد، چاوی منالەکە بە مردوویش نەئەتروکا وسەیری ئەکردم، چاوەکە گەورە بوو گەورە بوو خۆمی تیا ون بووم بەخۆمەوە بەهەموو تاوانبارەکانەوە، بەخۆی و دنیایەکی پڕ لە تاوانەوە تیایدا ون بوو، هەر لەو ڕۆژانەدا دوو منالی تری کوردی بێ کەسی ئەو ڕۆژانە، ڕاکردوو دەبن لەو کاتەدا کە ئاواییەکە لەگەرووی مەرگدان هیچ دەرفەتێک نییە، باوکێک دوو منالی ئەبات وئەیخاتە نێوانی دوو تاوێری بەردەوە دوو گاشەبەردەوە بەرد هەڵەچنێ لەبەر دەمیانەوە بۆ ئەوەی نەبینرێن، پاش ماوەیەکی زۆر یەکێک لەدەربازبووەکان کە بەرێکەوت دەرباز بووە دێت بۆنێک دەکات کە بەردەکان لادەبات سەیر دەکات دوو منالی چاوڕەشی کورد دەستیان لەملی یەکدایە ولەبرسان ولەترسان ولەبێ کەسیدا مردوونە،

ئەوە سەرگوزوشتەی گەلێکە کە ساڵەهای ساڵە لێی ئەبڕێت وبەر تەوری هەڵپاچ وداپاچی زەمانەو ستەم کەوتووە، بەڵام هەر ئەمێنێ و لەسەر کۆتەرەی مەرگیەوە باڵا ئەبێ و باڵا ئەبێ وبۆش ناخ دەبێ بەڕووی جەوری زەماندا، خوایار بێ دنیایەکی ئاسودە بەرووی گەلەکەماندا پێ ئەکەنێت تەنها بۆ بیرخستنەوە بوو لەگەڵ ڕێزو سوپاسدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک ئەحمەد، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەوەی رژێم پاشگەز بۆوە لە هەموو داخوازییەڕەواکانی گەلەکەمان ویستی بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داواکارییەکانی گەلەکەمان بداتەوە، شۆڕش وبەرخۆدانی گەلی کورد بوو بەشورای پۆلایین بۆ پاراستنی گەلی کورد، دوژمنی رەفتار فاشی هەموو کردەوەیەکی نامرۆڤانە، هەموو چەک وتەقەمەنیەکی کە لەکۆگای وولاتە سەرمایەدارو سۆسیالیستەکانی ئەو کاتە بوو بەسەر گەلەکەمانیاندا باراند، بەڵام نەیتوانی ورەی بەرزی پێشمەرگەی کوردستان، ورەی پۆلاییینی گەلی کورد دابەزێنێ، بۆیە ناچار رووی کردە جۆرەها چەکی کوشندەو جۆرەها پیلانی نامرۆییانە بۆ ئەوەی گەلەکەمان لەناو ببات پێشتر بەچەکی کیماوی لەزۆر شوێنی کوردستانی دا، بەڵام گەلی کورد رق ئەستور بوو پێشمەرگە قارەمانتر جەنگا، زەرەرو زیانەکانی دوژمن زیاتر بوو، بۆیە دوژمن بیری لەپیلانی گڵاوتر کردەوە، ئەو پیلانانەی کە هەرگیز داگیرکەری وولاتان تائەو کاتە بەرامبەر بە گەلی خۆیانیان نەکردبوو، ئەویش سیاسەتی خاکی سوتماک و راگویزانی خەڵکەکەی پەیرەو کرد، دەستی کرد بە وێران کردنی کوردستان وبەراگوێزانی خەڵکی کوردستان بۆ شوێنێکی نادیار کە ئەوە یانزدە ساڵە ئەو خەڵکە ئەو ژن ومناڵانە ئەو پیرو جوان ولاوانە کەس هیچ لەحاڵیان نازانێ کە چیان بەسەر هات، وماڵ وخاکەکەشی هەمووی سووتاند، بەڵام پشت بەخوای گەورە پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ هەموو مەرامە گڵاوەکانی دوژمن چووە ژێر خاک و گەلی کوردستان سەربەرزانە لەو تاقی کردنەوانەشدا دەرچوو وسوپاس بۆ خوا کە ئێمە ئەمڕۆ لەپەرلەمانی کوردستاندا یادی ئەو خەڵکە شەهید و سەربەرزە دەکەینەوە هیوادارین خوا گیانی پاکیان ئەوانەی کە شەهید بوون بە بەهەشتی بەرین شاد بکات، سەرکەوتن و سەربەرزیش هەمیشە بۆ گەلەکەیان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، شەفیقەخان فەرموو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ حەسەن عەبدوڵڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمڕۆ لەپەرلەمانی کوردستاندا کە بەرهەمی خوێنی ئەو شەهیدە نەمرانەی کوردستانە، کە ئەو

زوڵم وزۆرەی لە ئەنفالەکان کرا بەبەرهەمی ئەوان هاتۆتە دی، لەم پەرلەمانە پیرۆزەدا سەرەخۆشی خۆم لە هەموو گەلی کوردستان، بەتایبەتی لەکەس وکاری ئەنفالەکان و شەهیدەکان بەگشتی دەکەم، دەنگی خۆم ئەگەیەنمە خاوەن ویژدانەکان کە بێن بە دەنگی هەموو گەلێکی چەوساوەوە کە لەم رۆژەدا لە ١٤/٤/١٩٨٨ کە ئەنفالە گەورە بەدناوەکە هات بەسەر کوردستان نە پەلەوەر نەدرەخت نەگیانلەبەر نە سەرچاوەی کانیەکان لێی رزگار نەبوون، ئینجا نە مرۆڤە بەنرخەکان کە ژیانیان لێ سەندرایەوە کە خوا پێی بەخشی بوون، بەڵام ئەوان بەزوڵم وزۆر لێیان سەندرایەوە، چەندەها منالٚ بێ باوک کران، چەندەها دایک جەرگی سووتا، چەندەها خۆشەویست لەیەک کرا، چەندەها دایک وکوڕ لەیەک جودا بوونەوە، نازانین چارەنووسیان بەرەو کوێ چوو؟، ئەگەر نەماون لەکاروانی شەهیدان سەربەرزن وسەروەری ئێمەن ونەمرن ولەسەرووی هەموویانەوە باوکی کورد بارزانی نەمر وکاکەئیدریس وهەموو شەهیدانی کوردستان و هەروەها شەهیدانی قەڵادزێی ٢٤/٤/٧٤، لێرەدا دیسان دووبارەی دەکەمەوە هاوخەمی هەموو کەس وکاری ئەنفالەکانین وبەرهەمی ئەوانە ئێمە لێرە کە داوای سەروەری بۆ هەموو گەلانی چەوساوە دەکەین و خۆشمان لەگەڵیاندا، بەڵام داواکارم لەمافی مرۆڤ کە بێن بزانن رێ وشوێن وچارەنووسی ئەوانە چی بەسەر هات چونکە تا ئێستا گەورەترین کێشەی کۆمەڵایەتی یە، هەروەک سەرۆکی هێژا کاک مەسعود بارزانی لەم پەرلەمانە پیرۆزەدا ئاماژەی بۆ کرد، بزانین چارەنووسیان بەکوێ گەیشتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس شەفیقە خان، شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز شێخ یەحیا محەمەد عەبدولکەریم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەدرێژایی رۆژگار میللەتەکەمان بەشی هەر کۆچ و نەهامەتی ومالٚ وێرانی بووە بەدەست خەڵکانێک کە بەهیچ جۆرێک نەبیروباوەڕو نەئیمانیان بەمرۆڤ و نەبەموسڵمانیەتی و نە بەهەستی مرۆڤانەوە هەبووە، کاتێک کە هاتوونەتە مامڵەت وهەڵسەنگاندن وهەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر بە میللەتی کورد جگە لە تالان وبڕۆو کوشتن وسووتان زیاتر هیچیان نەزانیوە.
بەداخەوە کۆتاییەکەیان بە کیمیا باران و بە ئەنفال و بە قڕکردنی گەلێکی دەستپەتی هات بەر لە یازدە سالٚ پێش ئێستا لە رۆژانێکی وەکو ئەو رۆژانەدا لە کۆتایی مانگی سێ و سەرەتای مانگی چوار و هەتا کۆتایی مانگی چواریش دێ بە دێ و بەرد بە بەردو شاخ بە شاخ و دار بە دارو سەرچاوە ئاو بە سەرچاوە ئاوو مالٚ بە مالٚ و وردو درشتی مندالی کورد و وردو درشتی کوردەواریان بەدەست گوللەو تۆپ باران و کیمیاو دەبابەو گوللەی ناکەس بەچانەوە هاتبووە لەرزین، دۆڵ و شاخ و دەشت و دەرمان یەک پارچە گڕی گرتبوو بەدەست کۆمەڵە خەڵکێکەوە کە باوەڕیان بە ئسلام و مرۆڤایەتی نەبوو بەداخەوە هەروەکو بەڕێزان ئاماژەیان بۆکرد ناویشیان لێ نا(ئەنفال) بەوە ویژدانی کوردەواری ئێمەیان بۆ مێژوو زیاتر بریندار کرد هەرچەند قسە بکەین

لەسەر ئەنفال و لەسەر ماڵوێرانی گەلەکەمان تەواو نابێت، بەداخەوە لەو ڕۆژانەشدا کەسیش گوێی لەدەنگمان نەدەگرت، نە ئیسلام و نە ئەوروپا و نە مەسیحیەت و نە مرۆڤایەتی گوێی لە دەنگی میللەتی کورد نەدەگرت، یەکێ لە برینە هەرە گەورەکانمان ئەو برینەیە کە هەرگیز سارێژ نابێ.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

ئیسلام گوێی لێیە بەڵام وڵاتە ئیسلامییەکان گوێیان لێ نییە.

**بەڕێز شـێـخ یەحـیـا عـەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ببورە مەبستم وڵاتە ئیسلامییەکانە، مەبەستم خەڵکانێکە کە بەناوی ئیسلامەوە ئەو ڕۆژانەو ئەمڕۆش تا ئێستاش حوکمڕانی وڵاتان دەکەن و حوکمڕانی میللەتانی ئیسلام دەکەن و ئەوانە بە خەیاڵیاندا نەهاتووە جارێک لە جاران گەلێکی موسڵمان بەو شێوەیەی بەسەردابێت کە بەرگرییەکی لێ بکەن هەرچەند قسە بکەین تەواو نابێت بەڕێزان داخی دڵ و کارەسات و کۆس کەوتنی میللەتی کورد تەواو نابێت لە باسی ئەنفالدا ئەوەی بە باشی دەزانم بیکەین پێش وەرگرتنی ئەم بڕیارە کە بەتەمان لە پەرلەمانی کوردستاندا بڕیارێک وەربگیرێ دەرهەق بە بەجێماوەکانی ئەنفال پێش ئەوە وا بە چاکی دەزانم نامەیەکی سکاڵاو نامەیەکی داواکاری بدرێ بە هەموو دونیای ئیسلام و (زانکۆی دەوڵەتە عارەبییەکان) و هەموو پەرلەمانەکانی دونیا و، بە هەموو حکومەتەکانی دونیاو بە هەموو کەس با داوا لە حکومەتی عێراقی بکەن چارەنووسێکی ئەو ئەنفالکراوانەمان پێ بڵێن، با داوا بکەن پێمان بڵێن ئەگەر نەشماون با حکومەتی خوێن ڕێژی عێراقی بڵێ ئەوانە نەماون و کوشتومانن بۆ ئەوەی ئەو کاتە ئێمە بەیانی وەفاتیان بۆ دەربکەین یان خەمێک لە کەسوکارەکانیان بخۆین، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس. کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی کارەساتی ئەنفال دەرهەق بەهاووڵاتیانی کوردستان کارەساتێکی زۆر گەورەیە و لە مێژووی بەشەریەتدا دەگمەنەو لە جیهاندا کەم ڕوودای وا ڕوویداوە، ئەو کارەساتەی کە ڕووی دا بە حەق گشت ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە لە گەرمیانەوە هەتا دهۆک، لە جەلەولاو خانەقینەوە هەتاکو ناوچەی سنوورەکان لە هەڵەبجەو لە پێنجوێن هەروەها نە تەنیا کوردی گرتەوە، بەڵکو ئاشووری و تورکمانیشی گرتەوە و (٤٥٠٠) دێهات و شارۆچکەشمان بەدەستی ئەوان وێران کران، بەرای من ئەوە یەکێکە لە تاوانە گەورەکانی مرۆڤایەتی و، لە زمنی یاسای نێودەوڵەتی و جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤ حساب دەکریت لە تاوانی لەناوبردنی(ئیبادەی) بەشەریەت ورەگەز واتا (جینۆساید)، کە ئەوە فەسڵێک بوو لە لەناوبردنی میللەتەکەمان پێش ئەوە ڕوودای

گەورەی تر روویدا بوو، هەڵەبجە لە ئادارو، هەروەها پێش ئەوە لە ساڵی (١٩٨٣) هەشت هەزار بارزانیان بزر کرد کە چارەنووسیان نادیارە و، حەوت هەزار گەنجی فەیلی کە تەمەنیان لە نێوان (١٦ ـ ٣٥) ساڵاندا بو لە بەغدا گشتی فڕێ درایە ناو تیزابەوە چارەنووسیان هەتاکو ئێستاکە نادیارە کە ئێستا رای گشتی جیهانی زۆر موتابەعە دەکات، هەروەها بێجگە لەوەش لە دوای هاتنەوەی سووپای عێراقی لە دوای ئەو راپەرینە پیرۆزەی گەلەکەمان کردی لە ساڵی (١٩٩١) بە هەزارانی تری فڕاند و هەتاکو ئیستا چارەنووسیان نادیارە، لەبەرئەوە من وا هەست دەکەم ئەبێ لەلایەن ئێمەوە بایەخێکی زۆری پێ بدرێ، لە ناوەوەو لە دەرەوەدا، هەر بە ئەوەندەش نەوەستین کە تەنها ئیدانە بکەین، بەڵکو ئەوانەی ئەو تاوانانەیان کردووە بدرێنە دادگاکانی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی ببنە عیبرەت بۆ گشت تاوانباران.

لەسەر رۆشنیایی ئەو سیمینارە کە کرا لەناو پەرلەمان دەربارەی ئەم بابەتە پیشنیارێ کرا وابزانم وەکو جەنابت ئاماژەت بۆ کرد کە دەکرێتە پرۆژەیەک و پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت ئەبێ بە کردەوە قوربانیانی ئەو تاوانانە کە کراون یارمەتی بدرێن بەتایبەتی منداڵان و ژنانی قوربانی ئەو ئەنفالانە و، یارمەتیش بدرێن لەبەرئەوەی مافێکی خۆیانە لەسەر ئێمە و، بەبۆنەی پەنجا ساڵەی جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤ من وا هەست دەکەم گشتمان حزبەکان و پەرلەمان و حکومەت و رای گشتی کوردی جەماوەرمان لە ناوەوەو دەرەوە زۆر پێویستیان بە مەلەفێک هەیەو، زۆر کوراس چاپ بکرێن دەربارەی قوربانیانی ئەو ئەنفالانە، وابزانم پەرلەمانی ئێمە دەبێ دەست پێشخەری ئەو شتە بکات، (میدل ویست ئیچ) کە ئەوە رێکخراوێکی جیهانییە کوراسێکی باشی دەرکردووە لەسەر ئەنفالەکان و بە ئینگلیزی د. رزگاریش وەریگێراوە و، باشە پەرلەمانمان خۆی لێ بکاتە خاوەن و چاپی بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو مەلەفەی لیژنەی مافی مرۆڤ و سکاڵاکانی پەرلەمان کە هیواش هێواش ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی بە کردەوە بە ژمارەکان و بە ناوو ناوی دێیەکان و قوربانییەکانی ئەو مەسەلەیە بخەینە بەردەم رای گشتی جیهان بۆئەوەی کە سوودی لێ وەربگرین، هەروەها بەرای من تەنیا بە ئیدانە کردن واز نەهێنین حەقە ئێمە دەرسێک و عیبرەتێک وەربگرین لەو ئەزموونە، کورد ئەگەر یەکگرتوو بێت دوژمن پێی ناوەستێ لەبەر ئەوە من داوا دەکەم لەناو ئەو مینبەرەوە کورد پێویستە یەکگرتوو بێت، رێککەوتنامەی واشنتون بە زووترین کات جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر بوار نەدەین بەربەرەکانێی ناوخۆمان بقۆزینەوەو ئەنفالیکی ترمان پێ بکەن، لەبەر ئەوە من وا هەست دەکەم باشترین وەڵام ئەوەیە کە ئێمە بە زووترین کات رێککەوتنامەی واشنتون جێبەجێ بکەین و، کوردستان بگەڕێنینەوە بە کوردستانێکی تەواو ئازاد و دیموکراتی و هەڵبژاردنێکی دیموکراتی بکەین بۆ ئەوەی میللەتانی تریش وا هەست نەکەن کە ئێمە زۆر جار گیروگرفتی خۆمان لەسەر حسابی کێشەکانی ئەمنی و کێشەکانی خۆمان نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو جەنابت فەرمووت ئەنفال ئایەتێکی قورئانە کە دەرهەق بە کافرەکانی دوورگەی عەرەبی هاتۆتە خوارێ کە خوێنی ئەوان حەلاڵ بێت ماڵی ئەوان غەنیمە بێت بچووکی ئەوان وەکو جاریە یان خزمەتکاریان لێ بێت، ئەوە هیچ ویژدانێک و ئاینێک و یاسایەک قەبوولی ناکات کە ئەوە لەسەر میللەتێکی هەژار و میللەتێکی موسڵمان کە بەخوایشتی خۆی بووە بە موسڵمان، بەڵام ئەو دڕندانەی بەغدا کە ئەو کارەساتەیان هێنایە سەر ئەو میللەتە ویژدانیان نەبووە، چونکە هەموو زەلامەکانی ئەوانیان کوشتن چ بە کیمایی بێت یان بە کومەڵکوژی بێت، ئافرەتەکانیان وەکو جاریە بەکارهێنراون بەڵکو بچووکەکانیشیان فرۆشران ئەوەش زێدەڕۆییەکی روونە سەبارەت بە مافی مرۆڤ وکەسیش ئەو شتە لەبیر ناکات، بەڵام شتێکی لە هەمووان غەریبتر ئەوەیە کە ئێمە دیتمان ئەم ڕووداوانە دڵی گەلێک خەڵکی هەژاند، گەلێک دەوڵەتی ئیسلامی هەبوون ویژدانی ئەوان نەهەژا بەو ڕووداوانە پێویست بوو بەرگرییەکی باش لەسەر ئەو میللەتە کرابا، پێویست بوو ئەو شتە قەبووڵ نەکرابایە دەڵێم(ئەزعەف الایمان) هەندێک یادداشتیان بکردابا، هیوای ئێمە ئەوەیە ئێمە هەموومان دەنگی خۆمان بگەیەنینە نەتەوە یەکگرتووەکان و داوا بکەین ئەوانەی ئەو تاوانەیان دەرهەق بە میللەتی ئێمە کردووە بدرینە دادگایەکی نێودەوڵەتی بە تاوانباری جەنگ حوکم بدرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالد موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەراستی کارەساتێکی گەورەیە کە ئەمڕۆ میللەتی کورد بەگشتی یادی دەکاتەوە من لەگەڵ هەموو ئەو قسانەدام کە برایانی بەڕێز کردیان بەتایبەتی بەداخەوە هەڵوێستی موسڵمانان لە چواردەوری کوردستانی عێراقدا نەبوو خاوەن هەڵوێستێک نەبوون کە ئێمە بۆ مێژوو تۆماری بکەین ئەمڕۆ یادیان بکەینەوەو سوپاسیان بکەین ئەو هەموو خێزان و منداڵە دەربەدەر بوون و هەر هەموویان کەوتنە ناو گۆڕەپانێکی چۆڵ و هەر هەمووشیان بەرەو لەناوبردن ڕۆیشتن کە ئەمە لە ڕەگ و ریشە دەرهێنانی میللەتیک بوو کە قورئانی پیرۆز باسی مونافیقەکان و دوو ڕووەکان دەکات بە شێوەیەک کە ڕووی ناشرینیان لەگەڵ خەڵکانێکی تردا کە قسە دەکەن وا دەردەبڕن کە ئەمە مرۆڤێکی مرۆڤ دۆست و حەق وێژ و خاوەنی ئیمانن، بەڵام کاتێک کە پشت هەڵدەکەن (وإذا تولى ساعة في الارض ليفسد فيها ويهلك الحرث والنسل والله لا يحب الفساد). چ میللەتێک

بەقەدەر میللەتی کوردی ئێمە ناوەڕۆکی ئەو ئایەتە جێبەجێ نەبووە بەسەریاندا کە لە ڕەگ و ڕیشە هەوڵیان داوە دەریان بێنن، چی ما بە میللەتی ئێمە نەکرێ؟ بۆ لە هەموو دونیادا ئەگەر یەکێک تاوانبار بکرێت و تاوانێک بخرێتە پاڵی دروست نییە پێی بوترێت تاوانبار تاوەکو دەردەکەوێت کە ئەوە ڕاستەو ئەو تاوانەی کردووە، میللەتی کورد چ تاوانێکی هەبووە کە بە کافر بدرێتە قەڵەم بەداخەوە هەموو دەوڵەتانی بەناو ئیسلامی هیچیان دڵیان نەهەژا بۆ ئەوەی تەنانەت بەرگرییەکی لێ بکەن، ئەگەر لە دوورەوە بە هەڵوێستێکی کەمیش بێت بۆچی ئەمڕۆ حسابی ئەو هەموو موسڵمانانە دەکرێت؟ ئێمە پێمان خۆشەو پەرلەمانی خۆمان لە هەفتەی پێشوودا هەڵوێستی نواند بەرامبەر بە میللەتی کۆسۆڤۆ کە ئەو تاوانەی دژی کرا، کە چەند هەزارێکی ئەو میللەتە ئاوارە بووەو خراوەتە ئەودیوی سنوورەوە ئێمە تەنها لە کردارە پڕ تاوانەکەی کە بەناو ئەنفالە چەند سەد هەزارێکمان لێ ئیبادە بوون و قەلاچۆکران، ئەمە جگە لە وێران کردن و کاولکردن و ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی کشتوکاڵ و هەرچی مایەی بژێوی ئەو میللەتە هەیە ئەمە بەڕاستی حەق نییە میللەتی ئێمە لە هیچ شوێنێکدا بیری بچێتەوە خەڵکانێک هەبوون ئێستاش شانازی پێ دەکەین لە هەموو دونیادا کە دڵنەوایی و دالدەیی خۆیان بۆ ئەو میللەتانەی کە دەربەدەر کراون کردۆتەوە، بەلام چ میللەتێک چ دەنگێکی ئازادیخواز چ موسڵمانێک لەو سەر زەویەدا لەو حاڵەتەدا بەدەنگی میللەتی ئێمەوە هات کە ملیۆنەها کەسمان بەو شێوەیە ئیبادە دەبوو سەدان هەزاریشمان بێ سەرو شوێن بوو تا ئێستا نازانین چییان بەسەر هاتووەو، دڵنیاشین کە ئیبادەشیان کردن و دووچاری کوشت و کوشتارێکیان کردن کە بەو شێوەیەیان بەسەر هات، لەبەرئەوە حەق وایە ئەم کارەساتە ببێتە کارەساتێکی یادکەرەوەی هەمیشەیی تەنها بۆ یادکردنەوەو بیرخەرەوەش نەبێت، بەڵکو بۆ عیبرەت و پەند و ئامۆژگاری بێت میللەتی کورد ئەگەر هیچ شتێک یەکی نەخات، حەق وایە ئێشوئازارەکانی یەکی بخات حەق وایە ئەو هەموو موعاناتەی بەدەستی دوژمنی وڵاتەوە چەشتی ئەوە ببێتە مایەی یەکبوونێکی سەرتاسەری میللەتی ئێمە بۆئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی دوژمنانمان ببینەوەو لە ڕوانگەی پیرۆزی ئاینی ئیسلامیشەوە تەحەدای ئەو دوژمنە سەرسەختەمان کردەوە دوای ئەوەی چوار هەزار گوندیان وێران کردین دروستمان کردەوە، دوای ئەوەی زیاد لە چوار هەزار مزگەوتیان وێران کردین هەمووی بە شان وبازوی میللەتەکەمان سوپاس بۆ خوا دروست کرایەوە کە ئەمە بۆخۆی نیشانەیە لەسەر ئەوەی میللەتی ئێمە موسڵمانە و، ڕەدعێکی تەواوە بۆ ئەو دوژمنە سەرسەختانە کە بەناوی بێ دینی و کافریەوە خەڵکیان لە وڵاتانی دەرەوە ئەهێناو دەیان گوت ئەم میللەتە(مورتەد) بوونە بۆیە کوشتن و کوشتاریان حەقەو پێویستە، بەلام کە خەڵکانێک بەتایبەتی سوپاکانی دەرەوە کە هاتن میللەتی موسوڵمانی کوردیان ئەبینی و بانگیان ئەبیست و دروشمی ئیسلامەتیان ئەبینی کە لە هەموو دەوڵەتەکانی تر دەتوانم بڵێم دروشمی ئیسلامەتی لەناو کوردستان زیاترە، لەبەر ئەوە هەندێکیان پەشیمان ئەبوونەوە، هەندێکیشیان ویژدانیان نەدەهەژاو لەگەڵ تاوانی ڕژێمی ڕەفتار فاشی بەغدا دیسان قسەی ناهەمواریان دەکرد، بۆیە حەق

وایە ئێمەش هەردەم لەیادیان دا بین و وەکو موسڵمانێکیش ئەو کارەساتە لەبیر نەکەین و هەموو میللەتانی جیهانیش و هەموو کوردێکیش لە وڵاتانی دەرەوە هاوئێش و ئازاری ئێمە بن بۆئەوەی کە پەنا بەخوا بگەینە تەواو ئاواتی دڵ و دەروونی خۆمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا موحسین، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وادیارە قەدەری ئەو میللەتەیە کە تراژیدیای بەسەردا بێن و بەرخودانی خوێنی ئەو لەسەری فەرز بکرێت بێ ئەوەی هیچ دەستدرێژییەک لەسەر وڵاتێک بکەین، یان خاکی وڵاتێکی تر داگیر بکەین یان ئێشێک بگەیەنینە خەڵکێک ئەوە قەدەری مێژووە کە ئەوە بەسەری ئێمەدا دێت و خەڵکی ئێمە دەبێتە قوربانی تاوانی دژی مرۆڤایەتی.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، هەڵمەتی ئەنفال وشەیەکی حەقە کە بە مەبەستی (باطل) بەکار دێت، ناوی هەشتەمین ئایەتی قورئانی پیرۆزە بە حەرفی (نهب و سلب) دیارە بەناوی ئەنفال دوژمنانی مرۆڤایەتی و مێژوو چ هەڵمەتێکیان کرد، ئەگەر نەخشەی هەڵمەتی ئەنفال بخوێنینەوە و تەماشای بکەین کە لەبەرچاوی ئێمەیەو خودا کەرەمی کرد پاش راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ئەو نەخشەیە کەوتە بەردەستی ئێمەو دیارە ئەوان چییان لەو میللەتە کردووە.

بەداخەوە ئێمە لەکاتی هەڵمەتی ئەنفالکردن نە ڤیدیۆمان هەبوو و نە سەتەلایتمان هەبوو نە تەلەفزیۆنمان هەبوو ئەگەر نا ئەو دیمەنانەی ئەنفال چ لەگەرمیان چ لە سلێمانی چ لە دەڤەری بادینان، ئەگەر ئێمە ئەو دیمەنانە ئەوڕۆ ئەبوایە لە تەلەفزیۆن و سەتەلایت بخرابایە روو، خەڵکێک بە باشترو بەروونتر دەیانزانی کە چ بەسەر ئێمەدا هاتووە، هەر لەدەستپێکردنی پێک هێنانی دەوڵەتی عێراقییەوە بە زۆرە ملی ئێمە لەگەڵدانینە تاوەکو ئەمڕۆ ئێمەیان دەربەدەر کردووە، وڵاتی ئێمەیان بەعارەب کردووەو تائیستاش بەردەوامە.

ئەو خەڵکە هەژارانەی کە لەدەڤەری گەرمیان ئەنفال کراون کە لەوانەیە رق و کینەی ئەوان بەرامبەر ئەو ناوچەیە زیاترە، چونکە ئەو بەڵگەنامانەی کەوتوونەتە دەستی ئێمە دیتمانن کە چ بەرامبەر دەڤەری گەرمیان کراوە لەوانەیە ئەو قوربانیانە بە رێژەیەکی زۆر گەورە لەو ناوچەیە بووە، لەوانەیە وەکو من گوتم رۆژێک ئەو بەڵگەنامانە بکەونە بەردەست کە ئێستا وەرگێردراون و ئامادەن ئەگەر چاپ بکرێن خەڵکێک دەزانن چ بەسەر گەرمیان و سلێمانی و بادینان هاتووە. (گۆپتەپەو، عەسکەر، سەدان گوندی دی) خەڵکێک کە دیتمان بەرژین بێ کە شەرم نەبێت لەو دانیشتنەدا بڵێین (میزی خۆیان دەخواردەوە)، بە ئوتومبیل دەیانگواستنەوە جێگای لە سێدارەدانی گشتی لە دەڤەری باشووری عیراق ئافرەت و مناڵ و هەژار هەموویان لەناو ئەو سەیارانە دەپەستان و ئاویان نەدەدانێ بەو گەرمایە ئافرەتان لەناو ئوتومبێل مناڵیان دەبوو،

پیاوان لەپێش چاوی منالان و ئافرەتان لە سێدارە دەدران، ئافرەتەکان خۆیان دەهاوێشتە بەردەستیان دەیانگوت ئێمەش بکوژن تاکو ئیسراحەت بکەین، ئەوانە هەمووی هەن، ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، ئەگەر بێتو ئەو بەڵگەنامانە ببینین دەزانین کە ئەوانە مرۆڤ نین بەڵکو گورگن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەیفە مرۆڤ ئاژەڵێکی وەکو گورگ بەوانە بپچوێنێ.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باوەڕ بکە ئەگەر ئەورۆ ئێمە ئەو دیمەنانەمان هەبا، یان ئەوەی خەڵک گێڕایانەوە بۆ ڕێکخراوەکانی مرۆڤایەتی، باوەڕ ناکەم چ مرۆڤێک بەرگەی ئەو شتە بگرێت، باوەڕ ناکەم مرۆڤێک هەبێت کە لە مێژوودا لەوانەیە لە سەدەکانی ناوەڕاست ئەو شانۆگەری و چیرۆکانەی کە دەیگێڕنەوە لەوێ کرابن ئەگەر کراشبن، بەڵام هەرگیز بەو قەبارەیە نەکراوە ئافرەت بچێت خۆی بهاوێژێتە بەردەستی جەلادی بڵێت من لە سێدارە بدە هەتا دڵی من ڕەحەت بێت، چونکە تۆ بابی منداڵەکانت لە سێدارە دا، یان چاڵێکی گەورە لێ بدەن و هەموویان زیندە بەچاڵ بکەن و بە بلدۆزەر خۆڵیان بەسەردا بکەن، ئەمە هەرگیز نەبووە، هەتاکو ئێستا ڕێکخراوەکانی مرۆڤایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەڵگەنامەکانیان باسی فرنیەکانی نازیەکان دەکەن کە کاتی خۆی جووکەلەکانیان تێ هاویشتوون دەڵێن ئێمە وەکو ئەوانمان لێهاتووە، لەوانەیە من بەخۆم لەدوای ئەوان قەناعەتم هینا کە ئەو فرنیانەی نازییەکان گەلێک مرۆڤانەتر بێت لەو تاوانانەی کە ئەوانە کردوویانە، بەلای کەمی لەلای نازییەکان مرۆڤ بێ ئەزیەت دان دەکوژران، بێ ئازاری دەروونی و جەستەیی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دیسان بەراورد ناکرێت لەگەڵ ئەوەی بەسەرئێمەدا هاتووە ئەوەی ئەوان کردیان دەوڵەتێکی تر بوو بەسەر خەڵکێکی تریان هێنا کە لە ئاینێکی تر بوون، ئەوەی بەسەر ئێمەدا هاتووە ئێمە هاوولاتی ئەو ولاتەینە خەڵکی ئەم ولاتەینە هاودینین و هاومێژووین و کۆمەڵێک شتمان لەنێواندا هەیە.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من گوتم زیاتر لە عمومیەت دەرنەچین، تەنها ئەوەی ئەوان بەسەرئێمەیان هێناوە لەبەڵگەنامەکان دەردەکەوێت چ لە بەڵگەنامەکانی لەشکری عێراقی بۆ هەڵمەتی ئەنفال، چ لە بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان یان ڕێکخراوە سەربەخۆکان ئەوەی لە دەڤەرەکانی گەرمیان و سلێمانی و بەهدینان من باسم کرد، بەڵام ڕق و کینەی ئەوان زیاتر لە دەڤەری گەرمیانە یانی ئەو

تاوانانەی لە دەڤەری گەرمیان کرا لەوانەیە ئەگەر تۆ قیاسی بکەیت لەگەڵ تاوانەکانی تر کە لە دەڤەرەکانی تری کوردستان کراوە گەلێک گەورەترە، چونکە ئەوان پلانێکیان هەبووە کە بە هیچ شێوەیەک گەرمیان لە کوردستاندا نەبێت، ئەوان پلانێکیان هەبووە کە ئەو بەرخودانەی خەڵکی گەرمیان کردیان لەناوی بەرن و لەو بەڵگەنامانە دیارە چی بەسەری ئەو خەڵکەدا هاتووە، ناوی زۆر گوند هاتووە وەکو (گۆپتەپە، عەسکەر)و سەدان گوندی تری هەژار.
ئینجا چەندی بڵێین لەسەر ئەنفال وەکو گوتم ئەو دیمەنانە هیچی لەبەرچاوی ئێمە تەوسیق نەکراوە، چونکە ئەو کاتە ئێمە دەربەدەر بووین و تەنیا کارمان خۆخەلاس کردن بوو بەرەو سنوور بۆئەوەی لەدەستی ئەو تاوانبارانە رزگار بین بەداخەوە ئەو دیمەنە تەلەفزیۆنیانەمان نییە، زۆر مخابنە کە ئەمڕۆ ئێمە نیمانە کە ویژدانی خەڵکی پێ بهەژێنین کە ئەو تاونبارانە چییان لەو میللەتە هەژارە کردووە.
زیاتر درێژەی پێ نادەم ئەو ئەنفالە رەشە کە (كلمة حق يراد بها الباطل) لە قورئانی پیرۆز کە بەکارهێنراوە بۆ سلب و نهب بەناوێکی حەق، ناوێکی پیرۆز بوو بۆ کارێکی دژی مرۆڤایەتی بەکار هات، پێویست بوو خەڵکێک هەنە کە ئیدعای ئیسلام دەکەن لە دژی ئەوە راوەستابان زۆر فەتوای ئیسلامی دەرچووبان کە ئەوە وانییە، قورئان وا ناڵێ خودا وا ناڵێ، ئەی تاوانبار ئەوە بەو رەنگە چۆن وا بەکارت هێناوە، زۆر بەداخین بۆ هەڵەبجە کە لە (٣/١٦) کیمابارانکرا، لە (٣/١٩) کونگرەی رێکخراوەکانی ئیسلامی بوو لە ئوردن تەنها خۆیان تەکلیف نەکرد کە فاتیحەیەک بۆ گیانی ئەو شەهیدانە بخوێنن. یانی (١٥) هەزار شەهید و ئەنفال سەدان هەزار دەربەدەر فاتیحەیەکتان بۆ نەخوێندنەوە ئەوەیە ویژدانی ئەوان کە بانگەشەی ئیسلامەتی دەکەن، نەخێر ئیسلام بێ بەرین لەوان، پێویست وا بوو کە سەدان فەتواش دەرچووبان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەرچەند جەنابت ئاماژەت بۆ ئەو فڕۆکە هەلی کۆپتەرە ئەمەریکی کرد کە لە رۆژی (١٤/٤/١٩٩٤) کەوتە خوارەوە کە چەند سەربازێکی ئەمریکی و هاووڵاتی ئێمە شەهید بوون کە لە ئەرکێکی پیرۆزدا بوون بۆ پاراستنی ئەو میللەتە بوونە قوربانی ئەو ئەرکە پیرۆزە، ئێمەش دەنگی خۆمان لەگەڵ دەنگی ئێوە بڵند دەکەین و دەڵێین خودا ئەو شەهیدانە عەفوو بکات و پەنا بەخوا تێکەڵ بوونی خوێنی ئەم دوو میللەتە، میللەتی کوردستان و میللەتی ئەمەریکی ببێتە بەڵگەیەک بۆ بەهێزکردنی نێوان هەردوو میللەت کە چیتر ئەم تاوانە بەسەر ئەو میللەتەدا نەیەت.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من ئاخاوتنی سەرۆک بارزانیم لە یادە لە سەردەمی ئەنفال کە چی بۆ ئێمە گوت، بەراستی ئاخاوتنی سەرۆک لە ساڵی (١٩٨٨) و ئێستا ئەگەر بەراورد بکەین لەوانەیە زۆر واقیعی بێت و زۆر بۆچوونی سەرۆک راست بێت کە گوتی: (پارتی وەکو خەڵکێکی تر نییە ئەورۆ میحەکە بۆ ئێمە تاقی کردنەوەیە بۆ ئێمە، ئێمە ئەوە بەسەر شۆڕ و سەرنزم دەزانین ئەو کەسە بە خائین دادەنێین کە وڵاتی خۆی بەجێ دەهێڵێ و ئەو هەژارانە لە ژێر دەست بن، دەبێت

بەرخودان بکەین، دەبێت تێبکۆشین و مێژوو واقیع لەگەڵ ئێمەدایە، چونکە ئێمە لەسەر حەقین و دۆزی ئێمە رەوایە، قوربانی ئێمە بەتەنیا کوردو موسڵمان نەبوونە بەڵکو ئاشووری و برایانی ئێزدی و تورکمان هیچ جیاوازییەک نەبووە لە نێوانماندا. سەدان دێر و مزگەوتی مێژوویی لە کوردستان کە بە هەزارن ساڵە لە کوردستان ئاوەدان کراونە بوونە قوربانی ئەوان تێکدەران. بەڵێ وەکو مێژوو سەلماندوویەتی کە دوا رۆژ بۆ ئەو میللەتەیە کە بەرخودان و ئاشقی ژیان بن ئێمە گەلی کورد سەرەرای ئەو تراژیدیایانەی کە بەسەرماندا هاتووە، ئێمە سەڵماندمان بۆ هەموو جیهان کە ئاشقی ژیانین، ئێمە ئاشقی شارستانییەتین و حەز دەکەین بە ئاشتی بژین، حەز دەکەین لەسەر بنەمای برایەتی بژین، کە ئەوان هەوڵیان دا ئێمە لەسەر زەوی خۆمان لابدەن کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژین، وەکو خانی مەزن دەبێژێت:

قەد مومکینە ئەڤ چەرخێ لەولەب
تالع ببیتن ژ بۆ مە کەوکەب
رابت ژمە ژ جیهانێ پەناهێک
پەیدا ببی ژمە پادشاهێک
شیرێ هونەرامە بێتە دانین
قەدرێ قەلەمامە بێتە زانین

ئاواتی ئێمەیە کە لەو هەڵکەوتە دڵتەزێنەدا هەموو دەستمان بخەینە دەستی یەکتر، ئەو تاوانە لە بەرچاوی ئێمە بێت، هەموو پێکەوە ریزی خۆمان یەک بخەین، ئاشتیەکی بەرقەرار لە وڵاتی خۆمان بچەسپێنین، قەناعەتی ئێمە هەر بەوەیە دەتوانین وڵاتی خۆمان بپارێزین جارێکی تر کیمیایی و ئەنفال و تاوانی تر بەسەر میللەتی ئێمەدا نەیەت، ئەوەی بەرەو ئاشتی نەیەت و ئەوەی نەبێتە هۆکار بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتەو ئاشتی میللەتی ئێمە لەو میللەتە دور بکەوێتەوە چونکە هەرکیز دوا رۆژ بۆ ئەو نییە.

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان هەرچەندە بۆنەی ئەوە نییە ئەورۆ رۆژی زانکۆی سەلاحەدین و دهۆکە کە بەڵگەیە میللەتی ئێمە حەز لە شارستانیەت و ژیان دەکات پیرۆزبایی لە هەردوو زانکۆ دەکەین و لە هەموو زانکۆکانی کوردستان دەکەین هیوای پیرۆزی و پێشکەوتن بۆ هەموو میللەت و هەموو زانکۆکانی خۆمان دەخوازین، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د. رزگار. فوزیە خان فەرموو

**بەرێز فوزیە عزەدین رەشید:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەد ئەوەندە دەستە وەستان نەبوومە بەرامبەر ئەو بۆنەیە هەرچەند دەکەم هیچم بۆ دەرنا ببردرێ لە ئێشوئازارەکانم، چونکە من هەندێ لە پاشماوەی ئەنفالەکان کەسوکاری خۆم بوون ئەو پیرانەی کە

بەربوون هەندێ کارەساتی وایان دەگێڕایەوە کە ئێستا بەبیرم دێتەوە ناتوانم قسە بکەم. دوژمنی ئێمە زۆر دڕندەیە، دڕندەییەکەی لە رادە بەدەرە، ئەنفال لە هیچ کاتێکدا ئەنفال نەبووە کە خەڵکی بێ سەرو شوێن بکرێت، خەڵکی لەشەڕدا کوژراوە بەند کراوە دادگایی کراوە تاوانەکەی دیاری کراوە کوژراوە، بەڵام بێ سەرو شوێن کردن ئەوەندەی ئێمە خوێندمان و دیبێتمان هەرگیز نەبووە تاوانێکی بی وێنەیەو، رژێمی بەغدا بە جارێکیش نەوەستاوە لە ساڵی (١٩٨٣) هەشت هەزار بارزانی ئەنفال کردووە لە ساڵی (١٩٨٨) سەدو هەشتاو دوو هەزار ئەنفال کراون لە ساڵی (١٩٩١) هەموو شارەکانی کوردستان شایی و ئاهەنگیان ئەگێڕا و رزگار ببون کەچی لە کەرکوک دڵی کوردستان هەموو پیاوەکانی گرت و ناویان نا ئەنفالی (سێ)، بەڵام خۆشبەختانە بە پێشنیاری بەرەی کوردستانی کە گفتوگۆ بوو بەربوون بەڵام هەموویان بەرنەبوون هەندێک لەوانە تا ئێستا بێ سەرو شوێن. کارەساتێکی زۆر دڵتەزێنە ئەوەندەی من لەو خەڵکانەم بیستبێ هەندێک پیرەمێردیان بەردا لە تەمەنی (٧٠ـ ٧٥) یەکێک لەو پیرەمێردانە دەیگێڕایەوە کە ئەوەندەی لەو بەندیخانانە بوونە ئەوەی دەمرد چەند مەترێک دووریان دەخستەوە دەیان خستە ژێر لم دوایی سەگ لاشەکانیانی دەردەکرد و بەبەرچاوی کەسوکاریانەوە پارچە پارچەیان دەکردن ئەمە کارەساتێکە و تاوانێکە کە هیچ دڕندەیەک نەیکردووە.

هەندێک پێشنیارم هەیە ئەگەر قەبوول بکرێت یەک لەو پێشنیارانە کارەساتی ئەنفال بکرێتە فلیمێک، ئێمە فلیمی تایتانیکمان بینی لەم ماوەیەدا پەخش کرا کارەساتی تایتانیک چەند هەزار کەسێک بە هۆی ناتەواوییەکی هونەری لە پاپۆڕێک دا خنکان، کاتێک فلیمەکە نیشان درا چەند لامان کاریگەر بوو، چەند دڵتەزێن بوو چەندەها خەڵاتی ئۆسکاری وەرگرت وەک و ئاگادارن کە ژمارەیان (١٢) خەڵات بوو، ئێمە کارەساتی ئەنفالمان هەیە کە کارەساتێکی جینۆسایدە تاوانێکە بەرامبەر میللەتێک کراوە کاتی ئەوە هاتووە لە سایەی ئازادی دا، لە سایەی خوێنی شەهیدان و ئەنفال کراوەکاندا حەزیش دەکەم ئەوە بڵێم شەهید بە جیا ناوی بگوترێت و ئەنفالیش بەجیا، چونکە ئەنفال کارەساتێکە و بکرێتە فلیمیک و چەندی تێ ئەچێ هەتا ئەگەر تەبەروعی بۆ بکەین لە خۆمان لە خەڵک و رێکخراوەکان و حکومەت فلیمێک دەربکەین.

لەم رۆژانە لە کەناڵی (المستقبل) بەرنامەی (العین المجرده) راپۆرتێکی لەسەر کورد پێشکەش کرد، بۆ ماوەیەکی کورت ئاماژەی بە ئەنفالەکان کرد، لەگەڵ ئەوەی ماوەی کورت بوو ئەمەیان کاریگەری خۆی هەبوو و، ئێساش کاتی ئەوە هاتووە کە ئەوە بکرێتە فلیمێک و پێشنیارێکی ترم هەیە،کە ناوی ئەو ئەنفالانە بە قۆناغ بێ، قۆناغی ساڵی ١٩٨٣ و ساڵی ١٩٨٨و ساڵی ١٩٩١یش ئەنفالی خۆی هەیە، جگە لەنێوان ئەمانەش دا ئەنفال هەیەو ئێستاش ئەنفال هەیە، بکرێتە کوراسێک و بۆ سەر هەموو زمانێک وەرگێردرێ و لەخوا بەزیاد بێ ئێستا نوێنەرمان لەزۆر ولاتانی دەرەوەدا هەیە پێیان بدرێت و ئەوانیش دابەشی بکەن بەڵکو ویژدانی مرۆڤایەتی بجوڵێت و ببێتە بنەمایەکی باش بۆمان و سۆزی خەڵکیش رابکێشێ، پێشنیار دەکەم هەر

شتێک دەرچوو بدرێتە وڵاتانی عەرەب و با ئەوانیش باسی نەکەن بەڵام کە ئەیخوێننەوە ویژدانیان زیاتر ئازار بکێشێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

خوشک وبرایان زۆر باسی ئەنفالیان کردومن دەمەوێ بەکورتی باسی دوو سێ خاڵ بکەم، ئەویش ئەوەیە وەکو قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ (بسم الله الرحمن الرحیم * بشر المؤمنین الذین إذا أصابتهم مصیبە قالو إنا لله وإنا إلیه راجعون» کە ئیمە سەیری ڕووداوەکانی ناوخۆمان دەکەین ئەبێ هەموو ڕۆژ ئەوە دووبارە بکەینەوە، بەڵام یەک شت زیاتر سەرنجی ڕاکێشام ئەمڕۆ ١٤ی مانگە ١٤ی مانگ ئەو ڕۆژە ڕەشەیە لە مێژووی میللەتی کورد پێویستە هەر لە منداڵی باخچەی ساوایان تاوەکو قوتابیانی ئامادەیی وزانکۆکان پێیان بوترێ وبڵێین ئەو ڕۆژە ئێوە بوون کە ئەسوتێندران و لەناوئەبردران، ئەبێ تێیان بگەیەنین، بەڵام ئەوەی من دەیبینم نەکەس گوێی پێ دەدات و نەکەس لافتەیەکی ڕەش هەڵدەکات نە دروشمێکی ڕەش دەبینم و نە کەس باسی لێ دەکات، جگە لەمە ڕۆژانێکی زانکۆ هەیە کە ئەمڕۆ ڕۆژی زانکۆیە و کاتی خۆیشی ١٤ی مانگ هەر ڕۆژی زانکۆ بووە با ڕۆژی زانکۆ ١٥ی مانگ یان ١٦ی مانگ بێت، بەڵام با ١٤نەبێت چونکە ئەمڕۆ ڕۆژێکی ڕەشە دەبوایە ئیمە لە قوتابخانەکان وزانکۆکان یادی ئەو ڕۆژە بکەینەوە، ئەوەی کە ئەنفال کرا ئێمە زۆربەمان کە ئەمان دیتن خۆزگەمان بەوان ئەخواست، چونکە ئێمە ڕووداوەکانمان دەبینی و ئەمان گوت خۆزگەمان بەوان چونکە ئەوانی کە ڕۆیشتوون یان گیانی پاکیان لە بەهەشتی بەرینە یان لەشوێنێکدا جێگیر بوون و ئێمە زۆر لەو کەسانە دەناسین و ئێستا دیار نین و مەزاری پیرۆزیان نییەو نازانین بۆ کوێ ڕۆیشتوون، من حەز دەکەم شتێکی بچووکتان بۆ بگێرمەوە، مامۆستایەک بەناوی مامۆستا نەوزاد مەحمود لە ناوچەی گەرمیان بوو حەوت مانگ بوو ماڵی هێنابۆوە بۆ سلێمانی، هاتە لام و وتی منداڵەکانم هێناوەتەوە بەڵام خۆم و کوڕە گەورەکەم دەگەڕێینەوە بۆ قوتابخانە هەردووکیان گەڕانەوەو هەردووکیان ئەنفال کران، باوەڕتان هەبێت تا-ئێستا کەس لە ماڵ وخێزانی ئەو ئەنفال کراوەیان نەپرسیوە، ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە بەر ئەنفال کەوتوون بە ژمارە ٢٧مامۆستان بەڵام دوژمن وا ناڵێت، زۆر لە بۆنەکان ئەوان گاڵتەیان بە ئیمە دێت و دەڵێن لە ٤٠و ٥٠ زیاترە، دوژمن لە ئیمە چاکتر بە حاڵی ئێمە دەزانێت بەڵام من نامەوێ درێژە بە قسەکانم بدەم بەڵام تەنها دوو خۆزگەم هەیە، یەکەمیان: خۆزگە ئیمە چارەنووسی ئەو ئەنفالکراوانەمان دەزانی ئایا ماون یان نا؟ یان چییان بەسەر هاتووە؟، خۆزگەی دووەم: کە زۆر خۆزگەمە ئیمە چارەی ئەو ئەنفال چییانەمان نەدیبوایە چونکە بەڕێزان ڕۆژێک

هەبوو ئیمە لەوان ئەترساین خۆمان لەوان دوور ئەخستەوە بەلام ئیستا زۆر لەو ئەنفال چییانە لێرەن، لەبەر ئەوەی کە ئیجرائاتیان لەگەڵ نەکراوە بەلاَم بینینیان بەڕاستی هەموو ڕۆژێک ئەنفالە بۆ ئیمە، ئەمڕۆ ئەوەیان ئەو کەسە دەبینی کە دەڕۆیشت لە پشت قەرەداغەوەو دەگەڕایەوە سلێمانی بەچاوی خۆم دەیبینم ئەوە نیمچە مردنێکە بۆمن بۆیە داواکارم هەولێک بدرێت بۆ ئەو ئەنفالانە بۆ پاشماوەکانیان و بایەخیان پێ بدرێت و من لێرە وەکو مامۆستایەک سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو ئەنفال کراوانە دادنوێنم بەتایبەتی مامۆستاکان کە گیانی خۆیان بەخت کرد لە ڕێگەی خوێندن و ڕۆشنبیری و پێخۆشحالّم لەم مینبەرە پیرۆزەوە ولەم ڕۆژە پیرۆزەدا کە پیرۆزە چونکە یادیان دەکەینەوە بەلام خۆی لەخۆی دا ڕۆژێکی ڕەشە سەبارەت بە ئیمەوە، سوپاس.

**بەڕیز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شمائیل فەرموو.

**بەڕێزشمائیل ننو بنیامین:**

**السید رئیس المجلس:**

في الحقيقة مهما تحدثنا عن هذه الجريمة النكراء جريمة الانفال لايمكن أن نوفي حقها من حيث الاسلوب الذي تم إتباعها في تنفيذها فكما قال الاخ د.رزگار لو كان بالامكان وضع دقائق وتفاصيل هذه العملية أمام أنظار العالم لكان لها شان كبير فكلنا تحسس مدى التأثير والفعالية التي أحدثتها عرض جريمة حلبجة على شاشات التلفزيون بعد تحرير الكويت، هذه العملية البشعة وتبعاتها لازالت قائمة و نعاني منها جميعا حقيقة، زملائي الاعزاء ليس إنتقاصا من التضحيات الغالية الكبيرة التي قدمها الشعب الكردي الشقيق على مذبح حريته ومن أجل حقوقه ولكن كما نقول دائما أن الشعب الاشوري كان له نصيب من كل سياسات الشوفينية و الفاشية التي صوبت ضد الشعب الكردي الشقيق حيث كان لنا نصيب في هذا الماساة، ماساة الانفال ولنا قائمة موثقة بالاسماء (٣٦٤)عوائل وأشخاص متفرقة من مختلف مناطق البادينان وكذلك أكثر من ٢٠٠ قرية كما أشار الدكتور رزكار وبعض هذه القرى كانت فيها أديرة قديمة تعود تاريخها الى ١٥٠٠سنة يعني في بلدان العالم تصرف الملايين من أجل الحفاظ على الآثار و لكن هذا النظام استعمل بدل ذلك لغة الداينمت وال(TNT) في هذه الاديرة بهذه المناسبة الاليمة أضم صوتي الى صوت الاخ عبدالخالق زنكنة ومن أجل ضمان عدم تكرار هذا العمل ليس تشائما في الحقيقة ولكن من أجل تقليل خسائر الشعب الذي يناضل من أجل حريته لاتوجد قوة تستطيع أن تحرمه من تحقيق أهدافه ولعل يمكن أن يكون الرد على سياسة الارض المحروقة الذي مارسها النظام في كوردستان العراق ان نناقش قانون نقابة المهندسين وقانون الجيولوجين ولعل هذا رد على مثل هذه السياسات ولكن كما قلنا من أجل وحدة الصف وتقليل الخسائر ندعو من هذا المنبر على الاسراع في تنفيذ بنود إتفاقية واشنطن وإحلال السلام الشامل في الاقليم وهناك شي اود إضافته وقد أكون مختلفا مع الدكتور

بالاحرى وكان في بالي وقد تحدث هو عن يوم الجامعة وأقول أن ١٤من هذا الشهر هو رأس السنة اليزيدية وأنا بهذه المناسبة أزف أجمل التهاني والتبريكات الى الاخوة اليزيدين في كوردستان وكل بقع العالم وشكرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک دکتۆر ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشەکی هەزاران سڵاو بۆ گشت شەهیدانی کوردستان بەگشتی و شەهیدانی ئەنفال هەر لە ئەنفال کردنی کوردە فەیلییەکان و هەشت هەزار بارزانیی تا دەگاتە هەڵەبجەی شەهید و ئینجا ١٨٢هەزار ئەنفال کراوی ناوچەی گەرمیان، بەڕاستی ئەو تاوانەی لەم ڕۆژەدا کرا تاوانێکی زۆر گەورەو تاوانێکی نێو دەوڵەتییە کە نابێ هیچ کاتێک لەبیر بکرێ تاوانێکە دژ بە مافی مرۆڤایەتی کرا باسی ئەمڕۆ دەکەن کە ڕۆژێکی ڕەشە لە مێژووی میلەتی کورددا من دەڵێم ئەوە ڕۆژێکی ڕەشە پەڵەیەکی ڕەشە لەکەیەکی گەورەیە بە نێو چەوانی مرۆڤایەتییەوە چونکە بەداخەوە مرۆڤایەتی بەهەموولایەنەکانییەوە لەم کارەساتە بێ دەنگ بوو پەڵەیەکی ڕەشی گەورەیە بەنێوچەوانی ئەوانەی کەوا بازرگانی بە ناوی مرۆڤ و بەناوی پاراستنی ژینگەو پاراستنی گیانەوە دەکەن، دەیان ڕێکخراو و ئەنجوومەن و لیژانی جیاجیا دروست کراون بۆ پاراستنی ژینگەو بۆ بەزەیی هاتنەوە بە ئاژەڵاندا بۆ پارستنی مافی مرۆڤ نوێنەرانی هەموو ئاینە ئاسمانییە پیرۆزەکان نوێنەرانی هەموو لایەنە سیاسیەکان بەڕاست و چەپیانەوە هەر هەموو ئەوانەی کە باسم کردن یەکێکیان دەنگیان لێوە نەهات لەکاتێکدا کە میللەتێک دوچاری لەناوچوون دەبۆوە و وڵاتەکەی کاول دەکرا، کاتێک کە مرۆڤێک لەناو جەنگەڵێک دا دەکوژرێ بە تاوانێکی گەورە لەقەڵەم دەدرێ کاتێک کە نەهەنگێک لە نەهگەکانی دەریادا گومانی لەناو چوونی لێ دەکرێ بەچاوی خۆمان دەبینیت هەموو زانایانی ئەو بوارە لەگەڵ تەلەفزیۆنەکانی جیهاندا چ بایەخێک بەو نەهەنگە دەدەن، ورچێک لە جەنگەلەکانی ئاسیادا کە تایبەتمەندییەکی هەیە چ بایەخێکی پێ دەدرێت ژینگە لەشوێنێک دا کە دووچاری ئاڵۆزیی دەبێت چۆن باسی لێوە دەکرێت بەڵام میللەتێک لەناو دەچی باسی لێوە ناکرێت نە نوێنەری ئەوانەی کە خۆیان بەهاو ئاین دەزانن لەگەڵ ئیمە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە نە ئەوانەی کە خۆیان بە نوێنەرانی ئاینەکانی پێش ئیسلام دەزانن کە هەموو کەنیسەکانی برا مەسیحییەکانمانە و هەموو ئاینەکانی تریش هیچیان بەدەنگ ئیمەوە نەهاتن، ئەوانەش کە بازرگانی بە مافی مرۆڤەوە دەکەن چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژ ئاوا کەس بەدەنگی ئیمەوە نەهات تەنانەت ئەوانەی دروشمی ئەی کرێکارانی جیهان و گەلانی ژێر دەست یەکگرن ئەو دروشمە پیرۆزەیان هەڵگرتبوو ئەوانە نەک دەنگیان لێوە نەهات بەڵکو نوێنەری ئەوان کە ئێستاکە سەرۆک کۆماری گورجستانە (شفرنادزی) کە ئەوساکە وەزیری

کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کۆمینیستی سۆڤیەت بوو گومانی دەخستە سەر کارەساتەکەو ڕووداوەکە ئەیگوت کە گوایە کەسانێکی کورد ئەڵێن ئەو شتە ڕوویداوەو هیچ سەرچاوەیەکی تری بێ لایەن ئەوەی دووبارە نەکردۆتەوە ئەگەر ٣/١٦ کە ڕووداوی هەڵەبجە ڕوویدا بەدەنگ ئێمەوە بهاتبان ئەگەر پێشوو تر بۆ ئەنفالەکانی برا فەیلییەکان بەدەنگمانەوە هاتبان ئەگەر لەکاتی ئەنفال کردنی برا بارزانییەکان بەدەنگمانەوە بهاتبان ئەو دەمە ئەو ئەنفالە درێژەی نەدەکێشا، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەمە بێ خەمی ئەو خەڵکەیە کە باسم کردن نوێنەرانی هەموو ئەو لایەنانە کەس بەتەنگ ئێمەوە نەهات نەڕاست و نەچەپ، نەپێشکەوتوو نە دوواکەوتوو، هەموو لایەنێک بەداخەوە ئێمەیان بەتەنها بەجێ هێشت بەڵام خۆزگە هیچ نەبێت ئێمە بەخۆمان دادەچوینەوە ئەگەر چی درەنگ بوو لە ئەنجامی هەڵەبجەو ئەنفالەکان لە ناو کارەساتی ئەنفالەکاندا هیچ نەبێت لایەنە سیاسیەکانی ئەو سەردەمەی گۆڕەپانی سیاسی و پێشمەرگایەتی کوردستان بەزەبییەکیان بەخۆیان و مێللەتەکەیان دەهاتەوە هیچ نەبێ ئەو پرۆسەیەی کە بۆ یەکگرتنەوەی یەکتری و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی کوردستانی ئەو هەنگاوە پیرۆزەیان هاویشت، کارەسات کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال وەهەروەها ئەمە بەڕاستی سەرەتایەکە یان قۆناغێکە لە قۆناغەکانی میژووی میللەتی کورد، ئێمە دەتوانین هەم بە پەڵەیەکی ڕەش بەنێو چەوانی میللەتی خۆمانی دابنێین و لەهەمان کاتدا بە نیشانەیەکی دابنێین کە میللەتی کورد سەرەڕای ئەوە کۆڵی نەداو بەردەوامە لەسەر خەبات.
کەسانێک ئەیانەوێت خۆیان بەراوەرد بکەن لەگەڵ میللەتی کورد باسی ئەوە دەکەن کە ئەوان وەکو کورد نین بۆیە ئامادەنین وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن، ئەوەی کە خۆی لەگەڵ میللەتی کورد بەراورد دەکات دەبێ شانازی بە ووشەی کورد بکات، چونکە کورد ئەمە هەزاران ساڵە دووچاری لەناو چوون دەبێ ئینجا ئەو کوردە هێشتا ماوە، ئەو کوردەی کە بە چوار جۆر لەچوارچێوەی چوار وڵاتدا دابەش کراوە کە بەهەموو زەبری ئاسن وئاگر خەریکی لەناوبردنین هیچ ئامرازێک نەما بەکار نەهێندرێت بۆ لەناو بردنی، بەڵام ئەو کوردە هێشتا ماوە سەرەڕای ئەوەی کە دەیان زاراوەی زمانەوانی هەیە بەڵام کورد هەر ماوە سەرەرای ئەوەی چەندین ئاین لەناو کورد هەیە بە موسڵمان ودیان و ئێزدی ئەمە خۆی هەمووی نیشانەی دەوڵەمەندی میللەتی کوردە کە کورد هەرماوەو ئەمێنێ بۆیە ئەوەی خۆ بەراورد دەکات لەگەڵ میللەتی کورد دەبێ پێش هەموو شتێک شانازی بە کوردەوە بکات ئەوجا خۆی بەراورد بکات لەگەڵ میللەتی کورد ئێمە ئەو تاوانانەمان هیچ لەبیر ناچێت بەڵام بەداخەوە وەکو وتم ئەو هەموو خەڵکەی کە باسمان کردن کە دەنگیان لێوە نەهات بەرگریان لە ئێمە نەکرد منیش دەنگم دەخەمە پاڵ ئەو برایانەی کە باسی یەکبونی نەتەوەی کوردیان کرد و باسی پرۆسەی واشنتۆنیان کرد ئەو پەیمانەی کە لە واشنتۆن ئیمزا کرا هیوادارم بەبێ ئەوەی هیچ إجتهادێک بکرێتە سەر خاڵەکانی چۆن لەوێ لەسەری ڕێککەوتوون چۆن لەوێ ئیمزای لەسەر کراوە ئەوهاش با خاڵەکانی جێبەجێ بکرێن، چونکە هەر ڕۆژێک دواخستن

لەجێبەجێ کردنی دەبێتە هۆی ئەوەی کە کێشەکەمان درێژەبکێشێ و ئەزموونەکەمان تووشی گیروگرفت بێت و لەوانەیە زیانێکی گەورە بە هەموو میللەتی کورد بگەیەنێت، بۆیە بەم بۆنەیەوە هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی هەموو کوردستان و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر بەتایبەتیش شەهیدەکانی ئەنفال لەبرا فەیلییەکانەوە لە برا بارزانییەکانەوە ئینجا هەڵەبجەو ئەنفالەکانی ناوچەکانی گەرمیان و کەرکووک وگەلی بازێ و ناوچەکانی تر، درووود بۆ کورد و سەروەرییش بۆ کورد و سەربەرزیش هەر بۆ کورد دەمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، زەهرا خان فەرموو.

**بەڕێز زەهرا حاجی تەها رەسول:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەبیرهاتنەوەی کارەساتی ئەنفال پێویستە لەسەر ئیمە لەهەموو کاتێک و هەموو جێگایەک بەبیری خۆمانی بهێنینەوەو فرمێسکی بۆ برێژین نەوەک لەساڵی جارێک دا بەڵکو لەهەموو رۆژێک چونکە پاشماوەی ئەوان لەبەر چاوی ئیمەن، یەکێک لەو کارەساتە گەورانەی جیهان کوشتنی بەکۆمەڵە، کە لەهیچ جیگایەک بەو شێوەیە تاوان دژ بە مرۆڤایەتی نەهاتۆتە کردن، راستە کاتی خۆی کەس باسی لێوە نەکرد بەڵام ئەمرۆ لەرێگای کێشەی کۆسۆڤۆ کە باسی لێوە دەکرێت ناوە ناوە باسی کێشەی ئیمەش دەکرێت، ئیمە هەموو چاوەڕێینە کە پەرلەمان وحکومەت ئەو یاسایەی کە ئێمە چاومان بریوەتێ بەزووترین کات دەربچێ و مافی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان بپارێزرێت وە هیواداریین میللەتی ئێمە و میللەتانی تری جیهانیش تووشی هیچ کارەساتێک نەبن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک ئیبراهیم.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمرۆ بەدڵێکی پڕ بە خەمەوە یادی ئەنفالەکان دەکەینەوە، هەموو رۆژێکی کورد هەمووی ناخۆشی و دەردەسەری بووەو وای لێهاتووە کە لەهەمان رۆژدا دوو سێ کارەسات بەیەکەوەکۆببنەوەو لەمێژووی میللەتی کورددا بنوسرێنەوە، هەروەک جەنابت ئاماژەت بۆی کرد ٤/١٤ جگە لەوەی کارەساتی ئەنفال بوو هەمان رۆژ کەوتنە خوارەوەی ئەو فرۆکە ئەمریکییەکە بوو، کە بۆ پاراستنی ئیمە هاتبوون، رژێمی تاوانباری بەغدا بەناوی ئایەتی قورئانی پیرۆز هەڵسان بە کرداری سەربازی دژی میللەتی کوردو ئەو کافرانە کوشتن و گرتنی میللەتی کوردی موسڵمانیان بۆخۆیان حەڵاڵ کرد، بەو بۆنەیە دەمەوێ سوپاسێکی گەرم ئاراستەی خەڵکی شاری هەولێری بەشەرەف بکەم کە بەو بۆنەیە یەکگرتن و یەکبوونی میللەتی کوردیان دیارخست، ئەو کاتەی کە پاشماوەی

ئەنفالکراوەکانی بادینان هاتنە (بەحرکە و جەژنیکان) جا بینیمان چۆن خەڵکی هەولێر یارمەتی و هاوکاری ئەوانەیان کرد، دروست بوونی ناوچەی ئارام و هێڵی ٣٦و ئەمانە هەموویان بەروبوومی ئەنفال ورووداوی دوای ئەنفال بوون، ئێمە خوایێکما هەیەو بە ڕەحمی ئەو خوایە مەزنە و بەهیمەتی میللەتی کورد ئەمڕۆ لەو ناوچە ئارامە دەژین هیواداریین کە یەکگرتنی میللەتی کورد ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر ببێت سلاو لەگیانی پاکی شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا سلاو لەگیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی کوردو کوردستان بەڕاستی زۆر سوپاس، بۆ پەرلەمانی کوردستان کە یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزو دڵتەزێنەی ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزارەی کردەوە. هەروەها یادی کیمیابارانی هەڵەبجەوئەنفال کردنی برا فەیلییەکان و برا ئاشووریەکانیشمان خۆی لەخۆی دا بەڕاستی شتێکی زۆر دڵتەزێنە کە لەلایەن ئەو حوکمەتە بۆگەنەی بەعسی بەغدا کە ئەو هێرشەیان کردە سەرمان و هەر بەوەش وازی نەهێناو کەوتنە کۆچ پێکردنی کورد وئاشووری لە کەرکوک و، وێران کردنی ماڵەکانیان، هەتا بواری ئەوەیان نەدا کە خانوی کورد تاپۆ بکرێت و هێشتا وازیان نەهێناوەو ئەوە خەریکە ناونووسی ئەو کوردو ئاشووریانە ئەکەن، کە ڕۆڵەکانیان لە دەرەوەی وڵاتن و دەیانەوێ بە لیستێکی تەواو ئەمانە دەربەدەر بکەن و ڕەوانەی کوردستانیان بکەن بێ ئەوەی شتێکیان پێ بدەن، بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆژانی دڵتەزێنی خۆمان لەیاد نەکەین پێویست وابوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی زۆر گرنگی بەو ڕۆژە بدابووایە، بەڵام ئێمە ئەمڕۆ هاتین لەسەر شەقامەکانی هەولێر هیچ لافتەیەکمان نەبینی سەرەڕای ئەوەش ئەمڕۆ ١٤ی مانگە ڤیستڤاڵی زانکۆ هەیە، ئەبوایە ئەم ڕۆژە ڕۆژێک بوایە هەموومان بەخەم بونایەو لافتەمان بنوسیبوایەو ڕادیۆو تەلەفزیۆنی ئێمە بەمە سەرقاڵ بوونایە، وابزانم لەم جۆرە شتانە هیچ نەکراوە خۆش بەختانە جێگای سوپاسە کە پەرلەمان توانی یادی ئەم ڕۆژ بکاتەوە بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ ساڵانی داهاتوو کە ئێمە بەرنامەمان هەبێت بۆ ئەم ڕۆژە دڵتەزێنانەو ئەم جۆرە ڕۆژانە، نابێت بەهیچ شێوەیەک ئاهەنگی تیادا بگێردرێت پێویستە ئیمە غەم و پەژارەی خۆمان دەربڕین کە چیان بەسەر هێناوین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، وابزانم ئەوانەی ناونووس کرابوون لەسەر ئەم بابەتە دوان و جارێکی تریش بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سوپاستان دەکەین و ڕیزو قەدر زانینی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ گشت خەڵکی کوردستان کە لەهەموو بوارە جیاجیاکانی ئەم کاروانە دوورو درێژەدا بە کوردو

ئاشووری و تورکمانەوە بە ئیسلام و دیان و یەزیدی ومەزەبەکانی ترەوە لەدێر زەمانەوە لەم کوردستانە بەیەکەوە ژیاوین و هیواداریین لەکاروانێکدا بەرەو ئازادی و سەربەزی و سەرفرازی بڕۆین و بە ئاشتی لە وڵاتی خۆمان دا بژین و بەردەوام بەرەنگاری هەموو نەیارانی ئەم ڕێبازەبین و پەنا بەخواو بە ئیرادەی ئەوگەلە بەرەنگاری هەموو نەیاران دەبین هەتا ئەو ڕۆژەی ئەو میللەتە بەسەربەرزی و بەسەرفرازی و بە ئاشتی لە خاکی باب و باپیرانی و لە وڵاتی خۆی و لەموڵکی خۆیدادەژی و وەکو خەڵکانی تریش بتوانێت هەم وڵاتەکەی خۆی بنیات بکات و هەم بەشدار بێت لەو کاروانە دوورودرێژەی شارستانی کە دەستی پێ کردووەو خەڵکانێک لەمێژە وا بە ئاسوودەیی وڵاتەکەی خۆیان بەڕێوە دەبەن و بەشدارن لە هاوکاری و کۆمەک و پشتیوانی کردنی خەڵکانی تر، وادەبینین ئەمڕۆ لە ١٤/٤دا چۆن خەڵکێکی تر هەم هاوڕەگەزمان و هەم هاودینمان و هەم هاو ڕێبازمان ئەمڕۆ لە کۆسۆڤۆ خەبات دەکات و چۆن ئێمەو خەڵکی تر پشتگیری و کۆمەک و هاوکاری لێ دەکەن، ڕێبازی دروست بێ گومان چەند کۆسپ وتەگەرەی بێتە پێش ئەوا خەڵکی بە ویژدان زۆرن وە خەڵکی خودان ویژدان کۆمەکی هەر پێ دەکەن چونکە هەمیشە هەر ڕێگای دروست سەرکەوتووە، بۆیە بەم بۆنەیەوە جارێکی تر بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ڕێزوحورمەتمان بۆ خەڵکی کوردستان دووپات دەکەینەوە بۆ ئەو خۆڕاگرییەیان، بۆ ئەوانەی لەبەرامبەر شاڵاوەکان خۆیان ڕاگرت بۆ ئەو خەڵکە بەشەرەفەی کە لە کاتی ئەو شاڵاوانەدا ئەوەی پێیان کرا بۆ براکانیان دریغیان نەکرد، ناکرێت ئێمە دەوری پایتەختی کوردستان شاری هەولێری دێرینی خۆمان لەبیر بکەین کە چۆن لەو ڕۆژانەدا کۆمەک و هاوکاری ئەو لێقەوماوانەیان کرد و تەحەدای ئەو ئالەتە گەورەیەی مەرگیان کرد و هەرچی پێیان کرا بەرامبەر بە براکانیان دریغییان نەکرد، سەری ڕێزو نەوازش بۆ بێ سەروشوێنانی کارەساتی ئەنفال و بۆ هەموو شەهیدانی کوردستان دادەنەوێنن، بەڕێزان دیارە ژیانی ئیمە کارەسات لەدوای کارەسات بووە بەڵام ڕەوڕەوەی ژیان بەرەو پێشەوە چوونە ئەمە ئیرادەی خوایە و ژیان وا دروست بووە، لە ١٤/٤دا ساڵی تازەی برا یەزدییەکانمانە لاپەڕەیەکی نوێ دەکەنەوە بۆ ئەو ڕێبازە دوورودێژەی خۆیان و چوارشەممە سوورە، بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە هەرچەندە ئێمە دوێنێ پیرۆزباییمان لێ کردن، وادیسان پیرۆزباییان لێ دەکەین و لێیان پیرۆز بێت، چونکە جەژن مانای ژیانەو ئەو کارەساتانەی کە بەسەر ئێمەدا هات مانای ژیان دەبەخشێت هەموو شتێک لە معانات دروست دەبێت ئەمە ڕەوڕەوەی ژیانە ئەگەر گلەییکمان هەبێت وەکو کاک شێخ عەفان گوتی ئەبوایە ئەو ڕۆژە ببێتە دەرسێک و هۆشیار کردنەوەیەک لە قوتابخانەو لەزانکۆکانمان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ جەژنی زانکۆیە...کۆڵ نادەین لەناو جەرگەی معاناتا ژیان دروست دەکەین، لەناو جەرگەی معاناتا یادی ڕۆژی دانشگا دەکەینەوە، من لەگەڵتام خۆزگە ئێمە ڕۆژێکی ترمان دانابایە، نەڕۆژی ١٤/٤، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مادام ڕێ و ڕەسمێکەو تاکو ئێستا لەسەری ڕۆیشتووین ، پیرۆزبایی لەهەرسێ زانکۆکانی کوردستان دەکەین، هەروەها پیرۆزبایی لەهەموو پەیمانگاکان دەکەین،

بەسەرجەم مامۆستایانەوە، بەقوتابییانەوە، بەکارمەندانەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە خەمخۆری ئەم بوارەن، هیواداریـن مەشخەڵی زانست و زانیاری بەرەو پێشەوە بڕوات، ئێمەش پشتگیری تەواوی ئەو دەزگا هەرە بەرزەو ئەو دەسکەوتە گەورەی میللەتەکامانین، وە ئەو پێشنیارەی کە کاکە شێخ عەفان و برادەرانی تر کردیان لەمەڕ ئەم بابەتە بەتایبەتی پێم باشە وەکو پرۆژەیەک ئەندامانی پەرلەمان، پێشکەشی کەن نابێت میللەتی ئێمە کارەساتەکانی لەبیر بچێتەوە، ئەبێت لەقوتابخانەکان بیلێینەوە، بیکەین بەوانە بۆنەوەکانمان، نەوە بەنەوە بە یەکدی بدەن، ئەنفالە، هەڵەبجەیە، ڕاگواستنە، بەبەعسی کردنە، بە عارەب کردنە،هەرکارەساتێک بەسەر میللەتی ئێمەدا هاتووە،ئەبێت لەپرۆگرامی قوتابخانەکانی ئێمەدا نەوەکانمانی پێ گۆش بکەین.ئەو میللەتەی کە مێژووی ڕووداوەکانی لەبیر ئەکات دوایی لە ئەنجامدا خۆشی لەبیر دەکات، نابێت ئێمە هەرگیز ئەمە لەبیر بکەین وە ئەبێت لەسەر ئەوکارەساتانە ژیانێکی وا دروست کەین کەداگیرکەرانی کوردستان ڕۆژێ لەرۆژان نەوێرن جارێکی تر وامان بەسەر بێنن، وادیارە ئەو سەردەمە هاتووەکە ملهوڕان و داگیرکەران بەئارەزووی خۆیان نەتوانن بێن بەدڕندەو سواری ملی لێقەوماوان و بێکەسان و هەژاران بن، دیارە سیاسەتی نوێ ی نێو دەوڵەتی بنەمایەکی تازەی دروست کردووە، بۆ سنووردانان بۆئەو جۆرە ملهوڕانە، وادەبینن هەردوای ئەنفالەکان بەم لاوە چۆن ، ئیمپراتۆریەت لەدوای ئیمپراتۆریەت نامێنێت و زۆردار لەدوای زۆردار کە نەفت ئەکرێت دیکتاتۆر لەدوای دیکتاتۆر ڕەزیل و کەسیف ئەکرێت و کونە مشکیان لێ بۆتە قەیسەری وەزۆر بەیان وا لەلێواری گۆڕدان، وەدەبینن چۆن میللەتان گەشەدەکەن و بەرەو پێشەوە دەچن شایەتیش ئەورۆ میللەتی کوردە، جارێکی تر سوپاستان دەکەین وە پشوویەک وەردەگرین بۆسەعات (١٢)و چارەک ئەگەڕێینەوە بۆئەوەی بەردەوام بین لەسەر بەرنامەی کارمان.

## کۆبوونەوەی دووەم

بەردەوام دەبین لەسەر خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارمان، ئەویش بەردەوام بوونە لەسەر پرۆژەی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ، گەیشتووینەتە مادەدە (١٧)و زۆریش ماوە، هیوادارم بەڕێزان لەگفتوگۆکانیان تەرکیز لەو خاڵانە بکەن، کە پێویستە لیژنەی دارشتنەوەی زمانەوانی بکاتەوە، چونکە زۆر کەلێنی تیادا هەیە، بەڵکو بتوانین ئەمڕۆ زۆربەی تەواو بکەین، ئەگەر ئەمڕۆش تەواو نەبوو، بەڵکو سبەی پێش نیوەڕۆ ئەم یاسایە تەواو بکەین، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:-**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السابعة عشرة:

اولاً: ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه سكرتيراً«واميناً»للصندوق في أول اجتماع يعقده بعد الانتخاب وتحدد صلاحيات كل عنهما في النظام الداخلي

ثانياً: يعقد المجلس جلساته الاعتياديه مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات استثنائية بدعوة من النقيب أو بطلب ثلث أعضاء
ئەمە مادەی (١٧)یە هیچ تێبینیەكمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادەی (١٧) لیژنەكان هیچ تێبینیەكیان لەسەری نییە، دیارە ئەندامانیش هیچ تێبینیەكیان لەسەری نییە. كەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەكەین، كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسند كرا سوپاستان دەكەین، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة عشرة:

أولاً: يتم النصاب في المجلس بحضور اكثرية الاعضاء وتصدر القرارات باغلبية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يُرَجَّحْ الجانب الذي فيه النقيب.

ثانياً: اذا شغر مركز النقيب لاي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير اذا كان مركز نائب النقيب شاغراً وذالك المدة المتبقية.

ثالثاً: اذا شغر احد مراكز المجلس لاي سبب كان فيحل محله عضو من بين الاعضاء الاربعة عن طريق الاقتراع السري و يحل محل الاخير احد عضوي الاحتياط الاكثر صوتاً.

رابعاً: اذا شغرت مناصب اكثرية اعضاء المجلس (عدا رؤوساء الشعب) فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة خلال شهرين للاجتماع لانتخاب من يملؤها بنفس الطريقة المبينة في هذا القانون للمدة المتبقية.ئەمەماددەی (١٨) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادە (١٨) چ تێبینیەك لەسەری هەیە؟، لیژنەی یاسا هیچ تێبینیەكی هەیە؟، ئەم ماددەیە، دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەكەین، كێ لەگەڵ نییە، بە تێكڕای دەنگ پەسەندكرا، سوپاس.

المادة التاسعة عشرة:

يعتبر عضو المجلس او احد لجانها مستقيلاً اذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية او خمس جلسات متفرقة خلال السنة بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس،ماددە(١٩) لیژنەی یاسا تێبینی هەیە، كاك محەمەد فەرموو.

**محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا تەنها یەک تێبینی هەیە (خمس جلسات) کردوومانە بە (ست جلسات) عن حضور ثلاث جلسات متتالية او ست جلسات متفرقة بدلاً من خمس جلسات، یانی دووهەندمان لێ کردووە تەنها ئەم تێبینیەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەندامانی ئەنجوومەن هەر مانگێ جارێ کۆ ئەبنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمەوێ بزانم ئەنجوومەن مانگی جارێ کۆدەبێتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی ئەگەرشەش مانگ نەیەت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر سێ دانیشتن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سێ کۆبوونەوە لەسەر یەک یانی سێ مانگ لەسەر یەک نەیەت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یان شەشی متفرقە نەیەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یان شەش مانگ متفرقە نەیەت یانی نیوەی ساڵەکە دەوام نەکات،ئەوجا سەندیکا باسی دەرکردنی دەکات، جا بۆ پێنجەکە باشتر نییە؟ئەگەر ئەندامێکی ئەنجوومەن سێ مانگ ئامادە نەبێت، لە کۆبوونەوەکانی سەندیکا، سێ مانگ ئەوە بۆ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارەکەی خۆمان دەکێشینەوە با (٥) دانیشتن بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵێ خۆزگە بتانکردایە بە چوار، چونکە ئەوەی چوار مانگ حازر نەبێت (٥) مانگیش ئامادە نابێت، پێم نالێین ئەوە چ سیفەتێکی ئەمێنێ نوێنەرایەتی سەندیکا بکات؟ بەبێ هۆکاریش بێت ئەگەر هۆیەکیش هەبێت قەیناکا، بەلام بەبێ هۆ نەیەت، واتە بۆ ئەوە ئەبێ بلێین «اذا لم يحضر جلستين بدون عذر» چ تێبنی هەیە؟ کەس تێبینی نییە؟ ئەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەم، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
المادة العشرون:
يمارس المجلس الاختصاصات التالية
اولاً: العمل على تحقيق اهداف النقابة.
ثانياً: تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة.
ثالثاً: تنفيذ قرارات الهيئة العامه
رابعاً: تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم وترقيتيهم
خامساً: النظر في طلبات الانتماء واقرار قبول الاعضاء.
سادساً: اختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.
سابعاً: احالة القضايا والشكاوي التي ترد اليه الى اللجان المختصة.
ثامناً: المساهمة في تقديم إلاقتراحات بشأن التشريعات والخطط والمناهج الزراعية في الاقيلم.
تاسعاً تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض هذا القانون.
عاشراً: تعيين محاسب قانوني لاجراء تدقيق الحسابات واعداد الميزانية.
الحادي عشر: اقرارتملك الاموال و العقارات وقبول الهبات و المنح و شروط الاقراض وتقديم المساعدات المالية ضمن اغراض النقابة
ثاني عشر- الاعداد للانتخابات.
ثالث عشر- البت في استقالة النقيب و نائبه او أي من أعضاء المجلس أو لجان النقابة أو شعبها على أن تعرض على الهيئة العامة في أول اجتماع لها.
رابع عشر- منح إجازة مزاولة المهنة.
خامس عشر- تأسيس وإدارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجمعيات.
سادس عشر- تخويل بعض الصلاحيات للنقيب أو لجان الشعب أو رؤساء الفروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بەڵێ، ماددە بیست لیژنەی یاسا، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی لەسەر ئەم مادەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی ئابووری، هیچ تێبینیەکی هەیە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگەی «١٤» دەڵێت: منح اجازه مزاوله المهنه، رووخسەتی مزاولەتی کاریش وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری دەری دەکات، لەبەر ئەوەی پێشنیار دەکەم بڕگەی «١٤» بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە (١٤)بەپێی یاسا وەزارەتی کشتوکاڵ ئەیدات، مانای ئەوەیە پەیوەندی بە سەندیکاوە نییە بسڕێتەوە، ئەمە پێشنیارێکە لیژنەی کشتوکاڵ هیچ تێبینیان هەیە؟ نییانە؟ یەک پێشنیار هەیە، ئەوەیە کە یحذف فقره «١٤» ئەویش ئەوەیە «اجازة مزاولة مهنة». کێ لەسەر ئەم خاڵە گفتوگۆی هەیە، کاک سیروان و کاک شەفیق و کاک شێخ جەعفەر، ئەم سێیە ناونوسیان کردووە، تکایە لەم سێیانە زیاتر گفتوگۆ ناکەین بۆ ئەوەی دەرگا نەکەینەوە. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یەکێک لە ئەرکەکانی ئەنجوومەن دەبینم کەوا، بودجە پێشکەش بکات. «تقديم الميزانية العامة والحسابات الختامية للهيئة العامة»، چونکە هەیئە عامە لەوێ هاتووە، لە مادەی پێشتر مسادەقەی دەکات، کەواتە دەبێت ئەمە بودجەکە پێشکەش بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێشنیارێک، با ئەمە لای خۆتان جێگیر بکرێت، کاک شەفیق ئەمین فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

وەکو لە مادە بیستدا هاتووە دەڵێت: «يمارس المجلس الاختصاصات التالية» من دەڵێم بنووسرێت «الاعمال التالية»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەوەبۆ داڕشتنەوە بە جێی دەهێڵین، چونکە ئەوە عادەتەن بین «مهام» و «صلاحيات» ئیجتهادی لەسەر هەیە لەلایەن یاسا ناسەکانەوە، با دوایی خۆیان بیکەن بەچەند دەروازەیەک، لەسەر ئەو بنچینەیە، ئەو دەسەڵاتە جێ دێڵین بۆ داڕشتنەوە هیچ گرفتێک لەسەر ئەم بڕگەیە هەیە، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز شـــێخ جــــەعـــــفــــەر عـــــەلی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

بڕگـەی «١٤» ،لەوانەیە گـرفـتـێک دروست بکات، چونکە ئەندازیارێکی کـشـتـوکـاڵی ئەگـەر دانەمەزرابێت، وەزیری کشتوکاڵ هەقی چییە بەسەرییەوە ؟دەست دانە پیشە« مزاوەلەی میهنەی »پێ بدات یا پێی نەدات، چونکە ئەو هیچ سـیـفـەتێکی لە وەزارەتی کـشـتـوکـاڵ نییـەتا ئەو پشتگیری بکات، نە بڕوانامەی لا هەیە نە هیچ شـتـێک، هیچ پەیوەندییـەکی پێوە نییـە، ئەمە کاری سەندیکایە، چونکە ئەو ئەتوانێ پەیوەندی بکات بە سەندیکاوە، لەبەر ئەوە ئەم خاڵە زۆر پێویستە «منح اجازه مزاوله المهنه» سەر بە سەندیکا بێت، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**جــــــەمـــــــیـل عـــــــەبـدی سـنـدی:**

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

لەگەڵ ڕێزو حورمەتم بۆ شێخ جەعفەر، پیشەی کشتوکاڵی و پێشکەوتنی کشتوکاڵی وەزارەتی کشـتـوکـاڵ لە هەرێم پێوەی پەیوەسـتـە، یەکێک نووسینگەیەکی کشـتـوکاڵی دەکـاتەوە، لە کـاری خـۆیدا سـەرکـەوتوو نەبێت، بێ شک پێـدانی مـۆڵەت بە دەست وەزارەتی کـشـــتـوکـــاڵ و ئاودێرییە ،بۆنموونە هەندێک شتی دیکە سەر بە وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەلایەتی و تەندروستییە، چونکە پەیوەندی بەوەوە هەیە، سوپاس.

**بـەڕێـز ســـــــەرۆکی ئـەنجـــــــومــــــەن.**

سوپاس کاک جەمیل، بەلام یەک تێبینی هەیە، ئێمە وتمان ئەمە هێ ئەندازیارانی کشـتـوکـاڵە، سەندیکا دەبێت ئاگاداربێت، کە ئەمەراستە ئەندازیارە؟، نەوەکو بڕوانامەی ساختەی کردبێت، زۆر هەیە لە دەرەوە دێن، پێ دەچێت بڵـێت من ئەندازیاری کـشـتـوکـاڵیم، بۆ نمونە سـیـفـەتی ئەندازیاری کشتووکاڵی بدا بەخۆی، بە تەئکید سەندیکا لە هەموو کەس زیاتر نزیکە کە بزانێت بەڵێ ئەمە سـاخـتـەی کـردووە، ئەمـە یەک، دوو ئەمـە پیـشـەیە، ئێـمـە پزیشـکەکـانمان داوە بە سەندیکای پزیشکان، نەمانداوە بە وەزیری تەندروستی، پارێزەرانمان دا بە سەندیکای پارێزەران، نەمـاندا بە وەزارەتی داد، یا وەزارەتی ناوخۆ، کۆمـەڵێک شتی لەم شێـوەیە، پیشـە گـەر «أهل المهنه» نزیکن لە ڕاستی، وە باوەڕ ناکەم چ گرفتێک لەسەر ئەم بابەتە هەبێ، تەنها یەک تێبینی، ئەگەر بەپێی یاسا هاودژ نەبێت لەگەڵ ماددەیەکی ترمان کە داومانە بە وەزیری کشـتوکاڵ، ئینجا وەکـو ئەوەی دوێنێ باسـمـان کـرد، دەبێت لێـرە چارەیەکی بکەین ئەگـەر داومـانە بە وەزارەتی کشـتـوکـاڵ یانی یاسـایەکی تر هەیە دراوە بە وەزارەتی کشـتـوکـاڵ، هەق نییـە ئێـمە لە سـەندیکا بیدەین بە ئەو، یا دەبێت یەکێکیـان هەڵوەشێنیـەوە، با بزانین لیژنەی یاسا ڕایان چییە؟ فەرموو کاک محەمەد.

**محمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منح اجازە مزاولە مهنە، لەهەر سەندیکایەک، وابووەو واهاتووە، وەکو جەنابت فەرمووت، پارێزەران، سەندیکای ئەندازیاران، ئەندازیاری کشتوکاڵی پیشەیەکی عەمەلییە، یانی سەندیکا هەڵیدەسەنگێنێت، ڕاستە ئەندازیاری کشتوکاڵییە، ئەندازیار نییە، مۆڵەت دەبێت لە سەندیکاوە بێت، وە ئێمە پشتگیری پرۆژەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەیەکی یاسایی نییە درابێت بە وەزارەتی کشتوکاڵ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە نییە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نە لەم پرۆژە نە لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک جەمیل.

**جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە یەکێکە لەو ماددانەی کە گفتوگۆی لەسەر دواخرا، مۆڵەت پێدان ئێستا لە کوردستان و لە عێراقیش «معمول بە» وەزارەتی کشتوکاڵە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا مۆڵەت دەدات یان نا؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ؛ ئێستا لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە مۆڵەت دەدرێت، مۆڵەتێکی بەننا نییە، ڕاستە سەندیکای خۆیان هەیە، بەڵام کێ دەیداتێ؟ شارەوانی دەیداتێ، لایەنێکی ڕەسمی حکومی دەیدات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێدانی مۆڵەت كاری سەندیكایە وەكو بە بەڕێزتانم گوت، خەڵكێك دانەمەزراوە، من ئەندازیارێكی كشتوكاڵیم لە وەزارەتی كشتوكاڵ دانەمەزراوم و دەمەوێت سەرپەرشتی پرۆژەیەك بكەم، وەزارەتی كشتوكاڵ من ناناسێ، هیچ پەیوەندییەكی لەگەڵ مندا نییە، سەندیكا من دەناسێ، چونكە من كە دەرچووی كۆلیژم، پێویستە بەڵگەنامەی خۆم لە سەندیكا هەبێت، نەك لە وەزارەتی كشتوكاڵ، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئیشی سەندیكایە...

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بابزانین ئێستاو پێش ئێستا لە وڵاتی ئێمە چۆنەو چۆن بووە؟

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە وڵاتی ئێمە هەر سەندیكا داوێتی و هەر ئەویش دەیدات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا لەووڵاتی ئیمەدا سەندیكا مۆڵەت دەدات؟

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵام كاك جەمیل دەڵێت وانییە.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێرمۆڵەتی دەست دانە پیشە سەندیكا دەیدات بە تەئكید. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك سەعید فەرموو، بەڵكو ڕوونكردنەوەیەكمان پێ بدات.

**محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەرچووی كۆلیژی كشتوكاڵ، ئەو بڕوانامەیەی كە پێی دەدرێت، دەڵێت هەڵگری ئەو بڕوانامەیە هەقی دەست دانە پیشەی هەیە، كەواتە گەر سەندیكا ڕازی نەبێت كابرا ناتوانێت ئیش بكات، تەنها بڕوانامەكە بەسە لەبەر ئەوەی كە تەقیمی زانستی كراوە كە ئەم كابرایە ئەتوانێ، پیشەكەی ئەنجام بدات، ، باشە هەتا سەندیكا ڕازی نەبێت نابێت ئیش بكات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كۆلیژی یاساش وایە، جەنابت پارێزەریت، وەكو یاساییەک وەكو پارێزەرێک كۆلیژی یاساش بڕوانامە دەدات وەكو كشتوكاڵ، بۆ پارێزەرپێناسی هەیە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵێ بۆ جەنابت بیخەمە ڕوو، پارێزەر ئەتوانێ دابمەزرێ كە یاساییە بڕوانامەی دراوەتێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەویش ئەتوانێ دابمەزرێت بەگوێرەی بڕوانامەكەی پارێزەر پێویستی بەمۆڵەت وەرگرتن نییە لەسەندیكاكەپیشەكەی خۆی ئەنجام بدات . بۆ ئەو هەقە بدەین بە پارێزەران بۆنەیدەین بەئەندازیارانی كشتوكاڵ؟، من ئەمەوێت لە مەسەلەكەبگەم مەسەلەی پیشەیە، ئەمە مەسەلەی دامەزراندن نییە مەسەلەی مەزاوەلەی پیشەیە، پسپۆڕانی ئەم بوارە زیاتر ئەزانن لە وەزارەتی كشتوكاڵ گومان لەوەدانییە، كارمەندێک لە خۆیەتی چوزانێ ئەمە ئەندازیارە ئەوراقێكی بۆدێنێ و كۆپییەو دایناوەو ئەیكات، بەڵام بەتەئكید ئەندازیارەكان لەوانەیە باشتر بزانن.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

خۆی ئەگەر دابمەزرێن هەردەم كاروباری كشتوكاڵ لەوەزارەتی كشتوكاڵ ئەنجام دەدەن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

كاكە سەعید جیاوازی هەیە لە نێوان دامەزراندن و نێوان مۆڵەت پێدان ،من دانامەزرێم و مۆڵەتم پێویستە كابرا دەرچووی كۆلیژی یاسایە لەفەومانگاكان دانامەزرێت، بەڵام پارێزەرە محاماتیش ناكات لەماڵەوە، بەڵام چووەتە ناو سەندیكاو مۆڵەتێكی هەیە هەر كاتێک ئەتوانێت نووسینگەیەک بكاتەوە وانییە؟

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵێ سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس كاک سەعید، كاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

زۆر جیاوازی هەیە لە نێوان سەندیكای پارێزەران و پێناسی پارێزەران وپێناسی سەندیكای كشتوكاڵی و ئەندامی سەندیكای پارێزەران، چونكە پارێزەر كاروباری خۆی ئەنجام بدات بۆی بە خزمەت حسابە، كەسێک بۆ خۆی نووسینگەیەكی كشتوكاڵی دەكاتەوە، بۆی بە خزمەت

حساب نییە، ئەگەر سبیەینێ ویستی لە فەرمانگەیەک دابمەزرێت، ئەو ئەندازیارە کشتوکاڵییە بۆ کردنەوەی نووسینگەیەک، پێشنیاری پێشکەش وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە، وەزارەتی کشتوکاڵ مۆڵەتی پێ دەدات، نەک سەندیکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە چ مافێک پارێزەر نووسینگەیەک بکاتەوە وپیشەی پارێزەری بکات ،مافی خانەنشینی وبەرزکردنەوەی بۆ حسێب بکرێت، مەبەستم ئەوەیە چ یاسایەک وا دەڵێت؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای پارێزەران وا دەڵێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای خانەنشینی پارێزەران وادەڵێت، یاسای خانەنشینی ئەندازیاران چی دەڵێت بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەت؟

**جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوان ئەو مافەیان نییە، وەختێ دەرچوو پارێزەر چەند ساڵ خزمەتی هەیە بۆی حساب دەکرێ، کە دابمەزرێت ئەو مومارەسەی بۆ حسابە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماوەی سەربەنەقابە بووە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا بەچ یاسایەک حسابە؟

**بەڕێز شێخ جەعفەر عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەیاسای عێراقی، من زۆر برادەرم وادیوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا حەزمان دەکرد ئەو یاسایەمان بۆبێنێ

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەراستیدا لەیاسایەکە نازانم بەڵام ئەوانەی کە بەرەسمی مۆڵەتیان هەبێت کە ئیش و کاری کشتوکاڵی بکەن کەوەختێ دەگەڕێنەوە بۆ دامەزراندن ئەوماوەیان بەخزمەت بۆحسابە

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــووم ــــــــەن:**

جا حەزمان دەکرد لیژنەی یاسا لێکۆڵینەوەیەکمان لەو ماددەیە بۆبکات، ئەو ماددەیەش بەڕای من جاری دوابخرێت، بەڵکو بۆدانیشتنی داهاتوو لیژنەی یاسا ئەم بابەتەمان بۆیەک لا بکاتەوە بابزانین هەیە؟ ئەگەر هەیە لەکوێ هەیە؟ کاک ابراهیم ئەگەر هاوکاریمان بکات.

**بەڕێز ئیـبــراهیم عــەبدولقــادر دوغــرەمــەچی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــووم ــــــــەن.**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بڕیارێکی مجلس قیادە ثورە لە هەشتایەکانا دەرچوو ئەوانەی کەسەر بەسەندیکا دەبن پاش ئەوەی کە پێنج شەش ساڵە ئەندامن لەسەندیکا ئەگەر دامەزرا دەتوانێت لەسەندیکا کتابێک وەربگرێت ئەو ماوەیەی کە ئەندامی سەندیکایە خزمەتی بۆحساب دەکرێت.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــووم ــــــــەن:**

جا ئەگەر زەحمەت نەبێت ئەم یاسایەمان لەبۆدانیشتنی ئایندە ئامادەکەن

**بەڕێز ئیـبــراهیم عــەبدولقــادر دۆغــرەمــەچی:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــووم ــــــــەن.**

دەبێت سەندیکا ئاگاداربێت لەپێدانی مۆڵەت بۆئەنجامدانیی پیشە بۆئەوەی ئەو کەسەی کەئەندام نییە لەسەندیکا نەیەت مونافەسەی ئەوەی تر بکات کە ئەندامە، چونکە ئەوەی ئەندامی سەندیکایە ئەولەپێشترە لەوەی ترکە مۆڵەتی بدرێتێ هەتا سەندیکا ئاگای لێبێت ئەوانەی کە ئەندامی خۆیەتی چەندیان منۆڵەت پێدراون لە بۆدەست دانە پیشەو چەندیان مۆڵەت پێدراو نین، سوپاس.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــووم ــــــــەن:**

سوپاس. جا زەحمەت نەبێت ئەو بڕیارە ئامادە بکرێت بۆ دانیشتنی داهاتوو. کاک ئیبراهیم محەمەد فەرموو.

**ئیـــبــــراهیم مــــحـــەمـــەد ســـەعـــیـــد:**

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــووم ــــــــەن.**

من ئەندازیاری کەرتی تایبەتی بووم، حەوت ساڵ لە «قطاعی خاص» ئیشم کرد. دوایی چووم دامەزرام، بەڵگەنامەکانم برد بۆ سەندیکای ئەندازیاران کەوا من لای بەڵێندەران کارم کردووە، ئەو «٧» ساڵە بۆ من بە خزمەت حساب کرا لە فەرمانگە، جگە لەوەش یاسای سندوقی خانەنشینی ئەندازیاران هەبوو، گەر دامەزرام لە فەرمانگە مانگانەش شتێک ئەدەمە سەندیکای ئەندازیاران.

**بەڕێــز ســـــــەرۆکی ئــەنجـــــــووم ــــــــەن:**

بابزانین لیژنەی کشتوکاڵ تێبینیان هەیە، ئێمە یاسایەکیان بۆ دروست دەکەین، ئەگەر نییە بۆ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە، بۆیان دروست بکەین.

**بەڕێز ئیبراهیم محەمەد سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەندازیاران هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە من مەبەستم ئەوەیە، ئەڵێم ئەم بڕگەیە هەڵدەگرین، پەیوەندی بکەن لە وەزارەتەکان و ئەو برادەرانەی یاسایش بگەڕێن، ئەو بڕیارەمان بۆ بێنن، ئەگەر بڕیارێکی گشتییە، بابڕوات ئەگەر نەبێت، ئەبێ چارەیەکیان لێ بکەین، گوناهن ئێمە نابێت ئەو شتە بکەین. واتە ئەم مادده «٢٠» بۆ دانیشتی ئاینده هەڵدەگرین، مادده «٢١» فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الماده الحاديه والعشرون:

يمارس النقيب الصلاحيات التالية:

اولاً: تمثيل النقابة في المعاملات كافة لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.

ثانياً: رئاسة اجتماعات الهيئة العامة والمجلس. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مادده «٢١» کێ تێبینی لەسەری هەیە؟، نییە؟لیژنەی یاسا تێبینی نییە؟ لیژنەی کشتوکاڵ، لیژنەی دارایی تێبینیان نییە؟ کەس تێبینی نییە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەندکرا، بەڵام تۆزێک یەکەم دەستکاری زمانەوانی دەوێت، هەندێ وشەی ڕێکخستنی دەوێت و هەندێکی دیکەشی دووبارەیە، ئەگەر پاشان لیژنەی یاسا تێبینی بکات. ماده «٢٢» فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والعشرون:

اولاً: يتفرغ النقيب للعمل النقابي بقرار من المجلس ولوزير الزراعة انتداب اي عضو من اعضاء المجلس او اي عضو نقابي من موظفي الدولة للتفرغ لأي عمل نقابي او اداري في النقابة او للعمل في الاتحادات النقابية الدولية على ان تتحمل الجهة التي ينتسب اليها المتفرغ او المنتدب رواتبه ومخصصات غلاء المعيشة ومخصصات المهنية والخاصة والجامعية اذا لم تتحمل الجهة التي تفرغ اليها ذلك.

ثانياً: لايجوز أن تزيد نسبة المتفرغين للعمل النقابي على ثلث أعضاء المجلس.

ثالثاً تعتبر هذه التفرغ أو الانتداب وفق أحكام هذه المادة خدمة فعلية مستمره لاغراض الترفيع والعلاوه أو الترفيع والعلاوه أو التقاعد .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەی (٢٢) لیژنەی یاسا

**بەڕێز محمد حسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا پێشنیاری کرد کە ئەم ماددەیە لەغو بکرێت،لەبەر نەگونجانی لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتی دا چونکە حزبی (بەعث )کاتی خۆی بۆخزمەتی خۆی دایnabوو، بەتایبەتی برگەی یەکەم،هیچ بنەمایەکی دیموکراتی نییە کە وەزارەت بێت و دەست لەکاروباری سەندیکا وەربدات، ئەوە بنێرێت بۆفلان جێگا ،ئەمە بکاتە ئەنجوومەن، ئەوە بێنێت ئەوە ببات.ئەوە تێبینی لیژنەی یاسایە،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی دارایی و ئابووری تێبینیان هەیە؟ نییە؟ لیژنەی کشتوکاڵ تێبینی هەیە؟نییە؟ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کەس تێبینی هەیە؟(د،رزگار و شێخ جەعفەر) تێبینییان هەیە.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا کردیان، ئەگەر جێگەی خۆی گرت، ئەگەر پەسند نەکرا،پێشنیارێک هەیە دەڵێت «بقرار من مجلس الوزراء اذا كان موظفا في احدى دوائرإلاقليم» زیاد بکرێت سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێش ئەم یاسایە، یاسای چەند سەندیکایەکمان دەرکردوە ئەگەر ئەو حەق و تەفرغەمان داوە بەوان بابیدەین بەوانەش سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد ئەو تەفەرغەمان داوە بەکەس؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر نەدراوە بەکەس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تەفەرغ نەدراوە بەکەس ئێستا نەقیبی مامۆستایان متەفەرغە؟

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەڵێ متەفەرغە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

بەلام ئەمە چاو پۆشینە بەپێی یاسا نییە. خۆی لەراستیدا ئەو رایەی لیژنەی یاسا پێشنیاری كرد رایەكی پەسەندە(لاغبار علیه) بەلام دەزگایەكی نیقابی بێ تەفەروغ ئیش دەكا واتا بەلایەنی كەمەوە بۆ نموونە نەقیب، جێگری نەقیبێ، یان بۆ نموونە كۆی ئەنجوومەن چەند نەفەرن؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

نۆ كەسن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

یانی سێ كەس ئەبێ موتەفەرغ بن، یانی لە سێ كەس كەمتر نابێت؟، لەراستیدا خۆی سەندیكا تا سەندیكایەكی تر جیاوازە، تۆ بۆ نموونە ناتوانی سەندیكای مامۆستایان بەراورد بكەی لەگەڵ سەندیكای كشتوكالییەكان، ئێمە یاسا دادەنێین یاساش ئەبێت چارەی گرفتەكان بكەن جا ئەگەر پێشنیارێكی تری ئەوها بكەین بۆنموونە (سێ یەكی) ئەندامان باشە واتا لە نۆ كەس ئەوپەڕی سێ كەسی موتەفەرغ ئەبن بەلام گومان نییە لەوانەیە نەقیب وجێگرەكەی یان نەقیب و ئەمین صندوقی لەگەڵ بێت نازانم ئەمین صندوق فەرمانبەرە چییە؟ بۆ نموونە وانەبێت تەنها نێوان وەزیری كشتوكاڵ وخۆیان بێت، واتا ئەوەی كە تەفەروغیش ئەكات بۆ ئەو بابەتە ئەبێ ئەنجوومەنی سەندیكا رای خۆی هەبێت، (بناء علی طلب من مجلس النقابە مثلا) واتا ئەگەر بزانن پێویستە تەفروغ بكات ئەنجوومەنی سەندیكا یەک یان دوو نەفەریان داوا بكەن، بەڵێ سەرۆكی سەندیكا بۆ تەفەروغ پێ بكەن، نەک وەزیر بە ئارەزووی خۆی سەرۆک بیست و چوار سەعات بخاتە ئیشكردن پشتی بشكێنێ ئەگەر حەزی لێ نەكات، بەلام سێ كەسیشی لەوێ دانا بەرامبەر ئەنجوومەن ئەوی خۆی بۆی بكات، ئەوە بەراستی لەگەڵ لیژنەی یاسا دەقاودەق توجوهیان رێكەو ناگونجێ لەگەڵ ئەو بنەمایەی باسی دەكەن، بەلام ئەگەر حەقێكمان دا بە خودی ئەنجوومەنی سەندیكا خۆی داوا بكات بەمەرجێک (لایتجاوز عن ثلث الاعضاء) ئەوە (وجهە نظری) تێدایە، ئەگەر لاری نەبێت ئەوهای لێ بكەن، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

لەو بارەدا ئێمە دەتوانین بڕگە دوو (لایجوز ان تزید نسبە المتفرغین للعمل النقابی علی ثلث اعضاء المجلس).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێت (یتفرغ النقیب للعمل النقابي اولاً: اذا لم تتحمل الجهة التي تفرغ اليها

ذلك) من ئەڵێم (يتفرغ النقيب للعمل النقابي بقرار من المجلس ولوزير الزراعة بناءاً على طلب المجلس انتداب أي عضو من اعضاء المجلس او اي عضو نقابي من موظفي الدولة) دەبـــی بیکەینە (موظفی الإقليم) بەراستی دەبی لە دارشتندا چارەسەری بکرێت لە دارشتنەوەی وەها نەقلیان کردووە بە فاریزەو وشەوە (للتفرغ لأي عمل نقابي او إداري في النقابة او للعمل في الاتحادات النقابات الدولية على ان تتحمل الجهة التي ينتسب اليها المتفرغ او المنتدب)، کاک فرست ئەو ماددەیەمان بۆ روون بکەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەوانەیە پێویستیان بە هەندێ ئەندامی تر هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئاخر چەند؟.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نزیکی (سێ یەکی) ئەندامان (لايجوز ان تزيد نسبة المتفرغين للعمل النقابي على ثلث اعضاء المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرسەت، کام ئەنجوومەن.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەنجوومەنی سەندیکا پێناسە کراوە (مجلس نقابة الزراعيين المركزي).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دڵنیان؟.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ، ئی سەرەکییە، ئی مەرکەزە، ئەو سێ یەکە بەموجبی ئەو ماددە بە ئارەزووی وەزیرە ئەو ئەندامەکان هەڵدەبژێرێ با ئەو دەسەڵاتە ببەستینەوە (تەقیدی) بکەین.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بێگومان بە بۆچوونی من بەم ماددەیە ئێمە خۆمان دەخەینە ناو هەندێ بابەتی ترەوە، بۆ نموونە موچەی ئەو کەسەی ئەگەر فەرمانبەر نەبێت چەند ئەبێت وچۆن ئەیدەیتێ؟ یانی گرفتێک لێرە دروست ئەبێت جگە لەوە بۆ (إضافی) وابزانم هەموو سەندیکاکان ئیواران دەوام دەکەن، یانی

بەیانیـان دەوام نـاکـەن، لەبەرئەوە وابزانم تەفـەروغـیـان جگە لە هی پەروەردەی هی سـەندیکای مامۆستایان کە ژمارەیان زۆرە و کێشەی تربیە کێشەی

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن:**

کـاک ئیبـراهیم ببـورە بۆ ئەم قسـە پێ برینە ئێسـتـا پێشنیـارێک هەیە مەسـەلەی تەفەروغ، بەڵام کێشەی تەفەروغ بێنە برگە (أ ـ ب) گرفتێک هەیە، باجارێکی تر بیخوێنینەوە

المادة الثالثة والعشرون:

اولاً- يتـفـرغ النقـيب للعـمل النقـابي بقـرار من المجلس ولوزير الزراعة إنتداب أي عضـو من أعضـاء المجلس أو أي عـضـو نقـابي من مـوظفي الاقليم للتفـرغ لأي عـمل نقـابي أو إداري في النقـابة أو للعمل في الإتحادات النقابيـة الدولية) لێرە ئەبێتە اقليم للتفـرغ الى عـمل نقـابى او اداری فی النقـابە او للعمـل فی الاتحـادات النقـابیـە الدولیـە) لێرە (ای مـوظف للتفـرغ لای عـمل نقـابی)، نەیگووتـوە (المجلس) لەبەر ئەوەی سێ یەکی نییـە، سێ یەکی تەنها بۆ ئەنجوومـەنە و دەرەوەی ئەنجوومەنەکە وەزیری کشتـوکاڵ بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی چەند تفروغ بکات، لەوانەیە هەمـوو فروع تەفـروغی بۆ بکا، لەوانەیە هەمـوو (شعب) تەفروغی پێ بکات، بۆیە لەراسـتیـدا بواری تەدەخولەکە لێرە زۆرە، با تۆزێک ئەم فیکرەیە باش گفتوگۆی لەسەر بکەین کاک محەمەد فەرموو ئەگەر بۆمانی روون بکەیتەوە.

**بەڕێـز مـحـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

مەبەستی لیژنەی یاسا ئیلغای ئەم ماددەیە کە دیموکراتیەتەک بەدەینە سەندیکا وەزیر خۆی تدخل نەکـات، ئینجـا ئەمـە دەتوانین ئەگـەر راتـان لەسـەرە (يتـفـرغ النقـيب للعـمـل النقـابي بقـرار من المجلس). ثانيا: لايجوز ان تزيد نسبة المتفرغين للعمل النقابي على ثلث اعضاء المجلس) یانی لێرە ئەگەر بێنە سێ یەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەسڵی کە نۆ کەسن دەبێتە سەرۆک لەگەڵ دوو ئەندامی تر ئەنجوومەن دەبنە سێ یەکی لێرە موتەفەرغ ئەبن، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن:**

بەو روون کردنەوەی جەنابت واضح دەبێ، کاک فرسەت وابزانم رای وابوو، لێرە ئەم ماددە یەکەم زۆر شمولیە.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـوومـەن.**

بەراستی ئەو پێشنیارەی دوایی لیژنەی یاسا زۆر راستە کورتی دەکەینەوە:

اولا: يتفرغ النقيب للعمل النقابي بقرار من المجلس.

ثانيـا: لايجوز ان تـزيد نسـبـة المتـفـرغين للعـمل النقـابي على ثـلثي اعضـاء المجلس بقـرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئاخر (بقرار من المجلس)، لەوانەیە ئەو کاتە فەرمانبەرەن و ئەگەر وەزیر ووتی نەخێر.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەبێ بە هاوکاری وەزیر بێ، وبەرای من ئەو پێشنیارە عەملیە و باشترە، سوپاس.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یابەتی سەندیکا بەبیرم دێت لەساڵی ١٩٧١ ئێمە کە سەندیکای مامۆستایانی کوردستان لەگەڵ سەندیکای مەرکەزی بووین بەیەک کۆنگرەی چوار بەسترا لەبەغدا وابزانم کاک عوسمان دزەیی لەوێ بوو ئەزانێت، کۆمەڵێک لە سەندیکای مامۆستایانی کوردستان بە دەستەی سکرتاریەت دەرچوون، تەنیا (نەقیب) و نائبی نەقیب تەفروغیان هەبوو، من یەک لەوان بووم کە داوایان لێ کردین بچینە بەغدا نەقل بین وەکو وەزیفە، بە موفەتیش نەقلی وەزیفەیان کردین بۆ وەزارەتی (شؤون الشمال) بواری ئەوەیان نەداین کە تفروغ بکەین، لە سەندیکای مەرکەزیش، نەقیب و نائب نەقیب تەفەروغیان هەبوو واتا ئەگەر هەبوایە بە یاسا بۆ ئێمەش دەبوو و لەسەندیکای ئێمەش تەنیا نەقیب ونائب نەقیب متفرغ بوون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا مەلا هادی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠و١٩٧٠ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش خوای لێ ڕازی نەبێ بەئارەزووی خۆی وەکو لاستیک رای کێشاوە بەدەیەها بڕیاری وەرگرتووە.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من وای بەباش دەزانم ئەو بڕیارە بە ئەنجوومن بێت بەوەزیری کشتوکاڵ نەبێت چونکە ئەندازیاری کشتوکاڵی هەیە مامۆستای زانکۆیە، وئەندازیاری کشتوکاڵی لە دەزگایەکی تر ئیش دەکات، بۆ ئەوەی کە بوو بە یاسای ئەنجوومەن وبڕیاری دا تەفروغ بێت ئەو لایەنەی خۆی پابەندە بەوە زانکۆ ئیلزامە ئەو کاتە ئیلزامی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەعفەر، کابرایەک مامۆستایەکە لە دانیشتگا، پێویستیمان بە خزمەتەکانی هەیە بەیانی هەڵبژاردن دەکەین ئەبێت بە نەقیب، ئەڵێ من تەفروغ ئەکەم، لەوانەیە مامۆستایەک هەفتەی چوارده موحازەرەی هەبێ، لەوانەیە ببێ بە سەرۆکی سەندیکا مانگی جارێک کۆبوونەوە بکات، بەهەمووی (٢٠٠) ئەندازیاری کشتوکاڵی نییە. یان ئەندازیارێکی زیرەک هەیە لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێ من تەفەروغ دەکەم ئەمە چۆن دەبێ؟.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوە تەنها بۆ وەزیفەکەیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک جەعفەر لایەنەکەی بەرەهایە وەربگرە، ئەگەر ویستی چی بکات؟.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ویستی حەقی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی حەقی قوتابی و حەقی کۆمەڵ؟، ئەی حەقی حکومەت؟، وئەبێ جێگایەکی بۆ بدۆزینەوە کە ئەم مافە ئەدا، وئەکرێت ئەنجوومەنی زانکۆ حەوت کەس دانیشن وهەر حەوت متفرغ بن، ئێمە ئەڵێین نابێ وەزیر بە ئارەزووی خۆی بێ ئەوە ئی حکومەتی عێراقە، حەز دەکەم جارێکی تر بیخوێنیتەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

اولا: يتفرغ النقيب للعمل النقابى بقرار من المجلس، ولوزير الزراعه انتداب اى عضو من اعضاء المجلس او اى عضو نقابى من موظى الاقليم للتفرغ لاى عمل نقابى او ادارى على ان تتحمل الجهة التي ينتسب اليها المتفرغ أو المنتدب رواتبه ومخصصات غلاء المعيشة ومخصصات المهنة والخاصة والجامعية إذا لم تتحمل الجهة التي تفرغ اليها ذلك.

ثانياً: لا يجوز ان تزيد نسبة المتفرغين للعمل النقابي على ثلث أعضاء المجلس.

ثالثاً: تعتبر مدة التفرغ أو الإنتداب وفق أحكام هذه المادة خدمة فعلية مستمرة لأغراض الترفيع والعلاوة والتقاعد .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە (٣) روونە ئێستا ئێمە تەنها بڕگە (١)مان لا گرنگە کە ئەویش ئەوەیە (نقيب) موتەفەریغ بێت.

ثانيا: لا يجوز ان تزيد نسبة المتفرغين عن ثلث اعضاء المجلس ويتم بناءا على طلب المجلس.

کاک محەمەد دەقە هەموارکراوەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(يتفرغ النقيب للعمل النقابي بقرار من المجلس) ئەوە دەتوانین بکەینە بڕگە یەک.

بڕگە (٢): لا يجوز أن تزيد نسبة المتفرغين على العمل النقابي على ثلث أعضاء المجلس بقرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە زۆر گشتگیرترە ئەتوانێت لە ئەنجوومەنیشی دابنێت ئەتوانێت لە لقیش دابنێت دوای ئەوە ئەتوانێ بڵێ لە فلان هۆبە دایبنێن، دوای ئەمە دەبێتە دەستگایەکی (استخبارات) نەک سەندیکا.

**بەڕێز محمد حسن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

واتا لێرە (بناءا علی طلب المجلس) زیاد دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من وەکو رایەک دەڵێم ئەو بابەتە چارەسەر بکەن باشە، ئیستا کورتەی رای ئێوە ئەوەیە هەمووتان رێککەوتوون کە تەنها (نەقیب) موتەفەریغ بێت ئەمە یەک. دوو (ثلث أعضاء المجلس) موتەفەریغ بن لەمە کەس ناکۆک نییە، ئێوە کۆکن لەسەر ئەوەی بۆ هەر ئەندامێکی سەندیکا وەزیر مافی هەبێت تەفەروغی پێ بکات؟.

**بەڕێز محمد حسن باڵەتە:**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادام وایە ئێستا حەصرمان کردووە بە دوو شت (نەقیب + ثلث اعضاء المجلس) لەنێوانیاندا (نەقیب) ئەمە چارەسەرکردنەکەی چۆن دەبێت؟. ئایا ئەمە راستەوخۆ وەزیر بیکات؟، یان راستەوخۆ ئەنجوومەن بیکات؟. رایەکی وا هەیە دەڵێت باشترە لە رێگای ئەنجوومەنی سەندیکاوە بێت بە رەزامەندی وەزیر یان لایەنێکی پەیوەندیدار، ئینجا ئەو بڕگەمان بۆ دابڕێژن.

**بەڕێز محمد حسن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر (بناءاً علی طلب من المجلس) تەواو، (لا یجوز ان تزید نسبة المتفرغین للعمل النقابي علی ثلث اعضاء المجلس بناءا علی طلب المجلس وموافقة الوزیر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با جارێ ئیقراری مەبدەئەکە بکەین.

یەک: تەنها (النقیب یکون المتفرغ + ثلث اعضاء المجلس بما فیهم النقیب)، ئێوە لەسەر ئەوە کۆکن.

دوو: تەفروغ بە داواکاری (ئەنجوومەن) و رەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بێت (مەبەستم وەزیرە) ئێوە کۆکن لەسەرئەوە؟. ئەگەر کۆکن لەسەری دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. تەنها یەک کەس لەگەڵ نییە، بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. تکایە لیژنەی دارشتن ئەم بڕگەیەمان بۆ دابڕێژن بۆ دانیشتنی ئایندە دەنگی لەسەر دەدەین. ئێستا دێینە سەر ماددە (٢٣).

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثالثة والعشرون:

أولاً: تتألف هيئة الشعبة من جميع أعضاء الذين أوفوا بإلتزاماتهم بموجب هذا القانون وتجتمع كل ثلاث سنوان إجتماعاً إعتيادياً في نفس الموعد المحدد للهيئة العامة وذلك لإنتخاب رئيس وأعضاء لجنة الشعبة وعضوي الإحتياط بالاقتراع السري وتتولى اللجنة الامور التي تخص الشعبة.

ثانياً: تجتمع هيئة الشعبة إجتماعات عامة غير أعتيادية بدعوة من لجنة الشعبة أو عشرين من المائة من أعضائها على الأقل.

ثالثاً: تراعى في الاجتماعات العامة لهيئة الشعبة احكام الفقرة (اولاً) من المادة الثالثة عشر والفقرتين (اولاً و ثانياً) من المادة الخامسة عشر من هذا القانون.

رابعاً: تتخذ هيئة الشعبة القرارات في الامور التي تخص فعالياتها ضمن اختصاصاتها وتعرضها على المجلس للمصادقة عليها.

خامساً: لهيئة الشعبة إعفاء أي عضو من لجنتها عند الضرورة بقرار مسبب وأختيار بديل عنه لما تبقى من مدة الدورة.

سادساً: إذا شغرت مناصب اكثرية أعضاء اللجنة فأن هيئة الشعبة تجتمع بموافقة ودعوة من رئيسها او من ينوب عنه لإنتخاب من يملأ الشاغر.

ئەمە مادده (٢٣) بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٣) کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا تێبینی ئەوەیە کە بچێتە پێڕەوی ناوخۆو لە یاساکە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی و ئابووری لەگەڵن، لیژنەی کشتوکاڵ فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هروری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان رامان هەیە کە مادده (٢٣) بچێتە ناو پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنە پەیوەندیدارەکان پێشنیار دەکەن کە ئەم ماددەیە بچێتە پێڕەوی ناوخۆ. کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟. د.رزگار، کاک ئیبراهیم سەعید. د.رزگار فەرموو.

**بەڕێزد. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەتنەکەی ئەو بخوێنینەوە هەر هەمان مەتنی پێڕەوی ناوخۆیە، ئینجا رایەکەی لیژنەی یاسا زۆر راستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام لەگەڵدان پێویست ناکات گفتوگۆی بکەین، ئەگەر کاک ئیبراهیمش لەگەڵدایە ئەویش پێویست ناکات.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنی کە باسی (فروع و شعبمان) کرد ئێستا ئەمرۆ دەردەکەوێ کە (شعب) بووەتە (اقسام)، (شعب) یەعنی (قسم البستنه)یە، (قسم الممکننه)یە نەک (شعب) لە شارەکان بوون وەکو دوێنی باسمان کرد. چونکە (شعبە) جیاوازی هەیە لەگەڵ (فروع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێمە گفتوگۆی ئەم ماددەمان دواخست وابزانم، دوایی ئەوە دەچێت بۆ پێڕەوی ناوخۆ، واتا ئەم ماددەیە هەڵدەوەشێتەوە کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا ئەو ماددەیە بڕوات بۆ پێڕەوی ناوخۆ و، تکایە کە ئەینێرن ئەو راسپاردەیە بگەیننە لایەنی پەیوەندیدار.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە دەبێتە (الثالثة والعشرون):

أولاً: تؤسس الشعب التالية في النقابة لتمثيل الاختصاصات الزراعية التي ينتمي اليها منتسبوها بحسب تخصصهم وتدير كل منها لجنة الشعبة وفق احكام هذا القانون.:

١ـ الانتاج النباتي.

٢ـ الانتاج الحيواني.

٣ـ الصناعات الغذائية.

٤ـ المكننة الزراعية.

٥ـ الغابات والبستنة.

٦ـ الاقتصاد والارشاد الزراعي.

ثانياً: يجوز تأسيس شعب تمثل الفروع الزراعية على ان لا يقل عدد اعضائها المختصين في ذات الفرع عن خمسين عضواً وبعد موافقة المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا کەرەم کەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

رای لیژنەی یاسا وایە ئەم ماددەیەش کە مادده (٢٣)یە بچێتە پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ مادده (٢٣) لیژنەی دارایی و ئابووری و، لیژنەی کشتوکاڵ هەمان رایان هەیە.

لیژنەکان داوا دەکەن ئەم ماددەیە بڕوات بۆ پێڕەوی ناوخۆی ئایندەی ئەم سەندیکایە. چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟. کاک عەبدولخالق و کاک شێخ جەعفەر، کاک سیروان، تێبینیان هەیە.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادام ئێمە رازی بووین ماددەی پێشی بچێتە پێڕەوی ناوخۆ ئەو دوو سێ ماددەی کە پەیوەندی هەیە بە (شعبە) گشتی دەبێت بچێت بۆ پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وای لێ هات ئەوە پێشنیارێکە. کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئایا لیژنەی یاسا لە پێڕەوی ناوخۆدا دەسەڵاتیان دەبێ بونیادی ئەو لیژنانە بکەن؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە پێکهاتەی ناوخۆی خۆیانە دەڵێن دەبێت.

کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام ماددەکە بچێت بۆ پێڕەوی ناوخۆ، بەڵام داوای روون کردنەوە دەکەم، چونکە ماددەکە روون نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە دەڕوات بۆ پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ دەڕوات بەڵام روون نییە. من مەبەستم ئەوەیە (یجوز تأسیس الشعب تمثل الفروع

الزراعیه) ئیستا ئەمانەی سەرەوە دەرکەوت کە (صناعات الغذائیة و مکننة الزراعیة) ئـەوانـە (فروع)ن، بەس لێرەدا هاتووە دەڵێت (لا یقل عدد اعضائها عن خمسـون عضوا) بۆنموونە ئەی ئەگەر ( ٥٠ ) کەس تایبەتمەندی نەبوو لە لقێکی کشتوکاڵی دیاریکراودا؟

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

خۆی ئێمە گرفتـەکەمـان لەوەدایە کە نازانین (شعب) گەورە ترە یـان (فروع) ئێسـتا دەرچوو (شعب) گەورەترە لە (فروع).

**بەڕێز سـەرتیپ مـحـەمـەد حـوسـێن:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

وابزانم ئەو بابەتەمان جارێکی تر باس کرد.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەڵێ بەڵام لێرەدا هاتووە: (یجوز تأسیس الشعب تشمل الفروع الزراعیه) جیاوازی هەیە لە نێوان (الفروع الزراعیه) لەگەڵ (الفروع النقابیه) ئەوە دوو شتی جیاوازن.

**بەڕێز سـەرتیپ مـحـەمـەد حـوسـێن:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بۆ نموونە لێرەدا (الانتاج النباتی) ئەمە لقێکی کشتوکاڵییە (شعبە)یەکی بۆ دروست دەکرێت، بەڵام لقی سەندیکا لە شارەکەدا ئەوە شتێکی ترە، ئەم لقی کشتوکاڵیە لێرەدا ئێستا (الانتاج النبـاتی) (فرع) حسـاب دەکرێت هۆیە (شعبە)یەکی بۆ بونیـاد دەندرێت ئەوە لێرەدا مـەبەسـتی ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز مـحـەمـەد حـسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئەوە کە چووە ناو پێڕەوی ناوخۆ ئێمە ئەو چارەسەرییەشمان کردووە گوتوومانە ( ٥٠ ) زۆرە (لتوقع عدم توفر هذا العدد من نفس الاختصاص) کردوومانە بە ( ٢٥ ).

**بەڕێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

باشە ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵ ئەوەدایە بڕوات بۆ پەیڕەوی ناوخۆ؟.. کێ لەگەڵ نییـە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا بڕوات بۆ پەیڕەوی ناوخۆ. کـە دەڵێین بڕوات بۆ پەیڕەوی ناوخۆ لێرە مەبەست لەوە هەڵوەشاندنەوەیە. نەک جێگیر کردن، با ئەوە روون بێتەوە نەک لێرەدا بێنێتەوە دوایی بگوێزرێتەوە بۆ ئەوێ.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اولاً: تتألف لجنة كل شعبة من رئيس واربعة اعضاء ينتخبون مع عضوي احتياط من قبل هيئة الشعبة وبالاقتراع السري.

ثانياً: ينتخب اعضاء اللجنة من بينهم نائب للرئيس وسكرتيراً للجنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەڵێن چی با ئەمەش بازێکی پێ بدەین با ئەمەش بڕوات بۆ ئەوێ، هەموویان بەیەکەوە گرێ دراون. وابزانم لیژنەی یاساش هەمان رای هەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە رامان وایە هەتا مادده (٢٤) وای لێ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا لەگەڵ هەردوو لیژنەی کشتوکاڵ و دارایی لەو رایەدان کە ماددەکانی (٢٣ و ٢٤ و، ٢٥) بچنە ناو پەیڕەوی ناوخۆ.

ئیستا پێشنیاری لیژنەی یاسا ئەوەیە کە مادده (٢٣) هەڵوەشێتەوەو بچێتە پێڕەوی ناوخۆوە هەڵبوەشێتەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ئیلغا بێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە هەڵوەشێتەوە و، بڕوات بۆ پێڕەوی ناوخۆ.

مادده (٢٣).

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثالثة والعشرون:

اولاً: تمارس لجنة الشعبة الصلاحيات التالية:

١ـ دراسة ما يعرض عليها من قبل المجلس ولجان الشعب الاخرى.

٢ـ دراسة المقترحات الخاصة المقدمة اليها من اعضاء الشعبة او البت فيها او احالتها الى المجلس مع التوصيات.

٣ـ تنفيذ قرارات المجلس وهيئة الشعبة.

ثانياً: للمجلس رفض توصيات لجنة الشعبة وارجائها اليها لاعادة النظر فيها على ان يبين الاسباب وفي حالة اصرار اللجنة على رأيها فلا يجوز للمجلس رفضها إلا باغلبية ثلثي اعضائه.

ثالثاً: لا يحق للجنة الشعبة الاتصال المباشر بالمراجع الرسمية وشبه الرسمية الا عن طريق النقيب او المجلس او بتخويل عنهما.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (٢٣) دیسان جارێکی تر هەمان پێشنیار هەیە لە هەر سێ لیژنە کە ئیلغا بکرێتەوە و بڕوات بۆ پێڕەو، ئەگەر چ تێبینییەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ هەڵوەشایەوەو دەڕوات بۆ پێڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة الثالثة والعشرون:

أولاً: تؤلف لجنة الانضباط من رئيس وعضوين تنتخبهم الهيئة العامة في اجتماعها الاعتيادي مع اعضاء المجلس.

ثانياً: تختص لجنة الانضباط بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون وتقوم بالتحقيق في القضايا والشكاوي التي يحيلها عليها المجلس ولها ان تكلف احد اعضائها باجراء التحقيق وتقديم التقرير بذلك.

ثالثاً: تتبع لجنة الانضباط القواعد الواردة في قانون موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (٢٣) لیژنەی یاسا چ تێبینی لەسەری هەیە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکی لەسەر ئەم ماددەیە نییە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس. لیژنەی دارایی و کشتوکاڵیش تێبینییان نییە. بەڕێزان ئەندامان کێ تێبینی هەیە؟، تەنها مامۆستا مەلا تاهیر. فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هۆیەکانی سەندیکا پەیکەری سەندیکانە نازانم چۆن لێرە هەموو مادەکانی هەڵگیرا؟. باشە ئەگەر ئێمە لە پەیکەرەکەشی (شعب) بەتەواوی بتوێنینەوە نەمێنێتەوە و بونیادەکەشی نەمێنێتەوە عەمەلەکەشی نەمێنێتەوە با بۆ لیژنەی بەرزەفتی (انضباط) بمێنێتەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی بەرزەفتی (إنضباط) لە میانی ئەو سێ (هیئە) بنەڕەتییەدایە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هۆبەکانی سەندیکاش هەر لە نێوان پەیکەری سەندیکا دانە، (شعب واقاسم) لە مەرکەز هەیە لە (فروع)یش هەیە، بەراستی من بەو شێوەیە لەگەڵ هەڵگرتنەکەی دا نیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ماوەم پێ بدەی مامۆستا لیژنەی بەرزەفتی(إنضباط) دەبێ بەپێی یاسای ئینزباتی فەرمانبەرانی دەولەت ئیش بکات، بەپێی یاسا دەبێت ئێمە مۆڵەت بدەین بەم لیژنە ئینزباتە بۆ ئەوەی پشت بەو ماددەیە ببەستێ، ئەوەی تر پێڕەوی ناوخۆ (هیئە)کە خۆی وا دەکات چونکە گوتوومانە یەکێک لەو ماددانە هەیە بۆی هەیە پێڕەوی ناوخۆ بۆ خۆی دروست بکات، ئێستا لە پەرلەمان بە گوێرەی مادده (١)ی یاسای ژمارە (١) مافمان هەیە پەیرەوێکی ناوخۆ بۆخۆمان دروست بکەین، ئێمە هاتین پەیرەوێکمان دانا و پەیکەرەکەمان بۆ دیاری کرد خۆ مامۆستا ئەو پەیکەرە هەمووی لەپێڕەوی ناوخۆدا نییە، بەڵام بەپێی ئەم یاسایە مۆڵەتمان داوە سەندیکا بۆ خۆی پەیرەوێکی ناوخۆ دابنێ و لەسەر ئەوە پەیکەری خۆی دابڕێژێ.

فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە راستە، بەڵام سەبارەت بە هۆبەکانی سەندیکا، لە مادده (١١) کاتی خۆی کە باسکرا (تتشكل النقابه من اولا: الهيئه العامه، ثانيا: مجلس النقابه، ثالثا: لجنه الانضباط، رابعا: شعب النقابه لجانها، خامسا: فروع النقابه فى المحافظات). ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو ماددەیە بۆ بونیادنانەکەی هەر بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەپێی یاسا مافمان دا کە (شعبە)مان جێگیر کرد، داڕشتنی (شعبە) ئەوە تەفسیلەکەی لە پێڕەوی ناوخۆدا دێت. کاک محەمەد فەرموو تۆزێک روون کردنەوە بدە.

**محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ بونیادنانی هۆبە (شعب) لە یاساکە مەبدەئمان داناوە کە دەبێت پەیکەری سەندیکا هۆبەی هەبێت، بەڵام داڕشتنی ئەو هۆبەیە لە پێڕەوی ناوخۆی سەندیکا ئەنجوومەنی سەندیکا دایدەنێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە ئەگەر مادده (٢٣) چ تێبینیەکی تری لەسەر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. وەکو خۆی دەمێنێتەوە تەنها لەرووی زمانەوانییەوە داڕشتنی پێویستە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس. دێینە سەر مادده (٢٤).

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والعشرون:

للجنة الانضباط اصدار العقوبات التالية:

اولاً: الانذار.

ثانياً: الحرمان المؤقت من الخدمات النقابية لمدة لا تزيد على سنة.

ثالثاً: المنع من ممارسة المهنة لمدة لا تزيد ...

**بەڕێزد.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم لێرە (اصدار) ببێتە (اقتراح)چونکە ئەنجومەنی سەندیکا با بریار (اقرار) دەربکات و سزا(عقوبە) دەربکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە حاکم دانیشت و حوکمی دا دەبێ حەقی (اصدار)ەکەش نەدا بەیەکی تر، بەڵکو لەسەر ئەنجومەنە سەرۆکی سەندیکا دادەنێن و ئمیزای ناکات، لەبەر ئەوە ئەو لایەنەی کە حوکمی بەدەستە ئەبێ خۆیشی (اصدار)ی بکات، دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الخامسة والعشرون:

اولا: يجوز الاعتراض على قرارات لجنة الانضباط لدى مجلس النقابة خلال خمسة عشر يوماً من تاريخ التبلغ به وللمجلس تأييده أو رفضه.

ثانيا: لاتنفذ العقوبات المتخذة اعلاه الا بعد مصادقة المجلس عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوا زامنی دادگای تەمییزیش کرا لەسەری، ئەگەر چ تێبینی هەیە لەلایەن لیژنەکانەوە؟ نییە؟ دەیخەینەدەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السادسة والعشرون:

على العضو تجنب الامور الاتية:

اولا: اهمال اوعرقلة تطبيق القوانين والانظمة المتعلقة بالنقابة والتعليمات والقرارات التي تصدرها.

ثانيا: مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك السنوي او الاجازة.
ثالثا: عدم مراعاة السلوك المهني والاساءة الى سمعة المهنة وكرامتها حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي.
رابعا: انتحال لقب علمي او صفة مهنية غير صحيحة او غير مصادقة عليها وفق القوانين والانظمة المرعية والاعلان عن ذلك باية طريقة كانت.
خامسا: ارتكاب خطأ فني جسيم نتيجة اهمال يسبب خسارة كبيرة لذوي العلاقة.
سادسا: تجاوز حدود مزاولة المهنة حيثما نص عليه في النظام الداخلي او التعليمات التي تصدرها النقابة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ پێشنیاری هەیە؟ فەرموو كاك محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا بەباشی دەزانی كە ئەو ماددەیە نەمێنێ وبچێتە پێڕەوی ناوخۆوە چونكە، پەیوەندی بە پێڕەوی ناوخۆوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمە جۆرە سیفەتێكە رەوشتی ئەندامی سەندیكا دیاری دەكات، لیژنەكان لەگەڵ ئەو پێشنیارە دان، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای ماددە (٣٢) بكەین، پەیوەندی بە ماددە(٣١)ەوە هەیە، ماددەی (٣١) ئەو شتانەی دیاری كردووە كە ئەگەر هاتوو پشتگوێ(اهمال) كرا یان (عدم مراعاه السلوك) كرا، ماددە (٣٢) سزاكانی داناوە، بۆیە ئەو دووماددەیە پەیوەندیان بەیەكەوە هەیە، ئەگەر ماددە (٣١) نەمێنێ دەبێ ماددە (٣٢)ش نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەی كاك شێروان خستیە روو، لێرە (حبس وغرامە)ی تێدایە، ئەوە بخرێتە پێڕەوەوە، بەڵام دارشتنەكەی دەتوانین بڵێین تۆزێك تێكەڵاوی تێدا هەیە، هەم لەلانی زمانەوانییەوە، هەم لەلایەنی بەستنەوەوە، بۆ نموونە (على العضو تجنب الامور التاليە) لە سێ یەمدا هاتووە(عدم مراعاه سلوك مهنى) ئەوە تجنب لەكوێ و عدم مراعاه لەكوێ، بۆیە من وای بۆ دەچم ئەم ماددەیە دەنگدانی لەسەر دوابخرێ، دووبارە دابرێژرێتەوە، وەكو برادەران، كاك شێروان كۆكن لەسەر ئەوەی لێرە بمێنێتەوە، بەڵام دووبارە دابرێژرێتەوە، چونكە لیژنەی یاسا و لیژنەكانی تر هەرسێكیان كۆكن لەسەر ئەوەی كە ئەمە بڕوا بۆ پێڕەوی ناوخۆ، بەڵام ئەگەر ماددەكەی دوایی

ئەو(حبس وغرامە) دووبارە دابڕێژرێتەوە بۆ دانیشتنی ئایندە، لەوانەیە زۆر شت هەر نەمێنێت و، زیاد بێت، بەڵام کاکڵەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، ماددەی (٢٧)بخوێنەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة (٢٧):

اولا: يحال العضو المخالف لما جاء في المادة السادسة والعشرون من هذا القانون على لجنة الانضباط بقرار من المجلس.

ثانيا: يعاقب بالحبس مدة لاتزيد على سنة وبغرامة لاتتجاوز خمسمائة دينار او باحدى هاتين العقوبتين كل من زاول المهنة بقصد الربح من غير المنتسبين الى النقابة او من الممنوعين من المزاولة بموجب هذا القانون او انتحل لقب مهندس زراعي وتكون العقوبات في حالة العود الحبس مدة لاتزيد على سنتين وبغرامة لاتتجاوز الف دينار او باحدى هاتين العقوبتين.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو کاک محەمەد حەسەن باڵەتە لەپێشدا ووتی ئەم ماددەیە نەمێنێ، لەبەر هەمان هۆ، بەتایبەتی برگەی دووەم یاسای سزادانی تێدا هەیە کە یەکێک (انتحالی) کەسایەتیەک بکات ئەوە لەیاسای سزادانی عێراقیدا هەیە، خاڵێکی تر،بەر لەئێستا مەبدەئی مافی مرۆڤ وئازادی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان إقرار کرا وەکو (انتساب طوعیە)، ئەوە مانای چیيە کە منتسب نەبێت وسزا بدرێت و حبس بکرێت؟، بەرای من ئەو ماددەیەش نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی جەنابت دەڵێی یاسای سزادان دیاریکردووە کە یەکێک ساختە(تەزویر) بکات چ سزایەک بدرێت، بۆ لێرە دووبارەی بکەینەوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای سزادان(عقوبات) یاسایەکی گشتی یە، ئەم یاسایەی کە دەریدەکەین دەبێتە یاسایەکی تایبەتی وهەر یاسایەکی تایبەتی مافی هەیە کە سزا دیاری بکات بەگوێرەی یاسای خۆی، کەیاسایەکی تایبەتی یە، بۆ نموونە یاسای کرێی عقار، کە سزای جزائی داناوە بۆ ئەوانەی کە سەرپێچی یاسایی بکەن، ئینجا لێرە دەبێت یاسا حەبس یاخود غرامە دابنێت وسزاکانی جزائی لە یاسای تایبەتی دابنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ کاک ئیبراهیم، کاک شەفیق، کاک سەفەر، کاک عەبدولخالق، کاک جەمیل، ئەمە دوا ماددەیە کە گفتوگۆی لەسەر بکەین، چونکە دانیشتنەکە دوای ئەوە رادەگرین، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیە من لەگەڵ لیژنەی یاسا نەبووم، ئەوە زێدەڕۆییە لەسەر مافی ئەندازیاری کشتوکاڵی، سەندیکا دادگا نییە حوکم بدات، تایبەتمەندی حوکم دان و غرامە وەرگرتن بە بڕیاری دادگا دەبێت، یان بەبڕیاری دادگای (جنح) یان بەدادگای (جنایات)، تایبەتمەندی سەندیکا تەنها منعە لەمزاولات، ئێستا یاسای سەندیکای پارێزەران، حەقی نییە حوکم بدات، مافی هەیە منعی پارێزەر بکات لەدەست دانەپیشە (مزاولە المهنە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم حەقی حوکمی نییە ئەوە مافی دادگایە.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر دەبێ لێرە ئەو ماددەیە چارەسەر بکرێت، من لەگەڵ نەمانی نیمە، پێویستە ئەو ماددەیە بمێنێت، چونکە دەبێت سزایەک هەبێت بۆ (منع مزاولە)، بەڵام سەندیکا دەسەڵاتی سزادانی (حبس وغرامە)ی هەبێ دەڵێم نەخێر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەممەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هاتنی جرائم وعقوبات لە یاساو بڕیاردا ئەوە بەڵگەی دیموکراتیەت نییە، بەپێچەوانەی دیموکراتیەتە، ئەوە لەرژێمی دیکتاتۆری شتی وا دەکرێت، یاسای سزادان هەیە ئەگەر بچێتە ئەوێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەممەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەم مەسەلەیە لەحاڵەتێکدا ئەگەر عقوبەکە سەندیکایی نەبێت، بنێردرێت بۆ دادگاو ئێمە بانەچینە ناو ئەو درێژە پێدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

یاسای عقوبات پێش ئێستا ووتم هەمووی دەگرێتەوە سەرپێچی کردن و خۆگۆڕینی(انتحالی) کەسایەتی، پێش ئێستاش اقرار کرا لە (مەبدەئی حوریەتدا) وەکو انتساب بۆ ئەندامێتی سەندیکا مرۆڤ سەربەست بێت، لێرە (کل من زاول المهنە بقصد من غیر منتسبین) یانی (غیر منتسبین) حەقی نییە، عقوبە دەدرێ و حەبس دەکرێ، ئەوەی جەنابت فەرمووت زۆر ڕێک وپێکە هەموو شتێک دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(مایتعلق بالنقابە) لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) بیکات، ئەگەر زانی (انتحالی) کەسایەتی یە بنێردرێتە دادگای تایبەت لەوێ بکرێت، بەڵام ئەو مافە بدرێت بە ئەنجوومەن یان لیژنەی (انضباط) ئەو شتە بکات، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەپێش ئەمە ماددەیەک هاتووە ئەڵێت ( تطبق لجنة االانضباط قانون انضباط موظفي الدولة) ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەبینین لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) مافی (انذار)ی هەیە مافی (تەوبیخ) و وریا کردنەوە وبڕینی مووچەی هەیە، بەڵام دوا برگە دەڵێت (وللجنة الانضباط احالة المتهم الى المحاكم المختصة اذا استوجبت العقوبة احالتها الى المحاكم المختصة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر وابێت ماددەی (٢٦و٢٧) لێرەدا هەڵگرین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە ئاشکرایە، ئەوەی یاسای لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) بخوێنێتەوە روونە، چونکە لەسەرەوە دەڵێ (تطبیق قانون انضباط موظفي الدوله) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ماددەیە دەسەڵاتی لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) روون هاتووە، پێویست ناکات لەو یاسایەدا دووبارە بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دوو بابەت هەیە کە برادەران جۆرە تەدەخولیکیان تێدا کرد، دەربارەی یاساناسەکان تەنها سزا لەناو ئەو یاسایەدا بێت ئاشکرایە کە نە تایبەتمەندی دادگایە ونە ئی لیژنەی بەرزەفتی(نضباتط)ە ونە ئی ئەنجوومەنی سەندیکایە، بەڵام منیش لەگەڵ کاک سەفەرو کاک جەمیلم ئەگەر هاتوو ئەو

ئەوەی کاک محەمەد باسی کرد، ئەبێ کردارەکە دیاریکراو بێت وسزاکەش دیاریکراو بێت، با ئێمە دەقی سزا زۆر زیاد نەکەین لەناو یاسای تایبەتیدا چونکە ئەوە اتجاهی دەوڵەتەکانی دکتاتۆریە، یاسایەکی گشتی سزادانمان هەیە لەوێ بۆی هەیە سزاکە تۆزێک نەرمتر بێت، وابزانم تاوانەکەش زۆر ترسناک نییە لەسەر کیانی کۆمەڵگەو هەرێم وەکو ئێمە بێین تەشدیدی سزا بکەین، ئێمە إکتفاء بە دەقی جەزائی بکەین، ئەوانەی کە لەناو یاسای سزادانی عێراقی دا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونەکەی کاک فرسەتم، راستە یاسای سزادان(عقوبات) یاسایەکی گشتی یە وئەم ماددانەو ئەو تاوانانە هەمووی لەو یاسایەدا هاتووە، بەڵام بوونی لەم یاسایەدا هەڵەی یاسایی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ماددەیە دەتواندرێ لابردرێت، تەنها احالەکە بچێتە یاسای لیژنەی بەرزەفتی (انضباط)ەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبدەئی رێکخراوەکان و سەندیکاکان مەبدەئێکی ئیختیاری و دیموکراتییە، سەر برین و کوشتن و حەبس کردن و چاو سوورکردنەوەی ناوێ، بەناچار کردن نییە، من نابم بە ئەندامی سەندیکا ئارەزووی خۆمە، ئەو پەڕی گەر ئیجرائاتم لەگەڵ دەکەن، سەندیکا بەرگریم لێ ناکات ئەوە مافێکی رەوایە، بۆیە وەکو برادەران باسیان کرد، بەتایبەتی یاساناسەکان کە پشتگیریان لێ کرد، با لەم مەسەلانە دوور بکەوینەوە، مادام یاسای لیژنەی بەرزەفتی (انضباطی) فەرمانبەرمان هەیە، لێرەش مافمان داوە بە سەندیکا لیژنەی بەرزەفتی(انضباطی) خۆی هەبێت، کاک محەمەد فەرموو..

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتە بڕگە یەک با بمێنێتەوە، تەنها بڕگە دوو نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە با بمێنێتەوە لەسەر مەبدەئەکە کۆکین، با ئەمەش دەنگدان لەسەری بمێنێتەوە،بەڵێ رایەکە وایەکە دەنگی لەسەر بدەین، واتە ماددە (٢٧) تەنها ئەبێ بەیەک خاڵ، دەبێتە(یحال العضو المخالف لما جاء في المادة السادسة والعشرون من هذا القانون على لجنة الانضباط بقرار من المجلس).

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.. سوپاستان دەکەین.
بۆ برگە دوو، پێشنیارێک هەیە کە نەمێنێ. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ هەڵوەشێندرایەوە.
لێرەشدا دانیشتنەکەمان کۆتایی پێ دێت، سبەی سەعات(١٠) کۆ دەبینەوە، سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)

**پێنج شەممە ڕێكەوتی ١٩٩٩/٤/١٥**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٧)

## پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٤/١٥

***کـاتژمـێـر (١٠)ی سـەر لەبەیانی رۆژی چوار شـەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٤/١٥ ئەنجـوومـەنی نیشتـمانی کـوردستـانی عـێراق بەسەرۆکـایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژماره(حەوتەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتـمانی کوردستانی عێراق ژماره (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژماره (٧)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٩٩٩/٤/١٥دا بەم شێوەیە بێت.***

***١ـ بەردەوام بوونی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ.***

***٢ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای جیۆلۆجیەکانی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژماره(٧)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەم له١٩٩٩/٤/١٥دا، بەرنامەی کارمان بەردەوام بوونه لەسەر گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ، خاڵی دووەمیش یاسای سەندیکای جیولۆجیەکانی کوردستانه، برایانی لیژنەی یاساو کشتوکاڵ با بفەرموون.

دوێنێ سێ ماددەمان هەڵواسراوی هێڵایەوە بۆ بیاچوونەوەیەک وئەگەر پێویست بێت هەڵبگیرێ یان دابڕێژرێنەوە، بابزانین برادەران چیان کردووە دوایی بەردەوام بین لەسەر ماددەکانی تر، یان حەز دەکەن یاساکە تەواو بکەین دوایی بگەرێینەوە سەر ئەوانەی تر، باشە با تەواوی بکەین دوایی دەگەرێینەوە بۆ (المعلقات الثلاث)، مادده (٢٨) لەپرۆژەکەدا دەکاتە (٣٣)، فەرموون.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة الثامنة والعشرون:

اولا: تدار شؤون فرع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظات التي تمثل النقابة فيها.

ثانيا : تتألف لجنة الفرع في كل محافظة من رئيس واربعة اعضاء وعضوي احتياط ينتخبهم اعضاء فرع المحافظة بالإقتراع السري مرة واحدة كل ثلاث سنوات على ان يكونوا عن الذين يزاولون المهنة في تلك المحافظة وتنتخب اللجنة من بين اعضائها الاربعة، نائبا للرئيس وسكرتيرا.

ثالثا : تتبع في الاجتماعات العامة لاعضاء الفروع نفس الاجراءات الخاصة باجتماعات الهيئة العامة ولهيئة الفرع صلاحية قبول استقالة رئيس واعضاء لجنة الفرع واعضائهم وانتخاب من يحل محلهم للمدة المتبقية من الدورة وكذلك ملء الشواغر في عضوية اللجنة عند حصولها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەكان وئەندامان هیچ تێبینیان لەسەری هەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.. كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

المادة التاسعة والعشرون :

تمارس لجنة الفرع الصلاحيات التالية :

اولا : تنفيذ قرارات الهيئة العامة ومجلس النقابة ولجانها.

ثانيا : تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم بعد مصادقة المجلس عليها.

ثالثا : اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظة.

رابعا : تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بامور الفرع الى المجلس لاتخاذ القرارات بشانها.

خامسا : اعداد الميزانية السنوية التخمينية للفرع ورفعها الى المجلس للمصادقة عليها.

سادسا : صرف النفقات الضرورية لادارة شؤون الفرع من ميزانيته.

سابعا : تشكل لجان فرعية لتحقيق اغراض النقابة في المحافظة.

ثامنا : ممارسة الصلاحيات التي تخولها اياها المجلس بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كێ تێبینی لەسەر مادده (٢٩) هەیە؟ كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەلیژنەی یاسا بڕگەی شەش وحەوتمان كردۆتە یەک بڕگە كە بەو شێوەیە هاتووە (المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية او الهبات والتبرعات التي تقدم من جهات اخرى) یانی ئەو دوو بڕگەیەمان كردووە بەیەک بڕگە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەوە مادده (٢٩)یە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ببورە، هیچ تێبینیمان لەسەری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من دەگەڕێمەوە بۆ ئەو قسەیەی خۆم کە خستمەڕوو، (شعب) لە(فروع) گەورەترە، ئەگەر تەماشای ئەم ماددەیە بکەین، مادده (٣٤) پرۆژەکە دەسەڵاتی(فرع) لەیەکەمین داناوە ئەمەش بەڵگەیە بەپێی پرۆژەکە (شعب) گەورەترە لە (فرع)، لەمادده (١٦) دەنگ دراوە لەسەر ئەوە کە رؤسائی شعب ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکان، کەچی سەرۆکی فرع لە پارێزگا ئەندام نابێت، ئەو شوعبەی کە دانراوە شعبی مەرکەزی ئەو نەباتی، حیوانی ئەو شتانە، ئەو هەیئەتانە گەورەترن لە فروعی پارێزگا، تێبینی یەکی تریشم هەیە دەربارەی مادده (١٢)و مادده(١٦) کە دەنگمان لەسەری دا کەوەکو شتێکی بەپەلە وابوو ، لەمادده(١٢) ئەندامانی سەندیکا (١٢)دەبن، بەڵام لە مادده (١٦) کەچی دەڵێ ئەو نۆیە پێچەوانەیە ئەویش دوانزدەیە ئیش بە کامیان دەکرێ؟، هەردووکی دەنگی لەسەر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مامۆستا مادده (١٢)یە لە پرۆژەکە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەمادده (١٢) ئەندامانی بە (٩) داناوە، نەقیبە و هەشت ئەندام و دووی احتیاط، لەوێ وای داناوە لەمادده (١٦) ئەگەر جەنابت تەماشای بکا، دەڵێ (یتولی ادارة شؤون نقابة المجلس یتألف من اولا : النقیب، ثانیا : نائب النقیب، ثالثا :رؤساء شعب النقابة) ئەسڵی یاساکە واهاتووە کە (شعب) لەفروع گەورەترە نازانم بۆچی گۆڕیمان؟، خۆی یاساکە وایە تەقنینەکە لەئێمەوە نەبووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەزنجیرە لە مادده (١١) (شعب) ولیژنەکانی راستە لە پێش (فروع)ە.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئینجا لەو ماددەیەش کە ئێستا (فرع) ممارەسەی دەسەلاتی خۆی دەکات، جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی ومجلسی سەندیکاو لیژنەکانی (شعب) دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین لیژنەی یاسا چ دەڵێ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(شعب) بەشێکە لە(فرع)، و(شعبە)ش لەمادده یەک کردوومانە بە(فرع)، واتا لە پارێزگا (فرع) دەبێت ئینجا (شعب)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر وابزانم (لجان النقابة شعب النقابة ولجانها) مەسەلەی تەکنۆقراتێن لەزمنی ئیدارەیە پەیوەندی نییە بە پەیکەری سیاسی سەندیکاوە یاخود پەیکەری پیشەیی سەندیکا دوو شتی لەیەک جیاوازن، ئەگەر ئێمە بیخەینە قالبی تەفسیرێکی تۆزێک سیاسی یەوە ئەو دەستەی گشتی و ئەنجومەنی سەندیکاو لیژنەی بەرزەفتی (انضباط) بەدەنگدان دەبێت، بەڵام (شعب النقابە، لجان) وەکو فەرمانبەر دادەمەزرێن ودەست نیشان دەکرێن (شعب وقاية المواد الغذائية) بۆ داری بەڕوو بۆ داری گوێز لیژنەیەک دروست دەکرێت، بەڵام (فروع) سەرکردایەتی کرداری سەندیکایی دەکات بەهەموو (شعبەکانیەوە) ولیژنەکانی لەنێوان پارێزگایەکی دیاریکراو، ئەنجومەنێکی سەندیکای بچووکە لەجێگای خۆی، بەڵام مەرج نییە(شعب) سەرۆک بێت لە موقعێک زیاتر ئیداری بێت، لەو یاسایەدا بەو مفهومە ڕۆیشتووین، ئینجا ئەگەر اشتباهێک هەیە، دووبارە دابڕێژرێتەوە، ئەگەر تەماشای بکەن ماددە(٢٥)مان هەڵگرت وهەڵمان وەشاندەوە، لەزنجیرەکەی ئەگەر بیخوێننەوە پێناسەی (شعبی) کردووە کە لەچی پێک دێت، کاک محەمەد ئەگەر تێبینیت نییە با بڕۆین بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده(١٧) لە پرۆژەکە برگە سێ دەڵێ(رؤساء شعب النقابة ممن امضو في ممارسة المهنة مدة لاتقل عن سبع سنوات) ئەم (شعب)ەش دەبێت بیکەینە (فروع).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده بیست وپێنج ئەبوایە مادده (٢٣)ی ئێمە بێت، ئێمە لامان برد، لەوێ پێناسەی (شعب)ی کردووە، مامۆستا لەوێ باسی دەکات لە نێوان زنجیرەی ئەوانەی کە هاتووە کە ئەمە لایەنە تکنوقراتیەکەیەتی، لایەنەکەی تر نییە کە ووتمان سەندیکا وەکو دەستەیەک ئەگەر نیمچە مهنی سیاسی بێ سەرکردایەتی عملی نیقابی دەکات ئەم (شعب)ەیە تکنوقراتن، ئیدارین، پەیوەندی بەو لایەنە وە هەیە، ئێمە لەمادده (٢٥) لە پرۆژەکەدا لە لاپەرە (٧) بخوێننەوە کە دەڵێ(اولاً: تؤسس الشعب التالية في النقابة تمثيل الاختصاصات الزراعية) نازانم شتێکی وایە، (التى ينتمى اليها بسبب تخصصه) ئەگەر کاک فرسەت بیخوێنیتەوە باشترە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سكرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تؤسس الشعب التالية في النقابة لتمثيل الاختصاصات الزراعية التي ينتمي اليها بسبب تخصصه وتدير كل منها لجنة الشعبة وفق هذا القانون:

الانتاج النباتي، الانتاج الحيواني، الصناعات الغذائيه، المكننه الزراعيه، الغابات والبستنه، الاقتصاد والارشاد الزراعي، ويجوز تأسيس الشعب تمثل فروع الزراعيه اخرى على ان لايقل عدد اعضائها عن المختصين فى ذات الفرع خمسون عضوا بعد موافقه المجلس).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە لەمادده (٢٥)ی پرۆژەكە كە دەڵێ(تؤسس شعب) غایەت لێرە شعبەی (اختصاص)ە، ئێمە دەتوانین ئەگەر (التباس)ێک بووە (شعب) بكەینە(قسم)، قسم الانتاج الزراعی.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەمان لابرد، نەماوە، كاک رەجەب ویستی قسە بكات، فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم خاڵی دووەم (مستخدمین)(مستخدم) نەماوە، ببێتە (موظفین) باشترە، لەهەموو ئەوانەی لەو یاسایەدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ، كاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

راستە لەفەرمانگەی حكومەتی (مستخدم) نەماوە هەموو بوە بە فەرمانبەر، بەڵام ئەمە فەرمانگەیەكی حكومەتی نییە، ئەوە سەندیكایە، راستە لە فەرمانگەی حكومەتی مستخدم نەماوە بۆوەتە (موظف) بەڵام ئەمە سەندیكایەو استخدامی كرێكار دەكات، لەوانەیە كرێكارێک بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە چ یاسایێک هەیە؟، یاسای(مستخدمین الدولە)مان هەیە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ( قانون مستخدمین الدولە) هەیە، ئەوە نەماوە هەڵوەشاوەتەوە.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشە ئەمە بەچ یاسایێک دابمەزرێ و مافی خانەنشینی و(ترفیعی) دیاری بکرێ؟.

**بەڕێز مــحـــمـــەد حـــســـەن باڵـەتە:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

مافی (خانەنشینی) ئەگەر بدەن بە گوێرەی یاسای(سەندیكای كشتوكاڵی) بەڵام ئەمەش نیەتی، لەپاشەڕۆژدا لەوانەیە ئەو سەندیكایە یاسای خانەنشینی بەخۆی بیكات ئەو كاتە ملكەچی یاسای نەقابە دەبێت.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

باشـە، كاك رەجەب ئەوە كـاک مـحـەمـەد دەڵـێ نابێت، ئەگـەر چ تێـبینی تر نییـە؟ ئەم مـاددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، مامۆستا مەلاتاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محـەمـەد تاهیر محـەمـەد زین العـابدین:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من هەر لەسەر ئەو رایەی خۆمم ئەویش لابردنی ئەسڵی ماددەكانی سەر بە ئەسڵی یاساكەیە، پێم وایە پەلەمـان لێ كـرد، ئەگـەر بۆ پێـرەوی ناوخـۆش بروا دەربارەی (تأسـیسـی فـرع)ەوە لە (فـرع) ئەندامـانی (شـعب) لە دەسـتـەی گـشـتی هەڵدەبژێرێ، و(رؤسـای شـعب) لە دەسـتـەی ئـیـداری هەڵدەبژێرێت و لەدەستەی گشتی، بەڵام هی (فرع) لە پارێزگا هەڵدەبژێرێ، لێرە (التباس) هەیە، ئەبێ بە هەموو ماددەكاندا بچنەوە، وهەموویان یەک بخرێن و لەسەرەوە بۆ خوارەوە یەک رێز بێت، مەبەستی من ئەوەیە، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئینجـا ئێـمە لێرە هیچ گرفـتێكمـان نییـە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە (شـعب) ئەگـەر پێـویست بوو مـاددەیەكی تری بۆ زیاد دەكەین بۆ پێناسـە كردنی، ئەگەر چ تێـبینی تر نیـیـە لەسـەر ئەم بابەتە دەیخەینە دەنگدانەوە؟ نییە؟.

كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــەلی كـــــمـــــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆكی ئـەنجـــــومـــــەن:**

الفصل الرابع

(مالية النقابة)

المادة الخامسة والثلاثون :

تتكون مالية النقابة من :

اولا : بدلات الانتماء والاشتراكات السنوية.

ثانيا : ايرادات المشاريع التي تقوم بها النقابة.

ثالثا : رسوم منح اجازة المكاتب الزراعية.
رابعا : الاكتتاب وريع الحفلات اتي تقيمها النقابة وارباح المطبوعات.
خامسا : الاجور التي تستوفيها النقابة من الاستشارات والتحكيم.
سادسا : المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية.
سابعا : التبرعات والهبات المقدمة للنقابة بعد موافقة وزير الزراعة عليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان هیچ تێبینیان هەیە؟ لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی لیژنەی یاسا لەسەر بڕگە(٥)ەکە نەمێنێ، ئەندازیارێکی کشتوکاڵی دادگا بانگی دەکات دەیکاتە لێزان(خەبیر)، ئەم کرێیە بۆچی بۆ سەندیکا بچێت؟، بۆچی بۆ خۆی نەبێت؟ ئەوە رای لیژنەی یاسایە کە ئەم بڕگەیە نەمێنێ، تێبینی دووەم بڕگە شەش و حەوت کردوومانە بەیەک بڕگە، بەو شێوەیە(المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية او الهبات والتبرعات التي تقدم من الجهات الاخرى) لەجیاتی دوو بڕگە دەبێتە یەک بڕگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ای جهات اخرى) بەبێ ڕەزامەندی لایەنی ڕەسمی، دەربارە دەوڵەتێک گەر ویستی بەرتیل بدا بە سەرۆک سەندیکایەکی ئێمە، بۆ نموونە لەلایەن سەندیکایەکی دیاریکراوەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بموافقة وزير الزراعة عليها) ئەوە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(جهات اخرى) بۆ بکەین بە (وەزیر الزراعە)، وزیری کشتوکاڵ لەکوێ دەزانێ؟، وابزانم (الهبە والتبرعات)لەیاسای مۆڵەتی کۆمەڵەکان دەبێ بە ئاگاداری ئەوان بێت، ئەگەر لەوێ چارەسەر کراوە لێرە پێویست ناکات، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو من دەزانم یاسا هەیە یاسای (هبات والتبرعات) هەر لایەنێک لەدەرەوەی دەسەڵات (هبات) بدات بە هەر فەرمانگەیەک هەر فەرمانبەرێک دەبێت بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی تایبەتمەند بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا دیاری بکەن، بەراستی ئێمە دوو گرفتمان هەیە، ئێمە سیستەمێکی فیدرالیمان دیاری

کـردووه، سبـەی لەوانەیە سـەندیکای (أ) لەگـەڵ سـەندیکاکـانی تر دەسـتی تێکەڵ دەکـات، سەندیکای(أ) لە مەرکـەز لەوانەیە بیـانەوێ هەندێ مەسـەلە فـەرز بکەن، پارەیەکی باشیـان پێ دەدەن، یان ئێـمـە لە سیـسـتـەمـێکی فـرە حـزبێ حـزبێکی دیاریکراو پارەیەکی باش لەسـەر سەندیکایەکی دیاریکراو سەرف دەکات، حـزبەکەی تر لەوانەیە ببێت بە مـونافـسی ئەو، واتا دەبێت هیچ قـەیدێک نەبێت لەسەر ئەم بابەتە باشترە لایەنی تایبەتمەند ئاگاداری بێت، بەتایبەتی رێکخراوێکی جەماوەری و پیشەیی و حزبەکان، جا ئەگەر لایەنی رەسمی دیاری بکرێت لەوەیە خراپ نەبێت ئەگەر لەیاسای تر چارەسەری نەکرابێت.

**بەڕێز محـەمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لە پرۆژەکەدا هاتووە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئیمەش دەیکەینە (من الجهه المختصه)، (بعد موافقه الجهه المختصه) بەڵام لە پرۆژەکە وەزارەتی کشتوکاڵە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

(جهات مختصه) یاخود وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوە ئارەزووی ئێوەیە، لیژنەی دارایی و ئابووری تێبینیان هەیە، فەرموو.

**بەڕێز جـەمـیـل عـەبدی سندی:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لیژنەی دارایی پێشنیـار دەکات، وەکو برگـە(٣) (رسوم منح الاجازه مکاتب زراعیـه) لابـرێ، چونکە(رسوم) سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵە، بەوەصلی وەزارەتی دارایی، بۆ گەنجینەی دەوڵەت، ئەو رسومانە مافی سەندیکا نییەو مافی حکومەتە، سوپاس.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

سوپاس، لیژنەی کشتوکاڵ تێبینیان نییە؟ ئەو برادەرانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن(کاک ئەحمەد سالار، شێخ جەعفەر) کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحـمـەد سـالار عـەبدولواحـید:**

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

بەلایەنی ئەو دووخاڵەوە شەشەم و حەوتەم ئەم دوو برگەیە، ئەوە کە کۆمەک و بەخشین وخەڵات و ئەو لایەنانە ئەگرێتەوە هەردووکی پێویستە یەک بێت نەک شەش و حەوت بکرێت بەیەک، بەرای من بەلایەنی ئەوەوە پێویست بەوە ناکات پەسەند کردنی یان رەزامەندی وەزیر وەربگیرێ، چونکە زۆرجار روویداوە کەسێک دەیەوێ کۆمەکی فلانە لایەن بکات، یان فلانە سەندیکا بکات، پێویست بەوە ناکات ئەوە بگەرێتەوە بۆ رەزامەندی، چونکە ئەو وەختە دەست تێوەردانێکە لەکاری ئەو سەندیکایە لە لایەنی وەزیرەوە، رێگریەکە لەبەردەم بوونی سەندیکاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد ڕێکخراوێکی خێرخواز نییە، کە خەڵک پێ بەخشین(تبرع) بکات، خەڵک پێ بەخشین بۆ سەندیکا دەکات، من خاوەن کۆمپانیایەکم دەمەوێ بەرتیل بدەم بە سەندیکا کە پەیوەندی بەمنەوە هەیە، من بەڵێندەرێکم بابڵێین بەڵێندەری بیناسازی هەیە، من بەرتیلێکی باشیان پێ دەدەم، ئەمە لەقازانجی پرۆژەکەم پری قورگیان پارە دەکەم وبێ دەنگیان دەکەم بەکەیفی خۆم ئیش دەکەم، یان کۆمپانیایەکی دیاریکراوم هەیە بەراستی سەندیکا ڕێکخراوێکی خێرخوازە. سەندیکا راستە پیشەییە، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە بەرگری لە توێژێک لەچینێکی دیاریکراو دەکات، بمانەوێ و نەمانەوێ مۆرێکی سیاسی پێوەیە، بەڵام ئەوە سەندیکا ڕێکخراوێکی خێرخواز نییە هەر یەک بێت و بۆ خۆی پارەی پێ بدات، بڵێ باشە فەرموو پێم بدە، باوەڕ دەکەم و لایەنی پسپۆر بۆی هەیە بەلایەنی کەمەوە ئەوە دەست تێوەردانیش نییە، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم بەندە کە بریتییە لە دارایی سەندیکا، بۆ ئەوەی هەموو دارایی سەندیکا تەنها چاوەڕێی خاڵی شەشەمی نەبێت (المنح مقدمه للجهات الرسميه) پێویستە هان بدرێ بۆ ئەو خاڵانەی تریش تاکو دەبێ داراییەکی باشی هەبێت وبتوانێ کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببات، لەوانە خاڵی سێیەم و خاڵی پێنجەمین،خاڵی سێیەم (رسومی منح) مۆڵەتی نووسینگەکانی کشتوکاڵی بەڕاستی لە ناوەڕۆکی کاری سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵە، چونکە ئەوانەی کە ئەو نووسینگانە دەکەنەوە ئەندامی ئەو سەندیکایەن وە ئەوە کاری ئەوانیشە بۆ ئەوەی ئەو پارەیەش بگەڕێتەوە بۆ سەندیکاکە لەگەڵ خاڵی پێنجەم ئەوە کاری سەندیکا خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیە پەیوەندیدارە بەماددە (٩)ـە، وە ماددە نۆ دواخراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمێنێتەوە بەستنەوەی (الهبات و تبرعات) بەلایەنی پەیوەندیدار یان وەزیری کشتوکاڵ، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لەگەڵ ڕای کاک ئەحمەد دانیم کە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدای بوێت وەکو ئەزانم ولەوانەیە

زانیارییەکانی من کەون بن، بەڵام پێش ئیستاش گوتم (أي هبة أي تبرع) بۆ فەرمانبەرێک یان بۆ لایەنێک دەبێت بەڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار بێت، بەڵام یاسای (التبرعات والهبات) هەیەو کۆنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیستا وابزانم ڕوونە، بابێینەوە سەر تێک کردنەوەی (دمج)ی ماددەی شەشەم و حەوتەم ئەوە پێشنیارێکە، دوایی دێینە سەر هەڵوەشاندنەوەی پێنجەم، پێشنیارێک هەیە بۆ (تحکیم و إستشارات) ئایا کابرایەک ئەندازیارە سەندیکا چ پەیوەندی پێوە هەیە، ئەو ڕەسمەکانی ساڵانەی خۆی و پارەی بەشداری و ڕەسمەکانی دخولیەی خۆی دەدات ئیتر ئەمە چییە؟ ئەگەر بچن ئیستشارە بکەن دە دینار بدەن بە سەندیکا ئەی ئیشەکەی چییە؟ بۆیە داواکراوە کە ئەوە نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە نەمێنێت؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە نەمێنێت، بڕگە پێنج نەما، پێشنیارێک هەیە کە شەش وحەوت بکەن بەیەک بڕگە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بکرێ بەیەک بڕگە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە بکرێ بەیەک بڕگە، ئەمێنێتەوە لەسەر ئێوە کە داڕشتنی ئەمە بکەن زیاد لەوە بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار یان وەزیر لیژنەی یاسا چ پێشنیارێکیان هەیە؟ فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیمە لەماددەیەکدا دەڵێین «تؤسس نقابة المهندسين الزراعيين وتكون لها الشخصية المعنوية» کە کاتێک دەڵێی (تتمتع بالشخصيه المعنويه) مانای ئەوەیە مافی تملکی هەیە مافی وەرگرتنی هبەی هەیەو مافی ڕەتکردنەوەی هبەشی هەیە، ئینجا ئێمە قەیدێک بێنین و وەزیر ڕەزامەندی بکات؟ ئەو سەندیکایە کەسایەتی مەعنوی هەیە بۆیە بەڕای من دەبێ ئەو دەقە بەرەهایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە سەندیکایەو ئێمە بۆ حزبەکان داوامان کردووە لەیاسای خۆمان ئەگەر هبات هەبێت لە لایەنی زانراوەوە، باشە ڕاستە ئێمە دەستی سەندیکایەک بکەینەوەو بەئارەزووی خۆی پارەی پێ بدرێت و کەس پێی نەڵێت ئەو پارەیە چییە؟ کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ریزم بۆ کاک شێروان و ئەمە ڕای خۆیەتی و ڕای لیژنەی یاسا نییە، بەڵام من دیسان دێمەوە سەر ڕای خۆم ئەگەر ڕاستە (شخصيه معنويه)ی هەیەو مافی (حق التملک)ی هەیە و (حق قبول الهبات)ی هەیە ئەوا دەبێ (من داخل الاقليم) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق، فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕای من بابەتی تبرعات و هبات ئەبێ بە یاساوە بەسترا بێت، چۆن لە ئەحزابیش هەر وایە و ئێستا لە زۆر دەوڵەتیش بۆتە گرفتێکی گەورە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەمیسر چەکێکی وەرگرت و ئەمە بووە هۆی گرفتێکی گەورە لەو وڵاتە، لەبەر ئەوە باشە ئەگەر بەپێی ڕێنمایی بێت، مەرج نییە هەر بەستراوە بێت و من لەگەڵ ئەوەدانیم کە سەر بە وەزیری کشتوکاڵ بێت، ئەبێ بەپێی ڕێنمایی تایبەت بێت و ئەو ڕێنماییانەش ئەبێ ببێت بەتایبەت ئەگەر تبرعات لە لایەنێکی دەرەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر (الجهات المختصە) بێت باشترە، یان (وفق القوانین المرعیە)، ئێوە دەزانن ئەوە سەندیکایەو لە زۆر وڵاتان هەندێکی نەک هەمووی زۆر جار (مافیا)کان ئەیبەن بەڕێوە و (مافیا)ی دیاری کراو هەیە زۆر جار سەندیکا بەڕێوە دەبات ئەوە لە وڵاتانی بلۆکی ڕۆژهەڵات بەراستی نمونەیەکی تەواو بوو لە حزبی دەسەڵاتدار لە (النظام الشمولی) ئێمە سیستەمێکی فرەلایەنین و دیموکراتین و کە بوو بە بەشێک بەشێکی سەندیکاکان لەو وڵاتە دەبێتە ئامێرێک بەدەستی مافیاکانەوە، باشە ئەگەر مەسەلەکە تمویل کردن و پارە پێدان نەبێت چۆن مافیا دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر سەندیکادا بسەپێنێت؟ یا دەبێت بە ئامێرێک یان بەشێک یان ڕووکارێک بۆ حزبی دەسەڵاتدار لە نیزامی شمولی؟ وابزانم نمونە بەهەزارەها هەیە وەکو ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەتی ئەوەی ئێستا لەحوکم دایە ئەو سەندیکایە چ ئازادییەکی هەیە؟ بە هەزارەها لە ئەندامانی لەسێدارە دەدرێن و حوکم دەدرێن و سەرەڕای ئەوەش چەپڵەی بۆ لێدەدرێ و لەوانەیە لە دادگاکانیش ئامادە دەبن، بۆیە ئەم بابەتانە تۆزێک دەبێ بەڕێک و پێکی بۆی بڕۆین و سیستەمی ئێمە تعددیە و یاسامان هەیە یاسای سەندیکاکان و ڕێگە بەهیچ لایەنێک نادات لایەنێک بێ ئاگاداری لایەنی تایبەتمەند دەسکاری کاروباری بکات و بۆیە دەبێ بە (حسب القوانین المرعیە)بێ کێ لەگەڵ ئەوەیە؟، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، تکایە لیژنەی یاسا کاتی دارشتن ڕەچاوی ئەمە بکەن، پێشنیارێک هەیە، (ثالثا) لابرێت، بەڵام ئەمەیان بەستراوە بە مادده (٩)ـەوە هێشتا یەک لامان نەکردۆتەوە، کە یەکلا کرایەوە ئینجا دەگەڕێینەوە سەر ئەو ماددەیەش بۆیە دەنگ دانی کۆتایی لەسەر ئەو ماددەیە (مادده «٣٠») هەڵدەگرین تاکو مادده (٩)یش تەواو دەکەین و ئەگەر زانیمان پێویستە کە لاببرێت ئەوا لای دەبەین ئەگەر نا دەیخەنە ناو گفتوگۆو بڕیارێکی لەسەر وەردەگرین، مادده (٣١) فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية والثلاثون:

الاحكام الختامية:

يستمر النقيب ونائبه والمجلس ولجنة الانظباط ولجان الشعب والفروع الحالية عند صدور القانون في اعمالهم لحين إجراء إنتخابات جديدة وفقا لاحكامه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو زانیاریانەی وەکو وەرمان گرتووە، سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ ئێستا لە هەرێم دا نییە لەبەر ئەوە ئێمە ئەو ماددەیەمان هەڵوەشاندۆتەوە، چونکە سەندیکا ئێستا نییەو لە دامەزراندنەوە دەست پێ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە هەڵدەگرین، پێشنیار هەیە ئەو ماددەیە نەمێنێت، باشە بۆ ئەو ماددەیەی لیژنەی ئامادەکاری لێرە دانەنێین لەجیاتی جێگای تر؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەتوانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە لێرە لەجێی مادده (٣١) دەقێک دادەنێین کە لیژنەیەکی ئامادەکار دروست بێت وەکو سەندیکاکانی تر هەڵسێ بە تۆمار کردنی ئەندامان و دابەش کردنی ناسنامەو جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەو یاسایە بۆ یەکەم هەڵبژاردن، لێرە ماددەکە دادەنێین، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە؟، سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟، سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، کێ لەگەڵ ئەوەیە لەجێگای ئەو ماددەیە ئەو ماددەیەی تر دابنێین کە پەیوەندداره بە لیژنەی ئامادەکار؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس، تکایە لیژنەی یاسا ئەو ماددەیە لێرە دابنێن، مادده (٣٢) فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

إذا حلت النقابة فتؤول جميع ممتلكاتها الى أية مؤسسة مماثلة لأغراضها يعينها وزير الزراعة والري، أما إذا حل أحد الفروع فتؤول ممتلكاته الى النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرمووون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان لەسەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی و ئابووری و کشوکاڵیش تێبینییان نییە، تەنها کاک د.ڕزگار تێبینیی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ وەکو هەموو سەندیکاکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، واتە ئەگەر (حل) بوو ئەوا (ممتلکاتی) دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ هەر چەندە حکومەت یەکە بەڵام وەکو یاسا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵام وابزانم بەپێی یاسای سەندیکاکان وەزارەتی ناوخۆ ئەم بابەتە چارەسەر دەکات، باشە ڕای ئێوە چییە ئەم ماددەیە هەڵگرین چونکە لە یاسای (کۆمەڵەکان) چارەسەری ئەمە کراوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەڵوەشاندنەوەکەمان نووسیوە بەڵام بەداخەوە لێرە دامان نەناوەو ڕای ئێمە ئیلغا کردنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پێشنیارەی خۆم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەیخەینە دەنگ دانەوە، لیژنەی یاسا پێشنیار دەکات ئەم ماددەیە هەڵوبوەشێتەوە بەوەی کە ئەم بابەتە لە یاسای (کۆمەڵەکان) یەکلاکراوەتەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە، سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثانية والثلاثون:

لايعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەکان تێبینییان نییە، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ماددەکە نییە بەڵام لەدانیشتنەکەمان دا لەگەڵ برادەران ئەوان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە بڕگەیەکی بخرێتە سەر ئەویش (المجلس النقابة القيام بتنفيذ المشاريع الزراعية بالطرق الاصولية وتنظيم اسلوب العمل والاستفادة من أرباحها لدعم أعضاء النقابة من خلال تقديم السلف للأغراض المختلفة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ڕزگار ئەوە کاری پەیڕەوی ناوخۆیە سەندیکا لە خزمەتی ئەندامەکانی خۆیەتی و داراییش ئەم خاڵەی چارەسەر کردووە، ئەوە مکاسبە و ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆ زیرەکایەتی تێدا بێت ئەوا دەتوانێت بە هەمووجۆرێک سوود بە ئەندامانی ببەخشێت، ئەیخەینە دەنگدانەوە، وەکو خۆی، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة والثلاثون:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية ويتولى الوزراء المختصون تنفيذه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیمە پێش ئەمە ماددەیەکمان زیاد کردبوو، کە (على الوزراء المختصون تنفيذ هذا القانون) و کردوومانە بە ماددەیەک و (وينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية) بە ماددەیەکی تر هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددە (٣٣) دایە وەکو خوێندرایەوە(على الوزراء المختصون تنفيذ هذا القانون)؟ کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الرابعة والثلاثون:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینییەکەمان ئەوەیە کە (ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية)، ئەوە ئێستا دامان ڕشتووە وەکو ماددەیەک و ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی داراییش هەمان تێبینیی هەیەو لیژنەی کشتوکاڵ تێبنیی نییە، کەسی تریش تێبینی نییە، ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نظراً لأهمية القطاع الزراعي في إقليم كوردستان ومن أجل إبراز دور نقابة المهندسين الزراعيين في النواحي الثقافية والعلمية والتطبيقية لمواجهة مشاكل التنمية ومساعدة دوائر القطاع الزراعي، ومن أجل خلق كادر كفؤ للنهوض بهذه الاعباء وإنطلاقاً من المباديء الفدرالية التي أقرها المجلس الوطني لكوردستان العراق وإنتهجتها حكومة الإقليم لذا فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە هۆکاری پێویستە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، دێینەوە سەر ماددەکانی تر کە جێمان هێشتبوون، فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (٩) لە پرۆژەکە کە دەکاتە ماددە (٨).

المادة الثامنة:

لايجوز إدارة وتشغيل معامل الالبان والعلف الحيواني والصناعات الزراعية وحقول الدواجن أو أية مشاريع زراعية أخرى غير التابعة للجهات الرسمية إلا تحت إشراف مهندس زراعي مختص و ممارس وعضو في النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوەمان دواخست و بابزانین دوا داڕشتنی چی بەسەر هات؟، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(لایجوز إدارة وتشغیل معامل الالبان والعلف الحیواني والصناعات الزراعیة و حقول الدواجن غیر التابعة للجهات الرسمیة إلا تحت إشراف مهندس زراعي مختص) ئەوە تێبینیی لیژنەی یاسایە، هەمان ماددەیە بەڵام (مشاریع زراعیە)مان لابردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بابزانین ڕای برادەران چییە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە دانیشتنی ڕابردوودا دەنگدانی لەسەر درا کە بەو شێوەیە نەمێنێت لەبەر ئازادی ئابووری ومافی مرۆڤ، چونکە دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ هەیەو دەرچووی پەیمانگای کشتوکاڵ هەیە و هەتا کاتی بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە گوتی ئێمە (مشاریع زراعیە) لەغو دەکەینەوە جەنابت گوتت ئەوە گۆڕانکاری نییە بۆیە من پێشنیار دەکەم ماددەکە لە بنەڕەتەوە نەمێنێت با ئازادی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کەباس کراوە ئەمانە هەموو لە کۆلیژی کشتوکاڵ بۆ ماوەی چوار ساڵ دەخوێندرێت، ئەگەر بەکالۆریۆسی هەبێت و دوای ئەوە ئەگەر پسپۆری پەیدا کرد، کە ماستەرو دکتۆرایە چەندین ساڵ (بحث)ی لەسەر دەکات، واتە لەلایەنێکی زانستی ئەو شتانەی کە باس کراوە بوونی ئەندازیارێکی کشتوکاڵ گرنگە بۆی بۆ ئەوەی ئەو بوارانە پێش بخات بۆ ئەوەی ئەنجامدانی کاری زانستیانەی تێدا بکرێت بۆ ئەوەی سەلامەتی خواردەمەنی تیادا بێت، من پێشنیارێکی ترم کردبوو کە (لایجوز)ەکە لاببەین و ببێتە (للمهندس الزراعی) بۆ ئەوەی بەڕاستی بە ڕەهایی لانەبردرێت و ئەم خاڵەی تیادا لاببردرێت بەم شێوەیە بێت «للمهندس الزراعي حق الاشراف علی إدارة وتشغیل معامل الالبان و العلف الحیواني والصناعات الزراعیة وحقول الدواجن أو أیة مشاریع زراعیة أخری غیر التابعة للجهات الرسمیة تحت إشراف مهندس زراعي مختص وممارس عضو في النقابة) ئەمە بوونەکەی هەرچەندە ڕێگا دەدات کە ئەندازیاری کشتوکاڵ دامەزرێت بەڵام دوایی کە زەرەرێکی دا لە لایەنی (ئەمنی غذائیەوە) ئەو کاتە یاسا بۆی هەیە موتابەعەی ئەو کەسە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، ئەمە جارەکەی تر ئەمەمان گفتوگۆ کردو لەسەر ئەوەبوو دوامان خست و گوتمان ئیمە لایەنی پەیوەنداری تەندروستی و هونەریمان هەیەو کۆمەڵێک لایەنمان هەیە و یاسا لەسەر مرۆڤی (مغفل) ناڕوات یاسا بۆ ئەوە دادەنرێت، کە جێبەجێ بکرێت و ئەگەر جێبەجێ نەکرا ئەوە مانای کەم تەرخەمی (تقصیر)ە بۆیە یاساکانی ئیمە لایەنەکانی دەستنیشان کردووە بۆ چاودێری و پشکنین و موتابعەکردنی مواصفات و لایەنی تەندروستی، دووەم: بەڵکو ئەوەی جەنابت دەیڵێیت لەوانەیە خاوەن پرۆژەکە قەبووڵی نەکات کە ئەندازیارێک سەرپەرشتی بکات و خۆی بەخۆی بەم کارە هەڵدەستێت دوایی دواجن و ئی تر بۆ بچن ئەندازیاری کشتوکاڵ بگرن؟ خۆ دەچن دکتۆرێکی ئاژەڵ دەگرن خۆ دکتۆری ئاژەڵ لە عملیات دەزانێت و دەتوانێت دەرمانێکیشی بۆ بنووسێت خۆ ئەندازیاری کشتوکاڵی ناتوانێت ئەوە بکات، یان کابرایەک پرۆژەیەکی کشتوکاڵی دەکاتەوەو کۆمەڵێک مانگا بەخێوە دەکات دەچێت دکتۆری ئاژەڵ دادەنێت نەوەک ئەندازیارێکی کشتوکاڵ، بەڕای من ئێمە ئازادی کەین ئەوەی خاوەن پرۆژە خۆی دەیەوێت با ئەو بکات و، کە بیەوێت شتی باش پیشکەش بکات با بچێت ئەندازیارێکی کشتوکاڵ بێنێت یان کە ویستی شتی خراپ پێشکەش بکات ئەوە ئارەزووی خۆیەتی و ئەو کاتە لایەنی پەیوەندیدار دای دەخات و خەڵکیش شتی لێ ناکرن، بۆ نمونە من باخچەیەک لە پرتەقال دابچێنم، ئەگەر پرتەقالەکەم باش و ڕێک و پێک بوو ئەوا خەڵک لێم دەکرن، بەڵام ئەگەر دارەکانم وشک بوون وئاوی نەبوو و پرتەقاڵەکانم خراپ بوو چونکە ئەندازیاری کشتوکاڵم نییە ئەو کاتە خەڵک لێم ناکرێ، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئیمە سەر بە قۆناغی (تنموی)ین پرۆژەی (تنموی) گەورە بەڕای من پێویستی بە ئەندازیار دەکات کە سەرپەرشتی لەسەر بکات بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم بۆ شتی بچووک، تەنها ئەگەر پرۆژەی گەورە بوون و ستراتیژی بوون بەڕای من بۆ پێشکەوتنی و بەرەو پێش بردنی ئەوا بۆ سەرپەرشتیان ئەندازیاری کشتوکاڵی سەرپەرشتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، باشە ئەکرێ کابرایەک دوو ملیۆن یان سێ ملیۆن دینار بکا بە پرۆژەیەکی کشتوکاڵی و نەچێت ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بۆ خۆی دامەزرێنێت؟ باشە دەبێ ئێمە فێری بکەین و خۆی نەزانێ؟ بڕوابکەن فاشل دەبێ، کابرایەک دوو ملیۆن دینار سەرف دەکات بۆ ئەوەی گوڵ برِوێنێ، باشە ئەکرێ ئەندازیارێک دانەمەزرێنێت و کابرایەکی نەخوێندەوار دابنێت ئەمە (تحصیل حاصله)، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەم بابەتە چارەسەرێکی باشی بکەین و لەوانەیە لایەنی پەیوەندیدار ڕێگە بە ئەندازیارەکە نەدات، بڵێت تۆ مافی ئەوەت نییە بڕۆیت لەو پرۆژەیە کار بکەیت، مافی نەداوەتێ بەڵام خاوەن پرۆژە ڕەنگە کە ویستی ئەوا با ئەندازیار سەرپەرشتی بکات و نەیویست ئەوە با سەرپەرشتی نەکات، بەڵام مافی ئەوەی هەبێت کە ئەندازیارەکە دامەزراوە لای حکومەت سەرپەرشتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەوەمان باس کرد و ماددەیەکمان دانا کە ئەندامی سەندیکا بۆی هەیە دوای دەوامی ڕەسمی کار بکات، ئەوە قەیدی لەسەر نییە و ئەتوانێ لە کەرتی تایبەتیش و لەکەرتی گشتیش دامەزرێت، فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئەو مافە دراوە پێویست بەو ماددەیە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەو مافە دراوە ئەندازیاری کشتوکاڵ بۆی هەیە بە پیشەی خۆی هەڵسێت، جا کۆمپانیایێک دای دەمەزرێنێت یان یەکێکی تر دای دەمەزرێنێت، یان فەرمانگەیەک، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جارەکەی تر ئێمە زۆر گفتوگۆمان لەسەر کرد، وەکو جەنابیشت گوتی و لەبەر ئەوەی تووشی هیچ گرفتێک نەبین ئەو ماددەیە لە بنەڕەتەوە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ ڕەقیب.

**بەڕێز ڕەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش لەگەڵ ئەوەم کە نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەفیق.

**بەڕێز شەفیق ئەمین محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من ئەوە شتێکی زیادە چونکە بێ گومان هەموو مۆڵەتێک لەو جۆرە مۆڵەتانە

چاودێری تەندروستی ئەبێ سەرپەرشتی بکات هەر هەمووی جا هەفتەی جارێک یان مانگی جارێ خۆیان دەچن سەرپەرشتی دەکەن و ئایا کەم وکوڕییەکانیان چییە و جێبەجێی دەکەن و خۆیان موحاسەبەیان دەکەن، بە بڕوای من ئەو ماددەیە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من ئەوە بمێنێ چونکە سەلامەتی پیشەو بەرژەوەندی گشتی تێدایە، ئەگەر خواردەمەنی بێت ئەوا خەڵک بەکاری دەهێنێت و ئەندازیاری کشتوکاڵی دەزانێت چۆنیەتی بەرهەمهێنانی چۆنەو وابزانم هیچ پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە نییە، من پێشنیار دەکەم کە (المشاریع التي تزید رأسمالها عن مئة ألف دینار) یان (مئة وخمسین ألف دینار) یان ئیستا کە کۆمپانیا دروست دەکرێت ئەگەر سەرمایەی سەد هەزار نەبێت ئەوا ناچێتە ناو کۆمپانیاکان و ناوی بە کۆمپانیا دانانرێت، وە ئیمەش باسی ئێرە دەکەین و ئەو پرۆژانەی کە لێرە پەیرەو کراون دەبێ (لاتزید راسمالها عن مئة ألف دینار) بە پارەی ئێرە ئەو کاتە پرۆژەی بچووک ناگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەبێ داراییەکی باشی هەبێت وبتوانێ کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە ببات، لەوانە خاڵی سێیەم و خاڵی پێنجەمین،خاڵی سێیەم (رسومی منح) مۆڵەتی نووسینگەکانی کشتوکاڵی بەراستی لە ناوەڕۆکی کاری سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵە، چونکە ئەوانەی کە ئەو نووسینگانە دەکەنەوە ئەندامی ئەو سەندیکایەن وە ئەوە کاری ئەوانیشە بۆ ئەوەی ئەو پارەیەش بگەڕێتەوە بۆ سەندیکاکە لەگەڵ خاڵی پێنجەم ئەوە کاری سەندیکا خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیارێک هەیە بۆ ئیلغا کردنی ئەم برگەیە، ئەوە دەخەینە دەنگدانەوە پاشان ئەگەر پێویستی کرد سیاغەی تری دەکەین. کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەم ماددەیە نەمێنێت؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسند کرا ئەم ماددەیە هەڵدەگیرێت. دێینە سەر ماددە (٩).

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لا یجوز للاعضاء فتح مکاتب زراعیة الا بعد استحصال اجاز خاصة من النقابة وتستوفي رسما سنویا عنها مقداره مائة دینار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاتی خۆی گوتمان دووبارە دارشتنی بۆ بکرێتەوە. پرسیارمان کرد گوتمان بزانن چۆنە نووسنگەی کشتوکاڵی ئایا یاسای ڕەچاوکراوی تر هەیە کە ڕێگا بدات بەمە یان نا؟. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارێک لەلایەن دکتۆر رزگارەوە هاتبوو کە ( إجازە خاصە) ئیلغا بکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گوتمان تەئکیدێک بکەن بزانن ئەمە لە یاسا ڕەچاوکراوەکان چۆنە؟، بەڵام نەتان کردووە. کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەتا ئەو وەختە نووسینگەکانی کشتوکاڵی وەزارەتی کشتوکاڵ مۆڵەتیان پێ دەدات، دەبێ شهادەی هەبێ، تەئکیدێک لە سەندیکا هەبێت کە فیعلەن ئەندازیاری کشتوکاڵە یان نا؟، لەبەرئەوە ئێمە وای دەبینین ئەو ماددەیە زیادە لیژنەی ئابووریش ڕاپۆرتی خۆی داوەتە جەنابت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ڕۆژە باسمان کرد گوتمان لەوانەیە یەکێک بیەوێت (انتحالی سیفەی) ئەندازیاری کشتوکاڵی بکات نووسینگە بکاتەوە (فأهل المهنە ادری بأعضاء مهنتهم) گوتمان یاسا کارپێکراوەکان ڕەچاوی ئەوەی کردووە، بزانین واقیع چی دەڵێت وا دەکەین ئەگەر نا ئەو کاتە پێشنیاری ئێوە دەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئیلغا کردنی.

هیچ تێبینیەک لەسەر ئەمە نییە؟. مادام وایە یەک پێشنیارمان لە پێشە ئەویش لیژنەی دارایی و ئابووری داوا دەکەن ئەم ماددەیە هەڵگرین نەمێنێت و ئیلغا بکرێتەوە.

کاک شێخ فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشتر (مؤسسەی عامی) تەجهیزات زراعی دەچوون وەکالاتیان وەردەگرت بەپێی چەند مەرجێک ئەم دەزگایە سەربە وەزارەتی کشتوکاڵ بوو لەبەرئەوە ڕەسمی ئەو تازە کردنەوەیە، یان ڕەسمی وەرگرتنی ئەو نووسینگانەیان ئەدا بە وەزارەتی کشتوکاڵ، چونکە دەزگای تەجهیزاتی زراعی ئامێرو پێداویستیەکانی تری پێ دەدان، بەڵام ئەم نووسینگە کشتوکاڵیانەی ئێستا وەزارەتی ئێمە تەجهیزاتی زراعی نییە بیدا بە خەڵک، خەڵک خۆیان دەچن نووسینگەی کشتوکاڵی دەکەنەوە و لەدەرەوە تەجهیزاتی زراعی دێنن دایدەنێن، لەبەرئەوە حەقە تازەکردنەوەی ئەو مۆڵەتانە سەربە سەندیکا بێت، چونکە وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ ڕۆڵێکی نییە لە تەجهیز کردنی ئەو وەکیلانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ لە یاسای سەندیکاکانی تر ئەو مافەمان دەدا بە سەندیکا، لە یاسای پارێزەراندا چی هاتووە کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پارێزەر هەموو ساڵێک ناسنامەی خۆی نوێ دەکاتەوە، نووسینگەی پارێزەریش لە زمنی نوێ کردنەوەی ناسنامەیە، ئەگەر ناسنامەکەی نوێ نەکاتەوە ئەوا مزاوەلەی پیشەکەی ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی هی ئەندازیاران چی دەڵێت؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مۆڵەتی نووسینگەکانی ئیستشاری ئەندازیاری رەزامەندی سەندیکای دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەها (المحاسبین القانونین) ئەگەر مونتەسبی سەندیکا نەبێت ناتوانن دوای دەوام ئیشی خۆیان بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل پێشنیارەکەی جەنابت چی بوو؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شێخ جەعفەر خۆی ئیعترافی کرد کە (مؤسسە التجهیزات الزراعیە) ئەوەی ئێستا لە وەزارەتی کشتوکاڵی بەناوی (المدیریە العامە للتجهیزات الزراعیە)یە تا ئێستا ماوە و ئەرکەکەشی ئەوەیە کە مۆڵەت بە نووسینگەکانی کشتوکاڵی دەدات ئێستا لە رێگای بریاری (٩٨٦) و رێکخراوی (فاو) دیسان نووسنگەکان تەجهیز دەکەن ئەو شتەش هەیە لە زمنی وان کە ئەندازیاری کشتوکاڵە و، ئێمە داوای کردنەوەی نووسینگەی کشتوکاڵیمان کردووە لە دهۆک مامەڵەمان هێناوەتە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری ئەمە یەک. دوو دەبارەی مقاولات بەڕێز ئیبراهیم سەعید باسی کرد راستە تەئییدی سەندیکا دەبێت و، تەئییدی بروانامەی سەندیکا دەبێت هەتا هەر نووسینگەیەکی مقاوەلات، یان کۆمپانیای مقاوەلات وەزارەتی پلان دانان (تخطیط) و ئەشغال پێی دەدات نەک سەندیکای ئەندازیاران پێی دەدات، لەبەرئەوە ئێمە وا دەبینین ئەم ماددەیە زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگە یەکیشمان هەیە لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ دەڵێ هەرچی (حقوق) و شتی تر هەیە لە وزارەتی مەرکەز دەگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵی لە زمنی ئەوانەی کە حقوقە ئەوەی کاک جەمیل دەیڵێ مانای وایە وەزارەتی کشتوکاڵی ئێمە ئێستا بۆی هەیە ئەو (حقوقە)ش بەکار بهێنێت، دیارە لە دهۆک بەکارهێنراوە. لە دهۆکیش وایە. واتا ئێستا لە کوردستان بەو شێوەیە کە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوەیە ئەو بابەتە. وەکو باست کرد هینی مقاوەلات و نووسنگەکانی ئیستشاریە دەبێت لە وەزارەتی پلان دانان و ئەشغال و ئیسکان ئەو بابەتە بڕیاری لەسەر بدەن.

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشی ئێستا عەرزم کرد گوتم سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی نییە لە کوردستان، تاوەکو مۆڵەت لە سەندیکا وەربگرن لەبەرئەوە ناچارە بچێتِ لە سەندیکا وەربیگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەڵیدەگرن؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەدانین ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت، چونکە سەندیکا دروست دەبێت لیژنەی یاسا سورە لەسەر رای خۆی تەنیا وشەی (الخاصە) هەڵبگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە گرفت نییە دوایی دێینە سەر داڕشتنەکەی. ئەگەر کاک جەمیل لەسەر رایەکەی خۆیەتی دەیخەینە دەنگدانەوە. کاک جەمیل داوا دەکات وەکو لیژنەی دارایی و ئابووری ئەو بڕگەیە نەمێنێت واتا ماددە (٩) نەمێنێت. کێ لەگەڵ ئەو رایەیە؟.. سوپاس. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ لەگەڵ نین مادام وایە دەمێنێتەوە. تەنها با دەنگدان لەسەر سیاغەکەی بکەین. (بعد استحصال اجازە من النقابە وتستوفی) وشەی (الخاصە) نامێنێت، خۆی لە ئەسڵا زیادە (إجازە خاصە)ی ناوێت. دکتۆر ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جگە لە خاسەکەش ئەوەکەی تر (لا یجوز للاعضاء) بە رەهایی هاتووە پێشتر نەیگوتووە (اعضاء) کێیە بۆیە رای من وایە بگوترێت (لاعضاء النقابە) باشترە، چونکە (الاعضاء) پێناسە نەکراوە لەوانەیە (اعضاء فروع) بێت، لەبەرئەوە بگوترێت (لاعضاء النقابە) روونتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر من ئەندامێک نەبم لە سەندیکا نووسینگەیەک بۆخۆم بکەمەوە چی بکەم؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە مەبەستی سەندیکایە (لاعضاء النقابه)، بەڵام باشترە روونتر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دکتۆر ئەگەر ئەندامی سەندیکا نەبێت مافی نابێت نووسینگە بکاتەوە؟، کێ مۆڵەت دەدات؟. بۆیە باشتر وایە بکرێت (لا یجوز لأعضاء فتح مکاتب زراعیه) مانای ئەوەیە ئەوانی تر مافیان نییە نووسینگە بکەنەوە، لەبیر نەکەن بەپێی مادده (١) کەس نابێ بە ئەندازیاری کشتوکاڵی ئەگەر ئەندامی سەندیکا نەبێت وانییە؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادام وایە نەبووە ئەندامی سەندیکا ناتوانێ نووسینگە بکاتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(المهندس الزراعي کل عضو في النقابة حاصل علی شهادة البکالوریوس). وابزانم لێرە هەموارکردنێکمان خستە سەر ئەو بابەتە. ........(حاصل علی شهاده البکالوریوس فی الزراعه او احد اختصاصاتها او ما یعادلها من جامعه او معهد..) هەندێک گۆڕانکاریمان خستە سەری.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من وشەی (نقابه)ی تێدا بێت باشترە زیاتر روون دەبێت، چونکە زانراو نییە (اعضاء) کێن ئایا (اعضاء فروع)ن، یان (اعضاء شعب)ن؟، زانراو نییە ئەوە چونکە پێناسەکەی روون نییە، ئەگەر پێناسەیەک هەبوایە بۆ ئەندامان ئەوە شتێکی تر بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەموو کەسێک دەتوانێ نووسینگەی کشتوکاڵی بکاتەوە نەک تەنیا دەرچووی زانکۆ (لا یجوز فتح مکاتب الزراعیه) واتا نە ئەندامان نە غەیری ئەندامان، بەس هەموویان بچن لە سەندیکا مۆڵەت وەربگرن ئەوە بابەتێکی جیایە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم مەرجە تەنیا بۆ ئەندامانە.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

نەخێر با (الاعضاء) نەمێنێت (لا يجوز فتح مكاتب الزراعيه الا بعد استحصال إجازه من النقابه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەو کاتە هەمووی دەگرێتەوە؟. ئەگەر ئەندام نەبێت بۆ بچێت لە سەندیکا وەربگرێت؟.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەسەلە ئەوەیە داهاتێکە بۆ سەندیکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

المادة (١٣): تعقد الهيئة العامة اجتماعاً أعتيادياً سنوياً لغرض:

أولاً - تصديق الميزانية العامة و الحسابات الختامية.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(تصديق الميزانية العامة) ئەوە کاری دەستەی گشتی یە، بەڵام بووجەکەی پێشکەش دەکا، بابەتەکە لێریە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ژمێریار لەگەڵ ئەنجوومەنیان شتێکی بەدیهیە، گرنگ پیادە کردنە، راستاندن(تصديق)کردن ئەوە کاری دەستەی گشتی یە وساڵانەیە، هیچ شتێکی تری ناخاتەسەر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ناکرێت لێرە بنووسرێت (إعداد و تصديق الميزانية العامة)، خۆ ئەبێ ماددەیەک هەبێت لە پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر نەهێڵن بۆ پەیڕەوی ناوخۆ هەر (بعد تقديمها من قبل المجلس) وەکو خۆی بمێنێت (تصديق الميزانية السنوية و الحسابات الختامية التي تقدمها المجلس) وهەر چەند پێی ناوێت، چونکە شتێکی بەدیهیە ئەنجوومەن پێشکەشی دەکات و هەردەم مەرج راستاندن (تصديق)ە .

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە تصدیقی لەسەر کراوە و ئەمەش ناخرێتە سەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد حەسەن باڵەتە،دەبێ برگەیەک لە( هەیئە) زیاد بکەن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان ئەو عیبارەتە لە یاسای دیکەشدا هاتووە سەندیکا دەتوانێت بیخاتە پەیڕەوی ناوخۆوە، ژمێریار پێشکەشی بکات، ئەنجوومەن پێشکەشی بکات با پەیڕەوەک دابنێین پێشکەشی دەستەی گشتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیشی موحاسەبەکەی دیاری کردووە بودجە ئامادە دەکات، بەڵام پێشکەش کردنی شتێکی ترە، بەڵام وەک و جەنابی کاک محەمەد حەسەن باڵەتە دەڵێ ئەگەر بە پەیڕەوی ناوخۆ چارەسەر ئەکرێ من پێشنیارەکەم دەکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ئیشی ژمێریارەکەی دیاری کردووە کە بودجە ئامادە دەکات، بەڵام پێشکەش کردنی شتێکی ترە، وەک و جەنابی کاک محەمەد حەسەن باڵەتە دەڵێ ئەگەر بە پەیڕەوی ناوخۆ چارەسەر ئەکرێ من دەیکێشمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ (تعین موحاسب قانوني لاجراء تدقيق الحسابات و إعداد الميزانية و تقديمها إلى المحاسب) دەکات.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر تەماشای مادده (٢) بکەین (يمارس المجلس الاختصاصات التالية):-

الفقرة العاشرة: تعيين محاسب قانوني لاجراء تدقيق الحسابات و اعداد الميزانية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من يقدم الميزانية للمصادقة؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مهامی مجلس، واتە پێویستی بە هیچ گۆڕانکاریەک ناکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئامادەکاری بودجە(إعداد الميزانية) پێش ئەخەین، (إعداد الميزانية و تعيين محاسب قانوني لاجراء تدقيق الحسابات). مادده (٢) ئەیخەینە دەنگ دانەوە ئەگەر چ تێبینیەک نییە. کێ لەگەڵە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٢):

أولاً : يتفرغ النقيب للعمل النقابي بقرار من المجلس.

ثانياً: لايجوز أن تزيد نسبة المتفرغين للعمل النقابي عن ثلث أعضاء المجلس بما فيهم النقيب و بطلب من المجلس و بموافقة الوزير.

ماددەکە تەواو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینیەک نییە ئەیخەینە دەنگ دانەوە، چونکە لەڕووی مبدەئەوە ڕێککەوتین لەسەر ئەم دوو دەقە ودایان ڕشتووە. کێ لەگەڵ ئەو داڕشتنە یە؟ داڕشتنی مادده (٢)جێگیر کرا ، مادده (٣) ئەخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ بەتیکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

وەکو مادده ئەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تکایە، مۆڵەتم پێ بدەن وەک ئەندازیارێکی کشتوکاڵی سوپاسی بەڕێزتان سکرتێری پەرلەمان و ئەندامانی هەر (٣)لیژنەکە بەتایبەتی لیژنەی یاسا بکەم هەروەها ئەندامانی بەڕێزی تری پەرلەمان کە زۆر بەجدی و دڵسۆزیەوە پرۆژەی یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵیان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە وبڕیای لەسەر درا. ئەوە نیشانەی بەتەنگەوە چونی بەڕێزانە وە بەرەو پێشەوەبردنی کشتوکاڵە گەرچی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان کە ئەندازیارانی کشتوکاڵی ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە گەشە کردنی دا، هەرێمی کوردستان ناودارە بە گرنگی لە باری کشتوکاڵیەوە کە دەشت و پانتایی بە بەرەکەت و شوێنی شاخاوی گونجاو وئاوی پێویستی هەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی کەڵکی لێ وەربگیرێت ئاسایشی ئەمنی خۆراکی بۆ گەلی کوردستان مسۆگەر ئەکات، وە بوژاندنەوەیەکی باش ئەبێت لە هەموو ڕویەکەوە کە ئابوری هەرێم باشترو بەرەو پێشەوە ئەبات، بەتەئکید ئەندازیاری کشتوکاڵی ڕۆڵی کاریگەری ئەبێت بۆ یارمەتی

وفێرکردنی براجوتیارەکان وە بۆ بەکارهێنانی شێوەی نوێ لە کشتوکاڵ وئاودێری وەرەزو باغ و ئاژەڵداری دا ، بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندە سوتێندراوەکانمان و چاندنەوەی رەزو باغەکان و چاندنی زەویەکان و بە پەرەپێدانی بەروبومی ئاژەڵی بەشێوەیەکی زانستیانە ، گورکردنی سیاسەتی شۆفێنیانەی رژێمی بەغداو پوچەڵ کردنی تەواوی سیاسەتە گڵاوە کەونەکەی دژ بە گەلەکەمان لە کوچ و رەوپێ کردن وئەنفال کردن ، نیشانەی تواناو شارستانیەتی گەلی کوردە، هەر خۆشبێت پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاستان دەکەین، پیرۆزبایی هەموو ئەندازیارانی کشتوکالیمان ئەکەین هیواداربن ئەم یاسایە بێتە مایەی ئەوەی کە ئەم کەرتە لە کومەڵگای ئێمە پتر بەرەو پێشەوە بروا، و مافی ئەندازیارانی کشتوکاڵ بچەسپێ بۆ ئەوەی کە ئەم هەرێمە و کەرتی کشتوکاڵ زیاتر بەرهەم دار و زیاتر گەشەدار بێت، سوپاسی ئێوەش ئەکەین بۆ موداخەلەکانتان وەدانیشتنەکەمان لێردا کۆتایی پێ دێت. رۆژی سێ شەممە سەعات (١٠) کۆئەبینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٨**

## بڕیار

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی برگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان راوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٥/٤/١٩٩٩دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵی یەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:

**١- سەندیکا:** سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵی یەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

**٢- ئەنجوومەن:** ئەنجوومەنی سەندیکا.

**٣- نەقیب:** نەقیبی ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان.

**٤- ئەندازیاری کشتوکاڵی:** هەر ئەندامێک لە سەندیکا بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لەکشتوکاڵ یان لەیەکێک لە پسپۆڕییەکانی دا یاخود لە هاوتاکانی دا هەبێت و لەزانکۆیەک یا پەیمانگایەک وەری گرتبێت و ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا دانی پێدا هێنا بێ و دەست بەکار بێت لەپیشەکەی بەکارکردنی لەیەکێک لەپسپۆڕییە کشتوکاڵی یە دەسنیشان کراوەکان لەم یاسایەدا.

**٥- دەست دانە پیشە:** کارکردنە لەپسپۆڕییە کشتوکاڵییەکان لەیەکێک لەبوارەکانی لێکۆڵینەوە و نەخشەکێشان بۆ پرۆژە و کارە کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئەندازەییەکانی کە مەبەستی کشتوکاڵییان هەیە و راوێژکاریی لەبارەیەوە پێشکەش دەکەن و سەرپەرشتی دەکەن وکار لەیەکێک لە فرمانە کشتوکاڵییەکاندا دەکەن کە ئەنجوومەنی سەندیکا دیاری دەکات.

**٦- وەزیر:** وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری.
**٧- هەرێم:** مەبەست هەرێمی کوردستانی عێراقە.

## بەشی یەکەم
## «دامەزراندن و ئامانجەکان»
## «دامەزراندن»

**ماددەی دووەم:**

١- بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک بۆ ئەندازیارە کشتوکاڵییەکان دادەمەزرێ خودان کەسایەتی مەعنەوی خۆی دەبێ و سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕی دەبێ، پێی دەگوترێ سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و بارەگاکەی لەهەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و بۆی هەیە لق لە مەڵبەندی پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢- تا هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام دەدرێت لیژنەیەکی ئامادەکار لە (١٥) ئەندام بەرەزامەندی لایەنە تایبەتمەندەکان پێک دێت.

**ماددەی سێ یەم:**

سەندیکا بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستانەی خوارەوە کار دەکات.

**یەکەم:** پێشخستنی پیشەکە و پاراستنی و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و رۆشنبیریی وتەکنیکی ئەندامانی.

**دووەم:** ئامادە کردنی ئەندامان و رێکخستنی هەوڵ و کۆششیان لەبواری خزمەتگوزاریی گەشە کردنی کشتوکاڵی لە هەرێم دا.

**سێ یەم:** کارکردن لەپێناوی بەهێز کردنی گیانی هاوکاری و هاورێیەتی کردن لەنێوان ئەندامان و بەرگری کردن لەماف وچاودێری کردنی بەرژەوەندییان بە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری و ئابووری و کۆمەلایەتی بۆیان.

**چوارەم:** هاوکاری کردن لەگەڵ تێکرای فەرمانگە و دامەزراو وسەندیکا و رێکخراوە کشتوکاڵییەکاندا و پتەو کردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەستە کشتوکاڵییە هەرێمی و جیهانی یەکاندا بەجۆرێک کە بەرەوپێش چوونی کشتوکاڵ و پەرەسەندی لەهەرێمی کوردستاندا مسۆگەر بکا.

**پێنجەم:** رێکخستنی رێسای دەست دانە پیشە وچاودێری کردنی پیادەکردنەکەی.

## بەشی دووەم
## «چوونە پاڵ و ئەندامییەتی»

**ماددەی چوارەم:**

مەرجە ئەمانە لە ئەندام بێنەدی:-

**یەکەم:** هاوولاتی کوردستانی عێراق بێت و لێی نیشتەجێ بێت.

**دووەم:** بەتاوانێکی ناسیاسی یان کوکەتێکی ئابڕوبەر حوکم نەدرا بێت.

**سێ یەم:** بڕوانامەی بەلانی کەم بەکەلۆریۆس یان هاوکێشەکەی لە کشتوکاڵدا هەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** چوونە پاڵ سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراو دەبێت و پێشکەش بە نەقیب یاخود سەرۆکی لق لەپارێزگادا دەکرێت و هەموو بەڵگەنامەی پێویستی پێوە دەلکێنرێ.

**دووەم:** داواکاریی چوونە پاڵ سەندیکا لەماوەی پازدە رۆژ لەرۆژێ تۆمار کردنییەوە لەسەندیکادا، دەخرێتە بەردەم ئەنجوومەن و ئەنجوومەنیش پێویستە لەو ماوەیەدا بڕیاری خۆی لەسەری یەک لا بکاتەوە و ئەگەر ئەو ماوەیە بەسەرچوو ویەک لا نەکرایەوە، ئەوا ئەو کەسە بەوەرگیراو دادەنرێت.

**سێ یەم:** ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکارییەکەی چوونە پاڵ سەندیکای رەت بکاتەوە، ئەمەش بە بڕیارێکی هۆدار دەبێت و خاوەن داواکارییەکە بۆی هەیە تانووتی لەلای دادگای پێداچوونەوە(تەمییز)ی هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی (٣٠) سی رۆژ لەمێژووی پێ راگەیاندنی لێ بدات و، بڕیاری دادگاش بڕیارێکی براوەیە.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** ئابۆنەی چوونە پاڵ سەندیکا (٣٠) سی دینارە.

**دووەم:** ئابوونەی بەشداربوونی ساڵانەش (٢٠) بیست دینارەو، لە وادەیەکی وا دەدرێت لە مانگی شوباتی هەموو ساڵێک تێنەپەڕێت و، ئەگەر ئەندام بۆ ماوەی دوو ساڵی لەدوای یەک نەی دا بەبێ عوزرێکی رەوا، ئەوا ناوی لەتۆماری سەندیکا دەکوژێنرێتەوە.

**ماددەی حەفتەم:**

**یەکەم:** نابێ کەس دەست بداتە ئەم پیشەیە تەنیا ئەو ئەندامانەی سەنیدکا نەبن کە هەموو ئەرکێکیان بەپێی ئەم یاسایە جێ بەجێ کردووە.

**دووەم:** پێویستە لەسەر فەرمانگە رەسمی و نیمچە رەسمییەکان وێنەیەک لەفرمانی دامەزراندن یان خستنە ئیش بۆ سەندیکا بنێرن، ئەگەر سەربەو بێ.

**ماددەی هەشتەم:**

نابێ هیچ کارگەیەکی شیرەمەنی و ئالیکی ئاژەڵی و پیشەسازیی کشتوکاڵی و کێڵگەی پەڕەور یا هەر پرۆژەیەکی دیکەی کشتوکاڵی ،که سەر بەلایەنی ڕەسمی نەبێت، بەڕێوەبرێن وبەکار بخرێن ئەگەر لەژێر چاودێریی ئەندازیاری کشتوکاڵی پسپۆر و دەست بەکار وئەندامی سەندیکادا نەبێت.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەندامان تاکو مۆڵەت لە سەندیکا وەرنەگرن و ڕەسمێکی ساڵانە کە بڕەکەی (١٠٠) سەد دینارە نەدەن، بۆیان نییە نووسینگەی کشتوکاڵی بکەنەوە.

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** ئەندامانی سەندیکا لەکارمەندانی فەرمانگە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمیەکان مافی ئەوەیان هەیە دەست بدەنە پیشەکەی خۆیان لەدەرەوەی کاتی دەوامی ڕەسمییان دا بەرەزامەندی فەرمانگەکانیان.

**دووەم:** ئەو ئەندامەی کە لەدەست دانە پیشەکەی بەپێی بڕگەی سەرەوە قەدەغە دەکرێت مافی وەرگرتنی دەرماڵەی پیشەیی بەپێی حوکمەکانی یاساکان و پێڕەوەکان ورێنماییە کارپێکراوەکانی لە فەرمانگەکەیدا دەکەوێ.

## بەشی سێ یەم
## «پێکهاتەکان»

**ماددەی یانزدەیەم:**

سەندیکا لەمانە پێک دێت:

**یەکەم:** دەستەی گشتی.

**دووەم:** ئەنجوومەنی سەندیکا.

**سێ یەم:** لیژنەی بەرزەفتی (ئینزیبات).

**چوارەم:** هۆبەکانی سەندیکا و لیژنەکانی.

**پێنجەم:** لقەکانی سەندیکا لەپارێزگاکاندا.

**ماددەی دوانزدەیەم:**

دەستەی گشتی لە هەموو ئەو ئەندامانەی سەندیکا پێک دێت کە گشت ئەرکێکی سەرشانیان بەپێی ئەم یاسایە جێ بەجێ کردووە و بەباڵاترین دەسەڵات لەسەندیکادا دادەنرێت و، هەر سێ ساڵ کۆبوونەوەیەکی ئاسایی گشتی لە مانگی کانوونی دووەم دا بەبڕیاری ئەنجوومەن و بانگهێشتی نەقیب دەبەسترێت بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ (ئحتیات) بۆ

پرکردنەوەی ئەندامێتی ئەنجوومەن و ئەندامێتی لیژنەی بەرزەفتی و، نیسابیش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی تۆمار کراو تەواو دەبێت، وە لەکاتی تەواو نەبوونی نیشابیش، دوای پازدە (١٥) رۆژ لەکۆبوونەوەی یەکەم لەهەمان کات و شوێنی دیاریکراودا دەکرێت، نیساب بەتەواو دادەندرێت، ژمارەی ئامادەبووان هەرچەندێک بن.

**ماددەی سێزدەم:**

دەستەی گشتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ساڵانە بۆ ئەم مەبەستانە دەبەستێ:

**یەکەم:** راستاندنی بودجەی ساڵانە و ژمێریاریی کۆتایی.

**دووەم:** وتوویێژ کردن لەسەر راپۆرتی ساڵانەی ئەنجوومەن و بڕیار لەسەر دانی.

**سێ یەم:** سەیر کردنی ئەو پێشنیازانەی کە لەبارەی هەمەوارکردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش کراون.

**چوارەم:** بڕیار دان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ و هەموارکردنی.

**ماددەی چواردەیەم:**

**یەکەم:** دەشێ بانگهێشتنی دەستەی گشتی بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بکرێت، لەیەکێک لەم دوو حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١- بە بڕیارێکی هۆدار کە زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن یاخود زۆربەی ئەندامەکانی لقەکانی سەندیکا دەیدەن.

٢- بەداواکارییەکی هۆداری نووسراو کە لەسەدا دەی ئەندامانی دەستەی گشتی پێشکەشی ئەنجوومەنی دەکەن و، دەبێ ئەنجوومەنیش بانگهێشتنێک دەربچووێنێ و کاتی کۆبوونەوە لەماوەی پازدە رۆژ لەگەیشتنی داواکارییەکە دیاری بکات.

**دووەم:** نابێت لەکۆبوونەوەی نائاسایی دەستەی گشتی باسی هیچ شتێک بکرێت تەنیا ئەو کاروبارانە نەبن کە لەخشتەی کاردا هاتوون و کۆبوونەوەکەیان بۆ کراوە.

**ماددەی پانزدەم:**

**یەکەم:** نابێ ئەو ئەندامە بەشداریی لەکۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی دا بکات، ئەگەر بەهۆی بەرزەفتکارییەوە (ئینزیباتی) دەست دانە پیشەکەی لێ قەدەغەکرا بوو.

**دووەم:** بڕیارەکانی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بەزۆربەی دەنگ دەبێت و لەکاتێکدا دەنگەکان وەکو یەک دەرچوون، ئەوا بەو لایەدا دەلەنگێ کە سەرۆکی تێدایە.

**ماددەی شانزدەم:**

ئەنجوومەنێک کاروباری سەندیکا بەڕێوە دەبات و لەمانە پێک دێت:

**یەکەم:** نەقیب: مەرجە ماوەی دەست دانە پیشەکەی لە دە ساڵ کەمتر نەبێت.

**دووەم:** جێگری نەقیب و چوار ئەندام لەوانەی ماوەی دەست دانە پیشەکەیان لە (٧) حەوت ساڵ کەمتر نەبێت.
**سێ یەم:** سەرۆکەکانی هۆبەکانی سەندیکا لەوانەی ماوەی دەست دانە پیشەکەیان لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.

**ماددەی حەڤدەم:**

**یەکەم:** ئەنجوومەن لەرێگەی دەنگدانی نهێنی یەوە لەنێوان ئەندامانی دا سکرتێرێک و ئەمینداریکی سەندووق لەیەکەم کۆبوونەوەی دا لەدوای هەڵبژاردنی دەبەستێ و دەستەڵاتی هەردووکیان لەپێڕەوی ناوخۆدا دەسنیشان دەکرێت.
**دووەم:** ئەنجوومەن دانیشتنە ئاساییەکانی بەلانی کەمەوە لە مانگێک دا جارێک دەبەستێ و، بۆی هەیە دانیشتنی نائاساییش بەبانگهێشتی نەقیب یان لەسەر داوای سێ یەکی ئەندامەکانی ببەستێ.

**ماددەی هەژدەم:**

**یەکەم:** نیسابی ئەنجوومەن بە ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامانی تەواو دەبێت و بڕیارەکان بەزۆرینەی دەنگی ئامادە بووان دەردەچن و لەکاتی یەکسانی بوونی دەنگەکان دا ئەو لایەنە پەسەند دەکرێت کە نەقیبی تێدایە.
**دووەم:** ئەگەر شوێنی نەقیب بە هەر هۆیەکەوە بێ چۆڵ بوو جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە یان سکرتێرەکەی بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوە ئەگەر پایەی جێگری نەقیب چۆڵ بوو.
**سێ یەم:** ئەگەر یەکێک لەپایەکانی ئەنجوومەن بەهەر هۆیەک چۆڵ بێت، ئەوا ئەندامێک لەناو ئەو چوار ئەندامە بەرێگەی دەنگدانی نهێنی جێی دەگرێتەوە و شوێنی ئەوەی دواییش یەکێک لەو ئەندامە یەدەگانەی کە زۆرترین دەنگی وەرگرتووە پڕی دەکاتەوە.
**چــــوارەم:** ئەگەر شوێنی زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو (جگە لەسەرۆکەکانی هۆبەکان)، ئەوا ئەنجوومەن دەبێ دەستەی گشتی لەماوەی دوومانگ بانگ بکات بۆ کۆبوونەوە، بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی ئەو پایانە بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوە پڕ دەکەنەوە، ئەمەش بەهەمان ئەو رێگەیە دەبێت کە لەم یاسایەدا هاتووە.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

ئەندامی ئەنجوومەن یان یەکێک لە لیژنەکانی ئەگەر سێ دانیشتنی لەسەر یەک یان پێنج دانیشتنی جیاجیا لەماوەی ساڵێکدا بەبێ عوزرێکی رەوا ئامادە نەبوو، بەواز هێنەر دادەنرێ.

**ماددەی بیستەم:**

ئەنجوومەن ئەم کارە تایبەتی یانەی خوارەوە دەکات:

**یەکەم:** کارکردن لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی سەندیکا.
**دووەم:** پێشکەش کردنی پێشنیاز لەبارەی هەموارکردنی یاسای سەندیکا.
**سێ یەم:** جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.
**چوارەم:** دامەزراندنی کارمەندی سەندیکا و دەسنیشان کردنی مووچە و بەرزکردنەوەیان.
**پێنجەم:** تەماشا کردنی داواکاری هاتنە پاڵ سەندیکا و بڕیاردان لەسەر وەرگرتنی ئەندامان.
**شەشەم:** دانانی ئەو ئەندامەی دەبێتە نوێنەری سەندیکا لە لیژنە ڕەسمی یەکان و ئەوانی تر لەبارێکدا ئەگەر نەقیب نوێنەرایەتی نەکرد.
**حەوتەم:** ناردنی ئەو کێشە و شکایەتانەی کە بۆی دێت بۆ لیژنە تایبەتییەکان.
**هەشتەم:** بەشداریی کردن لەپێشکەش کردنی پێشنیاز لەبارەی یاسادانان و نەخشەکێشان و بەرنامەی کشتوکاڵی لەهەرێمدا.
**نۆیەم:** پێکەوەنانی لقە لیژنە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی ئەم یاسایە.
**دەیەم:** ئامادە کردنی بودجە و دانانی ژمێریاری یاسایی بۆ جێ بەجێ کردنی وردکاریی ژمێریاریی.
**یازدەم:** بڕیاردان لەسەر بەموڵک کردنی ماڵ و خانووبەرەو قەبووڵ کردنی دیاریی و بەخشش و مەرجەکانی بەقەرزدان و پێشکەش کردنی یارمەتی دارایی لەچوارچێوەی ئامانجەکانی سەندیکادا.
**دوازدەم:** خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن.
**سێزدەم:** یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەسەر وازهێنانی نەقیب و جێگرەکەی، یا هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن و لیژنە سەندیکاییەکانی یان هۆبەکانی، بەمەرجێک ئەمە بخرێتە بەردەم دەستەی گشتی لەیەکەم کۆبوونەوەی دا.
**چواردەم:** مۆڵەتدانی دەستدانە پیشە.
**پازدەم:** دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەکانی سەندیکا، بەپێی یاسای کۆمەڵەکان.
**شازدەم:** پێ دانی هەندێ دەستەڵات بەنەقیب یا لیژنەکاین هۆبەکان یان سەرۆکەکانی لقەکان.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

نەقیب ئەم دەستەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
**یەکەم:** نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لەهەموو مامەڵەکان لەبەردەم دەزگا دادوەری و کارگێریی و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان و ئەهلیەکان و لەکۆنگرەکانیش دا، لەگەڵ ڕاستاندنی مامەڵەکان و بڕوانامەی تایبەت بەسەندیکا و، بۆی هەیە

هەندێک لە ئەم دەستەڵاتانەی بدات بەهەر ئەندامێکی رای لەسەر بێت لە ئەندامانی ئەنجوومەن.

**دووەم:** سەرۆکایەتی کردنی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەن.

**ماددەی بیست و دووەم:**

**یەکەم:** نەقیب خۆی تەرخان دەکات بۆ کاری سەندیکا بە بریاری ئەنجوومەن.

**دووەم:** نابێت رێژەی خۆتەرخانکەران بۆ کاری سەندیکایی بە داواکاری ئەنجوومەن و رەزامەندی وەزیر لەسێ یەکی ئەندامانی ئەنجوومەن پتر بێت، نەقیبیشی لەگەڵدا بێ.

**ماددەی بیست وسێ یەم:**

**یەکەم:** لیژنەی بەرزەفتی لەسەرۆک و دوو ئەندام پێک دێت، دەستەی گشتی لەکۆبوونەوەی ئاسایی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەندا هەڵیان دەبژێرێت.

**دووەم:** لیژنەی بەرزەفتی تایبەتمەندە بەسەیر کردنی هەموو سەرپێچی یەکی کە لەم یاسایەدا هاتوون و لێ تۆژینەوە لە کێشە وشکایەتەکانی کە ئەنجوومەن بۆی دەنێرێ دەکات و بۆی هەیە روو لەیەکێک لە ئەندامانی بنێت بۆ لێ تۆژینەوەکە و پێشکەش کردنی راپۆرتێک لەبارەیەوە.

**سێ یەم:** لیژنەی بەرزەفتی ئەو رێسایانە پەیرەو دەکات کە لەیاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتوون.

**ماددەی بیست وچوارەم:**

لیژنەی بەرزەفتی بۆی هەیە ئەم سزایانەی خوارەوە بدات:

**یەکەم:** ئینزار.

**دووەم:** بێ بەشکردنێکی کاتی لەخزمەتگوزارییەکانی سەندیکا بۆ ماوەیەک لەساڵێک پتر نەبێت.

**سێ یەم:** رێگەگرتن لەدەست دانە پیشە بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ پتر نەبێت، بۆ کارمەندانی فەرمانگەکانی دەوڵەتیش رێگە گرتنەکە کارکردنی دوای کاتی دەوامی رەسمی دەگرێتەوە، بەمەرجێک فەرمانگە تایبەتمەندەکە بریارەکەی پێ رابگەیەنێت.

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

**یەکەم:** دەشێ لاری بوون(إعتراض) لە بریارەکانی لیژنەی بەرزەفتی لەلای ئەنجوومەنی سەندیکا لەماوەی پازدە رۆژ لەمێژووی پێ راگەیاندنی بکرێت و ئەنجوومەن بۆی هەیە پشتگیری بکات یان رەتی بکاتەوە.

**دووەم:** ئەو سزایانەی لەسەرەوە دراون جێ بەجێ ناکرێن تاکو ئەنجوومەن رەزامەندیی یان لەسەر دەرنەبڕێت.

**ماددەی بیست وشەشەم:**

پێویستە ئەندام لەم کارانە دوورکەوێتەوە:

**یەکەم:** کەمتەرخەمی کردن یاخود گرفت خستنە پێش پیادە کردنی یاساکان و ئەو پێڕەوانەی پەیوەندیدارن بە سەندیکاو ئەو رێنمایی و بڕیارانەی کە دەری دەچوێنێت.

**دووەم:** دەست دانە پیشە بەبێ نوێ کردنەوەی ئابۆنەی سالانە یاخود مۆڵەت.

**سێیەم:** رەچاو نەکردنی رەوشتی پیشەیی و زیان گەیاندن بە رووەت(سومعە)ی پیشەیی و شەرەفی، بەپێی ئەو بنەمایانەی لەپێڕەوی ناوخۆدا هاتوون.

**چوارەم:** بەفێڵ و نادروستی بەکارهێنانی نازناوێکی پیشەیی یاخود سیفەتێکی ناتەواوی پیشەیی یان بەپێی یاساکان و پێڕەوە رەچاو کراوەکان پەسەند نەکرابێ و ئاشکرا کردنی ئەمە بەهەر رێگایەک بووبێت.

**پێنجەم:** کردنی هەڵەیەکی گەورەی هونەریی لە ئەنجامی کەمتەرخەمی کە زەرەرێکی گەورە بۆ خاوەنی پێوەندیداری لێ بکەوێتەوە.

**شەشەم:** پێ درێژ کردنی لەسنووری دەست دانە پیشەکەی بەپێی ئەو بنەمایانەی کە لەپێڕەوی ناوخۆ و رێنماییەکانی کە سەندیکا دەری دەچووێنێ.

**ماددەی بیست وحەوتەم:**

ئەندامی سەرپێچکەر لەوەی کە لەماددەی بیست وشەشەمی ئەم یاسایەدا هاتووە بە بڕیارێکی ئەنجوومەن دەدرێتە، لیژنەی بەرزەفتی.

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

**یەکەم:** کاروباری لقی سەندیکا لەلایەن لیژنەی لق لەپارێزگا بەڕێوە دەچێت کە نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات.

**دووەم:** لیژنەی لق لە هەر پارێزگایەک لەسەرۆک وچوار ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێت و ئەندامانی لق لەپارێزگا هەر سێ ساڵ جارێک بەدەنگدانی نهێنی هەڵیان دەبژێرێ، بەمەرجێک دەبێ لەو کەسانە بن کە لەو پارێزگایەدا دەست بەکارن لەپیشەکەیان داو، لیژنەکەش لەناو چوار ئەندامەکەی دا جێگرێکی سەرۆک و سکرتێرێک هەڵدەبژێرێت.

**سێیەم:** لەکۆبوونەوە گشتییەکانی ئەندامانی لق هەمان کاری تایبەت بەکۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی پەیڕەو دەکرێت و دەستەی لق دەستەڵاتی قەبووڵ کردنی وازهێنانی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی لق و ئەندامانی هەیە لەگەڵ هەڵبژاردنی

ئەو کەسانەی کە جێیان دەگرنەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە لەدەورەکەدا ماوە، هەروەها پڕکردنەوەی ئەو جێیە چۆڵانەی ئەندامێتی لیژنە لەکاتی روودانی دا.

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

لیژنەی لق ئەم دەستەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

**یەکەم:** جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا و لیژنەکانی.

**دووەم:** دامەزراندنی کارمەندی لق و دەسنیشان کردنی مووچەکەیان دوای ئەوەی کە ئەنجوومەن رەزامەندی خۆی لەسەر دەردەبڕێت.

**سێ یەم:** دەسنیشان کردنی ئەو کەسەی دەبێتە نوێنەری لق لە لیژنە رەسمییەکان و هی تر لەپارێزگادا.

**چوارەم:** پێشکەش کردنی پێشنیاز و راسپاردەی تایبەت بە کاروباری لق بە ئەنجوومەن تاکو بڕیاری خۆی لەبارەیانەوە بدات.

**پێنجەم:** ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی مەزەندە کراو بۆ لق و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجوومەن بۆ راستاندنی.

**شەشەم:** سەرف کردنی خەرجی پێویست لە بودجە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری لق.

**حەوتەم:** پێکەوەنانی لقە لیژنە بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی سەندیکا لەپارێزگادا.

**هەشتەم:** بەکارهێنانی ئەو دەستەڵاتەی کە ئەنجوومەن بەپێی ئەم یاسایە پێی دەدات.

## بەشی چوارەم
## «دارایی سەندیکا»

**ماددەی سی یەم:**

دارایی سەندیکا لەمانە پێک دێت:

**یەکەم:** پارەی چوونە پاڵ سەندیکا و ئابۆنەی ساڵانە.

**دووەم:** داهاتەکانی ئەو پرۆژانەی کە سەندیکا بنیاتیان دەنێت.

**سێ یەم:** رەسم و بەخششی مۆڵەتدانی نووسینگە کشتوکاڵییەکان.

**چوارەم:** پیتاک و قازانجی ئەو ئاهەنگانەی کە سەندیکا سازیان دەکات لەگەڵ قازانجی چاپەمەنییەکانی دا.

## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی سی ویەکەم:**

لەسەر وەزیرە تایبەتمەندەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی سی ودووەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرهێنانیەوە جێ بەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان عێراق**

**«هۆیە پێویستییەکانی دەرهێنانی ئەم یاسایە»**

سەبارەت بەگرنگی کشتوکاڵ لەهەرێمی کوردستان و لەپێناوی بەرزکردنەوەی دەوری سەندیکای ئەندازیارە کشتوکاڵی یەکان لەرووی رۆشنبیریی و زانستی و راهێنانی (تطبیق) بۆ بەرەو رووبوونەوەی کێشەی تەکنیکی و یارمەتی دانی فەرمانگەکانی کەرتی کشتوکاڵ و لەپێناوی خوڵقاندنی کادیری شیاو بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکانە، بۆیە ئەم یاسایە دەرهێندرا.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٨)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٩

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٩ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە(هەشتەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٨)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠/٤/١٩٩٩دا بەم شێوەیە بێت.***

***١ـ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای جیۆلۆجیەکانی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە(٨)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەم لە ٢٠/٤/١٩٩٩دا، بەرنامەی کارمان پێک هاتووە لەخاڵێک ئەویش گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای جیولۆجیەکانی کوردستان، با لیژنەی یاسا تەشریف بێننە ئێرە، ئەگەر لیژنەی پیشەسازی ئامادە بێت خراپ نییە، فەرموون.

با لیژنەکانی پەرلەمان لەسەر ئەم بابەتە هەریەک پێشەکی ڕاپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە، ئەگەر ڕاپۆرتی هاوبەش نییە؟ پاشان مادده بەمادده دەست دەکەین بە گفتوگۆ کردنی پرۆژەکە، لیژنەی ئابووری ڕاپۆرتێکی هەیە لەسەر ئەم بابەتە، ئێستا ڕای لیژنەی یاسا ورای لیژنەی داراییمان لایە هەردوو ڕایەکە دەخوێنرێتەوە پاشان مادده بەمادده باس دەکرێت، با لیژنەی یاسا ڕای خۆی بڵێ، فەرموو.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**الى/ السيد رئيس المجلس الوطني المحترم**

**م/رأي لجنة**

أجتمعت لجنتنا صباح يوم ١٩٩٨/١٢/٢٨ وأطلعت على مشروع قانون نقابة الجيولوجيين وبعد المداولة والمناقشة على الصيغ القانونية توصلنا الى الإقتراحات المدرجة أدناه :-

**المادة الأولى:**

١- إضافة (الاقليم) الى المادة الأولى وتكون الفقرة الأولى.

٢- حذف الفقرة الثانية من نفس المادة (النظام الداخلي) حيث أن مجلس النقابة يصدر النظام الداخلي بعد التأسيس.

٣- تبديل الفقرة السابعة من المادة (لجنة الضبط الى لجنة الإنضباط) أينما ورد في المشروع.

**المادة الثانية:**

صياغة المادة الثانية من المشروع على الشكل الآتي :-

(تؤسس نقابة للجيولوجيين في الإقليم ويكون مركزها أربيل وتتمتع بالشخصية المعنوية المستقلة ولها أن تفتح فروعاً في محافظات الإقليم).

**المادة الثالثة:**

تبديل المقدمة الى (تعمل النقابة على تحقيق الأهداف التالية بدلاً من الأغراض التالية).

**المادة الرابعة:-** صياغة الفقرتين الأولى والثانية على الوجه الآتي :-

١- أن يكون مقيماً في الإقليم بدلاً من(أن يكون من أهالي إقليم كوردستان العراق).

٢- أن يكون تام الأهلية.

٣- إضافة فقرة أخرى (أن لايكون محكوماً بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف).

٤- تعديل عبارة وزارة التربية إلى مجلس التعليم العالي و البحث العلمي في الفقرة الأولى من المادة.

**المادة الخامسة:**

الفقرة(١): جعل مدة الموافقة على الإنتماء(شهر واحد) بدلاً من شهرين.

الفقرة(٣): جعل مدة التمييز(١٥) يوم بدلاً من شهر.

**المادة السابعة:-** الفقرة الأولى:

صياغة الفقرة الأولى على الشكل الآتي :-

١- يستوفى مبلغاً قدره(٢٥)خمسة وعشرون ديناراً عن بدل الإنتماء للعضو المشارك.

الفقرة الثانية من المادة(تبديل عبارة قبل اليوم الأول من شهر نيسان) إلى قبل اليوم الأول من شهر كانون الثاني.

**المادة التاسعة**

الفقرة الأولى:

جعل إجتماع الهيئة العامة كل(ثلاث سنوات) بدلاً من(سنتين)الواردة في الفقرة الأولى وأينما ورد في المشروع.

الفقرة الثانية: حذف الفقرة الرابعة من المشروع.

**المادة الثامنة عشرة:**

صياغة مقدمة المادة على الوجه الآتي:

(وتؤلف لجنة الإنضباط من ثلاثة أعضاء وعضوين إحتياط).

**المادة الرابعة والعشرون:**

جعل مدة التمييز(١٥) يوم بدلاً من شهر الوارد في المادة(١٤) من المشروع وإضافة(ويكون قرار المحكمة باتاً).

**المادة التاسعة والعشرون:**

حذف هذه المادة من القانون.

**المادة الثلاثون:**

حذف الفقرة الثانية من المادة لأن تعيين الموظفين من إختصاص السلطة التنفيذية وإن الفقرة المذكورة ليست إلا تعسف في إستعمال الحق ولاينسجم مع المبادىء الديمقراطية.

**(إضافة مواد جديدة إلى المشروع):**

١- لايعمل بأي نص يتعارض وأحكام هذا القانون.

٢- على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

٣- ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**محمد حسن بالته**

**رئيس اللجنة القانونية**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، لیژنەی دارایی وئابووری كاك جەمیل فەرمووە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/ مشروع قانون نقابة الجيولوجيين**

كتابكم المرقم ك/٣٩ في ١٩٩٨/١٢/٢٣ المرفق به مشروع قانون نقابة الجيولوجيين.. إجتمعت لجنتنا صباح يوم الإثنين ١٩٩٨/١٢/٢٨ لدراسة و مناقشة المشروع أعلاه و ندرج أدناه توصياتنا:

١ ـ المادة الثانية: شطب الجملة( ولها حق التملك والتصرف في الحقوق والاموال في حدود أغراضها) حيث الشخصية المعنوية تعني هذه الحقوق كاملة.
٢ ـ شطب كلمة(أهالي) من المادتين الرابعة والسادسةوكتابة كلمة(سكنة) بدلها.
٣ ـ في(المادة الرابعة) وردت عبارتي( الجهات الرسمية المختصة) و( وزارة التربية) من الضروري شطبهما و كتابة عبارة(مجلس التعليم العالي) بدلهما.
٤ ـ المادة السابعة: أـ الفقرة« ٢ » شطب الجملة( وعند عدم الدفع في الموعد المحدد يزداد بدل الاشتراك السنوي خمسة دنانير عن كل شهر أو جزء منه يتأخرون فيه عن الدفع ....الخ)
ب ـ شطب الفقرة« ٣ ».
٥ ـ المادة الثامنة ـ الفقرة« ٤ » إضافة كلمة(مراكز) ويقرأ كالآتي:
فروع النقابة في مراكز المحافظات و الأقضية.
٦ ـ المادة التاسعة: شطب الفقرة« ٤ ».
٧ ـ المادة الحادية عشرة: شطب عبارة(مهما كان عدد الحاضرين) وكتابة(إذا كان عدد الحاضرين اكثر من النصف) بدلاً منها.
٨ ـ المادة الثانية عشرة: من المفضل أن يكون من مهام مجلس النقابة ضمن المادة« ١٥ » وان تقرأ كالآتي (تصديق الميزانية السنوية) وتنقل الى المادة« ١٥ »وأن تقرأ كالآتي: (تصديق الميزانية السنوية) وتنقل إلى المادة(١٥).
٩ ـ إحلال كلمة(الإنضباط) محل كلمة(الضبط) في المواد(١٨, ١٩, ٢١, ٢٢, ٢٣).
١٠ ـ المادة الحادية والعشرون: شطب الجملة(ولايمنع صدور الحكم بالبراءة من أن تصدر النقابة القرارات الإنضباطية ضد المتهم وفق القانون) وإحلال العبارة التالية مكانها(ويكون قرار المحكمة قابل للتمييز).
١١ـ المادة الثامنة والعشرون :ـ
الفقرة الأولى:
إحلال عبارة (الكفاءة المالية) بدلاً من كلمة (ملائمة) (أول ـ أ) يقرأ كالآتي: ـ دينار عن كل ألف دينار.
(أول ـ ب) يقرأ كالآتي: لايقل الأجر عن خمسة دنانير ولايزيد على عشرة دنانير.
الفقرة الثالثة تقرأ كالآتي: دينار عن كل ألف دينار من مبلغ العقد المنصوص عليه في الفقرة(٩) من المادة السابعة والعشرون على أن لاتقل هذه الأجرة عن خمسة دنانير ولاتزيد على (٥٠) ديناراً.
١٢ـ شطب المادة التاسعة والعشرون حيث الجميع يقسمون أثناء حفل التخرج ولاداعي لهذه المادة وتكرار القسَم.

١٣ـ المادة الثلاثون:
أـ إضافة عبارة(بإستثناء منتسبي الدوائر الرسمية وشبه الرسمية)الى نهاية الفقرة (١) من هذه المادة.
ب ـ شطب الفقرة(٢) من هذه المادة.
١٤ـ شطب المادة(الحادية والثلاثون).
١٥ـ شطب المادة(الثانية والثلاثون).
١٦ـ إضافة المادة التالية إلى نهاية المشروع :(ينفذ أعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية). هذا ولكم الأمر.

**جميل السندي**
**رئيس اللجنة**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس بۆ لیژنەی دارایی وئابووری، ئەگەر لیژنەی پیشەسازی تێبینی هەبێ؟ راپۆرتتان نییە؟، ئەبوایە ئەو راپۆرتە بدرایە بە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی بمانخستبا ناو بەرنامەوە وبماندابایە بە ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو بیخوێنەوە.
**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
لیژنەکەمان رۆژی ٢٠/٤ کۆبۆوە وئەم پێشنیارانەی هەبوو لەبارەی یاسای سەندیکای جیولۆجیەکانەوە:
پێشەکی عنوانی پرۆژەکە (مشروع قانون نقابة جیولوجي کوردستانیین) پێویستە بگۆڕێت بە (قانون نقابة الجیولوجیین لإقلیم کوردستان العراق) ئەمە ناونیشانی پرۆژەکە خۆی لەشوێنی خۆیدا نییە.
مادده یەک بگۆڕێت بە(یقصد بالعبارات التالیة بالمعاني المبینة ازاءها) لەگەڵ زیاد کردنی(یضاف النقابة ویقرأ کالاتي: النقابة: نقابة الجیولوجیین لإقلیم کوردستان العراق) سێ یەم (النظام) بکرێت بە(النظام الداخلي للنقابة فقط) پێنج المجلس بەس بێت (النقابە) بەسە، پێویست بەو شی کرندەوەیە ناکات کە هاتووە چونکە لەپێناسەکەدا هەیە، لیژنەی(ضبط) بەرای من بگۆڕێت بە لیژنەی (إنضباط)، (الجیولوجی) پێناسەکەی بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە(کل عضو حاصل علی شهادة لاتقل عن البکالوریوس في الجیولوجیا من الجامعة او المعهد معاداً لها ویمارس مهنة الجیولوجي)، هەروەها برگەیەکی تر زیاد بکرێت ببێت بە ژمارە (١٠) (الاقلیم: اقلیم کوردستان العراق).
مادده دوو (تؤسس بموجب هذا القانون نقابة لجیولوجیین تسمی نقابة الجیولوجیین لاقلیم کوردستان العراق) چونکە بەشێوەیەکی تر هاتووە ناگونجێ لەگەڵ یاساکە،(ویکون مرکزها اربیل

- عاصمة االاقليم ولها ان تفتح فروع في مراكز المحافظات الاقليم وتتمتع بالشخصية المعنوية) ئەوە بەسە.

لەبارەی مـاددە سێ یەمـەوە (اهداف النقـابە) کـە هاتووە (الارتقـاء) برگـەیەک زیاد بکرێت بەم شێـوەیەی خـوارەوە (الارتقـاء بالمهنة والعمل على رفع مستوى المهني والثقـافي والاجتماعي لاعضائها) دووەم(المساهمة في تطوير الاقليم في المجالات التي لها علاقة بنقابة الجيولوجين) سێ، بەم شێوەیەی لێ بێت(العمل على تطوير وتوثيق روح الزمالة بين اعضاء النقابة) چوار، بەم شـێـوەیە بێت(التعامل مع الجمعيات والهيئات والنقابات المهنية مماثلة داخل الإقليم وخارجها). لەبارەی ماددەی چوارەوە پێمان باشە بەم شێوەیە بێت(ان يكون من سكنة إقليم كوردستان العراق) ئەمە برگەی یەک، برگەی دوو (يعدل كما يلي: غير محكوم بجنحة او جناية مخلة بالشرف) برگەی سێ ش بەم شێوەیە بێت (ان يكون حاملاً لشهادة بكالوريوس او ماديعادلها على الاقل).

مـاددە پێنج، یەک بەم شێوەیە بێت(يكون انتماء الى النقابة بطلب تحريري معززة بالوثائق المطلوبة وعلى المجلس ان يتخذ قراراً بشأنه خلال مدة أقصاها شهراً واحداً) بـکـرێـت بەمانگێک(وبعكسه يعتبر قرار بالقبول نافذا) ئەوە زیاد بکرێت (اذا لم يكن هناك مانع تحول دون اتخاذ القرار) لەوانەیە هەندێ جار نەتوانن کۆببنەوە، برگەی دووش بەم شێوەیەی لێ بێت (عند الرفض على المجلس بيان اسباب الموجبة ولصاحب الطلب المرفوض حق الاعتراض لدى محكمة التمييز للإقليم خلال شهر واحد) پێشنیار دەکەین کە برگەی چوار نەمێنێ.

لەبارەی ماددە شەشەوە(يحق لجيولوجيين من غير) بەم شێوەیە بێت(يحق لجيولوجيين من غير سكنة اقليم كوردستان العراق ان يكون عضواً مشاركاً عند توفر الشروط الواردة في الفقرتين ٢ ,٣ من المادة الرابعة وله كافة الحكم عدا التصويت).

مادده حەوت(يكون بدل الانتماء) پێشنیار دەکەین ببێ بە (٣٠) دینار و(بدل الاشتراك)یش ببێ بە(٢٥) دینار بۆ هەر ئەندامێکی هەمیشەیی هاوبەشیش، (ويدفع في بداية كل سنة) چونکە ئەوان (سنەی مالی)یان وەکو کۆ نوسی بوو (بداية كل سنة) باشترە، سێ (يمنع العضو من مزاولة المهنة اذا لم يسدد بالاشتراك السنوي لسنتين متتاليتين ولا يحق له بالاشتراك في الهيئة العامة). ماددە هەشت لەبارەی تکملەی سەندیکاوە (تتألف النقابة من) یەک باشە، سێ (لجنة الانضباط) لەجیاتی (لجنة الضبط) هەموار بکرێ، چوار نەهێشتنی (الاقضية في هذه الفـقـرة) هاتووە دەڵێ ئەتوانێ فروع بکاتەوە لە پارێزگاکان و قەزایەکان، بەراستی لە قەزاکان پێویست ناکات فروع بکرێتەوە. ماددە نۆ (جعل مدة الاجتماع الاعتيادي للهيئة العامة ثلاث سنوات بدلاً من سنتين) لە ماددە نۆدا برگەی دووەمیش نەمێنێ ودیسان لە برگە سێدا هاتۆتەوە ماوەکە بکرێت بە سێ ساڵ لەجیاتی دوو ساڵ، پێشنیار دەکەین کە برگەی چواریش نەمێنێ.

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەوەش رای لیژنەی پیشەسازی بوو، دێینەوە سەر خودی پرۆژەکە ماددە بەماددە بخوێنرێتەوە پاشان دەخرێتە ناو گفتوگۆوە، فەرموو لیژنەی یاسا.جارێک پێشنیارێک هەیە بۆ گۆڕینی ناوی یاساکە.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

قانون رقم ( ) لسنة ١٩٩٩

قانون نقابة المهندسين الجيولوجيين في كوردستان العراق

المادة الاولى:

يراد بالتعابير التالية المعاني المبينة إزاءها:

١- نقابة الجيولوجيين المؤسسة بموجب هذا القانون.

٢- الوزير: وزير الصناعة والطاقة.

٣- النظام الداخلي: هو النظام الداخلي لنقابة الجيولوجيين ويصدر باقتراح من مجلس النقابة وموافقة الهيئة العامة.

٤- الهيئة العامة: جميع الاعضاء الذين تمثلهم النقابة بموجب هذا القانون.

٥- المجلس: هو مجلس النقابة المنتخب من قبل الهيئة العامة بموجب هذا القانون.

٦- اللجان النقابية: هي اللجان التي يشكلها المجلس لتحقيق اهداف النقابة ولتمشية اعمالها.

٧- لجنة الضبط: هي اللجنة المكلفة بالتحقيق بالشكاوي التي يحيلها اليها المجلس.

٨- الجيولوجي: كل عضو او مشارك في النقابة بموجب هذا القانون.

٩- مزاولة المهنة: هي ممارسة المهنة الجيولوجية وفق احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە یەک لیژنەی یاسا چ پێشنیاری لەسەر ئەمە هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

إضافة الإقليم الى المادة الاولى وتكون فقرة الاولى لها.

دووەم (حذف الفقرة الثانية من نفس المادة النظام الداخلي حيث ان مجلس النقابة يصدر النظام

الداخلي بعد التأسيس) سىٔ (تبديل الفقرة السابعة من المادة لجنة الضبط الي لجنة انضباط اينما ورد في المشروع)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا، لیژنەی پیشەسازی دوو سێ شتی وەکو یەکە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها برگە پێنج لەبارەی ئەنجوومەنەوە (من مجلس النقابە) لام وابێ ئەوەندە بەسە ئەو شی کردنەوەیەی لەدوای ئەوە هاتووە(مجلس النقابە هو المجلس المنتخب من قبل الهیئە العامە بموجب هذا القانون) لام وایە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(من المجلس) (مجلس النقابە) ئەوە کورتەکەیەتی، لیژنەی دارایی وئابووری کۆکن لەگەڵ هەر سێ لیژنە، چوار پێشنیار هەیە لەسەر مادده یەک ئەگەر برادەران هیچ پێشنیاری تریان نییە، با ناونووسیان بکەین (شێخ جەعفەرو کاک ئیبراهیم، کاک د.رزگاریش) کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک حسێن خوێندیەوە (مشروع نقابە مهندسین الجیولوجیین) ئەوان ئەندازیار نین، تکایە مهندسەکە رەش بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێناسەی جیولوجی لێرە هاتووە (کل عضو او مشارک) لێرە (مشارک) لە یاسای عێراقی ئەسڵی بۆ ئەوانەیە کە عێراقی نین کاتێک جنسیاتی عەرەبی زۆربوون لەعێراقدا لەبەر ئەوە حەزیان کرد وەکو (مشارک) بن بەناوی عضو نەبن، ئێستا لای ئێمە زیادە (مشارک) نەبێت تەنیا (کل عضو) بێت (کل عضو فی النقابە بموجب هذا القانون) تەنیا مشارک نەمێنێ، لەزۆر جێگا هاتووە باسی ئەوانە دەکات کە عێراقی نین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم برگە (٦) و(٧) لە پێناسەکەدا نەمێنێ چونکە پێویست ناکات و لەهیچ

پرۆژەی تر نەهاتووە، دووەم ئەوانە لەکاتی هەڵبژاردن دیاری بکرێن و پێویست ناکات ئێستا هەبێت، چونکە لەپرۆژەکانی تر پێناسە نەکراون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێناسە بۆ کورت کردنەوەیە ئەگەر لەیەک جار زیاتر لەیاساکەدا هات پێویست ناکات تۆ هەمووی بنووسی تەنها یەک جار ئاماژەی بۆ دەکەی لەپێناسەکە کە بنووسین (مجلس النقابە) نەک دوو سێ جار، جارێک بنووسرێ المجلس و دەرباز دەبین، بۆ نموونە لیژنەی بەرزەفتی (انضباط) بۆ پێناسە بکرێت؟ لیژنەی (انضباط)، واتا لیژنەی (انضباط) لەجێگەی خۆی دێت، لەهەر جێگایەکی تر دێت دەتوانی بڵێی لیژنەی (انضباط) خۆ ناتوانی بڵێی لیژنە، لیژنەی (انضباط)لەپێناسەکە زیادە، چونکە لە جێگەی خۆی دێت، لەهەر جێگایەک پێویست بوو دەبێ بنووسی لیژنەی (انضباط)، (یحال علی لجنه الإنضباط)، بموجب قانون لجنه انضباط، ناتوانین بنووسین بموجب قانون لجنه، ایە لجنه؟، مزاولە المهنه من تێ ناگەم بۆ ئێمە پێناسەی بکەین؟، بەڵێ دەستەی گشتی (هیئەی عامە) ولەرێگەی خۆیەتی و پێڕەوی ناوخۆی بۆ چییە؟ ناوی وەزیر مەعقولە دیاری کراوە، (النقابە) پێناسەی یاساکەی جێگیر دەکەین لەگەڵتانین، للجان النقابیە، بۆ پێناسە دەکەین؟، لیژنەی سەندیکا لەو شوێنانە دێت کە پێناس کراوە خۆی لیژنەی سەندیکا پێناس کراوە ناتوانی بڵێی (اللجنه) و دەنگ نەکەی، لێرە برادەران زۆر پێشنیاریان کردووە، ئێمە ئێستا یەک یەک بەپێناسەکان پیا دێینەوە.

**بەڕێز د.قاسم محمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دووەم لە بڕگە هەشتدا ئەو پێناسەیە زانستی نییە، ئەگەر لەرووی زانستی یەوە پێناسەی بکەی وانییە، چونکە جیولوجی ئەوە خودان بڕوانامەی جیولوجیە، ئەو پێناسەیە لەجێی خۆیدا نییە و بەشێوەیەکی زانستی دابڕێژرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک یەک دێینە سەر ئەو پێشنیارانە، پێشنیاری یەکەم (قانون نقابە الجیولوجیین لاقلیم کوردستان العراق) دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. خاڵی یەکەم بەم شێوەیە بێت( النقابە: هی نقابە الجیولوجیین لاقلیم کوردستان العراق) بموجب هذا القانون پێویست ناکات، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ هیچ تێبنیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک د.رزگار.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ماددەیە پێویست ناكات، چونكە هەر گوتت قانون نقابە كوردستان العراق.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئاخر لەزۆر جێگا هاتووە عضو فی النقابە، ایە نقابە؟، پێناسەی سەندیكاكەی خۆمان دەكەین، ئەمە یاسای سەندیكایە بەلام كە دێینە سەر (النقابە) بۆ ئەوەی تێكەڵ نەبێت لەگەڵ سەندیكایەكی تر مەبەست لەم یاسایە(نقابە جیولوجیین اقلیم كوردستان العراق)، ئینجا النقابە پێناسەكەی بەم شێوەیە دەبێت النقابە: نقابە جیولوجیین اقلیم كوردستان العراق. كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.دێینە سەر (الوزیر: وزیر الصناعە والطاقە)بە رەسمی چی هاتووە لەیاسای ژمارە سێ ئەوە جێگیر دەكرێت ، كێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا. پەیڕەوی ناوخۆ، پێشنیارێک هەیە دەڵێ (نیظامی داخلی) پێویست ناكات پێش یاسا دێت، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە هەڵگیرێ ولێرە نەمێنێ؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا (سێ) نەمێنێت.

پێنجەم المجلس: هو مجلس النقابة المنتخب من قبل الهیئة العامة بموجب هذا القانون، كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

المجلس: مجلس النقابە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یانی المجلس: مجلس النقابەو بەس. كێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟ بەتێكڕای دەنگ ئەو پێشنیارەش پەسەند كرا.

شەشەم اللجان النقابیە، پێشنیارێک هەیە كە لێرە نەمێنێ، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە نەمێنێ؟.. سوپاستان دەكەین كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا كە لە پێناسەكاندا نەمێنێ.

(لجنة الضبط) لەهەر كوێ هاتبێ بنووسرێ (لجنة الإنضباط) و لەپێناسەكەش بكرێت بە (لجنة الانضباط هي اللجنة المكلفة)، كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

(لجنة الإنضباط: هي اللجنة التي تقوم بالنظر في المخالفات التي يرتكبها عضو النقابة بعد

احالته الى اللجنة)، ئەوەیە لیژنەی (انضباط)، بەلاّم لێرە هاتووە (هي اللجنة المكلفة بالتحقيق في شكاوي التي يحيلها اليها المجلس) بەلاّم لە پرۆژەکە هاتووە (لجنه الضبط). پێناسەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە خراپ نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
کێ لەگەڵ ئەوەیە (لجنه الضبط) ببێتە (لجنه الانضباط)؟ .. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە ببێت بە لجنه الانضباط. الجيولوجي پێناس بکرێت ببێتە (حاصل على شهادة البكالوريوس في علوم الجيولوجيا)، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
پێناسەکەی جیولوجی (حاصل على شهادة) ئەوە لەجێگایەکی تر هاتووە کە انتماء بکات (ان يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس)، لێرە دەڵێت (الجيولوجي بموجب هذا القانون)، یانی ئەگەر شهادەی بەکالوریوسی نەبێت انتماء ناکات بۆ نەقابە، من بەخراپی نابینم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
باشە ئەگەر هەڵمان گرت چی لەیاساکە دەگۆڕێت؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
هیچ ناگۆڕێت لاریمان نییە کە هەڵبگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەگەر چ تێبینی نییە مادام پێناس کراوە لەجێگای تر، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
بموجب هذا القانون

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
باوەڕناکەم (جیولۆجیین) بەتەنها لە شوێنێک بنووسن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
لەمەرجەکانی ئەندامیەتی سەندیکا هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
مادام هاتووە بۆ لە پێناسەکان هەبێ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سنوورداری نەکردوە لەوێ بە بڕوانامەی بەکالۆریۆس سنووردار کراوە« كل عضو أو مشارك في النقابة بموجب هذا القانون » ئەبێتە جیۆلۆجی مانەوەشی هیچ زەرەری تێدا نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بڕیارمان داوە کە دەبێ جیۆلۆجی بڕوانامەی هەبێت، لێرە بێ بڕوانامەش دەبێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە پێشنیاری د.رزگارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لەلایەنی زانستی بۆی بچین نییە بڵێ« كل عضو أو مشارك في النقابة » لەلایەنی زانستی ناکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە مەرجەکانی ئەندامیەتیدا هەیە دەڵێ دەبێ جیۆلۆجی بێت تاکو ببێ بە ئەندام،.با لەو بڕگەیەدا پێناسەی بکەین بۆ بیکەین بە گرفت بۆ خۆمان؟

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لاببرێ وتەواو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە بڕونامەکە جیۆلۆجیین، راستە. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا لاری نییە ئەگەر هەڵبگیرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە(٨)لیژنەی یاسا پێشنیار دەکەن کە هەڵبگیرێ کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

بڕگەی نۆیەم کە لێرە دەبێتە بڕگە(٨)پێویستە(مزاولة المهنة)تعريف بکرێت؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من نەک رای لیژنەی یاسا پێویستە پێناسە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای جەنابتان نەک رای لیژنە دەڵێی پێویستە پێناسە بکرێت؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ، واتە بڕگەکە هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی نۆیەم لە پرۆژەکەدا دەڵێ (مزاولة المهنة): هي ممارسة.....)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بڕگەی نۆیەم وەکو خۆی بمێنێتەوە، دەیخەنە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا. پاش ئەو هەموار و گۆڕینانە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە پێشنیارێکی تر هەیە زیاد لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسا بۆ زیاد کردنی«الإقليم»ی بڕگەی یەکەم «وتكون الفقرة الأولى لها» واتا ئەوە بکرێتە بڕگەی یەکەمی ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە دەنگدانمان لەسەر کرد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام نەمان گوت بکرێتە بڕگەی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بڕگەی یەکەم«إقليم» زیاد بکرێ، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا. وەکو ماددە یەک دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثانية(تؤسس نقابة للجيولوجيين مركزها أربيل تتمتع بالشخصية المعنوية ولها حق التملك والتصرف في الحقوق والأموال في حدود أغراضها ولها أن تفتح فروعها في المحافظات

والأقضية بطلب يقدمه خمسة عشر عضواً على الأقل من الجيولوجيين الذين ينطبق عليهم مدلول المادة الرابعة من هذا القانون في تلك المحافظة أو القضاء وبموافقة المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا پێشنیاری هەیە، فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا ئەو دارشتنەی بۆ داناوە«(تؤسس نقابة للجيولوجيين في الإقليم مركزها أربيل وتتمتع بشخصية معنوية مستقلة ولها أن تفتح فروعها في محافظات الإقليم..»بە رای من دەڵێم هەتا«المستقل»ەش لابیرێ چونکە«الشخصية المعنوية»هەموو پێناسەکەی دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پیشەسازی ووزە، چ زیادەیەکیان لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە؟ بۆ ئەوەی یەکگرتوو بێ، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساین، بەڵام پێشنیار دەکەین برگەیەکی تر زیاد بکرێ و بکرێتە برگەی(٢)لەبارەی دەستەی دامەزراندن «تشكل هيئة تأسيسة» برگە(٢)بێت من (١٠)جيولوجيين يقومون بتقديم طلب بتشكيل نقابة الجيولوجيين في إقليم كوردستان ـ العراق، وإتخاذ التدابير اللازمة لعقد إجتماع الهيئة العامة:

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست دەستەی دامەزرێنەر هەبێ،و هەروەک یاساکانی تر مافی ئەوەیان هەبێ داواکاری پێشکەش بکەن ئەوە دەبێ بەبرگە(٢)ئەوەی پێشوش دەبێتە برگ(١)شوێنی بۆ بکەنەوە، لە سەندیکاکانی تریش هەمانە. هیوادارین دەقەکان یەک بخرێن، وەکو سەندیکاکانی تر. لیژنەی داراییی وئابووری هیچ زیادەیان هەیە لەسەر هەردوو پێشنیاری لیژنەی یاسا ولیژنەی پیشەسازی ووزە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رامان لەگەڵ رای لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، سوپاس، ئەندامان هیچ تێبینیان هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەکان؟ لیژنەکان پێشنیاریان کردووە ئەمە بگۆڕین بەوەی کە پێشنیار کرا، کاک عەبدولخالق وکاک سیروان، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـمـەد ڕەشـیـد زەنگەنە:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

من لەگەڵ ئەو پێشنیارە دام بەڵام ئەوەی لیژنەی پیشەسازی گوتوویەتی(١٠)كەس بەپێی یاسا نابێ، لەبەر ئەوە یاسای كۆمەڵەكان دەڵێ دەبێ (١٥) كەس بێ.

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

بەڵێ گوتمان بەپێی ئەو مادەیەی كە لە سەندیكاكانی تر كردمان، كاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سـەرتیپ مـحـمـەد حـوسـێن:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

لەگـەڵ پێـشنیـارەكـەم بەڵام زیادەیەكی گـچكەم هەیە« تؤسس بموجب هذا القـانون نقـابة للجیولوجیین»،

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

لیژنەی یاسا ئەو پێشنیارە لای خۆتان بنووسن. كاك فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـرەنـسـۆ تـۆمـا هـەریری:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

ئێمە كە یاسا دادەنێین تەنها بۆ ئەمڕۆ نییە نازانم« أقضية »بۆ لابرێ؟، بۆ نموونە قەزایەكی وەك زاخۆ ئێستا وەكو شارێكە ئەگەر(١٥)جیۆلۆجی لەوێ هەبن، بەپێی ئەم یاسایە (١٥)ئەندام داوا بكەن بۆچی لەوێ لقێ نەبێت؟ چ گـرفـتـێكە؟، یان لەوانەیە لەوەی هاتووە لە قـەزاكـان زیاتر بن« أقضية » بۆ لابرێ؟ من پێم باشە بمێنێت.

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

پێشنیارە كە ئەوەیە« أقضية » بمێنێت ،لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز مـحـمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن.**

لە پرۆژەكـەدا« أقضيـة » هەیە، بەڵام لیژنەی پیشەسازی ووزە پێشنیاری كردووە لابرێ، لیژنەی یاساش پشتگیری پێشنیاری كاك فرەنسۆ دەكات« أقضية » بۆ لابرێ؟

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

دەقەكەمان بۆ بخوێنەوە، پێشنیارەكەی ئێوە.

**بەڕێز مـحـمـەد حـەسـەن باڵـەتە:**

**بـەڕێـز سـەرۆكی ئـەنجـوومـەن:**

(تؤسس نقابة للجیولوجیین في الإقلیم ویكون مركزها في أربیل وتتمتع بشخصیة معنویة مستقلة ولها أن تفتح.........)

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تۆ گوتت« مستقلة » لابرێ.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوە رای خۆمە..

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لای بە، وەكو رای لیژنە بیخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فروعاً في محافظات الإقليم، رای لیژنەی یاسا دەڵێ« أقضية »نەمێنێت، بەڵام رای من ئەوەیە بمێنێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەم كە« أقضية »نەمێنێت چونكە جیۆلۆجیین خۆیان ژمارەیان ئەوەندە نییە، لە پارێزگاكاندا ژمارەیان كەمە، لەبەر ئەوە ئەگەر لە قەزایەك یەك دوو هەیەتی وابزانم پێویست ناكات هەبێ.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەبوون، دیاری بكرێت بەپێی یاسا كە چەند كەس بۆی هەیە بیكات؟ بیلكێنن، « بطلب يقدمها ولها أن تفتح فروعاً لها في المحافظات والأقضية بطلب يقدمه(٥)أعضاء على الأقل من الجيولوجيين الذين ينطبق عليهم مدلول المادة(٤)من هذا القانون »، كاك محەمەد فەموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

واتا ئەوهای لێ بێت،(تؤسس نقابة للجيولوجيين في الإقليم ويكون مركزها أربيل وتتمتع بشخصية معنوية مستقلة ولها أن تفتح فروعاً في محافظات الإقليم والأقضيته).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دیاری بكە كە چەند كەس بن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوە بڕگەی(٥)، بڕگە دوو لەسەر پێشنیاری لیژنەی پیشەسازییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بطلب من..

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بەڵام دەیکەینە بڕگەیەکی تر لە هەمان ماددەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دەخوازن ئەوە بۆ(فروع) هەڵدەگرێن، کە هاتینە سەر فروع لە پارێزگاو قەزاکان لەوێ ژمارەکەی دیاری بکەین باشترە، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین لەهەمان بڕگەدا زیادی کەین، (أن تفتح فروعاً في المحافظات على أن لايقل عددهم عن)ئەوەندە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە دێینە سەر فروع، بۆی هەیە سەندیکا فروع لە پارێزگاو قەزاکان بکاتەوە بەمەرجێ لەو جێگایانە لە(٥) کەس کەمتر نەبێ، هەر لەوێ دیاری بکرێت لەمادەی(٢٦)ئێمە ئەو پێشنیارە دەبەینە ئەو ماددەیە لێرە باسی خودی سەندیکا دەکەین، لە ماددە(٢٥)یش تێیدایە، لە ماددەی(٢٥)و(٢٦)دەتوانین ئەو صیغەیە دیاری بکەین، ئێستا ماددەکە وای لێ دێت بڕگە(٢)ش دەستەی دامەزراندنەکەیە وەکو هەمان دەقی سەندیکاکانی تر دایبنێین بۆ ئەوەی وەکو یەک بن.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«تشكل هيئة تأسيسية من(١٥)عضواً يقومون بتقديم طلب لتشكيل نقابة للجيولوجيين لإقليم كوردستان العراق لإتخاذ التدابير اللازمة لإجتماع الهيئة العامة»واتا دەبێ داڕشتنەکە بگۆڕین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو صیغەیەی لە سەندیکاکانی تر داتان ناوە، با لایەنی تایبەتمەندی تێدابێت« تؤسس نقابە للجيولوجيين مركزها...الخ» وابزانم(حق التملک) وشتی تر پێویست ناکات چونکە (شخصيه معنويه)هەموی دەگرێتەوە. لە مادە(٢٥)یان(٢٦)لە پێکهاتەی فروع لەوێ چاری دەکەین، کاک محەمەد داڕشتنەکە بخوێنەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تؤسس نقابة للجيولوجيين في الإقليم ويكون مركزها أربيل وتتمتع بشخصية معنوية مستقلة

ولها أن تفتح فروعاً في محافظات الإقليم وأقضيته). ئەوەی تر لە ماددەی تر چارە دەکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە هاتینە سەر ئەوە چارەی دەکەین، پاشی دەتوانین فروعیش هەڵگرین لە پێکهاتەی سەندیکادا باسی فروع و پارێزگاکان بکەین، تەنها تەرکیز بکەنە سەر (شخصیە معنویە)ی سەندیکا، ئەوە (لها حق...) هەڵدەگرین بۆ پێکهاتەی سەندیکا، پێکهاتەی سەندیکا فروعی هەیە، ئەو کاتە دەڵێین فروع لە قەزاو لە پارێزگاکان بەو مەرجانە دەبێ کە لێرە دانراوە، واتا (ولها حق...)ئەوە پێویست ناکات، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە یاسای سەندیکاکاندا هەندێ ماددە هەنە دەبێ گشتی بن، هەموویان یەک بن بەڵام هەندێ ماددە هەنە کە پەیوەستن بە کەسایەتی سەندیکاو کاری ناوخۆیی دەکرێت جیاوازی هەبێ لە هەموو سەندیکاکان فروعی تێدایە، قەزای تێدا نیە، وەک یاساکانی پزیشکان، پزیشکانی ئاژەڵ، هونەرمەندان...) هەموو فروعە بۆچی لێرە أقضیە زیاد بکرێ؟ ئەوەیەک، دووەم: (ولها حق فتح فروع) هەر لەو ماددەیەدا ئاماژەی پێ بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من باوەر ناکەم لە کوردستانی ئەمرۆی ئێمەدا تاماوەیەکی دوور درێژیش (١٥) جیۆلۆجی لە قەزایەکدا کۆببنەوە، بەڕاستی ئەوە شتێکی نەشیاوە، خۆیان ئێستا لەسەراپای کوردستان چەند دانەیەکن کەی لە کوردستان (١٥) جیۆلۆجی لە قەزایەک کۆبوونەوە داوایان کرد ئەوکاتە هەموار کردنی ئەو ماددەیە لە خۆی ساناتر نییە، بۆیە وەکو جەنابت دەڵێی هەموو سەندیکاکان فروعیان تا پارێزگایە ئەوەی قەزایە تەنها بۆ ئەو توێژەکراوە باوەر ناکەم لە ئایندەیەکی نزیکیشدا ئێمە بتوانین (١٥) جیۆلۆجی لە قەزایەک کۆبکەینەوە ،زۆر زەحمەتە (١٥) دکتۆر کۆنابێتەوە جا (١٥)جیۆلۆجی! کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم نەقیبی پارێزەرانە لە پارێزگاو قەزادا منتدبی سەندیکا هەیە، لە هەر پارێزگایەک منتدب هەیە ئەگەر لە قەزایەک (٥) پارێزەری لێ بێ نابێ لێپرسراوی ئەو ژوورەش دابنێین؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد خۆی پارێزەرە دەزانی قەزاکان منتدبی نییە، پارێزگا منتدبی هەیە هەر پارێزگایەک

چەند قـەزای هەیە یان ئەگـەر ژووری هەبێ سەر بە منتەدەبە تا ئێستـا مفـاتحـەی رەسمی لـەگـەڵ قەزاکـان ناکرێ لەگـەڵ ژوورەکان دەکرێ، ژوورەکـانیش فرع نین، هەر بۆ زانیـاری (غرف) فرع نییە تەنها غرفەیە، منتدبی غرفەی تێدایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نەم گوتوە لە قەزا منتدب هەیە من دەڵێم ئەگەر (٥،٤) پارێزەر لە قەزایەک بن بەرپرسی ئەو ژوورە نابێ هەبێ؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئیستا گفتوگۆی یاسای سەندیکای پارێزەران نییە. ئێستا پێشنیارێک هەیە، (تەنها لها فروع فی المحافظات) با بزانین لە قەزاکان پێویست بوو، خوا ئەکات (١٥) جیۆلۆجی لە قەزایەک کۆ دەبوونەوە، بەڵێن بێت (١٠)یان بۆ بکەینەوە واتا (ولها أن تفتح فروعا فی محافظات الاقلیم).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیاری ئیوەیە؟

**بەڕێز محەمەدحەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(محافظات الاقلیم)، تەنها ئەوە دەخەینە دەنگ دانەوە. کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس، بڕگەی دووەم...
«هیئە المؤسسە» دەبێ بەپێی یاسا چەند کەس؟ وەکو وتمان هەمان دەق کە لە سەندیکاکان دامان ناوە، هەر دەقێکتـان داناوە دەنگدانمان لەسەر کرد ئەو دەقـە کاری پێ دەکرێت، ئێمە بنەماکـە جێگیر دەکەین دوایی دای برێژنەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە (هیئە المؤسسە) وەکو خوێندرایەوە مافی ئەوەی هەبێت کـە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە داوا لە لایەنی تایبەتمەند بکات بۆ ئەوەی دەست بەکاربن؟ کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، یاسای

کۆمەڵەکان دەڵێ (١٥) کەس بۆیە ئێمە دەبێ ڕەچاوی ئەمە بکەین، مادده (٢) وەکو مادده دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، کاک حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثالثة:

تعمل النقابة لتحقيق الاغراض التالية:

١- المساهمة في النهضة الصناعية والزراعية والعمرانية والثقافية بالتعاون مع الجهات المختصة.

٢- رفع مستوى اعضاء النقابة الإجتماعي والثقافي و الإقتصادي والدفاع عن حقوقهم ورعاية مصالحهم.

٣- تنظيم قواعد مزاولة المهنة.

٤- تكون العلاقات والتعاون مع الجمعيات والهيئات والنقابات الأخرى داخل إقليم كوردستان العراق و خارجها

٥- السعي لضمان مستقبل الأعضاء في حالات المرض و الشيخوخة والبطالة

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٣) لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا لەماددەی (٣) وایەگۆڕینی سەرەتاکەی بۆ (تعمل النقابة الى تحقيق اهداف التالية) لەجیاتی اغراض التاليه.و ئەگەر ئەو ماددەیەش بچێتە پێرەوی ناوخۆ لاری نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابزانین ئەندامان تێبینیان نییە؟ لیژنەی یاسا هەر ئەو تێبینییەیان هەبوو، لیژنەی پیشەسازی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەگەڵ لێژنەی یاسادایین لەبارەی ئەو هەموارەوە، بەڵام لەبارەی برگەی یەکەمەوە (المساهمة في النهضة الصناعية والزراعية و العمرانية والثقافية بالتعاون مع الجهات المختصة) ئێمە پێشنیار دەکەین بگۆردرێ و بکرێتە «المساهمة في تطوير الاقليم في المجالات التي لها العلاقة بالجيولوجين) بەس لەجیاتی ئەوەی لایەنی زراعی و عمرانی و ثقافی و ئەمانە هەموو لەبەر ئەوەی بوارێکیان هەیە کە جیۆلۆجییە بۆیە وا پێشنیار دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا هەر کەرتێک هەوڵ بدات بۆبەرەو پێشەوە بردنی هەرێم؟

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لیژنی دارایی تێبینییان؟ کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

من پێشنیار دەکەم «الثقافية» بکرێتە «العلمية» واتا «العمرانية والعلمية» لە برگە ٥ السعی لضمان مستقبل......؛ بکرێتە «رعاية أعضائها في مرض الشيخوخة والبطالة» سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

منیش لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاسادام، ئەو ماددەیە پەیوەندی لەگەڵ یاسادانان نییە، لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ دەگونجێ پێشنیار دەکەم ببرێتە پەیڕەوی ناوخۆوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیار نەبوو بەڵکو ئامانج بوو، وابزانم ئامانج لەسەرەوە جێگر دەکرێ، باشە پێڕەوی ناوخۆ لەسەر ئەو ئامانجە زیاد بکات، سوپاس، واتا پێشنیاری یەکەم لەلایەن لیژنەی یاساوە هەروەها لیژنەی پیشەسازی کۆکن لەگەڵیان کە لەجیاتی (اغراض) (اهداف) بێت، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس. دێینەوە سەر خاڵی تر پێناسەیەکی کورت هەیە، دەڵێ: «المساهمه فی تطویر الاقلیم فی المجالات الجیولوجیه» بەوەی کە ئەوە تایبەتە بە جیۆلۆجییەکان، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تیکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

واتا دووەم دیاری کرا بە جیۆلۆجییەکان لای خۆتان جێگری بکەن پێشنیارێکی تر هەیە لەلایەن د.رزگارەوە لەخاڵی (٥) دەڵێ «السعی لضمان مستقبل» بکرێ بە رعایە الاعضاء ئەگەر دەقەکەی لایە با بۆ لیژنەی یاسا رەوانەی بکات واتا لەجیاتی (ضمان) بکرێتە رعایەتی ئەندام بکرێت بەوەی کە ضمان، یاسای خانەنشینیمان هەیە، حکومەت بە گشتی بەرپرسە لە کارمەندانی بەڵام سەندیکا بەلایەنی کەم هەوڵی ئەوە دەدات بۆ چاککردنی باری گوزەرانی ئەندامانی، ئەوە مافێکی ڕەوایە بەڵام حکومەت کارمەندەکانی خۆی بەپێی یاسای

خانەنشینکردنی دابین کردووە، سەندیکا ئەوە ناکات بۆیە ئەو پێشنیارە لەوانەیە لە جێی خۆی بێت ئەگەر تێبینی لەسەر ئەو پێشنیارە نییە دەیخەینە دەنگ دانەوە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مستقبل فراوانترە چونکە «رعایە چاودێری (مستقبل) دابینی دوا ڕۆژی دەکات» سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەوە مەبەستی (ضمان)ە دەڵێ (ضمان) بکرێ بە (رعایە).

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(ضمان المستقبل) مانای ئەوە نییە (ضمان الاجتماعیە) بێت ضمان إجتماعی بۆ بەردەست و کرێکارەکانە، زامنی دوا ڕۆژی ئەو ئەندامەی دەکات واتا ضمانەکە تابعی دواڕۆژە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەندیکا چی بۆ بکات، حکومەت ئەندازیاری جیۆلۆجی بەپێی یاسا یاسای خانەنشین کردنی بۆ داناوە کە دامزراوە تەواوی کرد خانەنشینی خۆی وەردەگرێ، باشە ئەگەر سبەی بۆ ئەندامێک سەندیکا دەتوانێ تاکو مردن خانەنشینی پێ بدات، سەندیکایەکمان هەیە شتی وا بکات؟

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە ئەگەر دیاری کراو نەبێ خانەنشینی هەیە، بۆ نمونە سەندیکای پارێزەران ئەوانەی کە دیاری کراو نین ماوەی خزمەت کردنیان هەیە (٢٥) تا (٣٠) ساڵە کە خانەنشین بو سەندیکا دەیداتێ، ئەوەشی هەروایە ئەگەر فەرمانبەر نەبێ سەندیکا پابەندە کە خانەنشینی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگە (٥) (ضمانەکە) سنورداری کردووە مەبەستی ضمانی خانەنشینییەکە نییە، واتا (السعي لضمان الاعضاء في حالات المرض و الشیخوخة والبطالة) واتا هەم چاودێری دابین کردنیش دەگرێتەوە، وەک کاک ئیبراهیم گوتی مانای (ضمانی مستقبل) فراوان ترە لە (رعایە) دەڵێ «في حالة المرض و الشیخوخ والبطالة».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

گفتوگۆی برادەرانمان کاک ئیبراهیم ولیژنەی یاسا مان گوێ لێ بوو کە بیانەوێ (ضمان) زیاتر فراوان بکەن، ئێمە دەتوانین وشەیەک بێنین لە جێگای (ضمان)ی دابنێین زیاتر دوا ڕۆژ دابین بکات، بەلاَم لێرە کاری حکومەت چیە؟ تەنها سەندیکا چاودێریەکان بکات بۆ (ضمان مستقبل) دولەت لە ئەستۆی دەگرێ بۆ ئەوان و منداڵەکانیان و هەموو کەس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە کێشەکەی یەک لاکردۆتەوە، لێرە تەنها (سعی) دەکەین، «وسعیکم سوف یری» واتا (سعیە) کار کردنە،لەنێوان (رعایە و ضمان)پێک چونێک هەبوو کاک ئیبراهیم روونی کردەوە روون کردنەکەی منطقیە، مادام من ئەندامم و فەرمانبەر نیم صندوقی سەندیکا بۆی هەیە پاش ئەوەندە ساڵە خانەنشینم پێ بدات، سەندیکامان هەیە ئەو کارە دەکەن د.رزگار حەز دەکەی پێشنیارەکەت دەخەینە دەنگ دانەوە. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس پێویست ناکات سحبم کردوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. پێشنیاری خۆی کێشایەوە. پاش ئەو هەموارانە ماددە(٣) دەخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەکەین کێ لەگەڵ نیە، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الرابعة يشرط في العضو:

١- ان يكون من اهالي اقليم كوردستان العراق.

٢- ان يكون ذات سلوك جيد وتام الاهلية

٣- ان يتوفر فيه الشرطين التاليين

أ- أن يكون حاملاً لشهادة بكالوريوس أو ما يعادلها كشهادة إولية في العلوم الجيولوجية من جامعة أو معهد (القسم الجيولوجي) معترف بها من قبل الجهات الرسمية المختصة.

ب - أو حاملاً لشهادة البكالوريوس في أحد الفروع العلمية كشهادة أولية من جامعة أو معهد بأعتراف وزارة التربية وحاملاً لشهادة أعلى (الماجستير أو الدكتوراه) في العلوم الجيولوجية صادرة عن أحد أقسام الجيولوجية معترف بها من قبل الجهات الرسمية المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە دارشتنی ئەم ماددەیە اعتماد بکەینە سەر دەقێک کە لە یاساکانی تر دامان ناوە هەمان

دەق دابەزێ تەنها لەجیاتی جیۆلۆجی ببێ بە اطباء، ئەندازیاری کشتوکاڵی ببێ بە جیۆلۆجی ئەو شتە بۆ لیژنەی یاسا بەجێ دێڵین خۆیان دایبرێژن لەسەر ئەو بنەمایەی لە یاساکانی تر چۆن داڕێژراوە، چونکە ئامانج ئەوەیە ئەندامی سەندیکا بەلایەنی کەم بڕوانامەی بکالوریوس یان هاوتاکەی هەبێت، و موثوقە من الجهە المختصە)بێ، کە ئەنجوومەنی باڵای فێرکردنی ئێمەیە و ناویشی بنێ (مجلس تعلیم العالی فی الاقلیم)بۆ ئەوەی گرفت نەبێ، ماسترو دکتوراش، بابزانین لیژنەی یاسا دەڵێ چی، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە ماددەی (٤) برگەی یەکەم و دووەم بەو شێوەیە بێ.

(ان یکون من سکنة الاقلیم و مقیماً فیه) لە جیاتی (ان یکون من اهالي اقلیم کوردستان عراق) . ئەوە یەک و دوو: (ان یکون تام الاهلیه) ئەوە لە هیچ یاسایەک نەهاتووە، لیژنەی یاسا وای دەبینێ کە لێرە پێویست نییە، سێ، زیاد کردنی برگەیەکی تر (ان لایکون محکوماً بجنایة غیر سیاسیة او جنحة مخلة بالشرف). چوار، هەمووارکردنی دەستەواژەی (وزارة التربیة) الی (مجلس التعلیم العالي و البحث العلمي ) لە برگەی یەکەم لەو ماددەیەدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

برگەی (٣) بە دوو بەش هاتووە وابزانم لەیاساکانی تر بەیەک صیغە هاتووە هیوادارم داڕشتنەوەکەش بەیەک صیغە بێت لەگەڵ جەخت کردن بۆ گۆڕینی لایەنی تایبەت بە(تعلیم العالی للإقلیم) ئەمە بە روونی بکرێ، (ان یکون من ساکنی اقلیم کوردستان) لە هەموو یاساکان دەقێکمان هەیە ئەوە جێگیر بکەن،

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ان یکون من سکنة الاقلیم و مقیماً فیه .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاتی خۆی گوتمان (من مواطني اقلیم و مقیماً فیه).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(من سکنة) و(مقیماً) یەک مانایە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(من مواطنی اقلیم) ئەوە وابزانم لەسەری کۆکین لە جیاتی (٢) ئەوە دەقە ئاساییەکانی تر دابنێین سێ یەم (أ، ب) بکرێ بەیەک برگە، هەروەک دەقی سەندیکاکانی تر بەرای من هەمان مواصفاتە، ئەبێ بڕوانامەی بکالوریوسی هەبێت او مایعادلها، معترف بە من جهة مختصة، ئەمە

سێ ئەرکانی ئەو دان پێنانەیە بۆ هەر جارێک بە شێوەیەک بێت؟ بالیژنەی دارشتن بۆمان دووبارە بکەنەوە ئەگەر هیچ تێبینیەک لەسەر ئەو سێ پێشنیارە نییە دەیخەینە دەنگ دانەوە با ناو نووسیان کەین لیژنەی پیشەسازی، د.ناصح ، مەلا هادی. د.رزگار

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(شروط العضويه) لە مادده چواردا هەیە.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبارەی بڕوانامەشەوە پێشنیاریک هەیە کە هەردوو برگەکە لێک بدرێت و بکرێت بەو شێوەیەی کە جەنابتان گوتتان: (ان يكون حاملا شهادة بكالوريوس أو ما يعادلها في الجيولوجيا كحد ادنى معترف بها في الجهة المختصة في الإقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەرجەکانی ئەندامێتی دوو سێ شتە، یەکەم (من اهالي الإقليم) بێت، ڕەوشت بەرز بێت و حکم نەدرابیت)، خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێت ئینجا دەبێت بە ئەندامی ئەو سەندیکایە، کە سێ مەرجە ئەم سێ دارشتنەمان لە یاساکانی تریش هەیە تکایە هەمان دارشتنمان بۆ بکەنەوە تەنها ناوەکەی دەگۆڕێت. وەکو مەبدەء ئەگەر چ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە کە (ان يكون) دوو سێ جار هاتووە، بەرای من یەک جار بێت باشترە. سەبارەت بە خاڵی سێیەمەوە من پێشنیارێکم هەیە ئەگەر بەپەسندی بزانن لە جیاتی دوو برگەی (أ و ب) یەک برگە بێت: (ان يكون حاملاً لشهادة جامعية أولية في العلوم الجيولوجية من إحدى الجامعات والمعاهد المعترف بها من قبل مجلس التعليم العالي والبحث العلمي في الإقليم). کە وتمان (شهادة جامعية أولية) مانای وایە بەکەلۆریۆسە، لەبەرئەوە پێویست ناکات بڵێین بكالوريوس او ما يعادلها) کە وتمان (المعترف بها من قبل مجلس التعليم العالى) مانای ئەوەیە هی زانکۆکانی عیراقی و کوردستانەو هەروەها (ما يعادلها) بۆیە ئەوە دەقێکی یەکگرتووە ئەگەر ئەمر بفەرموون بیچەسپێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بینێرە بۆ لیژنەی یاسا، مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رام هەیە برگە یەک و دوو یەکبخرێت، بەڵام لە جیاتی ئەوەی (ان يكون حاملا لشهاده) بکرێتە (ان يكون حاصلا على شهادة بكالوريوس)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە ڕێککەوتین لەسەری مامۆستا گوتمان دەقاودەق چیمان کردووە بۆ سەندیکا کشتوکاڵی و سەندیکاکانی تر هەر هەمان پێناسە دەکەین تەنها ناوەکەی دەگۆڕێت، ئەوە دوایی لیژنەی داڕشتن دەیکات. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم وشەی (مقیم) ماوە یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماوە (ان یكون من سكنة الإقليم ومقيماً فيها) ئەوە دەقێکی گشتییە لە هەموو سەندیکاکان ئەوەمان چەسپاندووە.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(مقیما فیها) ئێمە بۆ (نقیب)مان بەکارهێناوە کابرایەکی ئەندام ئاساییە بۆ هەر دەبێ لە کوردستان نیشتەجێ بێت؟ دەتوانێ لە شوێنێکی تر دابنیشێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکێ لە بەغدا بێت ببێتە ئەندامی سەندیکا

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە لە برگەی یەکەمدا هەیە (ان يكون من مواطني الاقليم) واتا (مواطنه)کە مەرجەکە (مقیم) بۆ لازم بێت، (مقیم) تەنیا بۆ نەقیبە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەزانم ئەو دەقەمان لە هەموو یاسایەک هەیە، ئەگەر بۆ هەموو سەندیکاکانی تر وایە ئەوا پەیڕەوی دەکەین، ئەگەر تەنها ئەو مەرجە بۆ نەقیبە ئەوە شتێکی ترە، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر چەندە من دڵنیا نیم بەڵام وابزانم ئەوە تەنیا بۆ نەقیب هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێک لەو سەندیکایانەی کە ئێمە ئیقرارمان کردووە وەکو پرۆژە وا دەڵێت: (ان يكون من مواطني كوردستان ومقيما في الإقليم).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ ئەندامێتی یان بۆ (نەقیب)ە؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە مەرجی بوونە ئەندامە (شروط الإنتماء)ە. ئەوە یەک. دوو (ان یکون حاملا شهادە بکالوریوس «او متخرجا من معهد فني معترف فیه»)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ئەمە روونە و دەیخەینە دەنگدانەوە، وابزانم لە هەموو سەندیکاکان ئەم دەقە گشتییە مەسەلە تەنها نەقیب نییە، سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانیش وایە، با هەر بۆلانی تیوری (نظری)یش بێ لەوانەیە جیۆلۆجی کاری وا هەبن لە دەرەوی وڵات بن، ساڵانە یەک دوو «دۆلار» بنێرن لە بری بەشداری(بدل أشتراک) و، هەمان مافی جیۆلۆجییەکی کوردستانیان هەبێت کە هەر لە بنیادنانەوەی ئەم وڵاتە وکاری پیشەیی سەندیکا و ئێش و ئازاری خەڵک بەشدارە و، ئەوەی دەرەوەش دوای ٢٠ ــ ٣٠ ساڵێک بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و دیسان داوای هەمان مافی خانەنشین و دەسکەوتی تر لە سەندیکا بکات، هەر وەکو ئەوەی کە لە کوردستانە، کە (٢٥) ساڵ لێرە ئیشی کردووە، هەمان مافی خانەنشینی هەبێت، هەمان زامنی هەبێت، لەبەرئەوەی لە بری بەشداری (بدل الاشتراک) مانگی دینارێکی بۆ ئێمە ناردووە بەراستی دەبێ تۆزێک لەسەر ئەو مەسەلەیە بوەستین. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕیز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە یاسای سەندیکای هونەرمەندانە مادده (٢٩) دەڵێت: (یشترط في العضو ان یکون من مواطني الاقلیم ومقیما فیه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە مەسەلەی مافە، ئەگەر مەسەلەکە هەر تەنیا بۆ بوونە ئەندام بێت گرفت نییە ئەمە دوایی مافی لەسەرە، کابرا وەکو گوتم (٢٠) ساڵ (٢٥) ساڵە لە دەرەوەی وڵاتە پیر ئەبێت ئەوجا ئەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی هیچیشی نەکردووە ئابوونەکەی مانگی (١) دۆلاری تێ ناچێت کە ئەینێرێ هەر دوو ساڵ جارێک کۆی دەکاتەوە دوایی بۆمانی دەنێرێ لەئەنجامدا هەر وەکو هەمان ئەو جیۆلۆجییەی کە لەوانەیە شەو و رۆژ ئەم کون و ئەو کونی کردبێ هەردووکیان هەمان مافیان هەبێت، سوپاس. مادام وایە ماددەکان برگە بە برگە دەخەینە دەنگدانەوە. مادده (٤) کاک محەمەد لە جیاتی ئەوە دەبێتە (شروط العضویه) وانییە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

(يشترط في العضو ان يكون من مواطني اقليم كوردستان ومقيما فيه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟، سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

٢- ان يكون كامل الأهلية، ئەوە لە هیچ یاسایەکدا نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نا پێشنیارەکە بخوێنەوە هەر لەهەمان دەق (حسن سلوك والسيرة). پێشنیارێک هەیە کە بڕگە (٢) هەڵبگیرێ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا لە جیاتی ئەو بڕگەکەی تر دەچەسپێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە ٣- دەبێتە بڕگە (٢).

٢- ان لا يكون محكوما بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا ئەو بڕگەیە بوو بە (٢).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بڕگە (٤) دەبێتە (٣)- تعديل عبارة وزارة التربية الى مجلس تعليم العالي والبحث العلمي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە لە (٣) (أ و ب) بکرێتە یەک مادده، وەکو ئەو دەقەی لە یاساکانی ترماندا هاتووە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاساش لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەم ماددەیە لێک بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕگە (٣) دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە بڕگە(٣)دایە کە لێرەدا وەکو خۆی نەمێنێت و هەڵبوەشێتەوە و دەقێکی هاوبەش دابنێین؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای

دەنگ پەسەند کرا پێشنیارەکە ئەوەیە کە هەمان دەقی سەندیکاکانی تر بێت. تکایە ئەو دەقە تۆزێک رێک خەن بۆئەوەی یەکگرتوو بێت. ئەوە لەگەڵ سەندیکای کشتوکاڵییەکانیش یەکی بخەن ئێمە تەنها دەنگ لەسەر مەبدەئەکە دەدەین. کە دەرچووی بڕوانامەکەی بەکەلۆریۆس بێت و بڕوانامەکەی دانی پیانرابێت لەلایەن (مجلس التعليم العالي والبحث العلمي)، ئەوە دوو. (او ما يعادلها) ئەمە سێ روکنە دەبێ لەو بڕگەیەدا هەبێت، بۆیە ئەو داڕشتنە هاوبەشە با دوایی لیژنەی یاسا داڕشتنی بۆ بکات. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نازانم بۆچی وەزارەتی پەروەردە لە دانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بۆ جیۆلۆجی هەڵبوەشێتەوە؟، بۆچی خوێندنی باڵا بڕوانامە بداتە دەرچووانی جیۆلۆجی و ڕۆڵی وەزارەتی پەروەردە ئیلغا بکرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا کێ دەیدات؟.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا وەزارەتی پەروەردە بڕوانامە دەدات بە دەرچووی کۆلیژ، بۆچی بکرێت بە خوێندنی باڵا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عوسمان. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی پەروەردە پەیوەندیی بە دانی بڕوانامەوە نییە، ئەو کە دەردەچێ لە کۆلیژ، راگری کۆلیژ داوا دەکات لە سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکی زانکۆش بەپێی یاسا بڕوانامەکەی دەداتێ، حەزدەکەم لێرەدا تەئکید لەسەر پێناسەکەی بکەم کە جیاوازیەک لێرەدا هەیە لەگەڵ سەندیکاکانی تردا، واتا دەبێت لێرە دەستنیشان بکرێت (في العلوم الجيولجية)، چونکە بڕوانامەکەی ناوی (بكلوريوس في علوم الجيولوجيا) یە، ئەوەش پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەوە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر هەمان پێناسە بکرێت ئێمە ناکۆک نین لەسەر ئەوە. کاک د. ناسح فەرموو.

**د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەر هەمان رای کاک سیروانم هەیە، بەڵام وەکو ئیزافەیەک بۆ ئەوە لێرە ئێمە تەئکید دەکەینەوە (المعترف بها من قبل مجلس التعليم العالى) واتا ئەوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لە وڵاتی ئێمە پەروەردە دەیکات یان خوێندنی باڵا ؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە پەیوەندیی بە وەزارەتی پەرەوەردەوە نییە، بەڵکو زانکۆکان و پەیمانگاکان دەیدەن. دیاریشە زانکۆو پەیمانگاکانی ئێمە پەیوەندییان بە کێوە هەیە ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دەقە هینی یاسایەکی کۆنە، کە ئەو یاسایە دانرا وەزارەتی خوێندنی باڵا لە حکومەتی ناوەندیش نەبوو،کۆلیژەکان سەربەوەزارەتی پەروەردە بوون، ئەو کاتە وەزارەتی پەروەردە بروانامەی بەکەلۆریۆسی دەدا، بەڵام کە وەزارەتی خوێندنی باڵا دروست بوون و زانکۆ بەستراوە بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە ئێمە لێرە لە هەرێمدا وەزارەتی خوێندنی باڵامان نییە لە جیاتی وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەنجوومەنی خوێندنی باڵامان هەیە زانکۆکان پەیوەستن بە ئەنجوومەنی خوێندنی باڵاوە، کۆلیژیش بەستراوەتەوە بە زانکۆ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عوسمان لێرە ئەوە بەو شێوەیە هاتووە کە ئەمە لە مەرکەز وەرگیراوە، مەرکەزیش ئەو کاتە دیارە وەزارەتی خوێندنی باڵایان نەبووە لەوانەیە ئەو ئیشتباهە هەبێت. دەیخەینە دەنگدانەوە وەکو ئەوەی کاک سیروان گوتی دەبێ بگوترێ: (فی العلوم الجیولوجیە) ئەوە گرنگە، و یەک بگرێتەوە لەگەڵ پێناسەکانی تری هاوبەش لەو مەسەلەیەدا. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە ؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە ؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة:

١- يكون الإنتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى المجلس مرفقاً بالوثائق المعززة للطلب وعلى المجلس ان يتخذ قراراً فيه خلال شهرين من تاريخ تسجيله واذا انقضت المدة دون ان يتخذ المجلس قرارا بشأنه فيعتبر ذلك اقرارا بالقبول.

٢- إذا رفض المجلس طلب الإنتماء فعليه بيان اسباب الرفض.

٣- لصاحب الطلب المرفوض ان يطعن بقرار المجلس لدى محكمة التمييز وذلك خلال شهر واحد من تاريخ تبليغه بقرار الرفض ويعتبر قرار محكمة التمييز قطعياً.

٤ـ لمجلس النقابة عند ثبوت عدم توافر اي شرط من شروط المادة الرابعة في العضو ابطال انتمائه وله ان يطعن بقرار المجلس وفق احكام الفقرة (٣) من هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نووسینی تەحریری بۆ داواکردن کە ببێ بە ئەندامی سەندیکا ئەمە یەکێکە لە مەرجەکانی ئەندامیەتی؟، یانی تۆ ئەگەر ئەوە نەنووسی نابی بە ئەندام، باشە بۆ ئەو برگەیە زیاد نەکرێت لەسەر مەرجەکانی ئەندامیەتی. یەکێک لەو خالآنە ( ١، ٢، ٣، ٤) (ان يقدم طلب تحريري الى النقابة) ئەوە مەرجی ئەندامییەتییە. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لێرە (كيفية الإنتماء الي النقابة)یە. داوکاری بە نووسین پێشەکەش دەکرێت (یەک، دوو، سێ، چوار) ئەوە پەیوەندیی نییە بە مەرجەکانی ئەندامییەتییەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن پەیوەندیی نییە؟. من جیۆلۆجیم، دەرچووی کۆلیژم، هاولآتی هەرێمم و تێشیدا دەژیم و، حوکمیش نەدراوم (بجريمه مخله بالشرف) و، بڕوانامەکەشم دانی پێدا هێنراوە ئەمە هەمووی لە مندا هەیە کە ببم بە ئەندام، بەلآم من ئەندام نیم، کەی دەبم بە ئەندام؟ ئەمانە کە داواکارییەکی تایبەتین بەنووسین بنوسرێ بلێ من حەز دەکەم ببم بە ئەندامی سەندیکا تکایە وەرمبگرن. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوونە ئەندام لە سەندیکا بە داواکارییە، مەرجەکانی ئەندامێتی هیچ پەیوەندی نییە بەوەی کە داوای بەنووسین پێشکەش بکات و فایلی لە سەندیکا بۆ دەکرێتەوە ئەم داوایەی بە نووسین پێوەی دەلکێنرێت (معزز بوثائق المطلوبة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلآم ئەگەر داواکاری پێشکەش نەکات دۆسیەی بۆ دەکرێتەوە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر داواکاری پێشکەش نەکات ناچێت بۆ ناو سەندیکا و نابێ بە ئەندام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش وا دەلێم منیش هەمان رام هەیە. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە لە مەرجەکان دەبێ بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی هەبێت، بەلآم لێرە داواکاری بوونە ئەندامێتی

ئیجرائاتی لەگەڵدایە، خۆی مەرجەکە بروانامەکەیە، بەڵام ئیجرائاتەکە ئەوەیە کە داواکارییەکەی لەبەردەم ئەنجوومەن دەخرێتە روو، ئەنجوومەنیش دانیشتن لەسەر داواکارییەکەی دەکات، کە ئایا مەرجەکانی تێدا هەیە وەریبگرێ یان نا؟، ئەگەر رەتی کردەوە خاوەن داواکاری مافی ئیعتـرازی هەیە، لەبەرئەوە ئەو ماددەیە لەگەڵ ئەو ماددەی جەنابت ئاماژەت بۆ کرد جیاوازی هەیە ئەوی تر تەنها مەرجە، ئەوە ئیجرائاتە لەگەڵی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تازە ناتوانین سەری بخەین، بەڵام ئەوە بۆ سەندیکایەکی تر بێ. وابزانم ئەو بابەتە تەواو، ئەوە پرسیارێک بوو بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا ئەگەر دووبارە دارشتنمان کرد، لیژنەکان ئاشارینەوە فیکرەیەک هەیە یاسای ئەو سەندیکایانە کە ئێستا هەمانن کە تەواو بوو لیژنەیەک دابنێین بە شێوەیەک دیراسەی بکەین کە بتوانین رۆژێک لە رۆژان یەکیان بخەین بەیەک پرۆژەی یەکگرتوو، کە لەوانەیە زۆر شتی هاوبەشیان تێدا بێت رێکیان خەین. لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا دوو تێبینی هەیە:

١ـ جعل مدة الموافقة على الانتماء شهر واحد بدلاً من شهرين إسوة ببقية القوانين. ئەوە هەمووی یەکە.

٢ـ مدة التمييز (١٥) يوماً بدلاً من شهر. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە یاسای سەندیکاکانی تریش (١٥) رۆژە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەی پیشەسازی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە پێشنیار دەکەین ماددە (٥) ببێت بە دوو برگە:

١ـ يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري معززة بالوثائق المطلوبة وعلى المجلس ان يتخذ قراراً بشأنه خلال مدة شهر واحد وبعكسه يعتبر مقبولاً. .

بەڵام ئیمە لە سەندیکاکانی تردا شتێکی ترمان لەبیر چووە (اذا لم يكن هناك مانع يحول دون ذلك)، چونکە جاری وا هەیە ئەنجوومەنی سەندیکا ناتوانی لە مانگێکدا کۆبێتەوە. بە هۆی رەوا کە نەیتوانی کۆبێتەوە ئەو کەسە چۆن دەبێت بە ئەندام؟، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم برگە دووش

بەو شێوەیە بێت (عند الرفض على المجلس بيان الاسباب الموجبة ولصاحب الطلب المرفوض حق الإعتراض لدى محكمة التمييز للاقليم خلال (١٥) يوماً من تبليغه ويعتبر قرار محكمة التمييز قطعياً). و بڕگە (٤) هەڵبوەشێتەوە پێویست ناکات لێرەدا ئەو بڕگەیە هەبێت: (للمجلس النقابة عند ثبوت عدم توفر اي شروط ...).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەرئەنجامە. ئەوە پێشنیاری لیژنەی پیشەسازی بوو کە هەر چوار بڕگە بکرێت بە دوو بڕگە. لیژنەی دارایی تێبینییان نییە؟. ئەوانەی دەیانەوێ قسە بکەن (د. رزگار، کاک بورهان، مەلا هادی). کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەمان رای کاک ئەمینم هەیە هەردوو بڕگەی دوو و سێ زۆر پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئینجا تەنیا یەک (واو) بۆ بڕگە سێ زیاد بکەین شتەکە تەواو دەبێت (إذا رفض المجلس طلب الإنتماء فعليه بيان اسباب الرفض ولصاحب الطلب... الخ) مانگەکەش بکرێت بە (١٥) رۆژ زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر هەمان رام هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم هەر چوار بڕگە ببێتە یەک بڕگە وەکو لەیاساکانی تردا هاتووە: (يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى المجلس مرفقاً بالوثائق اللازمة وعلى المجلس ان يبت في الطلب خلال شهر واحد من تاريخ تجديده وفي حالة الرفض عليه بيان اسبابه ولصاحب الطلب حق تمييز قرار الرفض لدى محكمة التمييز خلال ثلاثين يوماً من تبلغه وعند انتهاء المدة المذكورة دون البت فيه يعتبر مقبولاً). ئەوە یەک ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ لیژنەی دارشتن دەهێلینەوە. لێرەدا پێشنیار کراوە (شهرين) بکرێت بەیەک مانگ، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئەوەی تەمییز

لە جیاتی مانگێک کراوە بە (١٥) ڕۆژ، کێ لەگەڵ (١٥) ڕۆژەکەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا. پێشنیارێک هەیە بڕگە (٤) ئیلغا بکرێتەوە کێ لەگەڵە؟..

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

با ڕوون کردنەوەیەک بدەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بڕگە (٤) دەخوێنمەوە با کاک محەمەد ئەمین باش لێی وردبێتەوە. (لمجلس النقابة عند ثبوت عدم توفر اي شرط من الشروط المادة الرابعة في العضو إبطال انتمائه) واتا ئەندام وەرگیراوە بۆیە ئەندامە لە سەندیکا بەڵام دوایی تەزویرێکی کردووە، یان غەشێکی کردووە دەرچوو یەکێک لە مەرجەکانی تێدا نییە ئەو کاتە (ابطال الانتماء) دەکرێت، (بعد القبول ابطال الانتماء)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئەوە پێویستی بە ماددەیەکی یاسایی نییە ئەوە خەلەلە لە مەرجەکانی ئەندامێتی، ئەوە دەرئەنجامە. ئەگەر یەکێک بڕوانامەیەکی ساختەی هێنابێ ئەو کاتە دەدرێتە دادگاش.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەی یاسا وایە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بۆچی بۆ سەندیکای هونەرمەندان و کشتوکاڵیەکان داتان نەنا؟. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەست لەو بڕگەیە ئەوەیە ئەوانەی کە بوونەتە ئەندام بۆ نموونە کەسێک داواکاری پێشکەش کردووە، ئەنجومەنیش وەریگرتووە، شەش مانگ یان ساڵێکی بەسەردا تێپەر بووە نابێ ئەنجومەن دەسەڵاتی لە یاسادا هەبێت ئیقراری قەیدی بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم مەرجەکانی ئەندامێتی دانراوە (١، ٢، ٣) ئەوە (مخله) چ پێویستی پێی هەیە، ئەمە دەرئەنجامە، یانی کابرا ساختەی کردووە ئەوە دەدرێتە دادگا پێویست ناکات ماددەیەک هەبێت.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ یاسا دەسەڵات بداتە ئەنجوومەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دوایەتی دەڵێت مەرجەکانی ئەندامێتی (١، ٢، ٣، ٤، ٥) ئەم کابرایە فێڵی کردووە.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مەرجەکانی ئەندامێتی لە (اثناء النظر)ە کە یەکەم جار لە (اثناء النظر)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە بۆ سەندیکای هونەرمەندان بۆ واتان نەکرد؟، لە سەندیکای کشتوکاڵیەکان بۆ واتان نەکرد؟، بۆچی تەنیا بۆ ئەم سەندیکایە وا دەکەن؟.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لەوێ هەڵە کراوە نابێت لێرەش هەڵە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

هەڵە نییە من ناڵێم هەڵەیە، لێرەدا پێشنیارێک هەیە دەڵێت ئەمە زیادە، چونکە لە مەرجەکانی ئەندامێتی (١، ٢، ٣)ی تێدا نییە ئەو کابرایە فێڵی کردووە ئەمە تاوانە، ئەمە چ پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە کابرایەک (انتحالی) کردووە گوتویەتی من دەرچووی کۆلیژی جیۆلۆجیم درۆش دەکات هەموو بەڵگەیەک ئەمە دەسەلمێنێت بڵێم من یاسا ڕێگام نادات ڕەوانەی دادگای بکەم.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر لە یاسای سەندیکا نەبێت دەسەڵاتی نابێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ بەپێی مەرجەکانی ئەندامێتی ئەو کابرایە فێڵی کردووەو مەرجەکانی ئەندامێتی خەلەلی تێدایە، ئێرە هۆڵی دادگا نییە بۆئەوەی بەرگری لە تاوانکار بکەین. ئەمە مەرجی ئەندامێتی تێدا نییە بەپێی ئەوەی مەرجی تێدا نییە ئەوا ئەندامێتی هەڵدەوەشێتەوە. لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا لەسەر ڕای خۆیەتی ئەم برگەیە بمێنێتەوەو لێک نەدرێت لەگەڵ برگەکانی تر، ئەو برگانەش وەکو خۆی بمێنێتەوەو ببێتە (١، ٢، ٣، ٤) پاش ئەو دوو هەموارکردنە ئەم دوو پێشنیارەی لیژنەی یاسا کرا، بەڵام لێرە (قطعیا) بکرێت بە (قرار المحكمة قطعيا و باتاً)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئێمە گرفتێکمان لەگەڵ لیژنەکانی خۆمان دا هەیە، لیژنەکانی ئێمە لەبەر ئەوەی بەدروستی بە کاری خۆیان هەڵناستن موتابەعەیان کەمە و من ئەم ڕەخنەیان ڕووبەڕوو لێ دەگرم سەیر بکەن تەنها یەک ماددەیەو بە هەمان شێوەیەو ئەبێ لە سەندیکایەک بۆ سەندیکایەکی تر جیاوازی هەبێت، حەز دەکەم بزانن ئێمە یاسادانەرین (مشرعین)، باشە ئەگەر مرۆڤێکی بێ لایەن سەیری بکات ناڵێت ئەمانە چی دەکەن؟ لەم سەندیکایە مەرجت بۆ داناوەو لە سەندیکاییەکی تر ئەم مەرجەت لابردووە، باشە جیاوازی نێوان سەندیکای جیۆلۆجی و ئەندازیاری کشتوکاڵ چییە؟ هەردووکیان دەرچووی کۆلیژن، جیاوازیان لەگەڵ هونەرمەند چییە؟ ئەویش دەرچووی پەیمانگایەکەو بڕوانامەکەی بەرابەرە لەگەڵ ئەوانی تر، بۆیە تکاتان لێ دەکەم تۆزێک لێرە جیاوازی لەنێوان یاسا دانەرو پارێزەرێک بکەن، کە بەرگری لە تاوانبارێک دەکات، با یاساکەمان جۆرە ڕێک و پێکییەک و هەماهەنگی تێدا هەبێت، نەک هەر یاسایێک لەم لا دوو سێ بڕگەی بۆ زیاد کەن و ئەوەی تر دوو سێ بڕگەی تری بۆ زیاد کەین، لەبەر ئەوەی نەمان زانیوە و لەوەی پێمان زانیوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ ئەم جۆرە ماددانە بگەڕێینەوە بۆ سەر دەقەکانی پێشوو ترمان کە کردوومانەو ئەگەر هەڵەن با ڕاستیان بکەینەوە و ئەگەر ڕاستیشن ئەوا با لەسەر ئەوان بڕۆین، چونکە ناکرێ بۆ مەرجی ئەندامێتی بۆ جیۆلۆجی هەبێت یان بۆ ئەندازیاری کشتوکاڵ جیاوازی هەبێت یان بۆ هونەرمەندان جیاوازی هەبێت، با جیاوازییەکە تەنها لە پسپۆرییێتی بێت نەک لە مەسائلی تر و ئەو تاوانە(جریمە)یەی کە ئێستا کاک ئیبراهیم باسی دەکات یان ئەوەی کاک محەممەد باسی دەکات و هەمان سەندیکاکانی تریش تووشی دەبنەوە، شتەکە وای لێهاتووە دەڵێی دەستوورە، کابرایەک مافی هەبێت حیلە لە ئەنجوومەنی سەندیکا بکات، بەڵام ئەنجوومەنی سەندیکا مافی نەبێت دوای ئەو هەموو بەڵگەنامانە بڵێت کاکە من دەرت دەکەم، بۆیە پێشنیارەکە ئەوەیە کە دەقەکە یەک خەن لەگەڵ جێگاکانی تر و چۆن پێشتر هاتووە با لێرەش هەر ئاوا بێتە خوارەوە، بەڵام وەکو د.ڕزگار باسی کرد کە لە یاسای سەندیکای هونەرمەندان کردووتانە بەیەک ماددە و لێرە کردووتانە بەچوار ماددە، ئەمە ئارەزووی ئێوەیە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پرۆژەی یاسای هەر سەندیکایەک ئەوا خۆیان ئەو پرۆژەیە دروست دەکەن بە ڕێگای (دیوان التدوین القانونی) و بە ڕێگای ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ ئێمە دێت و ئێمەش تێبینی خۆمانی لەسەر دەنووسین و ئەگەر یاسایێکی یەکگرتوو هەبێت بۆ هەموو سەندیکاکان ڕاستە ئەو کاتە وەکو جەنابت باست کرد دەبێ هەندێک لە ماددەکانیان وەکو یەک بن، بەڵام ئەوە بەجیا هاتووەو ئێمەش پشتگیریی لێ دەکەین و وابزانم لە سەندیکاکانی تر ئەگەر بە (صریح)یش نەبێت ئەوا

(ضمنيا ) هەر دەبێت، لەپاش ئەوە ئەگەر لێرە ئەندامێک مەرجەکانی لەدەست داو ئەنجوومەن بڕیاری (إبطال العضويه)ی دا، (ضمنا ) دیسان دەچینەوە بڕگە (٣) کە مافی تەمییز کردنەوەی هەیە، دەتوانێت لارب بوون(إعتراض) بکات لە بڕیاری سەندیکا و ئەوە (تدرجیێکی) تیادایە، ئێمە هەر لەسەر ڕای خۆمانین وەکو لیژنەی یاساو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە لەسەر ئەو جۆرە خاڵانە زۆر قسەمان کردووەو زۆریش قسان دەکەین، ئەگەر لیژنەی یاسا هەندێک زەحمەت بکێشێ و ڕۆژێکی تریشی بۆ زیاد بکات هەندێک خاڵی هاوبەش هەیە بۆ هەموو سەندیکاکان وەکو یەکە، ئەگەر هەوڵ بدات جۆرە هەماهەنگییەک دروست بکات، بۆ نمونە سەیری ئەوانەی پێشووتر بکات ئەگەر زانی وەکو یەکن ئەوا با دایبنێن و لەو بڕوایەدام کە لێرەش زۆر قسەی لەسەر ناکرێت و زۆر سەرقاڵ دەبین بەم خاڵەوە، لیژنەی یاساش دەتوانێت ئەوە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ گلەیی ئێمەش لە لیژنەکانمان هەر ئەوەیە، بۆیە من دووپات دەکەمەو بۆ لیژنەکانی خۆمان کە کاتی خۆیان بدەن بە لیژنەکانی خۆیان، کاتی خۆیان بدەن بە پرۆژەی خۆیان ئیوە متفرغن، سەیر کەن ئێمە لەسەر یەک مادده تەنها سێ ڕاپۆرتمان بۆ هاتووە، لە سێ لیژنە وە لەکاتێکدا دەکرێ هەرسێکیان دابنیشن و بەیەک ڕاپۆرت ئامادەی بکەن و ئەم هەموو کاتە لە ئێمە نەکوژن، دوو، ڕاستە سەندیکاکان بۆخۆیان دادەنیشن و بۆخۆیان یاسا تۆمار دەکەن بەڵام سەندیکا بە ئارەزووی خۆی دێت دارشتنی دەکات و بە ئارەزووی خۆی ڕای دەکێشێ و هەندێکی وەکو ئەوەی کە دەستووری دەوڵەت دروست دەکات بۆ خۆی و سەندیکایەکەو هەموو کارێک دەکات، ئەوان مافی خۆیانە چی دەکەن، بەڵێ بۆ قازانجی خۆیان و بۆ قازانجی ئەندامی خۆیان هەموو شتیک دەکەن یان تەدوینی قانونی، دیارە زۆر جار بە فاریزەو خاڵەوە پرۆژەکانیان لە یاسایەکی حکومەتی مەرکەزیی نەقل کردووە، بەڵام لە کۆتاییشدا هەر هەمووی دێت بۆ ئێرە بۆیە ئێمە بە حوکمی شارەزایی لێرە ئەبێ دەقێکی وا دەرهێنن، هەموو ماددەکانی هەوبەش لەیەک نەکەن، سروشتییە لایەنە پسپۆڕییەکان هەندێ جیاوازییان هەبێت، یان لیژنەکانی ئێمە دارشتنی ناکات و ئەگەر لێی بپرسی دەڵێت ئەمە تدوینی قانونی ئەمەی کردووە، باشە تدوینی قانونی ئەمڕۆ لەوانەیە سی حاکم کردوویەتی و سبەی دووی تر بیکات و لەوانەیە بیروڕایان جیاواز بێت بەڵام لێرە کە سەرچاوەی بڕیارە ئەو هەماهەنگییەو ڕیکخستنە ئەبێ لە ماددەکانی ئێمەدا هەبێت و ئەگەر نا کەم و کوڕییەکی زۆر پەیدا دەبێت، گرفت نییە ڕۆژێک دوای بخەین یان دوو ڕۆژ، ئەم

پرۆژەیە ئەوە چوار پێنج مانگە هاتووە، واتە پێش پشووی خولی دووی ساڵی پار ئەمە دابەش کراوە بەسەر ئەندامان، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە من ئەندامێتی لە یاسای سەندیکای هونەرمەندان دەخوێنمەوە بەڵام ئەوان دەمجیان کردووەو کردوویانە بەیەک ماددە کە ماددە (٢٨)ە (يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى المجلس مرفقة بالوثائق اللازمة وعلى المجلس أن يبت في الطلب خلال شهر واحد من تاريخ تسجيله و في حالة الرفض عليه بيان أسبابه و لصاحب الطلب حق تمييز قرار رفض الطلب لدى محكمة التمييز خلال ثلاثين يوماً من تأريخ تبلغه وعند إنتهاء المدة المذكورة من البت فيه يعتبر مقبولاً)، واتە ئەوان لێرە دەمجیان کردووەو، گرفتەکەش لەسەر برگە (٤)ە ئەوە هەڵبوەشێتەوە یان بمێنێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەهەر حاڵ ئەمە دەهێڵینەوە بۆ لیژنەی یاسا، با ئەم ماددەیە سەر لەنوێ دارێشتنی بکرێتەوە وەکو پێشنیارێک کە بگونجێت لەگەڵ هەمان ماددەکانی یاساکانی تر لە سەندیکاکانی تردا، دەمێنێتەوە بابەتی (٤) ئیلغا بکرێت یان ئیلغا نەکرێت؟، ئەنجومەنی سەندیکا مافی ئەوەی هەبێت کە (عدم توفر الشروط) دەری بکات یان دەری نەکات لە مەرجەکانی ئەندامێتی و ئەوە پێشنیارێک هەیە کە نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە نەمێنێت؟ سوپاس، کێ لەگەڵ ئەوە نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە نەمێنێت، فەرموو کاک ئەمین.

**بەڕیز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو دەقەی کە ئێستا کاک محەمەد فەرمووی بیخەینە دەنگدانەوە بۆچی دوا بخرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەیان تەواو بووە، ماددە شەش، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السادسة: لكل جيولوجي من غير أهالي إقليم كوردستان العراق أن يكون مشاركا في النقابة إذا توافرت فيه أحكام الفقرات الثانية والثالثة من المادة الرابعة و له جميع حقوق العضو عدا حق التصويت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مشارک هەڵنەگیراوە، ماوەتەوە (لکل عضو أو مشارک فی النقابه بموجب هذا القانون) ئەوە هەڵمانەگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕگەیەمان بەتەواوەتی هەڵگرت، فەرموو کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە (مشارک) هەڵگیراوە، قسەی لەسەر ناکرێت، باشە چ زەرەری هەیە کە مشارک بمێنێت؟، کابرایەکی جیۆلۆجی لە کوردستانی ئیران بێت و ماوەیەک لێرە بێت چی تێدایە یان کابرایەکی کوردی تورکیا بێت ئیمە لەم بارەدا چ زەرەر دەکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کێ ڕێی لە سەندیکا گرتووە، کابرایەکی جیۆلۆجی لە پارچەکانی تر بێ کوردستان یان لە لەندەن یان لە پاکستان حەز دەکات با شەو و ڕۆژ بیخاتە کار کێ ڕێی لێ گرتووە؟ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوان کە لە یاسای خۆیان داناوە (مشارک)ـە و کە ئیمە هەڵمان گرت مانای ئەوەیە کە نابێت موشارەکە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە پیچەوانەوە زۆر جار میوان دێت بۆ ئێرە کە هونەرمەندە یان هەر چی بێت ئەوا بەرپرسانی ئیمە دەیبینن و لەگەڵی دادەنیشن و سیمیناری بۆ دەکەن و کەس ڕێگەی لێ نەگرتوون، کاک دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە ئیمە لە بڕگەی پێشوو (مشارکە)مان لادا لەبەر ئەوە باشترە ئێمە ئەو ماددەیە هەڵبگرین کە دەڵێ (وله جمیع حقوق العضو عدا حق التصویت) لەبەر ئەوەی ئەمە گرفتمان بۆ دروست دەکات، دوایی مەبەست تەنها کوردی کوردستانی ئێران نییە یان کوردی کوردستانی تورکیا، بەڵکو خەڵکی تریش دەگرێتەوە چونکە ئەم وشەیەی مشارکە بە ڕەهایی هاتووە و دیاری نەکراوە کێیە، ئەو دەتوانێت بانگی خەڵک بکات و ڕاوێژی پێ بکات، لێرە کە دەڵێ (من غیر أهالی) مانای ئەوەیە تەنها کوردی ئێران و تورکیا ناگرێتەوە بەڵکو خەڵکی تریش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ماددەیەکمان هەیە کە دەڵێت (مقیما فی إقلیم کوردستان العراق) لێرە هاتووە کە لە دەرەوە بێت و تەنها (مشارک) بیت و لێرەش تەنها مافی بۆ دیاری کردووەو ئەرکەکانی بۆ دیاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە مادده (٦) نەمێنێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە نەمێنێت؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، مادده حەوت، دەبێتە مادده شەش، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السادسة:

١- یستوفی بدل إنتماء للنقابة قدره (٢٥) خمسة و عشرون دینار من کل عضو و مشارك.

٢- یستحق في أول کل سنة میلادیة بدل إشتراك سنوي قدره (٢٥)خمسة وعشرون دینارا من کل عضو ومشارك ویجب دفعه قبل الیوم الاول من نیسان من کل سنة أما المقبولون الجدد فیستحق علیهم بدل الاشتراك السنوي خلال شهر واحد من إشعارهم بالقبول، وعند عدم الدفع في الموعد المحدد یزداد بدل الاشتراك السنوي خمسة دنانیر عن کل شهر أو جزء منه یتأخرون فیه عن الدفع و لاتشمل الزیادة الاعضاء والمشارکین الذین هم خارج إقلیم کوردستان العراق.

٣- یمنع من مزاولة المهنة من لم یسدد الاشتراك السنوي السابقة الی حین تسدیده ولا یحق له الاشتراك في إجتماع الهیئة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

صیاغة الفقرة الاولي من المادة السابعة علی الشکل الاتي:

١- یستوفی مبلغا قدره (٢٥) خمسة و عشرون دینارا عن بدل الانتماء للعضو المشارك.

لێرە مشارک نەما واتە ئەو داڕشتنەش نامێنێت و هەڵدەوەشێتەوە. تێبنی دووەمیش:

الفقرة الثانية من المادة (تبديل عبارة قبل اليوم الاوم من شهر نيسان) إلى قبل اليوم الاول من شهر كانون الثاني.
چونكە كاتی ئەو یاسایە دانراوە ساڵی دارایی (یەكی) نیسان بوو بەڵام ئەوە نەماوەو ساڵی دارایی (یەكی) كانوونی دووەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لیژنەی دارایی و ئابووری تێبنی هەیە، فەرمووو كاك جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەو برگەیە (وعند عدم الدفع في الموعد المحدد يزداد بدل الاشتراك السنوي خمسة دنانير عن كل شهر أو جزء منه يتأخرون فيه عن الدفع ) ئیمە وای دەبینین كە هەموو زیادە، برگە (٣)ش زیادە و پێشنیار دەكەین هەڵ بگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

وابزانم لەیاسای سەندیكایەكی تر گوتمان ئەگەر دوو ساڵ بێت و عوزری ڕەوای نەبێت ئینجا حەقی ئەوەی هەیە، ئێستا لێرە كردوومانە، ئەوە نابێت، بۆیە من دەڵێم ئەگەر دووبارە چاوپێخشاندنەوەی بكرێت زۆر چاكە، مامۆستا مەلا مەحمود فەرمو. بەڕاستی پێویستە ئەو سەندیكایە پەیرەوی ناوخۆی هەبێت، بەڕای من ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، كاك د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

برگەی دوایی كە دەڵێت (والمشاركين الذين هم خارج إقليم كوردستان العراق) كە بە شێوەیەكی ڕەها هاتووە بۆیە من پێشنیار دەكەم هەموار بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

برگە سێ پێشنیارێك هەیە كە نەمێنێت كێ لەگەڵ ئەوەیە كە نەمێنێت؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا، پێشنیارێك هەیە لەجیاتی برگە (٣) كە لەغو كرا برگەیەكی تر دابنرێت وەكو برگەكانی تر كە (دوو ساڵ بێت و لەگەڵ عوزری مەشروع)، دەیخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا سوپاس، ئەوە لیژنەی یاسا ماددە شەشمان بەو شێوەیە بۆ دادەڕێژێ، فەرموو كاك محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

برگە سێ هەڵدەوەشێتەوە یان داڕشتنێكی تازەیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
ئەمە هەڵوەشایەوەو دەقێکی تری بۆ دادەنێین، فەرموو کاک حوسێن.
**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
المادة الثامنة:
تتألف النقابة من:
١ـ الهيئة العامة.
٢ـ مجلس النقابة.
٣ـ فروع النقابة في المحافظات والاقضية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**
مادده حەوت کە دەبێتە مادده شەش داڕشتنی بکرێتەوە، وەکو یاساکانی سەندیکای تر و ئەو دەسەڵاتە بدرێت بەلیژنەی یاسا کە سەر لەنوێ داڕشتنی بکاتەوەو، بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ماددەیەدا، بۆیە مادده شەش دوای ئەو چەند گۆڕانکارییەی کە کرا لیژنەی یاسا بۆمانی دابڕێژێتەوە، کێ لەگەڵ ئەو ڕایەیە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، بەیانی سەعات (١٠) کۆ دەبینەوە و بەلانی کەم بۆ ماددەکانی تر تکا دەکەین کە کارێکی وا بکەن لەم گفتوگۆیانە ڕزگارمان بکەن و سەیری یاسای سەندیکاکانی تر بکەنەوە، سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩)

**چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢١**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٩)

## چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢١

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢١ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(نۆیەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢١دا بەم شێوەیە بێت.***

***١- یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری یاسای (بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی بەکۆمەڵ لەناوبردنی گەلی کوردستانی عێراق).***

***٢- یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری بڕیاری تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی ژمارە (٨٥٩) لە ١٩٧٥/٨/١٠داو بڕیاری ژمارە (٣٢) لە ١٩٧٨/٥/٢٠ کە تایبەتن بە کردنە عارەبی ناوچەی سلێڤانی لە پارێزگای دهۆکداو حساب کردنی بەناوچەیەکی سەربازی حەرام کراو لە کورد.***

***٣- یەکەم خوێندنەوەی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە (٣٥٨) لە ١٩٧٨/٣/١٦ دەربارەی بە موڵک کردنی زەوی کشتوکاڵی لە ناوچەی (مزوری) سەر بە قەزای (شێخان) بە مەبەستی بەعارەب کردنی ئەو شوێنانە.***

***٤- بەردەوام بوونی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژەی یاسای سەندیکای (جیۆلۆجی)یەکانی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستان دەست پێ دەکات، دانیشتنی ژمارە (٩)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەم لە ١٩٩٩/٤/٢١دا، بەرنامەی کار چوار خاڵە، خاڵی یەکەم، یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری یاسای بزربووەکان لەهەڵمەتەکانی بەکۆمەڵ لەناو بردنی گەلی کوردستانی عێراق واتە ئەو پرۆژەیەی کە پەیوەندی هەیە بە کێشەی پاشماوەی

بێ سەرو شوێنەکان و ئەنفال کراوەکان وئەوانەی تر کە لەپرۆژەکەدا هاتووە، خاڵی دووەم یەکەم خوێندنەوەی پێشنیاری بڕیاری تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە (٨٥٩) لە ١٩٧٥/٨/١٠، وبڕیاری ژمارە (٣٢) لە ١٩٧٨/٥/٢١کە تایبەتن بە بەعەرەب کردنی ناوچەی سلیڤانی لە پارێزگای دهۆک و حساب کردنی بەناوچەیەکی سەربازی حەرام کراو لە کورد، خاڵی سێیەم خوێندنەوەی پرۆژەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە (٣٥٨) لە ١٩٧٨/٣/١٦ دەربارەی بەموڵک کردنی زەوی کشتوکاڵی لەناوچەکانی سەر بەقەزای (شێخان) بەمەبەستی بەعەرەب کردنی ئەو شوێنانە، خاڵی چواریش بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای جیولوجیەکانی کوردستان، وەکو ئاگادارن ئەو سێ خاڵەی کە ئێستاکە وەکو خوێندنەوەی یەکەم لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە دەخوێنرێتەوە لەسەر ئەوە بوو کە جەنابی سەرۆک بارزانی لە ١٩٩٩/٣/١٠دا لە کردنەوەی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەمی پەرلەمان باسی چەند خاڵێکی کرد سەبارەت بەو وەزعەی کە ئەم پرۆژانە چارەسەری دەکەن و داوای کرد بە سەقفێکی زەمەنی دیاریکراو بڕیارێکی بۆ دەربچێت وپرۆژەکان ئامادەیە و ئێستاکە ئەخوێندرێتەوە وئەدرێ بە لیژنەکانی تایبەتی هیواداریـن لیژنەکانیشمان زوو ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی لە دانیشتنەکانی ئەمجارەماندا کۆتایی بەم سێ پرۆژەیەش بێنین، ئێستا جەنابی سکرتێر ئەو سێ خاڵەی بەرنامەی کارمان وەکو خوێندنەوەی یەکەم بۆ دەخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**قانون**

**المفقودين في حملات الابادة الجماعية**

**لشعب كوردستان ـ العراق**

**رقم (  ) لسنة ١٩٩٩**

**المادة الاولى ـ** تشمل احكام هذا القانون المفقودين في الحالات التالية:

١ـ المفقودون خلال حملة تهجير الكورد الفيليين من قبل حكومة العراق المركزية سنة ١٩٨٠ ويعتبر ١٩٨٠/١٢/٣١ تاريخاً لاعلان فقدانهم وإن التحري عن مصيرهم قد استنفذت وسائله ومدته وغايته بمضي اربع سنوات على فقدانهم.

٢ـ المفقودون خلال حملة إبادة الكورد البارزانيين من قبل حكومة العراق المركزية سنة ١٩٨٣ ويعتبر ١٩٨٣/١٢/٣١تاريخاً لاعلان فقدانهم و إن التحري عن مصيرهم قد استنفذت وسائله ومدته و غايته بمضي اربع سنوات على فقدانهم.

٣ـ المفقودون خلال حملة إبادة اهالي مدينة حلبجة الشهيدة بالاسلحة الكيمياوية من قبل حكومة العراق المركزية في ١٦/٣/١٩٨٨ ويعتبر يوم الكارثة تاريخاً لاعلان فقدانهم وإن التحري عن مصيرهم قد استنفذت وسائله ومدته و غايته بمضي اربعة سنوات على فقدانهم.

٤ـ المفقودون خلال حملة الابادة المسماة بالأنفال في سنة ١٩٨٨ ويعتبر ٣١/١٢/١٩٨٨ تاريخاً لاعلان فقدانهم و إن التحري عن مصيرهم قد استنفذت وسائله و مدته و غايته بمضي اربع سنوات على فقدانهم.

٥ـ المفقودون خلال انتفاضة آذار ١٩٩١ و الهجرة المليونية التي تلتها و يعتبر ٣١/١٢/١٩٩١ تاريخاً لاعلان فقدانهم وإن التحري عن مصيرهم قد استنفذت وسائله ومدته و غايته بمضي اربع سنوات على فقدانهم.

**المادة الثانية:**

أـ يعتبر مضي المدد المنصوص عليها في المادة الاولى قرينة على موت المفقود المشمول بهذا القانون حكماً.

ب ـ إذا كانت الزوجة هي المفقودة وصدرت الحجة بوفاتها حكماً فلا يجوز لزوجها الزواج بأختها أو بمن لايجوز الجمع بينها وبين زوجته حتى يتبين مصيرها.

المادة الثالثة:ـ

أـ تصدر المحكمة المختصة حجة وفاة للمفقود المشمول بهذا القانون بناءً على طلب مقدم من احد اقربائه لحد الدرجة الرابعة بعد استحصال استشهاد من الجهة الادارية المختصة يؤيد و يحدد شمول المفقود بأحدى الحالات الواردة في المادة الاولى من هذا القانون.

ب ـ في حالة عدم وجود ذوي الشأن من الدرجات المذكورة في الفقرة(أ) فلكل ذي المصلحة أو جهة حكومية حق طلب اصدار حجة الوفاة وفق ما جاء اعلاه.

**المادة الرابعة:ـ** تكون محكمة محل إقامة طالب حجة الوفاة أو محل وجود الجهة الحكومية طالبة الحجة هي المحكمة المختصة بإصدار حجة وفاة المفقود المشمول بهذا القانون.

**المادة الخامسة:ـ** يعتبر يوم صدور حجة الوفاة تاريخاً لوفاه المفقود المشمول بهذا القانون حكماً، وعلى زوجة المفقود ان تلتزم بالعده الشهرية البالغة اربعة اشهر وعشرة ايام من تاريخ صدور الحجة.

**المادة السادسة:ـ** في حالة ثبوت تحقق حياة المفقود بعد صدور حجة وفاته فتسري بحقه احكام المادة الاولى من قانون الاحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ المعدل و الاحكام الواردة في قانون رعاية القاصرين رقم (٧٨) لسنة ١٩٨٠.

**المادة السابعة ـ**

أ ـ تخضع حجة الوفاة الصادرة بموجب هذا القانون لطرق الطعن المنصوص عليها في الفصل الثاني والمادة (٢١٦) من قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩المعدل.

ب ـ تستثنى حجة الوفاة الصادرة بموجب هذا القانون من احكام التمييز الوجوبي التي تضمنتها المادة (٣٠٩) من قانون المرافعات رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

**المادة الثامنة ـ**

١ـ يستوفي رسم قدره ديناران عن تسجيل حجة الوفاة الصادرة بموجب هذا القانون.

٢ـ تعفى حجة الوفاة الصادرة من رسم الطابع والغرامة المنصوص عليها في القوانين النافذة.

٣ـ يعفى القسام الشرعي أو القانوني المنظم استناداً لحجة الوفاة الصادرة بموجب هذا القانون من الرسوم العدلية.

**المادة التاسعة ـ** لايعمل بأي نص قانوني يتعارض واحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة ـ** على وزارة العدل و الداخلية اصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ هذا القانون كل حسب اختصاصها.

**المادة الحادية عشر ـ** على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**المادة الثانية عشر ـ** ينفذ هذا القانون من تاريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## الأسباب الموجبة

لقد كانت سياسة القهر والقمع والتصفية العرقية ضد الكورد هو النهج المتبع منذ العقود السحيقة الموغلة في القدم ولم تكن الحضارة البشرية وتطورها كفيلة بالحد منها أو إيقافها كما لم يكن لقبول الدول والحكومات الحاكمة لكوردستان في الأمم المتحدة والمنظمات الدولية الأخرى، ولا لصدور لائحة حقوق الإنسان والعهود والمواثيق الدولية الأخرى ذات العلاقة، من أثر على إلغاء هذه السياسة أو النهج أو التخفيف منها وبلغت هذه السياسة ذروتها في كوردستان العراق في العقود الثلاثة الأخيرة حين حولت كوردستان العراق إلى حقل تجارب لأسلحة الإبادة الجماعية المحرمة دولياً كأول سابقة في تاريخ البشرية تستعمل إحدى الدول سلاحاً كيمياوياً محرماً في حملة إبادة جماعية ضد شعبها، وذهب ضحيتها الآلاف وهو ما حدث في حلبچة الشهيدة، وغيرها من مناطق كوردستان، سبقتها قبل ذلك حملات تهجير واسعة للكورد الفيليين بعد أن جردوا من الوثائق التي تثبت هويتهم وأسقطت عنهم الجنسية العراقية، وأختفى الآلاف منهم، ولقد توجت حملات الإبادة هذه بحملة همجية لتصفية الكورد البارزانيين حيث أختفى فيها آلاف عديدة وتلتها حملات أكثر شمولاً وهي ما سميت بحملات

الأنفال التي طالت أكثر من(١٨٣)ألف شيخاً وإمرأة وشاباً وطفلاً، وأخيراً وليس آخراً كانت حملة إعتقال أعداد كبيرة من المواطنين وقعوا في أيدي قوات السلطة المركزية في بغداد بعد الأنتفاضة وخلال الهجرة المليونية ولم يكشف عن مصير ضحايا الحملات المذكورة لحد الآن.
وأمام هذا الواقع المرير تراكمت آلام ومعاناة من تبقى من عوائل الضحايا وأقاربهم على قيد الحياة، وكانوا أمام إشكالات قانونية وشرعية بحاجة إلى تبسيط وحل ومعالجة، ونظراً لأن الحلول القائمة بموجب القوانين النافذة تتسم بكثرة الإجراءات وطول مسالكها ولكثرة عدد الضحايا ومعاناتهم النفسية وأوضاعهم الخاصة، كانت الحاجة ماسة لتشريع قانون لتبسيط الإجراءات، ولايتعارض في نفس الوقت مع أحكام الشريعة الإسلامية والمبادئ الاساسية القانونية، ويختصر مسالك المراجعات ويبسط الإجراءات، بما يضمن تخفيف العناء والمعاناة عن ذوي الشأن، عليه شرع هذا القانون.
ئەم پرۆژەیە لەم بەڕێزانەوە هاتووە (ئەحمەد سالار، شەفیق ئەمین، محەمەد ئەمین مەولود، زاهر محەمەد، شێخ محسن، ئەکرەم عزەت، سیروان کاکەیی، عەبدولخالق زەنگەنە، مەلامحمود دێرشەوی، رەقیب حسێن مەلا، محمد تاهیر زین العابدین، ئەکرەم عاشور، مەلا هادی، سەلام کەریم خان، محەمەد سەعید یەعقوبی، مەلا تەلحە، شمائیل ننو، طە محمد طە، عثمان دزەیی، د.ناسح غەفور).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس بۆ جەنابی سکرتێر خاڵی دووەم فەرموو بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

**«قرار»**

استناداً لاحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم «٢٣» في ٧/١٠/١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني استناداً لاحكام المادة «٧١/١» من النظام الداخلي للمجلس/ المعدل، شرّع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / /١٩٩٩ مايلي:
اولاً: الغاء قراري مجلس قيادة الثورة (العراقي) المرقمين (٨٥٩ و ٣٢) الصادرين على

التوالي في ١٠/٨/١٩٧٥ و ٢٠/٥/١٩٧٨ (والمتضمنين اعتبار الاراضي الممتدة بين فيشخابور وباستكي والمحصورة بين الموصل ـ زاخو ـ وسلسلة جبل بيخير ونهر دجلة وكذلك الاراضي المحصورة بين نهر الخابور وجبل بيخير وطريق ابراهيم الخليل وفيشخابور منطقة عسكرية محرمة).

ثانياً: يعاد تسجيل عائدية الحقوق التصرفية للاراضي المشمولة بالفقرة اعلاه باسماء اصحابها كما كانت عليه قبل صدور القرارين المذكورين دون استيفاء اية رسوم قد تترتب على اعادة تسجيل حق التصرف باسمائهم.

ثالثاً: تلغى قيود تسجيل الدور السكنية المشيدة ضمن مجمعات التعريب والمسجلة باسم ابناء العشائر العربية التي تم استيطانها في المنطقة تنفيذاً لسياسة التعريب وتسجل باسم محافظة دهوك/ الادارة المحلية.

رابعاً: تستثنى من احكام هذا القرار المساحات التي اقيمت عليها الابنية والمنشآت العامة ويتم تسجليها ارضاً وبناءاً باسم الجهة التي يقررها مجلس وزراء الاقليم في حالة عدم تسجيلها باسم اية جهة حكومية في الاقليم.

خامساً: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

سادساً: ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**
**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

## الأسباب الموجبة

لقد أتخذت سياسة تغيير الواقع القومي في كوردستان العراق المنتهجة من قبل الحكومة المركزية في بغداد صوراً وأساليب شتى تراوحت بين حملات الإبادة الجماعية وسياسة الأرض المحروقة ونزع الملكية الخاصة للأرض جبراً بقوانين وقرارات أستثنائية وتحويلها إلى ملكية عامة تسجل بأسم وزارات الحكومة المركزية أو الجهات العسكرية بأعذار شتى ظاهرها المصلحة العامة والمتطلبات الأمنية أو تطوير المناطق المشمولة بالإجراءات المذكورة وحقيقتها هو تغيير الواقع القومي لها تجريد الكورد من حقهم في ملكية الأرض التي تصرفوا فيها دونما منازع على مدار آلاف السنين وتصفية حقوقهم المكتسبة فيها أباً عن جد، وقطع الرابطة التأريخية بين الكورد ووطنهم كوردستان تسهيلاً لتطبيق سياسة التعريب وتغيير الواقع القومي وحيث أن القرارين الذين تقرر إلغاءهما هما إحدى أدوات تنفيذ السياسة المذكورة عليه فقد شرع هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، خاڵی سێ یەم بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

## «قرار»

استناداً لاحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم «٢٣» في ٧/١٠/١٩٩٢وبناءاً على ماعرضه عدد قانوني من اعضاء المجلس الوطني والفقرة «١» من المادة «٦١» من النظام الداخلي للمجلس رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل شرّع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / /١٩٩٩ مايلي:

اولاً: الغاء قرار مجلس قيادة الثورة (العراقي) المرقم «٣٨٥» في ١٦/٣/١٩٧٨ المتضمن استملاك الحقوق التصرفية لقطع والمقاطعات المشمولة به وفق القوائم المرفقة بالقرار المذكور.

ثانياً: يعاد تسجيل الاراضي المشمولة بقرار الاستملاك المشار اليه بالفقرة اولاً اعلاه باسم اصحابها دون استيفاء رسوم التسجيل.

ثالثاً: يستثنى من احكام هذا القرار المساحات التي تم انشاء منشآت وابنية عامة عليها ويتم تسجيلها ارضاً وبناءاً باسم الجهة التي يقررها مجلس وزراء الاقليم في حالة عدم تسجيلها باسم اية جهة حكومية في الاقليم.

رابعاً: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

### الأسباب الموجبة

لقد أتخذت سياسة تغيير الواقع القومي في كوردستان العراق المنتهجة من قبل الحكومة المركزية في بغداد صوراً وأساليب شتى تراوحت بين حملات الإبادة الجماعية وسياسة الأرض

المحروقة ونزع الملكية الخاصة للأرض جبراً بقوانين وقرارات أستثنائية وتحويلها إلى ملكية عامة تسجل بأسم وزارات الحكومة المركزية أو الجهات العسكرية بأعذار شتى ظاهرها المصلحة العامة والمتطلبات الأمنية أو تطوير المناطق المشمولة بالإجراءات المذكورة وحقيقتها هو تغيير الواقع القومي لها تجريد الكورد من حقهم في ملكية الأرض التي تصرفوا فيها دونما منازع على مدار آلاف السنين وتصفية حقوقهم المكتسبة فيها أباً عن جد ، وقطع الرابطة التأريخية بين الكورد ووطنهم كوردستان تسهيلاً لتطبيق سياسة التعريب وتغيير الواقع القومي وحيث أن القرار الذي تقرر إلغاءه هو إحدى أدوات تنفيذ السياسة المذكورة عليه فقد شرع هذا القرار.

ئەو دوو پرۆژیە لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە هاتووە:

(سعيد محەمەد صديق هروری، محەمەد حەسەن باڵەتە، جەمیل عەبدی سندی، سەفەر محەمەد حسێن، بطرس سخريا، د. رزگار، اكرم عيزەت، د. قيس، د. سەلیم عەلی مەلۆ، مەلا مەحمود دێرشەوی).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆجەنابی سکرتێر، ئەوە ئەو سێ پرۆژە بوو کە لەلایەن هەندی یاساناسان وپسپۆڕان پاش سمینارێک بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە، کە لە پەرلەمان سازمان کرد و، ئەدرێت بە لیژنەی یاساو لیژنەکانی پەیوەندیدار، بۆئەوەی بە زووترین کات بەڵکو دەستی خۆیان سووک بکەن بە ئومێدی ئەوەی بتوانین لەو زنجیرە دانیشتنانەی ئەمجارەماندا ئەو سێ بڕیارەش لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بدرێ، چونکە کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەڵگای ئێمە چارەسەر دەکات.

دێینە سەر خاڵی چواری بەرنامەی کاری خۆمان، کە ئەویش بەردەوام بوونە لەسەر گفتوگۆکردنی پرۆژەی سەندیکای جیۆلۆجیەکانی کوردستان با لیژنەی یاساو برادەرانی تریش تەشریف بێننە ئێرە و، کەرەم کەن. وابزانم دوێنێ تا درەنگ ئیشتان لەو یاسایەدا کردووە بۆئەوەی کارەکەمان ئاسان بکەن، گفتوگۆکان تەنها بخرێتە سەر ئەو خاڵانەی کە پێویستێ با نەچینە ناو درێژەپێدانەوە تارادەی خاڵ و وێرگوڵەوە. فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده شەشیمان هەبوو کە بۆ داڕشتن دانرا بوو، ئەوا داڕشتنمان کردووەو ئامادەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەنگمان لەسەر داوە تەنها پێویستی بە داڕشتنەوە هەیە، تکایە بیخوێنەوە، ئەوە مادده (٧)ە لە پرۆژەکەدا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

١ـ يكون بدل الانتماء الى النقابة ثلاثون ديناراً.

٢- يكون بدل الاشتراك السنوي عشرين ديناراً يدفع في موعد لا يتجاوز شهر شباط من كل سنة، وإذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم (٥٠٪) من بدل الاشتراك، وإذا تأخر عن الدفع لسنتين متتاليتين بدون عذر مشروع فيشطب إسمه من سجل الاعضاء. ئەمە دارِشتنە تازەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هیچ گرفتی لەسەر نییە چونکە دەنگدانی لەسەر کراوە، بەڵام ساڵی (٢٥) دینار زۆر نییە؟.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السابعة:

تتألف النقابة من:

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الإنضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٧) لیژنەکان هیچ تێبینیان لەسەر نییە چونکە کۆکن لەسەری، بەڵام ئەگەر ناکۆکن پێمان بڵێن. کەس تێبینی لەسەر ئەم ماددەیە نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثامنة:

١- تعقد الهيئة العامة إجتماعاً إعتيادياً لغرض ممارسة إختصاصها بموجب هذا القانون خلال كل سنتين ويعين موعده بقرار من المجلس وبدعوة من النقيب ترسل بالبريد المسجل الى الأعضاء قبل موعد الإجتماع بشهر على الاقل ويذكر فيها موعد الاجتماع ومحله وجدول الاعمال وينشر في صحيفتين على الأقل.

٢- إذا لم تتخذ الإجراءات المبينة في الفقرة (١) من هذه المادة لدعوة الهيئة العامة عند مرور شهر بعد سنتين فيتولى الوزير دعوتها لتأمين إجتماعها خلال شهر واحد.

٣- تجري بالإقتراع السري انتخابات النقيب ونائبه وأعضاء المجلس وأعضاء لجنة الضبط مرة كل سنتين من قبل الهيئة العامة خلال الإجتماع العام الإعتيادي.

٤- إذا تعذر على العضو المقيم خارج مدينة أربيل حضور إجتماع الهيئة العامة فله الحق بإرسال استمارة الانتخاب بالبريد المسجل تتضمن اسماء المنتخبين وتقوم الاستمارة مقام حضوره.

راي ليژنةي يةككگرتوو.

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لإجتماع غير إعتيادي إذا إرتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة أو ثلثا أعضاء المجلس يبين فيها الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ أن يصدر الدعوة حسب الاصول الى الاعضاء وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.

٢- لا يجوز للهيئة العامة البحث في غير القضايا التي حصل الاجتماع من اجلها ما لم تكن مرتبطة بها أو متفرعة عنها. ئةمة راي ليژنةي يةككگرتوو بوو لةسةر ماددة (٩) لة پڕۆژةكةدا كة ليرة دةكاتة ماددة (٨).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەکان لەسەر ماددە (٨)؟. کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئێمە دوو ساڵمان کردووە بە سێ ساڵ، ئینجا ئەگەر بکرێتە سێ ساڵ کە هەڵبژاردن بکرێت وابزانم هەندێک ڕێکوپێک دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هەڵبژاردن نییە، ئەمە کۆبوونەوەیە. کاک حوسێن ئەگەر زەحمەت نەبێ جارێکی تر دەقەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لإجتماع غير إعتيادي إذا إرتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة أو ثلثا أعضاء المجلس يبين فيها الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ أن يصدر الدعوة حسب الاصول الى الاعضاء وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە روونە وابزانم لە یاساکانی تریش هەمان شتە. دوو گۆڕانکاری کراوەتە سەر ئەم ماددەیە:

١- (جعل السنتين ثلاث سنوات) في الفقرتين الاولى والثالثة.

٢- إلغاء الفقرة الرابعة من المشروع.

ئەم دوو گۆڕانکارییە لەسەر ئەم دەقە کراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەقەکانی تردا بگونجێت ئەوانی تر وەکو (بريد مسجل) ئیشی پەیڕەوی ناوخۆیە، یاسا ئەوەندە پەیوەندیی بەو درێژ کردنەوانەدا نییە، لەبەرئەوە تۆزێک کورت کراوەتەوە، ئەو گۆڕانکارییەش کراوە کە (٢) ساڵ کراوە بە (٣) ساڵ، بۆئەوەی لەگەڵ یاسای سەندیکاکانی تریش دا بگونجێن. ئەگەر چ تێبینی تر نییە دەیخەینە

دەنـگـدانـەوە. (جعل سنتين ثلاث سنوات في الفقرتين الاولي والثالثة) كێ لەگـەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. پێشنیاری دووەم خاڵی چوارەم هەڵبوەشێندرێتەوە ئەگەر چ تێبنی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟.. سوپاس. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. ئەو دەقەی لەلایەن لیژنەی یاساوە خوێنرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە.
کێ لەگەڵ ئەو دەقەیە کە لەلایەن لیژنەی یاساوە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ مادده (٨) پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادە العاشرە

١- يجوز دعوه الهيئه العامه لاجتماع غير اعتيادى

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پڕۆژەیە خوێنرایەوە گۆڕانکارییەکە چی بوو لەناو داڕشتنی کۆتاییدا؟، چونکە برادەران هەموویان پڕۆژەکەیان لایە، وەکو لیژنەی یاسا هیچ گۆڕنکارییەکتان کردووە لەسەر مادده (١٠)؟، یان داڕشتنتان بۆ کردۆتەوە؟.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا داڕشتنمان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە داڕشتنەکەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لإجتماع غير اعتيادي إذا إرتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة أو ثلثا أعضاء المجلس وتبين فيها الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ أن يصدر الدعوة حسب الاصول الى الاعضاء وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.
٢- لا يجوز للهيئة العامة البحث في غير القضايا التي حصل الاجتماع من اجلها ما لم تكن مرتبطة بها أو متفرعة عنها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەمە هەمان مادده نییە کە خوێندمانەوە؟. ماددەکە وەکو خۆی ماوەتەوە تەنیا (أو ثلثا اعضاء المجلس) زیاد کراوە بۆ برگە (١) ئەوانی تر پێمواییە هەمان ناوەڕۆکە شتێکی وای نییە، وابزانم لەگەڵ (٢) لێک دراوە وانییە؟.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

واتا خاڵی سێ وەکو خۆی لە پرۆژەکەدا ماوەتەوە، خاڵی یەک و دوو لێک دراوە و لە جیاتی (ثلث) (ثلثا اعضاء المجلس) زیاد کراوە. کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەکانی پەرلەمان؟. کەس نییەتی؟ کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

مادده (١١) لە پرۆژەکە، لە زنجیرەی نوێ دەبێتە مادده (١٠).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:

ئێوە تەنها گۆڕانکارییەکان بخوێننەوە، چونکە برادەران پرۆژەکەیان لەبەردەستدایە. یاخود دارشتنی کۆتایی بخوێننەوە. ئەگەر دارشتنە بڵێن دارشتمان کردووە، ئەگەریش گۆڕنکارییە پێمان بڵێن تاوەکو تێ بگەین. مادده (١٠) کە دەکاتە مادده (١١) لە پرۆژەکە دووبارەی دارشتنەوەی بۆ کراوە ئیستا لیژنەی یاسا دووبارە دارشتنەوەکەی دەخوێنێتەوە کە هەر سێ لیژنەکە لەسەری کۆکن. فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

١ـ لا يتم نصاب الهيئة العامة في الاجتماع ما لم تحضر الاكثرية المطلقة لاعضاء النقابة وإذا لم يتم النصاب فتجتمع الهيئة العامة بعد خمسة عشر يوماً من الموعد المقرر في نفس الوقت والمكان ويعتبر النصاب حاصلاً بحضور ثلث الاعضاء وعندئذ تصدر القرارات بأغلبية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي فيه النقيب.

٢ـ لا يجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة إذا كان محروماً من مزاولة المهنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

برگە (١) لە پرۆژەکەدا هاتووە (يعتبر النصاب حاصلا مهما كان عدد الحاضرين) لیژنەکان کردوویانە بە (ثلث) (ويعتبر النصاب حاصلاً بحضور ثلث الاعضاء). واتا (مهما كان) بووەتە (ثلث)، ئەوە یەک. دوو، تصدر القرارات في اجتماعات الهيئة العامة بأكثرية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي فيه النقيب. برگە (٢) وەکو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە مادده (١) و (٢) لێک دراوە تەنها (عدد الحاضرين ايا كان) کراوە بە (ثلث)، بەڵگەکەش بۆ ئەوە ئەمەیە کە لە ئەسڵا جیۆلۆجیەکان کەمن باشە ئەگەر (ای کان)یش بێت لەوانەیە دوو کەس ئامادە بن بڵێین ئەوە بۆ خۆمان کۆبوینەوە، یانی ئەو (ثلث)ە تۆزێک هەیبەت بە کۆبوونەوەکە دەدات خۆیان کەمن ئەگەر بکرێ بە (ای کان) ئەوا دوو سێ کەس ئامادە دەبن دەڵێن ئەوە ئێمە سەندیکا دروست دەکەین. کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە (ای کان) و (ثلث)ەکە هەردووکیان هەڵبگیرێن هەر کۆبونەوەی دوای (١٥) ڕۆژ بکرێت جا هەرچەندی ئامادە بن، واتا دیاری نەکرێت، چونکە (ثلث) شتێکی کەمە ئەگەر (٣٠) کەس بن ئەوا دەیان ئامادە بن و بیستیان ئامادە نەبن، بەڵام هەر ناو نەبرێت نە بکرێت بە (ایا کان) نە بکرێت بە (ثلث)، بە شێوەیەکی ئاسایی دوای (١٥) ڕۆژ کۆبوونەوەکە دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چۆن ئاسایی دەبێت ئەگەر یەک کەس یان دوو کەس ئامادە بن؟، ئێمە پێویستمان بە نیسابەکە هەیە. مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خدر کۆیخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای من وایە وەکو سەندیکاکانی تر الاكثريه بێت (ثلث) نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئێمە گرفتمان لە ئامادەبووان هەیە.

**بەڕێز مەلا هادی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا (اكثريه الحاضرين) دیاری نەکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا ئێمە بڕیار وەرناگرین، بۆ نموونە ئێمە کە داوەتمان کرد لە جاری یەکەمدا ئامادەنەبوون، دوای ئەوە جاری دووەم چەند کەس بێت تا بتوانرێ دانیشتنەکە ببێت بە ڕەسمی؟.

**بەڕێز مەلا هادی خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی ژمارەی گشتییان چەندە بۆ نموونە (٩ـ ١١) ئەگەر هاتوو لە پێنج کەس زیاتر ئامادەبوون ئەوە دەکاتە (اكثريه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد تۆزێک روونی بکەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی مەلا هادی فەرمووی ئەوە لە بڕگەی (١)دا هاتووە (لا يتم النصاب الهيئة العامة في الاجتماع ما لم تحضر الاكثرية المطلقة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا (٥٠+١) ئامادە بن لە کۆی ئەندامان.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بڕگە (٢) کردوومانە بە (ثلث) (في حالة عدم اكمال النصاب في الفقرة الاولى) لە بڕگە دوو دەبێت (ثلث) ئامادە بێت هەتاکو نیساب تەواو بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە حاڵەتی دووەم (اكثريه المطلقه) ئامادە نەبوون چەندمان پێویستە بۆ حاڵەتی دووەم کە دانیشتنەکە بکرێت؟. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حەسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها روونکردنەوەیەکم هەبوو دەربارەی ژمارەی جیۆلۆجیەکان، بەشی جیۆلۆجیا بەشێکە لە کۆلیژی زانیاری و ساڵانە قوتابیانی لێ دەردەچن، لەوانەیە ئەو ژمارەیە لە دوارۆژدا زیاد بکات، ئێستا قوتابیمان هەیە لە کۆلیژی زانست بەشی جیۆلۆجی لەوانەیە دوای دەرچوونی ئەوانە ژمارەیان زیاد دەکات، جا داوا دەکەم ئەوە رەچاو بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەسەر کەم و زیادییەکە ناکۆک نین، ئێمە لەسەر ئەوە جیاوازین کە بە پێی بڕگە (١) بڕیار دراوە (٥٠+١) لە کۆی ئەندامان ئامادەبن ئینجا ژمارەیان هەر چەند بێت ئەگەر سەد بن هەزار بن ئەوە گرفت نییە، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتی یەکەم ئامادە نەبن بۆ حاڵەتی دووەم دەبێت چەند دابنێین بۆئەوەی کۆبوونەوەکە بکەن؟ تەنیا جیاوازییەکە لەسەر ئەوەیە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنیا مەبەستم روون کردنەوە بوو کە ئەوانە بەردەوام ژمارەیان زیاد دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەكەم بكرێت بە (مهما بلغ عدد الحاضرين)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر لە یاسای سەندیكاكانی تر وامان كردووە، لەسەر یەك شێواز بڕۆین باشترە لەوەی جیاوازی بكەین لە نێوان سەندیكاكاندا. ئەگەر حەز دەكەن ئەمە دوا دەخەین دەچینە سەر ماددەیەكی تر دوایی دێینەوە دەنگی لەسەر دەدەین. كاك حوسێن فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ماددە (١١) دەكاتە ماددە (١٢) لە پرۆژەكە.

المادة الحادية عشرة:

الهيئة العامة هي اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية:

١ـ انتخاب النقيب ونائبه وسبعة اعضاء للمجلس بضمنهم عضوا الاحتياط ولجنة الانضباط.

٢ـ تصديق التقرير المالي.

٣ـ مناقشة التقرير الاداري والشؤون الاخرى وإتخاذ القرارات حولها مع اقرار الاقتراحات بشأن تعديل قانون النقابة وإقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها. ئەمە رای لیژنەی یەكگرتووە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بڕگە (١) لە پرۆژەكەدا هاتووە (انتخاب النقيب ونائبه واعضاء مجلس النقابة) ژمارەی ئەندامان دیاری نەكراوە لە پرۆژەكەدا، لە هەمواركردنەكەدا (انتخاب النقيب ونائبه وسبعة اعضاء للمجلس بضمنهم عضوا الاحتياط ولجنة الانضباط) ئێمە لێرەدا دیاریمان كردووە. بڕگە دووش لە پرۆژەكەدا دەڵێت پەسەند كردنی بوودجەی گشتی، ئێمە كردمان بە پەسند كردنی راپۆرتی دارایی (تصديق التقرير المالي)، ئەوە رای لیژنەی داراییە. ئەوانی تر هەروەكو خۆی ماوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لەو ماددەیەدا دوو گۆڕانكاری كراوە، یەك، ژمارەی ئەندامان دیاری كراوە بە (٧) ئەندام لەنێوان ئەوانیش دا ئەندامانی یەدەگ و لیژنەی بەرزەفتی (إنضباط)یش كە دەبێ هەڵیانبژێرن، دوو گۆڕانی راپۆرتی دارایی بە پەسەند كردنی بوودجە. كاك جەمیل بۆچی كراوە بە (التقرير مالی) بۆچی (میزانیە) نەبێت؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پەسند کردنی بوودجە لە مادده (١٥)دا لە ئەرکەکانی ئەنجوومەنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

روونکردنەوەیەکی ترم لەسەری هەیە. بوودجەکە خۆی ساڵانە پێشکەش دەکرێت ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجوومەنە، بەڵام ئەوە سێ ساڵە ماوەی دەورەی سەندیکا کورتە، بوودجەی ئەو سێ ساڵە لە راپۆرتی دارایی دەخوێنرێتەوە بۆ دەستەی گشتی بۆئەوەی ئاگاداریان لەسەری هەبێ و گفتوگۆی لەسەر بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر تێبینییەکی تر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. ئێستا پێشنیاری لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

مادده (١٢) دەکاتە مادده (١٣) لە پرۆژەکەدا.

المادة الثانية عشرة:

١- يتألف مجلس النقابة كالآتي:

أ- النقيب

ب - نائب النقيب.

جـ - اعضاء المجلس.

٢- ينتخب المجلس بالأقتراع السري من بين أعضائه سكرتيراً و مسؤولاً للمالية وتحدد صلاحياتهما بنظام داخلي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە پرۆژە (النقيب) روونکردنەوەی بۆ کراوە (وهو العضو الذي ينتخب لرئاسة النقابة.. الخ) ئێمە تەنیا (نقیب)مان داناوە چونکە (نقیب) لە پێناسەکان پێناسەی بۆ کراوە. هەروەها بۆ (نائب الرئیس) و (اعضاء المجلس). ئەوەی تریش ينتخب الملجس وەکو خۆی ماوەتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. تەنیا کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لە سەندیکاکانی تردا بۆ (نقیب) و ئەندامانی تر سنوات الخدمە یاخود (ممارسە)مان دانابوو بۆ نموونە یەکێکیان (١٠) ساڵ بوو ئەوەی تر (٧) ساڵ بوو وابزانم ئەگەر ئەوە هەبێت باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە (يتألف مجلس النقابة)یە، ئەنجوومەنی سەندیکا لە چ پێک دەهێنرێت؟، بەڵام ئەوەی کاک ئیبراهیم ئەفەرمووێ ئەمە لە مەرجەکانی نەقیب دادەنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەوێ هەیە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڵێ هەیە. دەبێت لە مەرجەکانی (نەقیب) دابنرێت. بەڵام ئەمە (تأليفى مجلس)ە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد هیچی تێدایە ئەگەر ئەمە لەم ماددەیە زیاد بکرێت؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هیچی تێدا نییە. بەڵام لام وایە بچێتە مەرجەکانی نەقیب باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

دەتوانن پێش ئەو ماددەیەش دایبنێن، چونکە ئەگەر تەماشا بکەن ماددە (١١) لە پرۆژەکەی ئێوەدا کە دەنگمان لەسەری دا (الهيئة العامة هي اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية: انتخاب النقيب ونائبه وسبعة اعضاء للمجلس بضمنهم عضوا الاحتياط ولجنة الانضباط). ئەوە تەواو کە ئیقرار کرا بە هەڵبژاردن بێت. دوای ئەوە مەرجەکانی نەقیب و جێگرەکەی ئەگەر حەزتان لێ بێت هی ئەندامانیش. پێشنیار هەیە کە بکرێت بە ماددەیەک پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ماددە (١٢) بدەین ئەوە ببێت بە ماددە (١٢) (مجلس النقابە) بکرێت بە ماددە (١٣). واتا لێرە لەو ماددەیەدا شتێک بۆ نەقیب زیاد بکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەتوانین ئەمە لە مادده (١٣) زیاد بکەین.

(النقیب: یشترط فیه ان یکون له ممارسة خدمة وظیفیة قدره ئەوەندە ساڵە) وابزانم لە یاساکانی تر (١٥) ساڵە ئەوەی تر (١٠) ساڵە ئەندام (٧) ساڵە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەتوانین هەر لەو ماددەیەدا جێگای بۆ بدۆزینەوە (النقیب: هو العضو الذي ینتخب لرئاسة النقابة من قبل الهیئة العامة وله خدمة لا تقل عن خمسة عشرة سنة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(١٥) ساڵ زۆرە.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ببێت بە (١٠) ساڵ. من مەبەستم ئەوەیە لێرەدا دەتوانین جێگای بۆ بکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید:ە**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵیش دامان ناوە (١٠) بە (٧) بە (٥) ساڵ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەوەی کە دیاری کرا (١٠) ساڵ و (٧) ساڵ و (٥) ساڵ وەک بلێی پاوان کرا کەسی تر مافی نییە خۆی بپاڵێوی لەوانەیە ئەوەندە خەڵکە نەبێت کە ئەسڵەن ئەوەندە خزمەتەیان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برایان دەبێ تۆزێک رەچاوی ئەو سەندیکایە بکەن، چونکە دوو تایبەتمەندی هەیە. جیولۆجین لەزانکۆکانی ئێمەدا نیە ، بۆ نمونە ماف پەروەران لە سی و چلەکانەوە هەبووە، مامۆستایان

لەمێژەوە هەیە هەروەها مهندسینیش،لەراستیدا جیولۆجیین تەمەنیان زۆر لەمێژ نییە ،بۆیە ئەگەر هەندێ رەچاوی ئەو مەسەلەیە بکەن بۆ ماوەکەی ئەگەر نەبوو لەو برگانە ماددەیەکی تر زیاد بکەین. کاک حسێن فەرموو.

**بەریز حسێن علی کمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە جیولۆجیین لەهەشتاکانەوە هەمانە،هەمانە دەرچووی سالّی هەشتایە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بابلێین هەشتا دەکات ١٩سالّ، کێ دەلێت یەکەم پۆستی دەرچوان لای ئێمە ماون لە شوێنی تر نین؟ زۆریان لەدەرەوەن،با نەقیب و جێگرەکەشی نەبێت، بەلام ئەندامان بەلانی کەمەوە بکرێ بە سێ سالّ، بۆ نمومە لە پێنجەوە تا سێ لە حەفتەوە تا پێنج واتا نەرمیەکی پێ بدەین (علی ان لایقل عن ثلاث سنوات للاعضاء )کاک محەمەد فەرموو.

**بەرێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

النقیب ویشترط فیە ان تکون لە ممارسة فعلیة لمدة لاتقل عن سبع سنوات. نائب النقیب ویشترط فیە ان تکون لە ممارسة فعلیة لمدة لاتقل عن خمس سنوات اعضاء المجلس ویشترط فیە ان تکون لە ممارسة فعلیة لمدة لاتقل عن ثلاث سنوات.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ئەو پێشنیارە هەیە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەلە؟ سوپاستان دەکەین ، کێ لەگەلّ نییە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس. ئەوەی تر دەنگدان نەبوو راوەرگرتن بوو کاک فرەنسو پێشنارێکی کرد دواتر لیژنەی یاسا پێشنیاری خۆیان سەحب کردوە هەروەک ئەوەی ئێستا بەو شێوەیە دامانە دەنگ دانەوە، تەواو بوو دەچینە ماددەیەکی تر کاک محەمەد فەرموو.

**بەرێز محەمەد حەسەن بالەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەی(٢) لە برۆژەکە (ینتخب المجلس بالإقتراع السري من بین اعضاء المجلس سکرتیراً وامیناً للصندوق علی ان تحدد صلاحیاتهم بالنظام الداخلي) ئێمە ئەمین صندوقمان کردوە بە مسئول مالی.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەسەر هەیکلی ماددەکە دەنگدانمان کرد مابۆوە ماوەکە، ئەوەشمان یەکلا کردەوە و تەواو.

**بەرێز حوسێن علی کمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددەی سێزدە کە ماددەی چواردەیەم دەکات لەپرۆژەکەدا.

١ـ (اذا شغر منصب احد اعضاء المجلس يحل محله الاحتياط)برگە ٢ش لە پرۆژكەدا وەكو خۆی دەمینێتەوە ئەوە رای هاوبەشە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەس تێبینی لەسەر ئەو پێشنیارەی لیژنەكان هەیە؟ كاك د. رزگار و كاك عبدالخالق كاك د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرە دەڵێت یەدەگ شوێنیان دەگرێتەوە حسابی بۆ نەكراوە كە چەندن نە لەماددەی یازدە و نە لەماددەی دوازدە ئەوە چارە نەكراوە لەبەر ئەوەی دیاری نەكراوە كە چەندن بەلام لە پرۆژەی پێشتر سێ ئەندامی یەدەگ هەبوون لێرە هیچ ئاماژەی بۆ نەكردوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە بدەی لەماددە یازدەدا نوسراوە (انتخاب النقیب و نائبە و سبعة اعضاء للمجلس بضمنهم عضوا الاحتیاط ولجنة الانضباط) دوو ئەندامی یەدەگ دیاری كراوە، كاك عبدالخالق فەرموو.

**بەڕێز عبدالخالق محەمەد رشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرەدا هاتووە دەڵێ(في حالة شغور مناصب جمیع اعضاء المجلس لاي سبب من الاسباب فتشكل لجنة من خمسة اعضاء یختارهم الوزیر...) یەكەم كامە وەزیر؟ دووەمیش وەزیر پەیوەندی بەسەندیكاوە هەیە پێویستە كۆبونەوەیەك بكرێت بۆ ئەم كارە.

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن: سوپاس كاك عبدوالخالق، ئەو ماددەیەمان بۆ بخوێننەوە برگە دووەكەی.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

(في حالة شغور مناصب جمیع اعضاء المجلس لاي سبب من الاسباب فتشكل لجنة من خمسة اعضاء یختارهم الوزیر وتتولى هذه اللجنة ادارة شؤون النقابة الى ان یتم انتخاب مجلس جدید ویكون لها جمیع صلاحیات مجلس النقابة، ویكون لمن ینسبه الوزیر رئیساً جمیع صلاحیات النقیب وتدعو هذه اللجنة اعضاء الهیئة العامة للاجتماع ولانتخاب مجلس جدید للمدة المتبقیة من الدورة بموعد لایتجاوز شهرین من تاریخ شغور مناصب مجلس النقابة).

بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:وابزانم ئەم برگەیە لەیاسای هیچ سەندیكایەك دا نییە، بەلام وەزیر كێیە؟ ئەوە دیارە كە وەزیری تایبەتمەندە كە مۆڵەت دەدات ، ئەوە لە پرۆژەكان هەڵمان گرت دەبوو لیژنەكانمان ئەوەیان هەڵگرتایە. كاك محەمەد فەرموو.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برگەکە دەڵێ (في حالة شغور مناصب جميع اعضاء المجلس ...) واتا نەقیب و جێگرەکەی و هەر پێنج ئەندامی وبە هەردوو ئەندامی یەدەگیشەوە ئەگەر ئەوانە هەمووی چۆڵ بوو ئەدی کێ کارو باری سەندیکا بەرێوە بیات؟ خۆناتوانن لەهەمان رۆژ هەڵبژاردن بکەن.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد سەندیکا نامینێت خەڵکێکی تر دێ داوای دەکات.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەندیکا دەمینێت بەلام شوێنی ئەندامانی ئەنجوومەن چۆڵ بووە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم فەرموو.

**بەرێز ابراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەست لێرە دەڵێ ئەگەر هەموو چۆڵ بوو وەزیر بۆ دوو مانگ دەست نیشانی پێنج ئەندام دەکات واتا (لایتجاوز عن شهرین ) واتا دەکرێ بەر لە دەست پێکردن بەدە رۆژ هەڵبژاردن بکرێ باشە ئەگەر دەستەیەک نەبێ ئەدی کێ ئەو ئامادەییە دەکات؟ وەزیریش لێرە وەزیری پیشەسازیە. سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەپێناسە کراوە، سوپاس. کاک محەمەد فەرموو.

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی جەنابی کاک سیروان فەرمووی دەستەی گشتی کێ داوەتی دەکات؟ ئەنجومەن نەماوە نەقیبیش نەماوە تاکو داوەتی دەستەی گشتی بکات. ئەو لێژنەیەی کە وەزیر دایدەنی پاش دوو مانگ داوەتی دەستەی گشتی دەکات بۆ ئەو کۆبوونەوە نائاساییە.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عبدالخاق فەرموو.

**بەرێز عبدالخاق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەست تێوەردانە لەکارو باری سەندیکا و سەندیکاش رێکخراوێکە حەق نیە هیچ وەزیرێک دەستی تێوەربدات دەستەی کشتی مافی هەیە داوای کۆبونەوە بکات بە سێیەکی ئەندامانی

لەحاڵەتێک ئەگەر هەموویان دەستیان لەکار کێشایەوە بە زەختێکی سیاسی یان بەهەر هۆیەک بێت وەزیر تەدەخول ناکات ئەوە (تەنصیبە).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەیەکمان هەیە ئەوەی دیاری کردبێ کەدەستەی گشتی مافی ئەوەی هەیە کە سێ یەکی کۆبێتەوە؟

**بەڕێز عبدالخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە چ ماددەیەک؟

**بەڕێز عبدالخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەپێشدا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە پێشنیارێکە دوایی وەلامی بدەنەوە با گفتوگۆی لەسەر بکرێ کاک ئەمین مەولود فەرموو

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەوەی کاک عبدالخالق گوتی باشە دەستەی گشتی ئەنجومەن داوا لە کێ دەکات؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق

**بەڕێز عبدالخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەو حاڵەتە دەبێ دەستەی گشتی داوا لە وەزیری ناوخۆ بکات بەو پێیەی کە خۆی لێپرسراوی مۆڵەتی کۆمەلەکانە ئەوە تەنها لەداواکەی داوا لە وەزیر دەکات دەڵێ داواتان لێ دەکەین بێت چونگە نەقیب و جێگری نەقیب و ئەنجومەن لەو مێژوە وەدەستیان لەکار کێشاوەتەوە بەچاو دێری دادوەرێک.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پشگیری کاک ئەمین دەکەم چونکە راستە سێ یەکی ئەندامانی دەستەی گشتی مافی

ئەوەیان هەیە داوای کۆبونەوەی نائاسایی بکەن بەڵام ئەو داوایە لەکێ دەکەن؟ وئەگەر لەسەر داوای کاک عبدالخالق داواکاری بدەنە وەزیری ناوخۆ باشە ئەوەش دەبێتە دەست تێوەردانێک واتا بەبێ وەزیر ناتوانن ئەو کۆبوونەوە بکەن هەر دەبیتە دەست تێوەردان، من پێم وایە ئەو برگەیە روونە هیچ نادیاریەکی تێدا نیە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عبدالخالق بەدواداچونی هەیە فەرموو

**بەڕێز عبدالخالق زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی دەستەی گشتی داوا بکات لەوەزیری تایبەتمەند و وەزیری تایبەتمەند دەست نیشان بکات، دوایی ئێمە یاسای کۆمەڵەکانمان هەیە ئەگەر بۆ ئەو یاسایە بگەڕێینەوە شتی وای تێدا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای کۆمەڵەکان لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەیەک مافی داوە بەخۆی کە چی بکات ، لەسەندیکایەکی تردا باسی ئەو شتەمان کردوە لەم بارەیەوە گوترا کە یاسای کۆمەڵەکان ئەو کێشەیەی چارە سەر کردوە، جا نازانم لێرە چۆن دەبێت؟ چونکە ئەوە یەکەم سەندیکایە کە ئەو دەقەی تێدایەو دێتە ئێرە ئەگەر کاک محەمەد بەدواداچونی نییە پێشنیارەکەی کاک عبدالخالق دەخەینە دەنگ دانەوە، تکایە کاک عبدالخالق بەتەحدید پێشنیارەکەی جەنابت چی بوو؟

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا دەکەم برگە (٢) لابېرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا دەکەی ئەو برگەیە لابېرێ و یاسای کۆمەڵەکان ئەوە چارە بکات ئەوە پێشنیارێکە. کاک ابراهیم ئەگەر بەدوا داچونێکت هەیە فەرموو

**بەڕێز ابراهیم دزغەرمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەگوێرە ئەوەی کە کاک عبدالخالق بۆی چووە وەزارەتی ناوخۆ مۆڵەتی کۆمەلەکان دەدات، بەگوێرەی یاسای کۆمەڵەکان ئەوە هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوێکە، لێرە هەڵوەشاندنەوەی سەندیکا نیە سەندیکاکە ماوە، بەلام ئەندامانی سەندیکا دەستیان لەکارەکەیان کێشاوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

روونە سوپاس. کاک فرەنسۆ

**بەرێز فـــــــرەنســـــــۆ تـۆمـــــــا هـەریری:**

**بەرێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

من پێم وایە هەر سێ لیژنە کۆکن لەسەر ئەو پێشنیارەی کە کردویانە، پێشنیارەکەش لەجێگای خۆیەتی، ئێمە گرنگیەکمان بەو سەندیکایەدا چونکە تازەیە یارمەتیمان داون ئەگەر سێیەکیان ئامادە بوون دوای پازدە رۆژ کە دانیشتنەکەیان تەواو نابی دوای ئەو ماوەیە ئەگەر سێ یەکیان ئامادە بوون با کارەکانی خۆیان بکەن ،لەبەر ئەوە ئەگەر وەزیر دیاری نەکات ئەوە لەوانەیە تا مانگێکی تر هەر بێ دەستەی سەرۆکایەتی بن، بۆیە پێشنیارەکەیان زۆر لەجێگای خۆیەتی ومن پشگیری دەکەم سوپاس

**بەرێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس کاک فرنسۆ ، پێشنیارەکەی کاک عبدالخالق دەخەینە دەنگ دانەوە،کاک عبدالخالق داوا دەکات برگە دووی ماددەی سێزدەیەم کەدەکاتە ماددەی چواردەمی پرۆژەکە هەڵبوەشێتەوە کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا، سوپاس.واتا ماددەکە وەکو خۆی دەمینێتەوە دەیخەینە دەنگ دانەوە ، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا ، سوپاس.

**بەرێز حـــــوســــێـن عـــــەلی کـــــەمـــــال:**

**بەرێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ماددەی چواردە کەدەبێتە پازدەی پرۆژەکە

اولاً/اضافة فقرة اخرى الى المادة خامسة عشرة وتكون الفقرة اولى لها وهي(اعداد وتصديق الميزانية السنوية )

ثانياً: تقرء الفقرة العاشرة كالئاتي(تأسيس فروع للنقابة في المحافظات)

ثالثاً: الغاء فقرة التاسعة من المادة.

**بەرێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەرێز مـــــحـــــەمـــــەد حـــــەســـــەن باڵـەتە**

**بەرێـز ســــــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

لیژنەکان وایان بەباش زانی کە برگەیەکی تر بۆ ماددە پازدە زیاد بکرێ و ببێتە برگەی یەکەم ئەویش (اعداد وتصديق الميزانية السنوية) ئەوە ئەنجومەن دەی کات وەهەروەها لەغو کردنی برگەی نۆیەمیش کە دەڵێت (تقرير كون الشهادات ...هتد)واتا لەماددەی چوارەم خۆی کە داوا پێشکەش دەکات خۆشی دورد کاری بەڵگەکان دەکات، ئەوە دووبارە بوونەوەیە لەگەڵ ماددەی چوارەم، ئەوەی تریش لە برگەی دەیەم کەدەلێ(تأسيس فروع للنقابە...هتد)لیژنەکان وای بەباش دەزانن کە لەدوای (والاقضيه عدا اربيل) تاکۆتایی برگەکە هەموو لابرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپای ، ئەوە پێشنیاری لیژنەکانی پەرلەمانە تێبینی لەسەر ئەو پێشنیارانە هەیە؟ باناونووسیان کەین کاک د.رزگار و کاک سیروان کاک د. فەرموو

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر برگەی چوارەم وشەی (تعیین) لێرەدا سەندیکا دای نامەزرێنێ بەڵکو کاری پێدەکات لەبەر ئەوە باشترە ئەگەر بگۆترێ (تشغیل) نەک تعین واتا (تشغیل اداریین و الخدمیین في النقابة) و برگە پێنجەم و نۆیەم هەرچەندە مامۆستا محەمەد ئاماژەی بۆ کرد هەردووکیان دەمج بکرێن جونکە بەیەکەوە گرێ دراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک د.رزگار جیاوازی نێوان تعیین و تشغیل چیە؟

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەعین ، حکومەت خەڵکی دادەمەزرێنی نەک سەندیکا

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوکانداریک دوکانێک بۆ خۆی دەکاتەوە و یەکێک بۆ خۆی دادەمەزرینی موچەی مانگانەی دەداتی.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(تعین)حکومەت داوای دامەزراندن دەکات و دای دەمەزرێنێ بەڵام سەندیکا کاری پێدەکات چونکە ئەگەر گوترا تعین ئەوە دەچێتە سەر شانی خەزێنەی دەوڵەت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی لەوێ کار دەکات یاسا باوەکان دەی گرێتەوە کاک محەمەد فەرموو

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی درزگار گوتی (تشغیل)بە کرێی رۆژانەیە واتا بە کرێ دەتوانێت چوار رۆژ کاری پێ بکات و پاش ئەوە دەتوانێ دەری بکات بەڵام کە بەردەستێک دادەمەزرێنێ مانگانە مووچەی دەداتێ جیاوازی زۆرە لەنێوان دامەزراندن و کارپێکردن و لە تەعینەکە مافی خانەنشینیش دەستەبەرەکراوە،هەتا ئەگەر فەراشیش بێت یاسای خانەنشینی دەیگرێتەوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باور ناکەم ئەوە گرفتێک بێت، کابرا دوکانێک دەکاتەوە دەتوانێت بەردەستێک بۆ خۆی

دامەزرێنێ و کەسێ کۆمپانیایەک دەکاتەوە هەزاران دادەمەزرێنی. کاک د. رزگار پێشنیارەکەی تر چی بوو؟

**د.قـــاسم مـــحـــەمـــەد قـــاسم:**

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هەردوو برگەی پێنجەم و نۆیەم هەرچەندە کاک محەمەد داوای کرد برگەی نۆیەم هەڵبگیری بەلاَم من پێشنیار دەکەم دەمج بکرێن چونکە هەردوو بەیەکەوە گرێداون.

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەریز مـحـــەمـــەد حـــەســـەن باڵـەتە**

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

جیاوازی هەیە لەنێوان پێنجەم و نۆیەم ، لە برگەی پێنجەم (النظر فی طلبات الانتماء...) ئایە وەردەگیرێ یانا ؟بەلاَم لەبرگەی نۆیەم دەڵێ (تدقیق الشهادات )لێرە تەمەشا دەکرێت ئایە متابقە لەگەڵ یاسا ؟ راستە مزوەر نییە.

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بەلاَم ئێوە داواتا کردوە کە برگەی نۆیەم لابرێ، بەوپێیەی مەرجێکە لەمەرجەکانی ئەندامیەتی .

**بەریز مـحـــەمـــەد حـــەســـەن باڵـەتە:**

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

بەڵێ ئەوە مەرجێکە لەمەرجەکانی ئەندامیەتی، کە داوا پێشکەش دەکات بروانامەکان هاوپێچ دەکرێت لەگەڵیدا ، بۆجارێکی تر دووبارەی بکەینەوە؟.

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لە برگەی یەکەم دەڵێ (العمل علی تحقیق اغراض النقابة...) باشە ئەگەر ئەنجومەن ئەو شتە نەکات چی دەکات؟ ئەوە زیاد نیە؟ کە لە پرۆژەکەدا هاتووە خۆ هەڵتان نەگرتووە

**بەریز مـحـــەمـــەد حـــەســـەن باڵـەتە:**

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

(العمل علی تحقیق اهداف...) نەوەک (اغراض) چونکە هەموو ا(غراض)ەکان کراوە بە(اهداف)

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

باشە ئەگەر هەڵی گرن زەرەری هەیە؟

**بەریز مـحـــەمـــەد حـــەســـەن باڵـەتە:**

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

نەخێر، هەروەها مانەوەشی هیچ کاری تێناکات

**بەرێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەو پێشنیارانەی لێژنەکان هەیە؟ کاک سیروان فەرموو

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبارەی راستاندنی بودجەو ئامادەکردنی بودجە ،وابزانم دەستەی گشتی دەیسەلمێنێ وئەنجومەنیش ئامادەی بودچە دەکات ، داوا دەکەم برادەران روون کردنەوەیەکمان بۆ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل

**بەڕیز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەن مانگانە دادەنیشێت، لەبەر ئەوە راستاندنی بودجە چونکە ئەندامێکی ئەنجومەن لێپرسراوی داراییە ئەرکی ئەنجوەنە، بۆیە ئەنجومەن بودجەی نوێ ئامادە دەکات ئەوە ئەرکی ئەنجومەنە، بەڵام راپۆرتی دارایی گشتی ئەوە دەستەی گشتی دەیکات

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان وابزانم روونە بەئیعتبار یەکێ لەئەندامانی ئەنجومەن بەرپرسی داراییە و کاری ئەوەیە. بۆیە ئەنجومەن خۆی ئامادەی دەکات . لێژنەکان وا راڤەی دەکەن

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من بەدواداچونێکم هەیە نازانم مەسەلەی دارایی هەر دەستەی گشتی دەیکات؟ ئەوبرادەرانەی لە سەندیکا کاریان کردوە ئەوان زیاتر شارەزاییان هەیە بۆ ئەمە دەستەی گشتی کۆدەبێتەوە چونکە پەیوەندی بەهەموو ئەندامانی سەندیکاوە هەیە، ئامادەکردن ئەنجومەن دەیکات سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جێ چای تێدایە، کاک ابراهیم

**بەڕێز ابراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەیاسای ئەنانداز‌یارانی کشتوکاڵی گوتیان دەستەی گشتی هەمووی ساڵێک کۆدەبیتەوە بۆ راستاندنی ساڵانەی دارایی لەوێوە هاتووە بۆ دەستەی گشتی نەک چەند ساڵێک کۆدەبێتەوە بەڵکو هەموو ساڵێک جارێک بۆ راستاندنی ساڵانەی دارایی کۆدەبێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دروست ترە، کاک جەمیل فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر سەندیکایەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەتا سەندیکای پارێزەرانیش، ئەنجومەنی سەندیکای

پارێزەران بوودجە ئامادە دەکات بەلاّم دەستەی گشتی کاتێ هەرسێ سالان جارێک کۆدەبیتەوە سەیری دەکات تابزانێ راستە کۆکە یان پێشێل کاری دارایی هەیە، نییە؟، تاکو تەصدیقی بکات

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم روونە، کاک سیروان پێشنیارەکەت دەخەینە دەنگ دانەوە، بۆ سەندیکاکانی تر چیمان کردوە با بۆ ئەوانیش وابکەین بۆ لەیەکتری جیایان کەینەوە .بالێژنەی یاسا چاوێکی پێدابخشێننەوە، ئەوە دەبێتە دوو ماددە دەنگ دانی لەسەر دوا دەخەین ، سوپاس برۆن بۆ ماددەیەکی تر.

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الخامسة عشرة:

تحذف عبارة موافقة المجلس من الفقرة الثانية . وەکو خۆی دەمێنێتەوە بەلاّم دەستەواژەی رەزامەندی ئەنجومەن لا دەبرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا برگەکە بخوێننەوە.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

٢- تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية الرسمية و شبه الرسمية و الاهلية والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله بموافقة المجلس تخويل بعض هذة الصلاحيات الى احد اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا پێشنیار دەکەن ئەو دەستەواژە لابرێ، ئەوە پێشنیاری لێژنەی یاسایە کەس تێبینی لەسەر هەیە؟ نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە ، کێ لەگەڵە؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە؟ سوپاس . بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەریز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

الماده السادسه عشره: رای هاوبەشی لێژنەکان بەو شێوەیە دارشتراوەتەوە.

(١- اذا شغر مركز النقيب لاي سبب كان يحل محله نائبه للمدة المتبقية واذا شغره مركز نائب النقيب شاغرا يحل سكرتير محل النقيب .

٢- إذا شغر مركز النقيب ونائبه يحل محله عضو من الاعضاء عن طريق الاقتراع السري وعلى المجلس ان يدعو الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي خلال مدة لا تزيد على شهرين لغرض انتخاب النقيب ونائبه للمدة المتبقية على ان لا تقل عن ستة اشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی لەسەر مادده (١٦)هەیە؟. نییە واتا پێشنیاری لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادە السابعە عشرە: رای یەکگرتووی لێژنەکان بەم جۆرە داڕێژراوەتەوە.

(تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء أصليين وعضوين احتياط تتنخبهم الهيئة العامة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟. نییە کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادە التاسعە عشرە:

پێشنیاری یەکگرتووی لێژنەکان ئەوەیە ئەم ماددەیە لەپرۆژەکە هەڵبوەشێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر زەحمەت نەبێ بیخوێنەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تقوم لجنة الضبط بتحقيق في الشكوى التي يحيلها اليها المجلس ولها ان تنتدب بعض اعضائها لاجراء التحقيق وتقديم تقرير بذلك.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرسێ لیژنە داوا دەکەن ئەم بەندە نەمێنێت. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە هەر سێ لیژنە پێشنیاری کردووە نەمێنێت، چونکە ئەمە ئیشی (لیژنەی ئینزباتە) لیژنەی ئینزبات خۆی لێکۆڵینەوە دەکات کە گەیشتە ئەنجامێک ڕەوانەی دادگای دەکات، لەبەرئەوە ئەم ماددەیە دەرئەنجامە ئێمە ڕامان وایە هەڵبوەشێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینییەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە الثامنە عشرە دەکاتە مادده (٢٠) له پڕۆژەکه.

تطبق احکام قانون انضباط موظفي الدولة من قبل لجنة الانضباط.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسا بۆ ئەو ماددەیە. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەربارەی مادده (٢١) لەپڕۆژەکەدا رای لیژنەی هاوبەش ئەوەیە کە ئەو ماددەیە نەمێنێ، ماددەکە دەڵێ( للجنة الانضباط احالة القضايا التي تكون جريمة الى محكمة الجزاء مع كافة التحقيقات المتيسرة لديها ولايمنع صدور الحكم بالبراءة من ان تصدر النقابة القرارات الانضباطية ضد المتهم وفق القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد ئەگەر تۆزێک روونی بکەیتەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە گوتومانە (تطبق قانون لجنة انضباط موظفي الدولة) و لەیاسای (انضباط موظفي الدولة) ئەو سزایانە هەمووی هاتووە(انذار، توبيخ، الفات نظر، احاله الى المحاكم) پێویست ناکات ئێمە ماددەیەکی تایبەتی دابنێین ئەو سزایانە دووبارە بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیاری لیژنەکان ئەوەیە کە ئەو ماددەیە نەمێنێ، چونکە دەرەنجامە (تحصيل حاصله)و لەماددەیەکی تر چارەسەر کراوە، چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە ئەو ماددەیە نەمێنێ.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثانيةوالعشرون:

پێشنیاری لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەو ماددەیە بچێتە پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٢) لەپڕۆژەکە داوا دەکەن کە بڕوات بۆ پەیڕەوی ناوخۆ واتە لێرە نەمێنێ، هیچ تێبینی

هەیە لەسەر ئەم پێشنیارەی لیژنەکان؟.. دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە ئەو ماددەیە بچێتە پەیڕەوی ناوخۆ.

**بەڕێز حسێن علی کمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددە (٢٣) پێشنیاری لیژنەی هاوبەش ئەوەیە کە ئەو ماددەیە لە پرۆژەکەدا نەمێنێ.

المادة الثالثة والعشرون:

للجنة الانضباط اصدار اي من العقوبات التالية:

١- الفات النظر.

٢- الانذار ويكون بارسال كتاب الى العضو يذكر فيه الذنب الذي ارتكبه وان هناك من الاسباب مايجعل سلوكه غير مرض بسبب ذلك ويطلب اليه عدم تكراره.

٣- المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر وبالنسبة للموظف والمستخدم يقتصر المنع على العمل خارج اوقات الدوام الرسمي وتبلغ دائرته بالقرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە لەپرۆژەکەدا ماددە ٢٣یە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە دیسان دەرەنجامە(تحصيل حاصله) لە یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت لە(قانون انضباط موظي الدولة)دا هاتووە، سزا لەوێ دیاری کراوە، بۆ لێرە دووبارەی بکەینەوە، لەوێ دەسەڵات دراوە بە لیژنەی بەرزەفتی (انضباط)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کە لەیاسای فەرمانبەرانی دەوڵەت بڕگە سێ دا نەهاتووە واتە (منع مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر) تەنها ئەو شیکردنەوەی پێویست ناکات، حەز دەکەن پێشنیارەکە بەو شێوەیە بێت (للجنة اصدار العقوبات التالية: الفات النظر، الانذار، المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر) وبەس بێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەتوانین وای لێ بکەین(للجنة الانضباط اصدار العقوبات التالية) بیکەینە یەک ماددە (بالاضافة الى العقوبات الواردة في قانون لجنة الانضباط) و بڕگەی سێ دابنێین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە دەسەڵاتی ئەنجومەنە لیژنەی بەرزەفتی سەندیکایە(المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر وبالنسبة للموظف والمستخدم يقتصر المنع على العمل خارج اوقات الدوام الرسمي وتبلغ دائرته

بالقرار) باشە ئەگەر دائیرەکەی پێویستی پێ بوو؟ دوای دەوام ئیش بکات هەر ئەویشمان هەیە؟ سبە حەقلێک ئەکەینەوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە دەڵێین ئەوەی ناوێ، ئێمە بۆ ئەوە دابنێین(المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر)؟ فەرمانبەر فەرمانبەرە سەر بە سەرۆکی فەرمانگەکەی خۆیەتی، من عەرزم کرد ووتم (بالاضافة الى العقوبات الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة للجنة الانضباط المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەقەکەمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو پێشنیارەکەی جەنابی سکرتێر بڕگەی سێ دەکەینە دەقی ماددەکە (بالاضافة الى العقوبات الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة يحق للجنة الانضباط منع المخالف من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینی نییە لەسەر ئەم ماددەیە دەیخەینە دەنگدانەوە؟ کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من روونکردنەوەیەکم هەیە یاسای بەرزەفتی(انضباطی) فەرمانبەرانی دەوڵەت لەسەر فەرمانبەران پیادە دەکرێت، بۆیە سزاکان هەر ئەو سزایانە نینە کە لەو پرۆژەیەدا هاتووە، ئەوسەندیکایە سێ سزای دیاری کردووە یەک (الفات النظر)، دوو (انذار)، سێ (المنع من مزاولة المهنة)، یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت(توبیخ)ی تێدایە هەروەها سزای تری تایبەت بە فەرمانبەر، بەڵام ئەو سەندیکایە شتێکی تایبەتی بۆ خۆی داناوە، کە لەگەڵ پیشەکەی خۆی بگونجێ، تەنها (توبیخ)ی تێدا نییە، مانای وایە نایەوێ (توبیخ)ی تێدا بێت تەنها ئەو سێ سزایە بەسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(احاله الى المحاكم) ئەگەر ئەو کەسە ( کون جريمة) حەقی لیژنەی انضباط نییە کە تحویلی دادگای بکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر تاوانێک دەربارەی ئەوە کە زانی تاوان پێک دێنێ ڕەوانەی دادگای تایبەتی دەکات، بەڵام لەنێوان ئەو سێ تاوانانە بێت ئەوە سزاکان دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی سەندیکاکانی تر ؟

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەوانیش هەموویان بەخۆیان سزاکانیان دیاری کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس پەیوەندی بە بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە نییە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەماددەیەکی پێشوودا ووتومانە (تطبيق احكام قانون انضباط موظفي الدولة) یانی دەبێت ئەویش هەموار بکرێت یاخود هەڵی بوەشێنینەوە، یان ئەو تاوانانە بۆ سەندیکا جێگیر بکەین، لەسەرەوە ووتومانە (تطبيق قانون انضباط موظفي الدولة)، ئەو سزایانەی هەموو تێدایە، یان دەبێت ئەو سزایانە لێرە هەڵوەشێندرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر فەرمانبەر نەبێت؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەیوەندیان بە فەرمانبەرەوە نییە، فەرمانبەر فەرمانگەکەی خۆی چی دەکات با بیکات، لێرە من ئەندامێکی سەندیکام سەرپێچی دەکەم، تەنها بۆ سەندیکا هاتووە، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەک کاک شێروان ووتی بەراستی ئەمە دوو شتی لێک جیاوازن، دەبێ ئێمە حەق بدەین بە لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) لەلایەنی سەندیکاوە، کابرا گەر گێرەشێوێن (مشاغب) بوو (الفات نەزەرێک) یان بۆ نموونە (انذارێکی) دەدرێتێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە گرفت نییە ئێمە مافماندا بە ماددەیەکی تر یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت بەسەر ئەمە پیادە دەبێت.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەمە بمێنێتەوە لەنێوان دەسەڵاتی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت یان دەبێت لێرە بێت.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاساش ئەوەیە، پشتگیری رای جەنابی سکرتێر دەکەم (لاعقوبة ولا جريمة الا بنص) راستە، لیژنەکان داوا دەکەن کە بڕگە سێ نەمێنێ، ئێمە ئێستا دەڵێین با ئەو ماددەیە بمێنێت، (بالاضافة الى العقوبات الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی (الفات النظر، الانذار، والمنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر). ئێستا دەقەکەمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(للجنة الانضباط منع العضو من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر کاک محەمەد وانابێ(للجنة الانضباط).

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخر بالاضافە دەیخەمە کۆتایی. واتا ماددەکە بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو خۆی بمێنێتەوە بەڵام شەرحەکان نامێنن، ئەوەی کاک محەمەد زیاد بکات.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا، ئەوەیە کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە(الفات النظر، انذاز، منع مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی ئەوەی پێشەوە چی لێ دێت؟ ، ماددەیەکی تر هەیە کە ئێستا دەنگمان لەسەردا (تطبق احکام قانون انضباط موظفي الدولة) تەئسیر ناکات ئەوە باشە، دەیخەینە دەنگدانەوە. واتە مادده (١٩) وای لێ دێ لیژنەی انضباط مافی(الفات نظر، انذار، المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر) ی هەیە، کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٤) لەپرۆژەکە:

قرارات لجنة الانضباط القابلة للطعن لدى محكمة التمييز خلال مدة (١٥) يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەپرۆژەکەدا دەڵێ مانگێک، پێشنیار کراوە بکرێت بە (١٥) رۆژ تەنها ئەو گۆڕانکارییە لەسەر ئەم ماددەیە هەیە ئەگەر چ تێبینی تر نییە لەسەر ئەمە دەیخەینە دەنگدانەوە؟ کێ لەگەڵ پێشنیارەکەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٥)ی پرۆژەکە دەکاتە مادده(٢١):

١- تدار شؤون فرع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة.

٢- تعديل سنتين الى ثلاث سنوات.

٣- تبديل المادة الحادية عشرة الى المادة العاشرة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ئەم پێشنیارە هەیە؟ فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادده (٢٥) لە پرۆژەکە لە برگە یەکدا دەڵێ( تدار شؤون فروع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة والقضاء وتمثل اللجنة النقابة في المحافظة والاقضية) کورت کراوەتەوە (الاقضيە) دوێنێ هەڵوەشاوەتەوە ونەماوە، وتبديل سنتين الى ثلاث سنوات، گۆڕینی مادده یانزده بۆ مادده(١٠) دە واتا ئەمە پێش وپاش دەخرێت، هەر ئەوەندەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟.. کێ لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟..بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده(٢٢):

للجنة الفرع الصلاحيات التالية:

١- تنفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم.

٣- اختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في المحافظات والاقضية.

٤- تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بامور الفرع الى المجلس لاتخاذ القرار بشأنها.

٥- صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته.

٦- تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض النقابة.

٧- ممارسة الصلاحيات التي يخولها اياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تێبینیمان دەربارەی ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

له برگەی سێدا دەڵێ(اختیار من یمثل النقابة في اللجان الرسمیة وغیرها في المحافظات والاقضیة) ئێمە (الاقضیە)مان هەڵگرت، (فی المحافظات) چونكە ئەو خۆی (فرعە) دەسەڵاتی چی؟ من تێ ناگەم. اختیار من یمثل النقابە فی اللجان الرسمیە، لەهەر كوێ بێت باش نییە وابێ، ئینجا لجان رسمیە حكومەت داوا دەكەن لیژنەیەكی هەبێت، لیژنەی سەندیكا دروست دەكەی لە گوند بێت لەهەر جێگایەک بێت با كراوە بێت، (وغیرها فی المحافظات والاقضیە) هەڵبگیرێت، ئەوە یەک، دووەم (تقدیم مقترحات والتوصیات الخاصة بامور الفرع الى المجلس) باشە ئەگەر ئەوە نەكات ئەی چی بكات؟ ئەمە دەرەنجام(تحصیلی حاصل) نییە، باشە دەیخەینەدەنگدانەوە كێ لەگەڵە؟ سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێكڕای دەنگ پەسەند كرا.

**بەڕێز حسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادده(٢٣) دەكاتە مادده(٢٧) لەپرۆژەكە:

تتكون مالية النقابة من المواد التالية:

١- بدلات الانتماء والاشتراك السنوية.

٢- المنح المقدمة من الجهات الرسمية وغير الرسمية.

٣- التبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء او غيرهم.

٤- ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.
٥- ارباح مطبوعات النقابة.
٦- ارباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها او قيامها.
٧- الاجور التي يقررها مجلس النقابة في احوال قيامها بالتحكيم.
٨- اجرة تاييد ملائمة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس.
٩- اجرة تستحق عن كل عقد بين منتسبي النقابة واصحاب الاعمال.
تێبینی لیژنەکان تەنها نەهێشتنی بڕگە(٧و٩)یە لە ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ بڕگە (٧و٩) دەڵێ (تتكون مالية النقابة من المواد التالية)، یەکێک لەوانە ئەگەر هاتوو تحکیم کرا ئەبێ ئەو پارانە، (٩) ( اجرة تستحق عن كل عقد بين منتسبي النقابة واصحاب الاعمال) داوایان کردووە کە ئەم دوو بڕگەیە نەمێنێ، ئەگەر هیچ تێبینی نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا. وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە .. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٢٨) لەپڕۆژەکە دەکاتە (٢٤)، ڕای لیژنەی هاوبەش ئەوەیە کەئەو ماددەیە نەمێنێ و بخرێتە پەیڕەوی ناوخۆوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٢٨) لەپڕۆژەکە لیژنەکان داوا دەکەن بڕوات بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، واتە ئەبێ لێرە نەمێنێ، ئەگەر ج تێبینی نییە لەسەر نەهێشتنی دەیخەینە دەنگدانەوە؟ پێشنیارێک هەیە دەڵێ مادام مەسەلەی پارەیە دەبێ بەندێکی یاسایی هەبێت کە سەندیکا پارە لەخەڵک وەربگرێ،کە حەقی نەبێ وەریبگرێ ئەوە شتێکی ترە، چونکە ناکرێ لە یاسا نەبێت ئەوە بچێتە پەیڕەوی ناوخۆوەکە پارە لەخەڵک وەربگرێت، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی پێشنیاری کردووە کە ئەو ماددەیە نەمێنێ، وەهەروەها لیژنەکانی هاوبەش پێشنیاریان کرد کە نەمێنێ، پێش ئێستاش لە ماددەکەی تر بڕگە (٩) لابردرا ودەنگی لەسەر درا، لەبەر ئەوە با ئەو ماددەیە بەیەکجاری نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبەستت ئەوەیە کە ئەو حەقە نەمێنێ؟، بۆ نموونە دەڵێن (اجرة تأييد ملائمة منتسبي النقابة

والاستشهادات التي يصدرها المجلس. ئەندامێکی سەندیکا داوا دەکات دەڵێ وەرە ببە بەکەفیلم بە دە هەزار دینار لەفلان بابەت دێت پشتگیری دەکات پارە بەنەقابەش بدات ئەوە ولەوێش دەبێ روسوم بدات، من تێ ناگەم بۆ بیکەین بە گرفت؟، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە دیاریکراوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەکانی پێشوو (اجرة تأييد ملائمة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس). بەلام تەنها برەکە لێرە دیاری دەکات کە دەڵێ بچێ بۆ پەیڕەو پەیڕەوەکە برەکە دیاری دەکات چەندە، خۆی درێژەپێدانەکەی تیایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(کفالە) یان (ملک) ئەگەر بیخوێنینەوە دەڵێ: ١- يكون اجرة تأييده ملائمة منتسبي النقابة في الكفالات بينهم وبين اصحاب العلاقة كما يلي:

أ- دينار عن كل مائة دينار من مبلغ الكفالة او اجر منتسب النقابة وتعتبر اجزاء المائة دينار بمثابة مائة دينار.

ب- لايقل الاجر عن (٢٥) خمسة وعشرون دينارا ولا يزيد على مائتي دينار.

٢- تقتصر الكفالات على الامور التالية:

أ- كفالة منتسب النقابة المالية لزوجة واولاده ووالديه واخوته مهما كان مبلغهما.

ب- الكفالات المالية عن الغير على ان لاتتجاوز مبلغ خمسة الاف دينار.

ج- يعود تقدير ملائمة منتسب النقابة لمجلس النقابة ويؤيدها النقيب.

٣- دينار عن كل مائة دنانير من بملغ العقد المنصوص عليه في الفقرة (٩) من المادة السابعة والعشرين وتعتبر اجزاء المائة دينار بمثابة (١٠٠) مائة دينار على ان لاتقل هذة الاجرة عن (٢٥) خمسة وعشرون دينارا ولاتزيد علي (٢٠٠) مائتي دينار.

ئێستا ئەم ئەندامی سەندیکایە وەکو هاوڵاتیان یەک فلس نادات، وەکو هاوڵاتیەک بم دەچمە لای کاتب عدل عەقدەکە دەکەم دەبێ رەسم بە سەندیکا بدەم دەبێ رەسم بە کاتب عدل بدەم، گوایە سەندیکا هاوکاری ئەندامانی دەکات، باری گران دەکەن، بۆ ئەوانەی بەرگری لە ئەندامی سەندیکا دەکەن لێرە بەرگری ناکەن؟ ئەمە هاندانیش نییە، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ئەوە لەهیچ سەندیکایەکدا نەهاتووە کە یەکێک کەفالەتی یەکێکی تر بکات پارە وەربگرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانە جیولۆجین دەبێ هانیان بدەین سبەی نەوتمان بۆ بدۆزنەوە، ئاسن وزێرمان بۆ بدۆزنەوە، ئێوە هەر لێیان توند دەکەن. کاک عەبدولخالق فەرموو ئێوە لە مافی مرۆڤن.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم دینار و (٢٥) دینارە گشتی مل کەچە بۆ بەرزبوونەوە وهاتنەخوارەوە ئێمە چۆن یاسا دەردەکەین؟، دینار ڕۆژێک بەدۆلار ئەوەندەیە، ڕۆژێکی تر بەدیناری سویسری یان غیری سویسری ئەوەندەیە، واتا ئەمە ئیشی ئێمە نییە ئەوە هەر پەیوەندی بە ئێمەوە نییە ئەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی دابنێین یان هەڵی بوەشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک عەبدولخالق، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە کرا، پێم وایە ئەگەر قەناعەتێکی بەرەزامەندیش هەبێت زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا با کەرەم بکات.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەکانی هاوبەش ئەوەیە کە ئەم ماددەیە نەمێنێ، چونکە لەهیچ یاسایەکی تردا نییە، لەپاش ئەوەی ئەم رسومە بداتە سەندیکا وبچێت رسوماتی کاتب عدلیش بدات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجیاتی ئەوەی بڵێین وەرە ئێمە وەکو سەندیکا کەفالەتت دەکەین پێویست بەوەیە رایبکێشین، کەچی دەبێ پارەش بدات چونکە منداڵەکەی لەکۆلیژ قەبوڵ دەکرێت، چونکە لەکۆلیژیش پێویستی بەوەندە کەفالەت هەیە، پێشنیارێک هەیە دەڵێ ئەم ماددەیە هەڵوەشێندرێتەوە هیچ تێبینی هەیە لەسەر ئەمە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٩) پرۆژەکە دەبێتە مادده (٢٤):

لایجوز لمنتسب النقابة مزاولة المهنة لاول مرة الا بعد ان یقسم الیمین التالي امام النقیب او من یخوله: رای لیژنەکان ئەوەیە کە ئەو ماددەیە نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چونکە بەوگوێرەیە لە کۆلیژ لەکاتی دەرچوون هەموو دەرچوێک سوێند دەخوات، ئەگەر هیچ تێبینی

نەبێت لێرە هەڵی دەگرین؟، پێشنیار کراوە کە ئەم ماددەیە نەمێنێ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز حسێن علی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٤) دەکاتە مادده (٣٠) لە پڕۆژەکەدا:

دوو بڕگەی لێ حذف دەکرێت بەو شێوەیەی لێ دێت:

على الدوائر الرسمية و شبه الرسمية تزويد النقابة بصورة من امر تعيين الجيولوجي لديها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٣٠) لە پڕۆژەکەدا وەکو ئاگادارن سێ بڕگەیە، لێرە کراوە بەیەک بڕگەو واتە دوو بڕگەی هەڵگیراوە (١و٢) هەڵگیراوە، ئایا هیچ تێبینی هەیە لەسەر هەڵگرتنی؟ تەنها کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی. فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم، دەبێ سەندیکا مۆڵەتی بدات، چونکە ئەو کابرایە کە دەست دانەپیشە(ممارسەی مهنە)ی نەبێ نابێ بەگوێرەی یاسا ئیش بکات، خۆ سەربەخۆ ئیش ناکات؟، تاکو ئەگەر سەرپێچی یاسا بکات لیژنەی بەرزەفتی(انضباط) سزای بدات، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەو رایەدا نیم کە بڕگەی (لایجوز) بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوێنێش کاک ئیبراهیم هەمان رای هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گۆڕینی مادده(٣٠) ئەبێت بە مادده(٢٤) بەم شێوەیە ئەخوێندرێتەوە،على الدوائر الرسمية والشبه الرسمية تزويد النقابة بصورة من أمر تعيين الجيولوجي لديها. ئەگەر چ تێبینی تر نییە لەگەڵ ئەوە ئێمە ئەوەی لیژنەی یاسا ئەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵ ئەوەیە کە هەڵبوەشێتەوە وەکو لیژنەی یاسا پێشنیاری کردووە؟ سوپاس بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. لەجیاتی ئەوە مادده(٣٠) بەم شێوەی لێ دێ (على الدوائر الرسمية والشبه الرسمية تزويد النقابة بصورة من أمر تعيين الجيولوجي لديها). کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە؟ کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

المادة الحادية والثلاثون، رای لیژنەکان ئەوەیە کە هەڵبوەشێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە(٣١) لە پڕۆژە کە داوا کراوە لەلایەن لیژنەکانەوە هەڵبوەشێتەوە، کێ تێبینی لەسەری هەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟سوپاس بەتێکرای دەنگ هەڵوەشایەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماددە(٢٥) کە دەکاتە ماددە(٣٢) لەم پڕۆژەیە رای لیژنەکان ئەوەیە بچێت بۆ پەیرەوی ناوخۆ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ماددە(٣٢) لیژنەکان پێشنیاریان کردووە بروا بۆ پەیرەوی ناوخۆ کەس تێبینی هەیە لەسەر ئەو پێشنیارەی کە لەلایەن لیژنەکانەوە کراوە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا کە هەڵبوەشێتەوە.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ماددە(٣٣) لەم پڕۆژەیە دەبێتە ماددە(٢٥) هیچ رایەکی بەرهەڵستمان نییە کەئەو ماددەیە، وەکو خۆی بمێنێتەوە .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لیژنەکان هیچ تێبینیان هەیە لەسەر ماددە(٣٣) کە لەلایەن خۆیانەوە کراوە بە ماددە(٢٥)؟

**بەڕێز مەلا تاهیر محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

پێشنیارم ئەوەیە کە ئەم ماددەیە نەقل بکرێت بۆ پەیرەو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر هەمان ڕام هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەر هەمان بۆچوونم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەروام پێ پاشە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟... سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، سوپاس واتە مادە (٢٥) کە لە جێگای مادە(٣٤)ی پرۆژەکەیە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە جێگیر بوو و بە زۆربەی دەنگ پەسند کر.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مادەیە زیاد دەکرێ و ئەبێت بە مادە(٢٦): لا یعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر ئەم پێشنیارە هەیە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٢٧):

علیٰ الوزراء المختصین تنفیذ أحکام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی لەسەر مادە (٢٧)هەیە؟. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا، فەرموو:

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مادە (٢٨) ینفذ هذا القانون إعتبارا من تاریخ صدور وینشر فی الجریده الرسمیه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم مادەیە هەیە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. بەڵام دوو مادەمان مابوو ئەگەر زەحمەت نییە ئەوەشمان بۆ چارەسەر بکەن. مادە (١٥) گشتییە. ئێوە پێشنیارتان کردبوو لیژنەکانی هاوبەش برگە یەک زیاد بکرێت (إعداد وتصدیق المیزانیه) ئەوە یەک.

تیبینی دووەم برگە دوو (تقرأ الفقره العاشره کالاتی) (اقضیه) هەڵگیرا بوو. تێبینی سێیەم

هەڵوەشاندنەوەی برگەی (٩) پێشنیار کراوە و، لە برگە (١٠) (اقضیە) هاتووە، نەمێنێ، چونکە لە هەموو جێگایەک نەمایە. ئێستا برگە برگە پێیدا دێینە خوارەوە.برگە یەک پێشنیار کراوە زیاد بکرێت (إعداد تصديق الميزانيه السنويه) ئەگەر چ تێبینی نییە لەسەر ئەم پێشنیارە ئەیخەینە دەنگ دانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا و کرا بە برگە یەک. واتە برگە یەکی ئەم پرۆژەیە ئەبێت بە دوو- (العمل على تحقيق اهداف النقابة حسب ما جاء في المادة الثالثة من هذا القانون). ئەمە بمێنێ یان نەمێنێ؟.

کێ تێبینی لەسەری هەیە کە وەکو خۆی بمێنێتەوە؟. واتە وەکو خۆی دەمێنێتەوە. هەڵوەشاندنەوەی برگە (٩) کێ تێبینی لەسەری هەیە؟ کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا کە برگە (٩) هەڵبوەشێتەوە. برگە (١٠) تأسيس فروع للنقابة في المحافظات. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە . کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. وابزانم ماددە (١٠) کە (١١)ی ئەم پرۆژەیە دەنگمان لەسەری نەداوە، کاک محەمەد حەسەن باڵەتە دووبارە داڕاشتنەوەی ئەم ماددەیە چی لێهات؟ پێشنیارەک هەبوو لەباتی سێ یەک(٣/١)ی ئەندامان.

**محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێتە (اغلبيه مطلقه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا ئەگەر تێبینی لەسەر نییە ئەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الاسباب الموجبة.

حيث ان الحركة التحريرية الكوردية التي قادها الزعيم الخالد مصطفى البارزاني كان من أهدافها الحصول على حقوق الشعب الكوردي لكوردستان العراق بكافة شرائحه الاجتماعية ونظراً لأهمية النقابات المهنية وضرورة تأسيسها للنهوض بالمستوى المهني في الاقليم ولمسايرة التطورات الحضارية وتعزيزاً لمكتسباتنا المشروعة أوجب تشريع قانون نقابة الجيولوجين في الإقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاساکە دەخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ ئەم یاسایە پەسەند کرا.

پیرۆزبایی لە برا جیۆلۆجیەکان ئەکەین بە دەرچوونی ئەم یاسایە و سوپاسی ئێوەی بەڕێزیش دەکەین بۆ ئەو ماندووبوونەتان و هیوادارین ئەم یاسایە ببێتە مایەی ئەوەی کە برا جیۆلیۆجیەکانمان بە زووترین کات سەندیکای خۆیان دروست بکەن و ئەوانیش بکەونە ریزی کاروانی سەندیکاو ریکخراوەکانی کوردستان بۆ پێشخستنی ئەم کەرتە هەرە گرنگەی کۆمەڵگا و ولاتی ئێمە سوپاستان ئەکەین.

دانیشتنەکەمان لێرەدا تەواو دەبێت و بەیانی سەعات (١٠) کۆ دەبیتەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٨**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە(٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢١ی دا یاسا کاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای ژمارە(٢)ی ساڵی ١٩٩٩**
**«یاسای سەندیکای جیۆلۆجیانی کوردستان»**

**ماددەی یەکەم:**
مەبەست لەم وشانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:
١-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢- سەندیکا: سەندیکای جیولۆجییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.
٣- وەزیر: وەزیری پیشەسازی و ووزە.
٤- دەستەی گشتی: هەموو ئەو ئەندامانەی سەندیکا نوێنەرایەتییان دەکات بەگوێرەی ئەم یاسایە.
٥- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.
٦- لیژنەی بەرزەفتی: ئەو لیژنەیەی کە راسپێردراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو سکالانامانەی کە ئەنجوومەن بۆی دەنێرێت.
٧- دەست دانە پیشە: بریتیە لە دەست دانە پیشەی جیولۆجی بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی دووەم:**
لەهەرێمدا سەندیکایەک بۆ جیۆلۆجییەکان دادەمەزرێ کە ناوەندەکەی هەولێر دەبێ، خاوەنی کەسایەتی تایبەتی خۆی دەبێت و مافی ئەوەی هەیە کە لەپارێزگاکانی هەرێمدا لق بکاتەوە.

**ماددەی سێیەم:**
نەقابە کار دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجانەی خوارەوە:

١- بەشداری کردن لەپەرەپێدانی هەرێم لەبوارەکانی جیۆلۆجیدا.
٢- بەرزکردنەوەی ئاستی ئەندامەکان لەبواری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری وئابووری و بەرگریکردن لەمافەکانیان وچاودێری کردنی بەرژەوەندییەکانیان.
٣- رێکخستنی بنەماکانی دەست دانە پیشەکە.
٤- پێکهێنانی پەیوەندی وهاوکاری لەگەڵ کۆمەڵە و دەستەو سەندیکا پیشەییەکانی تر لەناو هەرێمی کوردستانی عێراق و دەرەوەی دا.
٥- کۆشش کردن بۆ دابینکردنی پاشەڕۆژی ئەندامەکان لەکاتی نەخۆشی و پیری و بێکاری دا.

**ماددەی چوارەم:**

مەرجەکانی ئەندامێتی:
١- خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق بێت و تێیدا ئاکنجی بێت.
٢- بەتاوانێکی ناسیاسی یان بەکەتنێکی ئابرو بەر حوکم نەدرا بێ.
٣- لەشەهادەی بەکالۆریۆس یان هاوتای ئەوەی لە زانستەکانی جیۆلۆجیدا کەمتر نەبێت.

**ماددەی پێنجەم:**

١- هاتنە ریزی نەقابە بە داواکارییەکی نوسراو دەبێت و پێشکەش بە ئەنجوومەنی سەندیکا دەکرێت وهاوپێچ دەبێت لەگەڵ بەڵگەنامەی پشتگیریکردن بەداخوازییەکە ودەبێت ئەنجوومەن بڕیارێک لەو بارەیەوە بدات لەماوەی یەک مانگ لەمێژووی تۆمار کردنی وئەگەر ئەو ماوەیە تێپەری بەبێ ئەوەی ئەنجوومەن لەو بارەیەوە بڕیارێک بدات ئەوا ئەمە بەدانپێدانانی رەزامەندی دادەنرێت.
٢- ئەگەر ئەنجوومەن داوکاری بە ئەندامێتی رەت کردەوە ئەوا دەبێت هۆیەکانی رەت کردنەوەکە ئاشکرا بکات.
٣- خاوەنی داوا رەتکراوەکە بۆی هەیە لەدادگای تەمییز تانە لە بڕیارەکەی ئەنجوومەن بدات، ئەمەش لەماوەی (١٥) پانزدە رۆژ لەمێژووی ئاگادار بوونەوەی لە بڕیاری رەفز کردنەوەکە و بڕیاری دادگای تەمییز بە یەک لارکەرەوە دادەندرێت.

**ماددەی شەشەم:**

١- ئابونەی چونە پاڵ سەندیکا (٣٠) سی دینارە.
٢- سالانەی بەشداربوون لەسەندیکا (٢٠) بیست دینارە، دەبێ لەمانگی شوبات تێنەپەرێ کە بدرێ لەهەموو ساڵێکدا، ئەگەر ئەندام لەکاتی دیاریکراو نەیداو دواکەوت (٥٠ ٪)ی بریتی ئەندام بونەکەی جەزا دەدرێ وئەگەر دوو ساڵی یەک بەدوای یەکیش دوا کەوت لەدانی سالانەکەی ئەوا ناوی لەتۆماری ئەندامان دەکوژێندرێتەوە.
٣- ئەوەی بریتی بەشدار بوونی سالانە نەدا نابێ دەست بداتە پیشەکەی.

**ماددەی حەوتەم:**

سەندیکا پێک دێت لە:

١- دەستەی گشتی.

٢- ئەنجوومەنی سەندیکا.

٣- لیژنەی بەرزەفتی (لجنە الانضباط).

٤- لقەکانی سەندیکا لەپارێزگاو قەزاکان.

**ماددەی هەشتەم:**

١- دەستەی گشتی کۆبوونەوەیەکی ئاسایی دەبەستێت بەمەبەستی کارپێکردنی پسپۆریەتەکەی بەگوێرەی ئەم یاسایە لەماوەی هەر (٣) سێ ساڵ جارێک بە بڕیاری ئەنجوومەن، وە نەقیب بەپۆستی تۆمار کراو بانگهێشتەکە دەنێرێت بۆ ئەندامەکان بەلای کەمەوە مانگێک پێش ڕۆژی کۆبوونەوەکە وتێیدا ڕۆژی کۆبوونەوەکە و شوێنەکە وخشتەی کارەکانی باس دەکرێت وبەلای کەمەوە لەدوو ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە.

٢- ئەگەر ئەو پرۆسانەی لەبڕگەی (١)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە پەیڕەو نەکران بۆ بانگهێشتی دەستەی گشتی تا تێپەڕینی مانگێک بەسەر ئەو دوو ساڵەدا ئەوا وەزیر هەڵدەستێت بە بانگهێشتی ئەندامان بۆ دابین کردنی کۆبوونەوەکە لەماوەی مانگێکدا.

٣- هەڵبژاردنی نەقیب و جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجوومەن و ئەندامانی لیژنەی چەسپاندن هەر (٣) سێ ساڵ جارێک لەلایەن دەستەی گشتی لەماوەی کۆبوونەوەی گشتی ئاساییدا دەکرێت.

**ماددەی نۆیەم:**

١- دەکرێ دەستەی گشتی بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بانگهێشت بکرێت گەر سێ یەکی ئەندامانی دەستەی کشتی یان دوو سێ یەکی ئەندامانی ئەنجوومەن ویستیان ئەو کۆبوونەوەیە بکرێت، هۆکاری پێویستی کۆبوونەوەکە بەدیار دەخرێت، ئەو کاتە بەگوێرەی ئوسوڵ ئەنجوومەن لەسەریەتی کە بانگهێشتی ئەندامان بکاو لەماوەی یەک مانگ لەمێژووی تۆمار کردنی داواکارییەوە کاتی کۆبوونەوەکە دیاری بکات.

٢- دەستەی گشتی نابێ لە غەیری ئەو کێشانە بکۆڵێتەوە کە کۆبوونەوەیان لەپێناودا کراوە، ئەگەر پێوەیان پەیوەست نەبن یان لەوانەوە لق وپۆپیان لێ نەبوبێتەوە.

**ماددەی دەیەم:**

١- ڕادەی یاسایی (نصاب)ی دەستەی گشتی لەکۆبوونەوەدا تەواو نابێ ئەگەر زۆرینەی ڕەها لە ئەندامانی سەندیکا ئامادە نەبن، ئەگەر (نصاب)یش تەواو نەبوو دەستەی گشتی دوای پانزدە ڕۆژ لەکاتی دیاری کراودا کۆ دەبێتەوە لەهەمان کات و شوێندا، (نصاب)یش بەتەواو دادەندرێ ئەگەر سێ یەکی

ئەندامـان ئامـادە بن، ئەو کـاتە بڕیار بەزۆرینەی دەنگی ئامـادە بووان دەردەچێ، ئەگەر دەنگەکانیش یەکسان بوون بەو لایەنەدا دەلەنگێ کە نەقیبی لەگەڵدایە.

٢- نابێ ئەندام بەشـداری کـۆبوونەوەکـانی دەسـتـەی گـشـتی بکات ئەگـەر بێ بەش کرابوو لەدەست دانە پیشە.

**ماددەی یانزدەم:**

دەستەی گشتی بالاترین دەسەلاتە لە سەندیکاداو ئەم دەسەلاتانەی هەیە:

١- هەڵبژاردنی نەقیب و جێگرەکەیی وحەوت لەئەندامانی ئەنجوومەن بەدوو ئەندامی یەدەگ و لیژنەی بەرزەفتی پشەوە.

٢- راستاندنی راپۆرتی دارایی.

٣- گـفـتـوگـۆ کـردن لەسـەر راپۆرتی کـارگـێـڕی کـاروبـارەکـانـی تر و بڕیار وەرگـرتن لەبارەیانەوە.

٤- بەبڕیار کردنی پێشنیـارەکان سەبارەت بەهەموارکردنی یاسای سەندیکاو بە بڕیار کردنی لائیحەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و هەموار کردنەکانی.

**ماددەی دوانزدەم:**

١- ئەنجوومەنی سەندیکا بەم شێوەیەی خوارەوە پێک دێت:

أ- نەقیب: مەرجە کە ماوەی دەست دانە پیشەی لەحەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

ب- جـێگری نەقـیب: دەبێ مـاوەی دەست دانە پیـشـەیان لە (٥)پێنج سـاڵ کـەمـتـر نەبێ.

ج- ئەندامانی سەندیکا: دەبێ ماوەی دەست دانە پیشەی لەسێ ساڵ کەمتر نەبێ.

٢- ئەنجوومەن بەدەنگ دانی نهێنی لەنێو ئەندامەکانی دا سکرتێرێک و بەرپرسێکی دارایی هەڵدەبژێرێت بەمـەرجـێک دەسـەلاتەکـانـیـان لەپەیڕەوی ناوخـۆدا دیاری بکرێت.

**ماددەی سێ نزدەم:**

١- ئەگەر پایەی یەکێک لەئەندامانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو یەدەگ جێگەی دەگرێتەوە.

٢- لەکاتێکدا پایەی هەمـوو ئەندامانی ئەنجـوومـەن چۆڵ بوو لەبەر هەر هۆیەک بێت ئەوا لیژنەیەک لە پێنج ئەندام پێک دێت کە وەزیر هەڵیـاندەبژێرێت و ئەم لیژنەیە بەڕێوەبردنی کــاروبـارەکــانـی ســەندیکا لە ئەســتــۆ دەگــرێت تا ئەو کــاتەی ئەنجوومەنێکی نوێ هەڵدەبژێرێت وە هەموو دەسەلاتەکانی ئەنجوومەنی سەندیکای دەبێت وە ئەو کەسەی وەزیر دەیکاتە سەرۆک هەموو دەسەلاتەکانی نەقیبی دەبێت و ئەم لیـژنەیە ئەندامـانـی دەسـتـەی گـشـتی بانگهـێشت دەکـات بۆ کـۆبـوونەوە وهەڵبژاردنی ئەنجـوومـەنێکی نوێ بۆ ئەو ماوەی لە خولەکەدا ماوە بەماوەیەک کە نابێت لەدوو مانگ زیاتر تێپەڕێ لە مێژووی چۆڵـبوونی کورسیەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا.

**ماددەی چواردەم:**

ئەنجوومەنی سەندیکا ئەم کارە پسپۆڕیانەی هەیە:

١- ئاماده كردن و راستاندنی بودجەی ساڵانە.
٢- كاركردن بۆ جێبەجێكردنی مەبەستەكانی سەندیكا بەگوێرەی مادەی سێیەم لەم یاسایە.
٣- پێشكەش كردنی پێشنیار سەبارەت بە هەمواكردنی یاساو نیزامەكانی سەندیكا بە دەستەی گشتی.
٤- جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دەستەی گشتی.
٥- دامەزراندنی بەردەستەكانی (مستخدمی) سەندیكا ودیاریكردنی كرێكانیان.
٦- سەیر كردنی داواكارییەكانی ئەندامێتی و بڕیار لە سەردانی و وەرگرتنی ئەندام وبەشدار بووەكان.
٧- دەسنیشانكردنی ئەو كەسەی نوێنەرایەتی سەندیكا دەكات لەلیژنە ڕەسمییەكان و جێگەی تردا.
٨- پێشكەشكردنی پێشنیار بۆ هەمواركردنی یاساكان سەبارەت بە پیشەی جیۆلۆجی.
٩- هەواڵە كردنی ئەو كێشەو سكالایانەی كە بۆی دێت بە لیژنە تایبەتمەندەكان.
١٠- دامەزراندی لقەكانی سەندیكا لە پارێزگاكاندا.
١١- پێكهێنانی لیژنە لاوەكییەكان بۆ ئەنجامدانی مەبەستەكانی سەندیكا.
١٢- یەك لاكردنەوەی دەست لەكاركێشانەوەی نەقیب یان هەركام لە ئەندامانی سەندیكاو لیژنەكانی.
١٣- دامەزراندنی نوێنەرەكانی سەندیكا لەو پارێزگاو قەزایانەی كەلقیان تێدا نییە.
١٤- دەسنیشانكردنی چاودێری ژمێریاری بۆ ئەنجامدانی وردبینی ساڵانە.
١٥- ڕێكخستنی كاغەزەكانی هەڵبژاردن و بەڵگەنامەكانی دیكە و سەرپەرشتیكردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.
١٦- دەرهێنانی ڕێنمایی گونجاو لەگەڵ ئەم یاسا و نیزامانەی بەگوێرەیان دەرچووە بەمەبەستی ئاسانكردنی پیادەكردنی.
١٧- بڕیاردان لەسەر خاوەندارێتی پارەو مولك (عقار) و ڕەزای بوون لەسەر قەبوڵكردنی بەخشش وپێدان.
١٨- مافی قەرزكردن و بەقەرزدان وپێشكەشكردنی هاوكاری یە داراییەكان.
١٩- دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەكانی جیۆلۆجیان بەگوێرەی یاسای كۆمەڵەكان و ئەو سیستەمانەی كە تایبەتن بەو.
٢٠- پێدانی (تخویل) هەندێك لەدەسەڵاتەكانی بە لیژنەكانی لقەكان و نوێنەرەكانی سەندیكا لە پارێزگاو قەزاكاندا.

**ماددەی پانزدەم:**

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:
١- سەرۆكایەتی كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیكا دەكات.
٢- نوێنەرایەتی كردنی نەقابە لە هەموو مامەڵەكان لەبوارەكانی قەزایی(المراجع

القضائیە) و دەستە رەسمییەکان و نیمچە رەسمییەکان و ئەهلییەکان و راستاندنی مامەڵەو بەڵگەنامە تایبەتەکانی سەندیکا و بۆی هەیە هەندێک لەم دەسەڵاتانەی ببەخشێت بەیەکێک لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی سەندیکا.

٣- پشتگیری کردنی ئەندامانی سەندیکا بۆ مەبەستەکانی کەفالەت.

**ماددەی شانزدەم:**

١- ئەگەر نەقیب بەهەر هۆیەک بێ شوێنەکەی چۆڵ بوو، جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە بمێنێتەوە، ئەگەر شوێنی جێگری نەقیب چۆڵ بوو، سکرتێر شوێنی نەقیب دەگرێتەوە.

٢- ئەگەر شوێنی پایەی نەقیب و جێگرەکەی چۆڵ بوو ئەوا یەکێک لە ئەندامە ئەسڵییەکان لەرێگای هەڵبژاردنی نهێنییەوە جێگای دەگرێتەوە.

ئەنجوومەن دەبێ دەستەی گشتی بانگهێشت بکات بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لەماوەیەک کە لەدوو مانگ زیاتر نەبێت بەمەبەستی هەڵبژاردنی نەقیب وجێگرەکەی بۆ ئەو ماوەیەی کە ماوەتەوە بەمەرجێک لەشەش مانگ کەمتر نەبێ.

**ماددەی حەڤدەم:**

لیژنەی بەرزەفتی لە سێ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ کە دەستەی گشتی هەڵیان دەبژێرێ.

**ماددەی هەژدەم:**

حوکمەکانی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت لەلایەن لیژنەی بەرزەفتییەوە دەسەپێندرێت.

**ماددەی نۆزدەیەم:**

لیژنەی بەرزەفتی بۆی هەیە هەر کام لەم سزایانەی خوارەوە دەربکات:

١- سەرنج راکێشان.

٢- ئینزار.

٣- قەدەغە کردنی دەست دانە پیشە بۆ ماوەی شەش مانگ.

**ماددەی بیستەم:**

بڕیارەکانی لیژنەی بەرزەفتی شیاوی تانە لێدانن لەلایەن دادگای پێداچوونەوە (تمییز)ی هەرێمەوە لە ماوەی پانزە رۆژ لە مێژووی ئاگادار کردنەوە بە بڕیارەکەو بڕیاری دادگاش بنبڕ دەبێت.

**ماددەی بیست و یەک:**

١ـ کاروباری لقەکانی نەقابە لەلایەن لقەکەوە لە پارێزگاکان بەڕێوە دەچێت.

٢ـ لیژنەی لق پێک دێت لە سەرۆک و چوار ئەندام کە ئەندامانی لق هەڵیاندەبژێرن و هەڵبژاردنەکە بە دەنگدانی نهێنی دەبێت و هەر سێ ساڵ جارێک و لیژنەکە لە نێو ئەندامانی دا جێگرێک بۆ سەرۆک و سکرتێرێک هەڵدەبژێرێت.

٣ـ لە کۆبوونەوە گشتییەکانی ئەندامانی لقدا هەمان پرۆسەی تایبەت بە دەستەی

گشتی پەیڕەوی دەکرێت کە لە ماددەی دەیەمی ئەم یاسایەدا ئاشکراکراوەو دەسەڵاتی هەیە ئیستقالەی سەرۆکی لیژنەی لق و ئەندامەکانی قبوڵ بکات و ئیقالەیان بکات و جێگرەوەکەیان هەڵبژێرێت بۆ ماوەی خولەکەو هەروەها پڕ کردنەوەی ئەو شوێنانەی کە بەتاڵ دەبن لە لیژنەکە.

**ماددەی بیست و دوو:**

لیژنەی لق ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:

١ـ جێبەجێ کردنی بڕیار لەسەر داواکانی دەستەی گشتی و ئەنجوومەنی سەندیکا.

٢ـ دامەزراندنی بەردەستەکان (مستخدمی) لە لق و دیاریکردنی کرێکاران.

٣ـ هەڵبژاردنی ئەو کەسەی نوێنەرایەتی سەندیکا دەکات لە لیژنە رەسمییەکاندا.

٤ـ پێشکەشکردنی پێشنیارو راسپاردەی تایبەت بە کاروباری لق بۆ ئەنجوومەن تا بڕیاری لە بارەوە بدرێت.

٥ـ سەرفکردنی خەرجی پێویست بۆ کاروباری لق لە دوو توێی بودجەکەیدا.

٦ـ پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی سەندیکا.

٧ـ (کارپێکردن)ی ئەو دەسەڵاتانەی کە ئەنجوومەنی سەندیکا پێی دەبەخشێت بە گوێرەی ئەم یاسایە.

**ماددەی بیست و سێ:**

دارایی سەندیکا لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

١ـ پارەی ئەندامێتی و بەشداری ساڵانە.

٢ـ بەخششی پێشکەشکراو لەلایەن لایەنە رەسمی و نارەسمییەکانەوە.

٣ـ بەخشین و پێدانی پێشکەشکراو لەلایەن ئەندمەکان و خەڵکی ترەوە.

٤ـ دەستکەوتی ئەو ئاهەنگانەی بۆ بەرژەوەندی سەندیکا سازدەکرێن.

٥ـ قازانجی چاپەمەنیەکانی سەندیکا.

٦ـ قازانجی ئەو پرۆژانەی سەندیا دەیەوێ دایبمەزرێنێ یان پێی هەڵدەستێت.

٧ـ کرێی پشتگیری کردنی فەرمانبەری سەندیکاو ئەو شەهادانەی ئەنجوومەن دەریدەکات.

**ماددەی بیست و چوار:**

پێویستە لەسەر فەرمانگە رەسمی ونیمچەرەسمییەکان وێنەیەک لە فرمانی دامەزراندنی جیۆلۆجی لە لای خۆیان بدەنە سەندیکا.

**ماددەی بیست و پێنج:**

ئەندامی لیژنەی ئەنجوومەن یان لیژنەی لق ئەگەر بەبێ عوزری رەوا لە سێ دانیشتنی یەک لەدوای یەک یان پێنج دانیشتنی پەرت و بڵاودا غائب بوو ئەو کاتە بەدەست لە کارکێشراوە دادەنرێت.

**ماددەی بیست و شەش:**

کار بە هیچ دەقێک ناکرێت کە هاودژ بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.

**ماددەی بیست و حەوتەم:**
دەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
**ماددەی بیست و هەشت:**
ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی رەسمیش بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکان:

ئەو جوڵانەوە ئازادیخوازییەی کە سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی پێشڕەوایەتی کرد، ئاماجی ئەوە بوو کە مافەکانی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بەهەموو چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکانییەوە بەدەستی بهێنێ، لەبەر گرنگی سەندیکای پیشەیی و پێویستی دامەزراندنی بۆ ئەوەی ئاستی پیشەیی لە هەرێم بخاتە سەر پێ و لەگەڵ پەرەسەندنی ژیاری بڕواو دەستکەوتە رەواکانی بپارێزێ پێویستی کرد کە یاسای سەندیکای جیۆلۆجیان لە هەرێمدا یاساکاری بکرێت.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## شەممە ڕێکەوتی ٢٤/٤/١٩٩٩

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠)

## شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٤

***کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٤ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجوومەن، دانیشتنی ژمارە(دەیەم)ی خولی ئاسایی یەکەمی، ساڵی (١٩٩٩)ی خۆی بەست.***

***سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، ڕادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو، ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەی بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددە (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراودا، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خۆی لە کاتژمێر (١٠) دەی سەر لە بەیانیی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٤/٢٤دا بەم شێوەیە بێت.***

***١ـ گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیاری یاسای (بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی بەکۆمەڵ لەناوبردنی گەلی کوردستانی عێراق).***

***٢ـ گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیاری بڕیاری تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی هەردوو بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی ژمارە (٨٥٩) لە ١٩٧٥/٨/١٠داو بڕیاری ژمارە (٣٢) لە ١٩٧٨/٥/٢٠ کە تایبەتن بە کردنە عارەبی ناوچەی سلێڤانی لە پارێزگای دهۆکداو حساب کردنی بەناوچەیەکی سەربازی حەرام کراو لە کورد.***

***٣ـ گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیاری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە (٣٥٨) لە ١٩٧٨/٣/١٦ دەربارەی بە موڵک کردنی زەوی کشتوکاڵی لە ناوچەی (مزوری) سەر بە قەزای (شێخان) بە مەبەستی بە عارەب کردنی ئەو شوێنانە.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکا، دانیشتنی ژمارە(١٠)ی خولی یەکەمی ساڵی هەشتەم لە ١٩٩٩/٤/٢٤دا، بەرنامەی کارمان چوار خاڵە، خاڵی یەکەم گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری یاسای بزربووەکان لەهەڵمەتەکانی بەکۆمەڵ لەناو بردنی گەلی کوردستانی عێراق، خاڵی دووەم گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیاری بڕیاری تایبەت بەهەڵوەشاندنەوەی هەردوو بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە

(٨٥٩) له ١٩٧٥/٨/١٠داو بڕیاری ژماره (٣٢) له ١٩٧٨/٥/٢٠ که تایبەتن بە کردنە عەرەبی ناوچەی سلیڤانی لە پارێزگای دهۆک دا وحساب کردنی بەناوچەیەکی سەربازی حەرام کراو لە کورد، خاڵی سێیەم، گفتوگۆ کردن لەسەر پێشنیاری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە (٣٥٨) له ١٩٧٨/٣/١٦ دەربارەی بەموڵک کردنی زەوی کشتوکاڵی لەناوچەی مزوری سەر بەقەزای (شێخان) بەمەبەستی بەعەرەب کردنی ئەو شوێنانە، پرۆژەیەکی تریشمان لەبەر دەستدایە، ئەویش مەسەلەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ژمارە (٢٣) ی کرێی (عقارات)ە، هیوادارم ئەمڕۆ یان سبەی لیژنەی یاسا بۆمان تەواو بکات تاکو پەنا بەخوا هەر لەنێوان ئەم زنجیرە دانیشتنانەی ئەنجوومەندا تەواو بێت، ئەمڕۆ لیژنەی یاسا و لیژنەکانی هاوبەش بەیەکەوە ئەو بابەتەمان بۆ تەواو بکەن باش بوو.

پێشەکی ئەمڕۆ (٢٥) ساڵ بەسەر بۆمبا باران کردنی قەڵادزێ تێدەپەڕێ، کە لە ١٩٧٤/٤/٢٤ روویدا، بەم بۆنەیەوە بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە سەرەخۆشی لەگشت شەهیدانی ئەو رووداوە دڵتەزێنە دەکەین، هیوادارین وڵاتەکەمان چیتر تووشی کارەساتی وا نەبێت وئەم یادە هاندەرمان بێت بۆ چەسپاندنی ئەو دەستکەوتانەی کە خەڵکی ئێمە لەپێناویدا خوێن و قوربانیان داوە و، جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانیش هەر بەم بۆنەیەوە وتەیەکی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەبیرەوەری بۆمبا باران کردنی شاری خۆشەویستی قەڵادزێ وتێپەڕ بوونی (٢٥) ساڵ بەسەر ئەو تاوانە گەورەیەدا، بەچاکی دەزانم کە بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرەخۆشی لەبنەماڵەی هەموو شەهیدانی قەڵادزێ بکەین و تەئکید لەوە بکەینەوە کە دوژمنانی کوردو کوردستان رۆژێک لەرۆژان واز لەجۆری هەڵس وکەوتیان ناهێنن بەرامبەر بەکوردو کوردستان.

لە ١٩٧٤/٤/٢٤دا قەڵادزێ بۆردومان کرا، لە ٢٦دا هەڵەبجە، ئەگەر لەساڵانی ٧٤ و٧٥دا بە فرۆکەو بۆمبای ناپاڵم بۆردومان کراوین ئەوا لە هەشتاکاندا بە چەکی کیمیاوی، ئەم پێشکەوتنەی کە دەیبینین پێشکەوتنێکی سامناک و ترسناکە وئەو ترسناکی وسامناکیەمان هێشتا بەرامبەرە بۆیە ئێمە لەم بارودۆخەدا لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بەیەکێتی ریزەکانمان هەیە، پێویستیمان بە پشتگیری وبەهاوکاری دۆستانمان هەیە، من لێرەدا بەم بۆنەیەوە ئەوە دووبارە دەکەمەوە ئیمڕۆ رۆژی ئاشتی و یەکێتی ریزەکانی گەلی کوردستانەو ئیمڕۆ رۆژی ئەوەیە زیاتر سوور بین لەسەر داوا کردنی هاوکاری کردن و پشتگیری کردنمان و دوورخستنەوەی ئەو مەترسیە لەسەر گەلەکەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، لیژنەی یاسا ئەگەر تەشریف بێننە سەر سەکۆ، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێـز فــــــرەنســــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن.**

من پێشنیار دەکەم بێینە سەر خاڵی دووەمی بەرنامەکەمان، سوپاس.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

باشە پێشنیارێک هەیە کە خاڵی دووەم و سێیەم پێش خاڵی یەکەم بخەین. کێ لەگەڵ ئەوەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، بۆیە لەخاڵی دووەوە دەست پێ دەکەین، ئەویش گفتوگۆ کردنە لەسەر پێشنیاری بڕیاری تایبەت بەهەڵوەشاندنەوەی هەر دوو بڕیاری ئەنجـوومـەنی سـەرکـرادیەتی شـۆڕشی عـێـراق (٨٥٩) لە ١٠/٨/١٩٧٥دا وبڕیاری ژمـارە(٣٢) لە ٢٠/٥/١٩٧٨ کـە تایبـەتن بە ناوچەی سلیـڤـانی لە پارێزگـای دهۆک و، بۆ تەعریب کردنی ئەو ناوچانە. کاتی خۆی ئەو بڕیارانە دەرچووە کە بکرێت بەناوچەیەکی سەربازی حەرام کراو لەکورد، لیژنەی یاسا با بفەرموون.

**بەڕێـز حـــــوســـێـن عــــەلی کــــەمــــال:**

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

«قرار»

استناداً لاحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم «٢٣» في ٧/١٠/١٩٩٢ وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من اعضاء المجلس الوطني استناداً لاحكام المادة «٧١/١» من النظام الداخلي للمجلس/ المعدل، شرّع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / /١٩٩٩ مايلي:

اولاً: الغاء قراري مجلس قيادة الثورة (العراقي) المرقمين (٨٥٩ و ٣٢) الصادرين على التوالي في ١٠/٨/١٩٧٥ و ٢٠/٥/١٩٧٨ (والمتضمنين اعتبار الاراضي الممتدة بين فيشخابور وباستكي والمحصورة بين الموصل ـ زاخو ـ وسلسلة جبل بيخير ونهر دجلة وكذلك الاراضي المحصورة بين نهر الخابور وجبل بيخير وطريق ابراهيم الخليل وفيشخابور منطقة عسكرية محرمة).

ثانياً: يعاد تسجيل عائدية الحقوق التصرفية للاراضي المشمولة بالفقرة اعلاه باسماء اصحابها كما كانت عليه قبل صدور القرارين المذكورين دون استيفاء اية رسوم قد تترتب على اعادة تسجيل حق التصرف باسمائهم.

ثالثاً: تلغى قيود تسجيل الدور السكنية المشيدة ضمن مجمعات التعريب والمسجلة باسم ابناء العشائر العربية التي تم استيطانها في المنطقة تنفيذاً لسياسة التعريب وتسجل باسم محافظة دهوك/ الادارة المحلية.

رابعاً: تستثنى من احكام هذا القرار المساحات التي اقيمت عليها الابنية والمنشآت العامة ويتم تسجليها ارضاً وبناءاً باسم الجهة التي يقررها مجلس وزراء الاقليم في حالة عدم تسجيلها باسم اية جهة حكومية في الاقليم.

خامساً: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

سادساً: ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا مادده بەمادده دەیخوێنینەوە بادەستی پێ بكەین مادده یەك بخوێنەوە:

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

اولاً: الغاء قراري مجلس قيادة الثورة (العراقي) المرقمين (٨٥٩ و ٣٢) الصادرين على التوالي في ١٠/٨/١٩٧٥ و ٢٠/٥/١٩٧٨ (والمتضمنين اعتبار الاراضي الممتدة بين فيشخابور وباستكي والمحصورة بين الموصل - زاخو - وسلسلة جبل بيخير ونهر دجلة وكذلك الاراضي المحصورة بين نهر الخابور وجبل بيخير وطريق ابراهيم الخليل وفيشخابور منطقة عسكرية محرمة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەم بڕگەیە، وداڕشتنەكەی زۆر باشە و مەبەستیش ئاشكرایە لەم بڕگەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟ كاك د.ڕزگار، كاك ئیبراهیم سەعید، مامۆستا مەلا محمود، سێ كەس دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بكەن، كاك د.ڕزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆمان بە بەختەوەر و سەربڵند دەزانین وەكو ئەندامێكی پەرلەمان و نوێنەری گەلی خۆمان پشكداریەك بكەین بۆ هەڵگرتنی ئاڵقەیەك لە ئاڵقەكانی زنجیرەی جینوساید لەسەر گەلی ئێمەدا ئەویش بەعارەب كردنە، كەسەدان ساڵە گەلی ئێمە ئیش وئازار دەچێژێ، بەگەرمی پشتیوانی لەوە

دەکەم تەنها یەک تێبینیم هەیە لەو بابەتەدا ئەویش چونکە بابەتەکە لەسەر تەعریب کردنەکەیە من داوا دەکەم ناوی ئەسڵی ناوچەکە دابنرێ وئەو ناوە عەرەبیانە نەمێنن چونکە فیشخابور کوردی نییە، و(پێش خابور)ە من پێشنیار دەکەم ناوی کوردی دابنرێ کە ناوی ئەسڵی ئەوانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕیاری ژمارە (٨٥٩) وبڕیاری(٣٢) ئەم بڕیارانە بڕیاری شۆڤینینە، بڕیاری دەمارگیری نەتەوەیی کۆیرانەن کە لەلایەن حکومەتی ناوەندی بەغداوە دەرچووینە، ناوچەی سلیڤانی بە بەرهەم ترین ناوچەی کشتوکاڵییە لە بادینان، میللەتی کورد کە پەرلەمانی بۆ خۆی هەڵبژارد بۆ ئەوەی دروست کرد کە دادوەری مەیسەر بکات، وئەوکەسانەی کە مافیان خوراوە مافی شەرعیان بۆ بگەڕێتەوە وبڕیارە زۆرداربیەکان هەڵوەشێنێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو بڕیارە پەسەند دەکەین وبڕیارێکی زۆر دادوەرانەیە وداوا لەوەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین کە ئەم بڕیارانەی کە هەیانە ئەوانەی بەم شێوەیەن و پەیوەندییان هەیە بە بەعارەب کردن وەکو بڕیاری(انواط الشجاعە) کە داویانە بەهەندێ کەس ئەویش بنێرن بۆ پەرلەمانی کوردستان وبڕیارێک هەیە بۆ خۆتەرخانکەرانی کشتوکاڵی کە ئەوانەی هەرێمیان بەجێ هێشتووەو رۆیشتوونەتە دەرێ چونکە مەبەست لەوە بوو کە ئەوان خۆیان سەرپەرشتی لەسەر ئەو زەویانە بکەن وپەرەی پێ بدەن بە ئێمە ئەم بڕیارە پەسەند دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە قسە کردن لە سەر بابەتەکە بێت ئەگەر چ پێشنیاری تر هەیە پاشان بیخەنەڕوو و ئێمە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیداری دەکەین، مامۆستا مەلا محمود فەرموو.

**بەڕێز مەلا محمود فندی دێرەشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی جێگای شانازی و سەربڵندی یە کە ئەو بڕیارە دەرچووە، وداخوازی میللەتی کوردو شەهیدی کوردو خێزانی میللەتی کوردە، تەنها تێبینی من وەکو تێبینی یەکەی کاک د.رزگارە لەسەر ناوی ئەسڵی (جبل بێخێر) بەراستی ناوی (چیای سپی) یە، ئەو ناوە بگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەهەموو تۆمارکراوەکانی تاپۆ وکشتوکاڵی ولە یاسای کە لە بەغدا دەرچووە ناوی فیش خابوورە،

واتە لە دامەزراندی کۆماری عێراقییەوە تاکو ئێستا هەر ئەو ناوەیە ئەوە ناوی تەعریب نییە ئەوە تەنها کورد دەڵێ (پێش خابوور) لە زمانی عەرەبی ناوی فیشخابورە، هەولێر لەرەسمی لای حکومەت هەر(اربیل)ە ئەمە مەسەلەی تەعریب نییە، ئەوەی دوایی ئەوە تەعریبە کۆمەڵگای(طائی، جبوری، حدیدی) بۆ راستکردنەوەی قسەکەی مەلا محمود کە گوتی ئەمە ناوی چیای سپی یە کە ئیستا بۆتە چیای بێخێر، چیای سپی جیاوازە لەگەڵ چیای بێ خێر، ئەمە راست هاتووە هەر ناوی چیای بێخێر بووە، لەوانەیە مەلامحمود خەڵکی زاخۆ و دەشتی سلیڤانی نییە، ناوی ئەو شوێنانە نازانێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هەر بۆ زانیاری ئەندامان لەسەر مەسەلەی ناو، ئێمە ناچارین ئەو بڕیارە هەڵوەشێنینەوە و ئەو ناوانە جێگیر دەکەین کە لە بڕیارەکەدا هاتووە، دوایی ئەگەر پێشنیارێک هەبێ بۆ گۆڕینی ناوی فیشخابور کە ئێوە پێشنیار بکەن و ئێمەش لێرە باسی دەکەین و حەز دەکەن دەیکەینە پێش خابور، ئەم مادده دەخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟..

بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ثانياً: يعاد تسجيل عائدية الحقوق التصرفية للاراضي المشمولة بالفقرة اعلاه باسماء اصحابها كما كانت عليه قبل صدور القرارين المذكورين دون استيفاء اية رسوم قد تترتب على اعادة تسجيل حق التصرف باسمائهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده دوو کێ تێبینی هەیە؟ کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەم بڕگەیە لیژنەی یاسا ئەم تێبینی یەی هەیە، زیاد کردنی (اسماء اصحابها الاصليين)، تەنها ئەوە بوو تێبینیمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی سەرۆکی وەزیران فەرموو.

**بەڕێزی د.رۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لێرە تێبنییەک و پرسیارێکم هەیە لەسەر ئەم خاڵە، پاش ئەوەی کە ئەم بڕیارە دەرچووە یاسای (اصلاح الزراعی) بەچەند شێوەیەک لەعێراقدا جێبەجێ کراوە، زەوی دابەش کراوە وموڵکیەتی گەورە بەو شێوەیەی جاران لەساڵانی ٧٥ و٧٤ دا هەبوو نەمابوو، ئایا ئەم یاسایە بەم شێوەیەی

ئەوسا ئەم زەویانە ئەداتەوە بە خاوەنە کۆنەکانی؟ بە ئاغاو ملاکەکان کە زەویەکی زۆریان هەبوو؟ یان هەژارەکان سوودی لێ وەربگرن؟ لەبەر ئەوە من پێم خۆشە ئەگەر دادەرێژرێتەوە بەشێوەیەکی وا دابرێژرێتەوە کە زۆرینەی میللەت سوود لەو یاسایە و لەو زەویانە بکەن، نەوەک هەمووی بدرێتەوە بە کەسێک یان دوو کەس یان سێ کەس کە ئەگەر بارودۆخەکە ئارام بوایە تا ئێستا ئەو زەویانە بەسەر زۆربەی خەڵکدا دابەش دەکران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لێرە دوو لایەنە، یەکەمیان ئەم زەویانە، دەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە، پێش دەرچوونی ئەم یاسایەش ئێمە یاسای چاک کردنی کشتوکاڵ (اصلاحی زراعی)مان هەیە، حکومەتی هەرێم دەتوانێ بەپێی یاسای چاک کردنی کشتوکاڵ بجوڵێتەوە ئەگەر تائێستا اجراءات نەکراوە چونکە لەبڕگەیەکی تردا لە دەسەڵاتی حکومەتە کە ئیجرائاتی خۆی بکات بەرامبەر ئەو مەسەلەیە، چونکە ئەو زەویانە وەکو هەر زەوی یەکی تر هەموو ئیجرائێکمان دەربارەیان دەوێت، لێرەدا تەنها ئەم بڕیارە هەڵدەوەشێتەوە وئەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی خۆی، بۆ خاوەنی خۆشی وەکو وتمان یاساکانی چاک کردنی کشتوکاڵمان هەیە یاسای تری پەیڕەو کراومان هەیە بەپێی ئەم یاسایانە حکومەت دەتوانێ ئیجرائاتی خۆی بکات، بەڵام ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاوەنانەی پێش ئەنجامدانی ئەم ئیجرائاتە، فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژ نوری شاوەیس/سەرۆک وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاساکە روونە، دەڵێ (يعاد تسجيل عائدية الحقوق التصرفية للاراضي المشمولة بالفقرة اعلاه باسماء اصحابها كما كانت عليه قبل صدور القرارين المذكورين دون استيفاء اية رسوم قد تترتب على اعادة تسجيل حق التصرف باسمائهم.) واتا تاپۆ بکرێتەوە لەوانە، حەقی تەصروفە یان تاپۆیە یان هەرچی ترە ئەدرێتەوە بە ئەوان، ئەو کاتە ئێمە تووشی گیروگرفت دەبین، پێویستە لیژنەی یاسا چارەسەریەکی وا بدۆزێتەوە لە حاڵەتێک دا کە ئەم بڕیارە ئەگەر نەدرا بێت، ئێمە وای هەڵدەوەشێنینەوە هەروەکو ئەوەی کە ئەو بڕیارە نەدراوە ئەو کاتە چی دەبوو، ئەو کاتە ئەو زەویانەی کە زۆرن لە (حدى اعلى )زیاترن ئەبوایە بدرایە بە جوتیارو بەخەڵک، ئاماژەیەکی وای تیا بێت بۆ ئەوەی دەستمان بکرێتەوە ئەگینا دەست بەستراو دەمێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بابزانین لیژنەی یاسا چی دەڵێن؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای ژمارە (٩٠) پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە لە ناوچەی سلێمانی پیادە کراوە، واتا زەوی (مجنب) جیا کراوەتەوە و زەوی (ملاک) لە (حدى اقصى) کە (٣٠٠) دۆنمە بۆی جێگیر کراوە

وئەو زەویە (مـجنبـانەش) بەگـوێرەی گـرێ بەندەی چاک کـردنی زەوی لەسـەر جـوتیـارەکـانی ئەو ناوچەیەدا دابەش کـراون، واتا ئەم بڕیـارەی کـە هەڵی دەوەشـێنینەوە دەچێـتـەوە بۆ خـاوەنە ئەسڵـییەکـان وئەوەی تر پاش پیـادە کـردنی یاسـای ژمـارە(٩٠) بەناوی ئەوان تۆمـار دەکـرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس کاک محەمەد، کاک کانبی ئاغا فەرموو.

**بەڕێز کـانەبی عـەزیز ئەحـمـەد دزەیی:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەرای من چەند دەسـتـەواژەیەک هەیەکە ئەو دەسـتـەواژانە لە کـۆتایی مـاددەکـەدا زیاد بکرێت دەڵـێ(باستثناء الاشخاص الذين اتخذوا مواقف معادية للثورة الكوردية ويقيمون خارج الاقليم) لەکۆتایی برگەی دووەدا ئەوە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

وابزانم یاسـایەکی پەرلەمـان هەیە دەرحەق بەوانەی کـە لێـرە نین و دوژمن بـۆ ئەمـە ئەو بڕیارەی پەرلەمـان دەیگرێتەوە، (حـجز) ئەوە عـایدی حکومـەتە وخۆی تـەسروفی پێ دەکـات ئەوە یاسـای سـاڵی (١٩٩٢)ە، کـە ئێـمـە دەڵێین ئەوە تەواو بوو ئەوە یـاسـایەکی تر دەیگرێتـەوە، لەبەر ئەوە بەراستی وەکـو یاساناسەکـان دەڵێن دەرەنجامە(تحصیل حاصله) پێـویست ناکات ئێـمـە هەمـوو شتێک ناوئاخن(حەشو) بکەین، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عـەبدولخـالق مـحـەمـەد رەشـیـد زەنگـەنە:**

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بەراستی بەنیسبەت ئەم برگـەیە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسا کە هاتووە دەڵێ(باسماء اصحابها الاصليين) زۆر پێـویستە (كما كانت عليه قبل صدور القوانين المذكورة وحق التصرف باسمائهم وفق القـوانين المعـمـولة به) هەتاکو تێبینی یەکەی سەرۆکی وەزیران لەبەر چاو بگیرێ وهەروەها تێبینی یەکەی کاک کـانەبی ئاغاش وەربگیرێ، (وفق القوانين المعموله) وابزانم بوار نـادات،گەر بواری تێدا بێ بۆ ئەنجوومەنی وەزیران تەسروفی هەڵەشی تێدا ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

بەراستی یاسا یاسـایە، (انشـاء) نییـە، ئەگـەر انشـاء بوایە ناچار دەبوین وەسفی بکـەین، کـاک عەبدولخالق (اصحابە) پێش ئەوە ئی کێ بوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوان، ئەسڵی ونائەسڵی یانی چی؟ ئەگـەر بگەڕێینەوە بۆ ئەسڵی دەگەڕێتـەوە زەمـانی (دەقنانوس)، یانی هەندێک مەسـەلە هەیە با نەچینە ناو درێژەپێدانییـەوە دەقەکە روونە، یاخود هەتاکو یاسای پەیڕەوکراو هەیە لەدژی ئێمـەیە هێشتـاکە ئێمە نەماندۆزیوەتەوە، سبەی بوار بدەین بەخـەڵکێک لە دژی ئێمە بەکـاری بێنێ ئێمـە بەشێوەیەکی ئـاسایی هەڵمانوەشاندۆتەوە، بڕیارێک هەڵدەوەشێتەوە لەجیاتی ئەوە دەگرێتەوە بۆ

خاوەنی ئەسلّی پێش ئەو بڕیارە کێ بووە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوای ئەوە یاسای چاک کردنی کشتوکاڵمان هەیە، بەردەوام تاکو ئێستا ئەو یاسایە لەوڵاتی ئێمەدا کاری پێ دەکرێت، حکومەتی ئێمە ئەو بڕیارەی بۆ دەڕوات تەماشا دەکات یاسای چاک کردنی کشتوکاڵ لەم جێگایە پیادە کراوە بەسەر چاو، پیادە نەکرابوو پیادەی دەکات، بەکورتیەکەی هیچ پێویست ناکات لەهەر یاسایەک ئێمە ئەوەندە داواکارییەی بۆ دابنێین بڕیارەکە روونە، دەگەڕێتەوە بۆ خودانی خۆی، دوای ئەوە یاساکان تەماشا دەکرێن یاسای چاک کردنی کشتوکاڵ پیادە دەکرێت وەکو هەر جێگایەکی تر، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم مەسەلەیە وا وەرنەگیرێت کە ئێمە ئەگەڕێینەوە بۆ ئەسلّی ونائەسلّی یەکەی، پێش ئەو یاسایەش حزبی بەعس کۆمەڵێک تێپەڕکاری کردووە لەبارەی زەویەکانەوە یاسای (١١٧، ٩٠)مان هەیە کە کۆمەڵێک گرفتی دروست کردووە زۆر زەویش پێش ئەو یاسایە لەسەر عەرەب دابەش کراوە، من وای بۆ دەچم کە بەشێوەیەک بۆی بڕۆین نەک بەیانی دوو بەیانی یەکێک بێت بڵێ کوا ماڵی خۆم؟، هەندێ یاسا پێش دەرچوونی ئەم دوو بڕیارە دەرچوون، کە زەوی ئێمە لەناوچەکانی گەرمیان و دهۆکیش وابووە، (ئەسلّیین) لێرە مەبەستی دوو شتە، یەکەمیان ئەوانەی غەریبن نابێ ئەو حەقە وەربگرن، دووەمیش بەنیسبەت خۆمانەوە ئەترسم دوو سێ یاسای تری دەرکردووە کە هەندێ هۆزی عەرەبی هێناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لێرە یاسا دەردەکەین، (الجهل بالقانون) ئیشی ئێمە نییە، لایەنی تایبەتمان هەیە کە جەنابت یان من یان یەکێکی تر درێژەکەی نەزانێ، بەراستی ئەوە ئیشی ئێمە نییە، ئیشی مختصین و دوائری حکومەتی ئێمەیە، ئەو پرۆژەیە دراسەت کراوە هەموو فەرمانگەکانی پەیوەندیدار بەشدار بوونە، هەموو ئەم دیو ئەو دیو کراوە ئەوجا بەم شێوەیە بەرەزامەندی هەموو لایەنی معنی دەرچووە، لەبەر ئەوە ئەگەر من تفاصیلم لانەبێت ئەوە لایەنی پەیوەندیداری ئێمە هەیە، وەکو ووتم (جدلا) ئەگەر داواکارییەکی وا هەبێت پرۆژەیەکەو چاک دەکرێتەوە ، ناکرێت لەم بابەتە بچینە ناو درێژەپێدانییەوە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئێستا عەرزم کردن و ووتم یاسای ژمارە (٩٠) ی ساڵی ١٩٧٥ لەناوچەی سلیڤانی پیادە کراوە، پاش پیادەکردنی یاسا بەناوی ئەو کەسەی یاسای ژمارە (٩٠) دەیگرێتەوە تۆمار کراوە، ئێستا لە تاپۆی زاخۆ هەر پارچەیەک بەناوی خاوەنی پێش بڕیارەکە تۆمار کراوە، ئینجا ئێمە بڵێین الاصلیین یان (الی اصحابها) وادابنێین پێشی پیادەکردنی یاسا خاوەنێکی هەبوو بەڵام ئێستا لە تۆماری عقاری زاخۆ بەناوی کێ یە ئەو خاوەنی ئەسلّی یەکەیە، ولیژنەی یاسا کە پاش

ئەوەی برگەکەی تدقیق کرد لەتێبینی یەکەی دەکێشێتەوە، چونکە جیاوازی نییە بڵێی (اصحابها الاصلیین) ونەڵێی (الاصلیین) دەچێتە تۆمارەکانی عقاری بەپێی یاسای (٩٠) تۆمار کراوە بەناوی (صاحب) ئەگەر ئەوە خاوەنی بێت یان خاوەنی نەبێت هەڵەکە ئەو کاتی بووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم مەسەلەکەزۆر باس کرا، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی کە ئەو پرۆژە دە کەسیەمان پێشکەش کرد، ئەو برگەیەی تێدا بوو (مع مراعاة احکام قانون الاصلاح الزراعي رقم (٩٠) لسنة ١٩٧٥) ئەگەر شتێکی وای تێدا بێت (مع مراعاة القانونین «٩٠» و«١١٧») شتێکی باشە وخراپ نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەهەر حاڵ دەرەنجامە (تحصیل حاصله) بنووسرێش زەرەری نییە، چونکە ئەوە ئیشی ئێمە نییە، ئەم یاسایە دەچێتە پێش حکومەت وتەماشا دەکات یاسای (اصلاح) پیادە کراوە ئەوە دەیکات ئەگەر پیادە نەکرابوو ئەوە پیادەی دەکات، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە، بڕیارێکی زۆر پیرۆزە و لەجێی خۆیەتی، وئەو پێشنیارەی کە جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کردی ئەوە زیاد بکرێت بۆ ئەوەی بە مبهمی(نادیاری) نەمێنێ باشە، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم باشە، خاڵی دووەم بکرێتە (أ) وئەو پێشنیارەی کە کاک کانبی ئاغا کردی زیاد بکرێت وبکرێتە (ب) و ئەگەر بەباشی نازانن گرنگ ئەوەیە لە هۆیەکانی دەرچوون ئەو واقیعەی تێدا هەبێت، (لایشمل الفقرة اعلاه ) مەبەستم لە(أ) (من هم لا یسکنون داخل الاقلیم ومشارك فعلیاً في عملیات الابادة الجماعیة ضد شعب کوردستان) ئەگەر وەکو خاڵ بکرێت وادەزانم خراپ نییە، ئەگەر نا ئەوە لە هۆیەکانی دەرچوون هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکرێ ئێمە لەهەر یاسایەک بگەڕێینەوە بۆ (ئەگەر)، ئێمە یاسایەکمان هەیە لەو پەرلەمانە، دەسەڵات دراوە بە ئەنجوومەنی وەزیران دەست بگرێ بەسەر هەموو ماڵ ومولکی ئەوانەی کە هەڵوێستی خراپیان هەبووە بەرامبەر بەمیللەتی ئێمەو ئێستاکە لەگەڵ ئێمەدا نین، واتا دەقەکە روونە، یاسا نوسراوی رەسمی نییە تەئکید بکرێ تەئکید لەسەر تەئکید، با حکومەت ئیشی خۆی بکات، فەرموو د.ناسح.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(حجز) جیاوازە، حجز شتێکە وئەمە دەست بەسەرداگرتن(مصادەرە)یە، ئەم مولکە ئێستا هی ئەو کەسە نییە، چونکە ئەگەر ئێمە پێمان داوە ئەوە شتێکی ترە، ئەوەی پێشوو تر (حجز) کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە پێشنیارت چییە؟ ئەگەر حاڵەتی وا هەبێت وەکو ووتم حکومەتە ئەتوانی پێشنیارێک بکەن بۆ ئەم بابەتە قەیدێکی بۆ زیاد بکەن، وابزانم بەپێی رای برادەرانی یاسایی ئێمە، ئەو بڕیارەی کە لەپەرلەماندا دەرچووە ئەو کێشەیەی دەست بەسەرگرتن لەلایەن حکومەت یانی (حجز) هەرچی بێت ئەو کێشەیە پێش ئێستا چارەسەر کراوە و بڕیاری پەرلەمانی پێ دەرچووە، حەز دەکەی وئەگەر لەسەری سووری دەیخەینە دەنگدانەوە. هیچ گرفت نییە. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەکە زۆر روونە هیچ شتێکی نادیاری تێدا نییە، بەڵام بۆئەوەی دڵنیا بین لیژنەی یاسا تێبینییەکی هەیە تەنیا (مع مراعاه قانون رقم (٩٠) لسنه ١٩٧٥) زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا یەک پێشنیاریان هەیە بخرێتە سەر مادده (٢) لەسەر تەئکیدی جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی روون بێت، کە وەکو حکومەت دەستیان کراوە بێت.

ئەگەر هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەم ماددەیە پێشنیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە؟.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

وەکو مادده (٢) دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ثالثاً: تلغى قيود تسجيل الدور السكنية المشيدة ضمن مجمعات التعريب والمسجلة بأسم أبناء العشائر العربية التي تم استيطانها في المنطقة تنفيذاً لسياسة التعريب وتسجل بإسم محافظة دهوك/ الادارة المحلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٣) لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو بەیانییە پەیوەندیم بە پارێزگاری دهۆک کرد بەداخەوە لەوێ نەبوو هەروەها پەیوەندییم بە جێگری پارێزگاو چاک کردنی کشتوکاڵ کرد، خانوونەکان تا ئێستا تۆمار نەکراون بەڵکو بەناوی وەزارەتی دارایی تۆمارکراون و بەناوی کەسی تر تۆمار نەکراون، رای لیژنەی یاسا وایە کە (ئیدارەی محلی) باشترە لە هەموو وەزارەتێکی تر کە بەناوی تۆمار بکرێت، بەڵام ئەوەی کە ترس هەیە چۆن دابەش دەکرێت؟، ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، چونکە ئەوە دەسەڵاتی لایەنی جێبەجێ کردنە کە چۆن دابەشی دەکات، ئەسڵەن یاسای بەموڵک کردنی خانوو لە دەزگایەک بۆ دەزگایەکی تر دەبێت، بەڵام حکومەت خانووەکانی بەناوی خەڵک تۆمار بکات ئەوە هیچ یاسایەکی وا نییە تەنیا یاسای (بیع وایجار اموال الدولە)هەیە، کە ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦)ە جا ئێمە ئەوە دەردەکەین دەیدەین بە (الادارە المحلیە)، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێ کردن ئەوە تایبەتە بەخۆی کە بەکێی دەدات و بەکێی نادات، ئەوە سەر بەئێمە نییەو ئێمە ناتوانین لە بڕیاری خۆماندا بیچەسپێنین چۆن بە موڵک دەکرێ و چۆن ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوای قسە کردن لەگەڵ زۆربەی زۆری ئەندامانی سەربە فراکسیۆنی پارتی بەناوی فراکسیۆن پێشنیار دەکەم (تنفیذا لسیاسە التعریب) دەقەکە تا ئێرە لەگەڵین لەپاشان بکرێت بە(وتسجل بإسم وزارة المالیة) لە جیاتی (الادارة المحلیة) پێشنیار دەکەم بکرێتە (وتسجل بأسم وزارة المالیة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. رای حکومەت و جەنابی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە.

پێشنیارێک هەیە داوا دەکرێت لە ئیدارەی مەحەلیەوە بدرێ بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرپەرشتی ئەو بابەتە بکات. وەکو ئەوڕۆ دوێنیش لەنێوان خۆماندا هەندێ قسەمان کرد حکومەت هەر حکومەتە ئەم فەرمانگەیە بێت یان فەرمانگەیەکی تر بێت خۆیان راسپێردراون.

ئەگەر شتێکی تر نییە ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە؟.. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟...بەزۆربەی دەنگ پەسند کرا. لە راستیدا نامانەوێ لێرەدا بیێتە بابەتی موزایەدە لەسەر هەندێ مەسەلە، ئەم بابەتە بابەتی لیستی ئاشووری نییە، فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان وەکو پرۆژەیەک پێشنیاریان کردووە، پاش وتەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی لە ٣/١٠دا لە پەرلەمان کە داوای کرد ئەم جۆرە بڕیارانە هەڵوەشێنرێنەوە، بۆیە من قسەت پێ دەبڕم.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دەبێ ماف بە ئێمە بدەیت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ مافت پێ دەدەم بەلاّم لە چوارچێوەی یاسا و، لە چوارچێوەی بابەت. کەسیش نەچەوسێندراوەتەوە تۆ لەوانەیە لە هەموو کەس پتر بوارت پێ دراوە.

دەربارەی ماددە (٣) چ تێبینی تر ماوە. فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لەگەڵ هۆزە عەرەبەکان ئێمە پەیوەندییەکی دۆستانەو نیشتمان پەروەرانەمان هەیە خەڵکەکی زۆر هەوڵیان دا کە نێوانمان تێک بچێت و ئێمە زانیمان گەلێکیان بە زۆری هاتوونەتە ئەو ناوچانە لەبەر هەندێ (اغراض في نفس يعقوب)ە، لەبەرئەوە من داوا دەکەم کە ئەو رستەیە خراپ لێک نەدرێتەوە لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت (تم استيطانها قسرا)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئێمە ئەوە زیاد دەکەین بەلاّم بۆ (قسرا) بێت، ئایا (استيطان) بەزۆری هەیە؟.

باشە یەکێک گوتی من بە زۆر (قسرا) نەهاتوومە چی بکەین؟. د. رزگار (استيطان) هەر استيطانە باشە یەکێک سبەی گوتی من بە زۆرە ملێ (قسرا) نەهاتوومە بلێین چی؟.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من لە (١٠٠ ٪) لەگەڵ جەنابتم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک دکتۆر تکاتان لێ دەکەم دەقەکە (موزونە) یاسا نووسین و داڕشتن نییە دەڵێت: (تنفيذا لسياسة التعريب) رستەکە زۆر رونە، ئەم ئەگەرە چییە تێی دەخەن، چ تێبینییەکی تر هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی د.رزگار دەیڵێت وا نییە، چونکە لای ئێمە گوتوویانە سەرۆکی عەشیرەتی شەمەر) بچنە ناوچەی کوردی، ئێمە ئەوانمان بەباشتر زانی چونکە بەراستی عەشیرەتن، بەلاّم شەمەر نەچوون، لەبەرئەمە سەرۆکی عەشیرەتی شەمەر (محسن) کە ئێستا گیروگرفت لەنێوان ئەوو حکومەتی عێراقیدا پەیدا بووە چونکە رەتی کردەوە بێتە سەر ناوچەی کوردی. لە پاشان هەندێ عەشیرەتی

ـ تر هاتن وەکو (حدیدی و جبور) و ئەوانیش مەرغوب نین و هەموویان بە ئارەزووی خۆیان هاتوون ئێمەش بە خورتی ئەوانمان بەدەرەوەنان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس وابزانم دەقەکە روونە پێویست بە ئیجتهادیش ناکات (استیطانها في المنطقة لسياسة التعريب)، ئێمە نەمانگوتووە بە ئارەزووی خۆی بێت ئەگەر چ تێبینی تر نییە. وەکو ماددە دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رابعاً: تستثنى من احكام هذا القرار المساحات التي أقيمت عليها الأبنية والمنشآت العامة ويتم تسجيلها ارضا وبناءاً بإسم الجهة التي يقررها مجلس وزراء الاقليم في حالة عدم تسجيلها بإسم اية جهة حكومية في الإقليم. ئەوە ماددە چوارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە (٤) چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟ لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی نییە لەسەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیارێکم هەیە لەپاش (اقيمت عليها الابنية والمنشآت العامة) ئەمە زیاد بکرێت: (والقائمه حاليا)، چونکە هەندێ شوێن هەیە کە بنایەی لەسەر بووە پاش راپەڕینی گەلەکەمان ئەو بینایانە نەماون، ئێستا زەوییەکەی خەڵکێکی لاوەکی سوودی لێ وەردەگرێ خاوەنە ئەسڵیەکانیان سوودی لێ نابینن، لەوانەیە لەوەی ئەو دوو بڕیارە شمولی دەکات نەبێت، بەڵام بێگومان لەشوێنی تردا هەیە، بۆئەوەی کە بنایەکان نەبێت بگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر ئیزافەکەت چی بوو؟.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(تستثنى من احكام هذا القرار المساحات التي اقيمت عليها الابنية والمنشآت) لێرەدا ئەو زیادەی بێتە سەر: ( والقائمه حاليا )ياخود (القائمه لحين صدور هذا القانون)، ئەوە کاری برا یاساییەکانە، بەڵام تەنها ئەوەی کە ماوە بایەخی پێ بدرێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بزانین رای لیژنەی یاسا چییە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم ماددەیە بە رەهایی هاتووە جا ئەوە ئەگەر خالی بێت یان لەسەری بێت ئەوە ئەنجوومەنی وەزیران تەقدیری ئەوە دەکات،لەپاشان ئەوە بۆ جێگایەکی دیاری کراو نییە بەڵکو بۆ هەموو کوردستانە، ئەوە بڕیارێکی تایبەتە بە ناوچەی (سلێڤانی)، ئەگەر جێگایەکی تر بارودۆخێکی جیاوازی لەگەڵ ئەمەدا هەبێت، یان بڕیارێکی تر هەبێت ئەوا مەشمول نییە بەوە، دەبێت بڕیارێکی تایبەت بۆ ئەوانیش دەربچێت و، ئێمە سوپاسیان دەکەین و مەمنونیش دەبین ئەگەر هەوڵێر یان سلێمانی بڕیارێکی بەعارەب کردن بۆ پەرلەمان بێنن کە هەمان (ئیتجاە) وەربگرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد، کاک شێخ جەعفەر. ماددەکە روونە زەوی دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی ئەو بیناو دامەزراوانە دەگەڕێنەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری وەکو دەنگتان لەسەردا ئەو دامەزراوانەش کە ئێستا نەماون ئێستا زەوییە و تەختە، ئەمە روونە دوایی حکومەت هەڵس وکەوتی لەگەڵ دەکات (ارضا وبناءا).

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش مەبەستم ئەوەیە، بەڵام من مەبەستم ئێرە نییە بەڵکو مەبەستم سلێمانییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

تۆ باسی ئێرە بکە ئێرە روونە نادیارییەکی تێدا نەماوە،چونکە یاساکە بۆ (سلیڤانی)یە، نەک بۆ (سلیمانی).

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر دامەزراوە سەربازییەکە نەمابوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەگەر نەماوە ئەو زەوییە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی، خاوەنەکەی کێیە؟ زەوییەکە بۆ ئەو دەبێت.

کاک د.رزگار بفەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

تێبینی من لەسەر داڕشتنەکەیە، من لەگەڵ لیژنەی یاساش قسەم کرد ئەوان گوتیان دەبێت بخرێتە روو، لەبەرئەوە من دەڵێم (فی حالە عدم تسجیلها) نییە بەڵکو (فی حالە لم تکن قد تم تسجیلها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
باشە دكتۆر ئەمە بدە بە لیژنەی داڕشتنەوە، سوپاس. ئەگەر هیچ تێبینییەكی تر نییە ئەم ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە؟. ماددە (٤) كێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا سوپاس.
**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
خامساً: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
لەسەر ماددە (٥) هیچ تێبینییەک نییە؟ دەیخەینە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا سوپاس.
**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
سادساً: ینفذ هذا القرار وینشر في الجریدة الرسمیة.
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
ماددە (٦) چ تێبینیەكی لەسەر هەیە؟. كاك سەعید.
**بەڕێز سەعید محەمەد سدیق هەروری:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**
وەزارەتی داد و وەزارەتی كشتوكاڵ هەردووكیان پەیوەندیدارن بە جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارە، ئینجا پێشنیار دەكەم بڕگەیەک زیاد بكرێت (على وزراء العدل والزراعة تنفیذ احكام هذا القرار).
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
ئەمە روونە جەنابت قانونیت ئەنجوومەنی وەزیران ڕێنمایی ئاراستە دەكات، دوایی ئەگەر لە ئەنجوومەنی وەزیران دەربچێت ئەوە ڕێنمایی بە هێز دەبێت، ئەنجوومەنی وەزیران خۆیان ئەم بابەتە چارەسەر دەكەن، سوپاس بۆ ئەو تێبینیە. ماددە (٦) چ تێبینی تر هەیە دەیخەینە دەنگدانەوە. كێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەكەین.. كێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا سوپاس. دێینە سەر هۆكارە پێویستەكان.
**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**
**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**
الأسباب الموجبة
لقد أتخذت سیاسة تغییر الواقع القومي في كوردستان العراق المنتهجة من قبل الحكومة المركزیة في بغداد، صوراً وأسالیب شتى، تراوحت بین حملات الإبادة الجماعیة وسیاسة الأرض المحروقة ونزع الملكیة الخاصة للأرض جبراً بقوانین وقرارات إستثنائیة، وتحویلها إلى

ملكية عامة تسجل بأسم وزارات الحكومة المركزية أو الجهات العسكرية بأعذار شتى، ظاهرها المصلحة العامة والمتطلبات الأمنية أو تطوير المناطق المشمولة بالإجراءات المذكورة، وحقيقتها هو تغيير الواقع القومي لها، وتجريد الكورد من حقهم في ملكية الأرض التي تصرفوا فيها دونما منازع على مدار آلاف السنين، وتصفية حقوقهم المكتسبة فيها أباً عن جد، وقطع الرابطة التأريخية بين الكورد ووطنهم كوردستان تسهيلاً لتطبيق سياسة التعريب وتغيير الواقع القومي، وحيث أن القرارين الذين تقرر إلغاءهما هما إحدى أدوات تنفيذ السياسة المذكورة عليه فقد شرع هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە (الاسباب الموجبه) بوو هیچ تێبینییەک لەسەری هەیە؟. سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران ،کاک عەبدولخالق، مامۆستا مەلا تەها. دكتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژ نوری شاوەیس/سەرۆك وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تۆزێک هەوڵ دەدەم خۆم بکەم بە زمانزان، (نزع الملكيه الخاصه للارض جبرا) بەرای من یان دەبێت (إجبارا) بێت یان (قسرا) بێت، چونكە (جبرا) لە جوبرانەوە هاتووە کە واتای دروست کردنەوە دێت هەروەها جەبر ناوێکی ئیجابییە. ئینجا بەرای من یان (إجبارا) یان (قسرا) بێت باشترە. لەدێری شەشیشدا هاتووە (وحقیقتها هو تغییر الواقع القومی لها وتجرید الكورد من حقهم فی ملكیه الارض)، تەنیا كورد موڵكیەتی ئەو زەویانەیان نەبووە، لەبەرئەوە باشترە بڵێین (وتجرید ابناء كوردستان من حقهم فی ملكیه الارض) ئەوە روونترو چاكتر دەبێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ ئەو تێبینییانە، كاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی بەلای منەوە بەڕێز سەرۆكی حکومەت تێبینییەکەی زۆر وردە و ،هەردوو تێبینیەکەشی دەبێت رەچاو بکرێت ئینجا ئەوە هاولاتیانی کوردستانە، راستە تەعریب زۆربەی زۆری بۆ کورد بووە بەڵام هەندێ توخمی تورکمان و ئاشووریشی گرتۆتەوە، (وتجریدهم) لەبەرئەوە لەولا هاتووە (الواقع القومی فی كوردستان) یان لێرە بکرێت (وتجرید المواطنین) لەبەرئەوە من (١٠٠٪) پشتگیری تێبینییەکەی دکتۆر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا مەلا تەها فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەکو لە (اسباب الموجبه)دا باسکرا، ئەو یاسایە لەناوچەی چیاشدا هەیە ئەوە یاسایەک دەرچوو لە

هەفتاکان هەموو زەوییەکانیش بۆتە میری ئێستا ئەوەی کە پاکتاو نەکراوە پاش ئەوەش حەرامیان کرد بەپێی یاسای شەریتی سنووری خەڵکەکەیان دەرکرد ئێستا دەبێت یاسایەک دەربچێ کە ئەو یاسایە هەڵبوەشێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابت مەبەستت ئەوەیە یاسایەک دەربکەین بۆئەو ناوچانەی کە سنوورین چی یاسایی نەگونجاو دەرچووە هەڵبوەشێنەوە؟. ئەگەر حەزدەکەن پرۆژەیەک پێشکەش بکەن، بۆئەوەی بتوانین لێتوێژینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە ئەم بڕیارە تەنها پەیوەندی بە دوو بڕیاری (ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە) هەیە کە هەردووکیشی پەیوەندیدارە بە ناوچەی (سلێڤانی).

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

منیش هەر مەبەستم ئەوەیە کە بەڕێزتان بفەرموون بۆئەوەی پرۆژەیەک پێشکەش بکەین. جەنابتان ئەندامی پەرلەمانن و حەزدەکەن پرۆژەیەک خودان بکەن بەسەرچاو، کاک مەمەند ئاغا بفەرموو.

**بەڕێز مامەند محەمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەوەی کە مامۆستا فەرمووی ئەوە لە یاسای (٩٠)دا هاتووە دیارە کە دەڵێ :(الاراضي التي لم يتم تسويتها تعتبر اميريه صرفه).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

لیژنەی یاسا پشتگیری هەردوو تێبینی جەنابی د. ڕۆژ دەکات و ئەوە (جبرا) ببێت بە (قسرا) ئەوەی تریش دەبێتە (مواطني كوردستان العراق).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

وای لێ دێت ئەگەر زەحمەت نەبێ کاک فەرسەت دێری دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

دێری سێیەم: (ونزع الملكيه الخاصه جبرا) دەبێتە (قسرا).

دێری شەشەم: (تغيير الواقع القومي لها وتجريد الكورد من حقهم في ملكيه الارض) دەبێتە (وتجريد مواطني كوردستان من حقهم).

دێری حەوتەم: (وقطع الرابطه التأريخيه بين الكورد ووطنهم) دەبێتە (وقطع الرابطه التأريخيه بين أبناء كوردستان ووطنهم). کوردستان ئەوەی لەپاش وشەی (ووطنهم) هاتووە لادەبرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا وەکو بڕیار دەیدەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟..

بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

خاڵی دووەم: گفتوگۆکردن لەسەر پێشنیاری بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە (٣٥٨) لە (١٩٧٨/٣/١٦) دەربارەی بە موڵک کردنی زەوی کشتوکاڵ لە ناوچەی (مزوری) سەر بەقەزای شێخان بەمەبەستی بە عەرەب کردنی ئەو شوێنانە. لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بسم الله الرحمن الرحيم

باسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار:

تاريخ القرار:

«قرار»

استناداً لاحكام الفقرة «١» من المادة «٥٦» من القانون رقم «١» لسنة ١٩٩٢ وقرار المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم «٢٣» في ١٩٩٢/١٠/٧ والفقرة «١» من المادة «٦١» من النظام الداخلي للمجلس رقم «١» لسنة ١٩٩٢ المعدل شرّع المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته المنعقدة في / /١٩٩٩ مايلي:

اولاً: الغاء قرار مجلس قيادة الثورة (العراقي) المرقم «٣٥٨» في ١٩٧٨/٣/١٦ المتضمن استملاك الحقوق التصرفية لقطع والمقاطعات المشمولة به ومن القوائم المرفقة بالقرار المذكور.

ثانياً: يعاد تسجيل الاراضي المشمولة بقرار الاستملاك المشار اليه بالفقرة اولاً اعلاه باسم اصحابها دون استيفاء رسوم التسجيل.

ثالثاً: يستثنى من احكام هذا القرار المساحات التي تم انشاء منشآت وابنية عامة عليها ويتم تسجيلها ارضاً وبناءاً باسم الجهة التي يقررها مجلس وزراء الاقليم في حالة عدم تسجيلها باسم اية جهة حكومية في الاقليم.

رابعاً: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

خامساً: ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی یاسا دێینە سەر بڕیارەکە مادده بە مادده گفتوگۆی دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

اولاً: الغاء قرار مجلس قيادة الثورة (العراقي) المرقم «٣٥٨» في ١٩٧٨/٣/١٦ المتضمن

استملاك الحقوق التصرفية لقطع والمقاطعات المشمولة به ومن القوائم المرفقة بالقرار المذكور.
ئەوە مادده یەکەم بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی یەکەم.لیژنەی یاسا پێشنیاریان هەیە فەرموون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی یاسا ئەوەیە کە ئەمە زیاد بکرێت (ضمن قضاء الشیخان) لە کۆتایی بڕگەی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارە هەیە (ضمن قضاء شێخان) زیاد بکرێت چ تێبینی لەسەر ئەم پێشنیارە هەیە.
دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە لە کاک محەمەد بۆ ئەو تایبەتمەندییە پێی بدرێت؟، بریار هەیە کە هەڵدەوشێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک دکتۆر بڕیارەکە ناوی قەزای شێخانی تێدایە. ئەگەر چ تێبینی تر نییە ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە؟. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس. وەکو ماددەی یەکەم دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر چ تێبینی نییە؟. وەکو مادده کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا وەکو مادده سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ثانیاً: یعاد تسجیل الاراضي المشمولة بقرار الاستملاك المشار الیه بالفقرة اولاً اعلاه باسم اصحابها دون استیفاء رسوم التسجیل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده دوو چ تێبینیەک هەیە لەسەری، لیژنەی یاسا هیچ تێبینیتان هەیە؟. وابزانم تێبینییەک هەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە (تسجیل الاراضي المشمولة) دەبێت بە (الحقوق التصرفیە). کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

(یعاد تسجیل الاراضي المشمولة) بێگومان زەوی و زار هەمووی تۆمار نابێت کە مولکایەتی بەناوی خاوەنەکانیانەوە بێ، بەڵام خاوەنیان مافی تەسەروفیان هەیە.
ثانیا دەبێتە (یعاد تسجیل حقوق التصرفیة للاراضي المشمولة باحكام هذا القرار).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(يعاد تسجيل الحقوق التصرفية للاراضي المشمولة)، حقوق التصرفيه لەسەر ئەو بڕگەیە زیاد دەکرێت. ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەو پێشنیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەو زەوییانە هیچی موڵکی سرف نین؟ ئەوەی مافی تەسروفە ئەوە میریەو ئایا موڵکی سرفی تێدا نییە؟ ئەوە تەنها پرسیارە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەو دەقە هاتووە دەبێ بەو دەقە ئێمە هەڵیوەشێنینەوە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

یانی ئەمە بەرامبەر بە بڕیارەکەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵێ ئێمە بڕیار هەڵدەوەشێنینەوە. وەکو گوتمان یاسا زنجیرەیەکە بەیەکەوە بەستراوەتەوە، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوەی کە لەپێشتر مراعاتمان کرد ناکرێ لیرەش مراعات بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لاری نییە ئەگەر ئەمەش زیاد بکرێت بەڵام وەکو ئەوەی من دەزانم یاسای ژمارە ٩٠ لە ناوچەی مزوری جێبەجێ نەکراوە، تا ئێستا یاسای چاک کردنی زەوی (اصلاح زراعی) جێبەجێ دەکرێت، کە یاسای ژمارە (١١٧) جێبەجێ دەکرێت، ئەوە دەبێت ئێمە بڕیارێکی تایبەت لە پەرلەمان دەیهێنێن کە یاسای (٩٠) لەناوچەی شێخان جێبەجێ بکەین لەجیاتی یاسای ژمارە ١١٧، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لەسەر (ثانیا) بەڕای من وەکو بڕیاری ڕابردوو ئەبێ بەو شێوەیە بێ لەگەڵ ئەو زیادە کردنانەی

برادەرانی لیژنەی یاسا (أعلاه باسم اصحابها الاصليين كما كانت عليه قبل صدور القرار المذكور) ئەوە لە برگەی یاساکەی تر داهات بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، داڕشتنەکەی هەر وەکو برگەکەی تر بێت، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیمە تێبینی خۆمان کێشایەوەو (اصحابها الاصليين) (الاصليين) لەوێ نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گرفت لەوەدا نییە بەڵام دەڵێت وەکو برگەکەی تر بێت، کە لەو برگەیە (يعاد تسجيل عائدية الحقوق التصرفية للأراضي المشمولة بالفقرة أعلاه باسماء اصحابها كما كانت عليها قبل صدور القرار المذكور دون استيفاء أية رسوم قد تترتب على إعادة تسجيل حق التصرف باسمائهم ) و ئەوەی (قانون اصلاح الزراعی)یە، کە ئەوەیە (مع مراعاه احكام قانون الاصلاح الزراعی رقم «٩٠»)، جارێ با جێگیری بکەین دوایی گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ئەوە پێشنیارێکە کێ دەیەوێ گفتوگۆی لەسەر بکات، کاک فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مع مراعاه قانون اصلاح الزراعی ئەوە یاسای ژمارە (٩٠)ە لەناوچەی شێخان پیادە نەبووە، مەبەستی ئێمە نییە بۆ ئەو جێگایە یان ئەم جێگایەی تر بەڵام لەبەر ئەوەی ناوچەی شێخان بە ناوچەی خودموختاری دانەنراوە، هەروەها قەزای سنجاریش، من زۆر پشتگیری لە قسەکانی کاک عەبدولخالق دەکەم و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام وایە ئەوە لەوێ نەکراوە و لەکوردستانیش یاسای (٩٠) پەیرەو کراوە با لەوێش یاسای (٩٠) پەیرەو بکرێت، فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای (٩٠) بێت یان نا ئەوا گرفتێک نییە چونکە لە هەردووکیان (٢٠٠) دۆنمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لاریمان نییە لەسەر زیاد کردنی تێبینییەکەی کاک عەبدولخالق جگە لە مراعاه احكام قانون

رقم (٩٠) چونکە وەکو کاک فەرحان گوتی یاسای ژمارە (٩٠) لە ناوچەی ئاکرێ و مزوری جێبەجێ نەبووە کە هەمووی سەر بە ناوچەی شیخان بوون، ئەگەر ئیمە بلێین (مع مراعاه تطبیق قانون رقم ١١٧) ئەوا ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پشتگیری لەوە ناکەین چونکە نابێت دوو یاسا لە هەرێمدا جێبەجێ بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەوها بێت ئەوا یاسای ژمارە (٩٠) باشتر نییە؟، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر یاسای (٩٠)یش ئیمە ناتوانین دابینێین ئەگەر پرۆژەیەک هەیە جێبەجێ کردنی یاسای (٩٠) لەناوچەی ئاکرێ بکات لەجیاتی یاسای (١١٧) ئەوا دەبیت بە پرۆژەیەکی سەربەخۆ بیت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ سەربەخۆ بێت؟ هەموو کوردستان ئەمڕۆ لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە و شێخانیش ئیستا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە وبۆ ناکرێت هەمان یاسای لەسەر جێبەجێ بکرێت؟ فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە یاسای ژمارەی (٩٠) لە هەموو کوردستاندا جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئیستا یاسای ژمارە (١١٧)جێبەجێ دەکرێت وجێبەجێش کراوە لە ناوچەی شێخان، دەبیت ئەوە بە پرۆژەیەک هەڵبوەشێندرێتەوە ئەوسا یاسای ژمارەی (٩٠) جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بابزانین جارێ ئەوە جێبەجێ کراوە یان نا؟، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم یاسای ژمارە (٩٠) لە ئاکرێ لەمێژە جێبەجێ کراوە، بەڵام لەوانەیە لەناوچەی شێخان جێبەجێ نەکرابێت لەبەر بوونی یاسای ژمارە (١١٧)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کا فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵڵا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بڕیاری (١١٧)یەو لەناوچەی شێخان جێبەجێ کراوە و لەقەزای ئاکرێ یاسای ژمارە (٩٠) جێبەجێ کراوە، بۆیە سەبارەت بە قەزای شێخان دەبێت بڕیارێکی تایبەتی دەربچێت کە بڕیاری (١١٧)یە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە تەنها شمولی ئەو زەویانە دەکات کەئێمە هەڵیان دەوەشێنینەوە تایبەتە بەیەک ناوچە و بەستراوە بەیەک بڕیار ئەو بڕیارەیش کە هەڵدەوەشێتەوە دەبێت یاسایەک هەبێت حکومەت لەسەری بڕوات و جێبەجێ بکرێت. لەسەرتاسەری کوردستان کە ئەمڕۆ لەژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی کوردی یاسای ژمارە (٩٠) جێبەجێ دەکرێت ئێمەبۆ شێخان یان ئاکرێ جیا بکەینەوە؟ کە بەهەزار حاڵ هاتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئێمە ئەوجا ئێمە بچین دوو یاسای بۆ دروست بکەین ئەمە تەنها لەو جێگایانە جێبەجێ دەکرێت و ئەگەر لە جێگای تر یاسای ژمارە (١١٧) جێبەجێ دەکرێت ئەوا گرفت نییە با پرۆژەیەک پێشکەش بکرێت و بدرێت بە پەرلەمانی کوردستان، وەکو ئەوەی کە ئێستاکە حکومەت باسیان لێوە کرد، حکومەت بزانێت چی دەکات ئایا دەستی کراوە بێت یان نا؟ و گرفت بۆ کەس دروست نەکات ئێمە پێی دەڵێین لەو ناوچانەی کە شمولی ئەو یاسایە دەکات تەنها ئەم کەرتەی بەم بڕیارە لەغو دەبێتەوە ئێوە یاسای ژمارە (٩٠) جێبەجێ بکەن چونکە بەشێکە لە کوردستان، باوەڕ ناکەم گرفتێکی ئەوهامان بۆ دروست بکات، کاک فەرحان فەرمووو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

گرفت دروست دەکات چونکە ئەوە دووساڵە و کاک فەرسەتیش ئاگاداری ناوچەی شێخانە بەتایبەت ناوچەی (مرێبا) یاسای ژمارە (١١٧)ی لێ جێبەجێ کراوە بەڵام بەئارەزووی خۆیان جێبەجێیان کردووە و لە ١٠٠٪ جێبەجێ نەکراوە، چونکە زۆر گرفتی تیادایە ئەگەر هاتوو یاسای (٩٠)، یان یاسای (١١٧) جێبەجێ کرا ئەوا گرفتی زۆر دروست دەکات ودەبێت ئەمە بە بڕیارێکی تایبەت بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک فرەنسۆ فەرمووو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەوە زۆر روون و ئاشکرایەو لەو بڕوایە دام کە پێویستی بەهیچ نییە تەنیا ئەو شوێنانەی کە بینایەتیان لەسەر دروست کراوە ئەویش تخویلی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکاو ئەویش تعلیمات بە وەزارەت دەدات و شتەکە ڕوون و ئاشکرایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

کاک فرەنسۆ ئەمە خاڵی دووەمە دەڵێ (إعادە تسجیل الاراضی المشمولە) وەکو بڕگەکەی ترەو هەمان بابەتەو پێشنیاری ئێوە بو لە حکومەت، فەرموو کاک شێخ جەعفەر.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێویست دەکا ئاماژە بە یاسای ژمارە (٩٠) بکرێت و ڕاستە ئەو دابەشە لەسەر یاسای ژمارە (١١٧)ـەیە و لەوانەیە یەکێک هەبێت بەپێی یاسای ژمارە (١١٧) نەگەیشتبێتە (حد الاعلی)ی دابەشکردن ئەو زەویەش هی ئەو بیت ئەو پێی دەدرێتەوە، بەڵام ئیمە ئاماژەمان بە یاسای ژمارە (٩٠) کرد ئەگەر لەوێش ئاماژەی پێ نەکرێت ئەوا بەوە نادرێتەوە دابەش دەکرێت بەسەر خەڵکی تردا، لەبەر ئەوە گرنگە کە ئاماژەی پێ بدرێت یان نا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا لەگەڵ کاک عەبدولخالقە بەڵام (بإستثناء مع مراعاە أحکام قانون «٩٠») چونکە جێبەجێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بابەتێکە (مجلس قیادە الثورە)زەوی لە خەڵک وەرگرتووەو تەعریبی کردووەو کوردی لێ بێ بەری کردووە، ئیمە هەڵیدەوەشێنینەوە و چیمان بۆ ئەوانی تر کردووە ناکرێت هەر هەمان شت لێرەیش دووبارە بکەینەوە، بابەتەکە ڕوون و ئاشکرایە، ئیمە کە یاسایەک دەر دەکەین بۆ خەڵکی دەردەکەین و لەوێ گوتوومانە ئەو زەویانە بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانی خۆیان و یاسای ژمارە (٩٠)یان لەسەر جێبەجێ بکرێت کە حکومەت پێشنیاری کرد نەی دەزانی بۆ یاسای (٩٠) چی کراوە یان نا یان یاسایەکی تر وتیان با دەستمان کراوە بێت، بەهەر حاڵ ئەوە پێشنیارێکە ئێمە دەیخەینە دەنگدانەوە، حکومەت گوتوویانە یاسای ژمارە (٩٠)مان بۆ بنووسن تاکو بزانین ئیمە چی دەکەین؟، ئێستا بڵێین بۆ ئێوە (١١٧) بێت و بۆ ئەوان (٩٠) بێت خەڵکێک هەیە بڵێت باشە بۆ ئەمانە هەر بڕیارەکەیان لەغو نەکردەوەو ئیستا ئەو شوێنانە سەر بە کوردستانن و لەژێر کۆنترۆلی ئێمەدان ئێمە بۆچی خۆمان بڵێین نەخێر ئەوە هەر لەژێر دەستەڵاتی حکومەتی مەرکەزی دایە، خۆزگە ئێستا پرۆژەیەکمان بۆ ئامادە بکەن هەرچی ئەو زەویانە هەیە بە یاسای غەیری (٩٠) مامەلەی لەگەڵ دەکەن و هەڵدەوەشێندرێتەوە، چونکە ئیمە نوێنەری هەرێمێکین و یاسای خۆمان هەیەو ئیدارەی خۆمان هەیەو بەهەر حاڵ ئەوە پێشنیارێکە کراوە دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر سوورن لەسەری، فەرموو کاک عەبدولخالق.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد ڕەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ڕای من وابوو ئاماژە بکەین بە (الفقرە اعلاە) وەک ئەوەی دووەم ومنیش لەگەڵ ئەوەدام

کە یاسای ژمارە (٩٠) بێت و ئەوە دەبێ بەیاسایێکی تر پێشکەش بکرێت لەبەر ئەوەی زەوی تریشمان هەیەو تەنها بەو شێوەیە بێت کە هاتووە ئەڵێ(یعاد تسجيل الحقوق التصرفية للأراضي المشمولة بقرار الاستملاك المشار اليه في الفقرة اولاً أعلاه باسم اصحابها كما كانت عليها قبل صدور القرار المذكور)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بەڕاستی ئەوە یاسای ژمارە (١١٧) وەکو کاک فەرحان گوتی، ئەوە جێبەجێ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە بەڵام ئەمە ئەو کاتە جێبەجێ کراوە کە ئەو ناوچانە سەر بە ئێمە نەبووە، سەر بە موسڵ بووەو ئیستا پارچەیەکە لە کوردستانی ئازاد، ئەکرێ ئیمە یاسایەک دەربکەین کە ئێمە تاوەکو ئێستا پەیوەستین بە موسڵەوە؟ بۆیە (إنصاف) باشە، ئێستا یاسایەک دەردەکەین، ئایا دەکرێ بە حکومەتی خۆمان بڵێین تکایە ئەو هەڵسوکەوتانە بکەن کە کاتی خۆی چۆن کراوە لە موسڵ؟، ئەمە تەنها بۆ ئەوە ناوچەیەیە کە ئێمە دەمانەوێت ئەم یاسایەی لێ لەغو بکەینەوەو کێشەیان بۆ دروست بکەین دوایی خەڵک چیمان پێ دەڵێن؟ ئەکرێ ئیمە سووربین لەسەر ئەوەی کە شیخان هێشتا سەر بە موسڵە؟ بۆ ئەمە ببەستینەوە بە شیخانەوە بڕیارێکمان لەغو کردۆتەوە کە کۆمەڵێک زەوی دەگرێتەوە ئەو زەویانەی کە ئێستا ئازادمان کردون بگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان، باشە ئەکرێ بڵێین بگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان و بگەڕێتەوە بۆ یاسای (١١٧) کە یاساێکە تەنها لەو ناوچانەی شیخان و ئاکرێ جێبەجێ کراوە کە سەر بە حکومەتی ناوەندین؟ باشە تۆزێک بیری لێ بکەنەوەو سەیری لایەنە سیاسیەکەی بکەن و تەنها سەیری لایەنی یاسایی مەکەن ئەمە مەسەلەیەکی سیاسییە ئەبێ ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان سووربین لەسەر ئەوەی کە شێخان هێشتا سەر بە موسڵە؟ بۆ؟ لە قازانجی کێیە؟ تەنها لەبەر ئەوەی کە چەند کەسیک زەرەر مەند دەبن یاسای (٩٠) لایەنی سیاسیەکەی زۆر گرنگە وە ئەگەر هێشتا لە شێخان یاسای (١١٧) ماوە حەقە ئیوە وەکو پەرلەمانی کوردستان بیری لێ بکەنەوەو زوو پرۆژەیەک بێنن بۆمان و ئەوانە تەواوبکەن و ئەمە یاسایەو بەلانی کەمی هەستێکی سیاسیمان هەبێت یاساش (مجرد) نییە لە سیاسەت، ئەوەش بۆ ئێوە ماوە، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕیز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم هەر سێ بڕیارە بڕیارەکانی هەڵوەشاندنەوەی بە عارەب کردن (إعادە حقوق التصرف) بۆ خاوەنەکانیان لەگەرمیانیش یاسای (١١٧) جێبەجێ کراوە لە (مرتیا)ش هەروەها با پرۆژەیەکی

تر له هەرێمی کوردستان پێشکەش بکرێت هەمووی بە تێکڕا بڕیاری (٩٠) جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، بەڵام ئێستا ئێمە یاسا دەردەکەین و ڕاستە ئەمە هەڵوەشاندنەوەی بەعارەب کردنە، بەڵام چی لەو زەویانە بکەین؟ پێشنیارێک هەیە دەڵێت ئاماژە بکرێت بە یاسای ژمارە(٩٠)، لیژنەی یاسا دەڵێت ناکرێت ئاماژە بکەین بە یاسای ژمارە (٩٠) و نابێت باسی یاسای ژمارە (١١٧) بکەین ئەی بڵێین چیی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئاماژە بە یاسای جێبەجێ کراو نەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی بۆچی بۆ ئەوەی تر کردمان؟

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی تریش زیاد بوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ زیاد بوو؟ بەڵکو گرفتێکی چارەسەر کرد ئەوە ڕوونی کردەوە، نابێ بانێک و دوو هەوا بێت، لە هەموو کوردستانی ئازاددا یاسای ژمارەی(٩٠) بێت بەڵام لە (مریبا)و لە ئاکرێ (١١٧) بێت، بۆ؟ چونکە کاتی خۆی حکومەت بە موسڵەوە بەستابوویەوە، ئیمە بێین ئەم ڕاستیە بشارینەوە، ئەبێ بیری لێ بکەنەوە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێم وایە ئەمە ئاشکرایەو ئەمە لەسەر یاساناسان دەوەستێت کە دەڵێین (باسم اصحابها) مەبەستمان ئەو خاوەنانەی پێش دەرچوونی ئەو بڕیارەیە، شتێکی وا بگونجێنن کە مەبەست خاوەنەکانی پێش دەرچوونی بڕیاری (٢٥٨)ەو دارشتنیشی بۆ بکەن کە خەڵک تێی بگات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە بەشی یەکەمە وگرفتی لەسەر نییە، بەشی دووەم وەکو بڕگەکەی تر و بڕگەکەی تریش ڕوون و ئاشکرا بوو لێرە ئەوە چارەسەر کراوەو، بۆ چارەسەری دووەم چی بکرێت باشە ئێوە وەکو حکومەت لە بڕیاری پێشوو پێشنیاری یاسای ژمارە (٩٠)تان کرد؟ واتە ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێ دراوە کە هەڵس و کەوت بکات و ئایا لەسەر چ بنەمایەک هەڵس و کەوت بکات بۆ ئەم زەوویانەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە؟، ئێمە بێین لێرە حکومەتی خۆمان ناچار بکەین و پێی بڵێین

یاسای ژماره (١١٧) جێبەجێ بکە لەکاتێکدا یاسای ژمارە (١١٧) بۆ ئەو ناوچانەیە کە هێشتا لەژێر دەسەلاتی حکومەت دانە؟ کاک دکتۆر ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش پێم وایە یاسای ژمارە (٩٠) لێرە ئەبێ دیاری بکرێت بۆ ئەوەی گرفتمان بۆ دروست نەبێت چونکە ئەوەی لێرە دەڵێ (اعلاه باسم اصحابها) ئەوە دیاری کراوە (اصحابها) کاتی خۆی بە یاسای ژمارە (١١٧) دیاری کراوە، لەبەر ئەوە من پێم باشە لەدوای (یعاد تسجیل الحقوق التصرفیه ضمن قضاء شیخان للاراضی المشموله بقرار الاستملاک المشار الیه بالفقره أولا أعلاه باسم اصحابها حسب قانون رقم (٩٠) کما هو معمول حالیا فی کوردستان) ئینجا ئەگەر پێویست بە بڕیارێکی تردەکات ئەوە گرفت نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بێگومان پێمان باشە ئەو بڕیارە جێگیر بێت، بەڵام یەک شت هەیە حەز دەکەم جەنابتان بیزانن، کاتی خۆی کە (تحدید)ی ئەو ناوچانە کرا شتێکی تریشی پێ دەگوترا، باران بارینیان دیاری دەکرد کاتێک کە زۆر کەس لەولاتی ئێمەدا مراجعتی کرد لەبەر ئەوەی بۆ لێرە وایەو ماوەیەک دوای ئێمە وا نییە، ئەوان باران بارینیان دیاری دەکرد، واتا حکومەت دەیگوت لەو شوێنە باران کەم دەبارێ و لەو شوێنە زۆر دەبارێ بۆ نموونە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە دەربەندیخانەوە بەولاوە لەسەر بڕیاری (١١٧)ـەیە واتە هۆرێن وشێخان و ئەوناوچانە لەسەر یاسای (١١٧)ـەیەو لە دەربەندیخان بەلاکەی تر کە هەر ناوچەی ئۆتۆنۆمییە بەڵام لەسەر بڕیاری (٩٠)ـە، ئینجا ئەگەر ئێمە ئێستا ئاماژە بە یاسای ژمارە (٩٠) نەکەین مانای ئەوەیە جارێکی تر دەبێ لەغوی بکەینەوە پێویستە ئێستا بگوترێت یاسای (٩٠) چونکە ئێستا ئێمە لە کوردستاندا بەوە کار دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عوسمان حەسەن دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای (١١٧) لەبەر ئەوە بووە کە ئەوانە لە سنووری ئۆتۆنۆمی نەبوونە و نەخراونە بەر حوکمی ئۆتۆنۆمییەوەو یاسای ژمارە (٩٠)ی لەسەر جێبەجێ کراوەو بەشی خودان موڵک دابەزیوەو بەشی لەوێ دانەبەزیوە، کە ئەو بڕیارەمان هەڵوەشاندەوە بەبێ گومان بەڕای من دەگەڕێتەوە سەر یاسای (٩٠) و جگە لە یاسای (٩٠) هیچ یاسایەکی تریش جێبەجێ ناکرێت لەو شوێنانەی کە ئیمە ئەو یاسایەی لێ هەڵدەوەشێنینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاشکرایەو هەر لەبەر ئەوەش حکومەت داوای کرد کە لەوەی تریشیان یاسای ژمارە (٩٠) بنووسرێت چونکە هی سەرتاسەری کوردستانەو ناکرێ ئێمە لەوێ یاسایێک جێبەجێ بکەین و لەلای تریش یاساییێکی تر جێبەجێ بکەین، برایان ئەمە مەسەلەیەکی ترە ناکرێ لە پەرلەمان بریارێک دەرکەین لە راستیدا هەندیک هەستی نەتەوایەتیش گرنگە و لایەنی مێژوویی گرنگەو چۆن ئیمە بە حکومەتی خۆمان بلێین یاسای ژمارە (١١٧) جێبەجێ بکە؟ کە لەکاتێکدا کە یاسای ژمارە (١١٧) بۆ ناوچەکانی تەعریب کراو بووە، ئەمە گران لەسەرمان ڕادەوەستێت جا بۆیە (إنصاف) باشە، زۆرمان ڕەخنەمان لە یاسای ژمارە (٩٠) هەیە، بەلام ئێستا یاسایەک لە سەرتاسەری کوردستان جێبەجێ کراوەو ئەوە بنەمای کارکردنی حکومەتی ئێمەیە و ئیستا بێین و بە حکومەتی خۆمان بلێین بگەڕێوە سەر یاسای (١١٧)و من هەست دەکەم لەم مەسەلەیەدا تووشی گرفت دەبین، جا ئەوە بۆ ئێوە جێ ماوە، کاک فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسای ژمارە (٩٠) لە ئاکرێ جێبەجێ کراوەو لە شێخان جێبەجێ نەکراوە، بەلام یاسای (١١٧) لە شێخان جێبەجێ نەکرا لە ژێر سایەی ئۆتۆنۆمی نەبوو و ئێستاش نیوەی قەزای شێخان سەر بە حکومەتە، بۆ نمونە چەند گوندێک هێشتا لەژێر دەستی حکومەت دایە، یاسای ژمارە (٩٠) یان (١١٧) برادەرانی بادینان دەزانن کە نە یاسای ژمارە (٩٠) لە ئاکرێ ١٠٠٪ جێبەجێ کراوەو نە یاسای (١١٧) لە شێخان ١٠٠٪ جێبەجێ کراوە ئیستاش کورد بە عارەب دەکرێن و بەداخەوەش کەس لەسەر ئەمە قسە ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئێمە لێرە یاسا دەردەکەین و یاسا سیفەتی عمومیەتی تیادایە، وەکو گوتم پێشینە (سابیقە)ی لەسەر بینا دەکرێ ئیمە لەم پەرلەمانە شتێک دەکەین دەبێ ئاگاداری ئەم پێشینەیە ببین و نەیەین لێرە خۆمان بۆخۆمان یاسای (١١٧) جیگر بکەین لەسەر خۆمان، دوای ئەوە مەرج نییە کە تۆ یاساییێکت دەرهێنا وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت و ئەمە لە هەموو دنیادا وایە، ئەگەر وا بووایە ئەوا دنیا هیچ گرفتی تیادا نەدەبوو و هەتا یاساکانی عێراقی زۆربەی هەرە زۆری لە دەق هیچ گرفتی نییە و ئەگەر چارەکی ئەوەی کە وەکو دەق هاتووە جێبەجێ کرابووایە ئەوا لەوانەیە ئێمە هیچ گرفتێکمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی نەدەبوو، لەبەر ئەوە گرفتەکە لەسەر ئەوە نییە کە جێبەجێ دەکرێت یان نا یان گرفت ئەوە نییە کە پێشێلکاری هەیە یان نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی ترە، لێرە ئیمە دەقی یاساییمان هەیە چارەسەری گرفتێک دەکەین دیاردەیەک هەڵدەوەشێنینەوە کە بەعارەب کردنە، بۆ دیاردەی بە بەعس و بەعەرەب کردن یاساییێکی تایبەتی هەبووە بۆ ئەوە دەکرێ؟ ئێمە ئیستا بێین هەمان یاسا بگەڕێنینەوە؟، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆچی نابێت لە دوایی برگەی (إستیفاء رسوم التسجیل وذلک بعد تطبیق قانون الاصلاح الزراعی رقم «٩٠») ؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیمە لەسەر بنەماکە کۆک بین ئەوا لە داڕشتن هیچ گرفتێکمان نابیت، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەمەوێ تەنها تەفسیری یاسای ژمارە (١١٧)و (٩٠) بکەم، یاسای ژمارە (١١٧) بەرزترین ڕادە کە(١٠٠٠) دۆنمە بۆ خودان موڵکی داناوە، بەڵام لەیاسای ژمارە (٩٠)دا بەرزترین ڕادە بۆ خودان موڵک (٣٠٠) دۆنمە، جا ئەوە یاسای ژمارە (١١٧)یە ئێستا لە زۆر جێگا لە سلێمانی و گەرمیان وەکو برادەران باسیان لێوە کرد جێبەجی دەکرێت و وەکو جەنابت گوتت یاسا گشتییەو ئەم یاسایە گشتگیر نییە، ئەمە تایبەتە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیارە، ئەگەر ئیمە بڵێین (مع مراعاه أحکام قانون رقم «٩٠») لەو کاتەی کە یاسای ژمارە (١١٧) جێبەجێ کراوە نەوەک (٩٠) مانای ئەوەیە کە ئیمە یاسای ژمارە (٩٠) تەنها بۆ ئەوە دادەنێین، ئەی بەشەکانی ترلە کوردستان کە یاسای ژمارە (١١٧)یان لەسەر جێبەجێ دەکرێت؟، ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە یاسای ژمارە (٩٠) لەهەموو کوردستان جێبەجێ بکرێت وە ئیجرائاتی جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٩٠)یش ئەوەیە یاسای ژمارە (١١٧) هەڵوەشێنینەوە ئیجرائاتێکی شکلی دووروودرێژەو ئاسان نییە، لیژنەکانی دەست بەسەرداگرتن دەبێت کار بکەن و زۆر لیژنەی تریش دەبێت کار بکەن و بە ڕۆژێک و دوو ڕۆژو مانگێک و دوو مانگێک تەواو نابێت و لەوانەیە ساڵێک بخایەنێت، جا بەڕای لیژنەی یاسا ئەوەیە کە یاسای ژمارە(٩٠) لە هەموو کوردستاندا جێبەجێ بکرێت بەڵام بە پرۆژەیەکی تایبەت یاسای ژمارە (١١٧) لە هەموو کوردستان هەڵوەشێتەوە و یاسای (٩٠) جێبەجێ بکرێت، ئەوە ڕای لیژنەی یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە ڕای لیژنەی یاسایەو، ئەگەر ڕازین بە پێشنیاری لیژنەی یاسا ئیمە لەسەری دەڕۆین ئەوانەی پێشنیاریان کردووە ناچارین بیانخەینە دەنگدانەوە، کاک شیخ جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی عەبدولعەزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەکو گوتم کاک محەمەدیش ئاماژەی پێ کردو یاسای ژمارە (٩٠) پانتایی دیاری کردووە بە (٣٠٠) دۆنم و لە یاسای ژمارە (١١٧) (١٠٠٠) دۆنمە لەو ناوچانە بەپێی یاسای (١١٧)

(٨٠٠) دۆنمم وەرگرتووەو شمولی دابەش کردنم نەکردووە، ئیستا کە ئەو بڕیارە دەرچچێت سەد دۆنمم بۆ دەگەڕێتەوەو هەر دابەش کردن نامگرێتەوە بەڵام ئەگەر ئاماژە بکرێت بە یاسای پەیڕەو کراو ئەو (١٠٠) دۆنمەم نادەنەوە، (٨٠٠) دۆنمەکەی خۆم هەیە چونکە یاسای (١١٧)هەڵنەوەشێندراوەتەوە، بەڵام (١٠٠) دۆنمەکەم نادەنێ چونکە بەپێی یاسای (٩٠) من زیاترم هەیە و ئەو (١٠٠) دۆنمە دابەش دەکرێ بەسەر جوتیاران لەبەر ئەوە یاسای پەیڕەو کراو ئەبێ ئاماژەی پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د. ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دیسان جەخت لەسەر پێشنیارەکەی خۆم دەکەمەوەو یەکەم وا دەزانم ئەمە دادوەرێکی تیادا دەبێت بۆ هەموو کوردستان، دوو، وەکو جەنابت گوتت ئیمە بۆ ئەم واقیعە بچەسپێنین کە حکومەت ئەو بەشە خۆشەویستەی لە کوردستانی ئیمە دابڕیوەو بەعارەبی کردووەو دووری خستۆتەوە لەناوچەی حوکمی زاتی؟ بۆ ئیمە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەین؟ وادیارە ئەو ناوچانەی کە زیاتر وەکو دەرکەوت ئەو ناوچانەن کەوا نەچوونەتە ژێر حوکمی ئۆتۆنۆمییەوە بۆیە ئەو بڕیارەیان بۆ دەرچووە نەوەک لەبەر ئەوەیە کە باران دەبارێ یان نابارێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم دیسان لێرە جێگر بکرێت و ئەگەر پێویستیش بکات ئەوا یاسایەکی گشتی دەردەچوێندرێت و هیچ گرفتیش نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هاتوو ئیمە بنوسین (مع مراعاه قانون الاصلاح الزراعی رقم «٩٠») دوای ئەوە پرۆژەیەک دروست بکرێت کە چەند کەسێک پێشکەشی بکات، بەڵام ئێستا جێگر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە ڕای جەنابت ئەوەیە کە بنوسرێت یاسای ژمارە (٩٠)، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان من پێم وایە هەر بڕیارێک کە ئیستا جێگری بڕیاری ژمارە (٩٠) یان (١١٧)دەکات شتیکی سەرپێی و بە پەلەیە واتە حەقە بوار بدرێت بە یاساناسەکان کە دراسەت بکرێت و لەو شوێنانەی کە یاسای ژمارە (١١٧) جێبەجێ دەکرێت

هۆی چییە؟ ئەگەر یاسای ژمارە (٩٠) جێبەجێ بکرێت کام لا زەرەر دەکات و لە قازانجی کام لایە؟ من پێم وایە پەلە لەوە نەکرێت و دووپاتی دەکەمەوە ئەگەر ئێستا ئێمە لێرە بڕیار بدەین ئەوا بە بڕیارێکی سەرپێی و نادروستی دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد عەلی عومەر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەناوچەی سلێڤانی هەمووی یاسای ژمارە (٩٠) پیادە کراوە من کوڕە جوتیارم و گوندەکەمان پانتایی (٢٠٠٠) دۆنمەو لەسەر یاسای (٩٠) کە بە(٣٠٠) دیاری کراوە بۆ ملاک (٩٥١)دۆنم بۆ ملاک ڕۆیشتووە......

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێ پێویست ناکات بنووسرێت یاخوت ئاماژە بە بڕیاری ٩٠بکرێت، پێشنیارێکی تر هەیە دەڵێ دەبێت وەکو ئەوەی تر ئاماژەی پێ بکرێت، بۆیە جیاوازییەکە تەنها ئەوەیە کەبڕیاری ژمارە ٩٠ ئاماژەی پێ بکرێت یان نەکرێت؟کێ لەگەڵ ئەوەیە ئاماژەی پێ بکرێت؟سوپاستان دەکەین،کێ لەگەڵ ئەوەیە ئاماژەی پێ نەکرێت؟بەزۆرینەی دەنگ پەسەندی ئەوە کرا کە ئاماژەی پێ نەکەین . مادام وایە ئەو رستەیە لادەبرێت. هەر وەکو دەقەکەی تر دەمێنیتەوە، کەلە بڕیارەکەی تردا هات (باستثناء الاشارةالی قانون رقم ٩٠)جا ئەوانەی رایان وایە کە یاسای ژمارە ٩٠ یان ١٠٧ چارە بکرێت دەتوانن پێشنیارێک پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی لەسەرتاسەری کوردستان یاسای ژمارە ٩٠ جێبەجێ بکرێت تاکو ئەو گرفتە هەموو چارە بکرێت. وەکو مادده (٢) کێ لەگەڵە؟سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

ثالثاً: يستثنى من احكام هذا القرار المساحات التي تم انشأ منشئات والا بنية العامة عليها ويتم تسجليها ارضاً و بناءاً باسم الجهة التي يقررها مجلس وزراء الإقليم في حالة عدم تسجليها باسم اية جهة حكومية في الإقليم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا چ تێبینیەکتان لەسەر ئەو بڕگەیە هەیە؟ فەرموون

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبڕیاری پێشو تر حوکمی خۆجێیەتی پێشنیار کرا بوو لەجیاتی وەزارەتی دارایی

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەسەر سێیەم چ تێبینیەک هەیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە ؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رابعاً: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەری هەیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە ؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خامساً:ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک نیە لەسەرئەم ماددەیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە ؟ سوپاس ، کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا، هۆکارە پێویستەکەش هەمان هۆکاری پێشوو ترە لەگەڵ ئەو چاکردنە کەلەسەری کراوە، بۆیە وەکو بڕیار دەیخەینە دەنگ دانەوە کێ لەگەڵە؟ کێ لەگەڵ نیە ؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا ،سوپاس، سوپاستان دەکەین بۆ ئەو بڕیارەی کەداتان، چونکە وەکو ئاگادارن ئەو بڕیارە کە ئەورۆ درا دەروازەیەکی کردەوە بۆ پەرلەمان و حکومەتی کوردستان کە بازوی لێ هەڵماڵن بەو یاساو بڕیارانەدا بچنەوە کە بۆ بەعەرەب کردن یان بۆنی بەعەرەب کردنی لێ دێت. دیسان جارێکی تر لێرەوە سوپاسی جەنابی سەرۆک بارزانی دەکەین چونکە ئەگەر جەنابیان لەکردنەوەی ئەوخولەدا ئەو ڕێنماییانەی نەکردبایە لەوانەبوو ئێمە هەموومان ئاوها زوو دەست و بردمان نەکردبا و ئەو بابەتەمان چارەسەر نەکربا. چونکە ئەوە بابەتێکە لەراستیدا پەیوەندی بەئاییندەو ئەمڕۆی کوردستانەوە هەیەو زامێکە ولەمێژەوە میللەتەکەمانی پێوەی ئەتلێتەوە بۆیە جارێکی تر سوپاسی ئێوە دەکەین وهەروەها سوپاسی هەموو ئەو برادەرانەی لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کەلەدەرکردنی ئەم یاسایە بەشدار بوون بەتایبەتی پسپۆر و شارەزاکانمان هیوا دارین ئەو یاسایە ببێ بەبنەمایەکی چاک بۆ ئەوەی بتوانین کاری باشتر لەم مەیدانە ئەنجام بدەین . جارێکی تر سوپاسی ئەو هەوڵەتان دەکەین کەداتان بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو دوو بڕیارە.

# دوای پشوو

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر خاڵی یەکەمان چونکە دوامان خست بوو .کە گفتوگۆکردنە لەسەر پێشنیاری یاسای بزر بووەکان لەهەڵمەتەکانی بەکۆمەڵ لەناو بردنی گەلی کوردستانی عێراق.ئێستا دەست دەکەین بەو پرۆژەیە فەرمون.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قانون

المفقودين في حملات الابادة الجماعية

لشعب كوردستان ـ العراق

رقم ( ) لسنة ١٩٩٩

المادة الاولى :ـ تشمل احكام هذا القانون المفقودين في الحالات التالية:

١ـ المفقودون خلال حملة تهجير الكورد الفيليين من قبل حكومة العراق المركزية سنة ١٩٨٠ ويعتبر ١٩٨٠/١٢/٣١ تاريخاً لاعلان فقدانهم وإن التحري عن مصيرهم قد إستنفذت وسائله ومدته وغايته بمضي اربع سنوات على فقدانهم.

٢ـ المفقودون خلال حملة إبادة الكورد البارزانيين من قبل حكومة العراق المركزية سنة ١٩٨٣ ويعتبر ١٩٨٣/١٢/٣١تاريخاً لاعلان فقدانهم و إن التحري عن مصيرهم قد إستنفذت وسائله ومدته و غايته بمضي اربع سنوات على فقدانهم.

٣ـ المفقودون خلال حملة إبادة اهالي مدينة حلبجة الشهيدة بالاسلحة الكيمياوية من قبل حكومة العراق المركزية في ١٩٨٨/٣/١٦ ويعتبر يوم الكارثة تاريخاً لاعلان فقدانهم وإن التحري عن مصيرهم قد إستنفذت وسائله وحدته و غايته بمضي اربعة سنوات على فقدانهم.

٤ـ المفقودون خلال حملة الابادة المسماة بالأنفال في سنة ١٩٨٨ ويعتبر ١٩٨٨/١٢/٣١ تاريخاً لاعلان فقدانهم و إن التحري عن مصيرهم قد إستنفذت وسائله و مدته و غايته بمضي اربع سنوات على فقدانهم.

٥ـ المفقودون خلال انتفاضة آذار ١٩٩١ و الهجرة المليونية التي تلتها و يعتبر ١٩٩١/١٢/٣١ تاريخاً لاعلان فقدانهم وإن التحري عن مصيرهم قد إستنفذت و سائله ومدته و غايته بمضي اربع سنوات على فقدانهم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسا چ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسای هیچ تێبینی نیە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەرگای گفتو گۆ لەسەرئەو ماددەیە دەکەینەوە ، شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عبدالکریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە بە پێنج برگە هاتووە پێشنیار دەکەم برگەیەکی تری بۆ زیاد بکریت ، دەربارەی هەندێ

ون بوومان هەیە پێش ساڵی ١٩٨٠ دوو کۆمەڵمان هەیە زۆر ئاشکراو زەقن کۆمەڵێکیان لە هەندێ گەنجی هەڵخەڵەتاو کە لەگەڵ (قالە تەگەرانی) ڕۆیشتون کە زیاتر لە ٨٠٠ ، ٩٠٠کەس دەبوون، جگە لەمەش لە ماوەیێکی تر لە دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول لە و ماوەیەی کە ١٠ کیلۆمەتری سەر سنورەکان بە ناوچەیەکی حرام کراو داندرا بوو کەنابێ ژیان و جولەی تێدابێت لەو ماوانەدا لەو ناوچانە خەڵکێکی زۆر بەدیل گیران جا چ لەقاچاخچی و چ لەشوان و خەڵکی هاموو شۆکەر و دانیشتوان بەشێکیان هەر بە تەیارەش گوێزرانەوە هەندێکی تریان بە سەیارە، ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشتن نەگەرانەوە و هەموویان شوێن بزرن پێشنیار دەکەم کە پێش ساڵانی ١٩٧٩بکرێتە برگەیەک تاکو ٧٩/١٢/٣١ هەرچی ون بوومان هەیە بیگرێتەوە.سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەوزیە خان فەرموو

**بەڕێز فەوزیە عەزەدین ڕەشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گومان لەوەدا نیە کە ئەم یاسایە یاسایەکی زۆر چاکەو لە کێشەی کۆمەلایەتی پاشماوەی ئەنفالەکان کەم دەکاتەوە و سودێکی باشی لێ دەکەن بەلام من لەو یاسایە مەترسیەکم هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەو بریارە دەرچێ و ئێمە خۆمان ئەو بریارە دەرکەین و دان بەوە دا بنێین کە ئەوانە نەماون ،من وای بۆ دەچم کە بەم یاسایە دۆسییەی ئەنفال وکۆمەڵ کوژی دادەخرێ، لەرووی سیاسیەوە لەبەرژەوەندی کێشەکەی ئێمەدا نییە بەڵکو ئێستا کاتی ئەوەیە کە ئێمە پتر داکۆکی لێ بکەین و وەک وەرەقەیەکی گوشار هەموو دەم بە رووی رژێمدا دەینەوە و لێژنەیەک لەپەرلەمان بێ لە حکومەت بێت ناویان تۆمار بکرێت و شتی چاکیان بۆ بکرێت و بدرێتە ڕێکخراوە بیانیە خێرخوازەکان بۆئەوەی لەرێگای دادگای نێو دەوڵەتییەوە یان لەرێگای هەر کەسێکی تر بێت پاشە رۆژ رژێمی بەغدای لەسەر تاوان بار بکرێت، تەنها مەترسیەکەم لەوەدایە ئەو دوسییە دانەخرێ، بەدەرکردنی ئەو یاسایە، ترسیشم لەوەیە ئەگەر تەنها کەسێکیش لەوانە مابن لە رووی کۆمەلایەتیەوە لەوانەیە رژێمی دکتاتۆری بەغدا بیکوژێ، ئەوەش تاوانێکی مرۆڤایەتیە ، بەلام لەرووی کۆمەلایەتیەوە کارێکی چاکە چونکە بەراستی کێشەیەکی زۆری پاشماوەی ئەنفالەکان کەماون چارە دەکات ، ئەگەر لە هۆکاری پێویستیش بێت برگەیەکی بۆ زیاد بکرێ وتیایدا بگوترێ ئەو مەلەفە دانەخرێت تەنها ئەوە تێبینیەکەم بوو زۆر سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم ئەو بابەتانە بەو شێوەیە بخرێتە روو ئێوە ئەندامی پەرلەمانن! کەس هەیە واز لە مافی خۆی بینێت، کەس هەبوو بەکەسێکی تر بلێ تۆ دۆسییەی خۆت داخەو باسی مەکە؟، لەشەری جیهانی یەکەم جولەکەکان لەناو بردران ئێستاش بەدەیان رێکخراو بەدوایەوەن، لەگەڵ ئەوەی کە ئەڵمانیا بەراشکاوی دانی بەو تاوانەدا ناوە و مانگانە برێکی پارەیان پێدەدەن ئێستاش رۆژ نییە

مەلەفەکەیان نەکرێتەوە ،کەس نیە واز لە مافی خۆی بێنێت کەسیش نەی گوتووە مەلەف داخەن بەپێچەوانەوە ئەوە لایەنێکی شەرعی کۆمەلایەتی یاسایی چارەسەر دەکات هەروەها دەرگاکەی کردۆتوە کە ئێمە زیاتر ئەو مەلەفەی تێدا بکەینەوە . هەر بۆ نمونە کابرایەک برای دەکوژرێ بابی دەکوژرێ واز لە مافی خۆی دێنێ؟ ئەویش وازی لێ بێنی کەس و کاریشی وازی لێ بێنی (حق العام )مافی گشتی وازی لێنایەنێ بۆیە تکایە ئەو ئەگەرانە مەخەنە ئەو پرۆژانە لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژانە تەواوە، بەپێچوانەوە ئەوە دەرگایەکی گەوەرەی داخراوی کردەوە، کاک فرەنسۆ.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم ئەوە خاڵ بەخاڵ باس دەکرێت یان هەمووی بەیەکەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەوە مادده بەمادده باسی دەکەین

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە شتێک لە یاد کراوە نازانم برادەران چۆن لەیادیان کردوە؟ شیخ وەسانان پێش هەڵەبجە بەساڵێک کیمیا باران کرا،لە ١٩٨٧/٤/١٦وەکو بلێیی بەعس تەلاقی خواردبێ کە هەموو جارێک لە ١٦ی مانگ کیمیا بەکار بینی لە ٨٧/٤/١٦ شێخ وەسانان تقریبا لە نێو بردرا ئێستاش چارەنووسیان دیار نیە، لەبەر ئەوە پێش هەڵەبجە دەبێ خاڵێک بۆ شێخ وەسانان دابندرێ .سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە راستیدا ئەگەر بەمە دا برۆین دەبێ هەموو گوندەکانی کوردستان بنووسین لە شوێنێک ٥٠ ، ٦٠ کەس کوژراون ئاماژەی بۆ بکەین، جاوابزانم ئەوە لەلایەن پسپۆرانەوە زۆر باس کرا لەو دانیشتنانەوە تەنها ئەو شوێنانە دەست نیشان کران، کە کۆمەڵ کوژی گەورەیان لێ کراوە.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ وەسانانیش کۆمەڵ کوژی لێ کرا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ دەزانم ، لەشوێنانی تریش کۆمەڵ کوژی کراوە، گوند خاپور کراوە ٦٠.٥٠ لاشەی تێدا بیندراوەتەوە لەراستیدا نازانم چۆن چارەسەری ئەوە بکەین؟، یان دەبێ هەموو دێیەکان بنووسین کەکیمیا باران کراون یان بەناوی شالاوەکانەوە دیاری بکرێت، زۆر باس کرا ئەگەر وابکەین دەبێ هەموو گوندەکان بنووسین.

**بەڕێز فـــــرەنـســــــۆ تـۆمــــــا هـەریری:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــوومــــــەن:**

نازانم ئەگەر باسی شێخ وەسانان کراوە یان نا چونکە من لەوێ نەبووم

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

بەڵێ باسی ئەو بابەتانە کرا ،بیرۆکەکە بەو شێوەیە بوو کە ئێمە بەشێوەیەکی گشتی ئەو کۆمەڵ کوژیە دیاری دەکەین ، ئەگەر بگەڕێینەوە خۆ جەنابیشت دەزانی لە شۆڕشی ئەیلولیش کۆمەڵ کوژی کرا خەڵکێک هەیە لە شۆڕشی ئەیلولەوە بزرە و گیراوە ئێستاش نازانین چی بەسەر هاتووە، واتا ئەو حاڵەتانە وردەکاریەکەی زۆرن، بەو مانایە نییە کە ئێمە دەستمان لە شێخ وەسانان شوشتبێ،بە رای من ئەو بابەتە ئەگەر وردی کەینەوە زۆری دەوێ، مەلا هادی

**بەڕێز مـــــەلا هـادی خـــضـــر کــــوێخــــا :**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

ماددەکە وەکو هاتووە زۆر بەرێک و پێکی هاتووە، بەلام پێشنیار دەکەم لەگەڵ ئەوە کە دەڵێ (ویعتبر ١٢/٣١ تاریخاً لإعلان فقدانهم...اخ) لەکۆتاییەکەی ئەوە زیاد بکرێ (و کما یقرره الشریعة الاسلامیة )یـان (حسب الشریعة الاسلامیة )یـان (بمقتضی الشریعة الاسلامیة) بەئیعتبار بریارەکە لەسەر ڕێگایەکی ئسلامی کراوە ،ئەوەش لەهەر پێنج برگەکەدا زیاد بکرێ . سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

یەکێ لە بنەماکانی یاسادانانی ولاتانی ئێمە فقهی ئیسلامیە ، لەبەر ئەوە پێویست ناکات ئامـاژەی بۆ بکەین ، بۆیە ئەگەر وا بڕۆین دەبێ لە هەموو یاساکاندا بلێین بەپێ شەریعەتی ئیسلامی، کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز ســــەرتیپ مـــحـــمـــەد حــــوســـێن:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

لەگەڵ ماددەکە دام و هیچ تێبینیم لەسەری نییە، بەلام لەسەر برگەی چارەم کە دەڵێ (المفقودون خلال حملة الابادة...)الحملە بکرێتە (الحملات) بەو پێیەی کە زۆرن نەک یەک حەملە.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

سوپاس، کاک ڕەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجــــەب شـــــەعــــبــــان تـەیـب:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجــــــومــــــەن:**

لەراستیدا ئێمە هەموومان لەگەڵ ئەو یاسایەداین چونکە وەکو دەڵێن گرنگترین یاسایە کەمتر نیە لە جاردانی فیدراڵی و یاسای دەزگای شەهید چونکە وەکو دەڵێن گرفتێکی کۆمەلایەتی گەورە بۆ ئێمە چارەسەر دەکات ئەوە یەک، دووەم، ئەوە دەست پێکەکە کە ئێمە هەموو دەمێک داوا لە رژێمی بەغــــدا یان UN بکەین کـە چارەنووسی ئەوانەمـان بۆ دیاری بکەن یان ڕێگایەکی

چارەسەری بۆ ئێمە دابنێن یان ئەوانە قەرە بوو بکرێنەوە زۆر شتی تر دەتوانین بۆ ئەو لێقەوماوانە بکەین، ئەوە لایەک لایەکی تر گرفتێکی گەورەی کۆمەلایەتی بۆ ئێمە چارە سەر دەکاتن بەوەی هەروەک شەریعەتی ئیسلامیش هانی ژن هێنان دەدات لەبەر ئەوی تاکو فەسادی کۆمەلایەتی نەکەوێتە ناو میللەتی ئێمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ عەفان فەرموو

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەم قسەکانم زۆر دوو بارە نەبنەوە، سالی ۱۹۸۷له هەلەبجە نزیکەی ۳۱۰کەس ون بوون ۱۲۹کەسیان لاشەکانیان دۆزرانەوە بەلام ئەوانی تر بە ناو دیارن کە ون بوون منالن و ژن و پیر و لاون هیوا هەیە خۆی ماوە بەلام خێزانەکەی ون بووە بەپێچوانەوەش، لەوانەیە کەسێ لەوانە ئەو برگەیە بخوێنێتەوە بلێ ئەوە من ناگرێتەوە ئەگەر بەگشتی باس بکرێ ئەوانەش زۆرن ۳۰۰،٤۰۰ کەس دەبن سەدوو سییەکیان لاشەکانیان دۆزراونەتەوە لەیەک شوێندا دوریش نیە کە ئەوانی تر لە شوێنێکی تر کوژرابن و شاردرابنەو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ عەفان باسمان کرد گوتمان ئەوە یاسایە سابیقەی یاسایش وەکو برادەرانیش ئاماژەیان پێدا پێوانەیە، ئەگەر داخلی ئەو درێژەپێدانەبین شتمان زۆرە چەند جار باسمان کرد

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوانەیە کەسێ بیت بلێ ئەوە هی سالی(۱۹۸۸)ە ئێمە ناگرێتەوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەلێ بەلام ئەوە وەکو پێوانەیە با دام و دەزگاکانی ئێمە لەسەری برۆن پێمان ناکرێت هەموو گوندێک لێرە دابنێین.

**بەڕێز شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جگە لەو کەسانەی کە دیارن لە ناوباخ و زراعەتدا گیراون و بەهەلی کۆتەر بردران دوانیان خرابوونە خوارەوە لەوانەش ٦۰ کەس ناوەکانیان دیارن کە مفقودن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەسەدەها خەلکی ئێمە بەو شێوەیە بێ سەرو شوێن پێشمەرگەمان هەیە خەلکمان هەیە گوندمان هەیە بۆیە ئێمە ناتوانین حالەت بەحالەت بیانووسین، ئەوانە کۆمەل کوژی گەورەن لە مەلەفاتی نێودەولی جێگیر بووە ئەو حالەتانەی تر دوو حالەتمان هەیە یان بە قیاس لەسەری دەرۆن ئەلێ من

لەو ساڵە وام لێ هاتووە دەزگاکانمان لەسەری پێوانە دەکەن، یان ئەگەر بەباشی دەزانن بۆ ئەو وردەکاریانەش پرۆژەیەکی تر پێشکەش بکەن تا چارەسەری بکەین ناکرێ ئێمە لە یاسایەکدا هەموو دێیەکانی کوردستان جێگیر بکەین.

**شێخ عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ناوی دێیەکانیش نەنووسین دەکرێ ناوی ساڵەکان بنووسین

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ناکرێ چونکە ساڵ نییە کوردی تێدا کۆمەڵ کوژنەکرابێ، ئەوەتە ئەمڕۆ یادی مەرگەساتی قەلادزێیە، چەند کەس لەقەلادزێ کوژران؟ چەند کەس شوێن بزرن؟پەرش و بڵاو بوونەتەوە کەس نازانێ چییان بەسەر هاتووە ، بایاساکەمان نەبێتە دارشتن. مامۆستا مەلا محسن فەرموو

**بەڕێز مەلامحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەمادەدەی یەکەمدا وەکو لیژنەی کاروباری ئیسلامی رامان وایە ئەو وشەیەی (اعلان)هەڵگرین چونکە بنەمای یاسا بەپێی شەریعەتی ئیسلامی چارەسەری هەر کێشەیەک بکا یان لە رێگەی اعلانەوە یان لەرێگای فقدانەوە دەکرێ،ئێستا لیرە رێگای فقدان هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی بنەمای یاساکەی لەسەر دابندرێ لەبەر ئەوە پێویست بە وشەی اعلان ناکات. جەخت دەکەینە سەر ئەو رایەی کە دەڵێ (حملە) نەبێ (حملات) بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا ئەگەر وڵامێکی ئەندامان بدەنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە فەرموودەی شێخ یەحیا وابزانم کاک فرەنسۆش ئاماژەی بۆ کرد، هەر وەک جەنابتان فەرمووتان بەهەزاران کارەسات رووی داوە ئەم یاسایە بۆ ئەو کۆمەڵ کوژیانەیە کە لەمەلەفاکانی دەوڵەتان جێگیر بووە، سەبارەت بە ئەوەندە کەسە لەوێ ولەوێ کوژراون ئەوە یاسای باری کەسی و چاودێری قاسرین چارەسەری کردوە و ئاماژەشمان بۆ کردوە، یاسای باری کەسی ژمارە (٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩، ویاسای چاودێری قاسرینی ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠لەماددە (٦)ی دا هاتووە ئەوانە دەتوانن سەردانی دادگا تایبەتمەندەکان بکەن و بەپێی ئەو یاسایانە دەتوانن حجەتی وەفات دەر بکەن.سەبارەت بەوەی مەلا هادی فەرمووی کە شەریعەتی ئیسلامی ئاماژە پێ بکەین ،دیسان ئاماژەی پێکراوە ئێمە گوتومانە هەر دەقێک لیرە نەهاتبێ دەگەرێینەوە بۆ یاسای باری کەسی، مادده (١)یش لەیاسای باری کەسی دەڵێ ئەگەر هەر دەقێک لەو یاسایەدا نەهاتبێت ئەوە دەگەرێتەوە بۆ شەریعەی ئیسلامی ، ئەوە دەقمان هەیەو چارە سەر کراوە پێی ناوێ ئێمە

جارێکی تر دووپاتی بکەینەوە وبڵێین (مع مراعات الشريعة الإسامية)،سەبارەت بەوەی کاک سیروان کاکەیی ئێمە پشگیری دەکەین کە وشەی (حمله) بکرێتە(حملات)، دەیکەینە حملات. سەبارەت بەوەی شێخ محسن فەرمووی یاسا چارەسەری یاسا دەکات لە یاسای باری کەسی هاتووە (الاعلان عن فقده لمدة اربع سنوات)ئێمە ئەو ماوەیەمان بە مثابەی ئەو یاسایەدا ناوە ئێمە ئەو اعلانەمان لەسەر رۆشنایی یاسای چاودێری کۆمەلایەتی داناوە و زۆر پێویستیشە بمێنێت (الاعلان عن فقد المفقود)لەو ماوەیەی کەدامان بەو پێیە سەردانی دادگا دەکات و حجەتی وەفاتی بۆ دەردەهێنن بەپێی ئەو بریارە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یەحیا بەدوا داچونێکی هەیە فەرموو

**بەرێز یەحیا محمد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەڵێت (تشمل احكام هذا القانون المفقودين في الحالات التالية)بەتەوای دەست نیشانی دەکات ، لێرە ئەگەر ئاماژە بەو کۆمەڵە کەسەی کە لەسەر سنورەکان ون بوون لەکاتێکدا کە رژێم دەیانی گرت و دەی گواستنەوە یان بە تەیارە یان بە شتی تر ئەوە پێش ١٩٧٩ ،ئەوەش بکرێتە قۆناغێک ئەمە یەک دووەم بۆ ئەو حالەتانەی کە برادەران ئاماژەیان بۆ کرد بۆ نمونە برگە یەک کەدەڵێ تا ١٢/٣١ بۆ برا فەیلیەکان لەوانەیە هەندێ برا فەیلیمان هەیە دوای ١٩٨٠ ئەو کارەساتەی بەسەر هاتبێ بەگوێرەی ئەو مێژوە نای گرتەوە جا ئەگەر بکرێت لەهەموو برگەکان ئەگەر حالەتێک هەبێت لەو جۆرانەی هەروەک برا فەیلیەکانم بەنمونە بۆ هێنانەوە واتا ئەگەر کارەساتێک لەپاش یان لەپێش ئەوانەدا هەبێ جێگیر بکرێت واتا ئاماژەی پێ بکرێت ئەگەر لە (اسباب موجبه)ش بێت بۆ مێژوەکەی. هەروەها بەر لە کارەساتی هەڵەبجە بەساڵێک شوێنانی تر بۆم باران کراون، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا فەرموو.

**بەرێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە وشەی اعلانەوە کەلیژنەی یاسا دەفەرموون ، بنەمای ئەو یاسایەی کەبۆ بزر بووە دوو بنەمای هەیە بنەمای (اعلان) هەیە وبنەمای فقدان هەیە بنەمای اعلان یاسای عێراقی لە یاسای چاودێری کۆمەلایەتی باسی اعلانی کردوە کە دادگا دەیکات، یاسای باری کەسی میسری لەهەمان کات باسی اعلانی کردوە بەلام لە ساڵی ١٩٢٩ لێی پاش گەز بۆ وەو کردی بە فقدان ئەگەر بێتو بەاعلان بیکەین ئەوە لەو رۆژەوە دەبیت کە دێتە دادگا، کەچوە دادگا ئافرەت سەردانی دادگای کرد ئەو رۆژە دادوەر اعلانی دەکات(وتبدء المده من )ئەو رۆژەی کە دەروا بۆ لای دادوەر بۆ

لایەنە شەرعیەکەی هەروەک وتم دوو بنەمای هەیە جا فقهی ئەو یاسایەش فقهی ئیسلامیە ئەگەر لەسەر بنەمای اعلان برۆین ئەوە لەو رۆژەوە دەبێت کە کەسەکە دەچێتە دادگا هەر لەو رۆژەوە دەبێ ماوەی چوار ساڵەکەی بۆ دابندرێ. بەلام ئەگەر فقدان بێت (فقدان محقق)ئەوە تەواوە مادده بەماددەی ئەو یاسایە هەر وەک ئێمە کۆمەڵگایەکی ئیسلامین هەروەک کاک محەمەد فەرمووی لە چوارچێوەی فقهی ئیسلامی دەرنەچوە چونکە سەرچاوەکەی ئێمە ئیسلامە کە گونجاوە لەگەڵ حاڵی ئێمە ، سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسا فەرموون:

**بەرێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەگەڵ رێزم بۆ رای مەلا محەمەد تاهر اعلان (اعلان عن الفقد)دەقێکی یاساییە بۆ نمونە ئەگەر برۆینە سەر یاسای چاودێری قاصرین ئەو ئەگەر سوپایێت سەرباز بێت ئەوە وەزارەتی بەرگری اعلانی فقدی دەکات، ئەگر هێزی ئاسایشی ناوخۆ بێت ئەوە وەزارەتی ناوخۆ اعلانی بزربوونی (فقدی) دەکات، ئەگەر لەو دوانە نەبێت ئەوە دادگا اعلانی دەکات. ئێمە وازمان لەو شکلیاتە هێناوە، ئەو بڕیارە بۆ چارە سەری ئەو کێشانەیە کە کاک مەسعود فەرمووی، جا ئەو اعلانە (اعلان الفقدان)ماوەکانی ئەوەیە کە یاسای چاودێری قاسرین و باری کەسی دیاریان کردوە بۆ ماوەکەی ئەوەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرسەت فەرموو.

**بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرای من لەحاڵەتێکی ئەوهادا پێمان خۆش بێت و پێمان ناخۆش بێت دەبێت رەچاوی یاسا داندراوەکانیش بکەین ، وەیاساکانی داندراوی ئێمە لەوانەیە لەسەر مەزەبێک راڤەی کردبێت بەڵام هیچ سەرپێچیەکی شەرعی تێدانیە ، سەبارەت بە اعلان لەو حالەتەدا لە یاسایەکی داندراودا هاتووە، ئەوەش بە یاسایەکی داندراو دەژمێردرێ لەوێ بە شکلێک هاتووە لێرەش دەستمان پێوە گرتووە ئەگەر مخالفیش بێت ئەوە وەک هەموارێک دادەندرێ لەسەر ئەو یاسایە بە رای من هیچ گرفتی تێدا نیە.(ویعتبر ٣١/١٢/ تاریخا لفقدانهم...)رەچاوی یاسایەکی داندراومان کردوە ئەویش یاسای چاودێری قاسرینەو یاسای باری کەسیە بەرای من هیچ گرفتێکی تێدا نیە ، چونکە مامۆستا خۆشی گوتی دوو رووی تیدایە لایەنێک هەیە دەچنە مێژووی فقدانەوە لەیەنێکی تر هەیە دەچنە مێژووی اعلانەوە، لێرەدا ئێمە لایەنی اعلانمان گرتووە ئەوەی مامۆستا فەرمووی دەبێت لەمێژووی مراجعەتی دادگاوە بێت ئەگەر واش بێت ئەوە هەموارمان

کرد مێژوێکمان دانا دای نانێن کە مێژوی مراجعەتی دادگایە، وای دادەنێین ئەو مێژوە بەیاسا هاتووە رەچاوی ئەو مێژوە دەکەین سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی نەما؟ مادده (١) لەگەڵ ئەو هەموارەی کە لەسەری کرا واتا (حملە) دەبێتە (حملات) و لەگەڵ دارشتنەوەی دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا. لە کردارەکانی کوشتن وقڕو بڕو پاکتاوکردنی نەژادی کوردی جگە لەوانەی کە لە یاساکە باس کراوە مرۆڤ ڕستەیەک زیاد دەکات کە هەروەها بەدواداچوونی ئەم مەلەفە ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە مادده دوو ئەوە لە هۆکاری پێویست ئەتوانین چارەسەری بکەین فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادە الثانیە:

أ ـ یعتبر مضي المدة المنصوص علیها في المادة الاولی قرینة علی موت المفقود المشمول بهذا القانون حکماً.

ب ـ إذا کانت الزوجة هي المفقود وصدرت الحجة بوفاتها حکماً فلا یجوز لزوجها الزواج بأختها أو بمن لایجوز الجمع بینها وبین زوجته حتی یتبین مصیرها.

ئەوە مادده دووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا تێبینی نییە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک عەبدولخالق فەرموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«یعتبر مضي المدة المنصوص علیها في المادة الاولی قرینة علی موت المفقود» من بۆ جەمع و بۆ ئەوەی ئیستغلال نەکرێ بەهەڵە (قرینة علی وفاة المفقود) لە (موت)ـەکە ئەوە لە واقیعی بۆ ئەوەی بواری پاشەکشە (خط رجع)یەکمان هەبێت و لە برگەی «ب» (إذا کانت الزوجة هي المفقود وصدرت الحجة بوفاتها حکما) ئەوە لەوێش هاتووە (وفاتها حکما) و بۆ خوشکە (فەوزیە)ش ئاماژەی پێ دەدەم کە لێرانە ئەو جارەکە ئەڵێ (وفاه حکما) مانای ئەوەیە ئێمە مەلەفەکەمان دانەخستووە، لەبەر ئەوە من لەگەڵ وشەی (وفاة)دام نەک (موت)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور ڕەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش یەکێک لە تێبینییەکانم ووشەی (موت) بوو بگۆڕردێ بە (وفـاة)، دوو بەڕاستی من پێموانییە ئەم بڕیارە مەلەفەکە دابخات بە پێچەوانەوە جگە لەوە ئەگەر مەسەلەی مفقودین یان (وفـاة) سەرانی ڕژێم لە چەندین بۆنەدا باسی ئەوەیان کردووە کە ئەمانە نەماون ئێمە ئەبێ ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە ئەم کێشە مرۆڤایەتییە چارەسەر بکەین، بۆیە مەفروز بوو بەداخەوە هەر چەندە بڕیارەکەمان دواخراوەو درەنگ دێ بەڵام دیسان هەر جێی خۆیەتی، وابزانم بڕیارێکی باشە و پێویستە پەسند بکرێ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک کانەبی فەرموو.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەمان تێبینیم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(موت) بکرێ بە (وفـاة) جا بابزانین یاساناسەکانمان چی دەڵێن لەنێوان (موت) و (وفـاة)، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی سکرتێر پێش ئێستا تێبینییەکی دا کە ئەمە (قوانین وضعی)یە یاسای باری کەسیی هەیەو ئەمەش لە یاسای باری کەسییەوە هاتووە (موت) نەهاتووە (وفـاة)ە ئێمەش دامانناوە (موت) ئەوە یەک، ئینجا ئەگەر بچینە لایەنی زمانەوانیش وابزانم (وفـاة) بۆ مردنی ئاسایی (موت)یش بۆ مردنی نائاسایی دێت، واتە کوشتنە یان مردنی بە کیمیایە، (موت) بۆ ئەوە دێت لەلایەنی زمانەوە و لیژنەی یاساش هەر لەسەر ڕای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک تێبینی بۆ برادەران کە ئەو تێبینییەیان لە جێگای خۆیەتی باشە مرۆڤ لەسەر ئەو زاراوانە ڕابوەستێت ؟ برادەرانی لیژنەی یاسا دەڵێن ئێمە دەبێ ڕەچاوی یاساکانی تر بکەین ئەم پرۆژەیە کە ئێستا لەبەر دەستانە پەیوەندی بە یاسای باری کەسییەوە هەیە بێگومان پەیوەندی بە قاصرینەوە هەیە، دوو، لەوانەیە پەیوەندی بە یاساکانی تریشەوە هەبێت، بەڵام ئێمە ئێستا لێرە لە خەیاڵمان دا نەبێت، بۆیە لەم دوو یاسایە بەلانی کەم بەپێی یاساناسانی ئێمە ئەم زاراوانە بە

(موت) پێناسە كراوە وەكو برادەان لێكیان داوەتەوە لەوانەیە مرۆڤ زاراوەی تر دابنێ لەجیاتی ئەوە گرفتێكی یاسایی یان گرفتێكی شەرعی بێتە پێشەوە لەسەر ئەوەیە ئەگەر نا ئەڵێین هیچ لە وەزعەكە ناگۆڕێ جا ئەو برادرانەی ئەو پێشنیارەیان كرد ئەگەر رازین بەو رایە بۆ بیخەینە دەنگدانەوە؟ باشە سوپاس ماددەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە؟ سوپاس، كێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێكڕای دەنگ پەسەند كرا سوپاس، فەرموو كاك حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی كەمال:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

المادة الثالثة:

أ ـ تصدر المحكمة المختصة حجة وفاة للمفقود المشمول بهذا القانون بناء على طلب مقدم من أحد أقربائه لحد الدرجة الرابعة بعد استحصال استشهاد من الجهة الادارية المختصة يؤيد و يحدد شمول المفقود باحدى الحالات الواردة في المادة الاولي من هذا القانون.

ب ـ في حالة عدم وجود ذوي الشان من الدرجات المذكورة في الفقرة (أ) فلكل ذي المصلحة أو جهة حكومية حق طلب اصدار حجة الوفاة وفق ما جاء اعلاه.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

وابزانم ئەو (ألف و لام)ە زیادە، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی نییە تەنها ئەو (ألف و لام)ە نەبێت كە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەوە هەڵەی چاپە، كاك سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ئەگەر بێینە سەر ڕیزی «٣» لە برگە «١» جارێكی دی تەئكید ئەكات (شمول المفقودین باحدی حالات الواردة في المادة الاولی) جەختی كردووە بەڕاستی ئەگەر شتێكی لێ نەكەین و سیستەمێكی بۆ دانەنێین بۆ نمونە (وغیرها) شتێكی وا، بەمانای باری بزربووەكان (مفقودینمان) حەسر كرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ڕیزم بۆ ڕای كاك سەفەر، كاك سەفەر خۆی لەگەڵ ئێمە دانیشت بوو، كە ئەو دارشتنەمان كرد لە

لیژنەی یاسا بوو وە لە لیژنەی یاسا دانیشتووەو لاری نەکردووە لەسەر ئەم یاسایە ئەوە یەک، بۆ ئەو کاتە لاری نەدەبوو؟، دووەم ئەو یاسایە بەڕاستی بۆ ئەو بارانە هاتووە کە مەحسورە لە مادده یەک، بۆحاڵەتی تر نەهاتووە، چوار پێنج حاڵەتن بەوە حەسر کرایە ئەوە پێش ئێستا گفتوگۆی لەسەر کرا، حاڵەتەکی تر شمولی بکات ئەوە مشمول نییە ئەوە یاسای باری کەسی و قاصرین هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە یاسای تر هەیە یاسای باری کەسیی و قاصرین، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەفەر چەند ساڵێک دادوەر بووە ئایا حالاتی تر نییە جگە لەم حالەتانە کە یاسا چارەسەری نەکردبێت؟ (قانون رعایە القاصرین) چارەسەری نەکردووە کاک سەفەر چەند (حجە الوفاە)ی دەرکردووە پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە، سوپاس.

. **بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، گفتوگۆ کردن تەواو، ئیجازە بدەن بنەماکە بەو شێوەیەیە کە ئەم یاسایە تەنها بۆ ئەوانەیە بۆ هەڵمەتەکانی بەکۆمەڵ کوشتن و کۆمەڵ کوژی لە کوردستان دەرچووەو حاڵەتەکان دیاری کراوە، حالاتی تر وەکو جەنابتان پێشنیار دەکەن یاسای دانراوی ئێمە بەتایبەتی یاسای باری کەسیی و قاصرین چارەسەری زۆر لەم مەسەلانەی کردووە، جا نازانم ئیجتهادی دادوەر ئەو کاتە چۆن دەبێت؟ وەکو.قیاس هەندێ حالات هاتە پێشەوە ئەمە بکا بە سەرچاوەیەک و لەسەری بڕۆین ئەگەر مشمول نەبێ بە یاسای تر بە قیاس لەگەڵ ئەمە لەسەری ئەڕوات وابزانم قیاسیش یەکێکە لە سەرچاوەکانی تشریع لەلایەن دادوەرانی ئێمەوە ئەتوانن ئەگەر لە یاسای دانراوی تر چارەسەر نەکرابێ ئەم یاسایە دەکا بە قیاس و لەسەری حوکمی خۆی بداو ڕێگەی لێ نەگیراوە زۆر سوپاستان دەکەین، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە مادده «٣» تەنها (من هذا القانون) زیاد دەکرێ وەکو گوتمان و (ألف ولام) (المصلحە) لادەبرێت، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الرابعة :ـ تكون محكمة محل إقامة طالب حجة الوفاة أو محل وجود الجهة الحكومية طالبة الحجة هي المحكمة المختصة بإصدار حجة وفاة المفقود المشمول بهذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنها یەک تێبینی هەیە ئەویش زیاد کردنێکە بۆ دوایی ماددەکە کە (تكون محكمة محل إقامة طالب حجة الوفاة أو محل وجود الجهة الحكومية طالبة الحجة هي المحكمة المختصة بإصدار حجة وفاة المفقود المشمول بهذا القانون.)، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باصدار حجه وفاه المفقود المشمول بهذا القانون.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەو زیاد کردنەیە، وكذلك القسام الشرعي والقانوني المستندين الى الحجة المذكورة إستثناءً من احكام الفقرة الاولى من المادة (٣٠٥) من قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة «١٩٦٩»)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە زیاد دەکرێ؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مۆڵەتم پێ بدەن من ڕوونکردنەوەیەکم هەیە، بڕگە یەک لە مادده (٣٠٥) ئەڵێت (تختص محكمة محل إقامة متوفي الدائم) ئەو (الدائمة) گرنگە، لێرە ئێمە تەفسیری بکەین (محل إقامة المتوفي الدائمي باصدار القسام الشرعي ولا يعتد بالقسامات الشرعية الصادرة من محكمة اخرى)، واتە ئەگەر ون بوو خەڵکی خانەقین بێت، وای دانێین داوای «حجة وفاة»ی لە هەولێر کرد، یانی دەبێت بچێتە «شوێنی دانیشتنی» خۆی داوای «حجة وفاة» بکات بە گوێرەی ئەو ماددەیەی لە یاسای مرافعات هاتووە، بەڵام ئێمە بەدەرمان کرد، یانی «طالب الحجه» لە هەولێر داوا بکات، لە دهۆک داوا بکات، لە سلێمانی داوا بکات، مەشموول نییە، بەو ماددەیە، ماددەکەش ئەڵێت (لايعتد بالقسامات شرعية الصادرة من محكمة اخرى «المحكمة الاخري»)

واتا شوێنی دانیشتنی هەمیشەیی، بەڵام بە گوێرەی ئەم زیادکردنە مافی هەیە لە هەر جێگایەک داوای «الحجة الوفات» بکات، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئامانجیش لەم زیادکردنە تەنها بۆ ئاسانکاری ئیشوکاری ئەو لێ قەوماوانەیە، لەوانەیە ئاسانکاریش دوولایەنی هەبێ، لایەکی ئابووری و لایەکەی تریشی سیاسی بێ، خەڵکێکی ئێمە نەتوانێ بچێتە ئەو جێگایەی کە وەختی خۆی لێی بووە، لەوانەیە لە ژێر دەستی حکومەتە و موعاناتی زۆرە، هەرچۆنێک بێت ئەو پێشنیارە ئەخەینە دەنگدانەوە ئەگەر چ تێبینیەک لەسەری نییە؟کێ لەگەڵە؟... سوپاس... کێ لەگەڵ نییە؟ مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز مەلا تەها محەمەد تەها:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو قەسامە بۆ چییە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ سوپاس ئەو قەسامە بۆ چێیە لیژنەی یاسا؟

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قەسامی شەرعی یان قانونی ئەوە بۆ دابەش کردنی (تەریکەیە)، قەسام نەبێ دابەش کردنی تەریکە چۆن ئەکرێ فەرز بکەین (ذمه المفقود عن المتوفی) مەشمول ذمه بێت بۆ کەسێ چۆن اقامه دعوا ئەکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بابەتی یاساییە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ بابەتی یاساییە بێگومان قەسامی شەرعی بۆ حاڵەتێک بەکاردێت بۆ «اموالی صرف» یەعنی «منقول» عن ملک صرف مراجعه الدوائر، قسامی یاسایی بۆ حەق تصرف بەکار دێت جا، ئەگەر ئەو قسامانە نەبێت یانی کەس ناتوانێت داوای مافی خۆی بکات، یان هەتا وەرەسە ناتوانێ دابەش کردنی تەریکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟... سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة ـ يعتبر يوم صدور حجة الوفاة تاريخاً لوفاه المفقود المشمول بهذا القانون حكماً، وعلى زوجة المفقود ان تلتزم بالعده الشهرية البالغة اربعة اشهر وعشرة ايام من تاريخ صدور الحجة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المفقود لە ڕیزی دووەم لە ماددەکە نەک المفقود حكماً وعلى زوجة المفقود. لیژنەی یاسا.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها یەک تێبینیمان هەیە ئەویش، (أن تلتزم بالعدة الشهرية) بکرێ بە (أن تلتزم بعدة الوفاة) بالعده الشهريه بکرێ بە عده الوفاه کە چوار مانگ ودە ڕۆژە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنشیارێک هەیە کە (أن تلتزم بالعدة الشهرية) بکرێ بە (أن تلتزم بعدة الوفاة)، تێبنیی لەسەری نییە؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس، وەکو ماددە پێنج هیچ تێبینی هەیە لەسەری؟، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟ سوپاس کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السادسة ـ في حالة ثبوت تحقق حياة المفقود بعد صدور حجة وفاته فتسري بحقه احكام المادة الاولى من قانون الاحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ المعدل و الاحكام الواردة في قانون رعاية القاصرين رقم (٧٨) لسنة ١٩٨٠.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینی نییە بەڵام ئەو ماددە لە یاسای باری کەسی کە پێش ئێستا ئاماژەم بۆی کرد و دەڵێت ئەگەر هەر دەقێک لە یاسای باری کەسی نەهاتبێت ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ (مبادیء الشریعه الاسلامیه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیمە وەکو لیژنەی ئەوقاف پێشنیارێکمان هەبوو خۆی کە گەڕانەوە بۆ ئەو ماددانەی یاسای باری کەسی کە باس کراوە تەنها بۆ بەشی دابەش کردنی میرات وچارەسەر کردنی ئەو گرفتانەیە پێمان باش بوو و پێشنیارەکەشمان پێشکەش بە لیژنەی یاسا کردووە، یان وەکو ماددەیەک و یان وەکو برگەیەک زیاد بکرابووایە (إذا تزوجت زوجة المفقود بعد صدور الحجة بوفات زوجها وإنقضاء عدة الوفاة ثم تبين أنه حي فزوجته له ما لم يدخل به ثان) ئەوە پێشنیارێکە ئیمە پێشەکەشی لیژنەی یاسای دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ڕاستە ئەو تێبینییەی کە کاک موحسین باسی کرد بۆ ئێمە هاتووە بەڵام پێریّ بۆ ئیمە هاتووە کە دوای داڕشتنی ئەو یاسایە بوو و، دوای داڕشتنیش لیژنەی یاسا ناتوانێت دەستکاری پرۆژەکە بکات، تەنها بە دەنگدانی ئەنجوومەن تێبینییەک پێشکەش بکەن و ئەنجوومەنیش بڕیاری لەسەر بدات، لیژنەکان لەگەڵ ئیمە داڕشتنی ئەمەیان کردووەو لیژنەی تایبەتیش کە سێ کەس بووین داڕشتنمان کردووەو ئێستا تێبینییەک هەیە با بخرێتە بەردەم ئەنجوومەن و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

با ماددەکە بخوێنینەوە (المادة السادسة ـ في حالة ثبوت تحقق حياة المفقود بعد صدور حجة وفاته فتسري بحقه احكام المادة الاولى من قانون الاحوال الشخصية رقم (١٨٨) لسنة ١٩٥٩ المعدل و الاحكام الواردة في قانون رعاية القاصرين رقم (٧٨) لسنة ١٩٨٠).

ئەوە ماددەیەکە کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ سوپاس، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، مامۆستا مەلا موحسین پێشنیارێکی هەیە، دەڵێ دوای ماددە شەش ماددەیەکی تر زیاد بکەین، فەرموو مامۆستا مەلا موحسین ماددەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

(إذا تزوجت زوجة المفقود بعد صدور الحجة بوفات زوجها وإنقضاء عدة الوفاة ثم تبين أنه حي فزوجته له ما لم يدخل به الثان)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

جەنابی سکرتێری تێبنی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/ سکرتێری ئەنجوومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەم یاسایە ئیمە ئیجرائاتی (شکلیمان) تێیدا ئاسان کردووە، و تدخلمان لە بابەتی (موضوعی)نەکردووە، سەبارەت بە یاسای باری کەسی چارەسەری بۆ ئەو شتانە داناوەو بواری بە دادوەر داوە پشت بە (مذاهب الشریعە) وئەگەر بێت و ئێمە ئەو دەقە بەکار بێنین یان لێرە جێگیری بکەین، ئەوا مانای ئەوەیە دوو چارەسەری جیاوازمان دانا بۆ ئەو حالەتە سەبارەت بە مفقود ئەوەی مفقودین بە پێی ئەو یاسایە چارەسەرێک و هەڵس و کەوتێکی تایبەتمان لەگەڵ خێزانەکەیان کرد، ئەوەی مفقود لە باری ترکە مشمول نییە بەو حالەتە لەوانەیە دادوەر بۆچوونێکی تری هەبێت وڕای من وایە بابەتی موضوعی چۆن چارەسەری ئەو حاڵەتانەی کردووە ئێمەش بیکەین مادەم دەقێک لە یاسای باری کەسی هەیە بوار دەدات کە پشت بە (مذاهب الشرعیە) ببەستێت سەبارەت بەخێزانەکانی ئەو خێزانانەش و بەڕای من با چارەسەرەکە یەک بێت و دیسان بوار بە دادوەر بدەن و بە پێی شەریعەتی ئیسلام چارەسەری بۆ دابنێت، سەبارەت بە

(ئەحکامی شکلی) کە ئیجرائات وهاتوو چوون و سەردانی دادگاکانە هەوڵمان داوە ئاسانی بکەین و دەستمان لە بابەتە (موضوعی)یەکان نەداوە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیمەش هەمان تێبینی و ڕوونکردنەوەی بەڕێز جەنابی سکرتێری پەرلەمانمان هەیەو گرفت نییە لێرە بەتایبەت کە گوتوومانە (یرجع الی مبادئ الشریعە الاسلامیە) و دادگاکان لەسەر هەر چ مذهبێک دەروات ئەوە گرفتی خۆیەتی و ئێمە تدخولمان نەکردووە و ئیمەش لەگەڵ کاک فەرسەتین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا موحسین فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئیمە هەر لەسەر پێشنیارەکەی خۆمانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر دەقێکی ئەوها لە یاسای باری کەسی نەهاتبێت مانای ئەوەیە دەبێتە گرفتێک بۆ دادگاکان. بەڵام مادده یەک دەڵێت یرجع الی قوانین الشریعە الاسلامیە و مانای وایە دەقێک هەیەو دادگا چارەسەری ئەوە دەکات، یرجع الی قوانین الشریعە الاسلامیە، قواعد الشریعە الاسلامیە سەبارەت بەم حاڵەتەی کە کاک موحسین باسی کرد ئەوە عاید بە دادگا خۆیەتی و ئەو خۆی چارەسەری دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا محەمەد تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی کاک موحسین لەجێی خۆیەتی بەڵام دەبوایە پیش ئەو ماددەیە بێت کە دەنگدانی لەسەر کراوەو ئەو ماددەیەش چارەسەری ئەوەی کردووە کە دادوەر دوایی خۆی چارەسەری گونجاو دەدۆزێتەوە، بەڵام پیشنیارەکەش لە جێی خۆی بوو و پێشتریش دامانە لیژنەی یاسا بەڵام

بەداخەوە دانەنراوەو من پێشنیارێکم هەیە پێش ئەو ماددەیە ئەگەر پێتان باش بێت، پێم باشە ئەم یاسایە شمولی بێت و چارەسەری هەموو کوردێک بکات کە مفقود بێت ماددەیەکی تر زیاد بکرێ و بلێت (تسری أحكام هذا القانون على كل من فقد من شعب كوردستان إعتبارا من) مێژووی بۆ دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێ گفتوگۆی ئەو بابەتە ناکەین، مامۆستا مەلا موحسین پێشنیارێکی کردووە، پێشنیاری ماددەیەکی تازەی کردووە، پشتگیری دەکەیت؟ فەرموو

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر محەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەوەم پێشکەش کردووە و گوتم ئەگەر ماددە شەش دەنگدانی لەسەر نەکرابووایە ئەوا دەبێت بەڵام ماددە شەش ئەوەی بەستووە بەخۆیەوە، بۆیە پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا موحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا موحسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو کاتەی کە گوترا گوتمان ماددەی شەش مەخەنە دەنگدانەوە، بەڵام ئێستاش من ڕام وایە کە ماددەیەکی ترەو سەربەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا موحسین ئەوەی کە خوێندیەوە پێشنیار دەکات بخرێتە دەنگدانەوە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من تەنها ڕوونکردنەوەیەکم هەیە بۆ کاک شێخ موحسین، کاک شێخ موحسین بارێکی چارەسەر کردووە ئەویش (زوجة المفقود الغير المدخول بها)یە، باشە زوجه المفقود الداخله بها؟ ئەوەی چارەسەر نەکردووە، بۆیە ئێمە لەگەڵی دانین چونکە چارەسەری (زوجه المفقود الداخل بها)، (وغير داخل بها) هەردووکی لەیاسادا چارەسەر کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بابەتانە لە یاسای داندراو (وضعي) چارەسەر کراون ئەمە شتێکە ئێمە بەگشتی وەری دەگرین و نابێ هاودژ بێ لەگەڵ یاسا گشتییەکان و، لەگەڵ ئەوەشدا (زوجه المفقود الغير داخل بها) دەخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی تەواو بێت، بەڕای من ڕوون و ئاشکرایە، مامۆستا مەلا موحسین پێشنیارەکەی خۆی کێشایەوە، سوپاس، ماددە حەوت فەرموو کاک حوسێن.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة السابعة:ـ

أـ تخضع حجة الوفاة الصادرة بموجب هذا القانون لطرق الطعن المنصوص عليها في الفصل الثاني والمادة (٢١٦) من قانون المرافعات المدنية رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩المعدل.

ب ـ تستثنى حجة الوفاة الصادرة بموجب هذا القانون من احكام التمييز الوجوبي التي تضمنتها المادة (٣٠٩) من قانون المرافعات رقم (٨٣) لسنة ١٩٦٩ المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە، بڕگە (أ) و (ب) بڕیارەکانی دادگاکانی شەرعی، یان ئەو بڕیارانەی کە بەگوێرەی حوکمەکانی باری کەسیەتی (احوال شخصي) دەردەچێ هەندێکیان مل کەچی پێداچونەوەی بە زۆر(وجوبي)یە، واتا کە بڕیارەک دەردەدرێت دادگا (وجوبیاً) دەبیت ئەو بڕیارە بنێریت بو دادگای پێداچونەوە کە وردکاری بکەن، کە ئایا ئەم بڕیارە راستەیان نا؟ ئێمە ئەوەمان لەو ماددەیە بە دەرکردووە، کە مادده (٣٠٩)یە بەڵام پێداچونەوەی بە ئارەزوو (التمیز الجوازي) بەڵگەی مردن خۆی لەوانەیە هەندێک لە برادەرانی یاسایی بڵێن بەڵگەی مردن(حجة الوفاة) مل کەچ نیە بۆ پێداچونەوەی بە ئارەزوو(تمیز جوازي) بەڵام من ئەڵێم مل کەچە بە گوێرەی مادده (٢١٦) بۆ؟ لەوانەیە یەکێک داواکارێک پێشکەش بە دادوەربکات و بڵێت بەگوێرەی ئەم بڕیارە بەڵگەی مردنەکە ساختەیە دادوەرکە دەیبینێ رەفزی دەکات، دێن شکات لە بڕیاری دادوەر دەکەن بەو پێیەی لەسەر داواکاری سکاڵاکەی دەکات، بڕیاری سکاڵاکردن شیاوی پێداچوونەوە (تمیز)یە ئێمە مل کەچمان کردووە بۆ(تمیز جوازي) وبەدەرمان کردووە لە(تمیز وجوبي)، ئیتر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینی تر لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز مەلا مەحمود فندی دێرشەوی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەو بڕیارەی (حجة وفاة) ـە کە دادگا دەری دەکات، بڕیارەکی دوژوارە و گران و گەورەیە دوارۆژی خیزانێک یان دوو خێزانی لەسەر دەوەستێ، بۆیە ئێمە دەبینین کە پێویستە (واجب التمیز) بێت نەک(جائز التمیز)، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلامەحمود دێرشەوی ئەوی بیەوێ تمیز بکات با بێ تمیزی بکات، واتا خۆ ئێمە نەمان

گـوتووه یاسـایەکـه نالـێ نەیکا وه نیـیـه؟ بواری نەبڕیوه ئەوی حـەز دەکـا با بیکا. واتا تەنهـا جیاوازییەکەی ئەوەیە وەکو ئالیەتێکی کە ئەوە تمیزکات باتمیزی بکات. بەڵام ئەوە ئاسانکارییە بۆ ئەو لێقەوماوانە بۆ ئەوەی لە هەندێک ئیجرائاتی بیرۆکراتی رزگاریان بکەین. هەر کەسێک حەز بکات بابیکا. ئەوەی حەز ناکات و لەو ئیجرائاتانە رزگارمـان کردوە بە پێچەوانەوە ئەبێ ئێوە هانی ئەوە بدەن چەند ئێمە گرفتی ئەم لێقەوماوانە کەم بکەینەوە باشترە وە ئەمە هەر لەبەر خاتری ئەوە داندراوە، بەڵام ئەوەی حەز دەکات بیکـات رێگای لێ نەگیراوە. زۆر سوپاس مامۆستا بۆ ئەم رونکردنەوەتـان ئەگەر چ تێبـینی نیـیـە ئەیخەینە دەنگ دانەوە. کێ لەگەڵ مـاددە (٧) دایە؟ کێ لەگەڵ نیە؟ سوپاس بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

١- يستوفى رسم قدره ديناران عن تسجيل حجة الوفاة الصادرة بموجب هذا القانون.

٢- تعفى حجة الوفاة الصادرة من رسم الطابع و الغرامة المنصوص عليها في القوانين النافذة.

٣- يعفى القسام الشرعي أو القانوني المنظم إستناداً لحجة الوفاة الصادرة بموجب هذا القانون من الرسوم العدلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وشەیە (أو) المادە (٣)(يعفى القسام الشرعي و القانوني)، ئەو (أ)ـە زیادە. برایان ئەیبینین یاسادانەری ئێمە زۆر هەوڵی داوە ئەم توێژە لە کۆمەڵگای ئێمە لە هەندێک گرفت رزگار بکات بۆئەوەی ئیشەکە بڕوات ئەمە هەمـوو ئاسانکردنی ئیشەکانیانە.چ تێبینیەک هەیـ لەسەر ئەم ماددەیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە،کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە،.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

لايعمل بأي نص قانوني يتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددە(٩)چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دوغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من مەبەستم ئەو ماددەیە نییە، مەبەستم مـادەیەکی نوێیە دابندرێ لە جێی مـاددە (٩) چونکی ئەو پڕۆژەیە پڕۆژەیەکی گرنگە پەیوەند بە بزربووانەوە هەیە، ئەوە مـاددەیەکی (سـزادان)عـقـابی تێـدانیـە. دەبێ مـاددەیەکی (سـزادان)عـیـقـابی دابندرێ بۆ ئەو کـەسـانەی کـە نەفس نزمن یان

دەیانەوێ (حجة وفاة) بگرن بەو ناوەی کە خزم و کەسیان بزرن وە جەنابیشت دەزانیت (حجة وفاة) وەرگیرێ اشارەی قسام شرعیە، قسام قانونیە، بۆ فرۆشتنی موڵکی ئەگەر موڵکی هەبێت موڵکە یان بەناو کردنە، لەگەڵ برادەرانی لیژنەی یاسا باسم کرد ئەوان دەڵێن بگەڕێنەوە سەر (قانونی عقوباتی عێراقی)، یاسای سزادانی عێراقی مادده (٢٤٥) ماددەیەکی لاوازە، دەڵێ (ئەو کەسەی ئەگەر هاتوو زانیاری بەدرۆی دا بۆ وەرگرتنی هەر بەڵگەنامەی دادوەری لە نێوانیاندا(حجة وفاة) حوکمەکەی لە ساڵێک زیاتر نییە یاخود لە(١٠٠) دینار جەزا پتر نییە).
ئەوە لەو دووانەیە یەکێکیان حوکمەکە دەدرێ. ئەوە زۆر لاوازە لەبەر ئەوەی من پێشنیار دەکەم ماددەیەک زیاد بکرێ ببێت بە مادده (٩) و بەم شێوەیە بێت. «یعاقب بالحبس مدة لاتزید علی سنة و بغرامة لاتزید علی خمسة آلاف دینار ولاتقل عن ألف دینار کل من یقدم معلومات کاذبة، الهدف منها الحصول علی حجة وفاة المفقود المشمول بهذا القانون»، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو بابەتەمان لە لیژنەی یاساو لەگەڵ برادەرانیش زۆر گفتوگۆ لەسەر کردووە، دەقێکی سزایی ڕوون و ئاشکرا هەیە لە یاسای سزادان هەواڵی بەدرۆ بە شێوەیەکی گشتی سزای بۆ داناوە نەک هەر بۆ بابەتی (قسامات) بۆ بابەتێکی گشتییە سەبارەت بە (أخبار کاذب) و ئەو سزایە کە داندراوە پێم وایە باشە، ئەو دەقەی لەوێ بێننە خوارێ (تضخم تشریعی) پیا دەکا بۆیە ئەمە لەگەڵ ئەو دەقە نییە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شێروان، فەرموو کاک یەحیا.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ ئەم حاڵەتە بەڕاستی منیش پێشنیاری مادەیەکی تری ئەکەم، تکا ئەکەم ئەمە بۆ چەند خاڵێک ئەوانەی پێش ١٩٧٩کە وتمان ئەم بڕیارە شمولیان ناکات لە مادده یەک کە ئەڵێ ئەو پێنج حاڵەتە ئەگرێتەوەو، مەفقودینیشمان هەیە لە نێوان ئەو ساڵانەیە کە شمولی ئەو مێژووە ناکات بۆیە تکا ئەکەم دەقێکمان هەبوو لەگەڵ مامۆستا مەلا تاهیر نووسیبوومان «تسري أحکام هذا القانون» بۆ ئەو حاڵەتانە زکر بکرێت ئەوەی پێش ساڵانی ١٩٧٩وهەروەها ئەوە بۆ حاڵەتەکانی دیکەش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز شێخ یەحیا ئێمە گوتمان گرفتمان لە دەستنیشان کردنی ئەو وردەکاریەیە.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوانە، حاڵەتی ساکار نین، بەکۆمەڵ کوشتن پێش ۱۹۷۹لە ۱۹۷٦و۱۹۷۷و۱۹۷۸و ۱۹۷۹ ون بوومان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە بیکەنە پرۆژەیەک، ئەیخەینە دەنگدانەوە چونکە ئەوە(۲۰)جارە گفتوگۆی ئەکەین وجەنابیشت هەر دێیتەوە سەر بابەتەکە، دەنگدانمان کرد لەسەر ماددە یەک و هەر دێیتەوە سەر هەمان گفتوگۆ. لە راستیدا ئەوها شت گفتوگۆ ناکرێت، شتێکەو بڕیەوە دەنگی لەسەر درا حق نییە جارێکی تر زیندوو بکرێتەوە، بوار بە گفتوگۆ دەدەین بەڵام بەم شێوەیە خەریکن لە ڕێرەوی گفتوگۆکان دەردەچین. ئەیخەینە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیە حەسم بکەین. چونکە ناکرێت بەڕاستی داخلی ئەو وردەکاریە بین ئەگەر پرۆژەیەکی ترتان هەیە بۆ وردەکاری بیخەنە پێش چاو ئەم حاڵەتە دیاریکراوە و کۆمەڵ گوژ دیاریکراوە. ئاخر لە کوردستان هەیە بەدەها حالاتی کوشتنی وەهامان نەبێت!؟ هەمانە، بەڵام ئەمە تایبەتمەندییەکی دیاری کراوی هەیە. ئەگەر داخلی ئەو وردەکارییە بین باوەڕ بکەن ساڵ نییە لەم وڵاتە لەناوچەیەک دا ڕووداوێک دووکەس وسێ کەس وبیست کەس نەکوژرابن. زیندەبەچاڵمان هەیە خەڵک زیندەچاڵ کراوە ودەبا بەش بەسەریان ڕۆیشتووە وناوەکانیشیان زانراون. بۆیە ئەگەر پێتان باش بێت ئەوانی تر چارەی تریان هەیە یان ئەگەر وای بۆ دەچن حەز دەکەن پرۆژەیەک پێشکەش بکەن حاڵەت بە حاڵەت دیراسەی بکەن. زۆر سوپاستان دەکەین لەسەر ئەم بابەتە. وە دێینەوە سەر پێشنیاری کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی وای بۆ دەچێ ئەو یاسای سزادان ماددەکەی(زەعیفە) بەرامبەر ئەم ڕووداوە کە ئەمە چارەنووسی هەزاران خەڵکە لەوانەیە حاڵەتێکی غەریب بێت.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاسای سزادانی عێراقی ساڵی ۱۹٦۹دەرچووە، وساڵی ۱۹٦۹ماددە(۲٤٥)داندرایە. باری کۆمەڵایەتی ئەوسا زۆر جیاوازی هەبووە لەگەڵ باری کۆمەڵایەتی ئێستا. ئێستا لای هەموومان زاندراوە کە خەڵکی وا هەیە هەوڵ دەدات بەڕێگای خوار یان بە نەفسێکی نزم بچێت هەوڵ بدات بۆ خۆی، لەبەر ئەوە وەک پێشنیار دەکەم، چونکە ئەوە یاسایەو گرنگە دەبێ ماددەیەکی سزادانی تایبەت هەبێت لەبەر ئەوە داوا دەکەم پێشنیارەکەم بدەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، فەرموو کاک فەرسەت.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەخوا ئەگەر باسی گرنگی بکەین، (۱۰۰)شتی لەوە گرنگتر هەیە خەڵک درۆ ئەکەن زانیاری درۆ

به حکومەت ئەدەن، ئەوە لایەنێک. لایەنێکی تر حکومەتی بەغدا بەناوبانگە بە دڵ رەقی، بۆ من وا پیشانی خەڵک بدەم من لەوان دڵ رەقترم(١٠٠)دینار چییە هەر وەختێک بوو(١٠٠)دیناری خۆی ئەدات و سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دواین بەدوا داچون، کاک ابراهیم فەرموو

**بەرێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمچی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده ٢٤٥بۆ حالاتی سروشتی داندراوە، بۆ نمونە وەک حالاتی مردن، بەهەر رێگایەک بێت لە کاتێکدا داندراوە بۆ حالاتی سروشتی. کەسێک ئەو کات کە سەردانی دەکرد ژن و منداڵی برای، بابی داکی دەما بەڵام ئێستا بەگوێرەی ئەو یاسایە خێزان هەیە بەتەوای لە ناو چووە، بۆ نمونە کەسی نەماوە لەوانەیە کابراێکی نەفس نزم دێت هەوڵ دەدات بە خۆی ببێتە میرات گر ، بۆ زانیاری ئەگەر کەسی نەبێت حکومەت میرات گریەتی . واتا رێگا لە حکومەتیش دەگرێ، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پێشنیارەکەت دەخەینە بەدنگ دانەوە ئەگەر سوری لەسەری، کاک ابراهیم وای بۆ دەچێت یاسای سزادان بەساڵێک بەندکردن یان وەرگرتنی ١٠٠دینار کەمە بەرامبەر ئەم حاڵەتە چونکە ئەوە حالەتێکی دەگمەنە کۆمەڵ کوژیە لەوانەیە خەڵکانێک هەبن بەتەواوەتی لەناو برابن کەسی نەمابێت، یەکێک دێت ئەو شتە دەکات و سەد دیناری خۆی دەدات و دەروات. واتا ئەڵێ بەدەری بکەین لە یاسای سزادان ومادەیەکی تایبەت دابندرێ بۆ توندکردنی سزاکە بۆ ئەوەی کەس جورئەت نەکات ساختە بکات لە مەسەلەیەکی ئەوها گرنگ. پێشنیارەکەی کاک ئیبراهیم ئەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆربەی دەنگ پەسەند نەکرا.ماددەکە چارێکی تر دەخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە واتە(المادة التاسعة): (لايعمل بأي نص قانوني يتعارض وأحكام هذا القانون). ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەرێز حوسێن عەلی کەمال:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة: على وزارة العدل والداخلية إصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ هذا القانون كل حسب إختصاصها.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە ماددەیەکی باشە بە بۆچوونی ئێمە، چونکە لێرە لەوانەیە رێگا لە رێنماییەکان بگرێ لە تەزویر ولە زۆر شتی لەم بابەتانە. ئەوە دەمێنێتەوە لەسەر وەدارەتی ناوخۆ و داد کە لەو رێنماییانە شتێ وابکەن کە لەگەڵ ناوەرۆکی ئەو یاسایە بگونجێ، کێ تێبینی هەیە لەسەر ناوەرۆکی ئەو ماددەیە، باناونووسیان بکەین، کاک جەمیل فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو یاسایە داندراوە بۆ ئاسان کردنی کاری ئەوان بەزوترین کات، لەهەمان کاتدا لەو ماددەیەدا بوار دراوە بە هەردوو وەزارەتی داد و ناوخۆ بۆ ئەو شتە، تاکو ساردی لەیاساکەدا نەکرێ پێشنیار دەکەم کە لەدوایی ئەو ماددەیەدا (خلال اسبوعين من تاريخ صدوره ) زیارد بکرێ،واتا لەماوەی ئەو دوو حەفتەیە ئەو رێنماییانە دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەیە هەروەک برادەران وتیان (وجوبيه) من وای دەبینم کە ئەوانیش دەبێ پەلە لەو شتە بکەن . کاک کانەبی ئاغا.

**بەڕێز کانەبی عەزیز ئەحمەد دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە دەڵێ (على وزارة العدل والداخلية) واتا دوو وەزارەتن واباشە بکرێتە (وەزارتی).

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن: دەکرێ دوو وەزارەت رێنمایی بۆ یەک بابەت دەربکەنن ؟کاک رەجەب فەموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئی منیش هەر ئەو تێبینییە بۆ(على وزارتي العدل والداخلية إصدار التعليمات اللازمة لتنفيذ هذا القانون) دەبێتە(أحكام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیرمحەمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی کاک کانبی ئاغام هەبوو(على وزارة العدل والداخلية).

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عبدالخالق فەموو.

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم شتە گەورەانە زۆر گرنگی تایبەتیان هەیە، بەرای من رێنمایی لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەربێ و وەزیری تایبەتیش جێبەجێی بکەن. چونکە ئەمە شتێکی زۆر گرنگە ودوو وەزارەت هەر

یەکێک شتێک دەربکات(على مجلس الوزراء والوزراء المختصين إصدار التعليمات) ڕێک وپێکە و پێویست بەدرێژەدان ناکات بەڵام بنووسرێت بە باوەری خۆم باشترە(خلال اسبوعين او شهر).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاگوێمان لە روون کردنەوەی لیژنەی یاسا بێت، لەوانەیە ئەنجومەنی وەزیران ئەو ڕێنماییانە دەر بکات لەوانەیە باش تر بێت . بۆ ئەمەش لیژنەی یاسای پاساوێکیان هەیە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ دەق هاتووە (بعد ابراز استشهاد من السلطات الادارية كون المفقود قد فقدت في احدى الحالات المدرجة في المادة الاولى)وەزارەتی ناوخۆ ئیشی تەنیا ئەوەیە بەڵام وەزارەتی داد ڕێنمایی بۆ دادگاکان دەردەکات بەوەی چۆن ئەوە جێ بەجێ دەکات یان ڕایەکی تری هەیە چۆن ئەوە جێبەجێ دەکات ،قەسام پەیوەندی بەوەزارەتی ناوخۆوە هەیە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەوانەیە بۆ ئەو تەسفیاتەی کەکراوە وەزارەتی ناوخۆ و داد پێویست بن بۆ ئەوەی ئەولە ویەتی پێ بدرێت وەکی دی ڕایەکەیان یاساییە ئێمە ناتوانین دوو وەزارەتی تایبەتمەند بەدەر بکەین دەڵێن تایبەتمەندی ئەوانە جا ئەگەر چ ڕایەکی تر نیە دەیخەینە دەنگ دانەوە .کاک جەمیل فەرموو ئەگەر بەدواداچونێکت هەبێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاستە کابینەی سێیەم کابینەی خزمەت گوزاریە بەڵام هەندێ بریار هەیە لە کاتی کابینەی دووەم دەرچووە تیایدا نووسراوە (على وزارة المالية اصدار التعليمات)ئەو وەزارەتە ئەو ڕێنماییانەی دەرنەکردوە من لەو بڕوایەدام کابینەی سێیەم کابینەیەکی ڕێک و پێکە لەو بارەشەوە تەقسیری ناکات بەڵام بنووسرێت باشترە (خلال اسبوعين او شهر)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە کاک جەمیل ئەگەر نووسیمان و نەیان کرد ئەوکاتە چی بکەین؟ئەتوانن حجە بهێننەوە و دوای بخەن .بەڕای من ئەم بابەتە خۆی سەرپشکی هەیە، باوەڕ ئەکەم ئەوانیش وەکو ئێمە بە پەرۆشەوەن، ئەوانیش حەز ئەکەن ئەو بڕیارە زوو دەرچێ بۆ ئەوەی اجرائات دەست پێ بکات.بڕوا ناکەم ساردی لێ بکەن، ئەوە لە پەرۆشی جەنابتەوەیە ، باور کەم لە لایەنی حکومەتیشەوە هەمان حرس هەیە بۆ ئەوەی زوو ئەوەیان پێ بکات و کارەکانیان بکەن ، مادام وایە دەیخەینە دەنگ دانەوە، ماددەی (١٠) ئەخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــەلی کـــەمـــال:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

المادة الحادية عشرة: على مجلس الوزراء تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

چ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ دەیخەینە دەنگ دانەوە، کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــەلی کـــەمـــال:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

المادة الثانية عشرة: ينفذ هذا القانون من تاريخ صدورة وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

مادده (١٢) چ تێبینی یەک لەسەری هەیە؟.. دەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵ؟.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حـــوســـێـن عـــەلی کـــەمـــال:**

**بەڕێـز ســـەرۆکی ئـەنجـــوومـــەن:**

الأسباب الموجبة

لقد كانت سياسة القهر والقمع والتصفية العرقية ضد الكورد هو النهج المتبع منذ العقود السحيقة الموغلة في القدم ولم تكن الحضارة البشرية وتطورها كفيلة بالحد منها أو إيقافها كما لم يكن لقبول الدول والحكومات الحاكمة لكوردستان في الأمم المتحدة والمنظمات الدولية الأخرى، ولا لصدور لائحة حقوق الإنسان والعهود والمواثيق الدولية الأخرى ذات العلاقة، من أثر على إلغاء هذه السياسة أو النهج أو التخفيف منها وبلغت هذه السياسة ذروتها في كوردستان العراق في العقود الثلاثة الأخيرة حين حولت إلى حقل تجارب لأسلحة الإبادة الجماعية المحرمة دولياً كأول سابقة في تاريخ البشرية تستعمل إحدى الدول سلاحاً كيمياوياً محرماً في حملة إبادة جماعية ضد شعبها، وذهب ضحيتها الآلاف وهو ما حدث في حلبچة الشهيدة وباليسان وشيخ وسان وبهدينان ومناطق اخرى، سبقتها قبل ذلك حملات تهجير واسعة للكورد الفيليين بعد أن جردوا من الوثائق التي تثبت هويتهم وأسقطت عنهم الجنسية العراقية، وأختفى الآلاف منهم، ولقد اعقبت حملات الإبادة هذه حملة همجية لتصفية الكورد البارزانيين حيث أختفى فيها آلاف عديدة وتلتها حملات أكثر شمولاً وهي ما سميت بحملات الأنفال التي طالت أكثر من(١٨٢)ألف شيخ وإمرأةٍ وشابٍ وطفل، وأخيراً وليس آخراً كانت حملة إعتقال أعداد كبيرة من المواطنين وقعوا في أيدي قوات السلطة المركزية في بغداد بعد الإنتفاضة وخلال الهجرة المليونية ولم يكشف عن مصير ضحايا الحملات المذكورة لحد الآن.

وأمام هذا الواقع المرير تراكمت آلام ومعاناة من تبقى من عوائل الضحايا وأقاربهم على قيد

الحياة، وكانوا أمام إشكالات قانونية وشرعية بحاجة إلى تبسيط وحل ومعالجة، ونظراً لأن الحلول القائمة بموجب القوانين النافذة تتسم بكثرة الإجراءات وطول مسالكها ولكثرة عدد الضحايا والمعاناة النفسية لمن تبقى من عوائلهم وأوضاعهم الخاصة، كانت الحاجة ماسة لتشريع قانون لتبسيط الإجراءات، ولايتعارض في نفس الوقت مع أحكام الشريعة الإسلامية والمبادئ الاساسية القانونية، ويختصر مسالك المراجعات ويبسط الإجراءات، بما يضمن تخفيف العناء والمعاناة عن ذوي الشأن، عليه شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک دوو تێبینی هەیە لەسەر (الاسباب الموجبة)، تێبینی یەکەم: ریزی حەوتەم(وحولت كوردستان العراق) نزیکەی لە دێڕێکدا دوو جار هاتووە تەنها یەکێکیان بەسە ودوایی(وحولت الي حقل التجارب). دوای هەڵەبجەی شەهید باسی بالیسان و شێخ وەسان وبادینان و ناوچەی تر دەکات ئەو تاوانانەی کە بەرامبەریان کراوە لەوێ جێگیر بکرێت، خاڵی سێ یەمیش زیاد بکرێت (أضابیر) وەکو خۆی کراوە دەمێنێتەوە ولەسەرمانە موتابەعەی بکەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دێری (٩) و(ذهب ضحيتها الالاف من مواطني كوردستان العراق)، ئەوەش زیاد بکرێت، دوای الالاف.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با بنەماکان جێگیر بکەین، جابا بزانین لە دەرەوەی ئەوە ئەگەر تێبینیەک هەبێ،تکایە با دوو بارەی ئەوانە نەبێت کە وتمان، ئێمە گوتمان لە ماددەکە باسی هەڵەبجە کراوە وباسی ئەو ناوچانەی وەکو بالیسان وشێخ وەسان وناوچەی بادینان و ناوچەکانی تر کە کارەساتەکەی لێ بووە، هیچ زیادکردنێک هەیە لەسەر ئەم خاڵە؟.

**بەڕێز د. ناسح غەفور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێک مەسەلەی زمانەوانی هەیە ئەگەر دوایی بفەرمووی ئەیدەم بەوان، ئینجا ئەوەی بالیسان وئەوان ئەتوانین هەر بەیەک ووشە بڵێین (حلبجة الشهيدة) و(خۆشناوەتی) بۆ هەموو ئەو شوێنانە بۆ ئەوەی ناوەکان کەم بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە ئەو ئەسباب موجبەیە ئەو برادەرانەی کە تێبینیان هەیە بۆمان بنووسن و بینێرن بۆ لێژنەی دارشتنەوە، بۆ ئەوی زیادەی کەین، ئێمە شتە سەرەکیەکانمان جێگیر کردوە.

وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکرای دەنگ پەسەند کرا.کاک عبدالخالق فەرموو

**بەڕێز عەبدولخالق محەمەد رەشید زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو یاسایە، بەیاسایەکی گرنگ دادەنێم لەناوەوە و لەدەرەوە بە بەرژەوەندی دەزانم دەربارەی بە سەدان هەزار کوردی ئەنفال کراو وکوژراو و بزربووە، لە هەمان کات دا بە هەزاران تورکمان و بە هەزاران ئاشووریش لەنێو ئەوانەشدا طوزخورماتو وناوچەکانی دهۆک کە( ٣٥٠ ) دێهاتی ئاشوری هەیە لەبەر ئەوە من بە بەرژەوەندی دەزانم ئەو وشەیە ئاوا بێ(مواطني كوردستان) یان (من مختلف مواطني كوردستان من الكورد والتوركمان والاشوريين) لەبەر ئەوەی لە دەرەوەش زۆر سودی لێ دەکەین و زۆر خزمەتمان دەکات چونکە هەتا ناوەندە ئاینیەکان ئەنفال کراون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک عەبدولخالق، ئەتوانین بڵێین (وذهب ضحيتها الالاف من مواطني كوردستان) لیژنەی یاسا تکایە ئەم تێبینی یەی جێگیر بکەن، مامۆستا مەلامحسن فەرموو.

**بەڕێز مەلا محسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کاک عەبدولخالق باسی کرد، ئەمە تایبەتە بەچوار پێنج گروپەوە، لەبەر ئەوەی بەو شمولییەتە باسی نەکراوە ئەگەر باسی شمولیەت نەکرێ لە(الاسباب الموجبة) هەر ئەبێ تایبەت بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا محسن، تایبەت نییە کردمان بە(مواطني كوردستان).

**بەڕێز مەلا محسین خالید موفتی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەوە پێویستە بیخەمە ڕوو، بیگومان ئێمە ئەمە یاسایەکە لەسەر شەریعەتی ئیسلامی دانراوە، لەلایەن زانا ئاینییەکانەوە لەسەرانسەری کوردستان بەتایبەتی لەناو شاری هەولێر کۆبوونەوی لەسەر کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە و بڕیارەکەشیان لەلایەن یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام پێشکەش بە بەڕێزتان کراوە کە ئەبوایە جەنابت ئاماژەت زیاتر بۆ ئەوە کردبایە، ئەمەش بۆ دڵنیایی و متمانەی زیاتری کوردە لەکوردستانی عێراق، سوپاس.

**بەڕێز یەحیا محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستان خۆش بێت بۆ ئەو زیاد کردنانە، لەبڕگەی کۆتایی بەراستی بەباشی دەزانم ئەم فرسەتە یان ئەم بۆنەیە بقۆزینەوە بۆ داوا کردن لە هەموو خێرخوازەکانی دونیا بۆ ئەوەی داوا لە حکومەتی عێراقی بکەن چارەنووسی ئەو بزربووانە رابگەیەنێ، سوپاس.

**بەڕێـز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

زۆر سوپاستان دەکەین بۆ بڕیار لەسەر دانی ئەم یاسایە، کەبەراستی زۆر گرنگە و مێژوویییە چ بڕیاری ئەمڕۆ بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دوو بڕیارەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق، وچی بە بڕیاردانتان لەسەر یاسای ئەو خەڵکەی کە تووشی کارەساتی ئەو کۆکوژانە بووە و جارێکی تر ئێمە لەسەرۆکایەتیشەوە سوپاستان دەکەین وبەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە جارێکی تر من تەئکید دەکەمەوە کە ئێمە سوپاسی جەنابی بێ پایانی سەرۆک بارزانی دەکەین چونکە بە موبادەرەی ئەوە کە ئەم یاسایە ڕێڕەوی خۆی گرت لە دوو ڕووەوە، ڕووی یەکەمی سەرۆکی خاوەن زۆرینە لە پەرلەمان و لەحکومەت، دوو، یەکێک کە لەخەڵکێکی زۆری خۆی لە براو ئامۆزاو لە هۆزەکەی تووشی ئەم ڕووداوانە بوونە وگرنگی هەیە هەم لەرووی سیاسییەوە و هەم لەرووی مرۆڤایەتییەوە، بۆیە ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان کە پاڵپشتە بۆ ئەم پرۆژەیە داوا دەکەین کە زوو بکەوێتە کار و ئەنجام بدرێت، لێرە ناکرێ ئێمە سوپاسی یەکێتی زانایانی ئیسلام نەکەین چونکە خۆشبەختانە ئەوان لەمێژەوە ئالای ئەم کێشەیەیان هەڵگرتووە و لەمینبەرەکان و لەو جێگایانەی کە پێویستە ئەوان قسەی لی بکەن قسەیان کردووە وەزەمینەیان لە مێژە خۆش کردووە لە مزگەوتەکان چەند باسی ئەم بابەتە کراوەو پێش داڕشتنی ئەم یاسایە فتوایەکیان داوە، زۆربەی زانایانی کوردستان ئیمزایان کردووە ولیستێکی زۆر دووورودرێژمان لەبەر دەستدایە وفەتوایان داوە کە ئەم کێشەیە بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە لە ناوەرۆکی لەگەڵێ ئەویش بووە ماددەیەک کە پەرلەمانی کوردستان و لیژنەکانی پسپۆڕی ناو پەرلەمان پشتیان پێ بەستاو وئەو بڕیارە بەو شێوەیەیە کە ئێستاکە بڕیارتان لەسەر دا دەربچێت. هەروەها ئێمە سوپاسی پسپۆران دەکەین ئەوانەی کە لە دەرەوەی پەرلەمان هاوکاریان کردین وئامادە بوون چی بە ئامادە بوونی خۆیان وچی بەناردنی هەڵوێستیان کە بووە مایەی ئەوەی ئەم پرۆژەیە بەو شێوەیە کۆتاییەی کە ئێستاکە بڕیارتان لەسەردا دەربچێت، ئێمە دڵنیاین کە ئەمە دەروازەیەکی باشی کردەوە بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفت ومعاناتی کۆمەڵێک خەڵکی پاشماوەی ئەنفالەکان وهەروەها دەرگایەکی کردەوە کە ئەم مەلەفە هەموومان چ حکومەتی هەرێمی کوردستان چی پەرلەمان چی دام ودەزگاکانی سەر بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد چ دۆستی کوردیش ئەم مەلەفە بکەینەوە وبگا بە ئامانجی خۆی، ئەبێ چارەنووسی ئەم خەڵکەی ئێمە دیاری بکرێت خوێنی کورد بەبەلاش ناڕوات، ئەوەی کوردی سەرنوگم کردووە ئەبێ ڕۆژێک لەرۆژان نرخەکەی بدات، ئێمە لەدوای کێشەی خۆمان دەبین، داوا بکرێت لەدام و دەزگا نێو دەوڵەتییەکان ئەمانە قەرەبوو بکرێنەوە چۆن خەڵکی تر هەیە حەقی هەیە قەرەبوو بکرێتەوە، خەڵکی ئێمەش حەقی هەیە لە موڵک و لە سامانی خۆی قەرەبوو بکرێتەوە، لەکاتێکدا ئەو خەڵکە بەشدار بوون لەم گوناحە، یانی ئێستاکە یەکێک لەخاڵەکانی بڕیاری (٩٦) قەرەبوو کردنی خەڵکی بزربووە یاخود ئەوانەی کوێتە، لەو سەردەمەی کە ئەنفال کرا، کوێت یەکێک بوو لەو وڵاتانەی کە پشتگیری لەو ڕژێمە

دەکرد بۆ قڕکردنی ئێمە، وئێستا وا بەپارەی ئێمە بە موڵک و بەسامانی ئێمە ئەوانە قەرەبوو دەکرێنەوە، مافێکی رەوای خۆمانە ئێمەش داوا بکەین لەو سامانەی کە ئێستاکە بەشێکی بۆ ئەو قەرەبووانە دەچێ بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ قەرەبوو کردنی ئەو خەڵکەی ئێمە کە تووشی ئەم ئەزیەتە بوونە وهیوادارین هەموومان دەست لەناو دەست و پشت بەخوا ئەم کێشەیە بەرەو پێشەوە ببەین وهەتا دەگات بەو لوتکەی کۆتایی کە لەقازانجی ئەو خەڵکەیە کە بەبێ گوناح تا ئێستاکە چارەنووسی دیار نییە، وله قازانجی کەس وکاریان بێت وئەم بریارە ببێتە مایەی ئەوەی بەڵکو تۆزێک لە ئەزیەت و ئازاری ئەو خەڵکە کەم بکەینەوە وهیوادارین دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان قۆڵیان لێ هەڵکەن وبەزووترین کات بەڵکو کێشەی ئەمانە تاکو زووە چارەسەر بکرێت، جارێکی تر سوپاستان دەکەین وسبەی سەعات(١٠) دە لێرە کۆدەبینەوەو لەنێوان ئەو بەرنامانەی کە هەمانە وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی دێتە ئێرە سەعات(١٠) بەشدار دەبێ لەگەڵماندا بۆ قسەکردن لەسەر ئەو گەشتەی، کردی بۆ دەرەوە و دوا پێشکەوتنەکانی بریاری (٩٦) بۆ ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان ئەوەی پرسیاری ناردووە وئەوەی کە پرسیاریشی هەیە هیوادارین پێش وەخت ئاگادارمان بکەنەوەو ناوەکانمان بۆ بنێرن بۆ ئەوەی تاکو ئامادەی بکەین، چونکە سبەی جەنابی لێرە ئامادە دەبێت و چۆنیەتی سەفەرەکەی دەخاتە روو وعەرزی دوا پێشکەوتنەکانی ئەو کێشەیەی کە بەسەر بریاری (٩٦) دا، لێرەدا باسی دەکات و، ئێوەش دەتوانن لەسەر ئەم بابەتە پرسیاری لێ بکەن، هەروەها داوا دەکەین لە لیژنەی یاسا کە لیژنەیەکی هاوبەشمان دروست کرد بریاری (٢٣) مان بۆ تەواو بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانین هەر سبەی ئەگەر پێش نیوەڕۆش نەبێ بەڵکو پاش نیوەڕۆ بریارێکی لێ بدەن یان هەڵبگیرێ بۆ دانیشتنی رۆژی دووەم، لێرەدا دانیشتنەکەمان تەواو بوو سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەوە میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٨**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٤دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم بڕیارەماندا:

**یەکەم:**

هەڵوەشاندنەوەی دوو بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی (عێراقی) ژمارە (٨٥٩ و ٣٢) کە لەرۆژانی ١٩٧٥/٨/١٠ و ١٩٧٨/٥/٢٠ دەرچوون و (ئەوە دەگەیەنن کە ئەو زەوییانەی لە نێوانی پێشخابوورو باستکی هەڵکەوتوون و کەوتوونەتە نێوان مووسڵ - زاخۆ - زنجیرە چیای بێ خێر و ڕووباری دیجلەو، هەروەها ئەو زەوییانەی کەوتوونەتە نێوان ڕووباری خابوور و چیای بێ خێرو ڕێگای ئیبراهیم خەلیل و پێشخابوور ناوچەیەکی سەربازیی قەدەغەن).

**دووەم:**

مافی بەکارهێنانی ئەو زەوی وزارانەی کە بڕگەی سەرەوە دەیانگرێتە هی کێ بن، بەناوی ئەوانەوە تۆمار دەکرێنەوە کە لەپێش دەرچوونی ئەو دوو بڕیارە ناوبراوە خاوەنیان بوون، بەبێ ئەوەی هیچ ڕەسمێکیان بۆ تۆمار کردنەوەی مافی بەکارهێنانیان بە ناوی خۆیان لێ وەربگیرێت، لەگەڵ ڕەچاو کردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥دا.

**سێیەم:**

قەیدەکانی تۆمارکردنی ئەو خانووانە هەڵدەوەشێنرێنەوە، کە لەناو ئوردوگاکانی بەعەرەب کردن دابنیادنراون وبەناوی ڕۆڵەکانی عەشیرەتە عەرەبەکانەوە تۆمار کراون و بۆ جێ بەجێ کردنی سیاسەتی بەعەرەب کردن لێیی دانیشتوون، بەناوی وەزارەتی داراییەوە تۆمار دەکرێن.

**چوارەم:**

ئەو ڕووبەرانەی کە بیناو دروستکراوی گشتییان لەسەر دروست کراوە بەدەر دەکرێن لە حوکمەکانی ئەم بڕیارە و بەزەوی وبیناوە بەناوی ئەو لایەنەوە تۆمار دەکرێن کە

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاری لەسەر دەدات، لەو حاڵەتەی کە بەناوی هیچ لایەنێکی حکومەتی لە هەرێم دا تۆمار نەکرابن.

**پێنجەم:**
ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکات.

**شەشەم:**
ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرهێنانییەوە جێ بەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

«هۆیە پێویستەکان»
سیاسەتی گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی لەکوردستانی عێراقدا کە حکومەتی ناوەندیی لە بەغدا پەیڕەوی دەکات، گەلێک شکڵ و شێوەی وەرگرتووە، هەر لەنێوانی هەڵمەتی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و سیاسەتی زەوی سووتێنراو و موڵکی تایبەتی بەزۆر لێ سەندنەوە بەپێی یاساو بڕیاری بەدەر لەیاسا وکردنیان بەموڵکی گشتی وتۆمار کردنیان بەناوی وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندیی یاخود لایەنە سەربازییەکان، بەبیانووی جۆراو جۆر، کە بەناو بۆ بەرژەوەندیی گشتی و پێویستیەکانی ئاسایش یاخود پەرەپێدانی ئەو ناوچانەیە کە ئەو کردارە ناوبراوانە دەیان گرێتەوە. کەچی راستییەکەی گۆڕینی واقیعی نەتەوەییە و ڕووتکردنەوەی هاووڵاتیانی کوردستانە لەمافی موڵکایەتی کردنی ئەو زەوی وزارانەی کە بەبێ کێشە لەماوەی هەزاران ساڵەوە تەسەروفیان پێکردووە، تاکو مافی وەدست هاتوویان کە لەباوک و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، پاکتاو بکرێت و پەیوەندی مێژوویی لەنێوان رۆڵەکانی کوردستان و نیشتمانەکەیان بپچڕێنن، تاکو بە ئاسانی سیاسەتی بە عەرەب کردن و گۆڕینی واقیعی نەتەوەییان بەسەردا بسەپێنن، لەبەر ئەوەی ئەم دوو بڕیارەی کە بڕیاریان لەسەر دراوە هەڵوەشێنرێنەوە یەکێکن لە ئامرازەکانی جێ بەجێ کردنی سیاسەتی ناوبراو، بۆیە ئەم بڕیارە درهێنرا.

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٨**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٩**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ١٩٩٩/٤/٢٨دا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم بڕیارەماندا:-

**یەکەم:**

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان عێراق ژمارە (٢٣) لە ڕۆژی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧دا لەگەڵ تێکڕای ئەو کردارو بڕیارانەی کە بە گوێرەی بڕیاری ناوبراو وەرگیراون.

**دووەم:**

تێکڕای بڕی کرێی هەمووارکراو لەبەرۆشنایی بڕیاری ژمارە (٢٣) لە ڕۆژی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧دا وەک پێش دەرچوونی ئەو بڕیارەی لێ دەکرێتەوە.

**سێیەم:**

ئەو برە پارانەی کە لەلایەن کرێ گرتەوە دراون بە کرێدەر ناگەڕێندرێنەوە لە ئاکامی ئەو زیاد بوونەی کە بەسەر بڕی کرێدا هاتووە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧.

**چوارەم:**

بە کرێدەر مافی نەتەوەی نییە داوای ئەو زیادە کرێیە بکا کە بەسەر گرێ بەندییە کەداهاتووە لە ئاکامی جێبەجێ کردنی بڕیاری ژمارە (٢٣)ی ڕۆژی ٦/ ١٠/ ١٩٩٧.

**پێنجەم:**

دەبێ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسانکاری جێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە.

**شەشەم:**

دەبێ وەزیرە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**حەوتەم:**

ئەم بڕیارە لە مێژووی دەچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٥**
**مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/٤/٢٨**

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٤دا یاساکاری کرد وە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

**یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩**
**یاسای**
**بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی لەناو بردنی بەکۆمەڵی**
**گەلی کوردستانی عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایەی بزربووەکان ئەم حاڵەتانەی خوارەوە دەگرنەوە:

١- ئەوانەی لەماوەی هەڵمەتی کۆچ پێ کردنی کوردە فەیلییەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە لەساڵی ١٩٨٠دا بزربوون، ١٩٨٠/١٢/٣١ بەمێژووی جاڕدانی بزربوونیان دادەنرێ و گەڕان بەدوای چارەنووسیان لە ڕووی هۆیەکانی وکات و مەبەستەکەی بەتێپەڕ بوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی هاتووە.

٢- ئەوانەی لەماوەی هەڵمەتی لەناوبردنی کوردە بارزانییەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە لەساڵی ١٩٨٣دا بزربوون وڕۆژی ١٩٨٣/١٢/٣١ بە مێژوویەک دادەنرێ بۆ جاڕدانی بزربوونیان و گەڕان بەدوای چارەنووسیان دا لە ڕووی هۆیەکانی و کات و مبەستەکەی بەتێپەڕ بوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی هاتووە.

٣- ئەوانەی لەماوەی هەڵمەتی لەناوبردنی خەڵکی شاری هەڵەبجەی شەهید

بەچەکی کیمیایی لەلایەن حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە لە ١٩٨٦/٣/١٦دا بزربوون و، رۆژی کارەساتەکە بەمێژوویەک دا دەنرێ بۆ جاڕدانی بزربوونیان و گەڕان بەدوای چارەنووسیان، لەڕووی هۆیەکانی وکات ومەبەستەکەی، بەتێپەڕ بوونی چوارساڵ بەسەر بزربوونەکەیاندا کۆتایی هاتووە.

٤- ئەوانەی لەماوەی هەڵمەتەکانی لەناوبردن، کە پێیان دەگوترێ (ئەنفال) لەساڵی ١٩٨٨دا بزربوون، ١٩٨٨/١٢/٣١ بەمێژوویەک دادەنرێ بۆ جاڕدانی بزربوونیان و گەڕان بەدوای چارەنووسیان لەڕووی هۆیەکانی وکات و مەبەستەکەیان، بەتێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونەکەیاندا کۆتایی هاتووە.

٥- ئەوانەی لەماوەی راپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١ و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کە بەدوای داهات بزربوون، ١٩٩١/١٢/٣١ بەمێژوویەک دادەنرێ بۆ جاڕدانی بزربوونیان و گەڕان بەدوای چارەنووسیان لەڕووی هۆیەکانی و کات و مەبەستەکەی بەتێپەڕ بوونی چوار ساڵ بەسەر بزربوونەکەیاندا کۆتایی هاتووە.

**ماددەی دووەم:**

أ- تێپەڕبوونی ئەو ماوانەی کە لەماددەی یەکەمدا هاتوون دەبنە قەرینە و بەحوکمێک دادەنرێن بۆ مردنی بزربووەکەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە.

ب- ئەگەر ژنەکە بزر بووبێت بەڵگەی وەفاتنامەی بەحوکم بۆ دەرچوو، ئەوا مێردەکەی بۆی نییە خوشکی ژنەکەی یا ئەوانەی ناتوانێ لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆی کۆیان بکاتەوە بیهێنێ تاکو بەتەواوی چارەنووسەکەی دیار دەکەوێت.

**ماددەی سێیەم:**

أ- دادگای تایبەت بەڵگەی مردنی ئەو بزربووەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە دەردەچوێنێ لەسەر داوایەکی پێشکەش کراو لەلایەن یەکێک لەخزمەکانی تاکو رادەی پلەی چوارەم و ئەوەش دوای پەیدا کردنی بەڵگەی شایەدی یە، لەلایەنێکی کارگێریی تایبەت، کە پشتگیریی بکات و دەسنیشانی یەکێک لەو حاڵەتانە بکات کە بزربووەکە دەگرنەوە ولەماددەی یەکەمی ئەم یاسایەدا هاتوون.

ب- لەکاتی نەبوونی خاوەنی پەیوەندیی لەو پلانەی کە لەبڕگە (أ) باس کراون، لەم بارەدا هەموو خاوەن بەرژەوەندییەک یان لایەنێکی حکومەتی بۆیان هەیە دوای دەرچوواندنی بەڵگەی وەفاتنامە بەپێی ئەوانەی سەرەوە بکات.

**ماددەی چوارەم:**

دادگای شوێنی دانیشتنی داواکاری بەڵگەی وەفاتنامە یان شوێنی بوونی ئەو لایەنە حکومەتییەی کە داوای بەڵگەکە دەکات، بەدادگای تایبەتمەندی دەرچوواندنی بەڵگەی وەفاتنامەی بزربووەکە دادەنرێ، کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، هەروەها قەسامی شەرعی یاسایی کە بەپێی بەڵگەی ناوبراو دەرچووێنراون ئەمەش بە دەرە لە حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ماددە (٣٠٥)ی دادگایی کردنی شارستانی ژمارە (٨٣) ی ساڵی ١٩٦٩.

**ماددەی پێنجەم:**

ڕۆژی دەرچوواندنی بەڵگەی وەفاتنامە بەمێژوویێک دادەنرێت بۆ مردنی ئەو بزربووەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە وەک حوکمێک و، ژنی بزربووەکەش پێویستە خۆی بە (عیددەی مردن) ببەستێتەوە کە چوار مانگ و(دە) ڕۆژە لە مێژووی دەرچوونی بەڵگەکەوە.

**ماددەی شەشەم:**

لەبارێک دا کە ئیسپات بوو لەپاش دەرچوونی بەڵگەی مردنەکەی، بزربووەگە زیندووە، ئەوا حوکمەکانی ماددەی یەکەمی یاسای باری کەسایەتی ژمارە (١٨٨)ی ساڵی ١٩٥٩ی هەموار کراو و حوکمەکانی یاسای چاودێری ناکاملەکانی (قاصرین)ی ژمارە (٧٨)ی ساڵی ١٩٨٠ی بەسەردا دەسەپێنرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

بەڵگەی ئەو وەفاتنامەیەی کە بەپێی ئەم یاسایە دەرچووە، دەکەوێتە بەر ڕێگەکانی تانوون لێدان کە لەفەسڵی دووەم و ماددەی (٢١٦)ی یاسای دادگایی کردنی شارستانی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموار کراودا هاتوون.

**ماددەی هەشتەم:**

١- دوو دینار ڕەسم لەتۆمار کردنی بەڵگەی وەفاتنامە وەردەگیرێ کە بەپێی ئەم یاسایە دەرچووە.

٢- بەڵگەی وەفاتنامەی دەرچوێنراو لەڕەسمی پوول و ئەو غەرامەیەی کە لە یاسا کارپێکراوەکان دا هاتووە دەبووردرێ.

٣- قەسامی شەرعی وياسايی کە بەگوێرەی بەڵگەی وەفاتنامە رێکخراون وبەپێی ئەم ياسايە دەرچوون، لەرەسمەکانی دادوەری دەبووردرێن.

**ماددەی نۆیەم:**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی دەیەم:**

دەبێ وەزارەتەکانی داد و ناوخۆ رێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە هەر یەکەیان بەپێی تایبەتمەندی خۆی دەربکات.

**ماددەی یازدەیەم:**

دەبێ ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی دوازدەیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی دەرچوونییەوە جێ بەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی رەسمیشدا بڵاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

هۆیە پێویستەکانی دەرهێنانی ئەم یاسایە:

سیاسەتی سەرکوتکردن و پاکتاوکردنی رەگەزی دژی کورد رێبازێکە لە سەردەمێکی زۆر کۆنەوە پەیڕەو کراوەو، شارستانیەتی مرۆڤایەتی و، پەرەسەندنی نەبوونەتە بارمتەیەک بۆ واز لێ هێنان یان راگرتنی، هەروەها نەوەرگرتنی دەوڵەت و حکومەتە حوکمڕانەکانی کوردستان لە نەتەوە رێکخراوە نێو دەوڵەتییەکانی دیکە و نە دەرچوونی لا ئیحەی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی دیکەی پەیوەندیدار کاریگەرییەکیان

نەبووە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیاسەتە یان ئەو ڕێبازە یاخود سووک کردنی و، ئەو سیاسەتەش لە کوردستانی عێراق و لەو (٣٠) ساڵەی دواییدا گەیشتە پۆپەی، لەو کاتەی کە کرا بە کێڵگەی تاقی کردنەوەی چەکی بە کۆمەڵ کوژ کە دەوڵەتان حەرامیان کردووە، وەک یەکەمین دەسپێکەریی لە مێژووی مرۆڤایەتی، کە دەوڵەتێک چەکی کمیایی حەرام کراو لە هەڵمەتی لەناوبردنی بە کۆمەڵ لە دژی گەلی خۆی بەکار بێنێ و هەزاران کەس ببنە قوربانی و، ئەمەش لە هەڵبجەی شەهید و بالیسان و شێخ وەسانان و بادینان و ناوچەی دیکە رووی دا. پێش ئەوەش هەڵمەتی دەربەدەرکردنێکی فراوان لە دژی کوردە فەیلییەکان دەستی پێ کرد بوو، لە هەموو بەڵگەنامەیەک روون کرانەوە کە ناسنامەیەک بسەلمێنێ و رەگەزنامەی عیراقیان لێ سەندرایەوە و هەزاران کەسیان لێ ون کراو، دوای ئەم هەڵمەتانەی لەناوبردنیش، هەڵمەتێکی دڕندانەی تر بۆ پاکتاوکردنی کوردە بارزانییەکانی بەدوا داهات و هەزارانی دیکە ون کران و دوای ئەوەش هەڵمەتی فراوانتریان بەدوا داهات و پێیان دەگوترێ هەڵمەتەکانی (ئەنفال)، کە دەستیان گەیشتە پتر لە (١٨٢) هەزار پیرو ئافرەت و لاوو منداڵ. لە دواییشدا هەڵمەتی گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان روویدا، بەوەی کە پاش راپەڕین و لەکاتی کۆڕەوە ملیۆنیەکەدا کەوتنە دەست هێزەکانی دەستەڵاتی ناوەندیی بەغدا و تاکو ئێستاکەش چارەنووسی قوربانییەکانی هەڵمەتە ناوبراوەکان ئاشکرا نەکراوەو، ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان داوا کراون بۆ کەوتنە ژێر باری یاسایی و سیاسی و ئەدەبییان و حکومەتی عیراقیش داوای لێ دەکرێ کە بە رەسمی و بە ئاشکرا ئەوە روون بکاتەوە کە

چارەنووسی ئەو قوربانیـیانەی هەڵمەتەکانی پاکتاوکردنی رەگەزیی بەچی گەیشت؟ لە هەمان کاتیشدا کێشەکەیان لە دەزگا نێودەوڵەتییە تایبەتمەندەکاندا بەپێی حوکمەکانی یاسای نێودەوڵەتی و بەڵێن و پەیمانە نێو دەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بەرپا بکات.

لەبەردەم ئەم واقیعە تاڵەشدا، ئازار و ئەشکەنجەی ئەوانەی کە لە خێزانەکانی ئەو قوربانییانە و خزم و کەسەکانیان لە ژیاندا ماون کەڵەکەیان کردووەو، کەو/توونەتە بەردەم کێشەی یاسایی و شەرعی و پێویستی بە ئاسانکاریی و چارەسەرکردن هەیەو، لەبەرئەوەی ئەو چارەسەرکردنانە بەپێی یاساکارپێکراوەکان زۆر ئیشیان پێ دەوێ و رێگای دووریان دێتە پێش و لەبەر زۆریی قوربانییەکان و ئازاردانی دەروونی ئەو کەسانەی کە لە خێزانەکانیان ماونەتەوە و باری تایبەتییان. پێویستییەکی زۆری بە دەرهێنانی یاسایەک دەکرد بۆ ئاسان کردنی ئەو کاروبارانەو لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ حوکمەکانی شەریعەتی ئیسلامی و بنچینە سەرەکییە یاساییەکان نەگونجاو نەبێت و، رێگەی داواکاری و موراجەعەت کورت کاتەوە و کارەکانیش ئاسان بکات بە جۆرێکی وا کە ماندووەتی و ئازاری ئەوانەی پەیوەندیدارن سووک بکات، بۆیە ئەم یاسایە دەرهێنرا.